# شێرزاد حەسەن

# سەرجەمی بەرهەم

**٢**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# شێرزاد حەسەن

# سەرجەمی بەرهەم

## ڕۆمانەکانی

حەسار و سەگەکانی باوکم

پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

تەمی سەر خەرەند



کتێب: سەرجەمی بەرهەم- ڕۆمانەکانی: حەسار و سەگەکانی باوکم، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، تەمی سەر خەرەند
نووسینی: شێرزاد حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٧٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگریی: نووسەر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٠٩)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# حەسار و سەگەکانی باوکم

# لەبری پێشەکی

لە شانۆگەری «مارا – ساد»دا
«ساد» بە «مارا» دەڵێ:
+ مارا... بەندیخانەکانی نێو زاتی مرۆڤ
گەلێ لە زیندانە تاریک و بەردینەکان...
ناخۆش و تەنگترە
تاوەکو هەر ئاواهی داخراوبن
هەموو شۆڕشێکی ئێوە دەبێ بەزیندانی...
هەر هەڵگەڕانەوەیەک
کە دەبێ جارێکی دیکە
لە لایەن بەندییە بەدخووەکان
بڕمێ و... داڕووخێتەوە.

نووسینی: پیتەر ڤایس

# نۆڤلێتی- حەسارو... سەگەکانی باوکم

١

کاتێک «شێرزاد حەسەن» تاوانی کوشتنی باوک، کە خۆی گریمانەیەکی «فرۆید»ە، دەکات بەکەرەستەیەکی چیرۆک، هەموو ئەو تایبەتمەندییە ژیارو فەرهەنگیانەی پێ دەبەخشێت کە رۆشنبیری کوردی لە «تاوانی کوشتنی باوک»دا دەیبینێ.

ئەگەر «فرۆید» لە تاوانی کوشتنی باوکدا ساتەوەختێکی ژیاری دۆزییەوە، ئەوا کوشتنی باوک لە حەساردا دەبێتە هۆی ئاژاوە و کارەسات و تراژیدیا، لای فرۆید سەرکەوتنێک هەیە دەبێتە دامەزراندنی ژیار، بەڵام لە حەساردا تاوانێک هەیە کە ئەنجامەکەی بەسزادان کۆتایی دێ. ئەم دیدە کارەساتاوییە بۆ جیهانی پاش کوشتنی باوک دروست ئەو دیدە نەخۆشەیە کە رێ لە هەموو تاوانی کوشتنی باوکێک لە رۆشنبیری کوردییدا دەگرێت، رۆشنبیری کوردی ناتوانێ مەزندەی جیهان لە نەبوونی باوکەکاندا بکات، لە ئاژاوە و کارەساتدا نەبێت.

حەسارییەکان بێ باوک ناژین... ئەوان چەند لە باوکدا سەختگیری دەبینن، ئەوەندەش زانایی... بۆ ئەوان پتر ئاسوودەییە تەسلیمی ئەو باوکە سەختگیرەبن، نەک لێی رزگار بن... بۆ ئەوان تووڕەبوون و نەڕاندن و تف کردن و جنێوەکانی باوک پتر خۆشنوودییە تا کارەسات، چونکە وەک «فرۆم» دەڵێت هەمیشە برێکی زۆر دڵنیایی لە تەسلیم بووندا هەیە. هەر لەسەر ئەمەش حەسارییەکان بەدوای رزگارکەردا ناگەڕێن، ئومێدیان بەرزگاربوون نییە، کوڕی گەورە کاتێ تراژیدیای حەسارمان لەپاش کوشتنەوە بۆ دەگێڕێتەوە، ناڕاستەوخۆ دەیەوێت پێمان بڵێت دونیا لە پاش کوشتنی باوک جگە لە ئاژاوە و جگە لە تراژیدیا هیچی دیکە نییە...

لە گەوهەردا ئەم چیرۆکە ڕووداوێک نییە ڕووی دابێت، بەڵکو خەوێکە لە خەوەکانی کوڕی گەورە ئەوکاتەی دەیەوێت مەزندەی جیهان لەپاش کوشتنی باوکەوە بکات... ئەم چیرۆکە چیرۆکی خەونێکە کە ئیعتراف بەخەونبوونی خۆی ناکات.

ڕێبین ئەحمەد هەردی
لە لێکۆڵینەوەیەک بەناوی
(باوکی کوردی لە نێوان و کوشتن و زیندووبوونەوە)دا



٢

«بەلای منەوە حەسار دواقۆناغی جیهانبینییەکی تایبەتی شێرزادە بۆ کۆمەڵ و ئەو پەیوەندییە ناوەکیانەی کە بەدیدی ئەو لەسەر بنەمایەکی ناهاوتا و نا ئەخلاقی و داپلۆسین هەڵچنراوە. کۆمەڵێک کە نەوە لە دوای نەوە کوڕە گەنجەکانی خۆی دەخەسێنێ و کچەکانی ئەتک دەکات و هەموو ماناو لەزەتەکانی ژیانیان لێ دەستێنێتەوە و هەموو چەمک و گوفتارە پیرۆزەکانی بۆ ڕامکردن و خەفەکردنی ئەو نەوانەیە، کۆمەڵێک کە بەردەوام لە ناو ئایین، ئەخلاق، حیکمەت، فەلسەفەو کەلتووردا نەریتێک دەسەپێنێ کە لەسەر جەستەی نەوەکان و خەساندنیان کار دەکات، بوونەوەرێکی ئەبەدی و دەسەڵاتێکی ڕەمزی لە پشتی ئەم مێژووی چەپاندنەوە «کبت» وەستاوە کە ئەویش باوکە.

بەرزان فەرەج
لە لێکۆڵینەوەیەک بەناوی
(حەساری نەمرو باوکی پیرۆز) (دۆزینەوەی ئەبەدییەتی دەستەڵات)

ئەوەتا گوێم لێ یانە چی دەکەن؛ هاوار و قیژەی ئەوانە... کە کاسیان کردووم، گوێم لە ناڵین و گریە و زاریانە، نەعرەتە و داد و فیغان، سینە کوتان... کڕوزانەوە... قژ ڕنینەوە... بەهەر دەنینۆک پێستی تەنکی ڕوومەت و بەرمل دادەماڵن... زریکەی ئەوانە وەک کێم و زوون و خوێناو لە هەدوو گوێمەوە دەڕژێ.

کێ هەیە ناڵین و گریانی بەکوڵ و دڵی دایک و خوشکانی خۆی نە ناسێتەوە؟ ئەو ناڵینەی کە هێشتا فراقە نەببووم پێی ئاشنا بووم... گریانی هەمیشە ئامادە ... بێ وادە و سەعات... لە وەخت و ناوەخت... شەوەهای شەو گوێم لەو گریانە خنکاوەی دایکان و خوشکەکانم دەبوو، لە کەلێن و درزی دەرگاو پەنجەرەی ژوورە تاریک و داخراوەکانەوە دەگەیشتە گوێم، لە حەژمەت و حەیبەت و شەرمی گریانی خوشکە تەنیاکانم هەردوو پەنجەی گەورۆنەی دەئاخنی یە هەردوو کونی گوێمەوە... ئەوەتا هەنووکەش گریە و زاری جەرگبڕیان هەراسانی کردووم... هەر تەنها دیوارێکمان تخووبە... دیواری گومەزێک لێکدیمان جیادەکاتەوە... ئەو دیوارەی لە ناوەوە... لە سەد لاوە کڕاندوومە، پەڵە خوێنە وشکەوەبووەکانی سەر خشتە دەرپەڕیوەکانی ئەو شەو و ڕۆژە نەبڕاوانەم دێننەوە یاد کە شێتانە تا دەبوورامەوە تەختی تەوێڵم پێدا دەکێشا، ڕوومەتی قەڵشتیم بەو دیوارەوە دەنووساند و هۆن هۆن دەگریام... سەیرە کە هێشتا ماوم و نەمردووم... ئەوەتام لە نێو



گومەزی تاریک و شێدار... وەلێ هەزار حەیف و مەخابن کە لە پەل و پۆ کەوتووم... تەواو وەک شەمشەمەکوێرە بەتاریکی ڕاهاتم... بەڵام چەند بەعەزرەتی هەتاوم... وەک خەونێکی خۆش دێتەوە زەینم کە لە کلاّو ڕۆژنەی ژوورێکی حەسارەکەی باوم گەرەکم بوو چنگێک لە هەتاو... پڕشنگێک لە تیشک ڕاو بکەم... ئەرێ ئەوە من بووم خۆرە تاوی هاوین دەیبرژاندم؟ چەندە بەدڵ و تاسووقەوە بەعەزرەت هەناسەیەکی پاکم...! ئاه... عومرێکە... عومرێکی ئەبەدی کە جگە لە تروسکاییی پرتە پرتکەری مومێک هیچی دیکە تارماییی من لە تارماییی سەگەکانی باوکم جوێ ناکاتەوە... سەگە نەگریسەکانی، سەگە سپڵەو بە ئەمەکەکانی، سپڵەو زاڵم دەرهەق بەمن... بەئەمەک و وەفادار دەرهەق بەباوکم... وای لە لیکی ژەهراویان کە سەر دەستەکانم دەخەنە سەر خورو.

ئەو ژن و کچە بسک درێژ و سینە والاّیانە لەودیو ئەم دیوارەوە... لە کێ دەپاڕێنەوە...؟ لە من یان لە باوکم؟ لە خودای ئاسمانان... یان لە شەیتان... یاخود لە سەگە پیر و نەگریسەکانی؟ تف لە منی کەڕ و لاڵ... گرگن و خەسیو... وەی لە هەیبەتی لاشەی هەلاهەلا و داڕزیوی باوکم...! وا گوێم لێیە زێوانە لەعنەتییەکە لێیان دەپاڕێتەوە... بێ شک هەنووکە بەو فێڵە ئەو حەرامزادەیە دەست لە سینە و مەمکیان دەکوتێ، نقورچ لە لاڕان و کەفەڵیان دەگرێ، چی لە مجێوری مردووان چاوەڕێ دەکرێ؟ بەشەلەشەل بەسەر گۆڕەکاندا باز دەدا پارسەنگی نامێنێ و خۆی بەکێلەکان دەگرێتەوە، چاوبازانە لەو یەخە دادڕاوانەوە بۆ خوارتر دەڕوانێ... وەک پشیلەی نەوسن ئەو شەلە شەهوەتبازە بە زمان لێوانی تەڕ دەکا و دەیلێسێتەوە... بە دەنگێکی زیقن و ژنانە پێ یان دەڵێ:

"دایکانی غەمگین... ئەوەتانێ وا دەنێو ئەم گومەزەدا... ئەوەتا کوڕە دڵشکاوەکەتان... خوشکانی هەناسە سارد و نامراد... ئەوەتا برا بێ بەختەکەتان... بەر نەفرەتی خودا و باوکتان کەوتووە، وا دەنێو ئەم گومەزە و نەمردووە، هەر ئەوەیە خەمی ئێوە و داڕمانی حەسار زوو پیری کرد... ترس لاڵی کردووە، نەخۆشە و لە پەلوپۆ کەوتووە، لەتاو ئەو تاوانە گەورەیە تا نیوەشەو... هەندێ جاریش تا بەرەبەیان سەر بەو دیوارەدا دەکێشێ و وەک پڵنگێکی زامدار گینگڵ دەدا و دەنەڕێنێ، یەکە یەکە ناوی هەمووتان دێنێ... بەخشندەییتان دەخوازێ، من بەرماوەی سەر سفرەی خۆمی نەدەمی دەمرێ... ئەو بەو خەمەوە دەمرێ کە ئێوە بە کوڕ و برای خۆتانی نازانن... دەبا دایکی میهرەبان و خوشکی خاس بن... دەبا ماچێکی ئێوە موعجیزە بێ... دەبا لە باوەش و سۆزی ئێوە بێ بەری نەبێ..."

بڕوای پێ ناکەن... ئاخۆ کێ گوێ لە زرێوانێکی شەهوەتباز دەگرێ، زرێوانێک کە هەر ئەو شەوەی بەهەمووموان باوکمان ناشت ئەسپە عەرەبییەکەیم پێ بەخشی تا لە ئاست ئەو تاوانە، تاوانی کوشتنی باوکمان، لات و جوم نەکا و لێی بێ دەنگ بێ، تاوانی کوشتنی باوکمان، لات و جوم نەکا و لێی بێ دەنگ بێ، نەدەکرا متمانە بەپیاوێک... بەزرێوانێکەوە بکەم کە ئولفەتی بە مەرگەوە گرتووە. هەر ئەو شەوە وەک تارماییی لە کولانە تاریکەکەی خۆیەوە هاتە دەرێ، کتومت وەک مردوویەکی ئەو گۆڕستانە لێمان هاتە پێشێ، بەشەلەشەل هاتە سەر تەرمەکەو ڕوونیشت وەک ئەوەی نوێژی لەسەر بکات، سەری هەڵبڕی، وەک بڵێی بمانژمێرێ یەکە یەکە تێمان ڕادەما، درەنگتر نیگای لەسەر خوشکەکانم دەگواستەوە، یەکەمجاربوو ببینم بنیادەمێک ئەهریمەن ئاسا چاوانی دەنێو چڕی تاریکیدا، بەدوو باریکە تروسکەی سوور، بدرەوشێنەوە، قورساییی لەشی خستبووە سەر لاقە ساغەکەی، وەک بیەوێ چەند بازنەیەک ڕەسم بکات، پەنجەی شایەتمانەی لە خوێنەکە وەردا، شامارانە زمانی دەرهێنا و پەنجەی خوێناوی خۆی لستەوە، کتومت وەک ئەو کەسەی تامی ماست بکات تا بزانێ ئاخۆ ترشە یان شیرین، هەستایە سەر پێ یان و لاوونیو وەستا، لاسەنگ و نارێک، پاش خامۆشییەکی دڵ پڕوکێن زمانی لستەوە و بەدنیهادانە گوتی:

"ئەم پیاوە کوژراوە...!"

لەوە حاڵی بووم کە ئیدی ئەوە زرێوانە و هەڕەشە دەکا، خوشکەکانیشم کە هێشتا بەدەم باوکە ڕۆوە لە ڕوومەتی خۆیان دەدا، خوێن و ئارەقە بەلاجانگیاندا تاڵە مووەکانی بسک و کەزییەکانیانی بەیەکەوە دەنووساندن، جێ پەنجەکانیان شین و مۆر بەسەر لاڕوومەت و بەرگەردنیان، هەر هەموو سینە والا، بەر و یەخە دادڕاو تا بەر ئاستی موسلّدان، نە مەمکێک و نە دوو... نە دە... لەبەر تریفەی مانگە شەودا زرێوانیان هارو بێ ئۆقرە و سەوداسەر کرد، هەڕەشەکەی دووبارە کردەوە-" من گوتم ئەم کابرایە کوژراوە...!" هەر هەموو خوشکە غەریبەکانم بەپەنجەی شایەتمانە، سپڵە و بێ مروەتانە، منیان تاوانبار کرد، زرێوان بەم تۆمەتە شاگەشکە بوو... دایکانی دیلم کە لە دەڵەمەیەکەوە منیان کرد بەو کوڕە چەلەنگەی خەنجەر لە کالآن دەرکێشم و بیوەشێنم، تا ئەو شەوە هانیان دام لە ناوی ببەم، بیکوژم و لەت و کوتی کەم و فڕێی بدەمە دەرەوەی حەسار تا قەل و داڵ چاوانی هەڵکۆڵن، ئەو چاوانەی هەر ئافرەتێکی جوانی دیبا دەبوو بۆ هەفتەی دواتر بیکرێ، وەک هەر ماینێکی جوان... چەندین جار خوشکەکانم ویستیان دەرمان خواردی کەن... وەلێ بێ



هووده بوو... ئەو هەر بەمناڵی ژەهری مار و دووپشک... ژەهری هەموو دونیای خواردبوو... قەت مەزەندەم نەدەکرد دایکانی زەبوونم پەنجەی تۆمەت بۆ من ڕاکێشن، من دەمزانی هەوێ داری چ زەحمەتەو... دەبوو من قەفەزی قەڵای سیخناخ لە ژنە ئالۆشدارەکانی بەسەر یەکدیدا بڕمێنم... بێ ئەوەی بدوێ... هەر بەچاو پێی وتم:

"لەو هەمووخوشکە شۆخانەی تۆ هەتە یەکێکیانم پێ ببەخشە..."

دووانیان تەرمی شکۆداری باوکمیان کرد بەبیانوو... لە ڕازی بەدنیهادی زرێوان گەیشتن، بەرلەوەی خۆیان بەسەر تەرمەکەیدا بدەن تا بەرپێیان کراسیان دادڕی، ئەوانی دیکەش زۆر بێ شەرمانە ئانیشکیان دەکوتا و خۆیان ڕەپێش دەکرد و چاویان لە زرێوان زیت دەکردەوە، بەعیشوە و نازەوە بەچواردەوری تەرمی بەهەیبەتیدا هەڵدەپەڕین و تاو ناتاوێ بەقریشکەو زریکەیەک خامۆشی گۆڕستانیان دەشکاند، لە ڕەوە پەڕییەکی نیگەران و تەنیا دەچوون کە ئاسمان لێیان ڕەنجابێ و پاش پەڕو باڵکردن و تووڕهەڵدان، بێ ناز، بەسەر ئەو کێڵ و گۆڕانەدا کەوتبن، سمت و کەفەڵیان دەلەرزان، سینەی سپی و سافیان دەدایە بەر تریفەی مانگ، نەموێرا بڵێم "نا"... چی لەو قەیرە خوشکانەم بکەم کە تا ئەو شەوە بۆنی پیاویان نەکردبوو، لە حەیبەتا دەچوونە گژ ئەسپەکانی باوکم، نێری و کەڵەکێوییەکانی، ئەو نێرە پشیلانەیان بەدزییەوە ڕام دەکرد کە باوکە بۆ ڕاوە مشک حەساری لێ پڕکردبوون، نەگبەت بوون ئەو خوشکانەم... تا ئەو شەوە ئەودیو شوورە بەرزەکانی حەساریان نەدی بوو... وەڕسی و... هەناسە ساردی ئەوان هانی دام بیکوژم... دەمزانی... شەوانە تا دوو بەتڵی شەو ڕادەشکێ باوڵ و بوخچە و سندووقەکانی بوراق دەکەنەوە و لە دەرزیلە و سنجاق و مێخەکبەند تا دەگا بەژێرکراس و سوخمە و بابووجی یەمەنی... ئەسپاپی بووکێنی دەردێنن و ئەم بەوی دیکەی نیشان دەدا و... پاش بۆن لێدان بەسەر ئەو وردە شتانەدا دەگرین و لە خودا دەپاڕێنەوە پیاوێک لە خێڵێکی دیکە و لە حەسارێکی دیکە ڕێ هەڵە بکا و لە دەرگای بەرز و بڵندی قەڵای ئەو قەیرە خوشکانەم بدات... حەساری باوک... زیندانی کوڕ و کچەکانی، تەویلەی ئەسپ و هێسترەکانی، قەفەزی بولبولەکانی، کۆلیت و کولانەی سەگ و پشیلە و کەروێشک و کۆترەکانی، یەکەم و دوا مەنزڵگای ژنەکانی، ئەو شەوە... دوا شەوی بەندی و ئەسارەت و... یەکەم شەوی هەڵفڕین و سەرفازیمان بوو، بێ کوشتنی ئەو نەدەکرا ئازادیان بکەم، شوورە زۆرەکانی حەسار بڕمێنم، لەودیو هەر فرمێسکێک بزەیەک دەدرەوشایەوە، دەنێو هەر زریکەیەک پڕ بەهەردوو گوێ قریوەم دەبیست و وەک قوڵپی کانی دەتەقینەوە، گۆڕستانی سام لێ نیشتوو بوو بەسەیرانی سەرفرازی، زرێوانێکی

شەل و شەهوەتبازیش بوو بەیەکەمین عاشق و دڵداری خوشکە دڵشکاوەکانم، نامەردانە گەڕا، بازاڕی لەهەر هەموویان ورد دەبۆوە، قاچێکی بەدووی خۆدا ڕادەکێشا و بەروپشت تێیان ڕادەما، نقورچی لە ڕوومەتی، لە کولمی یەکە یەکەیان گیر دەکرد تا بزانێ هی کامەیان پتر خوێنی تێ دەزێ، چنگی لە ڕانی زۆریان گیر کرد تا بزانێ هی کامەیان تورتە و هی کامەشیان لرپە و داکەوتوو... دوا جار ئەو بەدفەساڵە دەستی خستە سەر زولەخا، تاوێ پەنجە تووتەی لە چاڵی چەناگەی گیر کرد و پاشان وەک هەر قوماربازێکی براوە خەنییەوە، هەوەسێکی لەناکاو و شێت شەرمی ئادەمییانەی لەلا هەڵگرت و سێ هەنگاو لەودیو کێلەکانەوە هەردوو باسکی تێ وەرێنا و توند قرساندی بەخۆیەوە، پڵنگ ئاسا دەیمڕاند... قەت مەزەندەم نەدەکرد وا زوو بۆی شل دەبێ... هەر زوو زولەیخا وەک ئەوەی بمرێ چاوانی وەرگەڕان و بوورایەوە، هەر ئەو شەوە لەنێو ئەو هەموو گۆڕ و کێلە شکاوانەدا پاڵی خست، چنگێک پووش و پەڵاشی کرد بەسەرینی ژێر سەری، کافرانە... وەک هەر دەعەجانی یەک خۆی خزاندە نێو هەردوو لاقی، کە لە حەژمەتانا زریکاندی هەر هەموو مردووەکان بۆ ماوەی چاوتروکانێک ڕاچەنین و پاشان نووستنەوە، تا هەنووکەش تکەی خوێنی کچێنی زولەیخا وا بەسەر بەردە سپییەکانی ئەو گۆڕەوە، بارانی چەندین زستان نەیشۆریووەتەوە... کێ گوێ لە تۆ دەگرێ ئەی پاسەوانە ئەرژەنگەکەی مردووان؟ من دەمدی... ئەو شەلە شەهواتبازەم دەدی کچە تازە مردووەکانی لە گۆڕ دەردەهانی... بۆنی دەکردن... وەک ئەرژەنگ... لە دواجاردا، ئەو کافربابە، بێ بنی دەکردن و کەس نەزانم دەنێو گۆڕەکاندا پاڵی دەخستنەوە... بەپەلە وەک هەر دەعەجانی یەک بەخۆڵ و بەرد دایدەپۆشینەوە، هەر ئەو شەوە... شەوی یەکەمی سەربەستی و بەرەڵڵایی و سەرخۆشی و سەر لێ تێکچوون... شەوی یەکەمی باوک کوشتن... هەر هەموویان ئابڕویان بردم، هەر هەموو کەوتنە دوای تارمایی زێوانەکە و تەرمی باوکمیان لەیاد کرد، ئەویش خۆشی لێ دەهات و بەنێو گۆڕەکاندا ڕای دەکرد و ساتمەی لە کێلە شکاوەکان دەکرد و دەتریقایەوە... وای دەنواند کە بەرگەی ئەو هەموو کچە ئاڵۆشدارانە ناگرێ و خۆی لە دەستیان ڕادەپسکێنێ، بسکەی سمێڵی دەهات، بەچەندین بازنە گەمارۆیان دا... لە خۆڵ و بەرد و زیخی سەر گۆڕەکانیان وەردەدا، هەندێکیان بێ شەرمانە سینە و مەمکی ساوایان لە کێلەکان دەخشاند و دەگریان... هەریەکەو بەحەژمەتی کچێکی دیل و بەندەواری هەزار ساڵە دەگریان، لەو شەوەدا زەحمەت بوو فرمێسکی خوێنینی هیچ کامیان ببینم، ئەو تنۆکە خوێنانەی کە لە لێو کرۆژتنی کچانی حەسرەت دیدەوە دەتکان... پێم نەکرا هێرشی ئەو



هەوەسە ڕابگرم ... ئەو کافرە بەدەم غارەوە ئاوڕی دەدایەوە...

"وازم لێ بێنن و بەشەڕ مەیەن، لەسەر شەرعی خودا و پێغەمبەران هەر هەمووتان لەخۆم مارە دەکەم...!"

هەر ئەو شەوە زولەیخا مرد، نەک لە خۆشیانا... نا... عەزرەتی بوو... ئا... وەڵی خوێنی ڕەش داگەڕاوی سیی ساڵی کچێنی، ببڕای ببڕ، ڕانەدەوەستا، بێ هوودە بوو ... من و هەر هەموو دایکان و خوشکان لە حەیبەتا تێک قژقژاین... ئەو خوێنە نە دەوەستا... نە دەمەیی... نە بەدوعا و نە بەنزا... نە بەپەڕۆ و پاتاڵ... زولەیخا دەمرد و کەچی زێوانی لەعنەتی لە هەڕەشەی خۆی نەدەکەوت، ناچار... هەر ئەو بەیانییە... هێشتا گزنگی نەدابوو... پاش ناشتنی زولەیخا-ش... «سارا»ی خوشکم سواری ئەسپە عەرەبییەکە کرد و هەردووکیانم دەقەبێڵی کرد...

وەڵێ تەواو... ئیدی تا ماوم ناحەسێمەوە... من سەرفرازی و خۆشنوودیم خواست بەر نەفرەت و تفی... تانەوتەشەری دایک، خوشک، برا... گزیر و کارەکەر و مەیتەرەکان کەوتم، نەمزانی بەکوشتنی ئەو تا ماوم دەکەومە نێو گومەزێک و هەموو عومریشم، تەمەنی لاویم، لەگەڵ سەگەکانی باوکم بەسەر دەبەم، شەوانیش کە خەم دامدەگرێ، گۆرانییەکانی سەردەمی زووم بیر نەماون، وەک سەگەکانی باوکم دەوەڕم. وەک ئەوانیش لمووزم دەخەمە نێو لەگەنی شۆربا، ئەو شۆربایەی دەمەو ئێواران شەلەی زێوان لە کۆڵانەکەوە بۆ منی ڕەت دەکا، تا من جارێک بۆ پارچە ئێسقانێک دەست لە لەگەنەکە وەردەدەم، سەگەکان دەجاران زمان لە بنی لەگەنەکە هەڵدەسوون، گاز لە پەنجەکانم دەگرن و لیک بەسەرپشتی هەردوو دەستەکانمدا دەڕژێنن... چیم بەخۆم کرد...؟ خودا... هاوارە... فریاد ڕەسێک... من وتم دەیکوژم و ئیدی ئازاد دەبم، سەربەست و بەرەڵڵا، تف لە ڕابردوو... وەی لە داهاتوو، ئیتر کەس نامێنێ بەسەرمدا بنەڕێنێ تفم لێ بکا، دارم لەسەردا بشکێنێ و قامچی ڕابوەشێنێ، جگەرە لەنێو لەپمدا بکوژێنێتەوە، بمخاتە جێی ئەسپەکانی و دەستاڕم پێ بابدات، لە ناعورەکانی ئاوم پێ دەرهانێ، چاڵم پێ هەڵبکەنێ و کارێزە مردووەکانم پێ هەڵدڕێ و تاوەکو سەرلەنوێ بتەقنەوە، وتم دەیکوژم و لە فەرمایشتەکانی قورتارم دەبێ، لە قرچۆکی و دەستە نووقاوەکانی... ڕایدەگرتم و منقر منقر حیسابی لەگەڵدا دەکردم... تۆ بڵێی جگە لەمن، لەم دونیایەدا، کوڕێک نەبووبێ باوکی خۆی کوشتبێ...؟ خۆ نە ئەو «نووح» پێغەمبەرە و نە منیش کوڕە سەر سەختەکەی، ئەم بەختەوەر بوو کە شەپۆلێکی شێت هات و هەڵیلووشی... منی دەستەپاچە بەچی بم؟

ئەمەیان گومەزی سەر گۆڕی باوکمە یان شاری سەگە بەوەفاکانی، دەنێو گۆڕی ناو گومبەتێکی سارد و سڕ هاوار دەکەم:

"خوشکانی بێ مروەتم... دایکانی سپڵە و فریودەرم ڕزگارم کەن... ئەوەتام لێرە... سەگەکانی باوکم هەراسانیان کردم...!"

وەلێ ئەفسووس... وەڕینی ناسازی سەگەکان بەسەر هاوار و ناڵینمدا زاڵە، نا... من کەی هاوارم بیر ماوە؟ من سەگەکان ئاسا دەوەڕم... لمووز دەخەمە نێو لەگەنی شۆرباکە کە بۆنی میزی زێوانەکەی لێ دێ، ئەو زێوانەی لە بڕی خزمەتی هەر ڕۆژێک کە دەیکردم لیرەیەکم لە مستی دەنا، ئەو لیرانەی لە گەنجینە شاراوەکانی دایە گەورەدا دۆزیمانەوە، بۆنی لاشەی داڕزیوی باوکم و گووی سەگ و میزی خۆم کاسیان دەکردم، بێ چارەبووم... هێدی هێدی ڕاهاتم، کەستان دیوە لەنێو گۆڕێکدا و لە تەک لاشەی باوکیدا بخواو بخەوێ و بخواتەوە، ئەو گۆڕەی بەم دەست و پەنجانەی خۆم هەڵمکەند، دەبوایە بیکوژم... دەبوایە ئەو پیاوە بکوژم... ئەو پیاوەی بەدرێژایی تەمەن منی کردبووە سێبەری خۆی، سێبەرێکی کاڵ، سێبەرێک کە حیزە هەتاوی زستانێکی بەتەمومژ ڕەسمی بکا، هەر ئەو ڕۆژەی کە پێم گرت و لە گاگۆڵکێ کەوتم، هەر لەو ساوە ئەنگوجکی فەقیانەکەیم دەگرت و دەکەوتمە دوای، ساتمەم دەکرد و لە پەو ڕوو دەکەوتم... دەبوو نەگریم و نەڵێم ئۆف... دەبوو گورج بکەومە سەر هەردوو پێ، جاری واش هەبوو کلکی گۆچانەکەی دەدا دەستم یان سەرێکی قامچییە سێ زمانەکەی، تووتکە سەگ ئاسا تێی دەخوڕیم... جێ دەمام و هەنگاوە وردیلەکانم نەدەگەیشتن بەشاشەقاوی ئەو... چ قەهرێک دڵە ساواکەمی دەگوشی، سێبەری باڵای ئەو: من و سێبەرەکەمی لوول دەدا، ڕۆژی دەیەها جار لەبەر پێیەکانی دەنووشتامەوە، دەبوو جوان هەردوو کڵاشەکەی بۆ ڕابگرم، نەدەبوو بشێوێم و هەڵە بکەم، ئەو کڵاشانەی لە دوو بەلەمی بچکۆڵە دەچوون، یەکەمجار ڕاستان و پاشان چەپ، بەهەوەسی خۆی پێی تێ دەخستن، هیلاکی دەکردم، هەموو عومری جوانیم لە ڕیزکردن و دانانی کەوشی میوانە هیچەکانی بەسەر برد، یەکە یەکە ئەسپەکانیم قەشاویش دەکرد و یاڵ و بژیانیم بەشانەیەکی دار دادەهانی، چەندجار بەر لووشکەیان دەدام و دەم و ددانەکانم پڕ دەبوون لە خوێن، بەتەنیا من نەمکوشت، دایکی خۆم... هەق دایکی خۆم و هەموو زڕ داکەکانم چاویان نز کردبۆوە، هەر هەموو قەیرە خوشکەکانم... ئەوانەی لە پشت دیوارە ئەستوورەکانەوە، لەودیو پەنجەرە و دەرگا داخراوەکانەوە هەناسەی ساردیان هەڵدەمژی، ئاخی گەرمیان هەڵدەکێشا و خەونیان بەبۆنی پیاوێکەوە دەدی، لەودیو شوورە و پەرژین و



پەردە و ڕووپۆش و پەچە و عەباوە فەرمایشتی باوکمیان دەبیست، فەرمان لەسەر فەرمان، هەر هەموو برا گرگن و ترسنۆکەکانم، نێرەمووک، خەسیوەکانم... هەر هەموو نزا خوازبوون کە من تاکە کەسێکم و دەتوانم لە شیرین خەودا بیکوژم، دامێنیان دەگرتم و دەکەوتنە بەر پێم و دەلالانەوە، دەستیان لەبەر پشتێنم ڕادەکرد و دەسکی خەنجەرەکەمیان ماچ کرد، وەی لە قەهری خوشکانم، نەیدەهێشت کەس... هیچ نێرێک بیانبینێ، من بەقاچاغ خەنەم بۆ ئەو خوشکانەم دەکڕی کە تەمەنیان ترازا بوو، حەزیان دەکرد قژی ماش و برنجی خۆیانی پێ بشارنەوە، هەر من بووم بەدزییەوە سوورا و سپیاو و کلچووک و مووکێش و شانەم بۆ یەکە یەکەیان دەکڕی، ئاوێنەی تەڵخ و ژەنگاوی تا ئاشکراو ڕوون ڕووخساری دزێو و ناشرینی خۆیان نەبینن، ئەو هەموو چرچ و لۆچەی پشت چاویان و بەرمل و لاڕوومەتیان، پەڵە ڕەش و ماک و خاڵەکانی قەیرەیی، وەی لەو خوشکە زۆر نەگبەت و هەناسە سارد و غەمگینانەی من هەمبوون، ئەو خوشکانەی لە دایکی خۆم و ئەوانەشی کە زڕبوون، وەی لە حەسرەت و حەژمەت و شەرم و شکانی ئەو ئێوارەیەی بەدەوری بیرەکەدا هەر دایکێک و بە نۆرە هەردوو لاقی کچەکەی بڵاوکردەوە، لە هەموان پیرتریش بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە و بە گوێزانێکی کول و کۆن یەکە یەکەیانی خەتەنەکرد، حەسارەکەمان بەسەر زریکە و هاواری خوشکەکانمدا وێران دەبوو، هەر ئەوەندەم پێ کرا دووانیان لە ناو کۆلیتی مریشکەکان بشارمەوە، یەکێکیان لە ناو تەویلە و دووانی دیکە لە سەربان و لە هەموان بچووکتریشم خستە ناو سندووقی بوراقەکە و دوو سێ جار بەپەلە ماچم کرد کە توند ددانەکانی بەسەر یەکدیدا بقرسێنێ نەبا کەسێک بێتە ژوورەکە و گوێی لە چەقەچرقی دانە چۆقەی بێ، دیمن... لەسەر ئەو دارتووەی کە خۆم لە ناو لق و پۆپەکانیدا شاردەوە... بەڕیز خوێنیان لێ دەتکا، بەخۆڵەمێش ناوگەڵیان سواغ دەدان، من سەرم گێژی دەخوارد و لەوە دەترسام لەسەر دارتووەکەوە سەرانگرێ ببم و بکەومە خوارێ... هەر من نا... برا بێ غیرەتەکانیشم لە ناو تەویلەکان و لە پشت پەنجەرەکانەوە دەگریان، هەتا نۆرە دەگەیشتە سەر یەکێکیان، ئەوەی تەنیشتی دەبوورایەوە، پیرە دایکی ئەرژەنگ و بێ بەزەییمان ئێزرەمێک کوتە گۆشتی دەنێو چنگیدا هەڵدەگلۆفی و تاوێ ڕاما و فڕێی دایە بەردەمی سەگە هەوشارییەکەی باوکم... پاشان سەری هەڵبڕی و لە دایکە لێو بەبارەکان ڕاماو وتی:

"ئەم کوتە گۆشتانە ڕزقی حەسارەکەمانی سوار کردبوو... ئیتر لەمەودوا ببینن چۆن خوا خێروبێرمان بەسەردا دەبارێنێ"ڕۆژی دواتر چوومە ژوورەکەی، پێم وت:

"دایکە نەدەبوو ئەو کچە ساوایانە خەتەنە بکەی"

خوێن پەڕییە هەردوو چاوانی و هەڵی دایە:

"ڕۆڵە... تۆ نە لە شەرع دەزانی و نە لە ئیشی ژنان... دوو ڕۆژی دیکە ئاوی دەستی خوشکەکانت حەرام دەبوو... نانی دەستیان... ئیدی دەحەسێنەوە... کە باڵقیش بن کەمتر خەون بەحەرامەوە دەبینن...!"

براکانم پێیان دەوتم: "کاکە... تۆ نۆبەرەی... ئاخر تاکەی ملکەچی...؟!"

مەگەر بەدزییەوە... دەنا نەپەڕی بوونەوە ئەودیو شوورەی بەرزی حەسار، هیچ گەمەکیان نەدەزانی، لە ئاودەستخانەکە نەبووایە پێ نەدەکەنین، لە بەیانی تا ئێوارە تەویلەکانیان پاک دەکردەوە، ئەو برایانەی کە باوکە دەینەڕاند ئەوانە میزیان بەخۆدا دەکرد... هەر هەموو تکایان لێ کردم، دەپاڕانەوە، دەنووزانەوە... پێیان وتم:

"مەترسە... هەر هەموو پشت و پەنای تۆین... شەرمە تاکەی بمانخەسێنێ... تاکەی شەوانە، بەدزییەوە، بچینە گژ ماکەر و هێسترەکان؟!"

دەنێو ئەو پاوان و مێرگانەدا مەڕ و بزن و مانگاکانمان دەلەوەڕاند کە هەمدیس شوورەی بۆ کردبوون، مەڕێک، بزنێک، بەرخێک، کاریلەیەک بزر بووایە فەلاقەی دەکردین... هێشتا مێردمنداڵ بووین... دوعامان دەکرد خودایە: بۆچی یەکێ لە ئەسپە شێتەکانی بەجووتەیەک کەللە سەری ناپژێنێ؟ جارێ لە جاران ناگلێ و ملی ناشکێ؟ کرووزانەوە و ماچیان کردم کە ئەو دێوە بکوژم، هەر هەموویان چاوەڕێی دەست و مستی من بوون: برا گەورە و نۆبەرەی بنەماڵە... ڕۆژانێک... ڕۆژانێکی زوو دایکانم... دەستیان دەنایە سەر و قژ و تیتکی یەکدی، شەوانە... ئێمە... کوڕ و کچانی حەسار لە خۆمان تەریق دەبووینەوە، شاتەشاتی دایکانمان ڕۆژەڕێییەک دەڕۆی، باوکە خۆی لە گوورە نەدەبرد... ئەگەر زۆر تووڕە بووایە چنگێک خۆڵی هەڵدەگرتەوە و دەیخستە دەمی ئەوەیان کە نۆبەت بڕی دەکرد، پاش عەیامێک زانیان ئەو پیاوە پشتێن ئەستوورە، هەوەسباز و دڵتەڕە، دوژمنی هەر هەموانە و وەکو کۆمەڵێک مەل دەقەفەزێی ناون... کەوتنە دڵدانەوەی یەکدی، دەگریان و بەلچکی چارۆگە و سەرپۆش و بەرامپیل و دەستەسڕ فرمێسکی پڕ لە قەهری یەکدیان دەسڕییەوە، هەر من بووم وسمەم بۆ دەکڕین، خەنە... جۆرەها دا و و دەرمان تا سەر و پرچیان ڕەشکەنەوە، دەمزانی ئەو باوکە شەهوەتبازەمان تاڵەموویەکی سپی ببینێ ژنێکی دیکە دێنێ... وای لێ هات شەرم نەکەن، لەسەر ئاخوڕ و دەنێو تەویلە و بەچواردەوری بیرەکەدا



کۆدەبوونەوە، گوێم هەڵدەخست... لەو دیو دیوار و دەرگا و پەنجەرە داخراوەکانەوە، لە ژێر هەیوان و بەسەربانەوە دەیانرکاند... جحێڵەکان بەبێ پرینگانەوە دەیانوت:

"وەی خوشکێ چیم لێ دەکەی... چ ئالۆشێ بەربۆتە گیانم... چ ئاگرێک...؟!"

"خازێ... ئەوە تۆ دەڵێی چی... بۆ ئەوە مانگێک هاتۆتە گژم...؟"

"ژنینە لۆمەم مەکەن... وام لێ هاتووە بچمە گژ ئەسپەکانی"

"بەخوا خوشکێ نەفامی... جا جگە لە ئەسپە عەرەبییەکەی خۆی... ئەسپ ماوە نەیخەساندبێ؟"

" ئەنگۆ ئاگاتان  لە من نییە... بەوەڵڵاهی تامەکەیم بیر چۆتەوە...!"

"هەی پرچ درێژ و عەقڵ کورتینە... چما ئەو لەبەرچی ئێمەی هێناوە؟"

"بۆ هەوا و هەوەسی خۆی"

"جگە لەوەش... بۆ وەی خواستووین تا کوڕ و کچی بۆ بنێینەوە..."

"بۆ بوونی کوڕەکان کۆڵێ کەیفسازە و بۆ کچەکانیش نیگەران..."

"ژنینە من ئەوە کوشتوومی خۆمان و مناڵەکانمان مردین ئەوەندەی خزمەتی سەگ و گورگ و مەڕ و بزن و ئەسپ و هێسترەکانی بکەین"

"زۆر لە گوینە هەموو عومری جوانیمان لە تەویلەکانیدا بەبا بدەین"

"لە هەر سەفەرێک کە دەگەڕێتەوە ژنێکی تازە دەخاتە سەر پاشەڵی ئەسپەکە و ژوورێکی تازەی بۆ جیا دەکاتەوە"

"مەنیج... کابرا هەر وا فریا دەکەوێ، گەر هەموو شەوێکیش بپەڕێ ئەوجا مانگی بەر یەکێکمان دەکەوێ"

"هەر دیت شەوێکیان بەسەر یەکێکمانەوە دەمی بەیەکدا دا و مرد"

"ئەو بەرانە قەت نامرێ... ئەو کە هەر سێ ژەمەکە هەنگوین بخواو هەر ڕۆژە و جەرگی بەرخێک سوور بکاتەوە... مەحاڵە وازوو بمرێ!"

"ژنینە ئەمن لە خەمی کچەکان دام... نازانم تاکەی کەزی سپی بهۆننەوە؟"

"ئەدی کوڕەکان... ئەوان بۆ ناڵێی؟ یا خوا دایکتان کوێر بێ... ڕۆڵە..."

وەی لەو هەموو دایکە سەرکزو غەریب و بێ کەس حەسرەت دیدانەی من هەمبوون، دەغەزرین، دەیانبوغزاند ،لێی دەپاڕانەوە:

"دە بەس ژن بێنە... وات لێ هاتووە ناوی کوڕ و کچەکانی خۆت نەزانیت"

" بۆ نەیهێنم... ؟ عومرە... هەمە... هێشتا لەسەر شەنگ و تاقەتی خۆمم... حەسارەکە گەورەیە و سەدی دیکەشم پێ بەخێو دەکرێ... نەفامینە دەزانن زوریەت نانەوە چەند خێرە دەزانن سلێمان پێغەمبەر... ئیبراهیم چەند ژنیان هەبووە...؟"

"ئەوان پێغەمبەر و تۆ چیت؟"

"دەم درێژی ڕوو ڕەشینە... هەر پیاوە و لە حەساری خۆیدا پێغەمبەرە... من وام پێ خۆشە ئەم حەسارە، درەنگ یان زوو، ببێ بەشارێکی گەلێ گەورە"

"لێ بگەڕێ کوڕ و کچەکانیشت لە بەشارکردنی حەسارەکەت بەشدار بن... وایان لێ مەکە ڕوو لەو هەرد و کێوە بکەن؟"

"هەر کێ ئەم حەسارەی بەدڵ نییە با بڕوات... من چاک دەزانم لە دەرەوەی ئێرە چییان لێ بەسەر دێ... حیکمەتی من نەبووایە ئەم حەسارە وێران دەبوو... خشت بەخشتی جێ دەستی منی پێوە دیارە، بەم پشتانە کاریتە و شەقڵەکانیم هێناوە... ئەوەندە پێوەی هیلاک بووم هەقی ئەوەم هەیە ئەوەی زمان هەڵێنێتەوە لە ڕەگەوە زمانی ببڕم... خەیاڵی خۆتان خەراپ مەکەن... لە دەرەوەی ئەم حەسارەی من و دوور لە چاوانی من کەستان ناژی، ئەگەر ئەوانە بەهەق کوڕ و کچی منن با خزمەتی حەسارەکە بکەن، هەریەکە و ئیشی خۆی جوان ڕاپەڕێنێ، ئەو کوڕەشی کە لە من هەڵدەگەڕێتەوە موستەحەقی سەربڕین و خەساندنە، ئەوانەشی لەم حەسارە خۆیان دزییەوە و هەڵەتەی شاران بوون، گوایە ئەمڕۆ نا سبەی بەچەک و پارەی زۆرەوە دێنەوە و جێ بەمن لەق دەکەن، ئەوەشیان هەر خەونی حوشترە، من ئەو پیاوە نیم لە کوڕەکانی خۆم بترسم... هەمموو ئەو کچانەشی کە ویستیان سەرم شۆڕ بکەن و ڕەدوو کەوتن... کردمنە خۆراکی قەل و داڵ... دەستی من ئەوەندە درێژە دەگاتە بنی دونیا... بەر لەوەی یەکێک لە کوڕەکانم یان کچەکانم خەیاڵی خەراپ بکات من خەونی پێوە دەبینم... ئێوە لە دڵی خۆتاندا قسە بکەن... من دەیبیستمەوە... ژنی چاک بن و بەکوڕەکانتان بڵێن: کەسیان هی ئەوە نییە جێی من بگرێتەوە، لەممەودوا لە دیوەخانە دادەنیشم و لەسەر هەمموو خەیاڵ و ختوورە و خەونێک گەر خەراپ بێ سزاتان دەدەم، سزای هەر خەیاڵێکی خەراپ دە جەڵدەیە و هەر خەونێکی خیانەتکارانە دە قامچییە، سوێند بێ دڵم بەکچەکان نەسووتێ و لە تەویلەکاندا لە تەک ماکەرەکانم بیانبەستمەوە... خوام لەو خوایە ژنان لەبەر چاوی من بنێشت بجوون یان ئاو بخۆنەوە، یان ئەوەتا ببینم بێ



شەرمانە کچانم کەزی و بسکان بەردەدەنەوە و قژ دادێنن... سوێندم بە حەسار هەر هەمموو ئاوێنەکان بشکێنم، ئەم حەسارە حورمەتی تیا نەماوە، گوێم لێیە کوڕ و کچە تازە باڵق بووەکانم لە ژێر لێوەوە گۆرانی دەچڕن... شەرم و شکۆ نەماوە... لە وەخت و ناوەختدا گوێم لە حریتە حریت و خەنینە..."

هەموو جارێک «حەبێ»ی دایکم، ژنی گەورەی، کە دەیویست هێوری بکاتەوە:

"ئاخر پیاوەکە..."

لە هەردوو گۆشەی لا لێوییەوە کەفێکی سپی دەمەیی و تووڕە و داخدارانە دەینەڕاند:

" وس... کەس نقە ناکات... منم قسە دەکەم... کە پرسیاریش دەکەم، با کەس وەڵامم نەداتەوە... چونکە وەڵامەکانیش دەزانم... کەس پرسیارم لێ نەکات... وەرە ئێرە هەمین... تۆ بوویت لە -حەبێ-ت پرسی بوو تا لێم بپرسێ ئاخۆ هەر ساڵە و مانگێک دەچمە کوێ و بۆچی بزر دەبم... من دەبێ تێرتان بکەم... پێم ناڵێن ئەم هۆردووە خەڵکە بەچی دەژین... ئێوە لەسەرتانە یەک شت بزانن... بەیانیان زوو لە خەو هەستن و کە تاریک داهات دەرگاکانی حەسارەکە دابخەن... لێرە بم یان نا...؟ قەت فریو مەخۆن... من بۆ هەر کوێ بچم ڕۆحم وەک هەور سێبەری وا بەسەر حەسارەوە، من بۆیە لە شار و گوندەکانی دیکە دوورم خستوونەتەوە تا خوڵق و ئەتوارتان هەر ئەوە بێ کە من دەمەوێ... بەتەمای هیچ مەبن... موڵک و ماڵ وا لەلای خۆم، کەسیش وا نەزانێ پیربوومە و بەم زووانە دەمرم، خەونم دیوە و بەقەد نوح پێغەمبەر دەژیم..."

دەمانزانی... لە پاشبەندی هەر شەڕێکی ئاواهی کتوپڕ بیانوویەکی دەدۆزییەوە و ژنێکی تەڵاق دەدا:

"وەرە هەمین... وەرە پێشێ... نە من چاوم شینە و نە تۆ... پێم ناڵێی ئەو کوڕە چاو کوژەکەیەت لە کوێ هێناوە؟"

ئەو کافرە هەر ساڵە و دەستی لە شەش حەوتێک بەردەدا و شەش حەوتێکی دیکەی مارە دەکرد، لە هەر ڕاوێک دەگەڕایەوە ژنە دۆمێک... قەرەجێکی لە پاشووی ئەسپەکەی دەبەست و ڕایی دەکرد، نەمدەزانی کامە لە خوشک و براکانم حەڵاڵ زادەیە و کامەشیان حەرامزادەیە، ئیدی لەوە دەرچوو بوو ناویان ئەزبەر بکەم، ناوی ئەو زڕ دایکانەم کە تەڵاق دراون و ئەوانەشی کە تەڵاق نەدراون... هەمیشە دەیوت:

" ژنێک سک نەکا وەکو درەختی زڕ وایە، گەرەکە زوو بیبڕیتەوە...!"

ناوی ئەو کوڕ و کچانەی دەنێو حەسارەکەدا بوون و ئەوانەشی لە دەرەوەی حەسارردا بوون، قولله و کۆشکی ژنە تەلاق دراوەکانی لا تەریک و پەنابوون، دەماندی... جاروبار... بەیادی سەروەختێکی زوو دەچووە گژیان... بۆ هیچ کەسێک نەبوو لە دەرەوەی ئەو حەسارە بمرێ... هەر هەمووشمان لە سپێدەی سەحەرەوە تا شەو خەوتنان نەدەسرەوتین، خوشکێکم لە بەیانییەوە تا ئێوارە جلەکانی پینە دەکرد، ئەمی تریان مانگای دەدۆشی، ئەوی دیکەیان بزن و یەکێکیان مەڕ و ئەوی دیکەیان ڕەفتەی دەچنی و یەکێکی دیکەیان کڵاوی دەدووری ئەویان مەشکەی دەژەند و ئەوی تریان تەشی دەڕست، ئەمیان ئاوی لە بیرەکە هەڵدێنجا و دەولکەکەی قلّپ دەکردەوە نێو پەقرەجەکان، ئەویان گەسکی لە ژوورەکان دەدا، ئەمیان پەنجەکانی توانەوە ئەوەندەی دەرپێیەکانی بۆ بشوات و یەکێکی دیکە پیازی پاک دەکردەوە و ئەوی تریان سەوزەی بژار دەکرد و ئەویان ڕۆنی دەقرچاندەوە، ئەویان کۆترەکانی دان دەدا و ئەمیان گیای بۆ کەروێشکەکان ڕۆ دەکرد، ئەویان دەرگای حەساری لە مەڕ و بزن و ڕەشەوڵاغەکان دەکردەوە و ئەمیان قەفەزی بولبول و کولانەی سەگەکانی لە ڕیقنە و گوو پاک دەکردەوە، بەیانیان زوو... هەر هەموو خزمەتکار و گزیر و کارەکەرەکان لە بەردەمیدا ڕیز دەبووین، ئەو خزمەتکارانەی یان خەسیوو یان نێرەمووک بوون، ڕێک سەیری پنتێکمان دەکرد لە ئاسۆ و چاومان نە دەتروکاند، بەرلەوەی گزنگ بدا دەستی دەگەیاندە قامچی و گۆچانەکەی، بەدەستی ڕاستی قامچی و بەچەپ کامەی گۆچانەکەی دەگرت و خۆی بەسەردا دەدا، گۆچانێکی گرنج گرنج کە بەر لاڕان و کەفەڵ و ناوشانی هەر هەموومان کەوتبوو، کۆکینی بەردەوامی هەراسانی دەکردین، هاوارێک کە هەر لە گرمەی گەواڵە بچێ هەموومانی ڕادەچڵەکاند، دایکانم... ئەو دایکانەی تەنیا نووستبوون. هەموو قەیرە خوشکەکانم... ئەو خوشکانەی کە بەکەزی و قەفی درێژی قژیان خۆیان بەشیشی ژەنگاری پەنجەرەکان بەستبۆوە نەبا نیوەشە و بەخۆیان نەزانن و بەدەم خەوەوە لە تاو بۆنی پیاوانی بازۆڵە ئەستوور و سمێڵ بابڕی نێو خەونەکانیان بچنە نێو تەویلەکانەوە، دەست لە ملی ئەسپەکانی باوکم بکەن و وا تێ بگەن دەستیان لە ملی -یوسف-ێک کردووە، شەوەهای شەو لەتاو هاوار و زریکە و وڕێنەی ناوەختی ئەوان خەو لە چاوانم دەتۆرا، ناوی ئەو پیاوانەیان دەهێنا کە دەکەوتنە نێو تەڵەی خەونەکانیان و بەپەلەپروزێ دەرباز دەبوون، شەوەهای شەو دەکەوتنە دوای ئەو تارماییانە و تەوێڵیان بەدەرگا و پەنجەرە و دیوارەکاندا دەکێشا، کە بەیانیان لە خەو ڕادەبوون نەیاندەزانی ئەو خوێنە مەیبوەی وا بەلاجانگیانەوە هی چییە، هەموویان دەترسان وەک "زوهرا" یان لێ بەسەر بێ... ئەو



شەوەی حیلەی ئەسپە عەرەبییەکەی خۆی ناساز و ئادەمیانە هاتە بەر گوێ، حیلەیەک لە شیرین خەودا ڕایپەڕاند و... تووڕە و شێتانە بەیەک لەقە دەرگای تەویلەکەی کردبۆوە دیبووی... باوکە "زوهرا"ی دیبوو دەستی لە ملی ئەسپەکە کردووە، ئەسپی لەعنەتیش لموزی لیکنی خستبووە نێو هەردوو مەمکانی، بێ ئاگا لە باوکم، لە حەسار، لە دونیا زوهرا ختووکەی دەهاتێ و دەخەنییەوە، هەر ئەو شەوە بێ دەنگ کوشتی و هەر لە حەوشەی حەسارەکەشدا زیندەبەچاڵی کرد تا کچەکانی دیکەشی تەمبێ بن و چیتر خەون بە حەرامەوە نەبینن، شەش حەوتێکیان بەدیار تەرمەکەی زوهراوە فێیا لێهات و تا بەیانی کەفیان فڕێ دا و لە لنگەفرتێ نەکەوتن، ئەوەندە پاژنەیان لە زەوییەکە خشاند تا خوێنیان لێ دەتکان... کە گزنگیدا دیاربوو لەو حەوشەدا و لە حەژمەتی زوهرا چ گێرەییەکیان کردووە، هەر بۆ بەیانییەکەشی دایکان و خوشکانی کلۆڵم دە فەردە پیازیان پاک کرد تا فرمێسکەکانیان بشارنەوە، باوکە فەرمانی خواهانەی خۆی دەرکرد کە ئەگەر گوێی لە نووزە نووزی هەر کامەیان بێ هەر بەپرچ هەڵیدەواسێ، بەدەم پیاز پاکردنەوە زۆر بەکوڵ ئەسرینی خوێنینیان دەباراند... بەو ناوەی گوایە لە گەرمیانەوە میوانێکی زۆری باوکم وا بەڕێوەن، دەترسان وەک (زیبا )ی خوشکم لە ژێرزەمینەکەدا و تا ئەبەد دەرگایان لەسەر دابخرێ، (زیبا )ی نازدار و هەمیشە لێو بەبار و چاو بەخومار کە تازە بنی مەمکی دانابوو... شەوێکیان کە هێشتا مانگ لە چواردەدا بوو بەدزییەوە چووبووە سەربان، مانگە شەوێکی خۆش و دڵڕفێنی هاوین، سینە و بەرۆکی خۆی لێ ڕووت کردبوو، سینە و بەرۆکی ساوای... هەردوو مەمکی کە بەقەد دوو هەڵووژە دەبوون دابوویە بەر تریفەی زیوینی لە مانگ داڕژاو... بێ ئاگا لە خۆی، لە حەسار، لە دونیا، لە غەزەبی باوکم، بەپانی و بەدرێژی ئەو سەربانە خۆی لە تریفە لوول داوە و لەشی ئارەقاوی لەو خۆڵە وشکەی سەربان وەردەدا، تا درەنگی شەو گەمەی بەباگردێنەکە کردووە، هەستاوەتەوە و بەهەر چواردەوری خۆیدا سەمای کردووە، لە خۆشیانا تریقاوەتەوە، قریوە لەسەر قریوە وەک قۆڵەقولّی ئاو لە شەربەیەکەوە بڕژێ... سەرگەرمی سەما بەهەردوو پاژنەی هێلکە ئاسای سەربانەکەی کوتاوەتەوە، نە جارێک و نە دوو... و... نە دە... هەر ئەو پێ کوتان و قریوە سەرمەستانە وای لە باوکم کرد بەهەڵەداوان سێ سێ پلەی قاڵدرمەکە ببڕێ و بکاتە سەربان و بەو گوناهە کە بیرەیەوە بیگرێ، ژنان و کچانی حەساریش لە حەوشەکەدا بەترس و شەرمی قورسی مێینەیی خۆیانەوە بەچەند پەیکەرێکی بەردین دەچوون کە هەر هەموو لە مانگی فێڵباز و فریودەر و خەندە خوار ڕادەمان، ئەو مانگەی هەر خودا خۆی دەزانێ لە

کەیەوە زیبا-ی عەودالّ و سەودا سەرکردووە، هەر هەموو بینیمان... باوکە، هەر بەقژ کە بۆ سەمای بەر تریفە پەخشی کردبوو، بەدوای خۆی دا و دلّبەردانە ڕایدەکێشا، بەقەد پلەکانی قالّدرمەکە لەشی نیوە ڕووتی زیبا هەلّدەبەزییەوە و ڕادەتەکی، تا ناوەڕاستی حەوشەکە بەقەد جەستەی خۆی ڕێیەکی پاکی کردەوە، لەشی بەئارەق شەلاّلّی چ بۆنێکی خۆشی بەو حەوشەدا پرژاند... بۆنێک کە حەیرانی کردین، وەک کارمامزێکی سەر و مل تێک شکاو بەدەست باوکمەوە هیلاک و شەمزا بوو... بردی... بردی... تا وەک پاشماوەی تاوانێک لەم ژێرزەمینە تاریکەی حەسارەکەد بیشارێتەوە، گوێمان لە زرەی زنجیر و تەقەی سندم بوو کە لە دەست و پێیەکانی زیبا-ی توند دەکرد... بەلّێنی لە هەموومان وەرگرت کە مەمرە و مەژی خۆراکی بۆ فڕێ بدەینە ژێرزەمینەکە، سوێندی خوارد کە تا (زیبا) دەمرێ نابێ و ناکرێ تریفەی مانگی بەربکەوێ، ئەو مانگەی شەوی هاوینان کە دەبوو بەچواردە باوکم لە ناو حەوشەکەوە تا دەچووە سەربان لێکدا لێکدا تفی لێ دەکرد، گوایە لەو وەختەدا ڕیش و سمێلّی لێ دەڕوێ، جاروباریش بێ ناموسانە لەودیو پەلّە هەورە سپییەکانەوە چاوشارکێ لەگەلّ کچەکانی دەکا، مانگ لە نێرینەیەکی چاو حیز دەچێ... باوکە خۆری خۆش دەویست... خۆر دەسووتێنێ و دەبرژێنێ و دەکولّێنێ، کەسیش ناتوانێ لە دووڕ چاوانی خۆر ڕابمێنێ، سەران شۆڕ دەکا و چاوان دەنووقێنێ، بێ شەرەفی مانگ لەوەدایە بەدزی خۆرەوە هەلّدێ و نهێنی شەوان دەدرکێنێ، دوای ئەو حەیاچوونەی (زیبا) فەرمانی دا نەک هەر ڕەمەزان... بەلّکو گەرەکە لە هەر وەرزێکی نوێی سالّدا یەک مانگ هەر هەموو حەسار بەڕۆژوو بێ... ڕۆژو کۆلّێ چاکە بۆ گەدەتان... بۆ ئەو ئالّۆشەی وا گڕ بەردەداتە نێو گەلّتان... چیتر نەما شەو خەوتنی هاوینانی سەربان، من لە خەم و قەهری خوشکە زۆر شەرمن و تەنیاکانم کوشتم، ئەو خوشکانەم کە نەیاندەزانی لەو دیو دیوارە بلّندەکانی ئەو حەسارە و پیاوانی عەزرەتی هەن، پیاوانی سینە پان و دەماغ پڕ و کەللە بەران، پیاوانی سمێلّ بابڕ، بۆ دڕن... پاش بالّق بوونم خۆم دادەنووساند... لە پشت دیوار و پەنجەرە و دەرگاکانەوە خۆم مەلاّس دەدا، گوێم بۆ نالّین و ئاخ و ئۆف و حەسرەتیان هەلّدەخست، بێزم لە خۆم دەبۆوە و گینگلّم دەدا، پاش زیندەبەچالّکردنی زوهرا و بەندکردنی زیبا لە ژێرزەمینەکە، خوشکانم سووک سەیریان دەکردم، بەگوێی یەکدیدا دەیانچرپاند و لەسەر کزی و بێ دەماریم قسەیان دەکرد، لێویان لێ هەلّدەقورتاندم، لە هاتوچۆی سەر ئاخوڕ و بیر و نێو تەویلەکان خۆیان لێم دەپاراست وەک ئەوەی من گلاّو بم، کەمتەرخەمی نەبوو... بەدەستی ئەنقەست جلە چلّکنەکانم لەو ناوە دەکەوت و نەیاندەشۆری، زانیم... ئیدی



تەواو... من لە برایەتی ئەوان کەوتم، دایکانیشم چێشتی ساردەوە بوویان دەخستە بەردەمم، چای تالّیان بۆ تێ دەکردم، لە ژێرەوە مۆڕەیان لێ دەکردم، شەوانە کە دونیا کپ و خامۆش دەبوو دواجار کە لە ئالیکی شەوی ئەسپ و هێسترەکانی نێو تەویلەکان دلّنیا دەبووم، لەتەک پەنجەرەی هەمیشە داخراوی یەکە یەکەی قەیرە خوشکەکانم ڕادەوەستام، بێ هەست و خوست... بەقەهرێکەوە لێوی خۆم دەکرۆشت، چ ئەستەمە بەجووتە سەر و عوزر شۆرەکان لەتاو تەنهایی دەچوونە نێو باوەشی یەکدی... خودایە... من چیم بۆ دەکرا؟ وەی لەو خوشکانەی من کە شەرم لە ناو قەدەوە دوو کەرتی کردبوون، حەیایەکی ئەبەدی تێکی شکاندبوون، دوور هەتاوی... هەناسەی پاک... خەمێکی شاراوە وەک زەعفەران ڕوو زەردی کردبوون، لە حەژمەتی خوێنێکی گەرم کە لە دەمارەکانی هەریەکەیاندا گێژ دەخوا ختووکەی یەکدیان دەدا، نقورچیان لە بەلەکی یەکدی دەگرت، خودا هاوار... جا لە تاریکیدا چی ڕوو نادات...؟ حیلکە حیلکی خنکاوی پڕ لە شەرم و ترسی ژێر لێفەکانیانم دەبیست، موچڕکێک تێکەلّ لە لەزەت و ترسی ژێر لێفەکانیانم دەبیست، موچڕکێک تێکەلّ لە لەزەت و حەژمەت بەدەمارەکانما مێروولەی دەکرد، بەنینۆکان پێستی هەردوو لاڕانی خۆم دەکڕاند تا خوێنم لێ دەتکان، تف لەو غیرەتەی برا گەورە... نۆبەرەی سەرشۆڕ... کاکی خەسیومان...! هەر شەوەی یەکێ لەو جووتە دەبوو بەنێر و ئەوی دیکەیان مێ، کە ڕۆژ دەبۆوە، شەرممان دەکرد لێکدی بڕوانین... قەت مەزەندەی ئەوەی نەدەکرد ئەو کچە شەرمنانە بوێرن خەون بەحەرامەوە ببینن!

هەر دەبوو من بیکوژم... ئاخر من جگە لە باوکم کەسێکی دیکەم نەدی بوو هەم گۆچان و هەم قامچی پێ بێ... هەمیشە وای دەوت:

"ناکرێ پیاو دەست بەتالّ بێ."

قەتیش تەزبێحی هەلّنەدەگرت... هەمیشە پێی دەوتین:

"پیاوی بەڕاست پیاو سێ شت هەلّدەگرێ:

"گۆچان، قامچی، خەنجەر."

هەمیشە دەیوت:

"زۆر ئەستەمە پیاو بێ قامچی بێتە ناو مالّ و مندالّی خۆی"

کێ هەبوو لەو حەسارە، لە کچ و کوڕ، لە ژنەکانی، لە گزیر و کارەکەر و خزمەتکارە خەسیوەکانی... کە قامچی ئەوی بەرنەکەوتبێ... هەمیشە دەیوت:

"هەر منالێکم قامچی منی بەرنەکەوێ، نە قەڵەو دەبێ و نەتەمەنیشی درێژ دەبێ... خۆ بەخۆڕایی نەبووە «سمایل» گەردنی خۆی خستۆتە بەر کێردی «برایم» پێغەمبەری باوکی... ها...؟"

بەیانیان زوو کە تازە سپێدەی دەدا پڕ بەقوڕگ و ئاسمانی حەسار دەینەڕاند، هاوارێک و یەکەم کەس من ڕامدەکردە بەردەمی و وەک تیر دەچەقیم، لە تاوو ترسی خۆم ساتمەم دەکرد و بەچاوی خەواڵوومەوە ڕەتم دەبرد، پاشان دایکانی هیلاک و ماندوو... خەو لە چاوان شکاوم، براکانم فریای سۆل و کڵاو نەدەکەوتن، هەندێکیان بەشەرمەوە خۆیان کووڕ دەکردەوە نەبا لەبەرچاوی دایکان و خوشکانیان حەیایان بچێ، نەبا کێری ڕەپیان چەتر هەڵدا و درەنگ بنیشێتەوە، وەی خودا کە زەلیل بووین...! لە ترسی ئەو هاوار و نەعرەتەیە گرێ کوێرەی کەزی و بسکی هەندێ لە خوشکانم نەدەکرانەوە کە هەر بەپرچ خۆیان بەشیشی پەنجەرەکان بەستبۆوە نەبا بەدەم خەونی حەرامەوە ڕابن و باوەش بەئەسپە عەرەبییەکەی باوکمدا بکەن و وەکی- زوهرا- زیندەبەچاڵ بکرێن، خۆیان بیر دەچۆوە و تەکانیان دەدا، چەندەها جار قەفی کەزی و بسکی لوولی ئەوانم بەشیشی پەنجەرەکانەوە دەدی، بەهەڵقەڕێز و سونگی دەرگاکانەوە... هەموو بەیانیان بەر لەوەی گوێ بیستی فەرمانەکانی بین... دەبوو بزانێ هەر یەکەو بۆ ئەو ڕۆژە چ دەکا... پاش قسەو ڕێنماییە زۆر پیرۆزەکان و لە دوا بەندی قسەکانیدا وەبیر هەموومانی دەهێنایەوە... ئەوەندەی وتبۆوە، ئەزبەرمان کردبوو:

"گەر من نەبوومایە ئەم حەسارە هەر زوو، دەمێک بوو، بەسەر ئێوەدا وێران دەبوو، ئێوە ماوتانە لە دونیا تێ بگەن... با گەورەتر بن ئەوسا حاڵی دەبن من چەندم ئێوە خۆش ویستووە، هەموو تف و جنێوەکانم حیکمەتیان تیایە، تا نەمرم قەدرم نازانن، پاشان من باوکتانم... هەر منم کە دەزانم چی بۆ ئێوە خێرەو چی شەڕە، بەندە بۆی نییە لە خودای خۆی بپرسێ بۆ برسی و تینووی دەکا... بۆ لافاو و گڕکان و زریان و ڕەشەبای بۆ دەنێرێ... بۆ لێرە سەرمایە و لەوێ گەرمایە...؟ منداڵیش هەروا... بۆی نییە فەرمانی باوک بشکێنێ، کوڕ و کچی من ئەوسا لەبەر دڵی من شیرین دەبن کە گوێ ڕایەڵی فەرمایشتەکانی من بن، کتێبە پیرۆزەکانیش هەروا دەفەرموون... دەزانن بۆ بچووکەکانم خۆشتر دەوێن، دەیانبینم: هەتا لە نان خواردن و جل لەبەرکردن و کۆکیندا ڕێک لاسایی من دەکەنەوە... من وام و سێبەری خۆمم خۆش دەوێ........"

لەو پاشبەندەدا شریخەی قامچییەکەی کاسی دەکردین و هەوای سەر سەرمانی ئاگر



دەدا... هەر ئەو شریخەیە پەرش و بڵاوی دەکردین... ئەوانەی جێ دەمان قامچیان بەر دەکەوت... بەدەم وەیشەوە پاشەڵی خۆیان هەڵدەکڕاند...

شەوانیش باوکە، بێ وادەو سەعات، لە خەو ڕادەبوو چراکەی هەڵدەگرت و بێ خشپە لەسەر نووکی پێ هەموو کون و قوژبنێکی حەسارەکەی دەپشکنی، بۆ هەر دەرگایەک کلیلی پێ بوو، هی هەر هەموو ژوورەکان، ناندین و گەنجینەکان، کون و کەلەبەری تەریک و لا چەپەک دەگەڕا، سەری بەبیرەکەدا شۆڕ دەکردەوە، کۆڵێ دڵی بەوە خۆش دەکرد کە مانگ ئەوەتا لە بنی بیرەکەیدا خنکاوە، کە سەری هەڵدەبڕی، هەمدیس بەخەندەیەکی خوارەوە، گاڵتەجاڕانە مانگ لەمی دەڕوانی، دەچووە سەر حەوزەکە و ئاوەکەی شێلوو دەکرد تا لەوێشدا ڕووخساری مانگ بشێوێ، لەوێوە ڕووە و ئاخوڕەکان هەڵدەکشا، کۆلێتی مریشکەکان، کولانەی سەگ و پشیلەکان، چاڵە زۆرەکانی کەروێشکەکانی ژێر هەیوان، بگرە نێو قەفەزی بولبولەکانیش، نێو حەمام و ئاودەستخانەکان، دوو سێ جار دادەگەڕایەوە و دەچۆوە نێو تەویلەکان، دواجار ڕەفتەو سەرپۆشی زۆر تەنکی تەڕ دەکرد و بەخشکەیی دەچۆوە ژووری خوشکەکانم، لێیان ورد دەبۆوە، لە جووڵەی لێوەکانیان و پەڕینی پێڵوو... و ... ورتە ورتی خنکاوی نێو خەونەکانیان گەرەکی بوو تارمایی ئەو جحێڵانە ڕاوبنێ کە بەدزییەوە دێنە نێو خەوی کچەکانی، بێ هەست و خوست، ڕەفتەو سەرپۆشی تەڕی هەڵدەدایە سەر دەموچاوی زەرد و خەم لێ نیشتوویان تا بزانێ بەدەم لە خەو ڕاچەنینەوە ناوی چ نێرینەیەک، چ غەریبێک دەپەڕێتە سەر زاریان: حسۆ، عەلی، جوامێر، لالەباس، بلە... وەلێ نا... ڕادەچەنین و شەلاڵی ئارەقەی شەرم ناوی خودا و باوکم و ئەسپ و هێسترەکانیان دەهانی... شەیتانیان بەنەعلەت دەکرد، بێ مروەتانە، زاڵمانە چراکەی لە ڕووخساری یەکە بەیەکەیانی نزیک دەخستەوە تا پاشماوەی خەونە حەرامەکان لە قوڵایی چاوەکانیاندا بەدی بکا، ڕەنگی کاڵی لەزەتێک ڕێی هەڵەکردبێ و لە گلێنەدا خنکابێ، گەردیلە و تۆزی ماچێک کە بەسەر لێوانی یەکێکیانەوە نیشتبێ، پڕ بەشەرم و تەریقی کچێکەوە، هەریەکەو بەپەلە قژی دادەپۆشی و دەلینگی دەرپێی هەڵکشاوی تا ئەژنۆیان دەبردەوە سەر گۆزینگان، خێراتر قۆڵی کراس و کەواکانیان تا سەر دەستان دادەدایەوە، تیشکی چرا بەشەوارەی دەخستن و ڕوویان لەو پرشنگە زەردە دەشاردەوە، پاش تاوێ پێی دەوتن:

"مەترسن کچەکانم... مەترسن... شەوانە خەوم لێ دەزڕێ و کەیفم لە سوعبەتە... خۆ بەڕۆژ ئەوەندە ناتانبینم... پاڵکەونەوە کچەکانم... دەی بنوون."

هەر هەموومان ڕیز دەبووین، دواجار براو خوشکە وردیلەکانم کە بەپێوەش خەوە تۆتکە دەیبردنەوە، شریخەی قامچییەک و هەر هەموو چاویان زەق دەکردەوە، هەر هەموو بەچاو... ئەو چاوانەی سەدەها خەونی ناخۆش چوون وردە شووشەی شکاو تیایاندا دەبریسکانەوە، بەر چاوانەوە... لە ژێرەوە... بەدزییەوە پێیان دەوتم:

"نۆبەرەی هەمـووان... ئەرێ هۆ کـاکی بێ غـیـرەتمان کـەی ئەو ئەرژەنگە دەکـوژیت؟ ئەو پیاوەی کە لە خەومان دەکا و ناهێڵێ خەون بەو شتە خۆشانەوە ببینین کە نەمان دیوە!"

لە دڵی خۆمدا دەموت:

"پەلە مەکەن... ئەمڕۆش نەبێ، بەیانی هەر دەیکوژم" شەوەهای شەو دەرگام لەسەر خۆم دادەخست لەبەردەمی ئاوێنەکەدا خۆم فـێری خەنجـەر وەشاندن دەکرد کۆتەلێکم بۆ باوکم دەکرد و دەمدایە بەر خەنجەر، خەنجەرێک دووان و سێیان و دە... تا دەکەوتمە سەر ئاو و ئارەقە و لە پەلوپۆ دەکەوتم... تەختی تەوێڵ کاریگەرە... یان سەر دڵی...؟

ئاواهی شەوەهای شەو ترسم لە دڵی خـۆم دەردەکرد... من دەمـزانی ڕووبەڕوو، چاوانم بەرچاوی کەوێ، غیرەت ناکەم بیکوژم... ئێمە، کوڕان و کچانی حەسار، تەنها ئەو حەلە لێی نزیک دەبووینەوە کە خۆی شل دەکرد، بەیانیانی زوو، بۆ موبارەکی دەستەکانی ماچ بکەین، بۆ برا و خوشکە وردیلەکانم پتر دەنووشتایەوە تا دەمیان بگاتە ڕدێنی بەنیازی ماچکردن، ئەبەد بەو بۆنەی کە لە لەش و جلەکانییەوە هەڵدەستا، هەرگیزاو هەرگیز ئاشنا نەدەبووین، ئاخـر هەر ڕۆژە و بۆنێکی لێ دەهات، بۆنێک جـیـا لەوەی دوێنێ و پێـرێ، بۆنێک کـە تا ئێـواره حـۆل و گـێـژی دەکـردین، زۆر جـاران لەو ژوورەی خـۆمـدا و لەبەر ئاوێنەکەدا قاقا بەخۆم پێدەکەنیم، سەیربوو... لە ترسی خۆمدا تارمایی باوکم لەکۆتەڵەکە دەهاتە دەرێ و بەر شەقی دەدام، لە قژی بژی خۆم ڕادەمام، لە هەردوو چاوی دەرپۆقیوم، لە دەست و مـەچەکی لەرزۆکم، لە لیکی لالێـوم، باڵای شکاوە و نەویم... چەندەها شـەوم دەویست تا تۆزێ ئەو ترسە لە خۆم داتەکێنم، چی بڕنەو و شەستـیـر و حوسکە و تاپڕ و ساچمەزەن و تفەنگەڕەشکە لە شاران کڕیبوونی، هەر هەمووی لە گەنجینەیەکدا حەشاری دابوون، ساڵێک بەر لەوەی بیکوژم سێ جاران دەستی خستە سەر مشتووی خەنجەری بەر پشـتم و دەری کێـشـا، ئاغـایانە گـەمـەی پێ دەکرد و لە کـالان دەری دەهێنا... هەر سێ جارەکە پێی وتم:

"تۆ خەنجەرت بۆ چییە... خۆ تۆ جگە لە مەڕ و بزنەکانم کەس نابینیت...؟"



هەر هەمـوو هانـیـان دام و هەر خـۆیشـم بەتەنیـا تێـوەگـلام... تەنیـا خـۆم... ئەوەتام دەنێـو گۆڕێکی سارد و سڕ، لەگەڵ لاشەی داڕزیوی، کرم تێ کەوتووی، باوکێکی نەمردوو... نە زیندوو، منی تەنیا و غەمگین و ماندوو، سێ پەڵە خوێنی سوور کە خەریکە تێکەڵ بن وا بەسەر کفنەکەیەوە، جێی سێ نووکە خەنجەری دەبان وا بەسەر لاشانی چەپییەوە، سێیەم خەنجەر تەواوێک کۆڵنجی هەڵدڕی بوو، ڕێک لەو شوێنەوە کە دەچێتەوە سەر دڵی...

دوا ژنی نەبووایە، ژنی چکۆلەو زێدە خۆشـەویست قـەت نەمـدەتوانی بیـکوژم، «رابی» جوانکیلەو لە هەمـوو دایکانم شەنگتر و وردیلە و خنجیلەتر، زێدە ئازیز... زۆر ئازیزتر... وەی لە ڕابی هێـشـتـا بووکی مـانگێک بوو کـە ڕۆژێکیـان پارێزی لێ گـرتم و لەسـەر ناعـوورەکـە، بەپەقـرەجێکەوە، قـەرە بەقـەرەم وەسـتـا و لاو نیـو تیم ڕامـا، خـۆی بەسـەر ناعوورەکەدا شۆڕکردەوە چرپاندی و بەنیو بازنە بەدەوری شوورەی ناعوورەکە سووڕایەوە و ڕێک کەوتەوە بەرامبەرم، پتر خۆی بەسەر شوورەکەدا شۆڕکردەوە و مەکربازانە سەنگ و قورسایی هەردوو مەمکی سوخمەکەیان دادڕی و باخەڵی کراسە تەنکەکەیان پتر بۆ خوارتر داخزاند و جۆگەلەی زۆر تەنگی نێوان هەردوو مەمکانی گێژی کردم، لەوەدا بـوو سەرم گێژ بخواو بۆ ناو ناعوورەکە سەرانگرێ بم... بێ شەرمانە پێی وتم:

"سـەیری چی دەکـەی خـەسـیـوی نامـەرد، درۆ دەکـەی... گـەر غـیـرەت لە دەمـارتـا هەیە، ئەمشەو وا لە باوەشی من... شەو نۆرەمە..."

دەشـمـزانی گـەر لە باوەشی یەکێ لە ژنەکـانی نەبێ مـەحـاڵە بیکوژم، هیچ تیغ و خەنجەرێکی دەبان گۆشتی زۆر تورتی باوکـەیان نەدەبڕی، تەنها کە ژەهری شـەهوەتەکەی دەڕشـتـە نێـو هەناوی دایکەکـانم، تەنهـا ئەوسـا مـاسـولکەکـانی لەشی خـاودەبوونەوە، کشتەکی دەمارەکانی دەکرانەوە، شەوانە، هەر خۆی، هەموو قوتیلە و قەندیل و مۆم و چرا و لامـپا و فـانووسـەکانی نێـو حەسارەکەی دەکـوژاندەوە، یەکـە یەکـە فـووی لێ دەکـردن، فوویەکی وا کە لەیەک ساتدا دە چرا بەیەکەوە بکوژێنێتەوە... دە مۆم... جگە لە چراکانی نێـو تەویلە نەبێ، لەگەڵ چرای هەمیـشە داگیـرساوی نێـو کۆنە حەمامـەکە کە دەمێک بوو کـەس نەیدەوێرا خـۆی تیـا بشـوات، گـوایە ڕۆحی پیـاو چاکـێک وا لەوێ... یەکـێک لەو ئەسحابە درێژانەی کە لە غـەزای کوردە کافرەکاندا هەر لەو شوێنە گیانی سپاردووە، باوکم دەیوت:

"ڕۆحی موبارەکی بەڕۆژ ئاسوودە دەنوێ و بەشەو دەگەڕێ"

شەوێکیان، درەنگانێ، دووان لە خوشکانم کە خۆیان دەشۆری بەدەم زریک و هوورەوە و بەڕووت و قووتی تا ناوەڕاستی حەوشەکە بەدوای یەکدیدا غاریان دا و پەرکەم گرتنی... پاش گەوزین و لنگەفرتێ، بەهەر هەموو خوشکان و دایکانم پەلبەست کران، بەچارۆگە و بەرامپیل و کۆڵوانەداپۆشران، چوار دەستە وەک دوو مردوو بەرزکرانەوە... بە بەرچاوی پڕ لە قەهرو داخی باوکەوە... بە بەرچاوی ترس و سام لێ نیشتووی ئێمەوە برانە قوللە بڵندەکەی خۆیانەوە... «حەبێ»ی دایکم بەدەم پرتەو بۆڵەوە دەیوت:

"تەواو... قسەکەی باوکتانە... ئەسحابەکە دیونی و دەستی لێ وەشاندوون"

ئیدی لەو شەوەوە چرایەک هەمیشە دەسووتا و "بەلقیس"یش خوشکی گەورەمان دەبوو بەڕۆژیش فەرامۆشی نەکات، حەبێی دایکم دەیوت:

"کەس بەلەشی پیسەوە نزیک ئەو حەمامە نەکەوێ، غوسل دەرکەن، با بەر غەزەبی ئەو نوورە پاکە نەکەون"

هەر خۆیشی، باوکە، هەر هەموو چراو قەندیل و لامپاو فانووسەکانی دادەگیرساند... بڕوای وابوو کە ئاگر پیرۆزە و ڕۆناهییە... بۆ ژنان ڕەوانییە چرای ماڵ هەڵکەن، کە یەکێکمان لە حەسارەکە نەخۆش بکەوتایە... هاواری دەکرد:

"کام لە کچەکان دوێنێ شەو چرای هەڵکردووە؟"

شەوەهای شەو دەست بەچراوە لە کون و کەلەبەری حەسار ڕوو بەڕووم دەبۆوە، ئەو شەوانەی خەوم لێ دەزڕا و حەجمانم لەبەر دەبڕا، تێی دەخوڕیم:

"بەم نیوە شەوە لە چی دەگەڕێی، دەبوو هەنووکە لە ژوورەکەتدا سەگ تۆپ بیت"

ئەو کافرە پێشبینی پیلانێکی دەکرد، بۆنی کارەساتێک، کۆڵێ لە خامۆشیم... بەماتیم قەڵس دەبوو... بیست ساڵ یان پتر ئەو ژنە قەرەجەی کە باوکە بۆ هەوەسی خۆی لەسەر حەسیرێک لەگەڵیا خەوتبوو... پێی وتبوو:

"تۆ لە باوەشی یەکێک لە ژنەکانتا دەمریت... لە باوەشی لە هەمووان ئازیزترا!"

باوکەش قاقا تریقابۆوە، نیوە ڕووت بەپشتدا وەرگەڕابوو:

"جا دۆمە ڕەش قەت مەرگ لەوە خۆشتر دەبێ؟"

ژنە قەرەجی عەییار کە دەرپێیەکەی هەڵکێشابۆوە، پێی وتبوو:

"کەر پیاو... گەرەکمە بلێم لە باوەشیدا دەکوژرێی"



هەموو شەوێک پێشبینی ئەو ژنە قەرەجە لە دڵیا دەزرنگایەوە و دەیتاساند، فێڵی لە ئێمە و ژنەکانیشی دەکرد... دەیوت: "ئەمشەو دێمە پێخەفی تۆ خەجێ" کەچی دەچووە گژ بەهێ... "ئەمشەو خۆت تەنیاکە بەسێ" کەچی دەچووە کن خازێ.

سێ شەو دواتر، سێ شەو دوای یەکەم پلاری جەرگبڕی ڕابی کە لە منی گرت، ئەو پلارەی وێرانی کردم، بەسەر خۆمدا دووقەدی کردمەوە... هەر لەسەر حەوزەکە ئەسپە عەرەبییەکەی باوکم ئاو دەدا، دەستی ڕاستەم خستبووە ناو حەوزەکە تا ناو لەپم لەو چنگە خوێیە پاک بکەمەوە کە ئەسپەکە بەر لەئاو خواردنەوە زمانی لێ هەڵسوویی بوو، ڕابی-م دی بەهەڵەداوان و هەناسە بڕکێوە هات، لە ئاستی مندا، وەستاو قسەیەکی فڕێدا... زوو تێپەڕی و تۆزێ لەولاتر دەولکەکەی بۆ ناو بیرەکە شۆڕکردەوە، کار ئاسکانە، وەک ئەوەی بۆنی ڕاوچی کردبێ و بترسێ، بەچەپ و ڕاستدا لێکدا ئاوڕی دەدایەوە... هەوەڵجار بەچرپە... هێدی هێدی دەنگی هەڵدەبڕی و دووبارەی دەکردەوە:

"ئەمشەویش لای من دەبێ... ئەمشەویش... لای... من... دەبێ"

بەدەستی چەپ جڵەوی ئەسپەکەم گرتبوو، فیکەم لێ دەدا... لەسەر فیکە لێدانی خۆم نەکەوتم، نە ئەسپەکە تێر ئاو دەبوو، نە من لە ڕابی ڕامان... شان داکەوتە بەسەنگی پەقرەجی پڕ ئاو... دەلەنگی و تەشک و تیرێژی تەڕی لە زەوییەکە دەخشی، لاکەفەلێکی لە ژێر کراس و کەوای گوڵدارەوە، بەدەم ڕۆیشتنەوە، بەرز و نزم دەبۆوە، ئەوەندەی نەمابوو شان لە شانم بدا کە چرپاندی: "دەرگا داناخەم...!"

تا درەنگی شەو لە ژووری لاتەریکم چنگم لە مشتووی خەنجەرەکە گیر دەکرد و لەبەر ئاوێنەکەدا خۆم ڕادێنا چۆن چۆنی بیوەشێنم، حەسار کپ و خامۆش، حەساری زۆر ماندوو سرەوت، سرەوتێکی پڕ لە خەونی تاڵ، ورێنە و هەڵبزرکان، سەگە نەگریسەکانی وەک ئەوەی بۆنی کارەساتێک بکەن لەسەر یەک نەزم دەوەڕین، تورگ و گورگانە دەیانلووراند، دەبوو بەسەد چاو و گوێ وە هوشیاربم، بەسەد دەستەوە هێرش بەرم، کەسم لە پیلانی ئەو شەوە ئاگادارنەکردەوە، لەوە ترسام ترسی یەکێک لە براو خوشکانم نەخشەکەم لێ هەڵوەشێنێ، نهێنییەکە لە دەمی دایکێکم بکەوێتە خوارێ و وەک ئاگری ناو پووش هەموو حەسار دابگرێ... چەندین جار لە ناو دەرگاکە ترس ڕاگیری کردم، دووڵی هەناسەمی سوارکرد، ڕووی مۆنی باوکم دەهاتەوە بەر دیدەی خەیاڵم و دەستم لەسەر مشتووری خەنجەرەکە شل دەبوو، بەدیوی ناوەوەدا هەردوو کڵاوەی ئەژنۆم بەر یەکدی

دەکەوتن، نە لێوە لەرزە و نە دڵە کوتێی توند و ناوەختم بۆ ڕاگیر نەدەبوو، هەردوو ناولەپم ئارەقەیان دەردا، زوو زوو بەدەستەسڕێک وشکم دەکردنەوە زووتر تەڕ دەبوونەوە، وەک کەسێکی مرۆ مەست حەوشەکەم بڕی، بێ خشپەو کەس نەزانم گەیشتمە بەر دەرگاکە، سووکێ دەستم نا بەدەرگاکەوە، وەک کەسێک پاڵ بەدەرگای دۆزەخەوە بنێ.

ڕابی ڕاستی ژنەوت... نەیهێشتبوو، باوکە، کلیلیدا، یان سەرمەستی گەمەو تل دان غافڵی کردبوو، درزێکم تێخست... بۆن و بەرامەی لە یەک ئاڵاوی باوکم و ڕابی کەللەمی تاساند، درزەکەم کرد بەکەلێن... ژوورەکە ڕۆناهی زیوینی ئاسمانی پتر بۆخۆی دزی... گوێم لێ بوو باوکە بە- ڕابی- دەوت:

"ئەم شەو ئاقڵیت کردووە بەڕۆحی یاسەمین خۆت چەور کردووە... ئەم بۆنە کوڵێ ڕەحەتم دەکا..."

ئەم سەری خستبووە سەر سینەی، پشتی لە من و دونیا کردبوو، لەوە دەچوو لەنێو سینەی ساوای ڕابیدا لە گەوهەرێک، نهێنییەک... لەزەتێکی بزردا بگەڕێ، وەک ئەوەی بخنکێ هەر چوار پەلی بەهەر چواردەوریدا دەهاوێشت، کەوتبووە دوای بۆنی ڕۆحی یاسەمینەکە و نەدەهاتەوە، هەردوو مەمکە تورتەکانی ڕابی پەڕەی هەردوو گوێیەکانی باوکمیان قفڵ دابوو، بۆنی یاسەمین و خنکان دەنێو دۆڵی تەنگەبەری هەردوو مەمانیدا غیرەت و خوێنێکی دامێ... بێ ئاگا لە خۆی، لە من، لە ئەسپ و هێستر و کەڵەشێر و کەروێشک و سمۆرە و سەگەکانی... لە مەخلووقاتی حەسار، بێ ئاگا لە پیلان، لە پێشبینی ژنە قەرەجەکە، بۆ تاوێک شکانی تریفە لەسەر پشتی ڕووت و لە ئارەق شەلاڵی تۆقاندمی، لە هەڵۆیەک دەچوو نیشتبێتە سەر چۆلەکەیەک سەگانە تەکانی دەدا، ڕابی لە ژێر ئەو دێوەدا خنکابوو... دەتوت کەرتە شاخێکی بەسەردا ڕماوە، نە پەنجەیەکی دەستی، نەهی پێی، نەتاڵە موویەکی سەری: هیچی لە منەوە دیار نەبوو... تەنها جەستەی ڕووتی باوکە نەبێ کە ببووە دەمارێکی گرژو گەورەو ڕەپ، لە گەمەی ماسوولکەکانی هەردوو شان و پشتی ورد دەبوومەوە هەڵمێکی تەنک لەسەر پشتییەوە بەرز دەبۆوە وەک ئەو هەڵمەی لە تەلانێک بەرز بێتەوە، لە ئان و ساتی شەهوەت ڕشتندا هەلم خواست و بازێکمدا، چاوەڕێی شاتەکان و دوا موچڕکە بووم... دلێرانە خۆم گەیاندە سەر پشتی، نەمهێشت... فریای دوا تەزووی لەزەت بکەوێ، دوا موچڕکە و ڕاچەنین، لە دوا هەناسەدا، هەناسەی ئاسوودەگی، لە دوا ماچی پڕ لە ئۆخژن فریای کەوتم، لە دوا ڕاتەکان... لەو ساتە وەختەی



کە هەموو شادەمار و خانە و ماسوولکەکانی خاوبوونەوە، توند دەستم لەسەر مشتووی خەنجەرەکە توندکرد و تا دەتوانم هەڵمبڕی بۆ حەوا، شێتانە سێ خەنجەری بەزەبرم وەشاند... نامە سەر شانی چەپی لەگەڵ دواتەکانی ئەودا من لە ناو گۆشتی تورتی تەکانم بەدەمی خەنجەرەکە دەدا، ئەو شەهوەتی ژەهراوی خۆی دەڕژاندە ناو هەناوی ڕابی و منیش قەهری خۆمم دەڕشت... فوارەی خوێن قەڵبەزەی کرد و ئەم تریقایەوە... وەی لەو ساتەی کە لەزەت و مەرگ تێکەڵ بەیەکدی دەبن، هەوەسی شەهوەت و هەناسەی نغرۆبوون... هەر هەمان تەکانە: تەکانی جوتبوون و تەکانی ونبوون، نەمزانی ئەمەیان دوا موچڕکەی ڕامووسانە یان دوا ڕاچەنین و خۆ ڕاپسکاندنی لە بازنەی فەنابوون، خەنییەوە، گریا یان تریقایەوە؟ نازانم... دوو لوولەی باریکی خوێن بازرقەیان کرد و ڕژانە نێو هەردوو چاوانم، هەردوو لەپی دەستم کرد بەچەپەری چاوانم، ڕابی و باوکم... هەردوو بەڕووتی لەنێو ژوورێکدا کە دیوارەکانی خوێناوی بوون لەبەر دیدەم سەمایان دەکرد، ڕابی لەسەر کەوڵە ئاسکێک ڕاکشابوو، باوکم کەوڵی پڵینگێکی بەسەر قوونی خۆیدا دابوو، ڕابی بەری نەدەدا، توندتر بەخۆیەوە دەیگووشی، باسکە باریکەکانی لە ناو قەدییەوە ئاڵاند بوو، تا ئەو حەڵەی خوێنێکی گەرم نەڕژایە سەر هەردوو دەست و مەچەکی لە گەوزین و خولانەوەی خۆی نەکەوت، کە باوکە خۆی کێل کردەوە، ڕابی منی بینی، بەرزەفتی کرد بەو نیازەی دوا زەبری خۆم بوەشێنم و زەفەری پێ ببەم، ئەو ژنە منالکارە، دەیویست بزانێ تامی دەست لە ملانێی مەرگ و گیانەلا چۆنە... باوکە... وەک دەعبایەکی سەیرکە ملی بۆ نەسوڕێتەوە، دوا ئاوڕی لێ دامەوە وەک ئەوەی کە سوپاسم بکا لە خۆشترین سات و دەنێو ئامێزی ژنە چکۆلە و زێدە خۆشەویستەکەی دەمرێ، کاس بەعەتری یاسەمین... تۆ بڵێی ئەو گرژینەوەیە خەنینی خۆشی بێ؟ گەر وایە بۆچی سەگە نەگریسەکانی بۆ تەنها بستێک لێم جوێ نابنەوە؟ خودا... بۆن و پەڵەی ئەو خوێنە کەی لە دەستەکانم دەبنەوە؟ دواجار ڕابی هەردوو باسکی لە ناو قەدی باوکە شل کرد و بەریدا، باوکە خۆی بەدیوارەکانی ژوورەکەدا دەدا و بەهەردوو لەپی خوێناوی نەخشی دوو دەستی لەسەر دیوارەکان بەجێ دەهێشت، ڕابی، وەک بڵێی بەر لەم خوێن ڕشتنە... زووتر خوێنی سەد پیاوی دیبێ، قەت نەشڵەژا... وەک ئەوەی لەم حەمام هاتبێتە دەرو کراسی بووکێنی لەبەر بکات... بێ باکانە کراسەکەی لەبەر کردو خوێنی مەییوی سەر پەنجەکانی دەلستەوە، باوکە بەباڵای خوێنینەوە وا بۆی چوو کە پەلاماری بدا، ڕابی لە دەرگا وازەکەوە چوون تارمایی کەوتە ئەو دیو... و... ئیدی دیار نەما... دەبوو نەهێڵم چیدی ساتمە لە من بکات... دواجار گوێم لە قریشکە و

هاوار و هەلهەلەی ڕابی بوو کە مژدەی مەرگی باوکمی بەحەسار دەدا... من دەبوو لە دوا ساتەکانی مەرگی باوکم ڕامێنم، دەترسام لە دوا چرکەدا دەستی بگاتە خنخنۆکەم و بمخنکێنێ، تا دەهات هەلهەلەی ڕابی دەمرد و ژاوەژاوی ناو حەسار بەسەریدا زاڵ دەبوو، باوکم هەر بەزۆر و بەزەبری ماڵی دونیا، ڕابی کڕی بوو... بەهەموو دایکان و خوشکەکانمی وتبوو–

"خودا یاربێ من سەری ئەو پیاوە دەخۆم...!" وەختێ خوشکانم بۆ کەیفی باوکە هەلهەلەیان کێشابوو... وتبووی:

"من بەهەلهەلەی شایی هاتمە ناو حەسار، بەڵام دەبینن: بەوەلوەلەی شین لێی دەچمە دەرێ...!"

مارەیی ڕابی توورەگەیەک لیرە و سێ ئەسپی کەوێت و بیست مانگا و سێ مامز و سەد سەر مەڕ و سەگێکی هەوشار بوو، پاش پیلانەکە حاڵی بووم ئەو ژنە عەییار و هەم کاڵفامە مەیلی درۆی داومەتێ، هەموو چاوداگرتن و برۆ هەڵتەکاندنەکان و نیگا شەیتانییەکانی فێڵ و تەڵەبوون، بەدوو قسەو بزەیەک فریوی دام، دواجار زانیم حەزی لە باخەوانە چاوشینەکە کردووە... زووتر پێی دەوتم:

"تف لەو شەوانەی لەبری ئەوەی لە باوەشی تۆدا بم... لە باوەشی باوکتا دەنووم"

لەسەر حەوزەکە و ناعوورەکە و لای بیرەکە هەر جارەو قسەیەکی فڕێ دەدا، زۆرجاران هەر بەئەنقەست نەیدەهێشت لە چرپە و ورتەکانی ژێر لێوانی حاڵی بم......

دەیوت: "بەڵام هەقیشە وابێ... گەر کوڕان بێ دەمارو خەسیوبن، باوکان بۆ وانەکەن...؟"

هەر لە هەفتەی یەکەمی بووکێنییەوە بەهەر هەموو هەوێیەکانی خۆی گوتبوو:

"ژنینە من یان خۆم دەکوژم یان ئەو مێردەی ئێوە... ئەگەر ئێوە دەتوانن لەگەڵ پیاوێکدا بنوون بۆنی تەویلەی لێ بێ...؟ ئەوە من هەرگیز ناتوانم"

ئەو باخەوانە چاوشینە دەجار هەوڵیدا بپەڕێتەوە نێو حەسارەکەمان، بەهەرچی فێڵێک بێ ڕابی بفڕێنێ، چەندین بەرگی گۆڕی و دەمامکی لەسەر نا... بۆ هوودە بوو... بەدەوری حەسارەکەدا دەخولایەوە و لە شوورە بڵندەکانی ڕادەما... لە دەرەوەی حەسار منی دەگرت و پێی دەوتم: "کوڕی باش وەختی بڕینەوەی دارمێوەکانە."

سەری نەگرت... خۆی کرد بەناڵبەند، چەرچی، چەخماخچی... دواجار لە بەرگی دەروێشی پەتیارە و سواڵکەردا... باوکم لە گیانی خۆی تەقی کرد و بەوەڕسییەوە وتی– باخەوان بێ



یان چەرچی؛ گەر نەخسیوە با نەیەتە نێو حەسارەکەم... نامەوێ هیچ غەریبێک بە نهێنی ئێرە و ئێوە بزانێ..."

هیچمان چیرۆکی ئەو کوڕە جحێڵەمان لەیاد نەدەچۆوە، ئەو بیرلێدەرەی نەمانزانی باوکم لە کوێوە هانی بووی، کە زانیبووی دڵی (مینا)ی خوشکمی بردووە و ئەو حەزە پڕ لە شەرمە لەناو پێخەفدا نەخۆشی خستووە و کەی زانی خوشکەکانی دیکەشم بەچواردەوری بیرەکە هەڵقە دەبەستن ئەرکەکانی نێو حەسارین بیردەچێتەوە... زاڵمانە نەیهێشت بیر لێدانەکە تەواو بکا و هەر بەگڵۆخۆڵی دەردراوی بیرەکە خنکاندی، تا هەنووکەش هیچ دا و و دەرمانێک ڕەنگی پەڕیوی مینا–ی نەگەڕاندەوە... لە ئاهەنگی باوک کوشتنیشدا نەیتوانی هەستێتەوە، کابرای باخەوان، دزانە، خۆی گەیاندە شوورەی هەشتەمی حەسارو نەگەیشت بەمرازی خۆی، سەگە هەوشارەکانی باوکم لێی ڕاپەڕین، هەر یەکەو پارچە سیپاڵێکی لەبەر دادڕی، هەموو دەمانزانی بەهەر بیانوویەکەوە بێتە ناو حەسار چارەنووسێکی ڕەشتر لەوەی بیر لێدەرەکە چاوەڕێی دەکا، خوێندنەوەی سووکە مەیل و تەنکە حەزیک لە چاوانی یەکێک لە کچەکانی بەس بوو بۆ کوشتنی.

ڕۆژی دووەمی بووکێنی ڕابی، ئەو بەیانییەی کە وەک هەزارەها بەیانی دیکە لەبەردەمیدا بەڕیز وەستا بووین؛ باوکم ڕووی کردە ڕابی و... وتی:

"ڕابی... من بۆیە دڵم بەو هەموو ژن و کوڕ و کچانە خۆشە کە خزمەتی خۆم و حەسارەکەم دەکەن، خزمەتی ئەو هەموو ئاژەڵ و مەل و پەلەوەرانەم دەکەن، لە ئەسپەکەمەوە تا کۆترەکانم، من ئەو ژن و مناڵەم خۆشتر دەوێ کە عومری زیاتر لە تەویلەکانما بەسەر ببات، شوانی چاکی مەڕ و ماڵاتم بێ، بێری چاپووک و فەرش چنی دەست ڕەنگین بێ، شوان و سەپانی هەمیشە ماندوو بێ و نەڵێ لەل، ڕابی گەر دەتەوێ بەژنی من بیت؟... سەیری ئەوان بکە، ئەوەشی کە گوێ لە فەرمایشتی من نەگرێ و قسەکانم بەهەند نەزانێ...؟"

قسەکەی تەواو نەکرد و خەنجەرەکەی بەر پشتی لە کالان دەرهانی و نیشانی هەموومانی دا، تروسکەی بەشەوارەی خستین، تا پتر ترسمان لێ بنیشێ؛ بێ دەنگ قەیرێ دەوەستا و گەمەی بە خەنجەرەکە دەکرد و مووی ڕەش و درێژی پشتی دەستی خۆی پێ دەکرد، لە هەڵوەرینی مووەکان دەمانزانی خەنجەرەکەی تیژکردۆتەوە و تازە لە هەسانی داوە... وەی لە جورئەت و بێ باکی ئەو ژنە ساوایە، ڕابی... ڕابی جوانکیلە لێوی لێ هەڵقورتاند، ئەو لێوانەی حەزم دەکرد، لە جیاتی باوکم، من ماچیان بکەم... سەدەها

بەیانی ئاواهی، هەتا گەر قسەشی نەبووایە، ڕایدەگرتین، ئەو بە بەردەمی ئێمەدا پیاسەی دەکرد و هەنگاوی شاهانەی دەنا، بەنووکە شەق لە بەردەکانی بەرپێی خۆی دەدا چەندەها جار بەردەکە هەڵدەبەزییەوە و بەر ئەژنۆ و بەلەک و سینەمان دەکەوت... نەدەبوو بڵێین: ئۆف... هەندێ لە براکانم نەیاندەتوانی میز ڕابگرن، هەندێک لە خوشکە وردیلەکانم... شریخەی قامچییەک و ڕیزەکانمانی هەڵدەوەشاند، شریخەی قامچییەک و بەدەم ڕێوە میز بە بەلەک و قاچ و قوولماندا دەڕژایە نێو پێلاوەکانمان، کە بڵاوەمان لێ دەکرد، زۆربەی بەیانییەکان، وەک گێر بووبم خۆم دەگەیاندە سەر حەوزەکەو سەری گێژم لە ئاوەکەیدا نوقم دەکرد و بۆ بێ غیرەتی خۆم دەگریام، فرمێسکەکانم... پەنهان و خوێنین... دەڕژانە نێو حەوزەکە... شەرمێکی گەورە بوو ئەوان ئەو فرمێسکانەم ببینن... لە ژێر ئاوەوە هاوارم دەکرد... هاوارێک... کە هەر جارەو چەند توولە ماسییەکی نێو حەوزەکەی دەتۆقاند و زراویان دەڕژا و سەر ئاو دەکەوتن... پڕ بەسەربەستی ئاوێکی خنکاوی نێو حەوزێک دەمقیژاند:

«خودایە... کەی بێ و باوکم بکوژم تا بتوانم سەربەستانە ئافرەتێک لە باوەش بگرم؟ کەی بێ و بتوانم دەرگاکانی حەسار واڵا بکەم و برا هەڵەتەو وێڵ گەردەکانم بەخوشک و براکانی نێو حەسار شاد بینەوە، بێنەوە و بۆن بەباوەشی دایکانیان بکەن و بگرین و باس لە غەریبی شاران بکەن...؟»

هاوارەکانم دەبوون بەبڵقی سەر حەوزەکە، من هەر لە خەمی ئەو ماسییانەدا بووم کە دەمتۆقاندن... نە من و نە براکانم نەمان دەوێرا ئەو حەسارە جێ بێڵین، نەشماندەزانی لە دەرەوە و لە دووری ئەو حەسارە دونیا چییە و چۆنە، منی نۆبەرە نەدەکرا دایکان و برا و خوشکانم لە بەردەستی دڕندەیەکی وا بەجێ بێڵم... زۆریش لەو برایانەی کە هەموو شوورەکانیان بڕی و خۆیان گەیاندە ئاقارەکانی دەرەوەی حەسار... لە هەر گەڕانەوەیەکی باوکە بۆ حەسار، بەدیاری، جلی خوێناوی دەهێنایەوە و فڕێی دەدایە بەردەممان:

«ئەها... گورگ خواردوونی!»

دواجار، ژنی گەورەی، کە لە گرانی گەورەوە ددانەکانی، هەر هەموو، کەوتبوون... لەتاو مەینەتی کوڕەکانی... لە قەهری ئەوەی شەو بەدزییەوە دەچوونە گژ هێسترەکان، پاش فسکە فسک و چرپ و چۆپی هەر هەموو دایکان... لە هەمووان قسەو تەگبیر، دەست بەیەک دادان، سینە کوتان، وەیش ڕۆڵە لاڵ بم... توخواکەی کوێربم بۆتان... وەی لەو کوڕە



بەحەیا و حورمەتانەی ناو حەسار کە تا هەنوکەش ڕوویان نایە داوای ژن بکەن... لەو کچە بێ دەموپلانەی ئێمە هەمانە... لە هەر حەسارێکی دیکە بوونایە تا هەنووکە سەدجار ڕەدوو دەکەوتن... ئەوە کەی حاڵە خوشکینە... دواجار لە شەوێکدا دایە گەورە غیرەتی دایە بەر خۆی، دیوەخانەکەی لەسەر باوکم کردبۆوە، تا ئاوی پێی داهاتبوو لە ناو دەرگای دیوەخانەکە وەستا بوو... پاش چەندین جار لە دەرگا دان و... بانگکردن... بەترسەوە لێی ڕامابوو... بینیبووی یاری لەگەڵ کەروێشک و پشیلە و سمۆرەکانی دەکا، دەروازەی هەر هەموو قەفەزەکانی کردۆتەوە و بولبولەکانیشی بەڕەڵڵای ئاسمانی ئەو دیوەخانەیە کردووە تا لووت و هەردوو کونی گوێچکەی بۆ پاک بکەنەوە... هەر بەدەست ئاماژەی بۆ کردبوو وە ژوور کەوێ، بەباڵایەکی لەرزۆک و لە ناو قەد بەسەرەوە شکاوەوە لەبەر دەمیا بەسڕی وەستا بوو... هەر بەدەست ئاماژەی بۆ کردبوو ڕوونیشێ... ئەم هەر لە گەمەی ناو سمۆرە و کەروێشکەکانی نەکەوتبوو... تل دان و لەسەر سک خۆ خشاندن... دایە گەورە بەلێوە لەرزەوە وتبووی:

«پیاوەکە... ئەوە؛ هاتووم... بڵێم...»

سەرگەرمی گەمە... هیچ وەڵامێکی نەدابۆوە.

دووبارەی کردۆوە: «پیاوەکە... دەمێکە دەمەوێ......»

دەنێو کلکی کەروێشکەکان و گوونی پشیلەکان و دەنووکی بولبولەکانەوە سەری هێنابووە دەرێ، سەری پاک تاشراوی بەگوێزان جێ جڕنووقی پشیلەکانی پێوە دیاربوو، بێ باک لەباریکە داوەکانی خوێن بەسەر تەوقە سەرییەوە لێی پرسی بوو:

«ها حەبێ خێرە... ناشێ بۆ بەزمی شەو هاتبیت؟ ئەشهەدو هەقی گلەییت هەییە... بەڵام چی بکەم؟ خۆ تۆ دونیا دیتەی، گەرەکمە ئەو بووکە تازەیە تێر بکەم... پێیان بڵێ: ئەمشەو نۆرەی هیچ کامیان نییە... ئەمشەو وام نیازە لەگەڵ پشیلە و کەروێشک و سمۆرەکانم بنووم...»

«نا... پیاوەکە... من بۆ ئەوە نەهاتووم».

حەبێ، کەمێ لەولاتر، نزیک بەدەرگاکە کەوتبووە سەر چیچکان، کە ئەم سەری زمانی لە دەنووکی بولبول و گوونی پشیلەکان دەخشاند، بولبولەکان لیکی ژەهراوی باوکەیان هەڵدەمژی، پشیلەکان بەو لێو لە گون خشاندنە ختووکەیان دەهاتێ و هەڵدەبەزینەوە، نەرمە چەپۆکیان لە کەپووی گیر دەکرد، لێوی شەقار و دوولەتی کەروێشکەکانی ماچ

دەکرد، دەتریقایەوە و بولبولەکان هەڵدەفڕین، سمۆرەکان ڕادەچنین، پشیلەکان دەسڵەمینەوە، تاوێک و دیسانەوە لێی نزیک دەکەوتنەوە، کەروێشکەکان قونەیان دەکرد... فیکەیەک و هەر هەموو دەهاتنەوە باوەشی، بەترسەوە پێی وتبوو: «هاتووم... بڵێم...».

ئەم وتبووی:

«حەبێ هیچ مەڵێ... گوێ بگرە... چۆنە پشیلەکان بخەسێنم؟»

«بۆچی پیاوەکە؟»

«چۆن بۆ؟ پیرەقۆتڕ... نەفام... نابینی ئەو حیزباوانە گونیان لە گونی من خڕترە»

هێشتا پاڵ کەوتبوو، لەسەر لاو کە هەردوو قاچە کورتەکانی پشتەوەی یەکێک لە پشیلەکانی بلاوکردبۆوە و توند کەڵبەو ددانەکانی لە گونی گیرکردبوو... زاڵمانە... وەحشیانە ڕایتەکاند و شادەمارەکەی قرتاندبوو، قرتەیەک و پشیلەی تاین پڕ بەدیوەخان زریکاندبووی، نالاندی... مراندی... ئەم هەردوو هێلکەی خوێناوی لەنێو کەڵبەکانی بوون کە تریقابۆوە... لەم گوپەوە بۆ ئەو گوپ وەک کەلا شووشە گەمەی پێ کردبوون... حەبێ لە حەژمەتانا بەهەردوو دەست چاوەکانی خۆی داپۆشی بوو...

«چاکە حەبێ... هەر شەوەی یەکێکیان «دەخەسێنم»

«کابرا... گوناهت دەگا»

«ژنێ... گوناه ئەوەیە دوو ڕۆژی دیکە ڕەشەمێیەو نامەوێ لەبەرچاوی کچەکانم بکەونە مرە مرو سواری یەکدی بن»

«کەیفی خۆتە پیاوەکە...»

«هەڵبەت کەیفی منە... هەوەس کوشندەیە... تۆ سەرت سپی کردووە و دەیزانی»

«بەڵام پیاوەکە...»

«قسە مەکەو سەیری سمێڵی ئەو حیزباوانە بکە... سەیری گونی تورتیان... بەوەڵڵاهی من بەخیلیان پێ دەبەم...»

«پیاوەکە... من هاتبووم کە پێت بڵێم...»

«جگە لە خۆم و ئەسپەکەم نێرە وزی تیا ناهێڵم، بۆم بکرێ مێشوولەکانیش دەخەسێنم، لەبەر پاسی مەڕوماڵاتە زۆرەکەم نەبێ هەر هەموو گۆلە سەگەکانیش بەدەردی پشیلەکان دەبەم...»



«تۆ خۆت گەورە و سەرداری حەساری، چیت پێ باشە وا بکە... بەڵام من بۆ ئەوە نەهاتبووم... من هاتبووم بڵێم...»

«بڵێ و با ڕزگارم بێ...»

پشیلەی بن سک خوێناوی وەک پیاوێکی خەسیو لەسەر لاتەنیشت کەوتبوو دەینالاند... یان دەمرد...

«پیاوەکە هاتبووم بڵێم کوڕ و کچەکانت، زۆریان، وا پییر بوون... خوا هەڵناگرێ و بەتەمای چیت... ها ...؟ کوڕی نۆبەرەت سەرو ڕیشی سپی بوو، ئەرکی هەر هەموو حەسارەکەی وا بەسەر شانەوە... دەبا دڵت نەرم بێ و خەمی ژنێکی بۆ بخۆین... دایکیان لاڵ بێ... زۆر لە کچەکانت چقەیان دەرکرد...»

شێتانە، دەنێو تەباری چڕی کەروێشک و سمۆرە و پشیلە و بولبولەکانەوە ڕاپەڕی بوو... هەر ئەو شەوە بەپەلە لە دیوەخانەکەی هاتبووە دەرێ، پڕ بەئاسمانی حەسارەکە هاواری کرد... نەڕاندی، بەهەرچواردەوری خۆیدا هەڵدەپەڕی، لە قەهر و خەفەتی قسەکەی ژنی گەورەی پێیی لە دوو کەروێشک نابوو... هەردوو دەرحاڵ مردن، پشیلەیەک کە بەدەستییەوە بووە، بێ ئاگا لە خۆی، تا هێزی تیایە دابووی بەدیوارەکەدا، لەگەڵ ئەو هاوار و نەعرەتەیە بولبولە تۆقیوەکان چووبوونەوە نێو قەفەزەکان، لەترسی غەزەبی باوکە دەلەرزین و باڵیان لێک دەدا، لەگەڵ باڵە فڕەدا شاپەڕەکانیان ئەوەندە هەڵوەرین قەفەزەکانیان پڕکرد لە پەڕی زەرد و سوور، بەجریوە جریوی شەرمنانە دڵی یەکدیان دەدایەوە... نەیاندەزانی کە هەر تاوێک لەمەوبەر کەیفساز و هەنووکە لە پای چی وا هاربووە، پشیلەکەش بەواڕەواڕ بەحەوشەکەدا و ڕووە و بیرەکە قووچاندبووی، بێ ئاگاو شێواوانە ڕەتی بردبووە نێو بیرەکە، هەردوو کەروێشکە مردووەکانی بەدەستەوە گرتبوو... پاش تاوێک هەر یەکەیانی بەلایەکدا فڕێدا... دەینەڕاند... هەر هەموو خوشکان و براکانم... دایکانم کە لەم هەرایە دەگەیشتن هاتنە بەر دەرگاو... هەندێ لە پشت پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانییە باوکە کە شەش و حەوت قسەی دەکرد و کەفی دەردەدا... تاک و جووت غیرەتیان دەدا بەرخۆیان و دەهاتنە نێو حەوشەکە.

«گوێ بگرن... بۆ دواجار... لێرە... لەم حەسارەی من، نە کوڕ ژن دێنێ و نە کچ زەرووره شوو بکا... ئەوەی خۆی بەکچی من دادەنێ دەبێ دەنێو تاریکی ژوورەکەشیدا حورمەت لە خۆی و لە من و لەم حەسارە بگرێ... ئاگاتان لە خۆتان بێ... هەر هەواو هەوەسە کە ئەم

حەساره برمێنێ، نەکەن... من خۆم چاوم هەیە... کەی زانیم بەشووتان دەدەم... ژن بۆ کوڕەکان دێنم... ئەوەیان یەکەم قسەو دوا قسەمە... حاڵی بوون؟ کە من ماوم و دەتوانم ژن بێنم و هەر ساڵە و چەند زەماوەندێکتان بۆ ساز بکەم... ئیدی پێم ناڵێن لەوە زیاتر چیتان گەرەکە؟ هەر ئەوە مابوو کوڕان بکەونە دوای قوونی ژنەکانیان و کچان ڕەدوو بکەون و ئا ئەم حەساره نازداره وەک بەری دەست ڕووت و قووت بێ... پێم ناڵێن کە من مردم ئەم حەساره هی کێیە؟ ترحێو... من بەئومێد بووم ئێوە ناوم کوێر نەکەنەوە... ئێرە پاس بکەن... وەک سەگە بەوەفاکانم لە دووری هەزار فەرسەخەوە بۆنی خەڵکی بیانی و غەریبە بکەن و پێی بوەڕن، وەک هەڵۆ و بازەکانم... دوورتر لەوانیش ببینن...

چاکە... زۆر چاکە فەرموو... هەمووتان جێم بێڵن... با من بەتەنیا لەم حەسارەدا بمرم و دواجار پشیلەکانم بمخۆن...»

ویستم بەڕوویدا هەڵشاخیم و بڵێم:

«ئاخر چ لە حەسارێک بکەین کە جگە لە ئەسپ و هێستر هیچی دیکەی تێدا نییە»

نەموێرا... لاڵ بووم و زمانم لە گۆ کەوت، ئەم نەڕاندی... لەگەڵ ئەو نەعرەتەیە چی ئەسپی نێو تەویلەکان هەبوون... حیلاندیان، کۆترەکانیش لە شەققەی باڵیاندا، ئاسمانی سەر حەسارەکەیان لێ گرتین، سەگەکانیش بەچواردەوریدا هەڵقەیان بەست... بولبولەکان لە جریوە جریوی ترس نەدەکەوتن، پشیلەکان و کەروێشکەکانیش میزیان بەخۆداکرد...

«گوێ بگرن... ئەوەی دەیەوێ لەم حەسارەی من نانێکی چەور بخوات نابێ لە قسەم دەربچێ. ئەوەی حەرامزادە نییە خزمەتی ئەم حەساره دەکا...»

وابوو... لە سپێدەی بەیانییەوە تا شەو خەوتنان خوشکەکانم مانگا و مەڕ و بزنیان دەدۆشی، شیرەکەیان دەکرد بەماست و پەنیر و ژاژی و فرۆ، دایکانیشم دەست و پەنجەیان توێژاڵ توێژاڵ هەڵدەدا ئەوەندەی تەشی بڕێسن و کڵاو بدوورن و ڕەفتە بچنن، ڕۆژی دە چین تەویلەکانیان پاک دەکردەوە، ئاخوڕەکانیان تێر کاو و جۆ دەکرد، شەربەو کوپەکانیان پڕ ئاو دەکرد، دەکەوتنە دوای قوونی مانگاکان و لە تەپکە ڕیخی وشکەوە بوو نەوی دەبوون، گووانی ڕیخنی چێڵەکانیان دەشۆری، ئێسقانیان دەخستە بەردەمی سەگ و پشیلەکان، دانیان بۆ کۆتر و مریشکەکان ڕۆ دەکرد، ئەو کافره ئەسپ و هێستر و سەگ و سمۆرەکانی لە ئێمە پتر خۆش دەویست، دەبووایە... هەر دەبووایە من بیکوژم، کە کوشتیشم هەر منی تیا چووم، من گوتم دەیکوژم و ئیدی «رابی» لە بری باوکم دەست لە



ملی من دەکا، هەر هەموو دایکان و خوشکانم و براکانم سەرفراز دەبن، خەونی ئەو برایانەم دێتە دی کە بەر لە چەندین ساڵ هەڵەتە بوون، ئەوانەی گورگ و چەقەڵ خواردنی و ئەوانەشی لە شار و گوندە دوورەکاندا سەریان بەیەکەو دەناو سەدو یەک پیلانیان بۆ دارمانی حەسار دادەنا و... هەر خۆیان هەڵیان دەوەشاندەوە... دەیەها دیوار و شوورەی حەسار دەرمێنین، ڕووە و شار و گوندی دیکە سەفەر دەکەین، دەچینە نێو حەساری دیکە و ئاشنای ژن و پیاوی دیکە دەبین، خوشکانم شوو دەکەن و براکانم ژن دێنن... بگرە بولبولەکانیش ڕەوانەی دارستانەکان دەکەمەوە، سمۆرەکان جارێکی دیکە سەربەستانە بەسەر دارگوێزەکاندا هەڵبگەڕێنەوە و گوێز بشکێنن، کەروێشکەماڵییەکان کێوی ببنەوە...

وەلێ ئاخ... هەر ئەو شەوە کە دڵگەرمانە لەسەر سینەی «رابی» سێ خەنجەرم خێواندێ و دەرگای گەورەی حەسارەکەم لە گرێژنە دەرهانی... گەڕام... زۆر گەڕام تا تۆپەڵی کلیلەکانم دەنێو خورجینەکەی باوکمدا دۆزییەوە، هەڵقەی کلیلی هەموو دەرگاکانم هەڵوەشاند و بەنێو حەوشەکەدا و لە ژێر تریفەی لەرزۆک و شەرمندا پەرت و بڵاوم کردنەوە... هاوارم کرد:

«هانێ... ئەوەتا... ڕاکەن هەمووتان... کلیلی دەرگا داخراوەکان»

لە پشت پەنجەرەکانەوە کلیلەکانم بۆ هەڵدەدان، بەپڕتاو یەکە یەکە دەرگاکانیان کردەوە، هەر یەکەو تۆپەڵی کلیلی لە دەستی ئەوی دیکە ڕادەفڕاند، لەو هاتووچۆ و تێک قژقژانەدا بەریەکدی دەکەوتن، داباربنە ناو گەنجینەکەی باوکم و باولە بۆرەکەیان شکاند کە پڕبوو لە خشڵ و خاڵی گرانبەها، گەوهەر و مرواری و گەردانەی ئاڵتوون، بەژوورەکاندا پەرت بوون، لە گەنجینەکەدا سەد ئاوێنەی سەیر و سەمەرەیان دۆزییەوە، زۆریشی شکاو، ئاوێنەی وا ڕووخسار تێیدا جوانتر بنوێنێ، خوشکەکانم شەڕیان بوو لەسەر ئاوێنەکان، قوتیلە داخراوەکانی ناو باولە بۆرەکەیان دەرهانی و بەدار و بەرد و پێ لەقە شکاندیان، سەری مار و مێرووی تیا بوو... لە هەمووی سەیرتر سووراوو سپیاوو تاڵەمووی کورت و درێژی ژنانە: زەرد، سپی، ڕەش، قاوەیی... ڕەنگ بواردوو... عەتری کەسکوون. دوعاو نووشتەی زۆر... عەتری زۆریان بەسەر و ملی خۆیاندا دەپرژاند... بەژوورەکان قەڵس و بێزاربوون... ڕژانە نێو حەوشەکە، سەراسیمە و شاگەشکەبوون، بەسەر زەوییەکەدا و لەسەر پاژنەی پێ دەخشین وەک ئەوەی سابووناوی پێدا کرابێ، دەستیان دەخستە سەر تەوێڵی یەکدی تا بزانن ئاخۆ لە خۆشیانا تووشی گرانەتا نەبوون...؟ دایکان و خوشکان... براکانم، بەدرێژایی ئەو شەوە داباربنە سەرم، دڵنیا نەبوون... ئەرێ ئەوە منم باوکم کوشتووە و

ماوم، دەستیان لێ دەدام... دەست لێدان بەس نەبوو... تامیان دەکردم، بۆنیان دەکردم، هەندێکیان خوێنەکەی سەر دەستمیان دەلستەوە، هەندێ لە ڕەنگ و بۆنی ئەو خوێنە دەسلەمینەوە، هەبوو پەنجەی لە خوێنەکە وەردەدا و وەک ژنە هیندییەکان ناوچەوانی خۆی پێ نیشانە دەکرد، هەراو هۆریا سینگی ئاسمانی دەدڕی، ئەو شەوە بەردیش لە شوێنی خۆیەوە دەجوولا، من لە نێو ئەو هەموو دەموچاو و ڕووخسارەدا کە لەبەر دیدەم دەگۆڕا وندەبووم، سەرم لێ شێوا... نەمزانی بەهارە یان پاییز، هاوینە یان زستان... نەمدەزانی چی بکەم... بۆ ئەوەی خۆم لە گەمارۆی خوشکەکانم قووتار بکەم... هاوارم کرد:

«بێ مروەتینە... ئەی کوا زیبا؟ زیبا-تان لەبیر چوو؟»

قسەکەم تەواو نەکرد، شەش حەوتێکیان ڕووە و دەرگای ژێرزەمینەکە تاویان داو... بەهەر هەموویان دەرگاکەیان بەلاشیپەکانەوە دەرهانی و بەپێبلیکەکاندا غل بوونەوە و دەستیان دایە بن باڵی (زیبا) و لە چنگی تاریکیان دەرهانی و دیسانەوە لەبەر پرشنگی تریفەدا ئازادیان کرد، سست و لاواز... پاش عومرێکی درێژی نێو تاریکی تریفەی زیوین تاوێکی درێژ بەشەوارەی خست، زەرد و ژاکاو، سەرو پرچی ماش و برنجی... وەک منالێک تازە سەرپێ کەوتبێ دەستیان لێ بەرداو... لەوەدا بوو بکەوێ... گرتیانەوە، بەهەردوو باڵ ئاماژەی کرد کە بەرەڵلای بکەن... مەستانە هەنگاوی تێکەڵی ناو لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا کراسی کۆن و داڕزیوی لەبەر خۆی دادڕی، تا سەر تاتە شۆری گوێ حەوزەکە غاریدا و یەک تەختە ڕاکشا، بێ باک لە هەرای حەسار و چاوی براکانی، بێ ئاگا لە مەرگی باوکی، هەردوو مەمکی دایە بەر تریفەی مانگ... وەک شەوی حەیاچوونی سەربانەکە تریقایەوە... ئیدی خەوێکی قووڵی لێ کەوت... بەدەم خەوی بەر تریفەوە دەخەنییەوە... ئەو شەوە چییان نەکرد...؟

هەوێیەکان سەمایان دەکرد... گۆرانیان دەچڕی... بەسووراوو سپیاوی دۆزراوەی نێو قوتیلەکان خۆیان ئارایشت دەکرد، حەبێ-ی دایکم بەهانکە هانک ئەو سندوقە بزمار ڕێژەی باوکمی بەگوریسێکەوە بەستبوو... بە زەحمەت بۆی ڕادەکێشرا... سوێندی خوارد کە لەو ڕۆژەوەی شووی بەباوکە کردووە ئەم سندووقەی بەقفڵ دراوی لێ شاردۆتەوە... گوایە لە گرانی گەورەوە لە ترسی ڕەش و ڕووت و لەبرسا مردووەکان دەنێو یەکێ لە دیوارە پانەکانی حەسار تەقەتی کردووە، کە شکاندیان پڕبوو لە خۆڵ...

هەر هەموو بەدیار سندووقی شکاوی پڕ لە خۆڵ دۆش دامابووین وەختێ دایکە حەبێ هاواری کرد:



«کوڕ و کچەکانم نائومێد مەبن... ئەم حەسارە سەد نهێنی شاراوەی باوکتانی تیایە... دە سندووقی دیکەی پڕ لە خۆڵ هەناسە ساردتان نەکا... من دڵنیام سندووقێکی پڕ لە دوڕو گەوهەر و ئەڵماس دەدۆزینەوە».

هەر ئەو شەوە ڕابی لە ژووری ژێر بۆن کەوتووی شەهوەت و خوێن هاتە دەرێ و قریشکەیەکی کرد... کەوتە سوڕدان و چەهچەهەی شادی، دایکانی نیوە خەوالووم، خوشکانی جێماو دەنێو خەونە حەرام و هەڵبزڕکاوەکان... دەتوت هەریەکەو دوو دەمی هەیە، بەیەکێکیان دەناڵێ و بەوی دیکەیان دەخەنی، بەچاوی چەپ ڕۆندکی ڕەش دەبارێنێ و بەچاوی ڕاستە ئەسرینی ئاسوودەگی، چوار دەستە نا... بەڵکو بەسەد دەست بەرزیان کردمەوە، بابەخولەیان پێ کردم، ڕووەو ئەستێرەکان هەڵیان دەدام و ئامێزی نەرمیان بۆ دەکردمەوە، لە ژێرەوەڕا ئەو هەموو چاوانەم دەدی کە وەک وردە ئەستێرە دەدرەوشانەوە...

براو خوشکە شەرمن و ترسنۆک و وردیلەکانم بینی کە قاقا پێ دەکەنن و بەپشتی دەستیش فرمێسکەکانیان دەسڕی... لەو سەرەوە، بەئاسمانەوە، پڕ بەسییەکانم هەوام هەڵمژی، پڕ بەهەردوو چاو، ئەوەندەی پێڵووەکانم کرانەوە، لە هەیبەت و سامی ئەو شەوە ڕامام... دەرگای کولانە و کۆلیت و تەویلەکانمان کردەوە، گشت قەفەزەکان، وردیلەکان دڵڕەقانە یان دۆستانە گەمەیان بەکۆتر و بولبول و کەروێشک و سمۆرەکان دەکرد، تاوێ گوێم لە قریوە دەبوو... تاوێ پرمەی گریان... من سەرگەرمی بەزۆر دەرهێنانی بولبولەکان بووم کە «مێرەم»ی دایکم بەهەڵەداوان لە ژوورەکەی ڕابی هاتە دەرێ و بەدەم هاوارەوە دەیوت:

«ژنینە... فریا کەون... ئەو ئەرژەنگە وا دەجولێ!»

پێم وتی:

«مەشڵەژێن... چاو کە ترسا ڕەشکەو پێشکە دەکا»

هەر ئەو شەوە، بەپەلە، لەوە ترساین زیندوو بێتەوە، دوا پارچەمان لەبەری داکەند، زارێ مەنجەڵێکی گەورەی هاورد، فاتم ئاوی تێ کرد، ئەختەر گولاوی تێ پژاند، بلە چیلکەو داری زۆری هانی، سیامەند ئاگرەکەی کردەوە، چ سەیر بوو... تا ئاگرەکە پتر بڵێسە بکا دایکانم بەرانپیل و چارۆگە و سەرپۆشی خۆیان تێ فڕێدا، گڕەکە لەسەر دیوارەکان، سەمای بەسێبەری هەموان دەکرد، هەندێ لە خوشکەکانم بخووریان

دەسووتاند، سیمای هەندێکیان لەبەر چاوانم غەریب بوو... تۆ بلێیی هەندێ لەو ئافرەتە نەناسانە دایک و خوشکانی من بن؟ لە تەرمی باوکە ڕادەماین کە هێشتا هی ئەوە بوو لێیی بترسین... شەرمی لێ بکەین... ئەوێک کە تەنها یەکجار زانیمان نەخۆش کەوتووە... ویستمان بچینە دیدەنی و تا بەچاوی خۆمان ببینین باوکی ئێمەش وەک هەموو بنیادەمێک نەخۆش دەکەوێ، پەسیو دەگرێ، سەری ژان دەکا... وەلێ هەیهات... لەو لەزەتە بێ بەشی کردین... گوێمان لێ بوو لە ژوورەکەی خۆیدا بەدەم نرکەو نەعرەتەی پڵنگ ئاسای هاواری دەکرد:

«حەبێ بۆ کوڕ و کچ نەهاتووە باوکی نەخۆش و خەستە لە نێو پێخەفدا ببینێ... وام لێ مەکە بۆ ئەو دوو ڕۆژە حەسار چۆڵ کەم»

نا... ناکرێ... ناکرێ ئەوەیان تەرمی باوکە بێ، قسە نەکا... جنێو نەداو دەست نەوەشێنێ...

ئەو شەوە ئاو وەستا و ئێمە نەوەستاین، هەریەکە و مۆمێک یان چرایەکی داگیرساند، ئەو حەسارە بوو بەچراخان... وەی لەو کەرنەڤاڵەی هەموومانی حەپەساند، کوڕەکان بەبێڵ و پێمەڕە و خاکەناز کەوتبوونە ڕماندنی شوورەکان، وردیلەکان بەنینۆک دیوارەکانیان دەکڕاند و وێنەی جۆرەها مەل و فڕندەیان، لە گەرمەی فڕیندا، ڕەسم دەکرد، هەریەکەو بۆ پیشاندانی شتێک ئەوی دیکەی بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشا، بۆ یەکەمجار دوور لە چاوو ڕاوی باوکم بەدیار سەیران و سیحری ئاپوورەی نێو کەرنەڤاڵ یەکەم جگەرەم داگیرساند، تاوێ مژم لە جگەرەکەداو پڕ بەسییەکانم دووکەڵم هەڵمژی و چاوەکانم نووقاند... ئەڵڵاهـ... لە نەمانی ترس... لە هاتنی سەربەستی... کە چاوانم کردەوە، سەراسیمەو ئەبڵەق، دەوریان گرتم... دایکی خۆم و گشت زڕ دایکەکانم، هەڵقەیەک براکان و هەڵقەیەک خوشکانم... ماچیان کردم، تفیان لێ کردم، تاوێ سوپاس و تاوێ نەفرەتیان لێ کردم، «بەلقیس» بەهەڵەداوان هات و قامچییەکەی باوکمی دۆزی بۆوەو بۆ خۆشی بەڕاست و چەپدا ڕایدەوەشاند، فەرهاد-دیش کە تازە سمێڵی گووگرە ببوو گەمەی بەگۆچانەکەی باوکە دەکرد... ڕاوەدووی خوشکەکانی دەناو وەک شوانی بەرخەل پێش خۆی خستبوون، تەقەڵلای دەدا کامەی گۆچانەکە لە قوولە پێیان گیر بکاو ڕەتیان پێ ببات، هەر بەچاو و دەست حاڵیم کردن کە تا زووە ئاگرەکەی پێ خۆش بکەن، بەدەوری ئاگرەکەدا کەوتینە سەما، قەهرێکی شاراوە لەگەڵ تنۆکەی ئارەقە لە ئازای جەستەمانەوە دەڕژا، چۆپیمان بەشێخانی



دەگۆڕی... هەق بەدەست بووین... نەماندەزانی چی بکەین...؟ یەکە یەکە دەستیان لە ملم کرد، بەسەرما دەگریان و دەلەنگینەوە، سەریان دەخستە سەر سینەم، تاوێ سەدای بەستەو گۆرانی، تاوێ لاوانەوەی ئازیز مردە، بەڕوومدا دەگرژینەوە، نقورچیان لێ دەگرتم، قەپ و گاز، بەڕیز یەک لە دوای یەک ئەو خوێنەیان لستەوە، خوێنی باوک، کە هێشتا بەدەستمەوە وشک نەببۆوە... بەنەفرەتبێ «رابی» جوانکیلە، وەی لە لێوە لەرزیوو هەڵتۆقیوەکانی، لە ناز و مەکر و دۆلابی، نیگای جادوو بازانەی، زڕەی خلخاڵ و بازن لە پێ و دەستەکانی... دەنگی کەرخ و شەهوەتبازانەی کە پێیی دەوتم:

«تۆ بیکوژە... ئەوسا خۆم دەزانم...!»

کەچی ئەو ژنە منالکارەی کە هێشتا مەمکەکانی تەواو نەڕسکابوون، هەر ئەو شەوە منی دەست بەخوێنی باوک سوور بووی جێهێشت و ڕەدووی ئەو باخەوانە چاوشینە کەوت کە هیچ فیلێک دادی نەدا بپەڕێتەوە ناو حەسار... لەسەر تاتەشۆرەکەش خوێنی لێ دەچۆڕا، بۆنی ئەو خوێنە بوو کە توولە و تانجی و سەگەکانی هارکرد، بەدەوری تەرمەکەیدا بەدەم بای غارەوە دەخوولانەوە و لە جریت بازی نەدەکەوتن، تاوێ دەوەستان و لمووزیان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و جەرگبڕانە دەیانلووراند، پاشان بەچوار دەورمدا هەڵقەیان بەست و لمووزیان لە هەردوو دەستم دەخشاند و خوێنەکەیان تام دەکرد، چۆن هەنگاوم دەنا ساتمەم لە سەگ و توولە و تاژی دەکرد، پێمدا هەڵدەگەڕان، قەپیان لە بەلەکم دەگرت، کەڵبەیان لە پێڵاوەکانم گیر دەکرد، ئەو پەڵە خوێناویانەیان دەلستەوە کە بەسەر پێڵاوەکانمەوە مەیی بوون، وەڕینی بێ وچانیان ئاسمانی سەر حەسارەکەی بەسەرماندا دەڕوخاند، کەروێشک و پشیلەکانیش هەڵقەیان بەست، دوای قەیرێ تەویلە و کولانە و کۆلیتەکان بەتاڵ مان... بەتێکەڵبوونی ئەو هەموو حەیوانە، حەسارەکەمان، پتر لە دارستان دەچوو... نەیاندەهێشت لاشەی باوکە بشۆین، بیست جاران ویستمان پێڵووی چاوەکانی دابخەین، لەو نیگا پڕ غەزەب و شەڕانگێزەی خۆ بپارێزین... نەمانتوانی... زەق زەق سەیری دەکردین، هێشتا پەست و داخدار، لە قەهری کوڕ و کچ و ژنەکانی سیمای زۆر مۆن و گرژی هەڕەشەی تۆڵەیەکی ئەبەدی لێ دەکردین، مووی لەشی چوون دڕکی ژیژک سەر پەنجەکانمانی بریندار دەکرد، پێ دەچوو لە حەژمەتان لێوی خۆی بکرۆژێ، لێوی ژێرەوەی خوێنی لێ دەتکا، کڕەی ددانەکانی هەراسانی کردین، لە کەلێنی ددانە سەدەفەکانییەوە خوێن فیچقەی دەکرد، لە پووکی قورمزییەوە خوێن نەدەوەستا، چاوانیشی نەدەنووقاند، هەر کەس، لە دەوری تەرمەکە، وای دەزانی باوکە لەو ڕادەمێنێ، حەبێ-ی دایکمان لە بری لیفکە

بەتووترک دەیشۆری، ئایشێ، دایکی شەش کچی سەرو عوزر شۆر ئاوی کولاوی پێدا دەکرد... ئەوەندە کولاو کە هەلپڕوکێ، بەجووتە سوێندیان خوارد کە ئەو حەلەی حەسار سەرمەستی سەماو بەزم و ڕەزم بوو، باوکە لە ناکاو غەفلەتی لێ هێناون و یەکی سێ شەبازللەی بەناو دەمدا کێشاون، سێ شەپازللە... دەگریان و دەکروزانەوە:

«سێ شەپازللە یانێ سێ بەردەی تەلاق...!»

تێکڕا نووشتانەوە، هەر هەموو بەدەوری ئەو لاشە نەمردوو...نەزیندووە گردبووینەوە، بەری تریفەی مانگیشمان لێ گرت، بەزەحمەت توانیمان بەر زەفتی کەین و نەهێڵین دەست بوەشێنێ... شەو کوشتم و شەو شۆردیان و شەو ناشتمان... بەرلەوەی لە کفنی بدوورین... دوو سێیەک لە خوشکەکانم بە پۆدرەیەکی قاوەیی کەوتنە سواغدانی کوڵمەکانی... ڕەشکردنی بەری چاوی و پێڵووەکانی... ڕازاندنەوەی پەنجەکانی بەئەنگوستیلە... قژ داهێنانی... پاشان شووشەیەک گولاویان بەکفنەکەیدا پژاند... سەرەتا نەمویست یان زاتی ئەوەم نەبوو بیکوژم... بەهەموویانم وت:

«تەنها ئەوەیە ئەسپ و هێستر و سەگ و گورگ و پشیلە و مەیموون و سمۆرە و فڕندەکانی بەڕەڵا دەکەم... دەرگای تەویلەو قەفەز و کولانە و کۆلیتەکان دەشکێنم و... ئەوان و ئێمەش ئازاد دەبین... سەرفرازی ئەبەدی... ئەمجارەیان کە سەفەری کرد، هەل نابوێرین و حەساری بۆ چۆڵ دەکەین...»

وامان تەگبیر کرد... هەر هەموو وتیان:

«دەم خۆش نۆبەرەی ژێری حەسار... دەم خۆش فێڵ لەوە پوختر نابێ...»

ساڵێک پتر هەوڵ و تەقەللامدا، شەوەهای شەو خەوم لە خۆ دەزڕاند، لە پەناو پەسیوی حەسارەکە خۆم دادەنووساند، تا شەوێکیان تۆپەڵی هەموو کلیلەکانم، کلیلی دەروازەکانی حەسار و تەویلە و گەنجینە وناندین و گشت ژوورەکانم لە باوکم دزی، زێڕین-ی زڕ دایکم کۆمەکی کردم، ئەو دایکەی بەفەرمانی شاهانەی باوکم هەرگیز دەرپێی لەپێ نەدەکرد، چونکێ پێی وتبوو:

«زێڕین... من بۆ تۆ نازانم لە کوێ و کەی هەوەس دەمگرێ... چی بکەم؟ خۆم بۆ ناگیرێ... لە نێو تەویلە، کادین، گەنجینە، لەسەر حەوزەکە... لە هەر کوێ بینیت مووی لەشم گرژ بوون تۆ با هەردوو لاقت هەر بەحەواوە بێ... زێڕین... خۆی شەرعیشە کە مێرد لە ماڵ بوو، چ شەوبێ و چ ڕۆژ، خێرە کە ژن هەمیشە تەییار و ئامادەبێ...»

دەرگای هەر هەموو ژوور و تەویلەکانم کردەوە، ئەسپ و هێسترەکانم لە مێخ زنجیرەکان



کردەوە، لە ڕەشمە و لغاو و جۆرکی کاووجۆ ئازادم کردن، زینەکانم کۆکردەوە، ویستم هەر هەموویان بسووتێنم... نەمویرا، کێ دەڵێ ئەو ئەسپ و ماین و هێسترانە حەسار جێ دێڵن، سەگ و تاژی و مەڕ و بزن و مانگاکانیشم بەنێو حەوشەی حەسارەکەدا تاو دەدا، هەر خوشک و برایەکم دووسێ کەروێشک و پشیلە و سمۆرەیان لە باوەش کرد، مەیموونەکان خۆیان بەلقی درەختەکانەوە شۆڕ کردبۆوە و جۆلانەیان دەکرد، دەیانزیقاند... لەو سەرەوە... لە خۆشیانا میزیان بەسەروچاوی خوشکەکانم دادەکرد، خۆ ئەوانیش حورمەتیان لێ هەڵگیرابوو، بێ باکانە وەک بڵێی دەمیان بۆ پرووشەی باران یان شەونمی سەر گەڵاکان کردبێتەوە... بەو پەلامیزەیە دەتریقانەوە.

سەگەکانم بردە چەند کولانەیەک و دەرگام لەسەر داخستن، بەو ئومێدەی کە خڕیان دەرمان خوارد بکەم، دەترسام بوەڕن و بلوورێنن، باوکم لە دووری هەزار فرسەخەوە، سەرقافڵەچی کاروان و لە سەفەری دووری شاران بگەڕێتەوە... دەروازە گەورەکەی حەسارم کردەوە، هەر هەموو خەڵقەندە و فڕندە و حەیوانەکانم تاودا تا لە دەروازەکەوە بڕۆن و بکەونە ئەودیو شوورەکانی حەسار، قامچی بەدەستەوە کەوتمە دوای هەر هەموو ئاژەڵ و پەلەوەرەکان، لە ئەسپەوە تا سمۆرەکان، لە هەڵۆکانەوە تا بولبولەکان... وەلێ ئەفسووس، وای لە خۆم ڕەنج بەخەسارێ، لێرەوە ڕاوم دەنان و لەو سەرەوە دەهاتنەوە، تێک قژ قژاین... بوو بەئاخۆران و بخۆران، حیلەی ئەسپ و پڕمەی هێستر و ماین و مڕەی پشیلە و حەپینی سەگ و قرووسکەی تانجی و زریکەی مەیموون و فڕەفڕی باڵی سەدەها فڕندە فریشتەکانی ئاسمانیشیان هێنایە سەیرانمان، دەرگای هەموو قەفەزەکانم کردەوە و هەموو بولبولەکانم بەڕەڵلاکردن، کەچی دەرحاڵ... پاش تۆزێک فڕین و باڵ لێکدان بەنێو ژوورەکاندا هەر هەموو چوونەوە نێو قەفەزەکانیان، قەفەزەکانم دایە بەر لەقەو پڕ بەحەسارەکە هاوارم کرد:

«باوکە ئێوەشی حیزکرد... خودا هاوار... بۆ نافڕن...؟»

خولقی نامەردانەی بولبولەکان شێت و هار و دەمار گیریان کردم، بۆ قەیرێ ئاگام لەو قیامەتەی نێو حەوشی حەسار بڕا، قەفەزەکانم بەنێو حەوشەکەدا پەرت و بڵاوکردەوە، دەرگای چکۆلەی قەفەزەکانم شکاند و دەستی ڕاستەم دەنێو قەفەزەکان دەگێڕا تا لە باڵەفڕەیان بخەم و بیانگرم و بەزۆر ئازادیان بکەم، شێتانە خۆیان بەدیواری قەفەزەکاندا دەداو... دەیانچریکاند و نەدەهاتنە دەرێ، ئەو نەغمەی جووکە و چریکەیە لە جنێوی پیس دەچوو کە لە باوکەوە فێری بووبن، هەر بەزۆر هەندێ لە بولبولەکانم لە قەفەزەکان

دەرهانی، بەسەدەها دەنووک سەر پەنجەکانم زاماربوون، لە ژێر نینۆکەکانمەوە خوێنێکی ڕەش دادەچۆڕا، دەرمەهێنان و بەرەڵڵام کردن... هەمدیس بولبولە حیزو دیلەکان سووکێ بەباڵەفڕە چوونەوە نێو قەفەزەکانیان، سەرکزانە و بەپێڵووی داکەوتە و ماندووانەیان کە دادەکشان زەلیلانە دەیانجریواند... جریوەیەکی نزم و ترسنۆکانە... ئاشکرا پێیان دەوتم:

«ئەرێ کابرا بۆ وازناهێنی؟»

ئەو شەوە، دەمارگیرانە، لە قەهری بولبولە بێ غیرەتەکان چەندین قەفەزم لە ژێر پێلەقەدا ورد و خاش کرد، ئاخر گەر نەفرەتی باوکە و زەلیلی نەبێ بولبول هەیە حەز نەکا بگەڕێتەوە دارستان؟ بولبولە بێ قەفەزەکان بێ جووکە و چریکە چریک، بەشەرمەوە... بەڵام بێ شەرەفانە... لە دەلاقەکانەوە... لە کلاوڕۆژنەوە... لە پەنجەرەکانەوە چوونەوە نێو ئەو ژوورەی جاروبار، باوکم، بەتەنیا لێی دەخەوت... چەند بولبولێکی دیکە لەسەر شەقڵە دەرپەڕیوەکانی گوێسوانەی هەیوانی دیوەخان نیشتنەوە، چەند جارێک لەوێوە ڕووە و پەنجەرەی دیوەخانەکە یەک شەق فڕین و کوێرانە خۆیان پێ دادەدا و... دەگەڕانەوە، نائومێدانە وازم لێ هێنان، چی بولبول هەبوون بەنەفرەتم کردن...

دواجار بەهەمووومان پشیلە و کەروێشک و توولە و سمۆرەکانمان هەر بەزۆر ئاخنییە نێو دەیەها توورەگە و تەلیس و جۆڕک و گوێنی، هەر خوشکە و هەر برایەک و تورەگە و تەلیس و جۆڕکێکی بەشانیدا دەدا، جێ گاز و قەپ و جڕنووقیان لەسەر دەستەکانمان خوێنی لێ دەتکا. تریفەی مانگ توولە ڕێیەکانی بەرپێمانی ڕۆشن دەکردەوە، هەر دەتوت تیرەمارن و لە خشەی پێمان دەترسن و دەکشێن... ڕۆیشتین... من پێشەنگ و ئەوان کاروان، غەرقی ژێر تریفە و تۆز ملمان نا... ئەڵڵاهـ... بەیەکدیمان دەوت... لە دەرەوەی حەسار هەوا چەند خۆش و فێنکە، ئاسمان و ئەستێرەکانی چ دڵڕفێنە... سەیری بۆنی خاک و گیا چ کەللەکاسمان دەکات، دوور ڕۆیشتین، لە دەشتێکی چۆڵ و کاکی بەکاکی وەکو کاڵەک و شووتی کەروێشکەکان و پشیلەکان و سمۆرە و توولەکانمان هەڵڕشت، تاوێک بەنێو یەکدیدا تێک قژقژان و گێر و گێژ بەریەکدی دەکەوتن، لە نێو تاریکی تەلیس و توورەگەکانەوە بۆ بەر ڕۆناهی مانگ بەشەوارە کەوتن... بەپەلە، بەر لەوەی چاوانیان ڕووناک ببنەوە قووچاندمان... هەر بەغار ئەو دەشتەمان بڕی تا بەر دەروازەی حەسار، لە پەنای دیوارە بڵندەکانی بۆ پشوو هەر هەموو ڕوونیشتین... بەدەم هەناسەی هیلاکییەوە لێم پرسین:

«ئەرێ ئەگەر باوکە هاتەوە چ درۆیەکی بۆ بکەین؟»



خوشک و برا زەلیلەکانم کردیان بەغەڵبە غەڵب و هەریەکەو بۆخۆی قسەیەکی دەکرد:

«پێی دەڵێین ئاژەڵەکانت حەزیان لە دەرەوەی حەسار بوو... بۆ لەوەڕ و خۆشی و شۆڕین تا ئەوبەری چەمەکە بردمانن... کەچی هەر هەموو هەڵەتەبوون و نەهاتنەوە.»

«نە ء... پێی دەڵێین دەردیان تیا بڵاوبۆوە و فڕێمان دانە ڕووبارەکە تا خۆشمان بەو دەردەوە نەچین»

«درۆیەکی مناڵانەیە»

«من هەر لە هەوەڵجارەوە لەگەڵتان نەبووم... ئێوە کارێکی زۆر مناڵانەتان کرد کە حەیوانەکانتان بەرەڵڵا کرد»

«منیش... منیش دڵم بەوە خۆشە کە زۆربەیان بەزەبری تێلاو قامچیش حەسار جێ ناهێڵن»

«خوشکینە بەدوای درۆیەکی دیکەدا بگەڕێن»

«کەس ئەم حەماقەتەی پێ داناپۆشرێت»

«با بچین بیانهێنینەوە»

«ئا... ئەوەیان ئاسانترە»

پێم وتن: «ئەی بۆ غیرەت ناتانگرێ و هەر ئەمشەو ئێمەش حەسار جێ بێڵین و سەرهەڵگرین... با ئەم شەو دوا شەوی بەندەواری و بەکۆیلەبوونی نێو حەساربێ و یەکەم شەوی سەرفرازی»

هەر هەموو وتیان: «بۆ کوێ بچین؟»

«بێشک گەر بڕۆین دەگەینە شوێنێک، تۆ بڵێی لە دەرەوەی ئەم حەسارە دونیا کاول و ئاخر بووبێ؟»

یەکێ لە براکانم دلێرانە هەستایەوە سەرپێ و وتی:

«گوێ بگرن وا چاکە بچین ئەو کەروێشک و پشیلە و سمۆرە نامەردانە بێنینەوە»

«ئا... دوو ڕێمان لە پێشە یان هەڵاتن یان هێنانەوەی هەموو خەڵقەندە و فڕندەکانی ناو حەسار»

«کوڕینە... با ئەوەندە بێ غیرەت نەبین... پێی دەڵێین: بێزار بووین ئەوەندەی خزمەتی ئەسپ و هێستر و سەگە بۆگەنەکانت بکەین»

«کێ پێی دەڵێ؟»

کەس نقەی نەکرد.

«باشە... بەیانی... یان سبەی شەو هەر هەموو حەسار ڕازی دەکەین و هەتا باوکە نەهاتۆتەوە دەستی یەک دەگرین و بێ ئاوڕدانەوە ملی ڕێ دەگرین...»

لەو مشت و مڕەدا بووین کە لە دوورەوە دیمان... چاوانی داگیرساوی سەدەها پشیلە تێمان دەڕوانن، تا نزیک دەبوونەوە پتر تارمایی کەروێشکەکانم لە پشیلەکان جوێ دەکردەوە... دەهاتن و مەوجیان دەدا... توولەکان دەیانقروسکاند... دەستمان بەخۆماندا شۆڕکردەوە، هەستاینە سەر پێیان، نائومیدانە... چووینەوە نێو حەسار... هاتنەوەی حەیوانە دیل و ملکەچەکان ڕێک هات تا براو خوشکانم بیکەن بەبیانوو... بیانووی وازهێنان لە خەونی هەڵاتن و حەسار تێکدان... بینیمن هەریەکەو پشیلەیەک، سمۆرەیەک، کەروێشکێک، توولەیەکی لە باوەش کرد و ئاسوودە و سەرکزانە چوونەوە نێو حەسار... سەگەکانیش لە وەڕین نەدەکەوتن، وەک بڵێی بۆنی کارەساتێکیان کردبێ، لەترسانا دەرگای هەر هەموو کولانەکانم کردەوە، بەنێو حەوشەکەدا کەوتمە جریب بازی، بەیاوەری هەمووان توانیمان سەگەکان ڕادەین. ها لێرە بۆ ئەوێ سەرمان لە دوونان، لە حەوشەوە بۆ ئەودیو شوورەی دەرگاکانی حەسار، هەموو دەرگاکانمان داخست... کردمانەوە...بێ هودەبوو... تا بەیانی لەگەڵ سەگ و پشیلەکانی... سمۆرە و بولبول و مەیموونەکانی... کەر و کۆترەکانی خەریک بووین، زامار و ماندوو هەرەسمان هانی، تاکە یەک مەل لە شەققەی باڵی نەدا بفڕێ، تاکە سمۆرەیەک غیرەتی نەبوو بچێتەوە سەر دارگوێزەکان، ئازاترین خەڵقەندە... کێویترین حەیوان دەنێو دەرگاکە سەرەتاتکێی دەکرد و پاشا و پاش دەگەڕایەوە، لەبەر دەروازەی حەسارەکە کەوتن وەک ئەوەی لەبەر قاپی غەوسێکدا بکەون و نەڕۆنەوە... ئەوەندەی نەبرد ئەو لەعنەتییانە خزانەوە نێو کولانە و هێلانە و تەویلە و قەفەز... سەر درەخت و ئاخوڕ و ژێر هەیوانەکان، وەی بەنەفرەت بن ئاژەڵە هیچەکان پەروباڵتان هەڵوەرێ هۆمەلە ملکەچەکان، هیچ و ملکەچ نەبوونایە دەنێو دارستان و جەنگەڵ و بێشەکاندا دەمانەوە... ئێوە بوون... گەر ئێوە دیلە قەفەز و زنجیر نەبوونایە من سەربەست و ڕەها دەبووم... ئێوە و «رابی» فێڵتان لە من کرد...

ئەو شەوە تا تخووبی گۆڕستانەکە قەیرە خوشکەکانم تاوێ دەستیان لە ملم دەکرد و ماچ بارانیان دەکردم، تاوێکی دیکە تف و نەفرەت، نینۆکی خوێناویان لە مەچەکم گیر دەکرد،



هەموویان قەفی ئەستووری کەزی و بسکەکانیان کردەوە، نەمدەتوانی تاریکی شەو و شەپۆلی ئەو قژانەی هەمیشە لە ژێر ڕەفتەو سەرپۆش و چارۆگەدابوون جوێ بکەمەوە، یەخەو کراسی بەریان دادڕی، سینە و مەمکی ئەو مەحرەمانە چاوی شەرمیان پێ داخستم، سەدای هاوارو ناڵەی دایک و خوشکانم لە سەگوەڕەکە جیا نەکردەوە، چەهچەهەیان لە چریکەی بولبولەکان، کۆمەڵێ خۆیان بەگوڵ داپۆشی و کۆمەڵێ بەدڕک و تووترک، بەپرچی کراوەوە سەمایان دەکرد، سەردولکە و گریان... کوڕان بەقامچی لێکیان دەدا، بەگوێزان و چەقۆ و خەنجەر شان و شەپیلک و لاڕان و باسکی خۆیان زامدار دەکرد، بەم دوو چاوانە دیم دووان لە براکانم لە حەژمەت و هەیبەتی ئەو مەرگە پەنجەی شایەتمانەیان خستە سەر بەردێک و بە بەردێک دەیانکوتا... دووانی دیکە لە تازە باڵق بووەکان گەر چەقۆم لە دەستیان وەرنەگرتایە لە بن و بۆتەکەوە کێری خۆیان لێ دەکردەوە، خوشکانم غەمگینانە لێم ڕادەمان و نازانم سواڵی چییان لێ دەکردم، کاروانی بێ سەرەتا و کۆتایی باوک کوژە تاوێ سست و تاوی بەپەلە ملی دەنا... ئەختەر-ی خوشکم زریکاندی، زریکەیەک کە هەموو مەل و ئاژەڵە خۆشەویستەکانی باوکمیان تۆقاند... چریکاندی، ئیدی خۆشی لە خۆی چیتر پێی باوکە دەنێو تەشتەکە ناشواو، چیدی دارجگەرە بۆگەنەکەی پاک ناکاتەوە، ئافتاویش بەمەکرەوە، مەکرێکی پڕ لە کینە... سوێندی خوارد کە دیوبەتی باوکە سێ جاران دەنێو دارەبازەکە هەستاوەتەوە... دایانگرت، بەڕەفتەو چارۆگەی خوشکەکانم توند بەستیانەوە، هەریەکەو ئانیشکی لە قەبرغەی ئەوی دیکە گیردەکرد و گەرەکی بوو بەدەسماڵی خۆی بیبەستێتەوە، بەرزەفتیان کرد... ئەوانی دیکەش، یەکە یەکە... بەترس و شەرمەوە ڕەفتەو چارۆگەکانیان هەڵدا، ڕووە و ئاسمان بایەک دەیبردن، سەدەها ڕەفتە و چارۆگە و سەرپۆش بۆ تاوێک، بەڵام درێژ، تریفەی لەرزیوی مانگیان لێ گرتین، هەر لەبەر تریفەی زیویندا سەمایان بەو بسک و کەزییانە دەکرد و ئەو قژانەی هیچ نێرینەیەک تاڵێکی لێ نەدیبوون، هێلانەی ڕشک و ئەسپێ بوون، هەندێکیان کەزییان لەبەر پێیان دەخشاند، شەوم پڕبوو لەو خوشکە هیلاکانەی پێی پەتیان لەو خۆڵە پۆکەی سەر ڕێگاکان وەردەدا، تریفەی پاک پێستی سەر و لەشیانی بەخورشت دێنا... بەنینۆک، چ بە ڕق و حەژمەتێکەوە دەیانکڕاند... پۆل پۆل خۆیان دەخستە نێو چەم و کانیاو و ڕووبارەکانی لا ڕێگا، هەموو جارێک باوکە دەیفەرموو:

«کچێک لە ماڵە باوان قژ بشوات... یانێ چی؟ دەبێ تەماو نیازی خراپی هەبێ!»

ئەو بسک و کەزییانە، قەف بەقەف، لوول بەلوول کرانەوە... وەک شەپۆلە

نووستووەکانی بنی دەریایەک ئەمێستا ئازادن و دەخوازن لە حەژمەتانا سەر بەتاشە بەردەکاندا بکێشن، دواجار هاوارێک کاسی کردین هاواری باوک:

«ئەی مانگ و ئەستێرەکان هەر هەمووتان بەشایەت بن»

دایکانی دیلم، خوشکان، برا ترسنۆکەکانم کە گڕی شەهوەتێک لە بری خوێن بەدەمارەکانی لەشیاندا دەگەڕاو هەڵایسابوو چوون ماری بەپێچ و لوول لە دواوە هەر بەجرنووق کراسیان لەبەردا دادڕیم، ماک بەماک پشتیان زامار کردم، ڕێ ڕێ خوێن دادەچۆڕام و دەیانلستمەوە، پێ خواس خوشکانم بەرو دوا، ڕاست و چەپ بەدەوری تەرمەکەدا غاریان دەدا، قژی پەخشیان بەسەر شان و ملدا وا دڵگیربوو تاوان و ترسی ئەو شەوەی لە بیربردمەوە، ڕووخساری زەرد و ڕەنگ پەڕیویان، شەلاڵی ئارەقە، لە ژێر تریفەدا تاوێ ئاڵ و تاوێ شین باو دەینواند، باسکیان لە درەختەکانەوە وەردێنا و بەلێو گەڵاکانیان دەگرت و بەددان دەیانقرتاندن، سەری کاسیان دەخستە نێو ئاوی کانیاوەکان، بەدەم قدیلانەی یەکدییەوە دەتریقانەوە، گوڵە کێویلەی ئەو دەشتەیان لە قژ دەدا و تاجە گوڵینەی تێکەڵ بەدڕکیان لەسەر دەنا، وەک شاژنە شەرمنەکانیش هەنگاویان دەنا... حەبێ-ی دایکم دەجاران دەستی لە ملم کرد و گریا... دەیوت:

«تۆ... تەواو... ڕۆڵە... تۆ تەواو»

شێتانە لە تەکما ڕایدەکرد، سەرم خستە نێو جۆگەلەی هەردوو مەمکی چرچەوە بووی...

«چیتە دایکە... بۆ وا دەکەی؟»

بەدەم نرکەوناڵەوە دەیوت: «نەدەبوو وابێ ڕۆڵە» دواجار نائومێدانە و بەحەسرەتێکەوە، خوێن زایە هەردوو چاوانی و پێی وتم: «ئەی گوێت لێ نەبوو پڕ بەو دەشتە هاواری کرد: تەواو بەنەفرەت بیت... تۆ ژنیش بێنیت وەجاغ کوێریت»

سێ جاران دەنێو دارەبازەکەدا خۆی ڕاتەکاند، دەیخواست خۆی لە کەمەندی ڕەفتەو چارۆگەکان ئازاد بکات، بەو خۆ ڕاتەکاندنە ڕەتمان برد...

«چۆن نەتبیست...؟ ئەو هاوارەی چەندەها ئەستێرەی لە ئاسمانان کوژاندەوە»

ئەو هاوارەی سەگەکانی خستە سەر پاشووان و بەمانگ وەڕین...

«هۆ سەگە بەوەفاکانم نەهێڵن ئەو باوک کوژە بحەسێتەوە»

کە ئاوڕم دایەوە... لە کاروان... لە کۆڕەوی گشت مەخلووقاتی حەسار، لە تەرمی پڕشکۆ و سامی باوک بەسەر شانی کوڕەکانییەوە... دیم: دوو باریکە داوی خوێن لە من و لە



لاشەی باوکم دەتکان و لێرە و لەوێ... لەبەر تریفەی لەرزیودا تێکەڵ دەبوون... بەیەک قەف... هێڵێکی ئەستوورتری خوێن و پاشان جوێ دەبووینەوە، خوێنی باوکە ڕەشتر بەسەر خوێنە ئاڵەکەی مندا زاڵ، دوای مەرگیش ڕەنگی خوێنەکەی خۆمم لێ دەدزێ... لە دوا ئاوڕدانەوەدا چیم بینی؟ وەی لە عاجباتی... هەر هەموو ئەسپ و هێستر و کەروێشک و سەگ و سمۆرە و کۆتر و کەو و بولبول و مەیموون و ڕێوی و تووتییەکانی بەدوای کاروانی ئەو شەوەدا شەپۆلیان دەدا، بەدەم ڕێ وە گاز و قەپ و دەنووکیان لێکدی گیر دەکرد و... دەدا، بێ شەرمانە سواری سەری یەکدی دەبوون، بەسەر یەکدیدا دەتسین، ئەوانیش لە حەسارە کاول بووەکە نەمان و کەوتنە دوای تەرمی پیرۆزی باوکە، تەویلە و کولانە و کۆلیت و قەفەزەکانیان جێ هێشت... تاوێ کپ و تاوێ بەدەم هەرا و زەنا و قریشکە و جووکە و چریکە و حیلە و مڕە و زریکەوە دەهاتن، مەلەکان چەتری سەر تەرمەکە بوون، ئاژەڵە نەگریسەکانیش لمووزیان لەو خاکە دەخشاند و بۆنی خوێنی خاوەنەکەی خۆیان دەناسییەوە، دوو باریکە داوی خوێن، لێرە لارو لەوێ ڕاست، دوو ڕیز لە کاروانی گیانلەبەرەکانی... ئیدی من زانیم، تەواو تیاچووم، سەگەکانی باوکم لمووزیان لەو خوێنە هەڵنەدەبڕی کە لە من دەڕژا بەنەفرەتم کردن، چۆنی فێرکردوون؟ ئەسپە عەرەبییەکەی بەقەهرێکەوە دەیحیلاند، بەحیلەی ڕا دیاربوو ڕازێکی دەدرکاند. چی بوو؟ نازانم... سەگەکانیش پاش بۆنکردن بەخوێنەکەمەوە ڕووە و مانگی هەڵەتە دەیانلووراند... دەحەپین... باوکە هەمیشە وای دەوت:

«ئەوانە کۆمەڵێ سەگ و تانجی و توولەنین... بەڵکو ڕۆحی منن... ڕەنگە ئێوە سپڵەبن... وەلێ سەگەکانم... هەرگیز»

دەیوت و دەیوتەوە:

«ئەوەی خزمەتی سەگەکانم بکا من لێی ڕازیم»

دەیوت: «ڕۆژانێک کە خۆم شوانی بەرخەل بووم باو و باپیرانی ئەو سەگانە لە بری من شەو و ڕۆژ مەڕ و بزنەکانیان لە گورگ و چەقەڵ و کەمتیار پاس دەکرد، منێک کە هەنووکە خاوەنی حەسار و ژن و کوڕ و کچی خۆمم چۆن چۆنی دەست بەرداریان بم؟ ئا ئەو سەگە بەوەفایانە نەبوونایە دەبوو تا ماوم لە دونیا راوچی یان کۆچەری بم. لە پاڵ ڕەوەندی نێو ئەم شاخ و کێوانەدا هەمیشە بارگە لە شان بم... ئەو سەگە زیت و گوێ سووکانە نەبوونایە ئەم حەسارە ئاواهی ئاوەدان نەدەبۆوە... بێ غیرەتینە گەرەکتانە لەگەڵ سەگەکانم سپڵە دەرچم؟»

دەیوت و... نەیدەبڕییەوە... نیوە شەوێک کوشتم... بێ ئەوەی کەس بزانێ ناشتمان... لە تەک مەزاری ئەو پیاو چاکەی کە دوور لە گۆڕستانی شوان و گاوان و پاڵە و سەپانەکانەوە دە سەدە بوو لەوێ ڕاکشا بوو... پاش ساڵانێکی زۆری شەڕوشۆڕ. کوشت و کوشتار... غەزەواتە نەبڕاوەکان ئەو پێ دەشتەی گۆڕی بەگۆڕستان... دەنێو ئەو گۆڕستانەدا پەرش و بڵاوبووینەوە، دەیەها گۆڕمان هەڵکەند کە دەچوونەوە سەر گۆڕی دیکە، بە چ ڕقێکەوە، خامۆشانە بێڵمان دەوەشاند... چەندین گۆڕ کەوتبوونە نێو یەکدی، ژن، پیاوەکان ڕادەچەنین و سەریان کێل دەکردەوە... هاواریان دەکرد:

«چییە... حەشرە؟»

هێشتا سەرگەرمی هەڵکەندنی گۆڕێکی بەپەلە بووین بۆ باوکە کە دەبوو ئەو هەموو گۆڕانە داپۆشینەوە کە ببوون بەگۆمی خوێن، مردووەکانیش وەک چەندین دەڵەمە لەو خوێنەدا مەلەیان دەکرد. سەیرە... دوای ئەو هەموو ساڵە زۆرانە برینیان تەڕو خوێنیان لێ دەچۆڕا... هەر هەموو گۆڕەکان بەباریکە جۆگەلەی خوێنێک تێکەڵ بەیەکدی دەبوونەوە، هەر یەکەو بەدەم ئەو وشە و ڕستەیەوە وڕێنەی دەکرد کە لە سەر وەختی شمشێر بەمل داهێناندا خنکا بوو... لە قوڕگیانا دوو لەت کرابوون... دواجار گۆڕێکمان هەڵکەند... قووڵ و درێژ... دوو بەقەد باڵای خۆم، بەر لەوەی شۆڕی کەمەوە نێو گۆڕەکە شەش لە خوشکانم ڕەدوو کەوتن... هەر ئەو شەوە... دوای بۆنی ئەو پیاوانە کەوتن کە شەوەهای شەو بەدزییەوە دەنێو خەونە حەرامەکاندا دەست لەملانێی یەکدی دەبوون... هاوارم کرد: بگەڕێنەوە... دەستم وا لە خوێنی باوکم... بگەڕێنەوە هۆ خوشکە چاکەکانم، قاقا پێکەنین، تفیان لێ کردم... ڕەویان کرد... زوو پێشبینیم کرد... هەر زوو، ئەو ڕۆژەی کە لەودیو پەنجەرەی ژوورەکانیانەوە نامەردانە گوێم هەڵدەخست:

«بەلقیس... گەر پیاوێکت دەست کەوێ چی لێ دەکەی؟»

«هەموو شەوێک دەیخەمە نێو تەشتێک لە ئاوی شلەتێن و خۆم دەیشۆم»

«ئەی تۆ زەینەب»

«سێ ژەمە سمێڵی دەکرۆژم»

«ئەی تۆ شیرین؟»

«منیش... ناهێڵم دەست لە هیچەوە بدا... وەک ئاوێنە دایدەنێم و بەرامبەری دادەنیشم»

سێ لە زڕ دایکانم، شێتانە دایانە ئەو دەشت و کێوە... سوخمە و کراس و کەوایان لەبەر



خۆیان دادڕی و... بەڕووتی خۆیان دایە بەر تاڤگەی قەدپاڵەکان... ڕایانکردەوە کن کۆنە مێردەکانیان، ئەو مێردانەی لە ترسی سووکە هەڕەشەیەکی باوکم دەستیان لە ژنەکانیان هەڵگرتبوو، زێوانی گۆڕستانەکەش دەشەلی و بەگۆچانەکەی دەستی پارسەنگی خۆی ڕادەگرت، بەپێچ و لوول گێژی دەخوارد و بەنێو کێل و گۆڕەکاندا بەشەلە شەل هات و شانی لە شانم گیرکرد، بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە جێی پێ لەق دەکردم... وەک ئەوەی لە شایی بێن نەک شین، وەک دەعبایەکی سێ لاق لێم هاتە پێش و وەک ژنێکی مەکرباز لێی پرسیم:

«باوکتانە... ها؟»

غەمگین و لاڵ لەو باڵا خوار و خێچەی ڕامام، نەیدەزانی بوەستێ، پەنجەی شایەتمانەی ڕادەکێشا و لە ژێر لێوەوە گۆڕەکانی دەژمارد و بەسەری دەکردنەوە، لێی تێک دەچوو... تێ هەڵدەچۆوە... ترسام... لە چاوەکانی... پڕشنگێکی سوور کە دەیسووتاندم... لە گۆچانەکەی دەستی، لە پرسیارەکانی، لە گومانی... لەو نیگا برسی و شەهوەت ڕژێنەی کە تیر ئاسا دەیگرتنە سینە و مەمکی کراس و سوخمە دڕی خوشکەکانم، لێوانی خۆی دەکرۆشت و پشیلە ئاسا سمێڵی دەلستەوە، لە ترسان زولەیخا و سارا-م دەقەبێڵی کرد، ئەسپە عەرەبییەکەی باوکم کە ڕەخت و ڕەشمەی لە عەجەم بۆ دەهێنا، قەوچ و قەراسەی زیوینی لە قەپۆز دەبەست، ئەو ئەسپەی باوکم ماین و جوانووی بەکەڵ هاتووی بۆ دەهانی و لە تەویلەکەدا تێی بەردەدان و دەیکرد بەسەیرانی خۆی، کە ئەسپەکەی دەپەڕی باوکە شاگەشکە دەبوو... دەیقریواند... براو خوشکانیشم لە پشت پەردە و پەنجەرە و کونی دەرگا و دەلاقەکانەوە بەشەڕ دەهاتن، قژی یەکدیان ڕادەکێشا نوقرچیان لە سمت و لاڕانی یەکدی دەگرت، ئەمیان سیخورمەی لەوی دیکە دەدا، گازیان لە قۆڵ و شەپیلکی یەکدی دەگرت، خوێن دادەچۆڕان و بەخۆیان نەدەزانی، هەریەکە و عەزرەتی بوو جێ بەوی دیکە لەق بکا و خۆی گوێ لە حیلەی ئەسپ و نرکەی ماینی لێک ئاڵا و بگرێ.

وەی لەو دیمەنەی گڕ لە هەناو بەردەدا، ئەو خوشکانەشم کە پەرکەم داربوون هەر کە گوێیان لەو حیلەیە دەبوو... دەیانزانی حیلەی پڕ لە تاسەو شەهوەتی ئەسپی باوکەیە... دەرحاڵ دەبوورانەوە.

پێم وت:

«کاکی زێوان هەتا زووە بیخەسێنە... ئەم مەزارە پیرۆزە و با تکەی شەهوەتی نەڕژێتە سەر کێل و گۆڕەکان... تکات لێ دەکەم بیخەسێنە»

بێ دوو دڵی و زاڵمانە لەبەر چاوی هەر هەموومان دەستی ڕاستی کە دەلەرزی سووکێ، مارێکی پێنج زمان ئاسا لە نێو گەڵی ئەسپەکە دەمی کردەوە، بەدوو بریسکەی سوور چاوانی درەوشانەوە، لیکێکی چەور بەلالێوییەوە دەزوولەی دەکرد و... دەکشا و نەدەگەیشتە سەر زەوی... بەیەک شێوە و ئاراستە چاوانی زێوان و ئەسپەکە تێک دەسووڕان، پتر سەنگی خستە سەر لاقە ساغەکە و خۆی خێواندە بن سکی... غەفڵەقی لێ هێناو هەردوو هێلکەی گوونی ئەسپەکەی بەشادەمارەکانەوە قرتاند، خوێنێکی گەرم بەسەر گۆڕەکاندا فوارەی کرد و تەشک و تیرێژی لە خوێندا سوورکرد، ئەسپی تاین لە حەژمەتانا حیلاندی و هەستایەوە سەر پاشووان، کەوتە سمکۆڵان و گۆڕێکی دەکوتایەوە، حیلەی ناسازی ئەسپەکە باوکەی لە مردن وەئاگا هێناو تفێکی لە مانگ و ئەستێرەکان کرد، دەنێو گۆڕەکەدا سێ جاران داچڵەکی و... تاوێک و سرەوت... خەوت... مرد... هەر ئەو شەوە بوو–زولەیخا–ی خوشکم بێ شەرمانە چاوی بڕی بووە دەستی تووکنی زێوانەکە لەو حەڵەی گەمەی بەهەردوو هێلکەکە دەکرد و سەیری ئەمی دەکرد، دواجار مانی گرت و وتی:

«کاکە من تەواو... نایەمەوە حەسارەکە... لێرە دەبم و ئاگام لە گۆڕەکەی باوکم دەبێ»

بەبزەوە لە زێوانەکە ڕاماو بەعیشوەوە پێڵووی چاوانی دادەکشان، زەردەی هەوەسێکیش نیشتە سەر لێوانی، زەردەیەک کە بەتەنها لەسەر سیمای زێوانێکی وا ئەرژەنگ نەبێ نانیشێ، پاسەوانی مردووەکان... هەی لەعنەتی... تۆش بڕۆ... ئەسپێکی خەسیوو خوشکێک... دوو... دە خوشک لەبری بێ دەنگیت... بارمەتەی لە گۆڕنانی تاوانی نیوە شەوم، لە تەک باوکمدا بەنەفرەت بیت هۆ شەهوەتبازی ڕەنگ مردوو... بێ شەرمانە هەر پێنج پەنجەی دەستی ڕاستەی بەخوێنی، خوێنێکی تێکەڵ بەشەهوەتی ئەسپەکە، سوورکرد و بەدەم پەنجە لستنەوە پێی دەوتم:

«بیخۆ... ساف شەهوەتە... بیخۆ با وەک ئەسپ بپەڕی»

ئەسپەکە هەر دەیحیلاند و ئەو ناوەی گێرە کرد، خۆڵەوەدا بوو کەللەی سێ چوار لە خوشکانم بپرژێنێت کە خۆیان لە خۆل و داروبەردی سەر گۆڕەکان وەردەدا... گەرەکیان بوو خۆ دوا بخەن و نەیەنەوە حەسار... بەو غەزرین و خۆ لە خۆڵ وەردانە تەواوێ منداڵ ببوونەوە.

ناشتمان و گەڕاینەوە... شەکەت و ماندوو... بەدەم گریە و خەنینەوە گەڕاینەوە... سەرم هەڵبڕی مانگ سیمای باوکمی دەنواند، لەودیو پەڵە هەوری سپییەوە سەرە تاتکێی



دەکرد، دوا ئاوڕم لە گۆڕەکە دایەوە... هەندێ لە خوشکەکانم لە تەک سەگ و پشیلە و سمۆرە و کۆتر و مەیمون و ڕێوییەکاندا غەزرین و نەگەڕانەوە... کاروانی باوک کوژە جووڵا و بەڕێ کەوت و ئەوان خۆیان لە پاشدا، هەندێ لەو زڕ دایکانەی بەناوی تەواونەکردنی فاتیحەوە خۆیان دەگرخاند... وەی لە ڕمانی تەویلەکان و شکانی قەفەزەکان و ڕووخانی هێلانەکان و خامۆشی حەسارەکەمان... هیچ کام لە فڕندە بێ ناوەکان و خەڵقەندە بەئەمەکەکانی گۆڕەکەیان بەجێ نەهێشت... کاروانم دەنگ دا و گەڕاینەوە... کەوتینە دوایان و لە پەتک و گوریس و زنجیر و تەوقی ملیان نەوی بووین و ڕامان کێشان... بەدەم چەپڵەو فڕکانی بەردەوە مەلەکانمان هەڵدەفڕاند... کە سەرم هەڵبڕی پەڵە هەورەکانیش شێوەی فڕندەو دەعباکانی باوکمیان دەنواند... ملیان نەدەدا و... پتر دەغەزرین.

چرێش ئاسا بەخاک و خۆڵەکەوە نووسان... بوون بەهەڵقەیەک و بەدەوری گۆڕەکەدا شوورەیەکیان دامەزراند... بازنەیەک و... دوو... سێ و... دە... هەرخۆم تەنیا مامەوە، کاروانەکە وەک تەزبێحێکی هەزار و یەک قل پچڕاو دەنکەکانی هەڵوەرین... ئاواهی خوشک و براکانم لە دەست چوون، چاو و ڕاوم لێ کردن... بێ هوودە بوو... یەکە یەکە بەدەم ڕێوە خۆیان دزییەوە، لە کاروان دادەبڕان و خۆیان لە ژێر کەپکە شاخ و ژێر درەخت و کونە ئەشکەوت و دەوەنی چڕو کەلاوەکاندا شاردەوە، لە نیوەی ڕێی گەڕانەوەدا زۆریان ڕەویان کرد، ڕەدووکەوتن، سەریان هەڵگرت، هەرزە و تازە باڵق بووەکانیش لە ترسی خوێنی باوکە سەری خۆیان بەکەرتە شاخەکاندا دەدا... تا ئەو حەلەی دەبوورانەوە، کچەکان بەشوولکی تەڕوتووترک لێکدیان دەدا...

گەڕامەوە حەسار... بەسەر ئەوەدا چوومەوە برا ترۆ کراوەکانم لە ژێر بەرگی سەیر و سەمەرەدا لەسەر میرات بەشەڕ دەهاتن، هەندێکیان بەزمانێک دەدوان کە من لە یەک وشەی نەدەگەیشتم، هەر یەکەو زمانێک... کە لێک حاڵی نەدەبوون پتر و پتر دەنگیان هەڵدەبڕی... بەدەم هات و هاواری ئەوانەوە شووشەی پەنجەرەکان هاڕرەیان دەکرد و دەرگاکان یەک تەختە دەکەوتن... ئاوی نێو بیرەکان وشکیان کرد... نەمدەناسین... کەچی لە هەمووان پیرتر هات و دەستی خستە سەرشانم... بەدەم قسەوە برۆکانی هەڵدەتەکاند، تاکە کەسێک بوو لەوان کە بەزمانی من قسەی دەکرد، هاوارێکی دلێرانەی لێکردن کە ئیدی ئەو شەڕە سەگە با بەس بێ لەسەر میرات بەشکردن، ڕیزیکردن و فەرمانی پێکردن کە هەمووان پشتم تێ کەن... پێی وتم– «هەر هەمووان برای تۆن و باوکە لالی کردن...»

بەپەلە کراس و کورتەکی پێ داکەندن و وتی:

«نیشانەشیان ئەوەتا... لەو داخ و کۆنە برینانەی سەر پشتیان وردبەرەوە...»

ئیدی نەدەکرا براوایان پێ نەکەم... دەروازەی هەمیشە داخراوی حەسار کەوتە سەر پشت و... شەو ڕۆژ والآ... دەیەها پیاوی سمێڵ بابڕە و غەریب و نا ئاشنام بینی... ترس بوو یان بۆنی ئەو پیاوانە حەساری دارماوی ئاوەدان کردەوە... من دەمزانی ئەوانەی هەڵەتەش بوون هەر دێنەوە... نەدەکرا دەریان کەم... هەر یەکەو لە پەنایەکدا. لە ژێر درەختێکدا، لەسەر دار و پەردووی بەسەر یەک دارماوی ژوورێکدا دەستی لە ملی یەکێک لە خوشکەکانم کردبوو، باسکی لە ناوقەدی زڕ دایکێکم وەرێنابوو... دەلەنگییەوە... ملچەی ماچ هەراسانی کردم... قریوەی پڕ لە ئۆخژن... ئاخی پاش عومرێک لە حەسرەت... دوو دوو، بەنۆرە، یەکدیان شۆڕ دەکردەوە نێو ناعورەکان، ئەوانەشی کە تاز ئازەبەیان دەرکردبوو بەتوێی کراسێکی تەنکەوە لە حەوزی گەورەی ناوەڕاستی حەساردا ئاویان بەیەکدا دەکرد و زەندەقی ماسییەکانیان دەبرد، ختووکەیان دەهاتێ و دەتریقانەوە وەختێ گێژدەبوون و ساتمەیان لە بەلەک و ڕانی کچەکان دەکرد...

بەدوای خۆمدا تەرمی خاڵیم ڕادەکێشا و... لەو قیامەتەی ناو حەسار و سەر ڕێگاکان ورد دەبوومەوە، کەس شەرمی لە من نەدەکرد، هەر بەئەنقەست تەرمەکەم بەنێو ئاپوورەی خەڵقەندەکانی حەساردا ڕادەکێشا و جووتە تێک ئالآوەکانم لێکدی دەکرد، ئەو تەرمەی بۆنی خوێنی تەڕ و گەرمی باوکەی لێ دەهات... چوومەوە سەر ئەو حەوزەی خوشکەکانم لە تەک دۆستەکانیان مەلەیان تێدا دەکرد... تنۆکی فرمێسک و ئاو بەسەر ڕوومەتیانەوە لە ژێر ڕۆناهی لەرزیوی ئاسماندا دەبریسکایەوە... هەردوو دەستی خوێناویم لە ئاوی حەوزەکە وەردا... وەلێ ببڕای ببڕ پەڵە خوێنەکان لێ نەبوونەوە... نەشۆران... بەهەردوو چەپۆک لە ئاوەکەم دەدا، حەوزەکەم بەگێژەنە خست و ماسییەکان دەنێو شەپۆلەکاندا ون و گێژبوون... هەردوو دەستم بۆ ئاسمان هەڵبڕی و شێتانە بەو حەوشەدا وەک میزراح دەخولامەوە... ئیدی تەواو... تیاچووم... وەی لە شایی سەرفرازی و ترسی بەلەزەت و دڵەڕاوکێی باوک کوشتن، لێرە و لەوێ بەنەرمە غار کەوتنە دوام... بەچاوانی پڕ لە قین و ئەوپەڕی خۆشەویستییەوە دیقەتیان دەدام، دەیانوت: «سوپاس بۆ تۆ هۆ برا نەبەردەکەمان، نەفرەتت لێ بێ هەی سپڵەی باوک کوشتە.»

ئەو شەوە بۆنی کوشندەی خوێنی باوک و حەوزی پڕ لە چڵک و ئارەقە و شەهوەت هەراسانیان کردم... ئای لەو کەرنەڤاڵە پڕ لە خەم و خۆشی و حەسرەتە، وەی لە شەوانی لەزەت و ساتانی عەزرەتی و خوشنوودی و قریوەی ڕەهاو شاگەشکەبوون، کە گزنگیشی



دەدا... تا دەمەو ئێوارە دادو فیغان، سینە کوتان، قژ ڕنینەوە، هاوار و نەعرەتە، وەی لە دەردی گرانی باوک کوشتن... ئیتر چۆن چۆنی بژین؟ ئاخر... ئێمە ڕاهاتبووین، بەیانی و ئێوارە، لەسەر شریخەی قامچی و وژەی گۆچان و حەیزەران، بریسکەی خەنجەر و تف و نەفرەت و جنێو و خەساندن، کێ لەمەودوا بەرگەی تەویلەی خامۆش دەکرێ، کولانەی کپی سەگە هەرە خۆشەویستەکانی باوکە، حەساری سیخناخ لە دایک و خوشکانی حەسرەت کێش، هەناسە سارد، ئەوانەی لە ترسی ڕوحی باوکە ڕەدوو نەکەوتن، ئەوانەشی کە شەوانە دەچوونە پاڵ پیاوی بازۆڵە ئەستوور و پێ پان، ئەوانەی شەرمیان لە من نەدەکرد و دەنێو حەوزەکە و سەر شۆرکەکاندا بانگی پیاوە نەناسەکانیان دەکرد تا پشتیان بشێلن، دەماری کۆڵنجیان بۆ بگرن... ئەو پیاوانەی دوای دارمانی شوورەکانی حەسار دزەیان کرد... دەبوو هەر خۆم دڵی ئەو خوشکە دڵشکاوانەم بدەمەوە، کە پاش پەشیمانی لە ڕەدوو کەوتن... یەکە یەکە وەدەرکەوتن... بێ دەنگ و چاو بەفرمێسک دەچوونەوە کونجی ژوورەکانیان... هێی ڕابی جوانکیلە... خۆزگە دەمزانی لەگەڵ باخەوانەکە وان لە کوێ؟ ئاخۆ لە چ ئەشکەوتێکدا خۆتان حەشارداوە، لێم گرد دەبوونەوە و دەیانوت:

«هۆ کاکی ناپاکمان... ڕۆڵەی جەربەزە و هەلپەرست... تۆ چیت بەئێمە و بەخۆت کرد؟ فریامان کەوە... فریای خوشکان و دایکانی هەمیشە نەگبەتت، هەمیشە دۆڕاو... ئێمە هەموو بیری دەکەین... کوا چیت لە باوکی عگید و چەلەنگمان کرد؟ کوا چیت لە مێردی میرخاسمان کرد؟ لەو پیاوەی منالّی ناو بێشکەیان پێ دەترساند، ئەو پیاوەی چاپوکترین سوار و چاترین حەیران بێژ بوو... نیشانەشکێنێ بزماری هەڵدەگرت... ئەوەتا حەسار بێ ئەو چۆڵ و خاڵییە، ئاشی ئاو لێ بڕاوە، بەتاڵ لە سەگ و پشیلە نازدارەکانی، کوا حیلەی ئەسپ و چریکەی بولبولەکانی... تەواو... تۆ نائومێدت کردین، ئەوانەی دێنە نێو پێخەفەکانمان هەرگیزا و هەرگیز پیاونین... بەدەم دەربڕی ڕازەوە دەگرین، بەسەر بابووچەکانمانا دەکەون و بەروپشتی دەستمان دەلسنەوە، کوا کەس نەما دوای باوکە بوێرێ بەقامچی لەشی سارد و سڕمان ئاگربدا، پیاوێک... نێرێک لەم حەسارەدا نەما بەحەیزەرانەکەی کەفەل و لاڕان و بەلەکمان شین و مۆر بکا، وەی بۆ نێرە پیاوێک جنێومان پێ بدا، سوکمان بکات خۆمان فڕێ بدەینە سەر پێلآوەکانی و ئەو تێمان هەڵدا، نووکی کلآشەکەی لە جۆگەلەی هەردوو مەمان و ژێر چەناگە و نێو گەڵمان گیر بکا، زەلامێک هاوار بکا و دێو ئاسا بنەڕێنێ، عەرشی فەلەک بلەرزێنێ، هاوارێک لە هاواری باوکە بچێ، ئەو هاوارەی نەک هەر دەرپێ... بگرە ژێر کراس و کەوشەکانیشمان پێ

تەڕکا... کوانێ خۆ پیاوێک نەما تفمان لێ بکا... تفمان لێ بکا و نەهێڵێ بەدەسماڵ و دەسرۆک بیسڕینەوە... هەزار حەیف و مەخابن... دوای ئەو کەڵەمێردە کەس نەما پشیلە نێرەکان بخەسێنێ، وای لە خۆمان نەگبەتێ... هەناسە ساردێ... بەخت ڕەشێ... بێ کەسێ... هەش بەسەرێ... بێ سێبەرێ... پیاو نەما وامان لێ بکا بەچێژەوە، لە ژێرەوە... بەدزیەوە خەون بەحەرامەوە ببینین، بەهەر چییەکی کەشەیتان پێی خۆشە... وەی لە دەست تۆ براکەمان... خوا خێرت نەنووسێ و جێت جەهەننەم بێ کە لە خەونی خۆشت کردین... تۆ دەستخەڕۆت کردین... ئاخر ئەو پیاوانەی دەهاتنە نێو خەونەکانمان سەدەها جار لەم گامێشانە جوامێر و قۆزتر و کەڵەگەتتر و بۆن خۆشتربوون... چیمان لێ دەکەی نۆبەرەی حەسار... بۆ تۆی چۆڵ دەکەین... ئەم میراتە با هەر بۆ تۆ بێ، حەسارێک کە عگید و کەڵە مێردی وەک باوکەی تیا نەمێنێ سەد جاران چاترە ببێ بەکاولە ئاش و... هێلانەی شەمشەمە کوێرەو کونە پەپوو...»

ڕۆژان واو... شەوانیش، نازانم بۆ، ماچیان دەکردم... نەتیا دەگیرسانەوە نە دەحەسانەوە... نە یەکجاریش ڕەویان دەکرد، تاوێ کۆچ و تاوێ دەگەڕانەوە، هەر خوشک و برایەکم سوێندی دەخوارد کە تا دونیا ماوە سەر بەو حەسارەدا نەکاتەوە... وەلێ درۆیان دەکرد... ئەوانەی لە سێبەری خۆشیان دەترسان... بەر لە کۆچی ئەبەدی ئەو شوورەیان دەڕماند کە بەدەوری حەسارەکەدا من و باوکە و کوڕەکانی دیکەی هەڵمان چنی بوو، واقە لە دامێنی دایکێکمەوە هاتبا ئەم شوورەیەکی تازەی... دیوارێکی دیکەی بەدەوری حەسارەکەدا هەڵدەبەست، دیواری کچ لە هی کوڕ بڵندتر... دەگریان و ڕوومەتی خۆیان داغان کرد... بەدەم هەلەکە سەماو ناڵەوە دەکڕوزانەوە: چی لە حەسارێک بکەین کە دیوارەکانی. کاریتە و شەقڵە و پەنجەرەکانی، پەردەکانی، دەرگا و قەمتەرە و تەویلە و ئاخوڕ و هێلانە و قەفەزەکانی تێک شکان، ڕمان و هەڵتەکان، دڕان... تیا چوون... ئێمەش تیا چووین کاکی نامەردمان... شەوانە لە پاش مەستی و مڕبوون... کەوتنە سەر ئاو لە گۆمی لەزەت... هەر هەموو ژنە قژ درێژەکانی حەسار ڕایان دەکێشام، لە مەمکی شۆڕ و دۆدانەیی هەندێکیان دەترسام، توولە سەگ ئاسا قەفی قژ و بسکی لوولیان لە مەچەک و ملم دەئالاند و ڕایان دەپێچام، بێ شەنگ و نائومێد خۆم دەدا بەدەستەوە، ئەگەر خۆم ڕادەپسکاند پیاوە غەریبەکان و کەللە پووتەکانی ناو حەسار وەک بەرخی قوربانی لە عەردیان دەدام و بەرزەفتیان دەکردم، خوشکانم گەشگەو چەمۆڵەیان لێ دەنام... لەسەر لەپ و هەردوو ئەژنۆ... دەیانبردمەوە سەرگۆڕی سەر گۆڕی باوکە تا لەوێ هەر هەموو



بەیەکەوە، نێر و مێ، بناڵێن و... دەبوو لەوێ چتۆ شینێک بگێڕین... لەوبەریش... لە تەک مەزارەکە- سارا-ی خوشکم هەموو جارێ لە باوەشی زێوانەکە ڕادەچەنی و لە دوورەوە گرێ و قەفی زوڵف و شابسکەکانی دەکردەوە، زێوانی شەل و دەعەجانی بەگەڵ و گونی ڕووتەوە دوای دەکەوت، ئەسپی خەسیویش لە ژێر سێبەری دار ئەرخەوانەکە بەدوو چاوی گەشەوە سەیری دەکردین... بۆ مەرگی باوکە و هەردوو هێلکەی گونی تەقیوی خۆی دەگریا... سەرکۆت و پێ خواس و سینەوالا... ڕەشە باش بەڕاست و چەپدا دەیبردین... خۆڵ و تۆزی سەر گۆڕەکانی دەکردە چاومانەوە، بارانی بەلێزمەی فرمێسک خۆڵی سەر گۆڕەکەی دەکرد بەقوڕە سوور و دەمانشێلا، ئاژەڵە خۆشەویستەکانیشی لەو گۆڕستانە چەپەک و دوورە هاودەرد لەگەڵ ئێمەدا دەگریان، دوای دەیەها شەو هەر هەموو ئەسپ و هێسترەکانی لەڕبوون، سەگ و پشیلەکانی گەڕبوون، سمۆرەکانی کوێربوون، بولبولەکانیش یەکە یەکە دەنووکیان هەڵوەری، کەروێشکەکان چوارپەلیان بەزەوییەوە نووسان، مەیموونەکان ببوونە میوەی وشکەوە بوو بەسەر درەختە زڕەکانی نێو گۆڕستانەکەوە، نە ئەسپ هێزی مابحیلێنێ، نە بولبول بچریکێنێ، نە پیشلە بمیاوێنێ، نە سەگ بوەڕێ، نە کۆتر بگمێنێ... برسی و تینوو... ملکەچ و نیوە مردوو... تاریکە شەوێ بوو کە دیمان پشیلەکان لە برسانا بولبولەکان دەخۆن، سەگەکانیش سمۆرە و کۆترەکان، ئەسپ و هێسترەکانیش جگە لە خۆڵی ساردی سەر گۆڕەکان هیچیان شک نەدەبرد، نەتدەوێرا دەست بخەیتە سەر پشتیان نەبا چوارپەلیان بشکێ، ئەو مەیموونانەشی کە مابوونەوە گەلایان بە درەختەکانەوە نەهێشت...

دواجار... لە شەوێکی تاریک و نووتەکدا... دوای خەوتنی هەر هەموو کچان و ژنان و کوڕان و پیاوان و منالان و خەڵقەندەکانی نێو حەسار خۆم دزییەوە و بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە سەر گۆڕەکەی، جگە لە هەندێ ئێسقانی شکاو و پاشماوەی گۆشتی جنراو و خوێنی وشکەوەبوو کە مێش و مەگەز ڕەشماڵیان لەسەر کردبوو هیچی دیکەم نەدی، کەچی سەگە نەگریسەکانی هەر لە دوورەوە دوژمنکارانە تێیان دەڕوانیم و زمانی خۆیان دەلستەوە، چاویان بەچاوانی باوکم دەشوبهاند، چاوانی زەرد و بریقەی ڕق، تەیار و ئامادە چاویان لە من نەدەتروکاند، لە هیکەوە تێکڕا لەسەر یەک ڕیتم پێم وەڕین... نە زێوان وەئاگاهات و نە خوشکی بێ وەفام لە باوەشیدا... وەک بڵێی هەردوو بەر نەفرەتی باوکە کەوتبن و مردبن... وەی لە توخمی ژن... چۆن دڵی دێ لە تەک گۆڕی باوکە دەست لە ملی مجێورێکی وا ناشیرین بکا... لەوە دڵنیا بووم تا مردووەکانیش لە ترسی ئەو زێوانە

ناوێرن شەوێک لە شەوان لەو گۆڕانە بێنە دەرێ... ئەو قوون خوارە شەوان لە قریوە و قاقای هەوەسبازانەی پیاو چاکی هەزار ساڵ لەمەوبەر مردووی وەئاگا دێنا... ناهێڵێ تا قیامەت هەڵدەستێ ئەو پیاوە ماندووە تۆزێک بسرەوێ... دەجاران پێم وت:

«خوشکە چاکەکەم... وەرەوە حەسارەکە... با بەر نەفرەتی کتوپڕی باوکم نەکەوی»

کەوام دەوت زێوانەکە وەک بینی ئاو دەلەرزی و سەری کەپووی سوور هەڵدەگەڕا و زەنگوڵ زەنگوڵ فرمێسک و ئارەقەی دەڕژانە سەر گۆڕەکە و شێتانە هەڕەشەی لێ دەکردم:

«یا من یا تۆ... گەر پیاویت بیبەرەوە... درۆزن... تۆ کەی ئەوەندە باوکت خۆش ویستووە... تووڕەم کەی... هەر هەموو حەسارەکانی دیکەت لێ گاڵە دەدەم»

«سارا... دایکت خەونی دیوە... ئەم پیاو چاکە پێی وتووە تا زووە کچەکەتان لەو زێوانە بستێننەوە... دەنا من لەو مەزارە بار دەکەم»

«ئاخر منیش لێ بگەڕێم... خوشکەکەت نایەتەوە»

لە «سارا» ڕامام... چاوەکانی نزکردەوە... بێ دەنگ و مات خۆی لە پشت زێوانەکە دەشاردەوە... کەتەو بەرز و بڵند... زێوانەکە لە چاو ماینە ژنێکی وەک سارا لە مەڕێکی لەڕ دەچوو... گەر بمزانیایە ئەوەیە چارەنووس... سەد جاران ڕادەمام بەر لەوەی خەنجەری یەکەم بوەشێنم...

«بەگوێم بکەن... هەر شەوێکە و لە شیرین خەودا هەردووکتان دەکوژێ»

«بێ ئاوەز... ئێرە نە مەزارە و نە تەڕەماش»

«ئەی تۆ مجێوری چیت؟»

«من مجێوەی ئەسپە تۆپیوەکەی باوکمم»

«حاڵی نیم»

«چل پەنجا ساڵ لەمەو پێش باوکم سەرقافڵەچی دەبێ و دەگاتە ئێرەو ئەسپەکەی دەتۆپێ... هەر لێرەش دەینێژێ... لە سەفەری دووەمیدا گۆڕەکەی لە مەڕمەڕ هەڵبەست»

«ئەوەندە خۆشی دەویست؟»

«پتر لە خۆشەویستی باوکت بۆ ئەسپە عەرەبییەکەی خۆی»

«کەواتە نە ئەسحابەیەو نە غەزای کوردە کافرەکان»

«نەخێر... لەسەفەری سێیەم و چوارەمدا پۆل پۆل خەڵکم بینی ژن و پیاو بۆ نزاو تکا و



دوعا دێنە سەری... ئیدی کە گرانی گەورە هات... باوکم لەسەرەمەرگدا بەگوێمدا چرپاندی: کوڕی شرینم وەختیەتی... تا بەڵا پتر بێ بۆ دوعاو نزا سەر گۆڕی ئەسپەکەم قەڵەباڵغتر دەبێ»

«بەڵام لە باوانەوە دەگێڕنەوە ئا ئەم مەزارە عومری هەزاران ساڵە»

«درۆیەکەو... هیچی تر... جوانی هەردرۆیەک لەوەدایە تا زەمەن بڕوات دەبێ بەڕاستی»

«ئەم حیکمەتە لە کوێوە فێر بووی؟»

«لەم مردووانەی بەدەم عەزابەوە نیوە شەوان وڕێنە دەکەن»

«تۆ دەزانی چەند ناشیرینیت»

«بەڵام خوشکە جوانەکانی تۆ شەیدام بوون»

«شەلەی لەعنەتی... تۆ هیچی دیکەت شک نەبرد جگە لە پاسەوانی گۆڕستان؟»

«با... دەمتوانی بێمە حەسارەکەی باوکت و خزمەتکارێکی گرگن و خەسیو بوومایە»

«بۆ ئێستا چیت؟»

«پادشای ئەم گۆرستانەم... تۆ چیت؟ سەیری خۆت کە دوای دارمانی حەسار تۆ کێیی؟»

هەر ئەو شەوە دەمخواست هەردووکیان بخنکێنم، بیانکەمە خۆراکی سەگەکانی باوکم، تاوم دا دەست لە خنخنۆکەی زێوانەکەی بنێم... کەچی دەرحاڵ سەگەکان بە پڕتاو بەردەمیان لێ گرتم، سەرم هەڵبڕی و گۆرستانەکەم پشکنی... نە ء... جگە لە گۆشت و ئێسقانی هێستر و ئەسپە خەسیوەکان هیچی دیکەم نەدی، لێرە و لەوێ دەنووکی بولبول و کەوڵی سمۆرە و ڕێوی، ددانی زۆر و... کەللەی سەری هاڕاوی کەروێشکەکان کەوتبوون، دەندە و پەراسووی زەق و زۆپی بێ گۆشتی ئەسپ و هێستر و ماینەکان ببوونە شوورەیەکی ترسناکی گۆڕەکەی باوکە، سەگەکان... تانجی و توولەکان زاوزێیان تێدا دەکرد، جگە لەلاشەی مردووەکان کە وان دە پێ لەژێر گڵ و خۆڵدا هیچ نەماوە لەو ناوە... لەو گۆڕستانەدا بیخۆن، تۆ بڵێی دواجار لە برسانا پەلاماری من نەدەن؟ نەفەرەت لە خوێنی باوک کە بە دەستمەوە مەییوە و بەهیچ ئاوێک ناشۆرێت، هیچ تیزابێک پاکی ناکاتەوە... خودایە من چیم کرد بەخۆم؟ کشامەوە... هاتنە پێش... وێکڕا لمووزیان بۆ درێژ کردم، لمووزی خوێناویان، بۆنی ئەو خوێنەی بەدەستمەوە هاری کردن، گەمارۆیان دام، کەوتمە نێو هەڵقە و بازنەی سەگە نەگریسەکانی، تەکانێک و تاوم دا...بێ هوودەبوو دەرباز بوونم... ئەم هەمیشە دەیوت:

لەو شەوەدا بوو کە مانگی دوژمنکاریش خۆی لە من شاردەوە... من رام کرد... کە ئاورم دایەوە بینیم سەگەکانی باوکم بەدوامەوە لە غار نەدەکەوتن، زەحمەت بوو بزانم بە چ ئاراستەیەک هەڵاتن دەمباتەوە سەر رێی نەجات... هەر زوو تاریکی لوولی دام و خستمییە نێو کەند و قۆرتەکان، ئاورم دەدایەوە... لەژێر بارستایی ئەو تاریکییەشدا کەڵبە و ددانەکانیان دەبریسکانەوە، زمانیان لە زەوی دەخشاند و بۆنیان بە خوێنمەوە دەکرد، چوار پەلیان بەر زەوی نەدەکەوت... لە من وابێ دەفڕن... من هەر ڕامدەکرد... باران بوو بە بەفر و دایکرد... لەسەر بەفرەکە رەتم دەبرد و دەخزام... مەوداکان فێڵیان لێ کردم... کەوتمە نێو چەندین گوند و شار... دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکانی لە من داخرابوون... بێ هوودە بوو تەقولباب... کۆڵانی چۆڵ... شەقامی بێ مەردووم... شەو راوی دەنام... شەو بەری پێ دەگرتم...ئاسۆیەکی قەترانی چاوەڕێی دەکردم... نە سەرەتای هەبوو... نە کۆتایی... بەگەڵێ دارستان و بێشەڵاندا تیژ تێپەڕیم، گەلێ چەم و رووبار و جۆگەلەم بڕی، تاوێ دەکەوتمە نێو چاڵی بەفر و تاوێ لە لمی بیابان دەچەقیم... تەکانم دەدا... ئاسمان بە هەموو هەسارەکانییەوە دەنێو چاوانمدا دەخولایەوە... تاوێ بەسەرمدا داتەپی و تاوێ لێم دوور دەکەوتەوە، تاوێ ساتمەم لە کێلی گۆڕەکان دەکرد و تاوێ بەردەڵانی ناو دۆل و شاخەکان... کوا کڵاوی سەخرەجن؟ خودا ونم کەی دەنێو هەورەکانت، بنی دەریا، هەڵمدە سەر یەکێ لە ئەستێرەکانت... بمکە بە بەردێکی ساردەوە بووی نێو یەکێ لە گڕکانەکانت... ئەوەیان تەنها شەوێک بوو یان هەزار شەو کە من نێو چەوانم دا بە دار و بەرد و دیواردا، رەتم دەبرد و خۆم بە قەدی درەختەکان دەگرتەوە، بەنێو دەغڵ و کێلگەی بژار نەکراو لە دڕک و داڵ، باخ و بێستان، تاوێ پێش سەگەکان دەکەوتم و تاوێ پاش، تەم و مژ لوولی دەدام و دەخزامە نێو باوەشی تراویلکە، لە ئاوی کانیاوەکان رووخساری خۆم دەدی، شێوەم شێوا، سەرم سپی و رووخسارێکی پڕ چرچ و لۆچ و ژاکاو، باڵایەکی شکاو، دەبووایە گیاوگۆڵی پێ دەشت و قەوزەی نێو گۆماوەکان خۆراکم بێ... دەجاران بەدەم بای غاراوە گەڕامەوە سەر شوێن پێیەکانم خۆم... خودا من چ گوناهێکم کردبوو... نە نوێژم چووە و نە رۆژەکانم بواردووە... دەنێو تاریکیدا چاوانی سوورتر لە پەنگر لە من رادەمان چەندین لاشەی بێ سەر رێیان پێ دەگرتم... لەوە دەچێ تا پیری پەکم دەخا راوەدووی سێبەری خۆم بنێم... تاوەکو سەگەکان نەمناسنەوە خۆم لە خۆل و قوڕ و خوێن وەردەدا... گریام و پاڕامەوە... من کوڕی ئەو پیاوەم کە ئێوە خۆشتان دەویست... ناچار... تاو ناتاوێ لەسەر چوار پەل بەسەر



دار و بەردا و دەوەنەکاندا بازم دەدا، لە وەڕینی ناساز نەدەکەوتم، خۆم دەخستە نێو ئەشکەوت و کلۆری درەختە پیرەکانەوە، گەڵام دەپۆشی و بەچڵکاو خۆم سواغ دەدا، ئاوی چەم و رووبارەکان دەیانشۆردم، تاوێ لەمەوبەر ئەم دارستانە بۆنی بەهاری لێ دەهات، کەچی هەنووکە وام لەنێو گەردەلوولی گەڵا زەرد و داڕژاوەکانی، تاوێ لەمەوبەر ئەم پێدەشتە سەوز و ئەمێستا وشک و پەژمووردە، ئەو چەم و رووبارانەی بەگێژەنە و تاف تاف بوون، ئێستاکێ ماسیەکانی ژێر لم کەوتوون... تۆ بڵێی من شملی شەڕ بم؟ شێوانی سروشت لەمنەوەیە یان لە سەگەکانی باوکم؟ کێ دارستان و رووبارەکان وشک دەکا. منم...یان رۆحی باوکم؟ لەودیو حەوت کێو و حەوت کۆ بۆنیان دەکردم، خوێنم وشکی کرد زمانم لە گۆ کەوت... ئیتر نەمتوانی هاواری رۆحی ئەو بکەم تا قورتارم کا لە سەگەکانی، بەدەم غارەوە خۆم دەخستە نێو گاڕان و مێگەلەکانەوە... دەمووت: خوایە بمکەی بەیەکێ لەو حەیوانانە، دەکەوتمە بن دەست و پێی مەڕ و بزن و مانگاکان، لمووزیان لە پاشەڵم گیر دەکرد، خۆم دەکرد بە شوان و گاوانی مێگەل و گاڕانە بەرەڵڵاکان... دەیانناسیمەوە، کەوڵی رێوی و گورگ و پڵینگەکانم دەکردە بەرو بێ هوودە بوو، جووتێک شاخی کەڵەکێوییەکی کوژراوم لەسەر دەبەست و دادی نەدا... بێ هوودە بوو... وێڵ گەرد و نابینا کەوتمە نێو گۆڕستان، بەنێو گۆڕەکاندا پێچاوپێچ ساتمەم دەکرد، پڕ بە ئاسمانی ئەو گۆڕستانە هاوارم کرد... نە پیاو چاک... نە ئەسحابە و نە زێوان... نە خوشکی بێ مروەتم... نە مردووەکانی تر... هیچیان بەهانامەوە نەهاتن، جگە لە سەدای قریوەیەکی ترسناک... قاقای باوکم کە سڕی کردم... هیچم نەبیست، سەگەکانیش گوێ قولاغی قریوەکە بوون، تاوێ رووەو گۆڕەکە وەرسووڕانەوە، شاگەشکە بووم... وتم ئیتر تەواو... سەرفراز بووم... من رامکرد... دیسانەوە رەشەبا... باووبۆران... زریانێکی شێت بەڕوومدا هەڵیکرد، سەگە هەوشارییەکە لەسەر گۆڕەکە وەرکەت و ئەوانی دی رەدووم کەوتن، باڵیان لێ رسکا بوو بەسەر کێلەکاندا بازیان دەدا، رەشەبا جلەکانی لەبەردا دڕیم، قوڕ و چلپاو و بەفر کەوشەکانی داڕزاندم، کەوتمە بەر رەحمەتی تۆف و زریانی ئەو شەوە، دەتوت مردووەکان یەکە یەکە قاچم دەگرن، ئەم گۆڕ هەڵی دەدام بۆ ئەو گۆڕ، هەر ساتمە و کەوتنێکم مەودای من و سەگەکانی نزیک و نزیک تر دەکردەوە، ئەوەیان تاوە غاری سەگەل نەبوو... نەخێر... بەڵکو رەشەبا بەئاسماندا دەیفڕاندن، کەڵبەیان لە من تیژتر دەکرد، بەچاوان گڕیان دەباراند... گڕێک پاشەڵی دەسووتاندم... قەپیان لە بەلەکم... لە پاژنەم گیر دەکرد، دەبوو تەکان بدەم دەنا غەرقی قوڕ و لیتە دەبووم، سەگەکان دوا سیپاڵ و بوزرگیان لەبەردا دڕیم، رووت و

قووت لەژێر بەفر و تەرزەدا، ترس بوو تەکانی پێ دەدام، هەردوو دەستم دەخستە بەر ئاوی باران... بەشکو ئەوە خوایە خوێنی باوکە لە دەستەکانم بشواتەوە تا چیتر راوم نەنێن... بێ هوودە بوو... بێ هوودە... سەرم هەڵبڕی و چراکانی حەسارم لەو دوورەوە کز کز دەسووتان... هاوار و قیژە... تەپەتەپی پێی سەگەل... راوەدووی دەنام... دەنگی باوکە بوو جنێوی پێ دەدام... دەنگێکی ناساز و ناقۆڵا... خوم دایە دەست و رەشەبا و گەردەلوول، بە لوورەلوور دەستی گرتم... لە دوامەوە ڕەوە ڕەوە گورگ و چەقەڵ کەمتیار و تانجی و توولە تێکەڵ بە سەگەل بوون... لەسەر لەپی رەشەبا گەیشتم... بەتەنگەتاوی لە هەموو دەرگاکانمدا... بەهەردوو دەست، بەلەقە، بەکەللە سەر... وەڵی ئەفسووس... نەخۆشکەکانی دڵ بەردینم... نە دایکانی میهرەبانم دەرگایان لێ نەکردمەوە... هاوارم کرد:

«ژنانی حەسار وەرنە دەرێ... واز لە باوەشی دۆستەکانتان بێنن، من بووم دەرگاکانم شکاند و پەنجەرەکانم والآ کرد... کێ لەو دیو بەڕوومدا ئاواهی دایخستوون، هۆ منم برای جەربەزە و نائومێدتان... دایکانی هەمیشە دیدە تەڕ منم کوڕی هەڵەتە و تاوانبارتان... بەر لەعنەتی باوکە کەوتووم و هانام هێناوەتە بەر قاپیتان... ژنی چاک بن... دەرگام لێ وەکەن... هۆ برا نامەردەکانم ئێوە وان لە کوێ؟»

وای لە خۆم رەنج بەخەسارێ... سەگەکان تا دەهات نزیکتر دەکەوتنەوە، شوێن پێیەکانم هەڵەناکەن... ئەوانیش ئەوەتا، لەودیو، وان لە ئامێزی دۆست و مێرد و دڵخوازە خۆ نەشۆرەکانیان، ئەوان مرِ و مەستی مەلەی نێو حەوزی حەسار... دەمنرکاند... جگە لە سەدای نرکە و ناڵەی خۆم و سەگوەڕی دوور و نزیک هیچم نەبیست... ئاسوودە بن... ئێوە بنوون و، با من گیرۆدەبم... ملم نا... بەدیوارەکاندا هەڵزنام... پشیلەی تۆقیو ئاسا چنگم لە دیوارەکان گیر کرد و پێی هەڵگەڕام... چوومە سەر شووره دارِماوەکانی حەسار... سەگەکان لە خوارەوە لمووزیان بۆ حەوا بەرز دەکردەوە و دەحەپین... خۆم گەیاندە سەر شاتووەکەی تەک حەوزەکە... بەردەوام بەرد و داریان بۆن دەکرد... چی لەو خوێنە بکەم خودا هاوار... بەددان... گاز لەسەر گاز... بەچڕنۆک هەردوو دەستی خۆم زامار کرد تا خوێنم داچۆڕێ و تێکەڵ بەخوێنی وشکەوەبووی باوکم بێ... بێ هوودە بوو... لە خوێنی من رەنگ و بۆنی خوێنی باوکمیان ناسییەوە... لەسەر شاتووەکەوە خۆم هەڵدایە ناو چاڵێک، لە چاڵێکەوە بۆ چاڵێک... هاتمە دەرێ و ساکە دەشتێک... ساکە دەشتێک... ها لێرە و لەوێ... بەو شەوە جگە لە منی باوک کوشتە کەس نەمابوو نەخەوێ... بەدەم غارەوە دۆڵێک دەیدامە دەست دۆڵێک، بەنێو گەلێ تونێلی تاریکدا تێپەڕیم... ئەم گرد و ئەو زورگ و ئەم تەلانە... کەند و لەند... چۆم و چەم و رووبار... زەنوێر و زەلکاوەکان... ئەم ئەشکەت و ئەو ئەشکەوت، ژێر ئەم کەپکە شاخ و ئەو درەخت، قەد پاڵی سەخت و هەڵەمووتی هەڵدێر... کەناری لماوی و خاکی بەردەلآن... پێستی هەردوو بنی پێم بەسەر دار و بەرد و دڕکەکانەوە جێمان... سەرەتا تاڵ تاڵ... پاشان قامک قامک مووی ردێن و سمێڵ و سەرم سپی بوون... بوون بە هەودای دەم و رەشەبا... ددانەکانم لەنێو زیخ و چەو و لمی نێو بەست و جۆگەلەکان جێما... پەنجەکانم دارِزان و نینۆکەکانم بەقەد درەختەکانەوە نووسان... چیم بەخۆم کرد؟ وەی لەو شەوەی کۆتایی نایە... نەهات... ئەمجارەیان نە ئەستێرەکان بە ئاسمانەوەن... نە مانگ دەدرەوشێتەوە... بەهەر درەختێکەوە، پنچکێکەوە، بەردێکەوە، دڕکێکەوە پەنجەیەکەم بەجێ دەهێشت، ددانێک، نینۆکێک، تاڵە موویەک... تا سەگەکانی باوکم دەستخەڕۆ کەم... فریویان دەم رێچکەی بۆنی ئەو خوێنە ژەهراوییە لەهەوادا بزرکەم و هەڵەتەیان کەم... دەبوو وا بکەم... وەلێ نا... لێم بزر نەدەبوون و دەیاندۆزیمەوە...

لەسەر فەرشی بەفر پەڵەی خوێنی ڕەش و سوور جێ دەمان... سەگەکان... تێکەڵ بە تانجی و توولە و توورگەکان لمۆزیان لەو پەڵە خوێنانە دەخشاند و دەهاتن... هانکە هانگی سەگەل هەراسانی کردم... تف لە بەفریش... هەتا بەفریش وەک و باووبۆران ڕەشەبا و خوشکەکانم خیانەتکارە... ڕەشەبا بۆنی خوێن و گۆشتەکەمی بەوساکە دەشتەدا پەرت و بڵاو دەکردەوە و سەگەکانی دەهات... چوار پەنجەی دەستی ڕاستەم هەڵوەرین... پەنجەم شایەتمان نەبێ... ئەویشم خستە سەر بەردێک و بە بەردێک وەک توولەمار پەڕاندم... دوا پەنجەم لەو دەستەی کە مشتووی خەنجەرەکەیان گرت و کوتایە سەر شەپیلکی چەپی باوکم... وتم: «وانەبێ لەو خوێنە ئازاد نابم» بێ چارە بوو... بێچارە... ویستم سەگەکان بژمێرم تا بزانم چەندیان ون دەبن و چەندیان ڕاوەدووم دەنێن... کەچی بارێزەرفێلی لە چاوەکانم کرد... تف لە بەفر و با و... بارێزەش... تف لەو سروشتەی دەستی ناپاکی خستۆتە ناو دەستی باوکم و خیانەتم لێ دەکا... بەمەزەندەم ئەم دونیایە جگە لە خۆم و سەدەها سەگی هار و نەگریسی باوکم هیچی دیکەی تێدا نییە... بە عەرزەتەوە بووم بزانم ئاخۆ بەر لەوەی کە بیکوژم ژمارەی سەگەکانی چەند بوون؟ وەلی نەدەکرا و مەحاڵ بوو... ئەم خۆی و حەسارەکەی بەچی پاس دەکرد؟ کێ زاتی دەکرد بپەڕێتەوە نێو ئەو حەسارە؟ بەنەفرەت بن خۆی و سەگەکانی... ئەو جارەی کە لە هەندەرانەوە میوانێکی ئازیزی بێچووە شێرێکی بۆ هانی... پێی وت:

«خۆزگە لە بری ئەم بێچووە شێرە توولە سەگێکت دەهانی...» کە میوانەکەی بەڕێ کرد...

سەد هەنگاو دوور نەکەوتبۆوە کە بێچوو شێرەکەی کەڵ و پاچ کرد و فڕێی دایە بەردەمی سەگەکانی... کە لێمان پرسی:

«بۆ وا باوکە؟»

بەدەم کوتە گۆشت خستنە نێو کەڵبەی سەگەکانی لەژێر لێوەوە مڕاندی:

«تەنها یەک شێر لەم حەسارەدا جێی دەبێتەوە...»

پەنجەی خستە سەر سینەی خۆی... «ئەویشیان منم» جارێکی دیکەیان لە چیاوە میوانێکی دیکەی پڵنگێکی ماڵی مێینەی بۆ هانی... سێ ڕۆژ دواتر ناردی بۆی گەورەی حەسارێکی دی... لەبەرخۆیەوە دەیبڵماند:

«زۆر حیفە پڵنگ مێینەی هەبێ... هەرچەندە سەیری دەکەم ژان دەچێتە دڵمەوە»

دەتوت عومرێکە غار دەدەم و وەڕینی سەگەل و لوورەی ڕەشەباش هەراسانی کردووم... هەراو زەنا... ژاوەژاو... دونیا بەدوامەوە بەهەموو دار و درەخت و فڕندە و خەڵقەندە و دەعباکانییەوە مەوجی دەدا و دەهات... ڕەگی هەڵتۆقیوی درەختەکان، چڵوچێو... دڕک و داڵ و گیاوگۆڵ و خۆیان لە هەردوو قاچمەوە دەئاڵاند... لەپەڕ ڕوو دەیانخستم... ئێوەش چوونە پاڵ بەفر و باران هۆ درەختە ناپاکەکان... ئەی قەوزەی نێو گۆماوەکان... نووشتامەوە...دوو پەنجەی پێی ڕاستەم و سێ پەنجەی پێی چەپم نینۆکەکانیان فڕێدا... لەهەر دە پەنجەوەش خوێن فیچقەی دەکرد... پڕ بەو دەشتە زریکاندم... زریکە دوای زریکە... ئەی ئەو خوشک و برا و دایکانەی لە سێبەری باوکم دەترسان و من ئازادم کردن... فریام کەون... هۆ خوشکەکانی خۆفرۆشەکانم... دایکانی نابەڵەدم... هۆ برا نامەرد و سپڵەکانم... من نەمزانی خۆتان شەمشەمە کوێرەن و عاشقە تاریکین... دەنا بۆ خزانەوە نێو حەسار و بەدار و پەردووی بەسەر یەک داڕماوی جارێکی دیکە کولانە و کۆلیت و قەفەز و زنجەکان بۆ خۆتان دروست دەکەنەوە؟ دەرگام لێ وەکەن... دوا قسەی خۆم پێیە و ئیدی چارەم نابینن و بەلەعنەتم کەن... ئێوە کوان... کوا؟ ها... ها... ها... سەدا... سەدا... سەدا... ئاوڕم دایەوە... بەسەر بەفرەوە قەتارەی کاروانی سەگەل و تروسکایی چرا کز سووتاوەکانم بینی... چ دەبێ ئەگەر هەر هەمووی یەکێک بێ لە خەونە ناشیرینەکانم... خودایە من چی بکەم؟ بەسەر لووتکەی شاخاندا هەڵزنێم یان خۆ بخزێنمە نێو چاڵەکان؟ تا ماوم وەک مەیموونی ناو دارستان خۆم بە درەختەکان شۆڕبکەمەوە یان خۆم ون کەم دەنێو گێژەنی ڕووبارەکان؟ خۆم دەمە دەست باڕێزە و تۆف و زریان... لە خودا بپاڕێمەوە بروسکێک لێم



دا و بمکا بەخەڵووز... ئاسمان هەڵمکێشێ یان زەوی قووتم بدات، خۆ دەمە دەست گەردەلوول یان لە عنەتی ئەبەدی باوک؟ پەنا بەرمە بەر کەلاوەکان یان بەرقاپی کۆشکی میر و بەگزادە و ئاغا و سوڵتانەکان؟ ببمە مەیتەری گەورە پیاوێک یان هانا بەرمە بەر خیوەتگای خێڵێکی قەرەجی؟ کە دایکانی خۆم نەمگرنە خۆ کێ دەبێ بەداڵدە و پەناگەم؟ بچمەوە حەسار و خۆ بخزێنمە نێو کولانەی سەگەکان یان ببمە نۆکەری نێو دیوەخانی بەگلەر و شازادەکان؟ پێ بزانن دەستم بە خوێنی باوکم سوور بووە چ باوکێک ڕازی دەبێ منداڵەکانی دەرگام لێ وەکەن... ئیدی براکانی خۆم پشتیان تێ کردم... هەموو ڕێگاکان ونیان کردم... بابە خولەیان پێ دەکردم و هەرجارەی دەیانخستمەوە سەر ڕێچکەی حەسار... سێ جاران بە دەوری سووڕامەوە... نە دەست بە چرایەک هات بەپیرمەوە... نە مۆمێک هەبوو ڕێم ڕۆشن بکاتەوە... نە دەرگایەکیان کردەوە و نە پەنجەرەیەک... تەواو... ئیدی من چیتر نۆبەرەی بنەماڵە نیم... شار بەدەر و حەسارسزیان کردم... پشت لە حەسار و ڕوو لە ئاسۆیەکی خوێنین بە تاو و قەهرێکەوە تەکانم دەدا... خۆم لە چنگی قەدەرێکی ستەمکار ڕادەپسکاند... تف لە هەموو ڕێگاکان... هەمدیس دەستخەڕۆیان کردم... فڕێیان دامەوە سەر ڕێچکەی گۆڕستان... هەر دەتوت گۆی زەوی قوتبێکی گۆڕستانە و قوتبێکی حەسار... کە تەختی تەوێڵم بەر کێلەکان کەوت زانیم دیسانەوە کەوتوومەتەوە نێو گۆڕستان... سەگەلیش بەدوامەوە... وەک سەگێک لەبەر قاپی غەوسێکدا بکەوێ... وەک پیسترین تاوانبار لەبەر قاپی مەزار کەوتمە سەرچۆک... کە زیندوو بەدەنگمەوە نەیەن... مردووەکان چیم بۆ دەکەن؟ هیلاک و شەکەت... غارغارێن زمانی پێ لە زەوی دەخشاندم... لەپە و ڕوو کەوتمە سەر کێلێکی شکاو، تیژ وەک چەقۆی قەساب، چەناگەم وروشا و بەپیست و ریشەوە بە بەردی کێلەکەوە نووسا... شەوقی بەفر بەشەوارەی خستم... لەبەر دیدەما مووکانی ردێنم پاکی سپی وەدەر کەوتن... ئەمەیان شەوێکە یان سەدەیەکە سەگەکانی باوکم ڕاوەدووم دەنێن، خۆم حەشاردا، لەم پشت کێلەوە بۆ ئەو کێل، خۆڵ و بەفرم کرد بەسیپاڵی بەرم... هەر دەهاتن... شوورەیەکی سەگانەیان بە دەوری من و مردووەکاندا کرد... دەنێو ئەو دار و پەردووەدا منیان گەوزاند... زمانیان لێ هەڵدەسوویم... لیکی لیقنیان دەڕژاندە سەر دەم و چاوم... بۆنیان دەکردم و نەیان دەخواردم... بەنێو بەفری کەڵەکە بووی سەر گۆڕەکان تلیان پێ دەدام و پەنجە تووتەی دەستی چەپ و کەڵە مووستی پێی ڕاستەمیان قرتاند... سەگە هەوشارییەکە لەسەر گۆڕەکەی باوکە هەستایەوە سەر چوار پەلان و هوروژمی هێنا و وەک تیر لە کەوان دەربچێ گەیشتە سەرم و کەڵبەی لە پشتی

ملم گیر کرد و تا ناوەڕاستی بڕبڕەی پشتم پێستەکەی داماڵی... گۆڕا و گۆڕ تەکانم دەدا... بە سکە خشکێ لەسەر چوارپەل ئەم کێل بەو کێلیدا دەدام... قیژاندم... گۆڕستان دەنگی دایەوە...

«هۆ باوکە فریام کەوە... سەگەکانت وا دەمخۆن... فریام کەوە... دەمخۆۆ... ۆۆ...ن»

بەپەلەپروزێ و لەسەر لەپ خۆم گەیاندە سەر گۆڕەکەی، بە هەردوو چنگی خوێناویم بە پڕتا و شێتانە بەفرەکەم لادا... خۆڵ و لم... بەرد و زیخ... ویستم بگەمە سەر ئەو برینەی وا بەسەر مەمکی چەپییەوە... چوون ئاوی حەیات... کانی نەجات دەمی پێوە بنێم... هەڵمەدەکۆڵی... بەدوو دەستی کۆتەرە ئاسام هەڵمکۆڵی... سەگەکانیش بەچواردەوری گۆڕەکەدا هەڵقەیان بەست، بازنەیەکی بێ کون و کەلێن... بێ ئەوەی بوەڕن... کەڵبەم لی گیر بکەن... نا... بڕستی ئەوەیان لەبەر بڕابوو بوەڕن... ئاسوودە و ئارام کلکیان دەلەقاند... داخراو... بەدوو چاوی پڕ لە خوێنەوە لێم رادەمان... تاو نا تاوێ دەیانمڕاند... گەیشتمە سەر لاشەکەی... کفنە خوێناوییەکەیم دادڕی و دەمم نا بە برینەکەیەوە... خوێنەکەیم هەڵمژت... مژ لەسەر مژ... دەگریام و دەترسام... تەوێڵیم ماچ کرد... ئەو شەوەم بیر کەوتەوە کە دوای شۆرین و عەتر پژان هەریەکەمان پاڵی بەوی دیکەوە دەنا تا دوا ماچی ماڵئاوایی لێ بکا... هەر هەموو دەلەرزین وەک لەرزینی ئێستای من، لەترسانا... تا روخساری وەک مۆم مەیبوی نەبینم دەمم لە برینەکە هەڵنەدەگرت... زەرداوێکی تێکەڵ بەخوێنم هەڵدەقوڕاند... ترسی خۆم بوو... یان بەڕاستی باوکە بوو وڕێنەی دەکرد... کە سەرم هەڵبڕی رووی لێ وەرگێڕام. رووخساری، لە چاوتروکانێکدا، شێوەی دەیەها پیاوی تووڕە و تۆسنی دەنواند کە من نەمدەزانی لە کوێ دیومن... زمانم بەمەلاشوومەوە نووسا... وەی لە خوێنی تاڵ و تفتی باوک... سەگە زۆر نەگریسەکانی تا دەهات گرد دەبوونەوە و بەچواردەوری گۆڕەکەدا هەڵقا و هەڵق وەرکەوتن... دەیەها لمووزی درێژکۆلە و رەش داگەڕاو... زمانی لیکن و شەقار شەقار... هەناسەی گەرمی زۆر بێزراو... هانکە هانکی قێزەوەن... باوشکێک و... دوو... و... دەو کەڵبە و ددانی شەیتانی... زمانی شۆڕیان لیکی دەڕژاندە پشتی ملم... دەیانلستەوە دەم و لووتم... چاوانی خوێن و تێزاو... تینوو بەخوێنی من... منیش شەکەت و داهێزراو... پەلوپۆ شکاو... لەنێو گۆڕەکە و لەتەک باوکما ڕاکشام... دەستم لە هەوکی ئالاند... تامی خوێنێکی تفتیش لەژێر زمان و ددانەکانما... کە بەئاستەم دەجوولام هەر هەموو سەگەکان هەڵدەستانەوە سەر پاشووان... تا گەر قوچاندم غار دەن و بکەونە دوام... دواجار زێوانی لەعنەتی لەگریە و ناڵینی پڕ لە دەردم وەئاگا هات... بەشەلە شەل بەسەر



گۆڕەکاندا بازی دەدا... لەژێر تارمایی سەگەکاندا ون ببووم. لە نێو سەدەها لمووزی لیکنی سەگەکان سەرم دەرکێشا و بەکڕووزانەوە پێم وت:

«کاکی زێوان... زۆر برسیمە»

دەنێو لەگەنێکی ژەنگاوی کە بۆنی میزی لێ دەهات پاشماوەی ئەو خوانەی بۆ هێنام کە لەبەر خۆیان ما بۆوە... من برسی و سەگەکانیش لە من برسی تر... لەو لەگەنە بەربووین... قەپیان لە دەستم گرت... پاش چەند شەوێکی دواتر دەستم گرت بە داوێنی زێوانەکە و خۆم دەخیلی کرد... کەوشەکانیم ماچ کرد... خوێنی باوکە زەلیلی کردم... لێی پاڕامەوە... وەڕینی سەگەکان سەریان لێ دەشێواندین و نەیان دەهێشت لە یەکدی بگەین...

زۆر تکام کرد:

«دەستم دامێنت... گومەزێکی هاکەزایی لەسەر سەری من و باوکم و سەگەکانی بکە»

«بۆ چیتە؟»

«تیا نیشتەجێ دەبم»

«بەڵام ئەم گۆڕستانە یەک زێوانی بەسە»

«ئاگام لێیە قوربان... من حەدم نییە بەزێوان بم... من لێرە، لەتەک گۆڕەکەی باوکم، گەرەکە پاسەوان بم»

«بۆ ناگەڕێیتەوە حەسار»

لە زاری کراوەی سەگەکان رامام و بەحەسرەتێکەوە وتم:

«من لە حەسار شۆرام... من ئیتر تەواو... ئێرە مەسکەنمە... تۆ لەگەڵما بە... ئێرە دەکەین بەحەسار... با سەرەتا لە گومبەتێکەوە دەست پێ بکەین»

«بەڵام بەچی و چۆن هەی کەر پیاو؟»

«بەخوشکەکەم بڵێ... با ئەو دەلیلت بێ... گەنجینەکەی باوکم وا هێشتا لە حەسارەکە و پڕە لە لیرەی بێ غەوش»

دایە پرمەی گریان و بەقەهرەوە تفێکی لێ کردم... بڕوام بە چاو وگوێی خۆم نەدەکرد... ئەوە زێوانەکە بێ وا بە کوڵ و دڵ بگری...

«ئێوە بنەماڵەیەکی شوومن... ئەو باوکە غەزەبەی تۆ سێ شەو لەمەو بەر هاتە خەونی و کوشتی... لەگەڵ قیژەی لە شیرین خەودا را چەنیم... دیم زۆر پەنما بوو... لە هەردوو لالێوبییەوە کەفی فڕێ دەدا... چاوانی ئەبڵەق... بەدەم گریە و زریکەوە لە باوکت دەپاڕایەوە

کە دەست لە گەردەنی بکاتەوە... بەقسە فریای نەکەوتم... هەردوو رەشێنەی چاوانی وەرگەڕان و ئاودیو بوون... بەترسی منالێکەوە قیژاندم... قیژەیەک سەگەکان لە چواردەورمدا رەوینەوە:

«بیبرەوە با گوێم لێ نەبێ»

لێم هەڵگەڕایەوە... «وس بە خەسیوی نامەرد... بەدفەساڵ... وام لێ مەکە میز بە هەردووکتانا بکەم»

خۆڵی ناو گۆڕەکەم بەسەری خۆمدا کرد و ناڵاندم:

«وامەڵێ توو خوا... وا مەڵێ... یانێ ــ سارا ــ مرد؟»

«شەوێک پێشتر هاتبووە خەونی... وتبووی: ئێوە قەت شەرم و حەیا ناکەن؟ شەوانە گوێم لە هەناسە بڕکێ و هانکە هانکی دەست لەملانێتانە»

«قەت ناکرێ وابێ»

«خێڵێکی بێ خێرن... گوڕستانەکەشم لێ پیس دەکەن»

«گومەزێکم بۆ هەڵبەستە و میراتی باوکم بۆ تۆ»

«تایەفەی فەساد... عێلی شەیتان و جادووگەر و کونەپەپوو»

«خوشکێکی دیکەمت لێ مارە دەکەم»

«خێڵی مەیموون... هۆزی نەگریس و بەدیووم»

«تکات لێ دەکەم... خوشکێ نا... دوو خوشک... ئەسپێک نا... دە... بڕۆ حەسارەکە و وەک کاڵەک و شووتی هەڵیانبژێرە»

کە وام وت زەردە گرتی و سەری لەقاند.

ئەوەتام دەنێو گومەزێکدا... شەوانم: بەفرە و بارانە و رەشەبا... خەونی زۆر جرنا و فرنا... رۆژانی دۆزەخی هاوین... ئەوەندە گۆڕەوشار درام تاشیری دایکم لە هەردوو کونە لووتمەوە پژا... دونیام دەستێکە و دەلاقەیەک... دەستێک کە لە لەگەنێکی ژەنگاوی برێ خۆراکم بۆ رەت دەکا... تکای لێ دەکەم سەگەکان بێ پاشماوەی گۆشت و کەلاکی مردەوە بوو و ئێسقان نەکات... نەبا لە برسانا من بخۆن... دەبوو هەمیشە زێوانی چاوچنۆک تێر بەرتیلی کەم... سەرپشکی کەم لە ئەسپ و هێستر و ماین و خوشک و گەنجینەکانی باوکە... سەربەستی کەم لەمیراتی حەسار... لەلاشەی دارزیوی باوکە دەپاڕامەوە کە ئیدی بەسەو چیتر نەئاوسێ... نەپەنمێ... رۆژ بە رۆژ دەپەنما و جێی بەمن لەق دەکرد... وای لێ



هات هەر تەنها پەنجەیەکی بەقەد باڵای من زیادی کرد، سەدەها دەست و پەنجەی لێ روان... لەو رۆژەوەی ناشتمان نینۆکەکانی لەرسکان نەکەوتن... هەر چۆنێک دەجوڵام نینۆکێکی لەچاوم دەچەقی... بەردەوام ئەو کرمانەم لەخۆ دادەتەکاند کە لەلاشەی ئەودا دادەکەوتن و رووەو چاڵی چاوانم... کونی گوێچکە و ناو دەمم دەهاتن... سەگەکانیش لە دەلاقەکەوە... لە درزی بەرتەسکی دیواری گومبەتەکەوە ئەم بەر و ئەوبەریان دەکرد و نەدەسرەوتن، رەوەیەک شەوڕاوی دەکرد و رەوەیەک بە رۆژ... قەتیش لە من غافڵ نەدەبوون... دەمویست بزانم چەند دەبێ لێرەم و تاکەی دەمێنم؟ لەلاشەی باوکە دەپاڕامەوە:

«هاوارم وەبەر تۆ... لەسەگەکانت قورتارم کەو بمکەوە بەکوڕی خۆت... جارێکی تر وا بکە هەوای پاک هەڵمژم... ئازادم کەو تاحەسرەکەت ئاوەدان کەمەوە... موعجیزەی خۆتم پیشان بدە و لە گوناهم خۆش بە... ئێستا هەموو دونیا زانی تۆ بە مردوویش لە هەموو زیندووتری... روخسەتم بەرێ بچمە حەسار...»

بێ هوودە بوو... بێ هوودە... لەگەڵ هەر تکاو لالانەوەیەکم زیاتر دەئاوسا و... دەپەنما... گوێم لە خیزەی هەناسەی دەگرت... هالاوێکی گەرم کە برۆ و برژانگی دەسووتاندم... بەدیار لاشەکەیەوە رۆژانم چەند لەیەک دەچوون... وەک هەزاران دەنکە خوڵ و دەنێو کەلێنی پەنجەکانمەوە دەرژان و رەشەبا دەیانبا... دەبوو وەک سۆفی تەزبێحێکی هەزار و یەک قلم پێ بێ تا خەم و دەرد و کۆست و خەونەکانمی پێ هەژمێر بکەم... لە گومەز نەدەچوو... کاولە ئاشێک بوو... قەلایەکی دارماو و جێماوی سەدان ساڵ لەمەوبەر... فڕە فڕی باڵی شەمشەمەکوێرە و قەلەباچکە و کونەپەپوو شێتیان کردم... باوکیشم تا دەهات وەک کەسێک لەخەوێکی ناخۆش و قووڵ و رابووبێ خۆی لێک دەکێشایەوە...

ئیدی دەبوو خۆم لە کەلێنی پەنجەکانی یان بن باڵی بشارمەوە... بۆچی سەگەکانی لەگۆشتی ئەو ناخۆن؟ بۆ لە کرمەکانی سەر لاشەی ناوروکێن؟ هێی عومری جوانیم لەتاوان و سزا... بەهەدەر چوو... پاش لە هەر خەو رابوونێکم شتێکم لە کیس دەچوو... گەردیلە گەردیلە مێشکم دەسووتا... رۆناهی لە گلێنەم دەتۆرا... لەگەڵ داکەوتنی هەر چنگە خۆڵێک بەزەبری فرکەی باڵی شەمشەمە کوێرەیەک رادەچەنیم... لەوە دەچوو لەو گۆڕەدا قۆناغی دۆزەخ بژیم تا ئەو حەڵەی پاک دەبمەوە لە خوێنی باوکم... جاروبار هاوارێکم دەکرد تا بیسەلمێنم کە هێشتا ماوم... هاوارەکە دەبوو بەنووزە و لەگەروما دەتوایەوە... هاوارێک کە هەرگیز نەدەگەیشتە گوێی خوشک و دایکانم:

«ئەوەتا لێرەم من و لاشەیەکی کرم تێ کەوتووی باوکە... واین لێرە... لەگەڵ سەگە بەوەفاکانی... دەنێو هەمان گۆڕ و گومەز و گۆڕستان...»

ئەوەتان... بەئاستەم گوێم لێیانە، لەگریە و ناڵین... لە داد و فیغان و سینە کوتان... لەودیو گومەزەکەوە خوشکەکانی خۆفرۆش و دایکانی بێ مروەت و برا سپڵەکان لەخۆ دەدەن... گوێم لێیانە نەفرەت لە من دەکەن و داوای بەخشندەیش لە باوکم... هەریەکە و نزای شتێک دەکا... ئەمەیان کوڕ... ئەویان کچ... ئەمەیان میر خاس و ئەویان شازادە... ئەویان باڵەخانەی بەرز و بڵند، ئەمیان سامان و ماڵی قاروون... ئەویان عومری درێژ و ئەمیان جوانی...

«ئێوە لە کێ دەپاڕێنەوە؟ ئێمە کوڕ و باوکێکین کە کرم خواردوونی»

دەبێ چاوەڕێ بم تا سەگەکان پیر دەبن و دەتۆپن... تا ئازاد و سەرفراز بم... کەچی لەبەر چاوانم زاووزێ دەکەن و تادێ خورتتر دەبن، گۆلە و دێڵەکان تێک دەئاڵێن... نەشەرم لە من دەکەن و نەلە رۆحی پڕ هەیبەتی باوک... وەلێ ئەم بەو تێک ئالانە کۆڵێ شاگەشکەیە... تەواو... چیتر لەم گومەزادا جێمان نابێتەوە... لێشم ناگەڕین بستێک لەو لاشە پەنماوە... لەو گۆڕە دوور بکەومەوە... بەخەیاڵما دێ یەکە یەکە دەرمان خواردیان کەم، بەرتیلێک بدەمە زێوانەکە و خۆ قورتارکەم، وەلێ تا من لە خوانەکە نەخۆم ئەو نەگریسانە لمووزی تێ ناخەن... بۆن بە هەموو شتێکەوە دەکەن... کە تۆپین... ئەوساش مەگەر لەکەلاکی ئەوسەگانە بلەوەڕێم... ئێرە دەبێ بە گومەزی دەیەها کەلاکی کرم تێ کەوتوو... بێ شک بە بەرچاومەوە کرمەکانی سەر لاشەی باوکە لەگەڵ کرمەکانی لاکی سەگەکان سواری یەکدی دەبن... هەر خوا خۆی دەزانێ چ کرمێک هەڵدێنن و چۆن دەکەونە گیانی من... دێ بەخەیاڵما گەر چارم نەما خۆم و سەگەکان لە گەنێکی ژەهراوی بخۆین و قیروسیا... رۆژێک ناو... دوو... نا... سەدەها... رۆژ... شەوێک نا... و... دوو... ناو... هەزاران شەو... نەک هەر خوشک و دایکانی خۆم... هەموو ئەو ژنانەش کە من ناناسن لەودیوو دیواری بازنەیی گومەزەکەوە تف و نەفرەتی رەشم بۆ دەنێرن... نەک هەر ئەوان... بەڵکو ئێوەش... نەفرینە... نەفرین... من حەسارێک یان خۆم رماند؟ من... باوک یان خۆمم کوشت؟ بۆ کوێ بچم کە دونیا حاشای لێ کردم؟ منێکی ئیفلیج و لە پەلوپۆ کەوتوو... لەنێوان ئەم گۆڕە و لەژێر بارستایی گردێک لەکرم... چکۆڵە و گرگن لە پاڵ لاشەی هەمیشە پەنماوی هەردوو قاچم بەقوونمەوە نووسان... بۆ کوێ راکەم؟ توولە سەگەکانیش بۆنی خوێنی باوکە بەدەستمەوە دەکەن... وابێ... گومەزی سیخناخ بە سەگەکان دادەڕمێ... بەدوا



خۆلێکێشانەوەی باوکە داتەپێ... بەسەر من و ئەودا... ئەوسا گەرەکە دامێنی زێوانەکەم بگرم و دەخیلی ببمەوە... وەستا و شاگردان بگرێ و گومبەتێکی پان و پۆرترمان بۆ بونیات بنێ... چش لێ میراتی باوکە و تەقاندنەوەی خوشکەکانم... ئیدی تەواو... مەحاڵە دەرباز بوونم... ئیتر تاماوم لەسەر لاشەی باوکم دەخۆم و دەخۆمەوە و دەخەوم... کاس بووم... گوێ پڕ لە وەڕین و گریە و زاری دایک و خوشکانم... تا ماوم ناحەسێمەوە لە مەزاری باوک کوشتە و کولانەی سەگاکانی... لەوەیە گوێیەکم بۆ سەدای وەڕین بێ و ئەوەی دیکەیان بۆ سەدای ناڵێن... نا... نەخێر... من لێم تێکچووە... نەگومەز هەیە و نەلاشەی باوک... نە وەڕینی سەگ و نە نەفرەتی دایک... نەنان و نە شەهوەتی زێوان... نە مەرگ و نە لەزەت و نەهەڵاتنی دایک و نە رەدووکەوتنی خوشکەکان... نا... گومەزی چی؟ من خۆم بوومەتە گۆڕستانێک کە جگە لە ئاهوناڵەی ئافرەتە رەشپۆشەکان و سەگوەری سەگە هەوەسبازەکان هیچی دیکە نابینم و نابیستم... ئیتر... تەواو... لەمەو دوا تا ماوم... دەبێ هەموو عومرم لەنێوان سەدای گەرمی ناڵین و وەڕین... وەڕین و ناڵین بەسەر بەرم... ناڵین... وەڕین... وەڕین... وەڕین... چەند ئەستەمە... هەم گۆڕ و هەم گومەز و هەم گۆڕستان بم... چ ئەستەمە... چ ئەستەمە... چ ئەستەم...!

«١٩٨٨-١٩٩٦»

# پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

... کە ئاوڕت دایەوە پێدەشتێکی پان و بەرینت جێ دەهێشت، رووت وەک بەری دەست، بەئاسمانەوەش، نزیک بەسەرسەرتەوە، قاژەقاژی دەیەها پۆلە ڕیشۆڵە کە خۆی دەدا لە هەزاران کاسیان دەکردی، هەر دەتوت بۆ مەرگ و دیلیەتی ئەو سەدەها ڕیشۆڵە بەندکراوەی ناو تۆڕەکەی سەر پشتی کەرە دێزەکەت دەیانقریشکاند، ترسایت لەوەی بەهێزی هەزارەها دەنووک و چرنووک تۆ و دێزە و تۆڕی پڕ لە ڕیشۆڵە بەئاسماندا هەڵفڕێنن، هێشتا گەڕەک لێتەوە زۆر دوورە، وای لەو گەڕەکە کۆن و پەڕپووتە، هەر دەڵێی کەچە جلێکە و لە هەزار لاوە پینەکراوە، لەوەدایە هەر هەموو پینەکانی لێک هەڵوەشێن چونکێ خودا لە ئان و ساتی دروستکردنی پەلەی بووە و جەمسەری پینەکانی جوان بەسەر یەکەوە نەدووریوەتەوە، لە شارێکدا کە گوایە بەر لە هاتنی هەر هەموو پێغەمبەرەکان هەر هەبووە، نە بوومەلەرزەیەک ڕماندوویەتی، نە لافاوێک بردوویەتی، نە لەشکری تورک و عەرەب و عەجەم توانیویەتی ئەو قەڵا تۆکمە و بەرزەی برمێنێ، نە گڕکانێک سووتاندوویەتی و نە نەفرەتی یەکێک لەو پێغەمبەرانەش نغرۆی کردووە.

وەک بڵێی کەیفخۆش بێت بەو ڕاوە بە بەرەکەتە یان ترس و تەنیایی و سوێی ساردی ئەو دەمەوئێوارەیە لە خۆت بڕەوێنێتەوە، کەوتیتە سەر وردەوری چرینی حەیرانێک، پەنابردنە بەر حەیران یەکەم فێڵ و دوا فێڵی سەردەمێکی زۆر کۆنی خۆتە، خوویەک کە



فرچکت پێوە خواردووە، چ یادێکی شیرینی ڕۆژانی زوو، چ خەم و حەسرەتێک و قەهرێکی هەنووکە، چ ترسێک بێ لە داهاتوو... تۆ دەچریکێنی، کە مەیلی گوتنی حەیرانێک لە دڵتا... لە ڕۆحتا وەئاگا دێ و دەتبزوێنێ، هەوایەک لە کەللەت دەدا، لە شت گران دەبێ و قورگت دەخورێ و دەمت پڕ دەبێ لە لیک و زمانت بەمێروولە دەکەوێ و تەوێڵت گەرم دادێ وەک کەسێک کە گرانەتای گرتبێ، لە نێوان کەیفێک و ژانێکدا ڕادەمێنی وەک هەنووکە، تا دێ هەناسەت خۆشتر دەبێ، ئەوەتا ئێستاش لە بەندێک دەگەڕێی... بەندێک لەو سەدەها بەندەی وان لە دڵتا، وەک مۆسیقاژەنێکی عاشق کە گەمە بەژێیەکانی کەمانجەکەی بکات ژێیەکانی ناو قورگت پاک دەکردەوە، بەخرۆشێکی خۆشەوە سەدای ئاوازێک لە دوورەوە دەهاتە بەرگوێت کە هەر سەدای دڵی خۆت بوو، پێچاوپێچ دەهات و تێکەڵ بەشێوەی شیرینی «هەمین»ێ دەبوو... لەناکاو تێت چریکاند، چریکەیەک بەسەر قاژەقاژی ڕیشۆڵاندا زاڵ، چریکەیەک کە ئەو دەشتە چۆڵ و سامناکە ئاوەدان بکاتەوە و سەدا و ناڵەی غەریبت بگاتە گوێی هەمینێ:

حەیران حەیرانە...
حەیران هەمینە...
قۆندەرەی زەردە و گۆرییەی چەلینە...
بەژنی ڕەشە ڕێحانە...
گەردنی شانەشینە
ڕوومەتی بەفر و خوینە
سەری مەمکانی شەکرن... بنیان هەنگوینە
برۆننە کاری خودای گەلە گەلەک ڕەنگینە

***

ئەوجا دەرێم حەیران حەیرانە... حەیران «هەمین»ە...
گەردەنی زەردە و مەمکی هەنگوینە
ڕوومەتی گوڵە و سینگی سپینە
سوندەکەم خواردییە بە«سوڵتان عەولا»ی...
بە«حوسێنی غازی»

پاش ئەو غەدار بابەی چ دۆستان ناگرم...
چ یارم نینە

***

ئەوجا کیژ دەرێ: هەتیمە لاوە
ئەورۆ ئێوارێ وەرە مارێ مە
دەستی ڕاستەت باوێ سەر شاملییێ بەکەزی
بۆن کە خالٚییێ لە گەردەنی
ڕاست و چۆپی قەنەفران...
دەربینە شەمامان
هەتا مەلای سبەینێ دەرێ: ئەلٚلاهو ئەکبەر
ئەستێرەی جەدی هەلٚدێ و کازیوەی دەدا
لە بۆ خۆت شەمامان بۆن کە و... غەمان بڕەوێنە...

گرمەی گەواڵەیەک و لە خرۆشی حەیران و چریکەی خۆشی کردی، کتومت لەوە دەچوو لە خەو ڕابچلەکیت، سەرت بەرز کردەوە، ئاسمانی پڕ لە هەور و هێڵ لەوەدابوو داتەپێ، دەیپڕووشکاند، بەیانی زوو کە هاتیتە دەرێ؛ هەمین سێ جاران مەچەکی گرتی و پاڕایەوە:

«لەبەر خاتری من... دەبا ئەورۆ نەچیتە ڕاوێ...!»

نا... بەگوێت نەکرد، بۆ خۆی گوت، ئەوەتا بەخۆ و بەتۆڕێکی پڕاوپڕ لە ڕیشۆڵە دەچیتەوە، قاژەقاژیان ئەم دەشتەی ئاوەدان کردۆتەوە، پێ هەلٚدەگری تاوەکو فریای ئەوە بکەویت بەرلەوەی تاریکی و سەرما و باران گەڕەک خامۆش بکا... تۆ سەرسامیان بکەی، ئاخ گەر ئەو هەور و هێڵە نەبووایە، ماڵی ئەوە بوو کە دوو سێ بەندان بچڕی، ئەو هەور و هێڵەی بەری قیبلەی گرتووە و... وا بەتاو دێ، کەمجار وا ڕێک کەوتووە، خودایە بەخێری بگێڕی، ئەو تاوە خۆشی و دڵگەشییەی لێ نەشێوێنی، بەیانییەکەی هەر ئەوە بوو کزەیەکی دەست و پێ تەزێنی هەبوو، چ بەترس و بیمە هەوری ڕەش و سوور تێکەڵی ئەم ئێوارەیە، لە نیوەڕۆوە کزەکەی نەما و کردی بەو «با» سەرشێتە، ئەو «با»یەی بۆتە فووی «ئیسرافیل» و هەوران پف دەدا، هەوران ڕادەدا، بەئاسمانان پەرش و بڵاوەیان پێ دەکا،



هەوران لێکیان دەخوڕی، گەر بباری دەیکا بەلافاو، لافاوێکی بێ ئامان، هەمین خەونێکی گەلەک ناخۆشی گێڕایەوە، زستان بێ بەقا و متمانەیە، دەربەست نییە کە تۆ شادیت یان غەمگین... تێریت یان برسی... دەربەستی ئەوەش نییە چەند کەلاوە و کۆلێتی هەژاران دەڕمێن، چەندانی وەک تۆ وا لە نێو دەشت و دەر و سەحرا دان، بێ کەپەنگ و چەتر و دەوار، بێ سایە و سەربان، تۆ خەمی خۆت نییە، خەمی ئەوەتە هەنووکە «هەمین»یش بەڕێوە بێ، بەوە چاکە ئەو وا لە ناوشاری، دەتوانێ بەچارۆگەکەی یان بەرانپیلەکەی سەر و پرچی لە باران بشارێتەوە، بچێتە ژێر چەترێک یان خۆی بداتە پاڵ دیوارێک، یان ژێر تاقی سەر دەرگایەک... هەنووکە وەختی خۆیەتی... ئان و ساتی ئەوەیە هەمین لە ماڵە ئاغا و بەگلەران بگەڕێتەوە... تا نەگەڕێتەوە ئەو ماڵە خامۆشە ڕووناک نابێتەوە... «عەمرەکەم هەمین... چاوەکەم هەمین»، ئەویش دەڵێ: «بە بێ بایزی دونیا وێرانە».

ئەلٚلاهـ... ئەگەر برسیەتی و دڵەڕاوکێ و ترسی دوژمنداری نەبووایە... ئەم دونیایە چەندە خۆش دەبوو دەروێش... لەوە پتر چیت دەوێ...؟ نێرەکەرێک و تۆڕێکی پڕ لە ڕیشۆڵە و... «بالای هەمین»ێ... ئەلٚلاهـ... دەبا بباریٚ... قابیلە کۆنە سەپانێکی وەک تۆ ڕقی لە باران بێ؟ مەحالە... هەر دڵۆپێک و گولەگەنمێک، هەر گولەگەنمێک و پاروە نانێک، هەر نانێک و گوڕ و تینێک، هەر گوڕوتینە و هەنگاوێک و... هەر هەنگاوێک و سەفەرێک و خۆشییەک و ماچ و دەست لەملانێ و قریوەیەک، دەبا بباریٚ، بارانی خۆشی و بەرەکەت و هات، بارانی نەجات... خودایە بەخێری بگێڕی، بەری قیبلە سوورە و ڕۆژئاواش ڕەش، پەڵەیەکی ڕەش وا هات و سکی داداوە، دەڵێی دەعبایەکی ئاوسە و ها ئێستا نا ها تۆزێکی دیکە دەزێ، دەزێ و وێلاشی دەتەقێ و خوێناوێک وەک باران، بارانێک وەک خوێناو شار دەشواتەوە... خێر بلێ دەروێش... ئەم هەورە لە چارۆگەی ڕەشی هەمین دەچێ «با» بیشۆوێنێ...

«هەمین وریا بە... با نەخلیسکێی ژنێ»

هەمیشە لەبەر خۆتەوە دەیدوێنی... لەوپەڕی دونیابێ وەڵامت دەداتەوە...

تەواو... تا دێ ئاسمان ڕووی خۆی تاڵ دەکا، تۆ دەتوانی بەپێی پەتی بەنێو ئەو وەرد و شیوەدا مل بنێی، زۆرت بۆ هات، چش لەو قوڕە زێلاقەیە، پێلاوە لاستیکییەکان دادەکەنیت، نێرەکەریش ترسی نییە، بەر لە خۆت دەگاتەوە ماڵێ، دەڵێی زانیویەتی

شتێک دەقەومێ، دەنا ئەو نەرمە غارەی بۆ چییە؟ تەنها بنیادەم نەبێ... دەنا هەر هەموو جروجانەوەرێک... مار و مێرووی سەر زەوی هەمووی چاوی غەیبی هەیە، پێشبینی دەرد و بەڵا و گرگان و بوومەلەرزە و لافاویش دەکەن... عەجایب... ئەی ئەو هەموو نوێژ و تەهلیلە و ویرد و خەڵوەتکێشییە لە پای چی؟ دەی دەروێش کەشف و کەراماتێک... هاواری شێخ کە، لەم دەشتە چۆڵە، هەنووکە، بایەقووش دیار نییە... گەر بکەویتە ناو قوڕ و لیتاوێک، کەندێک، چاڵێک... کەسێک نایە بەدەنگتەوە، تۆ جێ دەمێنی و کەرەکەشت بەبارێک ڕیشۆڵەوە لە هەمینێ وەژوور دەکەوێ، هەمین دڵی دادەخورپێ... لە تەنگەتاوی خۆی گوێی کەرەکە ڕادەکێشێ و هاوار دەکا:

«ئەدی بایز؟»

هاوار دەکەی... لەو چاڵەی تێی کەوتووی، یەکێ لەو چاڵانەی کە خۆتی تیا مەڵاس دەدەی تا ڕیشۆڵەکان ڕاو بکەی، ئەو چاڵانەی بەدەست و پەنجە و نینۆکە شەقاربووەکانت هەڵیدەکۆڵیت، بەئارەقەی نێوچەوانت قوڕە خەستەکەی شل دەکەیتەوە، لەو چاڵە چۆڵەی نێو ئەو دەشتە کپ و خامۆشە... هاوار دەکەی... بارانیش بەسەرتا دەبارێ، چاڵێکی ئەوەندە قووڵیش نییە، بەڵام برسیەتی و ماندوێتی برستیان لەبەر بڕیویت، تۆ «یوسف» نیت تا کاروانێکی سەرەڕۆ بەرێکەوت بەوێدا بڕوا و هەڵتکێشێ، «عەزیز»ێکیش بتکڕێ و «زولەیخا»یەک جەستەی لە ئارەق شەڵاڵت بشواتەوە، پاشان عەترت پیا بپرژێنێ... زولەیخا کێیە دەروێش؟ سەد زولەیخا بەقوربانی پەنجەیەکی هەمین بێ، بەتۆ چی زولەیخا؟ کێ وەک ئەو هەمین تۆ دەبینێ؟ کێ وەک ئەو لەگەڵ حەیران و لاوک و درۆکانت دەخرۆشێ...؟ کێ...؟ ئەو شەوەی کە دڵت لێی کرمێ بوو... پێی وتیت:

«باپیر ئاغا کێیە؟ سمایل بەگ چ کەرێکە؟»

کۆشکی چی و کەلاوەی چی؟ دڵنیابە جگە لە خۆت چ سوارێک نییە ئەو ماینە بێ لغاو و زینە ڕام بکا...

مەترسە گەر باری و کردی بەلافاو، گەر کەوتیتە چاڵێک و لە قوڕ چەقیت... هاوارکە:

«هەمین»...

یەکان دەر دوو زەوی بەرت دەدا، لە هەر کوێ بێ گوێی لە دەنگتە، چەندین جار پێی وتیت، هەور و هێڵ بوو مەچووە دەرێ، «ئەو ڕزقەمان لە خودای دەوێ»... ناکرێ... یەک دوو مانگی ترە و ڕیشۆڵەکان دەچنەوە کوێستان، ئەم مەلە جیقن و هیچانە چەندە عاشقە



زستانن، کەی بەفر باری ئەوسا پتر کەیفیان سازە، نێرەکەر لە نەرمەغار کەوت، ئەو تۆڕە پڕە هێستڕێکی گەرەکە، قاژەقاژی ڕیشۆڵەکان ئەوەندەی تر زەندەقی بردووە، کەری تاین سەری لەو قاژەقارە دەرناچێ، کەر نەبووایە دەیزانی بەندەواری و بەتۆڕەوەبوون چ زەحمەتە، تازە ئەوان تەواو... جارێکی تر نە ئاسمان دەبیننەوە و نە دەچنەوە کوێستان، دوو سێ ڕۆژی دیکە دەبن بەمەزەی چەند ئارەق خۆرێک، هەزار حەیف و مەخابن، تۆ بەو سەرما و سۆڵەیە ئەو ڕیشۆڵانە ڕاو بکەیت و ئەو مەست و مل هوڕانە بیخۆن... گوایە دەڵێن:

«خەفەت لابەرە...»

جا تۆ چ بزانی؟ لەوە ترسای لە نیوەی ڕێ ببارێ، تا دەگەیتەوە ماڵێ ئێسقانەکانیشت تەڕ دەبن، خەمی ڕیشۆڵەکانتە، جا ئەو مەلە مەلعونانە چ باکیان بەتەڕبوونە؟ سکیشت پێیان دەسووتێ، عومرێکە ڕاویان دەکەیت و کەچی تا ئەمڕۆ ڕیشۆڵەیەکت سەر نەبڕیوە... «سڵێوە» لەوە داخدارە و هەموو جارێک هاوار دەکا:

«ئیسلامی حیز و دز پیاو کوشتن ئاو خواردنەوەیە لە کنتان... بەڵانەکینێ ڕەشۆڵە سەر نابڕن... ها؟»

«سڵێوە پیاوم بکوشتایە چم دەکرد لە هەولێرێ... هەنووکە لە کاولە گوندەکەی خۆمان دەبووم»

«باشە کە ئەتوو ئەوەندە بەڕەحمی لۆ ڕاویان دەکەی؟»

«برسیەتی سڵێوە... برسیەتی»

«سەد کار و کاسبی دیکە هەیە»

«جا گاوری گاورباب چ ماوە نەیکەم...؟ چایەچی، قاپ شۆری لۆقنتەکان، توونچی، حەمباڵی، چەرچی...»

«ئەدی نابینم هیچت بەهیچ کردبێتن؟»

«لە فرت و فێری بازاڕ نازانم... پاشانیش ڕازی نابم کەس هاوارم بەسەردا بکا... ئەمن ملم لە بەرملی ئاغاکان دەنا، ئەو ئاغایانەی دەیەها زەلامیان لە چاڵ دەنا و کەس نەیدەوێرا بلێ: لەل»

«قسەکانت زلن دەروێش...»

«زل یان گچکە... ڕاوە ڕەشۆڵەم پێ شەریفترە... هیچ نەبێتن خۆم و دەشتێکی کاکی

بەکاکین... ڕازی نابم بۆ پارووە نانێک کەس بمکا بەکەری خۆی و گوێم ڕابکێشێ»

«باشە ئەفەندی ئەتوو دەزانی ئەو ڕەشۆڵانەی توو بەکێ دەفرۆشم؟»

«چاک دەیزانم... ئەو مەیخانەیەی تەنیشتت»

«یانێ ئەتوو بەو زستانە ئارەقەی ڕەش و شین دەردەدەی تا ڕاویان دەکەی... ئەوان دەیکەن بەمەزەی ئارەق خواردنەوە»

«چ لە توو بکەم کە خودا ناناسیت...»

«جا دەرویش کە ئەتوو دەیانکوژیت... چ شێخەکەت بیخوا و چ ئارەق خۆرێک، پاشان وەکی توو خودای دەناسم».

«جا ئەگەر زکم پێیان نەسووتابا خۆم سەرم دەبڕین... بۆ سەر بڕینەکە و پاککردنەکەی پارەی پترم لە جەنابت وەردەگرت»

ئەو جارە زیاتر پێی لێ داگرت و لێتی پرسی:

«ئەگەر ئەتوو ئەو پەپوولەیەی، لۆ هاتیتە شاری؟»

ئا... نەکەی... ئەو حەرامزادەیە دەیەوێ قسەت لێ بدزێ، دەیانەوێ ئەو نهێنییە بزانن، دەشیزانن... بەڵام نا... قەت نابێ لە دەمی خۆتەوە بیبیستن... دەیانەوێ بڵێی:

«ژنێکم هەڵگرت و گوندم بەجێ هێشت»

با بەو قەهرەوە بمرن، ئابڕووی «هەمین» ئەوەندە هەرزان نییە لە کنت...!

ئاوڕێکی دزانەت دایەوە، هێشتا گردی «کلک مشک» لێتەوە دیار بوو، هەر لەم ئاقارەوە... هەر لەم ڕێگەیەوە هاتنە هەولێرێ... هەردووکتان پیادە بوون، ئەوەندەی بیرت مابێ هێشتا بەهار بارگە و بنەی نەپێچابۆوە، تا گەیشتنە ئێرە سێ جاران لە پشتێت کرد، ترس ڕاوەدووی دەنان، ترس لە «باپیر ئاغا» و لە پیاوەکانی، لە باوک و براکانی، لە شوان و گاوان و سەپان و پاڵە و کوڕگەلی گوندی ڕاوەدووی دەنان.

زوو زوو پێی دەوتی:

«دامنێ بایز... حەرامە...!»

تۆش لەو تەماسە خۆشەی هەردوو مەمکی بەسەر هەردوو شەپیلکی شانتەوە خۆش نەدەبووی، ئەو کەیفە کەمە بەئاستەم لەو ترسی ڕاوەدوونان و هەڵات هەڵاتەی کەم دەکردەوە.



تۆش زوو زوو پێت دەوت:

«عەلی شوون هەڵگریان هینابی... جێی پێیەکانمان دەبیننەوە... با لە هەندەک جێ... جێ پێی یەک ڕێبوار دەستخەڕۆیان بکات.»

هیچت پێ نەبوو، جگە لە قەڵەمبڕێک کە جاروبار بەدەم ڕێوە گیاو گۆڵی بەهاریت پێ دەقرتاند و کێویانە داتدەکرماند و بەشی «هەمین»ت لێ دەدا. ئاخر «ئاغا» وەک بڵێی زانیبێتی نیازت خەراپە تفەنگەکەی لێ سەندیتەوە و پێی وتی:

«بایز... ئەتوو حەیرانبێژی... تفەنگت ناوێ!»

جگە لە بوخچەیەکی پڕ لە شڕوشیتاڵ و چەند پارووە نانێک هیچی دیکەتان پێ نەبوو، بەدەم «با»ی غارەوە ساتمەی دەکرد و دەکەوت و دە جاران دووبارەی کردەوە:

«بایز... دەترسێم وەکی "مامەند"ی بتکوژن و لۆ عیبرەتی دونیایێ ئەمنیش وەکی "زێڕین"ێ لێ بکەن... لە نێرەمووکەکی یان شێتەکی مارەم بکەن.»

بۆ ئەوەی پێ هەڵبگرن و بگەنە شاری و خۆتان دەنێو کوچە و کۆڵانەکانی ون بکەن، دە جاران عیبرەتی «عەیشێ»تان بۆ یەکدی گێڕایەوە، چیبیان لە «سمایل و عەیشێ» نەکرد؟ دوای یەک شەو لە بەدووکەوتنەکەی عەیشێ، چل سمێڵ بابڕی داخدار و توورە کەوتنە دوایان، بەر لەوەی بگەنە «قەرسیلۆک»ی سیامەند ئاغا و خۆ دەخیلی دیوەخانەکەی بکەن، وەک دوو قەتێی باڵ شکاو و ماندوو ڕاوکران، لە بەرەبەیانییەکی زوودا هەردوو عاشقە ڕووتەیان لەو چۆڵ و قەفرایە کوشت، بەهەڵەداوان گەڕانەوە و بەسەر ئەسپەکانیانەوە نێرانە دەلەنگینەوە، وەک نێرەکەو و ماکەوێکی کوژراو بەسەر پاشەڵی دوو ئەسپی بەڵەکدا دوو قەد شکابوونەوە، باسکی «عەیشێ»یان بەبازنەکانەوە بڕی و لەسەر دەرکی دیوەخانەدا هەڵیانواسی تا ببێ بەعیبرەت بۆ هەر هەموو کچانی گوندی، کچان و ژنانی ئاواییش سەرکزانە لە هاتن و چوونیاندا چاویان بەرایی نەدەدا سەیری ئەو دەستە بکەن کە سەدەها جار لەو چۆمەی خوار ئاوایی گۆزەی لە ئاو پڕ کردبوو.

قۆناغە ڕێییەک و لە مەزاری «ئەسحابە ڕووتە»ی لاتان دا، هەمین کێلەکەی لە باوەش گرت و هەردوو باسکی تێوەڕێنا، بەکوڵ و دڵ دەگریا و لە خودا و ئەسحابە و پیاوچاکان دەپاڕایەوە کە دێی ئاغا و پیاوەکانی، باوک و براکانی هەڵە بکا، پڕ بەدڵ حەزت دەکرد، ئەو حەلە، لە بری کێلەکە تۆی لە ئامێز بگرتایە، لێی گەڕای فرمێسکان بڕژێنێ تا هیچ نەبێ کەمەکێ هێور بێتەوە و ئەو ترسەی لە ڕۆحیا بارە کەم بێتەوە.

بەشەرمێکەوە پێت وت:

«هەمین بەسە با بڕۆین دەنا دەگەنە سەرمان».

بەقەهرێکەوە وتی:

«ترس نەبایە ئەوشۆ لەژێر ئەو گومبەتەی دەنووستین».

لە گومبەتێ هاتنە دەرێ، هەر لە نزیکی مەزارەکەوە نوشتایتەوە، گوێت بەزەوییەکەوە نا تا بزانی ئاخۆ گورژنی سمی ئەسپان نایە، هەمین لە دوای ئەو گریانە بەکوڵە خەنییەوە، هەر زوو خەندەکە لەسەر لێوانی کوژایەوە... کتوپڕ لێی پرسیت:

«بایز... گەلەک دەترسێم بچینە شاری و لەوێ نامراد و هەناسە ساردم بکەی... نامرادم ناکەی بایز...؟».

«هەمین ئەوەندە بەنامەردم دەزانی؟».

«حاشا بایز... بەس هەر ئەوەندەیە دەترسێم...».

بەئومێدی پیاوێکی عاشقەوە دڵنیات کردەوە:

«مەترسێ هەمین: قەت مەترسێ.»

ساتەیەک و خۆت بەپاشەڵی کەرەکە گرتەوە، هەورەتریشقەیەک و ڕەشۆڵەکان کەوتنەوە سەر قاژەقاژێک کە ئیدی بڕانەوەی بۆ نەبێ، لە ترسی قاژەقاژەکە کەوتەوە نەرماغار، کەوتیتەوە سەر خەیاڵی مەرگی ئەو مەلە جیقنانە، سبەی ئیوارێ دەبنە مەزەی ئارەقخۆزەکان، خۆت چەندە ئالوودەی سەربەستی و کەچی ئەو مەلە ڕەشانە لەو خۆشی فڕین و ئازادییە بێ بەری دەکەی، دەیانخەیتە ناو تۆڕێک و دیلیان دەکەی، دەیانفرۆشیت، ئەو ئێوارەیەی ڕاوەکەت گەورە گەورەبێ؛ خەڵکی گەڕەک منداڵە چڵمنەکانیان دەنێرن و هەریەکەو درهەمێک لەنێو لەپی چڵکن و ئارەقاوی خۆیدا دەشارێتەوە، کزۆڵە و سەرسام دێنە بەردەمت، وەک ئەوەی دڵی خۆیان دەنێو مشتیانا بێ چاوەڕێن... سێ چوار ڕەشۆڵە بەسە بۆ ئەوەی تامی شلەساوارەکە خۆشتر بکا، هیچ نەبێ تامەزرۆی ئەو منداڵە چڵێسانەی پێ دەشکێ، ئەوان بیخۆن خێرترە لەوەی ئارەقخۆرەکان بیکەن بەمەزە... بەڵام چ دەکەی؟ ناچاریت بیاندەی بە«سلێوە»، زۆرجاران پێیان دەڵێی:

«درهەمەکان ببەنەوە و بیانخەنە ناو دەخیلەکانتان».

کتوپڕ رۆژێک مانت گرت و بەخەڵکی گەڕەکت گوت:



«تەواو... داوای ڕەشۆڵە لە من مەکەن!»

هەر هەموو دەستیان بەیەک دادا و حەپەسان:

«ئاخر چ بووە؟ چ کرایە؟»

هاوارت کرد:

«ئەو بیژیانە لە خۆتان کافرترن... لەبەر چاوی من بەمووسی کول ملیان دەقرتێنن...!»

«ئێ خۆ "سلێوە"ش هەر سەریان دەبڕی...!»

«گووی دەخوا لەبەرچاوی من سەریان دەبڕی»

نەیان دەزانی چۆن چۆنی دڵت نەرم کەن و لەو غەزەبەت کەم کەنەوە، ناچار پەنایان بردە بەر هەمینێ، بەدوو دەست لە ملانێ ساردی کردیتەوە، بەدزییەوە پێت گوت:

«باشە هەمین... بەس با دوو هەفتە هە بەدرۆ خۆم گران کەم...!»

بەهەزار تکا و پاڕانەوە، ئاشتیان کردیتەوە، بەڵێنیان دا ئیتر خۆیان بێن و منداڵە چەتوون و چڵێسەکانیان نەنێرن، ئەو منداڵانەی خۆیان بۆ ڕاناگیرێ و بەگوێزانێکی کول یان چەقۆیەکی ژەنگار لە ملی باریکی ریشۆڵەکان هەڵدەسوون، نان پەیداکردن وا نابێ دەروێش، خودا لە گوناهی هیچ نەتخاتە دۆزەخ، لە پای گوناهی ئەو تەیرە بێ دەستەڵاتانە ئاگری جەهەننەمت پێ خۆش دەکات... دواجار... شێخ قادریش لێت هەستایە سەر پاشووان...

«بایز ئەتوو دەروێشی تەکیەی منی... تەکیە ئەوەندەی هەیە نانی خۆت ژنەکەت بدات».

«یا شێخ خودا لۆ ئەوەی دروستی نەکردیمە دەست لە گونان درێژتر لێی دانیشم و... شۆربای تەکیە بخۆم».

«شۆربا چییەتی ناشکور».

«هیچی نییە... بەڵانەکینێ خودا رقی لە پیاوی تەوەزەلە... ئەو خۆی فەرموویەتی: لە توو هەرەکەت و لە من بەرەکەت».

«جا ئەتوو رەشۆڵەگرتن بەهەرەکەت دادەنێی... ئەتوو وا خەریکە لە نویژ و ویرد و تەهلیلەش بی بەری بیت».

«ناچارم...»

«ناچار نیت... ئەتوو چاک دەزانی کە سڵێوە ڕەشۆڵەکانت بەکێ دەفرۆشیتن... خێروبێری تور دەچتە ناو ورگی ئارەقخۆرەکانی ناو هەموو مەیخانەکانی هەولێرێ... دەیکەن بەمەزە... دەزانی خودا لە پای ئەو گوناهە، لە ڕۆژی قیامەت، چیت لی دەکا ؟»

کە ئەو پرسیارەی دەکرد دوو لوولەی باریکی بریسکە و گڕ لە چاوەکانی دەپژان، یەکە یەکە بەوپەڕی ترسەوە لە هەر هەموو دەروێشەکانی ڕوانی و دەیویست بەچاو پێیان بڵێ کە ئاگری دۆزەخ وا لەبەردەمیاندا... دووبارەی کردەوە:

«دەزانی چت لێ دەکا ؟»

«نە ء...»

«کێم و زوون و سیان و پەنگرت لۆ دەکا بەمەزە و دەتداتێ»

«هەر ئەمن پێی نافرۆشم»

«بەس ڕاوچییەکانی دیکە وەکی تور پیاوی تەکیە و تەریقەت نین... پاشان ئەتوو گوناهێکی گەورەترت هەیە... تا کەنگی "هەمین"ی ژنت دەنێریتە ناو کۆشک و تەلاری ئاغاکان و بەگلەران و ئەفەندییە تەوالێت لووسەکان؟ کوڕم گوناهت دەگاتێ... با واز لەو شیر و هێلکە فرۆشتنە بێنێ.»

«هەمین ئاگای لە خۆیەتی یا شێخ... پاشانیش ئەو بەڕووتی ناچیتە ناو کۆشک و تەلارەکان؟»

«بەس لەو شوێنانە فەرزەندەکانی شەیتان گەلێ زۆرن»

«گەر وابی... ئەوە شەیتان لێرەش هەیە... لەناو ڕۆحی من و تو و دەروێشەکانی دیکەشدا هەیە.»

«بەس هەموومان بەزیکر و تەهلیلە دەری دەکەین... ئەو زیکر و تەهلیلەی کە ئەوە سەری دوو مانگە ئەتوو توخنی نەکەوتی»

«ئەمن لە "هەمین"ێ ناترسم»

«کوڕم گەر قسەکەی تور ڕاست بووایە ئەوە پێغەمبەران و ئەسحابەکان و پیاوچاکان ژنەکانیان لە کونی ژوورێدا نەدەبەستەوە؟»

«هەزار دروود لە ڕۆحی هەموویان... کەس لەوان پێویستی بەوە نەبووە خۆی و ژنەکەی بڕەنجێن تا پاروو نانێک پەیدا بکەن...»



«هەر قسان مەکە... با فریشتەکان نەفڕن و تەکیەکەم بەجێ بهێڵن.»

«بابە شێخ... قسەکانت لە جەرگم دەدا... ئەتوو لە کنت وایە ئەمن لە خۆشیان خۆ دەدەمە بەر باو و بۆران... نێرکەریش خۆی لەو دەشتە سارد و چۆڵەدا ڕاناگرێ.»

«ڕۆڵە... ئەتوو پیاوی تەریقەتی... ئەوە دوو مانگە دووجاران نەهاتیتە ناو هەڵقەی زیکر و تەهلیلە.»

«ڕاست دەکەی بابە شێخ... بەس ڕاوە ڕەشۆڵەش هەر ئەو دوو مانگەیە... گەر دوو عانە پەیدا نەکەم... مشک بکەوتە ناو کەندووم کلکی ئارداوی نابیتن!»

ئای دەروێش... یاشێخیش هەر وەکو سڵێوە دەتدوێنێ، لەبەر سێبەر کەروێشکە خەو دەکا و خەون بەحەفتا و دوو حۆری ڕووتەوە دەبینێ، ڕووباری شیر و هەنگوین، میوەجاتی سەد ڕەنگ و بۆن، غەریقی بۆنی بخورد، سەری لەژێر گومەزێکی بۆنخۆش و ژێریشی فەرشی کاشان، لە گەرمیان و کوێستانەوە مەڕ و بزن دێن و لە بەر پێی موبارەکی ئەودا سەریان دەبڕن، ئەم چوزانێ لەبەر چی خۆت هاوێشتە ناو تەکیە و پێنج ساڵانیش هەر لە لای خۆی چایەچی بوویت... ئاشپەز، تەنها لەوێ... لەژێر پەنای شێخ و دەنێو هەڵقەی زیکردا نەیاندەتوانی بتدۆزنەوە و بتکوژن... کێ دەیزانی کە ئاواهی بەم تەمەنەوە... وا بەجحێڵی دەبیتە پیاوی تەریقەت و جێنشینی تەکیە؟ هەر هەمینی کەلەکەوێت بوو تۆی ڕاپێچا و پێی وتیت:

«بایز خۆت بخە ناو خانەی خودا و پێغەمبەران... دەنا هەردووکمان دەبیننەوە و دەمانکوژن»

«کچەتیم... ئەمن هێشتا هەرەتمە... هەموو شەوێک دوو جاران دەپەڕم و کە دەشنووم شەیتانی دەبم... تەریقەتم پێ ڕاناگیرێ... هەمین وازم لێ بینە با نەکەومە بەر لەعنەتی خودا و پێغەمبەران»

«وە نەکەی دەتبیننەوە و دەتکوژن»

ساتمەیەک و... ڕابوویتەوە... بەپێی پەتی دوو هەنگاوت نا، پێڵاوە لاستیکییەی پێی چەپت لەو قوڕە خەستە جێ ما، لیتاوێک نەیدەهێشت هەردوو پێت لەناو پێڵاوەکاندا جێگیر بن، تاوێک پێڵاوی چەپ و تاوێک ڕاستەت لەو قوڕە عاسێ دەما، قەیتانەکانی پساون... پێرێ شەو هەمین ڕاستەی بەتەلێک بەستەوە، چەپەشی بەداوە بەنێک لە مووی کلکی کەرەکەت، بەم دوو پێڵاوە لاستیکەوە نەدەگەیشتیتەوە نەرمەغاری نێرەکەرەکەت،

ماکەرەکەی جارانت گوێ ڕایەڵتر بوو، ئەویشیان پێ گۆڕیت، چما ئەو خەڵک و خوایە چیت پێ ناگۆڕن؟ خوا، کار و کاسبی، ژن، ماڵ، ماکەر، دین و ئیمان... دەبێ هەر هەمووی بەکەیف و هەوای ئەوان بێ... کەیف و هەوای باپیر ئاغا... شێخ قادری لەپ کەسک... سلێوە... پێیان وتیت:

«دەروێش عەیبە... ئەو ماکەرە بفرۆشە و نێرەکەرێک بکڕە... لۆ دەروێشێکی وەکی توو جوان نییە بکەویتە دوو قوونی ماکەرێ.»

ڕەنگە دێزە بۆنی بەڵایەکی کردبێ، دەنا قەت وا خۆی شێت نەدەکرد، یان هی نەرمە بارانەکەیە... «با»ش هەوری ئاسمانانی ڕادەدا و لەسەر ئەو دەشتە وەک عەبای ڕەش هەڵیدەخست، مار و مێروو چوونەوە کونی خۆیان، باڵندەکانی ئاسمان دیار نەمان، نە سرتەیە و نە ورتە، زورگەکانیش لە دوورەوە کەوتبوونە ژێر تەم تومانێک، بۆنی خاکی تەڕ و هەوای سارد و... تا دێ ساردتر... دەستەکانت دەخەیتە نێو هەردوو گیرفانی شەڕواڵەکەت، ئەو دوو دەستەی لە سەد لاوە شەقار بوون، ئەو دەستانەی شەختە بەندەکان دەشکێنێ و... سەعات و دوو سەعات لە گوریسەکان گیر دەبن و چاوەڕێی قەتارە و ڕەوەی بەبەرەکەتی ڕیشۆڵەن، چاو دەبینێ، ڕادەمێنێ، هەموو زەین و خەیاڵ و ئاوەزت لایانە، لەوە دەترسیت گوریسەکە ڕابکێشیت و بەپشتدا وەرگەڕێیت و تۆڕی بەتاڵ و هەزاران ڕیشۆڵەی قورگ پڕ گەنم و جۆ هەڵفڕن، لە دەمی خۆت و هەمینێ دەگریتەوە و لە بەردەمی ئەو ڕیشۆڵانەدا ڕۆی دەکەی، زیت و زیرەکن، زۆر جار فریوت دەدەن، تاوێک نیشتن و تاوێک هەڵفڕین، چاوەکانیشت وەک جاران نین، ئەمێستا کزترن، ئەو دەستە بۆر و زبر و شەقاربووانەی هیچ ئافرەتێک حەزیان پێ ناکات، کەچی هەمین شەوانە نانوێ گەر ماچیان نەکات، هەموو شەوێکیش دەستی ڕاستەی نەخاتە بەر باخەڵت خەوی لێ ناکەوێ، تۆ بڵێی هی ئەو ترسە نەبێ، ترسی ڕەدووکەوتن و هەڕەشەی باوک و براکان؟ بایەکی سارد ئاو لە چاوانت دەهێنێ، دەم و لووتت بەجامانەکە دەشاریتەوە، وەک ئەو دزانەی شەوانە دێنە سەر ماڵان، خەوت سووکە، دەنا ئەو شەوە مانگاکەیان دزی بوویت، دەرگایەکی تەنەکە چییە؟ بەلەقەیەک دەکرێتەوە، وا چاکە دەرگایەکی ئاسن بەڕادان بدەیت، دونیا پڕ بووە لە دز و حیز، ئەوە شارە و... شاریش پڕە لە سەگ و گورک، دەرگاکەت بگۆڕە، دزان مرخیان لە مانگا و نێرەکەر و مریشکەکانت خۆش کردووە، بەوە چاکە کە خەوت سووکە، کەوتنی گەڵایەک، جریوەی چۆلەکە، خشپەی پشیلەش وەئاگات دێنێ، هێشتا پاشەڵت تەڕە و تەزوویەکی سارد لە بڕبڕەی پشتتەوە تا تەوقی سەرت مێروولە دەکات، ڕەوە



ڕیشۆڵەیەک ڕووە و ڕۆژئاوا باڵ لێک دەدەن، گوێی گرانت بۆ فڕکەی باڵیان هەڵدەخەیت، چ هاش و هووشێکی ترسناکە، سەرت تەپە و لەشت گران، کێ ناڵێ دوای دوو سێ ڕۆژی تر ئەو ڕەشۆڵە ئازادانەی سەر لە بنی هەورەکان هەڵدەسوون نابنە دیلی تۆ؟ لە تۆڵەی ئەو خەیاڵە خەراپە جیقنە بارانیان کردیت... بەسەری پەنجەی شایەتمانە ئەو کەم جیقنەیەی سەرکەپووت سڕییەوە. چ قەدەرێکە بەڕووی دونیادا دەجەنگیت، تارمایی و ترسی ئاغاکان، هەڕەشەی بابە شێخ، فڕ و فێڵی سلێوە، ترسی لێ خۆش نەبوونی براکانی هەمین، تارمایی ئەو ترسە وەک سێبەر هەر بەدواتەوەیە، لە لا کۆڵان و نێو قەیسەری و سێبەری مزگەوتان، لە نێو قەڵەبالغی بازاڕی کۆنەفرۆش و سەفارچی و تەنەکەچی و کوتاڵ فرۆشان، چایخانەی کەوبازان، گوزەری ئاسنگەران و دارتاشەکان، دەڵاڵخانە و کۆڵانە تاریکەکانی خمچییان، حەجمانت لە بەر بڕابوو، قاپ شۆڕینی لۆقنتان؟ کاری ژنانەیە و چیدی نایکەم... ئەی چی بەهەمینێ بڵێی...؟ چایەچی؟ نەدەکرا، لەوەدا بوو هەر بەڕێکەوت یەکێکیان ڕێی بکەوتایەتە چایخانەکە و بتیکوشتایە، ببە پۆلیس... هیچ نەبێ تۆڵەسێنەکانی گوندی، براکانی هەمین لە تفەنگی شانت سڵ دەکەنەوە، پۆلیسیش هەر دەکا پیاوی خەڵکی، هەر شەوەی پاسەوانی کوچە و کۆڵانێک، دەبوو تا ماویت بەدوای پیاوی جەربەزە و ئەشقیاوە غار بدەی، ڕۆژێکیش بەدەستی چەتەیەک دەکوژرای، هەر ئەو گاوربابە ڕاوە ڕیشۆڵەی لە لا خۆشەویست کردیت... لە هەموو کارێک چاکترە، لەو دەشتە چۆڵ و هۆڵە خۆت بزر دەکەیت، نا... ڕۆژێک دێ بتدۆزنەوە و بتکوژن و لاشەکەت بکەنە خۆراکی قەل و داڵ، زۆربەی بەیانیانیش ژان دەچێتە دڵتەوە، ئەو بەیانیانەی دەیەها ڕیشۆڵەی دەنووک شکا و لەسەر شۆستەی جادەکان دەبینیت، لە نێو قوڕ و لیتاو خەڵکی بێ ئاگا پێیان لێ دەنێن، دەپلیشێننەوە، ئەوان چوزانن چۆن ڕاویان دەکەی، چی ئەو ڕیشۆڵانەی گەیاندۆتە سەر شۆستەکان؟ وای لە منالە چەتوونەکان، ئەم شارە بەسەر دارلاستیکدا وێران دەبێ، تۆ بڵێی دەنێو دەنووکی واشە و هەڵۆکانەوە بەر ببنەوە...؟ هەر دەڵێی هەموو شارەکە دەستی لە کار و کاسبی هەڵگرتووە و ڕیشۆڵە ڕاو دەکەن، جاران دوو سێ ڕاوچی بوون، هەنووکە لەوەتەی ژمارەی مەیخانە و ئارەق خۆرەکان زیادی کردووە، ڕاوچیش خەریکە زۆر دەبن، بەوەی باشە هەمووان بەرگەی سەرما و سۆڵەی زستان ناگرن، ڕۆژانی وەک ئیمڕۆ سارد زۆربەیان غیرەت ناکەن لە ماڵێ بچنە دەرێ، گەش بوویتەوە، هەمووان بەغیلیت پێ دەبەن، «نامەردینە... من نەک هەر لەم دەشتە لە هەمووتان نێرترم... نێرەمووکینە... هەمین خۆیم بۆ شل بکات هەموو شەوێک دەپەڕم.»

راوچییەکانی برادەرت بەیەک دەنگ قۆشمەکەت دەقۆزنەوە:

«ئەشهەدوو... دەروێش ئەشهەدوو... پیاوی تەریقەت نەبوویتایە... کەس نەیدەوێرا لەو دەشتە لەگەڵ توو بمێنێتەوە.»

«نە ء... هەموو شتێک و ئەوە نا»

عەیامێکی زۆریش خەونت ئەوە بوو سلێمان پێغەمبەر ئاسا ببیتە پادشا و سەرداری هەر هەموو تەیر و باڵندەی ئاسمانان... نابیت... تۆ کابرایەکی دونیاییت، ئەم ڕیشۆڵە بەستەزمانانە ڕاو دەکەیت و دەرخواردی مەیخۆرەکانی دەدەی، تۆ بڵێی جگە لەو پیرە هەولێرەی لە چ شار و وڵاتێکی دیکەی دونیا کەسپی وا هیچ هەبێ؟ هەموو ساڵێک چەند دانەیەکی هەڵقە لەپێ ڕاو دەکەی... تێ ناگەی کێ ئەم هەڵقە وردانەی لە قاچی چەپ یان ڕاستی ڕەشۆڵەکان بەستووە؟ دەبێ ئەو کەسەی ئەوەی کردبێ چ مەبەستێکی هەبووبێ؟ هەندێ جار کە بەختت یار دەبێ، ساڵانە یەک دوو جار دەیەها هوزار و مەلی ڕەنگین دەکەونە ناو تۆڕەکەتەوە و بەپارەی مۆڵ لە بازاڕی کەوبازەکان دەیانفرۆشیت، هەندێ جار ڕەشۆڵەکان بەدەنووک بەر دەبنە گیانی ئەو مەلە ڕەنگین و غەریبانە، سەیرە... دەستیان لێ دەدەی، هەست دەکەی لەشی ڕەشۆڵە مێیەکان و هەر هەموو مەلەکانی دیکە لە هی نێرەکانیان گەرمترە، دەبێ حیکمەتێکی تیا بێ، هەر کە کۆچیش دەکەن بەپەڕ و باڵی تازەوە کۆچ دەکەن، لە ترسی دوژمنەکانیان ڕەنگی هێلکەکانیان دەگۆڕن، برسیەتی نەبێ ئەوە کەی ڕاوی پیاوە؟ لەوەتەی دونیا دونیایە مرۆڤ مەل و ماسی و حەیوان ڕاو دەکا... چ خەمێکی گەورەیە کە نابڕێتەوە. جا تۆ خەم لە چی دەخۆی؟ ئەوەتا ئەمڕۆکە پیاو ڕاوی پیاو دەکات، مرۆ لە ڕۆژانی ئەشکەوتەوە تا هەنووکە وازی لە ڕاو نەهێناوە، هەموو گیاندارەکانی سەر زەوی و ئاسمانان هەر هەمان ڕاو دەکەن کە لە سەرەتای بوونەوە هەبووە، تەنها... هەر بەتەنها مرۆڤ نەبێ کە هەزار فڕ و فێڵ و تەڵە و فاقە و بەند و باوی بۆ ڕاو دروست کردووە، حیکمەتێکی تێدایە، شتێک لەسەر شتێکی دیکە دەژی... دەلەوەڕێ... دەخوات... هێی چ ناشیرینە ئەم حیکمەتە... هەمین زوو زوو پێت دەڵێ:

«دەروێش... ئەمن لەوەی دەترسێم ڕۆژەکیان خودا قودرەت بداتە ئەو ڕەشۆڵانە و بەگوریس و تۆڕەوە لۆ حەفت تەبەقەی ئاسمان بتفڕێنن...»

بۆ نا...؟ ڕێی تێ دەچێ... لە تۆڵەی ئەو هەموو ساڵانەی ڕاو بتبەنە ئاسمانێک جگە لە هەور و هێڵ و بەفر و باران و تەرزە هیچی دیکەی تێدا نەبێ، نێرەکەر زیاتر تاوی سەند،



ئەوەتا ئاوایی لەژێر تەنکە تەم و تاریکی ئاسمانێکی بەهەور و هێڵ وەدەرکەوت، چاوت هەڵبڕی، گەڕەک لە دەعبایەکی هیلاک و خەوتوو دەچوو، هەنووکە هەر لە دوورەوە تا دەگەیتە بەرماڵەکەی خۆتان مناڵانی گەڕەک لە کۆڵانە دوور و نزیکەکانەوە دادەبارێن و خۆت و کەرەکەت سەغڵەت دەکەن، زاق و زریقی ئەوان و قاژەقاژی ڕیشۆڵەکان و هات و هاوار و سڵاو و جنێوی باوک و دایکانیان ئەو گەڕەکە دەخاتە سەر هەڵەکەسەما، ئەو ئێوارانەی بەتۆڕی بەتاڵەوە دەگەڕێیتەوە پیاوانی گەڕەک و ژنان و مناڵەکانیان مەزاقیان پێ دەکردی، ئیمڕۆ ئێوارە سەر بەرزانە... نێرانە گۆچانەکەت با دەدەیت و بەچەپ و ڕاستدا سڵاو دەکەیت و وەک سەرهەنگێک جەنگێکی کوشندەت بردبێتەوە سەر دەلەقێنی و زەردە دەتگرێ، ئەم ئێوارەیە تۆڵەی هەموو ئێوارەکانی دیکە دەکەیتەوە، ئەو ئێوارانەی دڵساردانە پێڵاوەکانت لە دوای خۆتەوە ڕادەکێشا... ئەو ئێوارانەی پێیان ڕادەبواردی...

«ئەمڕۆش هیچ...!»

سانایە... سانا... ئەوەتا ئەمڕۆکە بەختت یار بوو، پشتێنەکەت شل بۆوە و تا لە قاچەکانت نەئالابوون دەرکت پێ نەکرد، لە نێو قوڕ و چڵپاوەکە خشی بوو، ئێوارە بەهەمین دەڵێی بێ نوێژ بوویت و دەیشوات، مەنجەڵە ئاوێکت بۆ گەرم دەکات، هەمین هەرخۆی دە دوانزە ڕیشۆڵەش سەر دەبڕێ، چونکە تۆ دڵت نایە، وەی لە سینگی تورتی ئەو ڕیشۆڵانە، بۆنی گۆشت و کەفاوی سابوون و خۆشی ڕاوێکی تێر و هەوەسی گەرمی نێو حەمام خوێنت گەرمتر دەکات... پشتت دەشوات... بەسەری پەنجەکانی هەردوو کۆڵنجت بۆ دەگرێ... دەمارێک شل و دەمارێک ڕەپ، هارتر دەبیت ئەو وەختەی پشتت چەور دەکا و بەناو لەپی دەست کۆڵنج و لاملت دەشێلێ...

«دەروێش، ئەو ڕۆژە ژنەکەی ئەمین ئاغا داوای لێ کردم کۆڵنجی بگرم»

«جا گرتت...؟»

«ئا... بەرام گۆتی: ئەوەندە باسی ئەو شێلانە جوانەی تووم لۆ ئەمین ئاغای کردییە... حەز دەکا بیشێلی...»

«شتی وا نەکەی هەمین»

«کوو دەیکەم؟»

«هەمین... ئەمن لەو کابرایەی بەشکم... عومری من و تو و شکیان نەگۆتییە... بەس تووخوا واز لەوێندەرێ بینە...»

به گوێی کردیت... پێی بڵێی: بمره... دەمرێ...

ئەوەتا لە دوورەوە بەهەڵەداوان هاتن... ئەو لەعنەتییانە... هەریەکە و چاوەڕێیە ڕیشۆڵەیەکی بخەیتە دەست، هەرجارە و دە دوانزەیەک بەریان دەکەوێ، تا هەتیوەکان وەستا بن نایدەی بەوانی تر، تا منالاَنی حەماڵ و گاوان و کۆنە جووتیار و پاڵە و شاگردە چایەچی و کەبابچی و لۆقنتەچی وەستا بن نایدەی بەکوڕە پۆلیس و سەربازەکان، دەمەوئێواران لە بەردەرگاکان و نێو دوکانەکان سێ و چوار کۆ دەبنەوە، گلەیی لە زەمانە و بەختی هیچی خۆیان دەکەن، کەسانێکی برسی و ڕەش و ڕووت، تووڕە و تۆسن لە تاو زەرەر و بێ بەشی و بێ کاری، دەروێش... تۆ لەوە سەرت سوڕماوە، بۆ دەبێ ئێوە برسی بن و کەسانێکی دیکە تێر؟ نە مەلای گەڕەک، نە بابە شێخ وەڵامی ئەم پرسیارەت نادەنەوە...

«بەخێر بێیتەوە... ئەوڕۆکە شێر دیاریت»

«ئەی خۆ ڕێویش نیم»

ئەو هەموو منالاَنە... سەرکە و بنکە... دەتوت لە کونە دیوارەکانەوە، لە کەلێنی خشتە خوساوەکانی دیوارە گڵێنەکانەوە، لەژێر بەرد و داری حەوشەکانەوە، یان نێو گەڵی دایکیانەوە دەردەپەڕن، قاقای پێکەنینی ئەو پیاوە ماندووانەی بۆنی گریانیان لێ دێ، نرکە و ناڵەی بێهێز و کوژاوەی ئەو دایکانەی لەناو ژوورەکانیانەوە هاواریان لە منالەکانیان دەکرد کە بێنەوە ژوورێ، ئەو ژوورە تاریکانەی کە جگە لە شەڕ و گریان و برسیەتی و تەلاَق و پێکدادان هیچی دیکەیان نەدیوە، کاریتە و شەقڵەی ڕەش، حەسیری داڕزیو و هەڵتۆقیو و داکەوتوو لەژێر بارستایی قورسی خۆڵ و گڵ، ئەو هات و هاوار و غەڵبەغەڵبەیەی کە سواوە، چەشنێک دەدوێن، چەشنێک پێ دەکەنن، چەشنێک دەگرین تا بیسەلمێنن هێشتا زیندوون، ڕۆژ تا ئێوارە بەشەڕ دێن تا بیسەلمێنن ئەمەیان گەڕەکە نەک گۆڕستان، قوڕ و چڵپاوی کۆڵان غارغارێنی منالەکانی گران دەکرد، زۆربەشیان پێ خاوس، زوو زووش هەڵدەخلیسکان، مام ڕەشید، بەبەغالەتەوە، لەناو دوکانەکەی ڕوو نیشتووە و لەو تۆرە پڕ لە ڕیشۆڵەیە ڕادەمێنێ، تۆ وەک هەمیشە لەوێدا ساتمە دەکەیت و خۆت بەکەفەڵ و قوونی کەرەکە دەگریتەوە، مام ڕەشی چاوی ئەوەندە پیسە سوار بەسەر ئەسپەوە دەگلێنێ، بەرد شەق دەکا، ڕۆژێک مابێ نەفەسی پیسی تۆ و کەرەکەت دەکوژێ، ژنەکان بەمەکرەوە پێت دەڵێن:

«خۆشی لە هەمینێ... ئەمەش پیاومان هەیە؟»



یەک دوو پیاو دەنەڕێنن: «بڕۆ ژۆرێ... دەم درێژ...!»

تاوە بارانێک دایکردەوە و منالەکان لێت تەکینەوە، گەیشتیتە ئاستی ماڵەکەی عەونی زوڕناگیۆ؛ ئەو گەوادەی ژنەکەی بۆ قەسابە تورکمانەکان دەبات، گەوادی بێ باک، خێراتر کەرەکەت تاودا نەبا عەونی سەر دەربێنێ و تۆش ناچاری سلاَوێک بکا، خۆ «کارەبا»ی ژنی... هەر بۆ خۆی کارەبایە، مێردمنالاَنی گەڕەک لەناو باخچان باخچەوانێکیان بەسەرەوە گرتبوو، بوو بەهەڵلاَ لە گەڕەکێ، عەونی وتبووی: «ژنەکەم جوانە و بوختانی لۆ هەڵدەبەستن!»

کە دەگەیتە لای «شێمە»ی دوکاندار بەتەوسەوە پێت دەڵێ:

«خودا ڕزقی داوی!»

ئەم قسەیە یانێ «کوا قەرزەکانم؟»... ئەوەتا قومارخانەکەی «ڕەسوول کەساس» زرمەی دێ، سیخناخ بەپیاوانی تووڕە و تڕۆ کە ژن و دایک و خوشکانیان دەغەزار کردووە، کە دەبینەوە کەیف ساز، کە دەیدۆڕێنن بەوانی دەڕێژن، لە سەری کۆلاَنێ ئاوڕێکت لە مزگەوتەکە دایەوە، پیرەمێردەکانی گەڕەک بەلاکەلاک ڕووە و مزگەوت هەنگاوی سستیان دەنا، خێرا هەواڵی ڕاوە چەورەکەت وەک ئاگری ناو پووش بەگەڕەکدا بلاَو بۆوە، بێ باک لە باران، پیاوان و ژنان دەهاتنە بەردەرگا و لە منالەکانیان دەخوڕییەوە، دەیانویست بەشی خۆیان لە تۆ بقاچێننەوە...

«سەرتان بەگۆڕی بابتان... کەرەکەم شێت مەکەن...»

بەکەیف و هەواوە گۆچانەکەت دەوەشاند و بەر شان و شەپیلک و پاشەڵی منالەکان دەکەوت، ئەوانیش هەڵدەبەزینەوە، منالاَنی مل باریک و لاق باریک، باریک و بنێس، سپێنەی چاوانیان زەرد هەڵگەڕاو، بەدەم ڕێوە سۆفی برایم بەخێرهاتنەوەی کردی و پێی وتیت:

«دەروێش... لە پیرێوە یا شێخ لێت دەپرسێ»

زارێ ڕێی پێ گرتی: «دەروێش... تازە لەوێ بووم... قاپە شیرێکم دەویست... هەمین نەهاتبۆوە...»

دڵت داخورپا... نەهاتۆتەوە؟ خۆ زۆربەی ئێواران زووتریش لەم وەختە دێتەوە، خێراتر پێت هەڵگرت و نەقیزەیەکت خێواندە لا کەفەڵی کەرەکە، ئەزیەتی پێ گەیشت و... تاوی سەند، چاوێکت هەڵبڕی... دوور بەدووری سێ چوار پیاو و ژنت بینی... نزیک قاپی

دەرگای ماڵەکەت وەستا بوون... نەتناسینەوە... دەر و دراوسێی دەروێش دەیانزانی ئەو پیاوە وردیلەیەی کەوتۆتە دوای کلکی کەرەکەی بەپەلەیە لەناو دەرگاکەوە «هەمین»ی کە لەکەوێت بەپیرییەوە بچێ، ئێوارەیەک و دوو... دە... سەدان ئێوارە، هەر تۆزێکی دیکەیە و کۆڵان و بەردەرگاکان چۆڵ دەبن، هاتنەوەی دەروێش نەبووایە ئەم هەڵڵایەش بەم ئێوارەیە ساردە دانەدەمەزرا، دێزە وەک بلێیی بۆنی ئالیک و ئاخوڕی خۆی کردبێ چوارناڵە لە غار نەدەکەوت، بەگومانەوە لە پیادەڕۆکان ورد دەبوویتەوە، بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە کلیلەکەت خزاندە ناو قفڵەکە و پێچێک و دوو... باتدا... زنجیرەکەت لە هەڵقەی قفڵەکە دەرکێشا و ماندووانە بەلەقەیەک دەرگات لەسەر ماڵی خامۆش کردەوە، مانگاکە لە جێوە ڕاچەنی و پاش تاوێک کەوتەوە کاوێژکردن، پڕمەی نێرەکەر و قاژەقاژی ڕیشۆڵەکان خامۆشیی حەوشەکەیان شکاند، ئەو ماڵە کپ و تاریک و مردووە بەو قاژەقاژە زیندوو بۆوە، تا دەهات تاریکی بەسەر دڵ و کەلاوەکاندا دادەڕژا، ئەو هەورە ڕەشەش تاریکتری دەکرد... ماڵ بێ هەمینێ چ ترسناکە...!

هەر بەپەلە پەقرەجێکت لە بەرمیلەکە پڕ کرد، تۆڕی پڕت لەسەر پشتی کەرەکە داگرت، پەقرەجەکەت خستە بەردەمی، کە زانیت هەناسە بڕکێی پێ کەوتووە، پەقرەجەکەت لابرد و خستتە بەردەمی مانگاکە، گەرەکت بوو تا هەمین دێتەوە ئەو ترس و تەنیاییە بڕەوێنێتەوە، لە کادینەکە پێنج شەش جام «کا»ت هانی و لە بەردەم مانگاکە ڕۆت کرد، لە بەرهەیوانەکەش جامێک «جۆ»ت لە تەلیسێک دەرهانی و تێکەڵی «کا»یەکەت کرد، دێزە لمووزی بۆ برد، تۆ نەتهێشت، بەئەستوندەگی ناوەڕاستی هەیوانەکەوە بەستتەوە، بەچواردەوری خۆتدا خولایتەوە و لە هەیوانەکەوە ملت ناو لە ژوورە تاریکەکە دەستت کوتا تا لە دەلاقەکە فانووسەکەت دۆزییەوە، شقارتەیەک... شووشەکەیت هەڵبڕی و فتیلەکەت ئاگردا، تاوێک بەشەوارە کەوتیت و، هێدی هێدی کەل و پەلی ناو ژوورەکەت ناسییەوە، هەموو شتەکانی جێ پەنجەی «هەمین»یان بەسەرەوە بوو...

«هەنووکە... هەر دێتەوە...!»

دەمە و ئێواران بەدەم ڕێوە چی پارچە خشت و تەنەکە و بوتڵ و قوتووی بەتاڵ و شڕ و شیتاڵی دەست بکەوێ... دەیانهێنێتەوە، دەیانخاتە ناو بەرانپیلەکەی...

«چییان لێ دەکەی هەمین؟»

بەکەڵک دێن... هەر بەو خشت و بەرد و تەنەکانە حەمامێک و کادینێک و کۆلیتێکی



دروست کرد، ژنی ماڵدار هەر لە هیچەوە ماڵ دادەمەزرێنێ، هەمین نەبووایە کرمەڕیز دەبووی، مانگاکە بۆڕاندی، پڕوشەی باران بەر ڕیشۆڵەکانی بەرهەیوانەکە دەکەوت و لە خۆشیانا یان لە ترسانا لە قاژەقاژ نەدەکەوتن، ئەوەندەی کە تینت تیابوو تۆڕەکەت بەرز کردەوە و ڕووە و ژوورەکە بەکێشت کرد، سێبەری بەردەوام شکاوی خۆت لەسەر دیوارەکان، قاژەقاژی ڕیشۆڵەکان ماڵەکەیان لێ کردی بەماڵی جنۆکان، وەک ئەوەی بترسیت بەتاو تا بەردەرگای حەوشەکە ڕۆیشتیت و بەچەپ و ڕاستی کۆڵاندا ڕوانیت، کەس بەدەرەوە نەبوو، چ زوو بزربوون، یەکەم ئێوارەیە مناڵەکان تا ناو حەوشەکە نەیەن... عەجایب... وەک بلێیی بۆ کارەساتێک تۆیان جێ هێشتبێ... ویستت هاوار بکەیت و هەموو گەڕەک لە خۆت کۆ بکەیتەوە، یەکە یەکە لە دەرگاکان بدەیت و هەر مناڵە و ڕیشۆڵەیەکی پێ ببەخشیت، هەر تەنها بۆ ئەوەی ئەو ترسە کت و پڕە بڕەوێنیتەوە، ئێوارەیەکی تەڕ و تووشە، تاریک... ناشیرین... غەمهێن... خەریکە کەیفی ڕاوەکەت بکوژێ... هەرچەندت کرد نەتدەوێرا بچیتە ژوورەوە... عەجایب... تۆ کەی ئەوەندی بێ غیرەت بوویت؟

«ماڵت شێوێ هەمین... ئاخر چەند جارانم گوت پێش ئەوەی تاریک دابێ... بگەڕێوە...»

بێ ئۆقرە هاتیتەوە ژوورێ... کتلییەکت پڕ ئاو کرد... هێزو سەنگی ئەوەت نەبوو زۆپاکە ئاگردەی، ویستت کەرەکەت ئالیک بدەی، ڕووە و گەنجینەکە ملت نا... چوویتە ژوورێ... نزمترە لەوەی بتەوێ سەر بەرز بکەیتەوە... هەمین تا شتێک دەدۆزێتەوە بڕبڕەی پشتی دەشکێ، سەد دوعای نابەدڵ لە تۆ دەکا کە بۆ دەبێ بنمیچی گەنجینەکەت بۆ بالا کولەکەی خۆت ڕایەڵ کردبێ... حەمام... ئاودەستخانە... کادینەکە... لە هیچیان حسیبێکت بۆ «هەمین»ی کەڵەگەت و بەژن زراف نەکردووە... بیرت چۆوە بۆچی دەگەڕێیی... گەنجینەی چی؟ پڕە لە شڕوشیتاڵ... سەری هار و ماری تیایە... پڕە لە کورسی شکاو... جۆرەها بوتڵی بەتاڵ، جامی قووپاو، کۆنە کورتان، تایەی پاسکیل، مێخ زنجیر، دەیەها قفڵ و تۆپەڵی کلیل، کتلی و قۆڕی ڕەش داگەڕاو، سەر تەبەق، کەوچکی دار، پەقرەجی شکاو و تەنەکەی کون تێبوو، ڕەحەتی، تەڵەی مشک، داسی دەم خوار، مەشکە، گۆچانی کامەشکاو، مەقاش، دەسگرە، مەقەڵی، قایش، قوتیلەی زۆری پڕ لە گۆگرد و قیر و زفتی وشکەوەبوو، تۆپەڵە بەن، دۆخین، لیفکەی داڕزیو، کڵاوی دڕاو، هێلەگ، بێژنگ، سەرکەڵە، تیرۆکی شکاو، پنە، پێڵاوی زۆری تاکە و تاک، پەمپی نەوت، کۆنە تۆڕی لێک هەڵتلیشاو،... چەندین سەری فلیقاوەی ڕیشۆڵە... پەڕێکی زۆر و ڕژاو... کە هەر

هەمووی بۆن و ڕەنگی سەردەمێکی زۆر کۆنیان لێ دەهات... هەر هەمووی بەزمی «هەمین»ە... کۆن و نوێ نازانێ... زوو زوو پێی دەڵێی:

«منیش شتێکم لە شتە عەنتیکەکانت...!»

گوێت بەتەقەی دەرگاکە زرنگایەوە، ڕاتکردەوە حەوشێ، سەیرێکی دەرگاکەت کرد، بایەکی لەناکاو هەڵیکرد و زنجیر و قفڵەکەی بەدەرگاکەدا دەدا، سەرێکت هەڵبڕی، هەوران شەپۆلێی ڕەش ئاسا یەکدیان ڕادەدا، سەر لێ شێواوانە بەهەمو لایەکدا بڵاو دەبوونەوە، کە چوویتە ژووریّ لە وێنەکەی خۆت ڕامای... ئاه... ئەمیش وەک شتە کۆنەکانی ناو گەنجینەکەت پیر بووە، زۆر گۆڕاوە، دەستت هیچی نەدەگرت، لبادێکت لەسەر ئەستێرکەکە داگرت و ڕاتخست، بالیفێکی پەڕت داگرت و وەک تەرک خۆت بەردایەوە، لە ڕیشۆڵەکان ورد بوویتەوە، گەرەکە زوو بەیانی بیانگەیەنیتە دوکانەکەی سڵێوە... کە ئارەقەی لەشت وشک بۆوە تەزووی سەرما لە خوێنتدا مێرووڵەی دەکرد، لە دیوارەکان ڕامای، خوراون و خشتەکانی دەرکەوتوون، دەرەوە و ژوورەوە دەست پێداهێنانێکی گەرەکە، ئاوێنەیەکی تەڵخ و ژەنگارت لە دەلاقەکەوە دەرهانی و لە خۆت ڕامای، دەموچاوێکی درێژکۆلە، دوو چاوی ماندوو، بەقووڵدا چوو، هەردوو لاشەویلاگ چاڵ، سەیرە کە تا هەنووکە هەمین هەر پێت ڕازییە، لە بابە شێخت بیستووە: ڕۆژی قیامەتێ پیاوی بەهەشتی حەفتا و دوو حۆری لێ حەڵاڵە، حەفتا و دوو زۆر نییە؟ پیاو چۆن دەتوانێ دەعەمەلیان بێنێ؟ ئاسانە و حیکمەتی خودایە، پیاو وەکی چۆلەکەی لێ دێ، هەر دەپەڕێ و تێر نابێ، بابە شێخ فەرمووی گەر حەزت لێ بێ حۆرییەکان بەردەوام دەبنەوە بەکچ، ئەدی ژنان گەورەم؟ ژنی بەهەشتی یەک پیاوی لێ حەڵاڵە!.

«یا شێخ پیاو دەتانی ژنەکەی خۆی هەڵبگرێتەوە؟»

«جا تووخوا نێرەکەرەکەشت ئەوە دەکات؟ ئەتوو کە حەفتاو دوو حۆری ناسک و نازدارت دەقەبێری بکەن... چیت دایە لە هەمینی ڕشکن و پلّکن؟»

یا شێخ گووی خوارد... ها؟ هەمین و نەک حەفتا و دوو حۆری، تۆ بلێی هەمین، لەوێندەرێ، لە بەردەمی خودای لە من هەڵنەگەڕێتەوە؟ جا ئەو لێرە، لەو دونیایەی، لەبەر خاتری توو پشتی لە ئاغا و بەگلەران کرد، قابیلە لەوێندەرێ نائومێدت بکا؟ خۆ لەوێ نە ئاغا هەیە و نە کوێخا، وەناو خەیاڵان کەوتبوویت، کە نێرەکەر زەڕی و وەئاگا هاتیتەوە، مانگاکە پڕماندی و... مریشکەکان کەوتنە گارەگار، هەستایتە سەر پێ و بەیەک باز چوویتە ژێر هەیوانێ، ڕووەو کولانەکە هەنگاوی سستت ناو خشتی کەڵەکەکراوی پشت



دەرگای کولانەکەت وەلادا، دەرگا جگە لەسەر قاپی بەرمیلێکی ژەنگار هیچی دیکە نەبوو، پێڵووەکانت گران دەبوون و دەستەکانت دەلەرزین، هی هیلاکی ڕۆژێکی سەختی ڕاو و ترسی نەهاتنەوەی هەمین و سەرمای هەوا بوو، دوێنێ ئێوارەش هەر درەنگ گەڕایەوە، درەنگیش نووستی، نیازت خەراپ بوو، کەچی پێی وتیت:

«جارێ دەروێش... ئەورۆکە خوینم هەبوو...»، دوای بوونی عەبە و خەجێ سکی نەکرد، ئەوانیش هەردوو بەسەر بێشکەوە مردن، ئیدی هەردوو وەجاغ کوێر بوون، چوونە سەر چاک و پیران، بینینی دەیەها حەکیم بێ هوودە بوو، بەپێ خاوسی گەڕایتەوە ژێر هەیوانەکە و دەستت بۆ جۆڕکی کاو و جۆیەکە برد کە بەمێخێکی قەد دیواری هەیوانەکەوە هەڵواسرابوو، هەنووکە وەختی خۆیەتی جۆڕکەکە بەسەر و قەپۆزی کەرەکە ببەستیتەوە... بۆ پێڵاوەکانت نووشتایتەوە و هەڵتدایە بەردەمی بەرمیلەکە تا دوایی لە قوڕ و لیتەکە پاکی بکەیتەوە، چش لە سەرما، لە بەرهەیوانەکە لەسەر کەچەجلێک ڕوونیشتیت، سەرما کار لە ئێسقانی پەنجەکانت دەکا، تەزوویەکی زۆر سارد لە پەنجەکانی پێتەوە تا تەوقی سەرت مێرووله دەکا، مێشکی هیلاکت دەرزی ئاژنە، پێڵاوە لا هەڵزراوەکانت ئاویان دزیوە و گۆڕەوییەکانت وەک شەختە بەستوویانە، پێیەکانت ئەوەندە سڕن، هەر دەڵێی دوو پێی کەسێکی دیکەن، بەوپەڕی وەرسییەوە گۆرەوییەکانت هەڵدا... ئەوسا نییە... ئەوسای جحێڵی و خوێن گەرمی، خوێنێک لەگەڵ نیگایەکی هەمین زوو کەفی دەکرد، ئەوسا... ئەوسای سەرشێتی و نەترسی، وەلێ هەنووکە پیر بوویت، چ ئاسان پێیەکانت دەتەزن، دەستەکانت دەلەرزن، هەر دەڵێی بەشێکە لەو خاکە پڕ بەستەڵەکەی تۆزێک لەمەوبەر جێت هێشت، هەرچەند سەعاتێک لەمەوبەر دڵە چکۆلانە و... ماندووەکەت خێراتر لێی دەدا و تۆش توندتر گوریسی تۆڕەکەت دەگرت و زیاتر سەرت نەوی دەکرد تا دەبوویت بەبەشێک لەو قۆرتە پڕ قوڕ و لیتەیە، ئەو قۆرتەی دەتووت ڕەحمی دایکتە و سەرلەنوێ دەتشارێتەوە، بەڵام کوا ڕەحمی دایک ئەوەندە ساردە؟ ئەو ڕۆژانەی سەرما ئێسقانەکانت دەخوات خۆزگە دەخوازی هەر لە نێو ئەو ڕەحمە تاریک و گەرمەدا بوویتایە، نەک ئەم دونیا ڕووناک و ساردە، ساڵانێکە بەخۆو بەدوو چاوی ڕەش و بەقووڵداچوودا، دوو چاوی نیمچە نووقا و لە خێر و شەڕی دونیا ورد دەبیتەوە، ئەو دوو چاوە چکۆلانە بوون فریودەری هەمین، هەر بەم دوو چاوانەش لە ساماڵ و هەوری باران بار ڕادەمێنی، لە ڕیشۆڵە ڕەش و وردیلەکان، لەگەڵ فڕینی ئەو ڕیشۆڵانەدا دڵت هەڵدەفڕی و بەنیشتنیان دڵت دەبێ بەیەکێک لەو ڕیشۆڵانە و هەڵدەنیشێ.

تا دێ ئاسمان ڕەشتر دەبێ، ڕەش وەک کراسی ئاودامانی هەمینێ، ڕەش وەک بەختی سیا، لە سپێدەوە تاوێ دایدەکا و تاوێ خۆشی دەکاتەوە، تۆ بڵێی هەر هەمووی بۆ ئەمشەو هەڵگرتبێ؟

«دە زووکە هەمین... وەرەوە... سۆماییم داهات»

با بباریێ... با گوڵەگەنمەکان وەک کچانی بەژن زراف باڵا بکەن، کەروێشکە سەما بکەن، بەهارێ لەبەر هەتاوی زەرکەفت ئارەقە دەردەن، با لە هەموو شوێنێکدا خەلە و خەرمان بێ، وەلێ بەچی دەچێ کە تۆ هەموو ڕۆژێک بەتۆڕێکی بەتاڵەوە بگەڕێیتەوە؟

تاریکی و خامۆشی بەیەکەوە دادەڕژان، دەتوت دەستێکی غەیبی ئەو تاریکی و ترس و خامۆشییە بۆ نێو دڵ و ماڵی دەروێش دێنێ. ئەوەندە ترسایت کەرەکە و مانگاکەت لێ بوون بەدوو دەعبا، چوویتەوە ژوورێ، ڕێک ڕووە و دەلاقەیەک ملت نا کە هەمیشە هەمین لامپاکەی لێ دادەنا، بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە شووشەی لامپاکەت لابرد و فتیلەکەت بەرز کردەوە و چەرخەکەت داگیرساند و فتیلە تێر نەوتەکە سووکێ گڕی گرت و ژوور و هەیوانەکە پڕشنگێکی دیکەی تێ کەوت، دەتویست لە دەرگای هەموو ماڵەکان بدەیت و چرا و قوتیلە و فانووس و لامپاو مۆمیان لێ قەرز بکەیت، هەر هەموویان لە ماڵەکەی خۆتدا دابگیرسێنی تا کەمەکێ ناو ژوورەکە و هەیوانەکە و دڵت ڕووناک بێتەوە، حەجمانت لەبەر بڕا، بێ ئۆقرە جێت بەخۆت نەدەگرت، تاریکە... تاریکە... تاریکە... هێشتا مابووی کون و قوژبنی ئەو ماڵە ڕۆشنی تێ بڕژێ، کوا باق و بریقی مانگ و ئەستێرەکان؟ حەزت دەکرد ماڵەکەت ببێ بەچراخان یان بکەوێتە ئەودیوی هەورەکان، لەوێدا کە مانگ و ئەستێرەکان ڕۆشن لە پانتایی ئاسمانێکی پیرۆزەیی مەلە دەکەن، ئەم گەڕەکە هەر دەڵێی نغرۆ بووە، لە هەمووانیش نغرۆتر ماڵەکەی تۆ، کەس لە دەرگا نادا؟ ئەوە چییە...؟ نە کەس دێ و... نە کەس دەڕوا... نا هیچ شتێک لەم گەڕەکە ڕوو نادات، تەکانێکت دا وەک ئەوەی کەوتبیتە بن بەردێک، دەتویست خۆت لەو ترسە وەلادەی، تۆزێک خۆت غافڵ بکەی، پڕشنگی چرا و لامپاکە ئەو چراخانەی سەر مەزاری غەوسی گەیلانی بیر هێنایەوە، ئەو ڕۆژەی خۆت و هەمین لەژێر ڕوناهییەکی چاونووقێندا بەدەوری مەزارەکەدا دەخولانەوە... ئاە... غەوسی گەیلانی هەمین بەسەلامەتی بێتەوە، خودا هاوار شەو ڕادەشکێ و ئەو ماڵ میراتە نەهاتەوە، شێتانە، بەربینایی لێڵ، چاوێکت بەحەوشەکەدا گێڕایەوە... هەر دەتووت هەموو شتێک لەگەڵ تۆدا چاوەڕێی «هەمین»ە،



بگرە پێڵاوە قوڕاوییەکانی بەر بەرمیلی ئاوەکەش، کەر و مانگا و مریشکەکانیش، دوێنێ شەو چەندە جوان، هەمین، چەند کەڵە موویەکی لە کلکی نێرەکەرەکە بڕی و، وەک کەزی و بسکی شاژنێک بهۆنێتەوە وردورد داوەکانی هۆنییەوە و بەدەمییەوە چ لاوکێکی برینداری دەچڕی، چی خەم و کەسەری مێینە و کچ و ژنە دڵساردەکانی نێو شاخ و کێو و دەشتەکان هەن لە قورگییەوە، بەدەم قوڵپی ئەو لاوکە پڕ حەسرەتەوە دەتەقینەوە، شەرم و ترس و دوودڵی، زوڵمی پیاوە سمێڵ بابڕەکان، پیاوانی تفەنگ بەدەست، تۆش لە ژێرەوە دەتڕوانی و بزەی گاڵتە لە لێوانت دەباری، پاشان ورد و باریک هەروەک بڵێی سیحر بگرێتەوە لە کونەکانی پێڵاوەکەتی هەڵکێشا و پێی وتیت:

«دەی بیگرە دەی... حەز دەکەی پێی بڕۆ حەج»

بەو قسەیە بزەکەت بوو بەقریوە، قریوەی نێرینەیەک چاک دەزانێ، هەر بەسەلیقە، کە ئەگەر ژنێک مێردەکەی خۆش نەوێ؛ لە کلکی نێرەکەر قەیتانی پێلاوکانی بۆ ناهۆنێتەوە، مەگەر قریوەی جاروبارت، لاوکی شەرمنانە و برینداری هەمینێ یان سەدا و چریکەی پڕ لە خرۆشانی خۆت ماڵێکی وا ئاوەدان بکاتەوە، یان بۆڕەی مانگا، زەڕینی کت و پڕی نێرەکەرەکەت، گارەگاری مریشک و جووکەی جووجەڵە تووک لێ نەهاتووەکان، قوقەی کەڵەشێر... دەنا وەکی دیکە... هیچی تر نییە... ماڵێک کە هێشتا دەرگای حەوشەکەی تەنەکەیە و هی ئاودەست و گەرماوەکەش کەچەگوێنی، سەربانیش سکی داداوە و ها هەنووکە ها تۆزێکی دیکە داتەپێ، دڵۆپەی دەیەها زستانی بەبەفر و باران هەر هەموو کاریتە و شەقڵە و ڕایەڵ و حەسیرە داڕزیوەکانی ڕەنگ ڕێژ کردووە، بنمیچێک غەرقی پەڵەی ڕەش و بۆر و زەردباو، جار ناجارێک بەتۆپەڵ گڵەبانەکە دادەکەوێ، جاروباریش... هەر بەرێکەوت بەر تەپڵی سەرە ڕووتاوەکەت دەکەوێ و دادەچڵەکێی، گەر کڵاو و جامانەکەت لەسەر بنێی، کەسێک نازانێ قەف و لوولی ئەو بسک و کەزییە پڕەت هی کابرایەکی سەر ڕووتاوەبێ، کەزییەکانت لەو قژەی پشتی سەرت و سەر هەر دوو گوێ وردیلەکانت هێشتۆتەوە، زۆر جاران بێ ئاگا لە خۆت بسکێک دەکەی بەهەڵقەی پەنجەی شایەتمانەت، بەدەستی چەپیش گەمە بەگونت دەکەی کە بێ شەرم لە بەردەم هەمینێدا ناوگەڵت لێ بڵاو دەکەیتەوە و وەک هێشوویەکی گران هەردوو هێلکەی گونت لەناو دەرپێ سپییەکە شۆڕ دەبنەوە، ئەگەر میوانێکی خۆیی یان غەیرە لەوێ بێ، هەمین لێت پەست دەبێ:

«بایز... سەرت بخوا... بەس ئەوەندە هەڵیپشێوە!»

«لۆ... گونی خۆم نییە... ئەمن دەزانم کە لە دارەتی دونیایێ هەر ئەو تۆزە گونەم هەیە و کەیفم پێی دێ...!»

«جا خۆ لێت نافڕێ؟»

«ئەمن دەزانم ئەتوو حەسوودیت بەمن دێ...!»

«دەک دارِزێم... ئەگەر حەسوودیت پێ ببەم»

«توخمەکەتان وایە... مەگەر کچی دایکە حەوا نەبن... بەڕۆژ ڕقتان لێیەتی و بەشەویش هەروەکی فەرخە پشیلە دەست بەپشتی ملیدا دێنن و گۆشتی دەخەنە بەردەم.»

«کابرا حەیات هەبێ... میوان دانیشتییە»

«جا شەرمی دەوێ... ئەوانیش هەم گونیان هەیە و هەم هەرامە»

«هەر وس بەو بەردێکی لەسەر دابنێ... لە کنە خۆ پیاوی تەریقەتی.»

«جا هەقم گۆتییە... ناوەڵڵا ئەمن پرسیارەکی لە توو دەکەم... ئەگەر ئەو تۆزە زیادە گۆشتەمان نەمینێ... ژنان چ حورمەتێکمان دەگرن؟ چتان گۆت جەماعەت؟ بەقورئان کە ئادەم و حەوا کەوتنە سەر ئەو عاردە هیچەی... ئەگەر ئەو زیادە گۆشتە نەبووایە، حەوا ئەوەندە ماندی و شەقی بەدووی "ئادەم"دا نەدەگەڕا...!»

میوانەکان دەتریقانەوە... چەندەها جار لەبەر چاوی ژن و پیاوانی دەر و دراوسێ هەر بۆ هەوەس و مەزاق وەک کەڵەشێر بەسەر هەمینێدا دەتسیت......

جار ناجاریش تۆپەڵە خۆڵەکە دەکەوتە سەر سفرە و خوان و قاپی هەرِشتە و ترخێنە و نسکێنە و پیرخەنیلە و شلەساوار، تۆ قەت بێز لەو گڵە ناکەیتەوە... دەڵێی:

«خاک و خۆڵ پاکە... بنیادەم خۆی لە خاک خولڤاوە و کە دەشمرێ دەبێتەوە بەخۆڵ، ئەوەی بێز لە خۆڵ بکاتەوە، بێز لە خۆیشی دەکاتەوە» ، ئەو جارانەی بەر هەمین دەکەوێ، ڕادەچەنێ و شەیتان و خانووی گڵ بەنەفرەت دەکا و دەڵێ:

«ئەدی... ئەو ژنانەی بەنینۆکی من نابن لەناو کۆشک و تەلاران دەژین... کەچی ئەمنیش لەو کۆلیتە سەگەی مردم و ڕزامەوە»

تۆ دەزانی ئەوەیان قسەی دڵ نییە و دەردی زەمانەیە، بۆیە هەردوو قاچی لێ ڕادەکێشی و بەتەوسەوە دەڵێی:



«کێ زۆری لێ کردی؟»

دڵت نەدەهات بڵێی:

«کێ زۆری لێ کردی بەدووم بکەوی؟»

«ئەدی ژنی پیسکەپیاوان هەر ڕەنج بەخەسارە»

«هەمین خودا دەتگرێ، ئەمن پیسکەپیاو نیم، ڕۆژ تا ئێوارێ لەو دەشتە چۆڵ و ساردە بەفر و باران لێم دەدا، سەدان ئێوارە بەدڵساردی دێمەوە و ڕەشۆڵەکەم پێ ناگیرێ... دواییش لە بەردەم دوکانەکەی سلێوە وەک سەگ وەردەکەوم و قەشمەریم پێ دەکا، کچەتیم ئەو کاتەی حەزت لە من کرد... وەکی هەنووکە بووم...؟»

«نەخێر... لاسەشۆڕ وا نەبووی، بەس ئەوەش نان پەیدا کردن نییە»

«بەم تەمەنەوە چیم پێ دەکرێ... ناتوانم وەکی جاران فەردە گەنم بخەمە سەر شانم و غار بدەم...!»

مشکێک بەبەردەمتا جرتەی کرد و چاوتروکانێک و بزر بوو، ماڵەکە بۆتە هێلانەی مشک و مار، شەوانە هەردووکتان گوێ بۆ زیقەزیق و تەراتێنی مشکان هەڵدەخەن، هەمین لێیان دەترسێ و قێزیان لێ دەکاتەوە، هەر کە بیانبینێ تاکە کلاشێکی تۆیان تێ دەگرێ، تۆ تووڕە دەبی و هەموو جار بەلاقرتێوە پێی دەڵێی:

«گەر خودا ئەو هەموو کونەی لە ئافرەت نەکردبایە، ئاواهی لەو مشکە حیزە نەدەترسان» ، هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستێ یەکشەق ڕووە و تەڵەی مشکەکان مل دەنێ، چەندە دڵی خۆش دەبێ کە تەڵەکە مشکێکی دیکەی گرتووە، دەیبا و لەسەر گووفەکەکە فڕێی دەدا، دەیکا بەهەرا و گەڕەک لە خۆی کۆ دەکاتەوە، ئەم دەڵێ:

«ئەم حەیوانە لەعنەتییانە یان لە زەوی هەڵدەتۆقێن یان هەر شەوە بێچوویەک فڕێ دەدەن، ئەوەندەی بەماڵە فەقیران فێرن، ئەوەندە توخنی خواپێداوەکان ناکەون، ئەوان هەموو شتێکیان تەقەتە و هی مەش لە گۆڕێیە...»

ئاخر زەوی ژوورەکان و گەنجینە و کادین و ناندین و بگرە حەوشەکەش هەر هەمووی قۆرت و چاڵ و چەوێڵ و کۆندڕ و تونێلی تەسک و تروسک بوون، کاتی خۆی، ساڵانێک لەمەوبەر هەر ئێرە ساکە دەشتێک بوو کە هەر خۆت لەگەڵ دەیەها کۆنە جووتیاری هەڵەتە و دەرکراوی گوندەکان کردتان بەبێستانی گندۆرە و تەرۆزی، هەنووکەش ساڵ نییە چەندین دووپشک لەناو ماڵەکەدا نەکوژی، هەمیشە لەوە دەترسن لە شیرین خەودا دووپشکێکی

زەرد بەیەکێکتانەوە بدا و بیکوژێ، چەندین جار تا هەنووکە ماری درێژ و ئەستوورت دیوە سێ قەف و چوار قەف خۆی لە کاریتە و شەقڵەکان ئاڵاندووە و بەدوو چاوی ئادەمیانە لە هەمین ڕاماوە ئەو وەختەی لە شیرین خەودا بووە و پرخاندوویەتی، ویستووتە مارەکە بکوژی و بێ ئەوەی هەمین لەو خەوە خۆشە وەئاگا بێنی، بێ ئۆقرە و شپرزە و دوژمنکارانە، هەردووکتان لە یەکدی ڕادەمان، چەندین جار ئەو ڕەشە مارەت کوشتووە... دەرت کردووە... کەچی هەموو هاوینان دێتەوە، دەترسای ئەو مارە یەکێک بێ لەو مارانەی کە عاشقی ژنە زۆر جوان و سپیکەلانەکان دەبن و واز ناهێنن، حەز دەکەن بچنە ناو باخەڵیان و سەر بخەنە مابەینی هەردوو مەمکان... بۆ نا؟ هەر مار بوو «حەوا»ی فریودا، ئادەمیش فریوی حەوای خوارد و لە بەهەشت دەرکرا، کە دەتزانی دەرپێیەکەی تا ئەژنۆیان هەڵکشاوە، لە ترسی نیگا حەرام و ئادەمیانەی مارەکە زۆر بەهێواشی دەستت دەبرد بۆ نیفۆکەی تا دایپۆشیتەوە، وەک هەنووکە بێ ئۆقرە و زەندەق چوو دەبوویت بەپاسەوانی ژنێکی خەوتوو... ژنێکی ماندوو کە هەمیشە بەدەم خەوەوە خەونی بەکوژرانی خۆیەوە دەدی و ڕادەچەنی، پەلی دەکوتا، پێڵووی دەفڕی، بەدەم وڕێنەوە دەخنکا و هەناسەی لە خۆی دەبڕی، چەند حەز دەکەی ئەمشەو گەر هاتەوە پێی بڵێی:

«هەمین... چیدیکە مەڕۆ دەرێ، ئەتوو هیلاک بووی، بنوو... قەت بەخەبەر مەیە... ئەمن تا ئەبەد بەدیارتەوە دادەنیشم و... نانووم...!»

لە دیوارەکان ورد دەبیتەوە، باراناو چەندین پەڵە و ماک و دیمەنی سەیر و عەنتیکەیان ڕەسم کردووە، سنوور و هێڵەکان بەچەشنێک تێکەڵ بوون کە نەتوانیت نەخشە و ڕەسمەکان لێکدی جیا بکەیتەوە، وەک تێکەڵبوون و ئاڵۆزی دونیاکەی تۆ، دیوارەکان و پشتی هەردوو دەستت تا دێ گەڕتر دەبن، گەڕی سەرما و شەختە و با، چ شتێک ماوە لە دونیای تۆدا گەڕ و گول نەبووبێ، پیر و پەڕپووت و هەلاهەلا، زبر و لەت و پەت، زامار و... شەقار شەقار، کەرەکەش تا دێ پیر و لەڕتر دەبێ، بێ ئاوەزە... دەنا چۆن کت و پڕ دەزەڕێ و هەزاران ڕەشۆڵە دەتۆقێنێ، ئەوەندە کەرە نازانێ کە تۆ لە تاو برسیەتی دەستەکانت لە گوریسەکە توند دەکەیت و پتر خۆت لە قۆرتەکە دەخزێنی و مت دەبیت و جووڵە ناکەیت، شان و شەپیلکت دەکەوێ ئەوەندەی دیوێکی تۆڕەکە بەسەر دیوە ڕاخراوەکەیدا هەڵبدەی، هەزاران ڕەشۆڵەی لەعنەتیش وەک ئەوەی شەیتان هەڵیانفڕێنێ فرتەی بۆ دەکەن و لەو بەرزایی ئاسمانەوە جیقنە بەسەر تۆدا دەبارێنن، سەرما و باران دەیانبات، لەو حەڵەدا تۆ خەون بەئاگردانێکی پڕ لە پەنگر و کەندووی پڕەوە دەبینیت،



توندتر هەر دە پەنجەت بەسەر گوریسەکەوە دەقرسێنیت، چاو ناتروکێنی، ئا لەو ساتەدا کە نێرەکەرەکە برسی دەبێ و سەرما ماسولکەکانی دەخاتە سەر لەرزە لەرز و گرژبوون، سەر بۆ ئاسمانی هەوران بار هەڵدەبڕێ و پڕ بەئاسمان، پڕ بەو ساکە دەشتە چۆڵە، پڕ بەقوڕگی دەزەڕێ، زەڕین و بەس... ئەو زەڕینە کت و پڕە لە خەیاڵ و خەون و ختووره داتدەبڕێ و... پتر ڕیشۆڵەکان تەرە دەکا، لەو ئاقارەی خۆت تیا مەڵاس داوە دوور دەکەونەوە و لە نێو پووش و پەڵاش و زەوییە کێڵڕاو و بەیارەکاندا دەنیشنەوە، وەڵێ ناهەقی نییە بزەڕێ، تۆ زوڵمی لێ دەکەی، دەیهێنی و دەیبەی، تۆڕی پڕاوپڕی ڕیشۆڵەی لێ بار دەکەی، باراش، هی خۆت و هەر هەموو دەر و دراوسێ، داری قەڵاشکەر، فەردە ڕەژوو، کە هیچیشی لێ بار ناکەی، تۆزێک ماندوو بیت، بەبازێک خۆت هەڵدەدەیتە سەر پشتی و خەریکە هەر چوار پەلی باریکی لە ژێرتا بشکێن... کەچی کە ماکەرێک دەبینێ و هەوەسی پەڕین دەیگرێ و چاوانی پێ سوور دەکا و دەزەڕێ، تۆ بەکامەی گۆپاڵەکەت لە لمووزی دەدەیت و کێری ڕەپی پێ سست دەکەیتەوە و نیوە زەڕی دەکەی، یەکێک وا لە تۆ بکا چ دەکەی؟ دەتەوێ ئەو شەهوەتە نەڕژێنێ و لە خوێنیدا بمێنێ... ناتەوێ هێز و بڕستی لە بەر ببڕێ و ئەوەندەی دیکە لاواز بێ و هەر چوار پەلی بشکێن، ئالیکی کەمە و بەرگە ناگرێ، کێ دەڵێ وایە... ها؟ خۆ تۆش ئالیکت باش نییە و هەمین خۆی شل بکا زوو زوو دەپەڕی، چاکە... نێرەکەرەکەت بپەڕێ باشتر یان نەپەڕێ؟ تۆ... هەر خۆت... نەپەڕیت خوڵقی ڕاوت هەیە...؟ ئەو شەوانەی گڕی شەهوەتێک لە دەمارەکانتا خوێنت دەسووتێنێ و کەفی پێ دەکات، هەمین لێت لالووت بێ و خۆی شل نەکات سێ ڕۆژان مڕ و مۆچ قسەی لەگەڵ ناکەی، لەوە دەترسیت ئەم نێرەکەرەی تۆ جارێک بپەڕێ و دەم بەیەک دادا و بمرێ... ئەوسا پارە لە کوێ بێنی کەرێکی دیکە بکڕیت؟ سەیرێکت کرد، لە خواردنی کا و جۆکە ببۆوە... گوایە هەر پیر و پێغەمبەرێک حەیوانێکی هەبووە... ئاخۆ دەبێ گۆلکی عوزێر پێغەمبەر چی بووبێ؟ دەنێو پێغەمبەرانیش هەژار و نەدارا هەبوون، عیسا دارتاش و مووسا شوان و داود ئاسنگەر و سەروەری عالەمیش تاوێ کاروانچی و تاوێ شوان بووە، گوایە سلێمان پێغەمبەریش سەرداری پەلەوەر و فڕندەی هەموو ئاسمانان بووە، ئاخ گەر موعجیزەی سلێمان پێغەمبەرت دەبوو، بەهاوارێک چی پەلەوەر و فڕندەی ئاسمانان هەن بانگت دەکردن و وات دەکرد بێنە سەر شانەکانت و قەفەز و تۆڕەکانت لێ پڕ دەکردن...

خەیاڵت دوور فڕی و زوو هاتەوە، لامپای ژوورەکە کەوتبووە سەر پرتەپرت، تۆ بڵێی نەوتەکە ئاوی تێکەڵ بووبێ؟ بێ هوودە هەردوو ژوورەکە گەڕایت، گەنجینە، کادین،

هەموو کون و قوژبنێک، بگرە پەردەی ئاودەستەکەشت وەلادا، گوێنییەکی زەرد و نیمچە ڕزیو، سەردەمێکی زووی بیر هێنایتەوە، ئەو وەختەی باش حەماڵی بازار بووی، ئەوسا هەڕەتی خۆت بوو، کەچی هەر زوو لە ترسی باوک و براکانی هەمین خۆت لە «سایلۆ»کە شاردەوە و کەس نەزانم لۆرییەکانت بار دەکرد، لە کۆلیتەکەش نزیک کەوتیتەوە، ویستت مریشکەکان داکەیت، بەڵام ئەمەیان کاری هەمین بوو، هاتیتەوە بن هەیوانەکە و حەپەساو لە کۆلیتەکە ڕامای، ئەم بەیانییە چیت لێ قەومابوو؟ دەتووت یەکەمجارە هەمین دەبینی... وەک سەدەها بەیانی دیکە پێی وتیت:

«بزانە مـریشکەکـان چەند هێلکەیان کـردییـە؟ دەریان بینە و با دووانی لە ڕووندا بقرچێنمەوە.»

لە بەردەمی کۆلیتەکە کرۆشکەت کرد و دەستی ڕاستەت بۆ ناو کۆلیتەکە درێژ کرد، یەکێک لە مریشکەکان هەڵفڕی و دەستت بەر هێلکەیەک کەوت، تاوێک دەستت گێڕا و دوو هێلکەی دیکەت دۆزییەوە، هەمین لە تەک کولانەی مریشکەکاندا کا و جۆی بۆ مانگاکە تێکەڵ دەکرد، لەو حەڵەدا تۆ سەریشت بردبووە ناو کولانەی مریشکەکان، ئەم هاواری لێ کردیت:

«ئەوە ئەتوو چ دەکەی؟»

بۆنی ساردەوەبووی ڕیقنە گێژی کردیت و گلەییت لێ کرد کە بۆچی وا زوو چراکەی کوژاندۆتەوە، ناو کولانەکە زۆر تاریکە، ئەمیش بەقەهرێکەوە سکاڵای ئەوەی کرد کە نەوتێکی ئەوەندە زۆرتان نییە تا شەو و ڕۆژ چرا داگیرسێنێ...

تۆش بەسەرسامییەوە سەرت دەرهێنا و بۆ ساتەوەختێک تێی ڕامای، لەو ڕادەمای، بەڵام خەیاڵت لە شوێنێکی دیکە میوان بوو، هاواری لێ کردی:

«بڕۆ ئەولا...»

وتت: «باشتر وەرە خۆت بگەڕێ... با وەک ئەو ڕۆژە بەدەستمەوە نەشکێن... ماوەیەکە وەک ئارەق خۆرەکان دەست و پەنجەم دەلەرزن...»

گران ڕاست بوویتەوە، بەخەفەتەوە لە هەمینێ ڕامای، ڕووە و لای مانگاکە خزیت و زۆر بەنەرمی دەستت خستە سەر پشتی، وەک قەسابێک کە دەست بەسەرپشتیدا بێنێ تا بزانێ گەر سەری ببڕێ چەند کیلۆ گۆشت دەگرێتەوە، دوو سێ جار لەسەر ملییەوە و بەسەر بڕبڕەی پشتی و تا سەر هەردوو کەفەڵی دەستت هێنا و برد، لە کەفەڵەوە بۆ خوارتر تا



هەردوو لا ڕانی، پشتی ڕانی و تا هەردوو گوانەکانی نەوەستایت کە پڕبوون لە شیر، سەری گوانە زەردباوەکانت بەسەری پەنجەکانت دەگرت و دەتخوراندن، هەڵتدەگلۆفین، تاوێکی خۆش گەمەت بەگوانی مانگاکە کرد، بەگۆشەی چاویش لە چاوەکانی هەمین ڕامای، تەنکە تاریکی بەرەبەریان نەیدەهێشت پڕشنگی چاوە خەواڵوو، خەو تێ شکاو، ماندووەکانی ببینی، لەو حەڵەدا جۆڕکی پڕ لە کا و جۆی لە لمووزی مانگاکە هەڵکێشا و لە پشت هەردوو گوێیەکانییەوە هەردوو جەمسەری پەتەکانی بەیەکەوە گرێ دا، دیسانەوە چاوتان لێکدی کەوت، تۆش بەشەهوەتەوە و نیهاد پیسانە دەستت لە گوان و بن سکی مانگاکە دەخشاند و زەردەیەک لەسەر لێوانت نیشت، هەمینیش بەترس و شەرمەوە لە چاوە زۆر گجکە و نەوسنەکانت ڕاما، خوێنێکی گەش، خوێنی ژنێکی زۆر شەرمنی دەشتەکی، پەڕییە سەر هەردوو کولمە چلکنەکانی، بێ ئاگا لە خۆت، خنکاو لەناو چاوانی هەمیندا، ئاسوودە و ئارام گوانەکانت دەشێلا، تا دەهات سەرپەنجەکانت گەرمتر دەبوون، چەند دڵۆپە شیرێکی خەست و گەرم ناو لەپیان تەڕ کردیت، مانگاکە پشتا و پشت ڕەوییەوە، بەهەر چوار پەلان قوڕ و چڵپاوی حەوشەکەی شێلا، سەر مەست و کاس و بێ ئاگا لە خۆت گوانە نەرمەکانیت ئازار دابوون... خاو... خاوتر بەشەرمەوە دەستت شل کرد، تا ئەو حەڵەش لە هەمین ڕامابووی، نەک بەگۆشەی چاو، ئەمجارەیان کە تکە شیرەکان ڕژانە نێو لەپت پڕ بەهەردوو چاوان سەیری چاوە بەڵەکەکانی هەمینت دەکرد، ئەویش ژنە کرمانجێکی ڕاما و لە نێوان ئارەزوویەکی کوژراو و بەیانییەکی ماندوودا... سەری داگرت و نەیوێرا چیدیکە بڕوانێتە چاوە نەوسنەکانت کە خوێنیان تێ زابوو، لە ترسانا لە تۆ و لە مانگاکە دوور کەوتەوە، بەم بەیانییە وادەی چ نەوس و هەوەسێکە؟ کەوتە سەر چیچکان و لە بەردەم کۆلیتی مریشکەکان هەڵتروشکا، مانگاکەش لەسەرخۆ کا و جۆکەی دەکرماند و کاوێژی دەکرد... کاوێژێک خاو و کوشندە، کوشندەتر لە چاوەڕوانی گەرمی تۆ بۆ هەمین، کاوێژێکی سارد و نەرم و لەسەرخۆ، خرمەی جۆ بەئاستەم دەگەیشتە گوێی هەردووکتان، مانگاکە ئاوڕێکی ئادەمیانەی لە تۆ دایەوە، لە نێو ئەو تەنکە تاریکییەدا کە مەیی بوو، بەم بەیانییە زووە لە ئادەم و حەوایەکی هیلاک و غەمگین دەچوون کە هەردوو تازە لە بەهەشت دەرکرابن، مانگاکەش هەر لەو مانگایە دەچوو کە ئادەم سەردەمانێک زەوی پێ کێڵابێ، هەردوو چاوی مانگاکە سوور هەڵگەڕابوون، وەلێ لەژێر بارستایی ئەو تەنکە تاریکییەدا مەحاڵ بوو ئەو سوورایییە ببینی، چاوەکانی تۆش سوور هەڵگەڕابوون، هەمین هەردوو قۆڵی کراس و کەوا ڕەشەکەی

لێ هەڵکردبوو، دوو قۆڵی ساف و سپی و گۆشتن لە تەک ئەم کراس و کەوا ڕەشەدا؛ لەژێر تەمێکی تاریکی بەیانی زووی ئەم زستانەدا وای لێ کردیت دەست لە گوانەکانی بەر نەدەیت و هەر یاریان پێ بکەی، قەت لەوە نەدەچوو ئەم زەندو مەچەکە سپییە بەو دەست و پەنجە بۆر و قەڵەشتی و چڵکنانەی تۆوە پەیوەست بن، ئەو دوو دەستانەی لە شیرین خەویشدا هەر گرژ و کووڕن، لەم حەڵەدا خەیاڵت فڕی بۆ هەموو ئەو کات و شوێنانەی شەوانی زستان و هاوین و بەهار و پایز دەست لەمەلانێ و ماچ و مووچ و ڕاموسانی هەردووکتانی دیوە، لەو قۆڵە سپییانەی ڕامایت، خۆ تۆ ئەوە یەکەمجارت نییە ئەم قۆڵانە دەبینی، بەڵام ئەوە یەکەمجارە هەستت کرد هەموو شتێک لەوماڵەدا کۆن و پەڕپووت و مردووە، بێ تام و بۆن و بەرامە، سارد و سڕە، تەنها شتێک کە تازە و خۆشەویست و گەرم و بەلەزەت و زیندوو بێ هەردوو دەستی... باسکی... هەردوو قۆڵی هەمین، ئەم دوو قۆڵە گەلێ جوانانە چەندە بەم ماڵە پەڕپووتە ئاشنان... ئەوەندەش نائاشنان... چ دەکەن لێرە؟ چەندە غەریب و سەیر و لایدەن، ئەم باسکە ناسکانە، ئەو دەست و پەنجانەی هەنگوینی سۆزیان لێ دەتکێ هی ئەوە نین مانگا بدۆشن و کا و جۆ لە بەردەم لمووزی نێرەکەرەکەت ڕۆکەن، کۆترەکانت دان بدەن و تەپاڵە و تەرسەقول و قشپلەکانی ئەو دەشت و دەرە هەڵبگرنەوە و بۆ زستان لە چاڵیان بنێ و، باراش لێ بکا و... بەتەنەکە و پەقرەج لە ماڵان ئاو بێنێ و دیوارە داڕزاوەکان سواغ بداتەوە، لەولاوەش خزمەتی ژنە ئاغا و چەلەبی و بەگزادە و ئەفەندییەکانی شار بکات، ئەو ژنانەی بەقولە پێی هەمین نابن، سی ساڵ پترە هەر ئەم باسکانە دوای ڕۆژانی سارد و گەرم، ڕۆژانی مەینەتی و ئارەق ڕشتن، شەوانە دەبوونە شوورە و سەربان و سێبەر، هەزاران جار بەم دوو باسکە لە ئامێزی کردوویت، ئامێزی نەرم و گەرم و شیرین و بۆنخۆش، ئامێزێک کە بۆنی مێخەک و قەرەنفول سەرمەستیان دەکردیت، دەیانبردیتەوە ڕۆژانێکی زوو، سەردەمێکی دوور و دێرین، تەماوی وەک خەون، هەر ئەم دوو دەستە پڕ لە میهرە بەو سەری پەنجانە فرمێسکی پەنهانی تۆیان سڕیوەتەوە، فرمێسکی پیاوێک کە تا ماوە ناتوانێ بچێتەوە گوندەکەی خۆیان، بەهەشتی دۆڕاو، کەچی نازانێ چۆن لەو پیرە شارەدا بژی و... خۆی بشارێتەوە... چی بکا تا خوێنی ڕژاوی هەمین نەبینێ؟ بۆ تا هەنووکە فەرامۆشیان کردوون؟ تا کەی وا دەبێ؟ چ مردەنییەک بوو ئەو ترس و تۆقینە ئەبەدییە؟ گەر وا نەبووایە ئەو دەستانە قەت هی ئەوە نەبوون کراس و فانیلە و ڕانک و چۆغە و چاکەت و پانتۆڵ و دەرپێی خوا پێداوەکان بشۆن...؟



هەر ئەم بەیانییە بوو... دە دوانزە سەعات یان یەک سەدە لەمەوبەر بوو هەمینی کەلەکەوێت لە بەردەم ئەم کۆلیتەداهەڵتروشکا بوو؟ خۆی بەلایەکدا لار کردەوە، قۆڵی سپی و ڕووتی لە کونی کۆلیتەکەوە بردە ژوورێ، زارکی کۆلیت ئەوەندە فراوان بوو کە دوو مریشک وێکڕا دەچوونە ژوورێ، کۆلیتەکە چەند خشت و بەرد و دارێکی کەڵەکەکراو بوون، ڕایەڵی سەربانەکەی چەند شیشێکی ژەنگار و تەنەکەیەکی پان بوو، کە خۆی پتر لار کردەوە بەسەر قاچی چەپدا، هەموو قورسایی خۆی داگرتە سەر پەنجەکانی پێی، پتریش خۆی نەوی کرد، بسکی چەپی لە قوڕ و لیتاوی بەردەمی کۆلیتەکە خشی، بسکی ماش و برنجی شاراوەی ژێر خەنەی سنەیی، بەقەدەرایی دوو پەنجە قوڕاوی بوون، خەنەکەش هی ژنەکەی سمایل بەگ بوو، ئەو ڕۆژەی کە لە هەندەرانەوە بۆیەیەکی تازەی بۆ هات نیو کیسەی مابوو، بەهەمینی بەخشی، بۆنێکی سارد و ناخۆشی جیقنەی مریشکەکان گێژی کرد، گران و بێزەوەر وەک بۆنی ماسی تازە لەئاو دەرهاتوو، ئەم بەو بۆنە ڕاهاتبوو، هێدی هێدی دەستی ڕاستی بردە ژوورێ و بەشێنەیی لە کا و جیقنەی تەڕ و وشکەوەبووەکان دەکوتا... زیاتر بەتەنیشتتدا لار بۆوە، تا بنەبانێ دەستی ڕەپێش کرد، بەدوایدا باسکی، باسکی سپی دەنێو تاریکی کۆلیتەکەدا بزر بوو، پتر خۆی نەوی کرد و قۆڵ و باسکی چەپی ڕێک کرد بەئەستونگ و ناو لەپی خستە سەر زەوییە قوڕاوییەکە، لەژێر کراسە ڕەشەکەوە کەفەڵی خڕ و پڕی دەرپەڕی، تۆش دەستت لە گوانەکان بەر نەدەدا، خۆت ڕاست کردەوە و لەژێر ڕانی مانگاکەوە خزاندت، سەرکەوتیتەوە تا لەسەر کەفەڵی ئارامیان گرت، ئان و سات لە کەفەڵی هەمین ڕامای، ڕووت... داماڵڕا و لە کراسی ڕەش، تەزوویەکی گەرم بەنێو دەمارەکانتا مێروولەی کرد، ناو هەناو و هەردوو گورچیلەت گەرمتر داهاتن، ئەم بێ ئاگا لە تۆ، بەترسەوە دەستی بەنێو کۆلیتەکەدا دەگێڕا، دەترسا هێلکەکان بشکێنێ، جگە لە کای تەڕ و ڕیقنە دەستی بەر سێ سەرکە پیاز کەوت، لەگەڵ دوو هێلکە، دوێنێ شەو خۆی ئەو سەرکە پیازانەی لەناو کۆلیتەکە، بۆ ڕاوگەی مریشکەکان، دانابوو، تا پتر لێی ورد دەبوویتەوە زیاتر خوێنی گەرمی هەوەسێکی وا لەناکاو هەموو دەمارەکانی ناو لە شتی خستە سەر مێروولەکردن و... ئیدی زانیت تۆزێکی دیکە خوێنت کەف دەکا، ناو دەمت وشکی کرد، دەستی ڕاستت لەسەر سمت و کەفەڵی مانگاکە لانەبرد، جۆگەلەی بڕبڕەی پشتت ئارەقەی دەردا، بەترس و شەرمەوە، بێ ئاگا لە خۆت، دەستت بۆ گوانەکانی درێژ کردەوە، هەمین، هێشتا، دەستی لەناو کۆلیتەکە دەگێڕا و هێلکەکانی دەژماردن، هەر هێلکەیەک و لە خۆشیانا تاس دەیبردەوە، هێلکەیەکی سپی

و خڕ... زەردەیەک نیشتە سەر لێوی، شتێکی دیکەی بیر هاتەوە، نوکتەیەکی تۆ... گرژییەوە... گرژینەوە بوو بەپێکەنینێکی خنکاو، ژمارەی هێلکەکان بوون بەچوار... یەکێکیانی خستبووە ناو لەپی، لەزەتێکی نهێنی لەو هێلکە لووس و خڕانە دەدیت، لەزەتێکی وا کە شەرم لە خۆی بکات و تەریق بێتەوە، بەوە چاکە ناو کۆلیتەکە تاریکە و کەس بەهێلکەی خڕی ناو لەپی و هەڵگلۆفتنی نازانێ، تۆش شل شل گوانی مانگاکەت دەشێلا، جارجاریش بەپەنجەی گەورە و شایەتمانەت نەرمی و گەرمی گوانەکانت سەح دەکردەوە... هەڵتدەگلۆفت... مانگاکەش کۆڵێ لە گیانی خۆش بوو، جووڵەی نەدەکرد، ئەوەندەی پێ خۆش بوو کە تاوتاوێک کلکی ڕەپ دەکرد، کت و پڕ نێرەکەری لەعنەتی زەڕی، پڕ بەحەوشەکە و ئاسمانی گەڕەک زەڕی، زەڕینێکماڵەکەی لەگەڵ بلەرێتەوە، دەر و دراوسێی لە خەو ڕاپەڕاندبێ، شەیتان و نێرەکەرەکەی تۆیان بەلەعنەت کرد کە هەموو بەیانیانێ زوو لە خەوی خۆشیان دەکا، هەندێ سووکێ خەویان لێ دەکەوتەوە، هەندێکیان خەویان لێ دەزڕا و گوێیان بۆ هەموو کەڵەشێرەکانی گەڕەک شل دەکرد کە لە دوور و نزیکەوە وەڵامی ئەو زەڕینە کت و پڕەیان دەدایەوە، مریشکێکی هەڵنیشتووی سەر کۆلیتەکە بەرەو لای تۆ و مانگاکە هەڵفڕی و خۆی کێشا بەملۆزیدا، مانگاکە ڕەوییەوە، مریشکەکانی دیکە بەئاسمانی حەوشەکەدا هەڵفڕین، پەڕێکی زۆر لە مریشکەکان هەڵوەری و بەو ناوەدا بڵاو بوونەوە، نەرم نەرم دەکەوتنە سەر عاردی حەوشەکە، حەوشەیەکی تەڕ و قوڕاوی، هەمین لە ترسانا ڕاچەنی و بستێک لە زەوی بەرز بۆوە، هێلکەکەی ناو لەپی شکا و ئاوێکی لینج و شلەتێن دەستی تەڕ کرد، تۆش ڕاچەنیت و لە تاوی ئەو زەڕینە لە ناکاوەدا گوانی مانگاکەت توند گوشی و پەنجەکانت لێ گیر کردن و پاشان خاو بۆوە، ناو لەپت پڕ بوو لە شیر، مانگاکەش حەجمانی لێ بڕا و لە تاو گوانی گوشراوی تاوێک بۆ پێشەوە و تاوێک بۆ دواوە خزی، بەهەر چوار پەلی قوڕ و لیتاوەکەی دەشێلا، چەموشانە سەری بەرز کردەوە و لە حەژمەتانا پڕماندی، تۆش دەستت پتر شل کرد و شیرە سپییەکە لە پەنجەکانتەوە دەتکایە سەر زەوی، بازنەی سپی ئەو شیرە چەورە درەنگ دەنێو قوڕاوەکە دەتوایەوە، هەمین سارد و هێدی دەستی لە کولانەی مریشکەکان دەرهێنا و هەر زوو زەردێنە و سپێنە و قەپێلکی شکاو بەدەستییەوە مەیین، بێزی لێ دەکردن، تۆش دەستت لە گوانەکانی بەردا، هەمین ئاوڕی لێ دایەوە، لە مانگاکە نزیک کەوتەوە، بەتووڕەیی سەیری کردیت، وەک کابرایەکی تاوانبار سەرت نەوی کرد، پارچە پەڕۆکێک بەتەنافی حەوشەکەوە بوو، ڕایکێشا و دەستی پێ پاک کردەوە، بۆنێکی سارد



کە پتر لە بۆنی ساردی شەهوەت بچێ؛ لەو هێلکە شکاوەوە دەهات، بۆنی ماسی سارد و هێلکەی شکاو و شەهوەت زۆر لە یەکدی دەچن، بەشێنەیی ناو لەپی بەشیر تەڕبووت بەلا ڕانتدا هێنا، نێرەکەری لەعنەتی لە زەڕین کەوت، لەو خەیاڵە خۆش و پەنهانەی کردن، مانگاکە هێور نەببۆوە، مریشکەکانیش لە ترسانا لە گارەگار نەدەکەوتن، تۆ خەمت بەوە خوارد ئازاری گوانی مانگاکەت دابێ، هەمین دڵی لای ئەو هێلکە شکاوە بوو، کەمترین زیان قەهری دەداتێ، درەنگ وەختێ شەرم لە چاوانی تۆ و هەمین ڕەوییەوە، ترسیش لە چاوی مانگا و مریشکەکان، تاکە خەڵقەندەیەکی بێ ئاگا لەو ترس و شەرمە، دێزە بوو، هەمین لە چاوانت ڕاما، دوو چاوی چکۆلانە و زیرەک و زیندوو، پڕ لە نیگای نەسرەوت و تیژ کە دەکرا هەر ئافرەتێک لەو نیگایانە بترسێ و لە بەردەمتا بشڵەژێ، نیگای پیاوێکی شەهوەتباز نەک دەروێشێکی خەڵوەتکێش، دوو چاوی بەقووڵاچوو، دوو چاوی دەورەدراو بەبرژانگی هێشتا ڕەش و درێژکۆلە کە کەوتبوونە ژێر دوو ئەبرۆی چڕ و لوول و تێکەڵ، لووتێکی قنج و کەمێک پەڕفش، پتر لە کەپووی ئافرەتێکی بەگزادە دەچوون نەک هی پیاوێکی ماندوو، سەیرە... تۆ هەمیشە لە وەخت و شوێنی نابەجێدا هەوەست هەیە، وات زانی هەنووکەیە، سەری کەپووی سوور هەڵگەڕابوو، نەرمایی گوێ و هەردوو کولمی، سپێنەی چاویشی خوێن سووری کردبوون؛ خوێنی شەرم، ترس یان شەهوەتێکی ناوەخت، هات و لێت نزیک کەوتەوە، قۆپچەی کراسەکەتی داخستەوە، لەو دەست و پەنجە ماندووانەی ڕامایت، تا قۆپچەی بەرملتی داخستەوە و سنگە تووکنەکەتی لە سەرما و با شاردەوە، شەوانە تا درەنگانێ بەو پەنجە ماندووانەی گەمەی بەتووکی ماش و برنجی سەر سینەت دەکرد و تۆش خۆت بۆ شل دەکرد، هەمیشە خەمت بەوە دەخوارد چ بەپێوە بیت و چ لە ڕاکشانی نێو جێ و بالینگاندا بیت لە تەک هەمینی کەلەکەوێتدا بستێک کورتت دێنا، هەمین زۆر دەخوڕێ، دەنگ هەڵدەبڕێ، پێ درێژی و زمان درێژی دەکا... جا چی بکەی؟ خۆشت دەوێ و لێی دەبووری، تۆ بڵێی هی ئەوە نەبێ کە لە تۆ بەخۆوەتر و کەڵەگەتترە، با لە خۆی هەڵدا، شەو قەڵای مێردانە، شەوانە ئەو مایینە ژنە، ئەو لەندەهۆرە لە باوەشی پیاوێکی ورد و چکۆلە و باڵاکوڵی وەک تۆدا جێی دەبێتەوە، کەڵەگەت و باڵا ئەسپینداری، شەوانە دەبێ بەچۆلەکە و باوەشی تۆش ئاسمانێکی بەرفراوان و بێ کۆتایی، دەبووە ئەنگوستیلەیەک دەچووە پەنجەت، دەستەسڕێکی نووشتاوەی گیرفانت، وەک دڵۆپە شیرێکی خەست و مەییو لەسەر سەری پەنجەیەکت دەوەستا، دەبوو بەکۆتر و دەچووە بن باخەڵی گەرم و تووکن و ئارەقاویت، ئەوێکی گۆشتن

لە بەردەستی تۆیەکی ڕەقەڵە و ڕیوەڵە دەبوو بەبووکەشووشەیەکی چکۆلانە، کە باسکت لەناو قەدییەوە دەئالآند وای دەزانی دە پیاوی ناقۆڵا و نێرە زەلام لێک دراون و تۆیان لێ خوڵقاوە، شەوانە دەبوویت بەشۆڕە سوارێکی لێزان و... ئەویش ماینێکی سپی بێ زین و لغاو، ماینێک کە ببرای ببڕ سوارەکەی نەگلێنێ... سەرسم نەدا و نەیپەڕێنێ، پێتر لە چاوانی ورد دەبوویتەوە... هیچ بەیانییەک ئاواهی بەتاسووقەوە، بەترسەوە، بەشەرمەوە لێکدی ڕانەماون، زانیت هەوەسێکی پەنهان وا دەنێو چاوانی، تۆ دەزانیت کەی ئەو چاوانە نەوسن دەبن، کەی بێزار و غەمگین، کەی بەکەیف و پڕ ئومێد، ئەم بەیانییە بوو کە ترسێکی نادیار و هەوەسێکی شەرمن لێکدی نزیکی خستنەوە، پێتر لێی ورد بوویتەوە، لەژێر تەنکە تەم و تاریکی بەیانیدا لە «مریەم»ێکی کلۆڵ دەچوو، «حەوا»یەکی تازە لە بەهەشت دەرکراو، هەیکەلێکی دەگمەن لە مەینەتی و زەبوونی و زیبایی، هەنووکەش هەر جێی تەماعە، هەرکێ سەیری بکا دەزانێ ئەو وەختەی جحێڵ بووە چ ئاگرێکی بێ ئامانی لە دڵی کوڕ و کاڵان کردۆتەوە، چ ئاژاوە و بەزم و هەرایەکی ناوەتەوە، جوانییەکی کۆن و دێرین و سادە، سادەتر لە هەر شتێک، وا لە ڕووخساریدا مەییوە و هێشتا نەمردووە، ئەو جوانییەی ساڵانێک لە دڵی ئاغا و کوێخاکانی گوندە دوور و نزیکەکان قیامەتێکی خوڵقاندبوو، قوری بۆ خەڵکی دەگرتەوە، قاو و قیژ و شەڕ و هەرای لە نێو کەلاوە و باڵەخانەکاندا بەرپا دەکرد، کاسە و کەوڵی ژنانی پڕ لە ژەهر دەکرد، ژنانی لە مێردان دڵ کرمێ دەکرد، ئاغاژنەکانیش دووچاری دەردەدڵ و دڵەڕاوکێ ببوون، بەقەد عزرائیل لە هەمینێ دەترسان، هەروەختێ هەمین وەدەر دەکەوت، چ لە شین و چ لە شاییان، چ بێری بووبێ و چ ئاوهێنی سەرچەمان، پیاوان نەوسنانە چاویان تێ دەبڕی و وەلێ حورمەت گرانە... دەست بزافێن و پلارهاویشتن سەد عەیب و عارە، بەڵام کوڕ و کاڵ خۆیان بۆ ڕاگیر نەدەکرا، کورگەلی گوندی وڕ و کاس لە نێو ئاوایی و لە دەشت و دەران، لە نێو هەرێز و پەرێز و پەنا جۆخینان غەریب و وێرانە ماڵ دەسووڕانەوە، سەپان و پاڵە و جوتیار و مسکێن لە مزگەوت و دیوەخانەی ئاغا و سەکۆی بەرماڵان سەریان لە بن گوێی یەکدی دەنا و بەکۆڵێ تەریقییەوە... بەدزییەوە لیکیان دەکرد و لە هەمین دەدوان... ئەوڕۆ لە پەرێزێ دیتم، دوێنێ لەگەڵ کچ و کاڵی گوندی لە ڕۆخ چەمی چەقەلان جلی دەشووشت، گوایە ئاغا مرخی لێ خۆش کردییە، کوڕەکانی ئاغاش پارێزی لێ دەستێنن، کارمامزانە ئاوڕ دەداتەوە و دەڕوا... خۆزگەم بەوەی سەعاتێک دەچێتە باخەڵی، ڕاموسانێک و پاشان مردن حەڵاڵە، کەس زات ناکات بۆ خوازبێنی لە دەرگای ماڵی بابی بدات...



وەسمانە خێل دەڵێ: سێ کچان لە قەبێری هەمینێ دەدەم، ژنانی ئاوایی هەر هەموو لێی دردۆنگن، پاش هەر شایی و ڕەشبەڵەکێک هەندێ لە مێردەکان سست و دڵگران دەخزێنە پاڵ ژنەکانیان، هەمین چ هەمین... دەک ماڵی چاوەکانیم بەقوڕ گرت... هەر کتومت دوو دەنکە ترێی ڕەش میرین، ئەو زەمانە کێ کوڕی کێ بوو؟ شا بسک و کەزیبیەکانی کە بەسەر هەردوو هەرمێی باخی سوڵتان بەگی دەهاتنە خوارێ موسڵمانیان کافر دەکرد، شێخی «سەنعان»یان لە دین وەردەگێڕا، باڵا بەرزەکەی... ئەو خوێنە گەشەی سەر کوڵم و کەپوو و نەرمایی گوێی کە لەگەڵ قرێژ و خۆڵ و تۆز و گەردی زەمانە شەڕیانە، ئەو ڕەنگە سپییەی لامل و بەرگەردنی، پیاو سەد دڵی هەبوایە، شتاقێکی پێ نەدەما، هەمین... «هەمینی هۆمەری سەرکار»، سەرکاری باپیر ئاغا، باپیر ئاغای گۆپاڵ ڕەش، ئەو ئاغایەی کە هێشتا هەمین پارچەڵە بوو سمێڵی لێ دەکرۆشت و بەپەنجە شەو و ڕۆژی هەژمار دەکرد تا بستێکی دیکە باڵا بکا و ببێ بەهەوێی سێ ژنان، خانم و گەورە و سەرداری هەمووان، قسەی لەسەر قسان سوار بێ، ئەوسا دەبوو بەهەمین خان، نەک ژنی ڕەنجدەرێکی مایەپووچ، ژنی ئاغای سیازدە گوندان، کەچی هەمینی کەلەکەوێت پشتی لە ئاغا و باب و برایان کرد، سەرت لەوە سوڕما چ زوو فریوت دا، چ زوو دەعەمەلت هێنا؟ لە شاییەکەی «کەریم مەیتەر»ەوە ڕاز و نیازتان گۆڕییەوە، بەیانییەکی زوو تەگبیرتان کرد، خۆت هاوێشتە کادینەکەیان، لەوساوە بەعەزرەتی بچیتەوە گوندەکەی خۆتان، جارێکی دیکە مەلە لە چەمی چەقەلان بکەیت، وای لە بۆنی خۆشی ناو کادینان، خۆشی سەر ئاخوڕ و ناو تەویلەکان، ئاونگی ڕژاوی سەر پووش و پەڵاش لە بەیانییەکی زووی بەهاردا، ژوانی سەر کانی و نێو پەرێز و جۆخینان، خۆ گەوزاندن و ئەو گەوزاندن دەنێو قەرسیل و گوڵەگەنمەکان، بیرتە دەبوو بەچ هەڵڵایەک لەسەر دابەستنی ڕەشبەڵەک، پێت شک بێ سێ جاران لە شایی دەستت گوشی، سەری پەنجەکانی، پاشان غیرەتت دا بەرخۆت بەپەنجەی گەورە ناو لەپیت چاڵ کرد، یەکەمجار چاوچاوانێ، پاش پلار و غەمزە، چاو داگرتن و برۆ هەڵتەکاندن، ناردنی چریکەی حەیرانێک لە نیوەشەوێکی هاویندا، بریسکەی ئاوێنە لە چاودان، وای لە لەزەت و هیلاکی ئارەق ڕشتنی پاش ڕەشبەڵەک، ناو لەپی ئارەقاوی و لێکدی خزان، پەنجە لێکدی گیرکردن، بەئەنقەست گوشینی سەری پەنجان، بەدوو چاوی برسی لە هەردوو شەمامەی باخەڵ ڕامان، بەنازەوە خۆ لەنگاندن وەختێ هەموو شتێک لە حەیبەتا سەما دەکا، هەڵدەپەڕێ و پێ دەکەنێ، تریقە و حیلکە حیلک، دونیایەکی سادە و ساکار، ئاڵا و واڵا، ئاسمانێکی فراوان و شینتر لە کوژەڵە،

خاكێكی بێ كۆتا و میهرەبان، بەسەری پەنجە دەدوان، لێكدی خزان و لێكدی لووس بوونی پەنجە ڕەق و نەرمەكان، ئەو پەنجانە ڕاز و نیاز و گلەیی و حەسرەت و ئاخ و ئۆف و ماچیان دەگۆڕییەوە، لەژێر شەڕواڵ و كراسی سورمەوە ڕانتان لە ڕانی یەكدی دەخشا، ئەوەندەی نەدەما دڵی شاییكەرانی نێو هەڵقەی ڕەشبەڵەك بپەڕێتە ناو دەمیان، هەناسەبڕكێ هەوەسی هەمووانی دەبزواند، هەڵتەك و داتەكی ئەو مەمكانەی سوخمەیان دەدڕی، ختووكەی شیرین و تەزووی بەتام، حەزیان دەكرد تا قیامەت دۆڵ و زوڕنا بكوترێ و ئەوانیش هەڵپەڕن تا گۆشتیان لە حەژمەتانا وەك لۆكە هەڵدەوەرێ، تا ئێسقان و جومگەكانیان ئارەقە دەكەن و لێكدی دەترازێن، ئەو ساڵە بەهارەكەی بەبەرەكەت بوو، هەوران لێكدیان دەخوڕی، مەمكان كراسیان دەدڕی، پیرەكان لە بن دیواری كەلاوە شان شكاوەكانەوە چەناگەیان دەخستە سەر كەشكە ئەژنۆیان، بەحەژمەتێكی جەرگبڕەوە پەنجەكانیان لە كامەی گۆچانەكانیان گیر دەكرد، حەژمەتی ڕۆژانی تافی لاوێتی زوو بەسەر چوو، جحێڵەكان دار و حەیزەرانیان با دەدا و تیلاكیان لێ خوار دەكرد، تەوقە و یەكدی ماچ كردن، لە دوورەوە سڵاو كردن و چاو داگرتن و سمێڵ كرۆشتن، لە سەربانانیش نیگای پڕ لە شەرم و حەیا بەسەر كوڕ و كاڵانی گوندی دادەبارین، هەلهەلەی پڕ لە شەهوەتی شەرمنانە لە دە لاوە وەك كۆتر هەڵدەفڕین، پیاوان بەدەم زەردەخەنەیەكی هیلاكەوە گوێیان قوڵاغ دەكرد، دەبێ ئەو هەلهەلەیە هی عەیشێ بێ، فاتم یان ڕابی... «با» لە حەوشەكانەوە دەیهانی و سەربانە و سەربان دەیبرد... حیلكە حیلكی دوای هەلهەلەی كچۆڵان لەگەڵ فڕەفڕی باڵی چۆلەكە بزێو و لەعنەتییەكان تێكەڵ دەبوون، قریوە و تریقەی زۆر ناسكی... زۆر شەرمنی ئەوان دوور دەڕۆی، تا نێو مەزرا و بێستان و پێدەشت و چەمی چەقەڵان، هەر گوڵەگەنمێك چۆن بەشنە با و نەرمە باران دەشنێتەوە، لەگەڵ ئەو قریوانە دەشنانەوە، دەنگ و هەرا و هاوار و قریوە و شاباش تێكەڵ دەبوون و لەسەر ترۆپكی درەختەكان دەنیشتنەوە، بەسەر چارۆگە و ڕەفتە و كراسی ئاگر بارانی كچان و ژناندا هەڵدەوەرین، تەنها فیقەی زوڕنا و دەنگی دەهۆڵ دەیتوانی هەموو دەنگ و چرپە نزمەكان بكوژێ و پەرتیان بكا، تا دەهات هەڵقەی شایی دەكشا و بەرینتر دەبوو، خۆر نەیدەخواست ئاوابێ، مانگ پەلەی بوو هەڵبێ، تریفەی شیرین وەك مێ جێی بەنێرینەی هەتاو لەق دەكرد، هەواش فێنكی دەكرد، ئارەقەی بن هەنگڵ و سەر كولم و نێو مەمكانیش دەبوونەوە چەند دڵۆپە شەونمێكی سارد، داڕژانی تەنكە تاریكی سیحری پتری پێ دەبەخشین، جورئەتی پەنهان جۆشی دەسەند، ئیتر هەموو كەسێك، هەموو شتێك پتر



دەخرۆشا، مانگ بەبەغالەتەوە و تاوێك بەمیهرەوە لێی دەڕوانین... وەك ئەوەی ئەو گوندە مەملەكەتێك بێ لە دەرەوەی ئەو خاكەی مانگ تریفەی خۆی تێ دەهاوێژێ، مەملەكەتێك بۆ تەنها شەو و ڕۆژێك تاسەی ئەوەیانە كە هەموو خەم و دەرد و شەڕ و شۆڕەكانی سەر گۆی زەوی ئافەرۆز بكەن، دەبا خۆشی بۆ تاوێك فێڵ لە خەم بكا و لە گوندی وەدەری بنێ، چرا و لامپا و فانووس و قوتیلەكان یەكە یەكە هەڵدەكران، هەموو هاوار و قریشكەكان، چەپڵە لێدان، بەتوندی پێ لە زەوی كوتان... تەقاندنەوەی گەروو بەبەستە و حەیران و لاوكان... هەر هەمووی ترسە لە هێرشی تۆزێكی دیكەی لەشكری خەمان، فیقەی زوڕنا كوشتنی زریكەی مەرگە، مەرگی ئازیزێك، زرمەی دەهۆڵ خنكاندنی هاواری هەموو ئەو پیاوانەیە كە ئاغا بەزیندوێتی چاوان لە چاڵەكانی دەنان، قریوەی كچان و پێكەنینی گەرم و تریقەی لەپڕ تەقیوی كوڕان تەنها... مەگەر بەتەنها ئەو دەمە تێكەڵ بێ... تاوێكی دیكە مەگەر لە سەربانەكانەوە، لەسەر ڕێی چەم و جۆگەلەكانەوە، لە درزی كەلاوەكانەوە، لە نێو پەرێز و هەرێز و كادین و سەرئاخوڕ و نێو تەویلەكاندا ئەو قریوە و بزانە لە نیوەی ڕێدا بگەنە یەكدی و زوو بمرن، هەنووكە هەلە بێ شەرمانە پیرەكان دڵۆپە فرمێسكێك بەیادی جاران بڕژێننە سەر ڕیش و سمێڵان، مێردمنداڵان قولانجێكی دیكە باڵا بكەن، باخەڵی كچان پڕتربێ، ژنە هیلاكەكان بەحاڵ هەوەسیان بجووڵێ، جوتیار و ڕەنجبەر و شوان و گاوان و پاڵەكان... ئەوانەی هەنووكە دەستەپیاون تۆزێك جحێڵ ببنەوە، دەبا ئەمشەو هەموو شتێكی مردوو زیندوو بێتەوە، هەموو شتێكی خەوتوو وەئاگا بێتەوە، بۆنی حێل و مێخەك و قەرەنفول... بۆنی قورسی ئارەقەی پیاوان، شیرن لای ژنان... بۆنی ئارەقەی ساردی ژنان، دڵڕفێن لە لای پیاوان بەسەر گوندیدا بڕژێ، با بۆن بڕوات، تۆز و خۆڵ لەسەر كەزی و بسكان بنیشێ، تریفە بڕژێ، خۆشنوودی بتكێ، لەشكری خەم ڕاوەدوو بنرێ، سەرگۆی مەمكان پتر بتەزن و بلەرزن، ناوقەدی كچە باریكەكان وەك شەنگە بی بلەرێنەوە، كەفەڵی ژنە قەڵە و گۆشتنەكان لەگەڵ هەر لەرزین و داتەكینێك داتەكن، چاوە ڕەش و پڕ لە كل و بەڵەكەكان پڕ غەمزە و بەخومارتر بن، سەرلووت و كولمە ئارەقاوییەكان ئاڵتر، زبانی نێو دەمە تەڕەكان تاوێ تاڵ و تاوێك شیرینتر، خرینگەی بازنەكانی مەچەكان بەئاوازتر، حەمایل و پلپلە و گوارە و خەزیم پڕ بریسكەتر، پێ بەخلخاڵ شل بن لە بەر ڕەفت و ڕۆینێ، هەموو چرپەیەك نازێكە، هەموو عیشوەیەك گازە، بەیانی هەر هەمووی وەك خەونێكی شیرینی لێ دێ، دوو ڕۆژی تر نابات دەبێ بووك بكەوێتە دوای قوونی ئەو مانگایانەی ڕیخ بەر

دەدەنەوە و ئەو کەرانەی تەرسەقوول دەکەن، ئیتر عومری جوانی چەند شەوێکە و تەواو، هێی دەروێش... ئەو بەزم و هەرایە هەر هەموو دەبوو تۆ خۆشی بکەیت... کە لێ دەبوویتەوە لای هەندێ شایەرێکی دەنگ زوڵاڵ و لای هەندێکی دیکەیان لۆتی بوویت، سەپانێکی پەڕپووت، هەر وەختێ شایی گەرم بووایە ئاغا و هۆمەری سەرکار و پیاوانی گوندی، ئاغا و کوێخای گوندەکانی دیکەش، هەر هەموو کوڕ و کاڵی گوندی، چ گاوان و چ شوان، چ پاڵە و چ فەقێی مزگەوتان، بۆ جۆشدانی بەزم و خۆشکردنی شایی بانگیان دەکردی، ئەتوو نە لە غارغارانێی سواران بەشدار بەو نە نیشانە بشکێنە... لە توومان ناوێ شەش تەغار گەنم بدووریتەوە و پشت ڕاست نەکەیتەوە، برا... مەیە مزگەوت و... بۆ مردووانیشمان گۆڕ هەڵمەکەنە، لە هیچ هەرەوەزییەک بەشدار مەبە، واز لە بانگوش بێنە، هەر ئەوەندەمان لە توو دەوێ دەست لە بن گوێت بنێ و تێی بچریکێنە، چی مەل و ئاژەڵی ئەو ئاقارە هەن، چی زیندەوەری سەر ئەرز و بن ئەرز هەن گوێیان بۆ ئەو چریکەیەت شل دەکرد، خۆیان بادەدا و خۆیان ڕادەژەند، نەک هەر مەلا و ئاغا و پیاوماقووڵانی گوندی، بگرە مناڵانیش دەستیان لە زرمەزلێ هەڵدەگرت و لە بەردەرکی دیوەخانێ گرد دەبوونەوە، بەخشکەیی لەسەر سەکۆکان، قاڵدرمەکان، بەر بەرۆچکە و نێو هەیوان و حەوشەکان هەڵدەتروشکان، پەح لەو دەنگە زوڵاڵ و کەرخ و دڵڕفێنە، کە بەلاوکێ یان حەیرانێک تێت دەچریکاند، گوندت دەخستە سەر سەما و ئاخ و داخ، مەڕ و ماڵات و ڕەشەوڵاغەکانیش بەو چریکە و سەدایە تاوێک و دەسرەوتن، هێور دەبوونەوە، شیرێکی پتر دەڕژایە نێو گوانەکان، پیاوە هەرە دڵڕەقەکان ناسک دەبوونەوە، بگرە باپیر ئاغای گۆپاڵ ڕەشیش ویقاری خۆی بیر دەچۆوە و لە حەژمەت و لە تاوان سەروکەللەی کەوتووی لەژێر شەدە و هەوریدا بادەدا، لەرەلەر و جۆلانەی گولێنگۆکەکانی شەدە و هەورییەکەی لەهی پیاوێکی عاشق دەچوو نەک ئاغایەکی بەزەبروزەنگ، دەمارە گرژەکانی نێوچاوان و لاشەویلاگی خاوبوونەوە، خۆش خۆش هەناسەی دەدا، حەزی دەکرد، دیوەخانە چۆڵ بێ و بگری، ئەو کەڕەتە لە گوندی دەنگی دایەوە کە مەلا زۆری بۆ هاتووە و کەشیدەی لێ فڕێ داوە و سەری لێ ڕووت کردووە، ژنان لە دوورەوە گوێیان هەڵدەخست، ئەو چریکەیە لە گوێیانەوە دەڕژایە ناو ڕۆح، لە پەڕی دڵی دەدان، سۆزێکی بزر و مردوو لەلایان وەئاگا دەهات، بەدزییەوە سەدەها خەونی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە نهێنیان دەدی، چ خۆشترە لە نزیکەوە چریکە و سەدای بایز گوارەیان بلەنگێنێ، لە شاییەکەی (کەریم مەیتەر) ژنان و کچانی گوندی لە ئاغاژن پاڕانەوە... دە تووخوا با ئاغا لێ بگەڕێ بایز بێتە ناو هەڵقەی ژنان و یەک دوو



حەیران و بەستەمان لۆ برێ... مەلا چت گۆت؟ ئاغا... با گوناهەکانمان لەوە پتر نەبن... ڕەشبەڵەک حەرامترە یان چوونی حەیرانبێژێک لۆ ناو ژنان؟ ئاغا هەردووکیان... جا تووخوا مەلا ئەگەر بنیادەم سەد جاران بەئاگری جەهەندەمێ بسووتێ کوو ڕەشبەڵەک و دۆڵ و زوڕنا لە خۆی حەرام بکاتن؟، تۆش خۆت گران دەکرد... هەقت چی بوو؟ فزەت لێوە نەدەهات، دەتزانی قسەی ئاغاژن بەسەر ترسەکانی مەلادا زاڵە، کێ دەوێرێ قسەی ئاغاژن بشکێنێ؟، دواجار هەر هەوەسە دەیباتەوە، ئاغا چ ڕەشبەڵەک و چ دۆڵ و زوڕنا، هەر هەموو هی سەردەمی کوفر و زەلالەتە، بەلانەکینێ سووکە گوناهن و بەئاوی دەستنوێژێک دەشۆرێ و پاک دەبنەوە، کوڕ و کاڵی گوندی گوێیان لەو مشتومڕە دەگرت، گوێ قولاغ بوون، کێ یەکەم کەسە و مژدە بەژنان دەدا؟ دیوەخان زرمەی دەهات، پیاوماقووڵان لەسەر مافوورەکان چوارمەشقی روونیشتبوون، چەقە چەقی کەوتنە خوارەوەی قلی تەزبیحەکان هەوای دیوەخانەکەی پڕ کردبوو لە هەرایەک تێکەڵ بەژاوەژاوی گەرمی ئاغا و مەلا، پیرەکان وان لە بنە بانێ، ئاغا لەسەر پەڕ و کوڕەکانی خۆیشی هەمیشە وان بەدەورییەوە، لاو و تۆلازی گوندیش لەناو دەرگاوە تا نێو پێڵاوەکان لەسەر ئەژنۆ قیت دانیشتبوون، نەدەبوو پشت دەنە دیوارەکان، ئەوەیان ئەوپەڕی بێ حورمەتییە، بەترس و شەرمەوە لە ئاغا و مەلایان دەڕوانی، بەحاڵ دەوێران سەر لەبن گوێی یەکدی بنێن و بەچرپەوە راز و نیاز بگۆڕنەوە، لەودیو پەنجەرەکانەوە و لەسەر سەکۆکان غەلبەغەلبێکی خنکاو... مێردمنداڵەکانیش تەیار و ئامادە بۆ خزمەت لەسەر پێ وەستابوون، ئاغا سەری لەبن گوێی هۆمەری سەرکار ناو چرپاندی، جەمعی دیوەخان ملیان درێژ کرد و هەناسەیان لەخۆ بڕی... سەرکار سێ جاران سەری لەقاند، هەر دەڵێی دوێنی بوو دەروێش... رۆیشت... بانگی کردەوە... بەهەڵەداوان هاتەوە بەردەمی... ئەو پیاوە درێژە دوو قەد نووشتایەوە... نووشتانەوەیەکی وا کە جەمەدانییەکەی بکەوێتە ناو کۆشی ئاغا، چرپەیەک و سەر لەقاندنێک... هۆمەری سەرکار بەدوو باز لە دیوەخانێ چووە دەرێ... لەناو دەرگاکە، بەرلەوەی ئاودیو بێ، بانگی کردیت، یەکڕاست هەستایتە سەر پێ، ڕێیان بۆ چۆڵ کردیت، لە دەرەوە شەقژنی گوللەی نیشانەشکێنەکان کاسی کردیت، فیقەی زوڕنا، زرمەی دەهۆڵ، شایلۆغانی زۆر گەرمی دەوری دەواری هەڵدراوی پێش دیوەخان، سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسییەوە، چۆپی، شێخانی، سێ پێیی... بەستە و دەنگی کەرخ و کەوتووی جحێلان، چەپڵەڕێزان، داڕژان و تێکەڵی دەنگەکان، ئاغا لە ژوورەوە وای دەزانی خۆی خودایە و ئەو خەڵکەش دەنکە ڕەشەکانی تەزبیحەکەی دەستی

کە قل قل گەمەی پێ دەکردن، ئەو دەنکە تەزبیحانە وەک چاوی مار دەبریسکانەوە، بایز هەر لە دوورەوە هەوەسی گوتنێی دەبزوا، سەد حەیران و لاوک بەقوربانی بەژن و باڵای کچانی گوندی، بەقوربانی ژنانی باخەڵ شۆڕ، بەقوربانی وردە رۆینی نازک و کەو ئاسایان، ئاوڕدانەوەی کارمامزانە ئەو وەختەی بەشەرم و نازەوە چاوان خێڵ دەکەن، چاوبازان، ئەبرۆ سەقەران، وەی لە بزاوتنی شەماڵ بۆ بسک و شابسکان، چاوهەڵنەهاتن لەبەر وردە پەرچەمان، وەی لەو گوێ ورد و زەرد و تەنکانە کە راناگرن قوڵفی گواران، سەد حەیران بەقوربانی دەرزیلەی سەر سوخمە و هیزار و... مەرجان و ملوانکە و موورووی بەر ملی گەردن زەردان، وەی لە باق و بریقی گوارە و خەزێم و گەردەنلغ و ئاشقبەند و دوگمە و دۆلابان، بازن و ئەنگوستیلە و خڵخاڵ و کەمەربەندان، چ شیرینە لەرینەوەی حەمایل و قەنەفلبەندان، وەی لە سروەی بۆن هێنی بن هەنگڵ و ناو باخەڵان، سوور هەڵگەڕانی کولم و لێوان، تنۆکی ئارەقەی داخزاوی نێوچەوان و چەناگە و بناگوێ و شۆڕبوونەوەی تا ناو جۆگەلە و بیرازی تەنگی مەمکۆڵانی کچە تازە باڵق بووەکان، بزەی سمێڵان، پشتێنی شل و جەمەدانی لار و تەزبیح بادان، چارۆگە و دەسماڵ لە زەوی خشان و هەوری کەوتنە ملان، سەر و مل شل بوون لەژێر قورسایی گەز و گولێنگان، پلپڵە و حوریەت و یاقووتان، کراسی جورجێت و کەوای سورمەیی و سوخمەی بەرتەنگی سیمدار، سەرچۆپی کێش و پێ لە ئەرز کوتان، دزە نیگا و پەنجە گوشین، ئاخی گەرم و هەناسەی سارد، لەناکاو رژانی تووتنی نێو کیسەی بەرپشتێنان، حیلەی ئەسپ و وەڕینی سەگەل، فڕینی لەناکاوی پۆلە کۆتری سەربانی مزگەوت لە ترسی چریکەی حەیران و هاواری ئەڵڵاهو ئەکبەر، بۆنی ساوار... پڵاو... یاپراغ... تێکەڵ بەدۆینە و دۆغەوا...

کوڕ و کاڵ بەپیرتەوە هاتن، لاکەون، رێ چۆڵ کەن، دوور کەونەوە کوڕگەل، ژنان وان لە ماڵی ئاغا...

(بایز... کافر... ئاگات لە دڵی ئەو ژن و کچانە بی، گۆتنەکەت بەندی هەناویان نەپچڕێنێ، خۆت لەبیر نەچی... ها... حەیران و لاوکێک، یەک دوو بەستە و تەواو...)

هەر هەموو کوڕگەلی گوندی بەغیلیان پێ بردی، هەر خۆت تەنیا و نێرەوزێکت لەگەڵدا نەبوو، کەسی دیکە نا، هەر خۆت و حەیرانێکی بریندار، خۆت و دڵێکی شەیدا... شەیدای هەمینێ...

(خودایە... لۆ دەنگت خۆش نەکردین؟)



هەر خۆت و بەستەیەکی شەرمن بەسەر لێوتەوە، هەر لە دوورەوە تیلاکت لێ خوار کرد و تەزبیحەکەت هەڵدەگلۆفت، هەردوو ناو لەپت ئارەقەیان دەردا، بەر لە خۆت بۆنێکی پیاوانە گەیشتە ناو کۆڕی گەرمی ژنان و کچان کە بەنێو یەکدیدا و لەناو حەوشە و ژێر هەیوانی ماڵی (ئاغا)دا تێک دەقژقژان، زوو زوو هۆمەری سەرکار دەیچرپاند:

(بایز... ئەها... بەدەم گۆتنێوە نەکەی چاوان بگێڕی... ئاغای خۆت دەناسی)

زەردەیەک نیشتە سەر لێوانت، ویستت پێی بڵێی:

(جا ئەمن بێجگە لە هەمینی کچت... چ کچ و ژنەکی دیکە دەبینم؟)

(پێمەکەنە... ئەگەر ژنانی ئاغاش پاڕانەوە... مەیکە... وا مەکە لە دیوەخانێ ئاغا و پیاوەکانی چاوەڕێ بن!)

کە ئاپوورەی ئاڵا و واڵای بەردەرگای ماڵی ئاغات بینی، چی دیکە ئاگات لە رێنماییەکانی هۆمەری سەرکار نەما، هەر لەناو دەرکی حەوشێ وە ژنان و کچانی گوندی وەک رەوە مامز و کارمامزان چاوەڕێیان دەکردی، بەر لە گۆتنێ چاوانت دەگێڕا و لە هەمینێ دەگەڕای، لە شەرمانا چاوت ڕەشکەوپێشکەی دەکرد، ئەوەتا غەزاڵی مام وسووی، ئەوەش رابی، زولەیخای چاوتیل رێت بۆ خۆش دەکات، خازێ خۆی ڕەپێش دەکا و زەردە دەیگرێ، مریەم پاڵی بەکۆڵەکەی ناو هەیوانێدا داوە و بەمەکەرەوە بنێشت دەجووێ، ئەسمەری کا بایزی هیزارە لارەکەی راست دەکاتەوە، رەوشەنی مەلانادر نووشتاوەتەوە و فوو لە ئاگرێک دەکا و سمت و کەفەڵی پانی هەر هەموو حەوشەکەی داگیر کردووە، خەجیجێ رەحمانی، جەواهیری وەسمانە خێلی، حەلیمەی بادینی، زولەیخای حەمە سەڵانە، هەر هەموو سەرگەرمی رێکخستنی مەنجەڵێکی رەش داگەڕاون لەسەر سێ کوچکەیەکی لەق و لۆق، فاتم بەبیانووی گەرما چارۆکەی لێ فڕێ دابوو، بەرملی سپی لە تەک سوخمەی رەشدا ئاگریان دەکردەوە، بەپەنجەی شایەتمانە ئارەقەی بەرملی دەسڕییەوە، یانێ ها. (سەیری ئێروکانە بکە)، ئامینەی کولەندە سیخورمەی لە عەیشۆکی کولەبنە دەدا، یانێ ها، (سەیری بایزکە...!).

(خودایە هاوار... فریام کەوە)

چ بێ باکانە، بەڵام بەکۆڵێ عیشوە و نازەوە دەهاتنە بەردەمت، چین چین گۆشت، گۆشتی شل و پل، نەرم و نیان، دەکەوتنە سەر یەکدی، گۆشتی ژنان و کچانی سپیکەلانە و رەش ئەسمەر و سەوزەڵێ و گەنم رەنگ، چاوانت دەگێڕا، ماندووبووی، دەتویست وەک

هەنووکە هاوار بکەی، (هەمین... ئەتوو لە کێندەری؟)، دەتووت وەک هەنووکە بەئەنقەست خۆیت لێ بزر دەکا، تاوەکو حەجمانت لەبەر ببڕێ، کتوپڕ، وەک لە ئاسمان کەوتبێتە خوارێ، بینیت، کەیل و کاس، گێژ و حۆل بەناو پۆلی کچان و ژناندا دەخولایەوە، کەوگیر و قاپی لێ دەکەوتن، ڕەنگی گلەیی لە چاوانی مردووە، بەمەکرەوە لە پشت ریزێک لە ژنانەوە تێی دەڕوانی، وەک ئەوەی بەتۆ بڵێ: ها لە کوێ بووی؟، چ نەوسنانە سەیری دەکردیت، ئەم بەیانییە لەناو دەرگاکەوە بەهەمان نەوسەوە سەیری کردیت، وەک ئەوەی سالانێک بێ و توخنی نەکەوتبیت، پیرەپیاو کەی ئەوەندە بێ دەمار بوویت؟ ئەمشەو کە هاتەوە لە خۆشی ئەو راوە بە بەرەکەتە بیگەوزێنە، دەتگەوزێنێ، رامووسە... راتدەمووسێ... خوا بکەم نەڵێ: ئۆە... پیاوەکە... دەم و ژەمت نییە... ئەمن ئەوەندە شەکەت و ماندیم... وا دەمرم... جا چش... وەرە ئامێزم و زیندیت کەمەوە، سەبەتەی هێلکە بێ سەری کردیمە و دێمکەی شیر هەردوو پیلی بەردامەوە، ئەورۆ نانی جەژنێم لۆ ماڵی سمایل بەگ تەکمیل کرد، پڕ ژوورەکی جلکی بابەکر ئاغام شۆری کە حەرام وەڵڵا پیس نەببوون، ئەوانە چ توخمێکن؟ چ بێ دڵ و دەروونن... جاری وا هەیە لە بەر قاپیان سڕ دەبم ئەوەندەی بوەستم، ئاوی هەردوو چۆکم دادێ، سبەی دە هێلکەی دیکەم دەوێ، دێمکەیەک شیر، هەمین خۆ شیرەکەی دوێنی ئاوی تێکەر نەبوو؟ زۆر زوو ترشا... ئەها بایز... دونیای ئاغا و بەگلەران چ سەیرە... ئەو رۆژە ژنێکی عەلمۆدە لەبەردەم ئاغاژن لەسەر کورسییەک دانیشتبوو... چ بکا باشە؟ چوزانم... بەمەرهەمێکی سپی، سپی و چەور، هەر دە پەنجەی ئاغاژنی دەشێلا، پاشان یەکە یەکە کچەکانی هاتنە بەردەمی ژنە و دەست و پەنجەی ئەوانیشی چەور کرد و شێلای، گوێم لێ بوو کچی چەلەبیش بەدایکی دەگۆت: چی دیکە پیاڵەم پێ مەشۆ، ئاخر پێستی پشتی دەستەکانم بێخ هەڵدەدەن، دەزانم هەمین... دەزانم... ئەو خانمە تەوەزەلانە دەرپێی خۆیشیان ناشۆن، گوایە نینۆکیان درێژە و دەشکێن، هەمین وازم لێ بێنە و هارم مەکە، واز لە قەحپە و گەوادان بینە، ئەو دەستە سپی و نەرم و نۆڵانە بۆ قاپ شۆرین و جل شۆرین نەکراون، ئەو دەستانە هی ئەوەن گونی کەرەکەمی پێ بگرن، ئەیەڕۆ پیاوەکە... لە کنە خۆ پیاوی تەریقەتی... هەر ئەو دەستانەی من و هەر ئەو دەستانەی ئەوان! لە بەیانییەوە تا ئێوارێ وان لەناو قوڕ و لیتە، یان کەفە سابوون، یا هەویر شێلان، یان هەڵگرتنەوەی تەپکەی ریخ و تەرسەقول، با بۆ خۆی برێسێ، بەو دەست و پەنجانە دەمارەکانی شان و ملت دەگرێ، بەمیهرەوە دەست بەسەر سینەی تووکنتدا دێنێ، لەوەتەی لە گوندی هەڵەتە بوون بەو دەنگە زوڵاڵەت کەم شەو هەیە بێ



لاوک و حەیرانی بکەی، شەوانی درێژی زستان لە بەرگڕی پەنگری گەشی ئاگردان، شەوانی هاوین بەدەم تێڕامان لە جریوە جریوی ئەستێران، دەنگت دەگاتە کەلاوە شان شکاو و خانووە پڕ لە ئاژاوە و دەرد و خەمەکان، هەموو شەوێک لەوەتەی ڕەدووت کەوتووە، ترسێک داتدەگرێ، لە قەهری ئەو غوربەتە و لە حەژمەتی تەنیایی و لە ترسی تارمایی مەرگ ئەو لاوکەی بۆ دەچڕی کە خوێن لە دڵ دەدەڵێنێ، حەیرانێکی بریندار، وەک دوو منداڵ کە لە خێو و تارمایی و جنۆکەی ناو ژێرزەمینێک بترسن دەخزێنە ناو باوەشی یەکدی، سەیرە... هەر خۆی دێتە ئامێزت، هەر خۆی دەتشوا و بسکە درێژەکانت دادێنێ، هەر خۆی دێتە حەمامەکە و بەبیانووی پشت شۆرین شەڕت پێ دەفرۆشێ، جاری وا هەبووە گومانت لێ کردووە، زوو زوو پێت دەڵێ: جیقن هەر لەگەر توو وام... دەنا کەسم بەپیاو نەزانییە... هەر وەختێ پاک بێتەوە دێتە بن هەنگڵت، ئەوساش کە تۆی دەدی حەیاو شەرمی نەدەما و پڕ بەچاوان لە تۆ ڕادەما، سەد ژن و پیاو بوەستایە لە تۆ نەدەپرینگایەوە، بیرتە ئەو وەختەی هۆمەری سەرکار لەناو حەوشی ماڵی ئاغادا بەجێی هێشتی، پاش قەدەرێکی درێژ کە تۆی بینی ڕەنگی پەڕی و قاپ و کەوگیر لە دەستی کەوتنە خوارێ، شێتانە دڕی بەو حەشاماتە دا و خۆی بەیەکە یەکەی ژن و کچەکاندا دەدا و تا گەیشتە کنت، وەی لە هەواداری و وەی لە جەزبەی دڵ کە شەرم و حەیا ناهێڵێ، لە بەرهەیوان و لەسەر لبادەکی پاک بالیفێکی خستە ژێرت، پڕ بەحەزی دڵی لە چاوانتی ڕوانی، هەر وەختێک سەیرت بکا، سەیرکردن و نیگای شیرینی هەمین ئەو بن هەیوانەت دێتەوە یاد، خۆر هێدی هێدی بارگە و بنەی خۆی دەپێچایەوە، مانگ بەشەرمەوە، بەدزی خۆرەوە هەڵدەکشا تاقی ئاسمانێ، هەواش تا دەهات فێنکی دەکرد و بۆنی ژن و کچانی حەوشە و بن هەیوانێ کاس و وڕ و گێژیان دەکردی، هەنووکەش لە بەرچاوتە ئارەقەی لاملی و سوورە سووری هەردوو کولمان، سەرت هەڵبڕی و لە هەموان ڕادەمایت، لەو زیاتر چ کچ و ژنێکت، بەچاوی دڵان، نەدەبینی، لە قولابی سەر کۆترۆکە و خەزیمی کەپووی ڕادەمای، چ عاجباتی بوو... هەر دەڵێی هەنووکەیە... بەسەر سەری هەمینەوە، دوور دوور لە تاقی ئاسمانێ ئەستێرەیەکی گەشت دەبینی، لەگەڵ هەردوو چاوانی هەمینێ بوون بەسێ ئەستێرە... بەچوار... بەدە... سەد... هەزار... ئەو شەوە چ ئەستێرە بارانێک بوو، مانگە شەوێکی دلڕفێن، بۆنی گژوگیا و گوڵە حاجیلە و هەڵاڵە و بەیبوون وەختێ تێکەڵ بەبۆنی زۆر شیرینی ئارەقەی لەشی کیژان دەبوون، وەی لەو مەست بوون و حەیرانە، منالان وەک پشیلە بەسەر قالدرمەکاندا هەڵگەڕان و گەیشتنە سەربان، دەستەکان لە

کەوگیر بادان شل بوون، دەوری مەنجەڵی ڕەش داگەڕاوی سەر سێ کوچکەکان چۆڵ بوون و دەوری تۆش قەڵەباڵغتر، ڕیزێک لەو کیژانەی کە لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای دەرەوە هەڵدەپەڕین دەستیان بەردا و بڵاوەیان لێ کرد، ئەڵقا و ئەڵق چواردەوریان گرتیت، تافتە و هیزار و هەوری و چارۆگە شێواو، دەهاتنە پێشتر یەمەنی سوور و... کراسی دارکەژۆک لەبەر، لێت دەهاتنە پێش گەردن کێلان، پاژنە خڕان، پەرچەم سووری بەخەنە و... زەند و باسک بزر لەژێر بازنان، ورد دەبوویتەوە لە مەرجان و کرمۆکەی بەرملان، لە سینەی بەسترا و بەسنجاق ئەو وەختەی شل دەبێ و دەکەوێ، دەرزی بەرسێرێ کە دەترازێ، باسکێکی پڕ لە بازن و دەست و پەنجەی پڕ لە ئەنگوستیلەی نقێمدار، کۆتکە دۆیەکی خستە بەردەمت، سەرت هەڵنەبڕی، بەتەنها لەو دەستانە ڕادەمای، لە کۆتکی دۆ... ماستاو... چا لەسەر چا... خەنی لە خۆت... بێ شەرم بەچوار دەورتا وەک پەروانەی دەوری شەمع دەفڕین و دەسووڕانەوە، پۆل و ئاپوورەی ژنان و کچان شەرمێ لە پیاوێکی تەنیا ناکەن، حەزت دەکرد هەر هەموو کوڕ و کاڵی گوندی بانگ بکەیتە ژێر ئەو هەیوانە و وەک تۆ لە بەژنی باریک و چاو ڕەشان ڕامێنن... لە نازی نازدار حەیرانان، هەڵمژن بۆنی ئارەقەی سینگ و مەمکان، بۆنی هەوەس بزوێنی بن باڵی ژنە پان و پۆڕەکان، بۆنی قەرەنفول و هێل کە تێکەڵ دەبنەوە بەگەردانەی وا لە گەردنێ، بێن و نەک بەدوو چاوان، بەڵکو بەهەزار چاوان ورد ببنەوە لەو هەموو مەمکە بەندکراوەی ژێرکراس و سوخمە و مەمکدانان، لە خاڵی پڕ لە جوانی و فەرامۆش کەوتووی لا لێوان، لەنجە و لاری گەلی دەستە خوشکان کە بەشەرمەوە خۆ دەلەنگێنن بۆ شایی و هەڵپەڕکێیان، پەڕەی خەزێم کە بریندار دەکا پەڕەی ناسکی کەپووان... و تکە خوێنێکی ئاڵ دەڕژێتە سەر گۆشەی لێو، شنانەوەی لیفکی هیزار و شەدەی ئاغاژنان، ڕێ ڕۆیشتنی بەویقاریان، کەزی تەڕ و تۆزاوی، ناسکەیی ڕوومەتان، وردە خوساران، گوڵینگەی هیزاران، چاو هەڵنەهاتن لەبەر وردە پەرچەم و شابسکان، ئەوسا تۆش تۆغیانت بوو، چووکەلەت هەمەوەندی و سمێڵت کامەڕی بوو، ئەوەندەی کە سەرمەستی جوانی بوویت، دە ئەوەندە لە خەمی کوڕگەلی دەرەوەی ڕەشماڵ و دەوارەکان بوویت، دەتزانی هەنووکە لەوێندەرێ ناو لەپی گڕگرتوویان بەشەونمی گیا و گوڵان تەڕ دەکەن و بەچاوی پڕ لە شەهوەتەوە لە تریفەی مانگ و جریوە جریوی ئەستێران ڕادەمێنن، لە خەفەت و قەهران... خەفەتی دووری نازداران جگەرە بەجگەرە دادەگیرسێنن، حەزت دەکرد هەر هەمووان داوەت بکەیتە ماڵی ئاغا و هەریەکە و دەستەگوڵی خۆی بێنێ و دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ، حەزت دەکرد... حەزت دەکرد... حەزیان



دەکرد دیواری دیوەخانە و باڵەخانەی دوو نهۆمی ئاغا بڕمێ تا دەرکەون بەژن زرافان، گوێ بەگواران، بسک لوول و باخەڵ شۆڕان، کەپوو قنج و لێو تەقیو و چەناگە کوتراوان، تا ڕامێنن لەو مەمکانەی لە ژێرک کراسی مەخمەری و سوخمەی تەنگ هەڵیان هێناوە ژەنگ و ژار، لەو کوڵمانەی هەر دەڵێی شەمامەی حەوت ڕەنگین، بەڵام چ دەکەی کە شەختەی پایزێ لێی دابن، تا دەرکەون پڵپڵە و حەمایل و تۆقان، تەلسمان، زێڕان... زەنجەقان... ئاوزەنگیان... کرمەک دەگەڵ بەندی پیرە گواران.

لەوێ، لە دیوەخانێ «کەریم مەیتەر» حەجمانی لەبەر بڕابوو:

«گەورەم... دەترسێم بایز بەتەنێ شەرمێ بکاتن!»

ئاغا لێی خوڕیوەتەوە:

«بەراز... تازە زاوای... کەی دادەسەکنێی!»

ئاوڕی لە هۆمەر داوەتەوە و پرسیویەتی:

«هۆمەر، بایز حاڵی کووە؟»

هۆمەر بەقەهر و بەغالەتی پیرە پیاوێکەوە گووتویەتی:

«وەڵڵاهی گەورەم... سەد سوێند دەخۆی دڕکی ناو گوڵانە، ئەو کافرە نەخنکێ باشە!»

کە ئاغا بەقریوەیەک دیوەخانی گڕ داوە، هەر هەمووان تریقا بوونەوە، کە ئەو وەستاوە و ڕووی گرژ کردووە، هەر هەمووان ئان و سات ئەبڵەق بوون، ئاغا ڕووی کردۆتە کەریم:

«گوێ بگرە بۆرەپیاو... تەیار و ئامادە بە، شەوی نێرانە، هەر تۆزێکی دیکەیە و بووکت دەخەینە پاڵ، مەیتەری خەسیوم ناوێ، ئەوەندەی بلێین یەک و دوو، با چایەکی شیرینم لۆ تێکەن، نامەوێ شەکرەکەی بتاوێتەوە، دەعەمەلی بینە و وەرە دەرێ»

کەریم مەیتەر شپرزە و شەلاڵی ئارەقە وتبووی:

«هەندی بلێی یەک و دوو... چایەکت فڕناکەی... دێمە دەرێ!»

هەر هەموو پێکەنی بوون، زاری بێ ددانی پیرەمێردەکان وەدەر کەوتوون، ئاغا هەڵیداوەتێ:

«ئاخر نەکەی حەیامان ببەی، عەشیرەتی "شێخ بزێنیان"م پێ خۆش بکەی، سمایلی قاوەچیم لەسەر چ تڕۆ کرد؟»

تۆ بێ ئاگا بووی لە ئاغا و پیاوماقووڵانی دیوەخان و شەڕە دەنووکیان، لە بەردەمتا

ڕوونیشتن... بەدەسرۆکەی دەستیان ئارەقەی بەرمل و تەوێڵیان دەسڕی، بۆنی مێینە سەرمەستی کردی، کوڕگەلیش لە بن ڕەشماڵان تا ناو هەناو دووکەڵیان هەڵدەمژی، سمێڵیان دەکرۆشت، پێیان لە زەوی دەکوتا، نینۆکیان دەقرتاند، بەغەزەبەوە کڕەی ددانیان دەهات، تەزبێحیان هەڵدەگلۆفی، تفیان پێ قوت نەدەدرایەوە، ناو زار تفت و تاڵ، بەحەیزەران و دار و گۆپاڵ لە بەردەکانی بەر پێی خۆیان هەڵدەدا، بەنووکە شەق، لەناو هەمووواندا تەنها تۆ بەختەوەر بوویت، ژنان و کچانی گوند بانگیان کردی، ژنانی ئاغا خۆیان، درەنگ شەرمت ڕەوییەوە، لا جانگ و بن سمێڵ و بڕبڕەی پشتت ئارەقەیەکی ساردیان دەردا، یا خودا بەخێر بێی... هەر سێ ژنی ئاغا، فاتمە خان و سافی و خاحەبێ بەرەو پیرت هاتن، بەهەرسێکیان دەتووت دیوارێکی تۆکمە و بڵندن، بۆنی سمڵ و مێخەک هەزار کانیاوی زەوقیان لە دڵدا دەتەقاندەوە، وەی لە تێکەڵی ترس و شەرم و خۆشی و جوانی، مێروولە و تەزووی شیرینیان پێ دای، ورشەی کراس و کەوا، خشەخشی کەوش و سۆلی عەجەمی، باق و بریقی کراسی کودەری، باخەڵی دوو قەد و سێ قەد، بەدزییەوە سەرێکت هەڵبڕی، سەد حەیرانت کرد بەقوربانی یەک گولێنگەی ئەو نازدارانە، خرینگەی بازن، هیزار لار و هەوری سوور، بریسکەی دەرزیلە و کەمەربەندان، شەپۆڵدانەوەی پڕشنگی گەردانە و دوگمە و پاوانە و لاسەرە... هەموو شتێک لەو حەوشەدا... لەو هەیوانەدا... لەو شەوەدا دەبریقایەوە...

«کچم هەمین... دوو بالیفان بخە بەر پشتی بایزی...»

ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو بەخۆ و بەدوو بالیفی پڕ لە پەڕی مریشک هاتەوە، ژنان ڕێیان بۆ خۆش نەدەکرد، ئەویش بەمەکر و ناز و ماناوە نوقرچەی لە لاڕان و سمتی یەک دووانێکیان گیر کرد... وەیش... دەستت بشکێ... بایز، بەو سووکە سوعبەتەی هەمین، خەریک بوو ببوورێتەوە... شاژنانە ڕێی دەکرد، دەلەنگییەوە، بەئەنقەست خۆی بادەدا... بەسەری پەنجە ڕێی دەکرد، شەنگەبی بوو لە گوێ چەمێکدا دەلەرییەوە، بەدەم ناز و عیشوە و خەندەوە هەردوو سەرینەکەی خستە بەرپشتت، هەنووکەش بەخۆشی ئەو بۆن و بەرامەی پەرچەم و زولفانی ئەو عەیامە دوور و دێرینە دەژی، ئەو وەختەی بەسەرتدا نووشتایەوە و کەزی و قەفی بسکەکانی دایان لە تەوێڵی گەرمت، ئەو دەنگە بوو کە هەمیشە و تا هەنووکەش کە چاوەڕێی هاتنەوەی دەکەیت... لە گوێتدا دەزرنگێتەوە:

«بەخێر هاتی بایز...!»



ئەو دەنگە بوو کە قەهر و ترس و شەرم و خەمی لێ دەڕژا، وەلێ جوان و... پڕ گوێ... ناسک... پڕ لە زرنگانەوەی موحیبەت، دڵگیر وەک قوڵەقوڵی ئاوی کانییەکی تازە تەقیو، دەنگێک لە شکانی ئاوێنە و... مینا پڕ خورپەتر، لە خرمەی باران خۆشتر، هەناسە و ئاهی نیوە شەوی کچانی وەک هەنجیر گەییو، ئەو هەنجیرە گەییوەی گەر دوای ڕۆژێک نەخورێ، بۆگەن بکات... بترشێ... بکەوێتە ناو خۆڵ و سەر خاکێکی ڕووتەنی، نیگایەکی کورت و کارمامزی، کارمامزێک کە ترسی ڕاوچییەک لە دڵیا بنیشێ و بەری نەدات، قەف و لوولی بسک و کەزییەکانی شوورە و سێبەریان بۆ کردی، بۆ تەنها یەک سات، بەدزی ئەو هەموو کچ و ژنانەوە، لە چاوانی ڕامایت، بەپەلە خۆت تیا شۆری، خۆت تیا نوقم کرد و هاتیتە دەرێ، دوو چاوی ڕەشی پڕ لە جریوە و چریسکە، دەک ماڵی چاوانتم بەقوڕ گرت، تا ئەبەد کل و کلچوکی ناوێ، وەی لەو مایینە کێوییەی مەیتەری عگیدی دەوێ، مانگی دوورە دەستە و ئەمن بەتریفەکەی شاد و شوکرم، قەت بووە... نا... گوناهە سەپانێکی کڵاش دڕا و لەو چاوانە ڕامێنم، ئۆو... هۆ... ئەو لە کوێ و من لە کوێ؟ بێ سۆنگە نییە ئاغاکان مرخیان لێ خۆش کردووە، لیکی بۆ دەڕێژن، کوڕگەل لە دوورەوە بۆی دەسووتێن، هۆ هەمینی شەدەلار... ئاخر ئەتوو لۆ خۆت حەیرانیت... لاوکێکی گەلەک شیرینیت... هێی هەمینی بەژن زراف... ئەتوو بەدەستی خۆت بالیفان دەخەیتە بەرپشتی بایزی...؟ جا ئەمشەو چۆن بنوێ؟ دەبا تا سپێدە گۆرانی و بەستە و حەیران و لاوک و بەندان بچڕێ، تا بەندی دڵان دەپچڕێ، هەر ئەوێ شەوێ بوو کە دار و بەردت خستە سەر هەلەکە سەما، گژ و گیا و حاجیلە و هەڵاڵە و بەیبوون و گوڵاڵە سوورە، درەختەکان، نەک دڵی دەستە پیاو و کوڕگەلی گوندی، بەڵکو دڵی پیرمێردەکانیش وەک پشکۆی ژێر خۆڵەمێش گەش دەبوونەوە، دەنگت بوو بە«با» و... خۆڵەمێشی سەر پشکۆکانی بەبا دەکرد، وەختەبوو ژنان بەر باوێن و لە حەژمەتانا منالیان لەبار بچێ، بەرەبەیان کچان بەدەم خەوەوە بۆ شوو... بۆ پیاوی سمێڵ بابڕ، بەدزییەوە، هۆن هۆن دەگریان، تا دەنگیان دەرنەیەت چارۆگە و ڕەفتەی بەرملیان دەئاخنییە نێو زاریان، کوڕگەل حەیا و هەیبەتیان نەما و ڕۆژی دوای زەماوەندەکەی «کەریم مەیتەر» چوونە سەر ئەو گردەی دەیڕوانییە چەمی چەقەڵان... دە دوانزەکیان چووبوونە گژ ماکەرە بەڕەڵڵاکانی ئەو دەشت و دەرە، ئەوێ شەوێ مانگ دابەزی و لەسەر ڕەشماڵەکان و ماڵی ئاغا و دواییش لەوپەڕی گوندی خەرمانەی دا، ئەوێ شەوێ کچانی تازە باڵق بوو پتر مەمکیان دەڕسکا، لە تاو چریکەت هەوا و هەوەسێک کەللەیانی دەتاساند، بووی بەشالوور و دەنگت هەڵبڕی... دەردی دڵی

هەمووانت خڕ کردەوە و حەیرانت چڕی...

ئا... ئا... ئا... ئا... ئای...

حەیران... ئەوڕۆ ئێوارێ نادری...

گەلەک بەمن نادری

چاوەکەم دەڵێم نادری... بەمن گەلەک نادری

لە چاوان بازی... لە ئەبرۆیان سەقەری

ئەی ئامان و سەد ئامان...

لە وردە ڕۆینی دەڵێی کۆتری

هەنووکەش زۆر شەوان فێڵی لێ دەکەی... بەبەندێک دەست پێ دەکەی، لەناکاو دەیبڕی و دەچیتەوە سەر ئەو بەندەی کە بە«هەمین»دا هەڵبلێی، هەرجارە و بەڕۆح و سەدایەکی دیکەوە دەیچڕی...

ئەوجا دەرێم حەیران... حەیرانە...

حەیران هەمینە

گەردنی زەردە... مەمکی هەنگوینە...

روومەتی گوڵە و سینگی سپینە

ئەمن سوێندەکی دەخۆم بە«سوڵتان عەولای عارەبی»

بە حوسێنی غازییە...

پاش ئەو غەدار بابەی چ دۆستان ناگرم...

چ یارم نینە...

ئەو تەریق دەبێتەوە و پێت دەبڕێ... هەنووکەش ترس و یاد و حەز و لەزەتی پڕ نهێنی نیوە شەوانت لە حەیرانێکدا دەتوێنیتەوە، وەک تازە کانییەکی ڕوون و شێلو و لە بن کەرتە شاخێکەوە بتەقێ و... پاشان تافەتاف وەک ڕووباری بەتەوژم و تاو هەرد و وەرد ببڕێ، هەموو شتێک بشواتەوە... ژەنگی قورگ... هەر دڵێک... هەر ڕۆحێکی وشکەوەبوو تەڕ بکاتەوە، سەپان و جوتیار و شوان و گاوان و مسکێن و کیشەکەرەکان بۆ تاوێک هیلاکی عومری بەهەدەرچوویان وەبیر دێتەوە و لە شەوێکی وا کورتدا بیریان دەچێتەوە، وەک ئەو خێڵەی دەنێو هەزار پرسە و کۆست و نسکۆدا بەتەنها شاییەک ببینن، شایی



ئەو شەوە و بەس، بەهەلی بزانن، بەزۆری بزانن بەدەم سەدا و چریکەی حەیرانەوە بۆ خۆشییەکی کورت و دزراو بگرین، ئەرێ ئەو ژنانە هەر ئەوانەن کە بەڕۆژ مەشکە دەژەنن، لە هەرێز و پەرێزان شەقی و ماندوو دەبن، بەرامپیل دەکەنە ملیان و ڕیخی مانگا و تەرسەقول و قشپلان بۆ زستان خڕ دەکەنەوە، چیلکە و دار، لە هاوینی گەرمەسێردا هەتاو دەیانبا و لا ڕوومەتیان دەسووتێنێ، هەر دەڵێی ئەوانە نین کە لە پرسە و ماتەمیندا قژ دەڕننەوە و سینە دەکوتن و ڕەش لەبەر دەکەن، هەر ئەوێ شەوێ بوو کە ئەو هەموو دڵانە، لە هی هەمووان زووتر هی هەمینێ بەو نەغمە کەرخ و غەمگینەت توانەوە، تلانەوە... تاوێ نزم و تاوێ بەرز... دەتووت نەوای حوزنێکە ئەبەدی... چریکەی سەر و بن گرێ دراو، بەخەیاڵ دەیبردنەوە جێی ژوان، بەزۆر وەدەرنانی قەهر و ئێش و ئازار، وەی لە جەربەزەی هۆز و عێلان، غەدر و غدووری ئاغا و بەگلەران، نێوچەوانی گرژی باوکە هەرە تووڕە و تڕۆکان، دڵی بەردینی برا بەدکارەکان، نا... هێدی هێدی حەیران دەیبردنەوە نێو ئەشکەوت و کەند و لەندان، دەڕۆیشت و دەگەیشتەوە گوێ و دڵی ئەو کچۆڵانەی وان لە گوندەکانی دیکە و بەتەنیا باڵی لەسەر جێ و بالینگانی سارد کەلەکە دەگۆڕن، هەڵاوی هاتوو لەناو هەناوەوە، وەختەبوو پووش و پەڵاشی ئەو دەشتە تێکڕا بسووتێن، وای لە ئاهی گەرم و هەناسەی سارد، سەربادان و چاوداگرتن، بزە و ڕۆندکی تێکەڵ، ئەوێ شەوێ سەگە بەڕەڵڵاکانیش وەرکەوتن، ئەسپ لە حیلە و نێرەکەر لە زەڕین کەوتن، گوڵە گەنجەکان ورد ورد باڵایان دەکرد، ئەستێران بەئاسمانەوە دەیانجریواند، تۆ حەکایەتی مەرگ و کوشتن و دەست لە یەک بەردان و حەسرەت و دەرد و نامرادیت بەو ناوەدا پەرت دەکرد، ڕۆژانی سندم و بەکۆیلەبوون، پشت ڕاست نەکردنەوە تا ئێوارێ، بۆنی سووتانی نانی سەر سێڵ لە وەختی خەیاڵ و تاس بردنەوە، ئەوێ شەوێ گەلاکان دەستیان خستە پەنا گوێ و تێیان دەچریکاند، وەک پۆلە مەلێکی خنکاو لەناو دووکەڵدا، تریفەی زیوینی مانگ لە ڕووخساری هیلاکی دەدان و نەیاندەبڕییەوە، بەڵام بەو سەداو چریکە و ئای ئایە چوونەوە ناو قاوغی خۆیان، ئەوێ شەوێ چ زوو داخ و خەفەت و ئەرک و ئێش و ئازار و حەز و ئاوات و خەون و حەژمەتی هەمووانت لە بەندێکدا تواندەوە، وەی لەو نووزە و ناڵینە، ئەوێ شەوێ سەرت هەڵبڕی و چاوت بەو هەموو باڵاکوڵ و کەڵەگەتانە کەوت کە ببوون بەشوورەی دەورت، پۆلێک بەپێوە و پۆلێک لەسەر چیچکان ڕوونیشتبوون، بێ ئاگا لە سڕبوونی پاژنە و بنی پێیان، سێ ڕیز و... چوار ڕیز... شەوی خۆت بوو، سەرقافڵەچی... لە پێشی پێشەوە هەمین هەڵتروشکابوو، ئەوێ شەوێ ئەتوو حەیرانت نەدەچڕی، هەر خۆت

حەیرانێک بووی لە گۆشت و خوێن و... ئاه و... حەسرەت... هەر خۆت حەیرانێکی خوێن لێ تکا و بووی، شێتانە و مەستانە بۆی هەستای، پاشان... خاو و نەرم دادەبەزیت، هەمین لەو سێوە خڕەی بەرملت ورد دەبۆوە کە لەرەلەری نەغمە و سەدای چریکەت گەمەی پێ دەکرد، شەپۆلی دەنگت دەیشۆرییەوە...

ئەرێ دەرێم سێبەری سەفینی بەسەر ماڵە دیاناندا دەڕۆنی...

چی دەنگ و سرتەی زی ڕۆح لەو دەشت و ئاقارە هەبوون کپ و خامۆش بوون... وەی لە فرکەی باڵی سەدان قولێنگ و قاز، شەپۆلێکی سەرمەستە: سەداکەت، بێ ئوقرەیە و ڕووە و تریفەی مانگ سینە هەڵداوێ، کانی تەقیو، بەقوولەقوولْ، تاڤگەی قەد پالان و کچانی گوندی بەڕووتی مەلەی لەبەردا بکەن، سێبەرت خستە سەر ڕوومەتی سوورە گولان... کولمە قەندان... نەبا بسووتێنی لە بەر گەزەنگی خۆرە تاوان... لە پێچ و لوولی حەیرانەکاندا شەرمی کچانت دەشاردەوە، هەوەسی پەنهانی ژنان، وەبزەت هێنان... چ هیلاکە خەندەی سەرلێوە قەڵشتییەکان، لە تاو بۆنی هەمینی هیزار لار نرکەنرک دەتنالاند، لەو نالین و ئاخەدا ڕاوچی و مامزی کوژراوت دەهاتنە بەرچاو... ڕاز و نیازی سەر ناعوور و ناو کادینان، ژوانی پەنا دیوار و سەربان و ناو هەوێزان، تەویلە و گەوەڕان، پۆل پۆل مەلی بەهەشتی بەئاراستەی «با» و سەدای چریکەت لەو ئاقارە نزیک بوونەوە، نیشتنەوە... نەک کچە جحێڵەکان، پیرەژنە ددان کەوتووەکانیش شەرمیان لە ڕوو نەدەما و خۆیان با دەدا و دەلەنگینەوە، لەزەتی پەنهان و ڕازی شاراوەی ساڵانێکی زوویان لێ تەڕ دەبۆوە، قەهری ڕۆژانێکی ناشیرینیان وەیاد دەهاتەوە، ئەو وەختەی بەزۆردارەکی... بەزەبری خەنجەر و بالیف خستنە سەر دەم و گۆپاڵ لێ بادان بەشوو دران، کۆنە برینەکان دەتلانەوە، ئەو پیرەژنانە بەبێ برین خوێنیان لێ دەتکا...

حەیران... حەیرانە... حەیرانی لێ دێ... گەردنی زەردە و مەرجانی لێ دێ...

خوێنێکی بێ ڕەنگ و بۆن... برژێ و وەک لافاو لە دڵدا، لە ڕۆحدا... لە چاودا سەر بکا... ئەوە سەری چەند ساڵانە نەخۆش و بریندارین و... بەخۆمان نەزانییە...

نەخۆشەکی گەلە گرانم...

کەتیمە نوێنێ...

دەنگۆ جەوابەکی بنێرن بەشەوبای نیوە شەوێ...

بە«با»یە شەماری...



بەپلکە پێناوێ...

دەبا بەژنێ باریک دەمەکم بێتە سەرینێ...

پیرەمێردەکانی ژێر ڕەشماڵان و دیوەخانێ ملیان بۆ درێژ کردبوو، بۆ ئەو چریکە و ناڵینە هەموو ئازای جەستەیان گوێ بوو، لەگەڵ هەر ئاهێک خورپەیەک دەکەوتە دڵ، خوێن دەجما و... دوو تنۆک فرمێسک بەری چاوانی دەگرت، هەمین قەستی دەکرد بێتە ناو کۆشت، پڕ بەهەردوو چاوان لێت ڕادەما، بەو دەنگە سووتاوەت پتر گڕت لە دڵی بەردا، تاڵ تاڵ پەرچەمی وەزریکە کەوتن، دەیخواست بۆنت بکا و خەنی بێ، تک تک ئارەقە لە تەویڵ و لاجانگ و چەناگەت دەتکان، دەتکان و دەرژانە سەر سینەی تووکنت، ئان و سات دەستەسرێکی زەردی بۆ ڕاگرتی، لێت وەرگرت و ئارەقەت پێ سڕییەوە، دەستەسڕ بۆنی سینگ و مەمکی و مێخەک بەندی هەمینێیان گرتبوو، سەرمەست و کاستر بووی، تەواو... بەتەواوی زانیت سەرتۆپی کیژانی گوندی شەیدا و عەوداڵتە، تەواو... بەتەواوی ژنان و کچان دەستیان لە هەموو کار و ئیشێک سارد بۆوە، چش لە سووتانی شیو بەمەنجەڵەوە، چش لە برسیەتی منالان و تۆڵازان و پیاوان، منالان کە بینیان پیاوەکان سڕ و بێ دەنگ سەر بادەدەن، لە شەرمانا لەسەر چیچکان هەڵتروشکان، لەسەر بارەدار و سەربان و دیوار و قالدرمەکان، هەندێ لە کچان و ژنان کەلالا لە ژوورەکان کەوتبوون و بیریان لە ڕووخانی کۆلیت و کەلاوە و ماڵەکان دەکردەوە...

دەرێن کوڕەتیم حەیران گەلە نەخۆشە

دەبا دەمەکی بچینە سەرینێ

دەبا لەباتی یاسین و تەلقینێ

لە بۆی بگێڕن گەرمە شینێ

وەختێ بایز دەگەیشتە دوا بەندی حەیرانەکەی... «تائهوو... تائهوو...» لە دە لاوە بەرز دەبۆوە، هەمینیش وەک گوڵە هێرۆ شنەبای حەیران بەڕاست و چەپدا سەمای پێ دەکرد و دەیلەنگاند، کەس لەناو دڵی هۆمەری سەرکاردا نەبوو، حەزی دەکرد ئاغا پتر هەوەسی ببزوێ و... ئەمڕۆ نا بەیانی داوای دەستی هەمینێی لێ بکات، وای لەوێ ڕۆژێ کە دەبێ بەخەزووری ئاغا و پیاوی ناو پیاوان، نزم نزم بەدەم چریکەوە دەهاتیتەوە، ئەوێ شەوێ بوو شلکە پێکەنینی هەمین وەک دەنگی قاز و قولنگان لە گەرووی دەهاتە دەرێ و لە گەردنی خۆشخوانی بلاو دەبۆوە... تاوێک و بۆی هەستایتەوە...

ئەوجا دەرێم لەبەر ڕەشی زولفانت بمرم...

کە ئەگەر وەکی ڕەشەماران فڕێیان دەدەیتەوە سەرشانی

لەبەر قۆرتی چەناگەت بمرم کە لێی ڕاوەستایە...

خوناو دەگەڵ ئاونگی...

ماچکردن هەینێ خۆشە لەناو چیغ و ڕەشماڵی...

پڕ بەچاوان... بێ شەرم و حەیا لە بەرملی سپی و ئارەقاوی... دەم و لێوی تەنگی... قەد و قامەتی شیرینی ڕامای... چ ناسک و شیرین سەر و هیزاری بەستووە...

شەرتبێ نەهێڵم بای شەماڵ بچێتەوە نێو سینە و مەمکان

تا خۆم لێی نەبمەوە بەمیوانی...

وای لە وردە پەرچەمان...

لە ئارەقەی بەینی ئەبرۆیان... تەڕ بووینە

ئەرێ لۆچی گەلە خۆشە ئەو کاولە دونیایە

چونکە شل و مل و ناسک بەدەنی تێدایە

دەبا کوڵمت لە بۆ من بمێنێ بەشەمامەی حەوت ڕەنگی

تێت دەچریکاند...

ئەوڕۆ بەوێ سباینێ چەندی گاز دەکەم

گوندێ مە لە من ئەوبەر... ئەوبەرە

چاوی حەیرانەکەی من گەلە ڕەشە

دوو ئەبرۆی لەسەرە

حەزلێکردنی من و بەژنێ باریک

ئەوسار بوهارێ گەلە خۆشە

بەڵان لە جاحێڵی گوندێ مە هەر داخ و کەسەرە

ئاڵا و واڵا تا دەهات پتر لێت دەهاتە پێش، بەدەم خاوبوونەوەی دوا بەندی حەیرانەکە سەری کێلت نەوی کرد، هەردوو پێی لەسەر کەچەلبادێک لە بەردەمتا کەوتبوون، چاوت بەقاچ و قوولی کەوت، دەرپێ سیمدارەکەی کەمێ هەڵکشا بوو، دەرکەوتبوو سپیەتی



خوار بەلەک و ئێسقانی ناسکی گۆزینگی، تەزوویەکی شیرین بەنێو دەمارەکانتا مێروولەی کرد، بەپەلە چاوانت هەڵبڕی، هەمینت بینی لەگەڵ ئەو دەنگ و ناڵینە، لە ئاهی تۆ بەیەکجاری ڕۆحی بوو بەمەلێکی سپی ئەوین و لە شەقەقەی باڵی دا، لە نێو قەفەزی تەنگی سینەی ورشە ورش باڵی لێک دەدا، خۆی بێ پەڕ و باڵ دەبینییەوە، سۆزی عیشقێکی بێ ئامان دەیخستە سەر کەڵکەڵەی گریان، ئەسپی حەزێک هەڵیگرت، ئەمجارەیان بایز بەتەنیا بۆ هەمینێ حەیرانەکەی دەچڕی...

وات هەست دەکرد جگە لە خۆت و هەمین کەس لەو گوندەدا نەماوە... نە دیوەخان... نە ماڵی ئاغا... نە ژێر ڕەشماڵان... نە ناو ماڵەکان و نە سەربانەکان... کەس... کەسی تیا نەماوە...

ئەوجا دەرێم براینە برادەرینە...

دیسان ئەوڕۆکە بەوێ سباینێ

گاز دەکەم... گەلە گەلە بریندارم

دەرێم: برینم کەوتۆتە بەدەنێ

ئەنگۆ بڕۆنە دووی وان حەکیمان

ئەوان لوقمانان... ساڵحۆکی عەلی عەجەمێ

دەبا بێتەوە سەرینم...

بەچاوانم بڕۆنتە برینێ

بەدەستانم دەست لێ نەدا

ئەمان... ئێوارە گەلە درەنگە

لە بۆ خاتری دڵێ هەمینێ... بابان وێرانێ

بەزار بکا تەخمینێ

ئەوجا کیژ دەرێ: دایە... برینێ کوڕەتیمە حەیرانێ گەلە گەلە... ناسکە ئەمن نایدەمە دەست...

ئەوان حەکیمان... ئەوان لوقمانان

هەر دەستم... بەخۆم دەگرمەوە قۆدیەکا مەرهەمێ

ئەوا دەرێم: بەهێڵێ... بەزەوزێ

بەئاوی قەنەفریٚ...

بەژەنگی گواریٚ...

بەچلٚکی خەزێمیٚ

بەتۆزی هیزاریٚ

بەئارەقەی زەرد مەمکان

دەیگرمەوە لە قۆدیلکە، قۆدیلکەی مەرجانیٚ

وەکو داویمە سەر برینی کوڕەتیمە حەیرانیٚ

ئەوا دەیپێچمەوە بەلیفکەی هیزاری

دەریٚ شەو بایێ پایزان گەلە ساردە

نەکو برینیٚ کوڕەتیمە حەیرانیٚ

بگریٚ زوقمیٚ... لەگەڵ هەرامە و تەشەنیٚ...

چ بێ مروەتانە (کەریم)ی مەیتەر، خۆی، ئاخۆی بەحەوشێدا کرد و چریکەتی پچڕاند، سەدای گەرمی لە قورگتا تاساند، نووشتایەوە و بەچرپەوە تێی گەیاندی... ئاغا سەغلەتە... دەفەرمووێ با بەس بێ... پشتی کێل کردەوە... ژنینە ئاغا دەفەرمویٚ: (ئیدی درەنگە و بەشی خۆمان لێی دەویٚ... پیاوانی دیوەخانیٚ هەر هەموو لەسەر ئاو و ئاگرن... خەسرەو بەگیش میوانە)... ژنان کەوتنە بلٚمە بلٚم و منجە منج... نارەزا بوون... جا چی بکەین...؟ تەواو... چما پیاوان دەوێرن لەبەردەمیدا بکۆکن تا ژنان بوێرن بلٚێن: نەء... کچانی ژێر هەیوانیٚ، ناو حەوشیٚ و ژوورەکان بەپرتاو لە دەوری ژنانی ئاغا گردبوونەوە... ژنینە حەیاتان بێ... با دوو بەندان لەوی بریٚ و گازی دەکەینەوە، هەر تۆزێک لەمەوبەر سەدای چریکەی لەسەر نێرگزی چاوانیان وەک ئاونگ دەکەوت، قولٚپی خوێنێکی گەرمتری لە دڵان دەرژاند، چ زوو توانی خەم و خۆشی لە دڵی ژنە جوتیار و سەپان و پالٚە و شوانەکان، کچانی کیشەکەر و مەشکەژەن و بێریڤان تێکەڵ بکات، سەما و سووتان، کچان دوعایان لە کەریمی مەیتەر دەکرد، خودا بکەم ئەوشۆ ببەستریٚ و حەوت گرێی لێ بدریٚ و بەزاوا نەبێ، بۆ خاتری پیر و پیاوچاکان فەرزەندی خۆی لە باوەش نەگریٚ، مانگی هەڵنیشتووی سەر گوێسوانەی ماڵی ئاغا تۆراو هەڵەتەی ئاسمانێکی دیکە بوو، منالاٚن کەوتنەوە زرمە زلیٚ، پیرەکانی گوندی بوونەوە بەکەیبانووی هیلاک و کیشەکەری نەسرەوت، کچان و کوڕانیش وەک جاران نامراد و خەمزەدە و دیدە پڕ حەسرەت، بایز بۆوە



بەسەپانێکی رووت و برسی، ئەویٚ شەویٚ هەمین تا بەرەبەیانێکی درەنگ خەو لە چاوانی تۆرا، هەروەک بلٚێی گرانەتای بی ئارەقەی دەکرد و دەنێو پێخەفی تەنیاییدا گینگلٚی دەدا، ئەستێرەکانی دەژمارد و لەژێر لێوەوە دەگریا، درەنگانیٚ خەوی لیٚ کەوت، ئیدی لەو رۆژەوە شەرمی لە روو تکا، وەک ئاگری ناوپووش حەز و حەزکاری هەردووکتان بەگوندیدا مالٚە و ماڵ دەرۆیشت، کچان زوو زانیان، لە هەر ئان و سەروەختێکدا، لە هەر شوێنێکدا حەیران و لاوکی بایز بگەیشتبایە گوێچکەیان دەیانزانی ئەو نالٚین و چریکەیە، ئەو هاوارە خوێناوییە هەر بۆ هەمینێیە، کچان، هەر هەموو، بەغیلیان پیٚ دەبرد، ئاخر خەریکە ناوی هەمینیٚ دەخزێتە ناو هەموو حەیرانەکان، چ خۆشە بەجوانیدا هەلٚگوتن، چش لە حەیا و حورمەت، لە غەزەبی ئاغا و باوک و برایان، دەستەخوشکانی لەوەختی ئاوهێنان پەلاریان تیٚ دەگرت، بەشەرمی عاشقێکەوە سەری کز دەکرد، کچان ئەو نهێنییەیان لەکن دایکانیان درکاند، خوشک لای خوشک، برا لای برا، چرپە چرپ هاتە ناو پێخەفی ژن و مێردەکان، کوڕگەل ئۆقرەیان لەبەر بڕا، دواجار گەیشتەوە گوێی ئاغا... (بیٚ پرسی من؟، لە سبەینیٚ زووتر نییە و ئەو کچەتیمە تەمبیٚ دەکەم... بایزیش ترۆ دەکەم...).

سەرت نەوی و... بەدلٚێکی کزەوە گەڕایتەوە دیوەخانیٚ، ئاغا بەقەهرەوە وتی:

«کافر، پیاوم نەناردبا تا بەیان ناو ژنانت بەجیٚ نەدەهێشت و وازت لە گۆتنیٚ نەدەهینا».

«گەورەم دوابەندەم بوو...»

«کەس لەباری نەچوو؟»

پیاوان بەشەرمەوە خەنینەوە و سەریان داگرت، ئاغا لەو پلارانە بیٚ شەرم بوو، ئەویٚ شەویٚ تا درەنگانیٚ، لە دیوەخانەکەشدا، بەقەهرەوە حەیرانت دەچڕی، زاواش چووە پەردەوە، تۆ هەر نەوێستای، دەتزانی چریکەت دەگاتە دلٚی هەمینیٚ، چریکەی مەلێکی هێلانە ونبوو کە تاریکی و شەوبا رێی لیٚ وێڵ بکەن، ئیدی لەو شەوە بەدوا تۆ بۆ هەمین بوو نالٚینت، هەنووکەش کە بۆی دێیتە گۆتنیٚ، یەکەم حەیران و یەکەم ترازاندنی سوخمەی مەمکانت وەبیر دێتەوە، یەکەم تەگبیری هەلاٚتن و یەکەمین شەوی گەرم بوونەوە لە باوەشی یەکدیدا، لە دوای سەدەها شەوی قەهر و دلٚەڕاوکیٚ و نەبوونی و ترس و گومان هەمین لە دارستانێکی نیوە سەوز و نیوە قەرەبرووت دەچیٚ، چەمێکی جێماو لەپاش هاژەهاژ، ئاگردانێکی سارد و ئافەرۆز دوای کۆچ و کۆچباری دەوارنشینان، کراسێکی ئاودامان ڕەش، سەروپرچی شێواو، دوو دەستی زەبر و گەڕ بەسەرما و گەرما، بۆن گرتووی

ریقنه و ریخ و شیری خاو، پێ و پلی چڵکن و هەمیشە قوڕاوی، خشەخشی دوو سۆلی لا هەڵتلیشاو، تەشک و تیریژ و دامەن لە زەوی خشاو، چاوانی پڕ لە ترس و هەمیشە خەو تیاشکاو، چاوانێک غەریقی شەرم، شەرمی شەوی یەکەمی هەڵاتن و رەدووکەوتن، دوو چاوی ئەوسا گەش و کراوە، هەنووکەش زەبوون، وەلێ هێشتا هەر هەوەس بزوێنە، پیاوانی سمێڵ بابڕ و شەهوەتباز و قەحپەباز زۆرن، مەست و ملهوڕ، ناوگەڵ برسی، هەر لە کۆنە ئاغا و بەگلەر و کوێخای لێ کەوتوو، قەساب و بەقاڵ و عەتار و فیتەر و پینەدۆز و حەماڵ و کوورەچی و گەنجانی تەوالێت لووسی شار، هێڵی باریکی دەوری دەم و لێوی، هەردوو چاوە پڕ لە خەم و حەژمەتەکانی، حەژمەتی شین و مۆر، لۆچی باریکیان تێ کەوتبوو، پرچی ماش و برنجی لەژێر خەنەدا شاردبۆوە، بەو تەمەنەوە سوورایی کوڵم و لێوانی لەگەڵ کرێژدا شەڕ دەکا... زوو زوو بیری دێنێتەوە:

«هەمین... بابان وێران... خەریکە هەردووکمان پیر دەبین».

ئەویش پێت دەڵێ:

«جا تازە زانیتت؟ عومرەکی وا پڕ ترس بەردیش پیر دەکاتن!»

تا دەهات گرمەی گواڵە دەیخستیتەوە سەر حاڵی جان، تاریکی چڕ چڕ دەڕژایە ناو کۆڵان و حەوشە و هەردوو چاوانت، کەڵەشێرەکە لە ترسانا دەیقوقاند، چەخماخەی بروسک مریشکەکانی خستە سەر گارەگار و جووجەڵەکانیش لە ترسانا دەیانجوکاند، رەشۆڵەکانیش بەدەم قاژەقاژەوە هەراسانیان کردی، لەگەڵ تۆدا مانگا و کەر و مریشکەکان و جووجەڵەکان و ریشۆڵەکان، بگرە مار ومێرووی نێو کون و کەلەبەری کەلاوەکەشت دەترسان، نەتدەزانی خۆت بەچییەوە بغافڵێنێ، هەرچیت دەکرد خەیاڵت هەر لەکن هەمینێ بوو... خودایە بەسەلامەتی بمدەیتەوە، جارێکی دیکە لە گەنجینەکە نزیک بوویتەوە، بێ مەبەست و نیاز دەستت بۆ هەندێ شڕە و پڕە برد: بێژنگ، جلەوێکی ژەنگدار، پۆستاڵێکی لا هەڵتلیشاو، شەرواڵێکی هەلا هەلا، کراسێکی پرزۆڵ پرزۆڵ، تەنەکەیەکی رۆنی (راعی) کە چەوری بنەکەی دەتووت قاوەی مەیییوە و مێش و مەگەزێکی زۆری تیا خنکابوو، دوو فەردە کا، سێ تەنەکە جۆ، پانکەیەکی شکاو، ئاوێنەیەکی گەڕ، مەسینەیەکی قووپاو، تۆڕێکی دڕاو، سەر و لاشەی چەند ریشۆڵەیەکی مردوو، دەنووک شکاو و پەڕ هەڵوەریوە، فانووسێکی بێ شووشە و تەل پچڕاو، کورتانێک و چوار پێنج ناڵی بێ کەڵک کەوتوو، کۆنە دەرپێیەکی خمداری هەمین، دوو کۆنە چوپی پاسکیل،



دەیەها لەو ئاسن و پاسنانەی کە هەمین بەدەم رێوە هەڵیانیدەگرتەوە و لە گەنجینەکە فڕێیانی دەدا، یەک دوو قاپی قوپاو، کەوگیرێکی کلک قرتاو، قۆڵی قرتاوی پاڵتۆیەکی عەسکەری، بووکەشووشەیەکی بێ سەر، دەفێکی دڕاو، قەرەوێلە و... گۆزەیەکی هەردوو دەسک نەماو... چ وێرانەیەکە... بەدەست تێوەردان و تێکدانی ئەو شتە زۆر کۆن و داڕزاوانە دەیەها مار و مێروو، دەیەها زیندەوەری بی ناو لە ترسانا دزەیان دەکرد و خۆیان لە کون و قوژبنەکان دەشاردەوە، دەروێش تەواوێ سامی لێ نیشت و کشایەوە، بێ هوودە هاتەوە ناو حەوشەکە و لە دار هەنارەکە راما... عەجایب... لەوەتەی هەیە هەر گوڵەهەنار دەگرێ و دەوەرێ، تا هەنووکە بەعەزرەت بوویت هەنارێک بگرێ، نەبووە... خۆی زڕە یان خاکەکەی خەراپە، لەبەر پێی هەنارەکە هێشتا قەپێلکی هێلکە شکاوەکەی سەرلەبەیانی هەر لەوێدا کەوتووە، سەرما تاوی سەند و مووی لەشت گرژ بوون، مەنجەڵی مسەکە کە سەرلەبەیانی هەمین شیری تێدا دۆشی هەروا لەبەر هەیوانەکە و تۆزێکی کەم و تەنک نیشتبووە سەر ئەو کەم شیرەی لە بنی مەنجەڵەکەدا مەیی بوو، ئۆقرەت لێ بڕا، ئەو ماڵ میراتە هەر نەهاتەوە، بچیتە دووی یان تۆزێکی دیکە چاوەڕێ بیت؟ ناشکرێ بەم شەوە لە دەرگای ماڵە دراوسێیەکانت بدەی، با هەر نەزانن، ئەوەش دەکەن بەقەوان... ئۆە... چاویان تێر نابێ، دوو سەر خێزانن، پیرەژن و پیرەمێردێک، کەچی لە بەیانییەوە تا شەوێ داناسەکنێن، داروبەرد بسرەوێ ئەو دووە ناسرەون، ژنە بۆ تۆزێ شیر و چوار هێلکە فرۆشتن لە قون دەرگایان دەکەوێ، ئەویش دەروێشە و پیاوی تەریقەت، ئەو رەشۆڵە بەستەزمانانە راو دەکا و دەرخواردی ئارەقخۆرەکانی هەولێریی دەدا، دەک داڕزیی پیاو، پیاو ژنی بەگان بدا چاکترە، جا خوشکم حیسابکە ژنەکەی بەخێوی دەکا، پیاوێکی بێ دەمارە، نا... ناکرێ لە دەرگای کەس بدا و هانا بەرێتە بەر کەس... هێدی هێدی دەیپروشاند، کزە بایەکە لقەکانی دار هەنارەکەی دەلەراندەوە، تۆ بڵێی بیکا بەباو و بۆران؟ ترسایت رەشۆڵەکان تەڕ بن، هەستایت و بەخشەخش تۆڕەکەت راکێشا و لەناو گەنجینەکە جێت بۆ خۆش کردن، سبەینێ زوو دەیانبەی بۆ سلێوە، هەمین بەغیرەتە و بێتەوە هەر هەموویان سەر دەبڕێ، وا باشترە دەروێش، هەقی پاککردنی رەشۆڵەکانیش لە سلێوە وەربگرە، یا شێخ بیستوویەتی کە هەمین رەشۆڵەکان سەر دەبڕێ و زۆربەی نوێژەکانی قەڵا دەکاتەوە، هەمین دەڵێ:

«ئەمن ماندی و شەقیم دەروێش، وەکی شێخی شێخان لەبەر سێبەر کەروێشکە خەوان ناکەم».

جارێکی دیکە لە ئاسمان رامایتەوە، بێ ئافات بێ... چوویتە ژووریٚ، لە وێنەکەی خۆت رامای، لەژێر ئەو تەنکە رۆناهییەی ژووریٚ لێڵ دیار بوو هەر وەک وێنەی کەسە مردووەکان، لە دەف و شمشێر و زەرکی هەڵواسراوی قەد دیوارەکە رامای، دەمێکە توخنیان نەکەوتووی، کۆنە لێفەیەکت لەسەر ئەستێرکەکە راکێشا بەو نیازەی لەسەر کەچە لبادەکە رابکشێیت و بەخۆتی دابدەی، چاوەڕێی هەمین نەبوویتایە پشووە خەوێک هەر ئاوا لەسەر لبادەکە پاش ئەو هیلاکییە گەلەک خۆش دەبوو، تا بەرملت لێفەکەت راکێشا، هەستایتەوە و لێفەکەت لە هەردوو قاچە تەزیوەکانتەوە ئالاند، نەفەس بڕت کرد، گەر هەنووکە هەمین بەڕێوە بێ چاوەکانی بەرگەی ئەو کزە بایە ناگرن، تۆ بڵێیی نەیکا بەڕێژنە؟ تەرزەی درشت سەر و پۆتەلاکی هەمین دەکوتنەوە، عاجباتیت لێ دێ، وەختێ دەبارێ ریشۆڵەکانی ئەو دەشت و دەرە چییان لێ دێ؟ نا... هەنووکە گەیشتوونەتەوە سەر درەختەکانی شار، هەنووکە خۆیان لە بن چڵ و چێوان دەشارنەوە، هەر وەختێک تۆ لەو دەشت و دەرە دواکەوتبیت هەمین حەجمانی لەبەر بڕاوە، هەروەک هەنووکە... کە شەوت بەسەردا هاتووە هەمین تا هاتنەوەت لە بەردەرگا وەستاوە، وەک بەیداغ ئەو کۆڵانەی بەجێ نەهێشتووە، بێ باک لە سەرما و گەرما، هەموو پیادەڕۆیەک، لە ژن و پیاو، لە تۆی پرسیوە، ها دەرویٚش نەهاتیتەوە؟ نەوەڵڵا خوشکۆرە... نەوەڵڵا کاکی برا... نەوەڵڵا بابی بابم... ئەو وەختانە دەست بەیەکدا دەدا و دوعا دەکا، شێخی چۆلی بیپارێزی، حەزرەتی غەوس فریای کەوی، سەد جاران پێی دەوتیت، ماڵ میرات گەلەک دەترسێم... بەو پیرییە و بەتەنێ لەو دەشت و دەرە، ئەتوو دوو چڵ ئێسقانی، لاواز و باریک و بنێس... دەترسێم رەشەبایەک بێ و هەڵتبگرێ...

راست دەکا... هەر رۆژێکە یان شەوێکە رەشابایەکی توند دەتبا و لە دەشتێکی غەریب و دوور لە ئاوەدانی فڕێت دەدا، بەخۆ ناکەویت خۆت کۆ بکەیتەوە، فریای تۆڕ و پیشەقان و نێرەکەرەکەت ناکەویت، کتوپڕ دەیکاتە باران و تۆڕی راخراوت لەسەر ئەو خاک و خۆڵە لەگەڵ قوڕ و لیتەی ئەو دەشتە باران پتر دەیکوتێ و لەگەڵ عاردەکە دەبێ بەیەک، پەلیکە دارەکانی کە تۆڕەکەتی پێ هەڵدەبەستی ئاو دەیانبا، قۆرت و سەنگەری رۆژانی برسیەتی و سەرما و خەون و ختووره و خەیاڵەکانت پڕ دەبێ لە بارانا و، ئەوەندە دەبارێ مووی لەشت... بگرە ئێسقانیشت تەڕ دەبێ، ئاو بەسمێڵ و ردێن و تووکی سەر سینەت دادەچۆڕێ، عومرێکە و هەمین، خۆت ترس و دڵەڕاوکێی ئەوەتانە کە هەر رۆژێکە و بیکا بەلافاو، نە خۆت و نە نیرەکەرەکەت دەرەقەتی نایەن، خۆتانی لەبەر ناگرن، راتان دەماڵێ،



لەژێر لافاوی تووش و شێتی زستانێکی زاڵمدا نقوم دەبن و ئیدی تا ئەبەد کەس ناتاندۆزێتەوە، لافاو هەڵتاندەگرێ و لە مەملەکەتێکی دیکەدا لاشەی خۆت و کەرەکەت غەریبانە لە گوێ رووبارێکدا یان چەمێکدا لە قوڕ و لمدا دەچەقن، دەکەونە شارێکی دیکە، عەجەمستان یان عەرەبستان، خەڵکێکی زۆر لە دەورتان کۆ دەبنەوە، دەم و قورگت، چاوە کزەکانت، چاوانی هیلاک و پڕ خەم و دەردت، ئەو چاوانەی بەتەنها لە تێڕامانی بەژنی هەمین و تۆڕێکی پڕی ریشۆڵەدا دەگەشانەوە، ئەو چاوانە پڕ دەبن لە قوڕ و لیتاوی گوند و شاران، ئەوسا گۆڕێکی تەنیا و دوو بەردی خوار و خێچ دەبن بەکێلی سەر گۆڕە غەریبەکەت، زۆر نابا و لەگەڵ زەوییەکە تەخت دەبێ، خەڵکی نەناس و بێ ئاگا بەسەرتا تێدەپەڕن، کەس نازانێ لەژێر قووڵایی نیو بەژندا راکشاویت، خەونێکی خنکاویش وا دەنێو چاوانت، عیشقێکی کۆن و خەوتوو وا دەنێو دڵتدا، خەونێکی بەر لە خنکان، تۆڕەکەشت سەر ئاو دەکەوێ و لە پاڵ چەند ڕەشۆڵەیەکی خنکاودا دەکەونە سەر خاکێکی دیکە، زەمانێ دوای لافاو، دوای ڕەوینەوەی هەوری ڕەش و باران بار، رۆژی یەکەم و دووەم و سێیەم بەسەر دەچن، هەفتەیەک... دوو... غەیب دەبیت و ناچیتەوە، بەخۆ و بەپێڵاوی قوڕایتەوە وەژوور ناکەویت، هەمین هاوارت لێ ناکات، کوڕە عەمر درێژ نەبیت هەر هەنووکە ئێرەم خاوێن کردەوە، تۆش بڵێیی: (دە برۆ لاکەوە... قوڕ پاکە)، چەند جاران هەمین ئەو خەیاڵ و خەون و ختوورە ترسناکەی بۆ گێڕایەوە... دەرویٚش رۆژێک دی لافاو بتبا... لەو دەشتە چۆڵ و هۆڵەدا بەتەنێ دەمریت، بۆیە لە ترسانا هەموو دەمەو ئێوارەیەک بەر لەوەی کەرەکەت لە خۆشی گەیشتنەوە بەماڵێ... بەخۆشی ئالیک و ئاخوڕ بزەڕێ، هەمین دەهاتە دەرێ، دەرگا و باوەشی گەرمی بۆ دەکردیتەوە، وەی لەو پێشوازییە پڕ لە شەرم و شکۆیە، هەمیشە گوێی هەڵدەخست، ئەگەر قاژەقاژی ریشۆڵەکانی ببیستبایە، با لەوپەڕی گەڕەکیش بووایە، خەندەیەکی شیرین و ماندوو دەنیشتە سەر لێوانی، ئەگەر دەرویٚش سواری کەرەکەی بووایە دەلیل بوو کە هیلاک و دڵسارد و ماندوو، هیچی راو نەکردووە، ئەگەر سەد رۆژان بەتۆڕی بەتاڵەوە بهاتبایەتەوە خۆت مۆن و گرژ نەدەکرد، لەبەر دڵی هەمینێ بەسەر خۆت نەدەهێنا، نەرمە نەرمە لەژێر لێوەوە حەیرانت دەچڕی، هەر لە دوورەوە قاقا پێدەکەنیت، مەرگەساتی ئەو دەشتەت هەر لەبەر دەرگا دەکرد بەسوعبەت و گەمەی ململانێ و شەڕی خۆت و ریشۆڵەکانت بۆ هەمین دەگێڕایەوە:

«کچەتیم ئەورۆ یەکدیمان زۆر ماندی کرد، یەکدیمان هینا و برد، ئەوان بۆ چەند دەنکە

دانەوێلەیەک مل لە تیغ دەسوون، ئەمنیش بۆ پارووە نانێک، چ بکەم کە ئەو شتە زۆر هیچ و ڕەش و گچکەڵۆکانە بردیانەوە، چ قەیدییە، زستان بەبەرییەوە ماوە، سبەی، دووسبەی... کەچی مانگێکی دیکە، ئەوە ئەرز و ئەوە گەز».

تێت ڕادەما و دەحەپەسا...

«ئەوە گەمەی بەمن دەکەی یان بەخۆت؟»

«دەنگ بەرز مەکە و... وەرە حەوشێ»

«جارێک و دوان و سێیان نییە... ئەو خەیاڵە پیسە لە مێشکت دەرکە هەمین»

«ناتوانم بایز»

ئیتر هەر وەختێ شەوت بەسەر دابێ و ئەو گوێی لە قاژەقاژی ڕەشۆڵەکان نەبێ و لە دوورەوە زەرینی کەرەکەت نەگاتە گوێی حەجمانی لەبەر دەبڕێ، زەندەقی لەوە چووە لەو دەشتە چۆڵەدا کەسێکی خۆت زەفەرت پێ ببا و بتکوژێ، سەرما و سۆڵە ڕەقت بکاتەوە، لافاو بتبا، کتوپڕ بقەومی و نەتبینێتەوە، ئەوسا هەمین ناچار دەبێ مانگاکە بفرۆشێ، مریشکەکان و جووجەڵەکان، تفاقی ماڵ، ئیدی چیدیکە هێلکە و شیر و ماست بەماڵە دەوڵەمەندەکاندا ناگێڕێ، هەمین نا... ئافرەتێکی دیکەی وەک هەمین کلۆڵ، کلۆڵتر لە دەرگای ماڵی چەلەبی و سمایل بەگ و باپیر ئاغا دەدا، هەمین کەشکۆڵ و توێشەبەرە هەڵدەگرێ، کەزی خۆی دەبڕێ و دەرگای پێ دادەخات، بەپێ خواسی، سەر و مل کۆت، شێتانە بەتوێی کراس و کەوایەکی ڕەشەوە دەگەڕێ، دەشت و دەر و چیا و ڕووبار و دارستان و چەم و چۆمان دەبڕێ، تەنها خۆی، بوخچەیەک لە شڕ وشیتاڵ دەخاتە بن باڵی و هەر دەڕوا، سەرەتا شەقاوەکانی هەژمار دەکا و دوایی لە هەزاران هەزار تێپەڕی دەکات، سەیری ئاسمانی بەتەم و دووکەڵ و هەور و هێڵ دەکات، دەشتێکی کاکی بەکاکی، وەک (حەوا) بەدوای (ئادەم)دا بگەڕێ، ئەم بەدوای بایزدا دەگەڕێ، برسی و تینوو، لە شار و لە گوندان دەپرسێ، لە باڵندەکانی ئاسمان، لە ڕەشۆڵە تەریوەکان، سەر هەڵدەبڕێ و هاوار دەکا، دەگری، بەچاو و دڵ، ڕەشەبا لە سینە و مەمکی وشکەوەبووی دەدا، قژی ماش و برنجی بۆ دادێنێ، بەفر و باران خەنەی قژی دەشواتەوە، تاڵەکان تەڕ و خاوێن وزیوین وەدەر دەکەونەوە، جار ناجار... لێرە و لەوێ... لەسەر گردێک دەوەستێ و سەیری دوور دەکا، باڵندەکان وا دەزانن درەختە و لەسەر سەر و پرچی دەنیشنەوە، ئەویش ناجوولێ، ورد ورد چینە لە قژیدا دەکەن، هەر ناجوولێ، ڕەشۆڵەکان پۆل پۆل سێبەر لەسەر سەری دەکەن، دەنووک لە دەم و لێوی تەزیوی دەدەن، لە تەڕایی نێوان هەردوو لێوی بەسەر



یەکدی قرساویدا دەخۆنەوە، هەر ناجوولێ، وا دەزانێ دەم و لێوی تۆیە و لە یەکێ لە ژوانەکانی ئەوسادا، ئەوسای جحێڵی و خوێن گەرمی، ئەوسای ئەوین و نازکی، کەیف و سەفا و دڵنەرمی، باڵندەکان لە هەموو لایەکەوە ئاسمان جێ دێڵن، لەسەر هەردوو شانی هەمینێ هەڵدەنیشن، بەچواردەوریدا باڵەفرە دەکەن و بەبازنەیەکی مەزن گەمارۆی دەدەن، لە هەزار ئاواز و نەغمەی خۆش و شیرین دەخوێنن، وای مەزندە دەکا تۆیت و وەک ئەوسا حەیران و لاوک و بەندان دەچڕی، خەنی دەبێ، دەنووکان دەخەنە نێوان جۆگەلەی هەرتک مەمکانی، پەڕ و شاباڵ بەسەر سینگیدا دەهێنن، ختووکەی دێ و دەخەنێتەوە، وا دەزانێ سمێڵی دڕ و پڕ تەزووی تۆیە، سات لە دوای سات چی ڕیشۆڵەی ئاسمانان هەیە لە زستانی هەموو ولاتێکەوە بەرەو زستانی دڵی هەمینێ باڵ لێک دەدەن، کە ڕیشۆڵەکان دەبینێ بەسەر سەرییەوە دەنیشنەوە، لەگەڵ مەلەکانی دیکەدا تێکەڵ دەبن، قاژەقاژی ڕیشۆڵەکان تۆیان بیر دەخاتەوە، شەوانی سارد و گەرم، ڕۆژانی خۆشی و خەم، حەز و ئاوات و دڵەڕاوکێی مەرگ، لەپڕ دەداتە پرمەی گریان، گریانێک وەک زریان، ناڵە و زریکەیەک ئەو دەشت و دەرە بتاسێنێ، لەگەڵ ئەو زریکەیە چی فڕندە و مەلی سەر سەر و مل و شان و نێوان هەردوو مەمکی هەن، باڵندەکانی هەر چواردەوری لە شەقەی باڵ دەدەن و... ڕووەو ئاسمان هەڵدەفڕنەوە، ڕەشۆڵەکانیش... ئەو ڕەشۆڵانەی کە لە دوور و نزیکەوە هاتوون، هاتوون بەو نیازەی سەرەخۆشی لە هەمینێ بکەن، بەفریای نیشتنەوە ناکەون، کەچی هەمین دەزریکێنێ و تێکڕا هەڵدەفڕن، تەنیا جێی دێڵن وەک درەختێکی بێ گەڵا و پرزە لە بەر بڕوای بەردەم ڕەشەبا، لە شانی گردەکەوە دادەبەزێ، پێستی بنی پێیەکانی دادەدڕزێن، سەر هەردوو دەست و باسک و ڕوومەتی قەڵەشتی زامار دەبن، شین و مۆر هەڵدەگەڕێن، ئاو و زلزڵەی لێ دەچۆڕێتەوە، تۆزی غەریبی شارانی لە ڕوو دەنیشێ، سەر و پرچیشی هێلانەی وێران بووی مەلەکان، چاوەکانی دەبنە دوو گۆمی پڕ لە ماسی مردوو، دوو کانی کوێرەوەبوو، ئەوەندە دەگەڕێ تا نینۆکەکانی هەڵدەوەرێن، برژانگەکانی... بڕۆکانی... لە بری فرمێسکان خوێن لە چاوانی دەبارێ، ددانەکانی ژەنگ هەڵدێنن، هەر دەڕوا و دەپرسێ، لە درەختەکانی لاڕێ و بەرد و دار و ڕێبواری نەناس و قەرەجەکان دەپرسێ، لەو ژنانەی کە پشتیان لەژێر کۆڵی چیلکەدار چەماوەتەوە، لەو پیاوانەی لە بری گاجووت یان هێستر، خۆیان نیری لە مل گاسنەکان ڕادەکێشن و زەوی دەکێڵن، لەو شوانانەی لە ترسی باران خۆ لەژێر کەپەنگ دەشارنەوە، لەو سەپانانەی عومرێکە درووێنە دەکەن و پشتیان ڕاست نەکردۆتەوە، لەو پرسە دارانەی مات و مەلوول

تەرمی ئازیزێک دەنێژن، لەو ڕێگرانەی شەرم لە تارمایی پیرەژنێک دەکەن، لەو کچانەی بەدەم قاقاوە لە کانی و کۆڵ دێنەوە، لەو شایی خۆشکەرانەی لە زەماوەندێکدا هەڵدەپەڕن، ئەرێ خەڵکینە... نەتان دیتییە؟ ڕاوچییەکەی من... ڕاوچی کارمامزی دەشتی دڵەکەم؟ پیاوێکی ورد و باریکەلە، حەیران بێژێکی بێ هاوتا، ئەمن لەوەی دەترسێم ڕەشەبا هەڵیگرتبێ، بروسک لێی دابێ، پێی لەسەر بەردەبازی ناو چەمێک هەڵخلیسکابێ و ئاو نقومی کردبێ، هەر دەڕوات، بێ دەربەست لە بەڵای ناگەهان، دڕکێکی زۆر لە پێیەکانی دەچەقن، گوێی پێ نادات، دڕکێکی لەوە گەورەتر و تیژتر وا دەنێو دڵێدا...

«کێ کوڕە لاوەکەی منی دیتییە؟»

کراس و کەواکەی لە بەر باران و هەتاو و ڕەشەبا و بەفر و زریاندا هەلا هەلا دەبن و بەسەر پێستییەوە زیواڵ زیواڵ هەڵدەوەرێن، تا دێ قژی ماش و برنجی درێژتر دەبێتەوە، درێژ تا بەر پێیانی، بۆی دەبێ بەکراسێکی ئاودامان، گیاو و گۆڵ و گەڵا و گوڵ و ڕەگی درەختەکان دەخوات، زستان دەم بۆ باران دەکاتەوە، هاوینانیش فرمێسکی خۆی دەخواتەوە، برژانگەکانی و مووی هەردوو برۆیانی هەڵدەوەرێن، قەتماغەیەکی ئەستووری برین دەکەوێتە سەر لێوانی، بەدەنگێکی کز و غەمهێن ئەو لاوک و حەیرانانە دەڵێتەوە کە جاران شەوانی زستان و پایز لە بەر ڕۆناهی چرایەکی کزدا دەروێش سەری دەخستە سەر ڕانی و بۆی دەچڕی، سەر بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێ و چاوی بەڕیشۆڵەکان دەکەوێ، پڕ بەقورگی، پڕ بەئاسمانی سەر سەری هاوار دەکا:

«ئەنگۆ بایزتان کوشت... لاشەکەی وا لە کێندەرێ؟ هۆ مەل و فڕندەکان کە لە ئاسمانەوە هەموو شتێک و هەموو شوێنێک دەبینن... خەبەرم دەنێ... دەنا لێتان خۆش نابم... ئیدی تەواو... ئەو مردوو... و... چیدیکە ڕاوتان ناکات... ئیدی بێ ترس بفڕن... دە وەرنە خوارێ و بەهەمووان بەرزم کەنەوە... بەرەو ئەو ئاسمانە دەبا چاوان بگێڕم...

ئەوجا دەرێم خۆزیا بەخۆزیداران
ئەمن باز بوومایە
سوار بوومایە ئەوەل مانگێ پایزان لەسەری «پیرمەم»ێ ڕەنگین
لە چۆمی «کۆڕێ»... لە باخی «شەقڵاو»ێ
لە بنەبنەی «خانزادێ»
لە زاریا گەلی عەلی بەگی



بەڵکو ئەوە خودایە بایزی ببینمەوە و لە باوەشێی بگرم ئاخر ئەنگۆ نازانن چەندم خۆش دەوێ... دە دەی بەرزم کەنەوە... بەهەمووتان... خێرتان دەگاتێ...

دەبا چاوان بگێڕم... تا بزانم لەژێر کام دەوار و کام دار و دەوەن و پنچکە دار... لە گوێی کام چەم و ڕووبار... لەژێر کام زەریادا خنکایە؟ کام بەرد و خاک سەرین و ڕاخەرییەتی؟ قوڕی کام دەشت کفن و بەرگیەتی؟... با لۆ دوا جار چاوم پێی بکەوێ... دەترسێم تەنیا مردبێ و قوڕ و لیتا و بیشواتەوە... «با»ی پیرە پایزێ لێیدا... خوا بکەم لە پاشت جێ نەمێنێ بەژنێکی شکاو و...

دوو چاوی پڕ لە حەسرەتییە
ئەتووم بمری سەر دەبەمەوە ناو کوپەلەی دەخمییە...
پاشی تووزندەگانیم لۆ چییە؟
هەتا بمێنم سینە کوتان و مردەنییە
خودایە... کۆمەکت پێ بکەن چل سواری غەیبییە
هەتا ئەتوو دێیەوە لە من وایە ئێرەش چۆلەوانییە
هەولێرم ئاوەدانی تێدا نییە
لە دوای توو دادەنیشم بەسەری کاس و ملی لار و...
چاوانی نابیناو گوێی تەپ و زمانی لاڵ و...
دڵیشم پڕ لە شکەستییە
فانووسی شەوانیشم بێ ڕۆناهییە
بە تەنێ دونیام لێ تەنگە و پڕ تاریکییە
خودایە... بایز گەلەک هیلاک و غەریب و شەقییە
بەردی سارد و گەرمی نەخەیتە سەر ڕێیان
لە دڵەکەی بڕوانە چەندە پڕ ئێش و ژانە...
چەندە ماندییە

سوێندبێ هەتا دێیەوە چەناگەم لەسەر ئەژنۆیان بڵند ناکەم، ئەنگۆش هۆ ڕەشۆڵەکان، بایز گەلەکی خۆش دەویستن، بێنانی نەبووایە ڕاوی نەدەکردن، ئەنگۆ بەدڵی ئەو نازانن... گەلەک جاران لە کنە من، لەسەر ڕان و سینە و بەرۆکی من ئەو وەختەی دەحەسایەوە، بەر

لەوەی بنویّ... لە بۆ نگۆ دەگریا ، برسیەتی و سلّێوەی بەلەعنەت دەکرد ، ئارەق خۆرەکانی هەولێریّ، ئاغا و بەگزادەکان، هەمین ئەو مەلە گچکەلۆکانە گوناهیان چییە بکوژرێن؟ نەیدەخواست پەڕ و باڵتان بکریّ، ملتان بقرتێنن، حەزی دەکرد سەربەست بەئاسمانی پان و بەریندا هەڵفڕن، برسیەتی ڕاوی دەنا ، ئەویش بەو پیرییە ڕاوی نگۆی دەنا ، هۆ ڕەشۆڵە گچکەلۆکەکان، ئەی ترسنۆک و باڵ لەرزیوەکان، هۆ فڕندە وردە زستانییەکان ڕێزی بگرن، دواجار ئەو پیاوە قەلەندەرەتان بەزاند ، تۆڵەتان لیّ کردەوە ، ئەنگۆ کوشتتان، وەختە شێت و شەیدا بم و لە کراسەکەم بێمە دەریّ، وەی لە خۆم خانە خەراپیّ، چەندە لە دەرکی ماڵان دەڕوانم، شتاقانم لیّ واز نییە ، وای لە دڵی من گرمەگرم و ناڵەناڵە ، دەروونم خۆش نییە و زارم تاڵە ، چەندم گوت دەروێش دڵم ختتوورە دەکا و مەچووە ڕاویّ، ئەگەر خودا دەکا و لەو ڕاوەی دەگەڕێییەوە ، سنگمت لۆ دەکەم بەباغی خواجە حەسەنی وەختیّ تازە ڕیشەی هەناری لێدایە ، تورنج و نارنج لەوێدا بەریان هینایە ، ئێوارە و سبەینانیّ لێی بکە تەراتێن و شەو ڕاوە ، ئەوسا لۆ خۆت دەبینی کام و کاوە ، وەی کە دڵم یەکجار زۆر لە ئێشە و گەرمەژانە ، دەنگۆ بەدەنگمەوە وەرن، دەماغ گجکە و هیچ مەبن، دەنا لە حەزی ژن و پیاوێکی هیلاک و دەشتەکی قەت تیّ ناگەن، ئەنگۆ نازانن هەتیوە لاوەکەی من چ دەنگ و سەدایەکی هەبوو؟ خویندنی هەموو مەلەکانی ئاسمانیّ بەقەد حەیرانێکی دەروێش خۆش و بەتام نابن، حەدیان چییە وەکی وی خۆشخوان دەبن؟ ئەنگۆ لە هیچە دەچریکێنن، بایز تا دڵی گەرم نەبی... ناچریکێنیّ، وەرن و دەست بدەنە باڵم، ڕووە و شینایی ئاسمان هەڵمدەن تا بزانم لە کویّ چاوانی لێک نایە؟ جاران شەوی جارەکەم دەدیت، هەنووکە لە منی غەریبە ماڵ و ژنێکی بەتەنیّ دەروێش بووە بەقاتی، سەر هەڵدەگریّ و بەدووتدا دیّ، دەڕوا و لە هیچ گوند و شارێک هەمینی بیّ پەڕ و باڵ ڕانەوەستیّ، دێمکە ئاوێک و توێشەبەرەیەکی پڕ لە وردە نان، لەژێر هیچ ڕەشماڵ و بن کەپرێک لا نادات، قژ دەرنیّ و لوولی دەدا و دەیکا بەبازنی هەردوو زەندەکانی دەستی، بیّ نوچدان هەتا بۆی بکریّ لەسەر هەردوو پیّ هەر مل دەنیّ، کە هەردوو پێیەکانی سست و سڕ دەبن، کە پێستی پەنجەکانی و بنی پێیەکانی لەژێر پنچک و دڕک و سەر گیا و نێو درەختەکان وەک کاژی مار جیّ دەمێنیّ، دەکەوێتە سەر هەردوو ئەژنۆیان، دوو ئەژنۆی ناسک و پێست تەنک، لەسەر ئەژنۆکانیشی زۆر لە شار و گوندەکان دەگەڕیّ، پێستی سەر هەردوو ئەژنۆکانیشی دادەماڵرێن، دەکەوێتە سەر سینگ و بەچنگەکڕیّ دەست لە دڕک و خۆڵ و قوڕ و دار و بەرد و گیا و لمی سەر زەوی گیر دەکات، خۆی دەداتە دەست ڕەشەبا ، زستان دەگوزەریّ،



بەهار و پایز و هاوینیش بەسەر دەچن، زستان دێتەوە ، پایز بەدوایدا ، ئەو هەر دەگەڕیّ، ڕەشەبایەک هەڵیدەگریّ و دەیباتە سەر ئەو قۆرتەی خۆت تیا دەشاردەوە تا ڕەشۆڵەکان نەتبینن، قۆرتێک و... دوو... سیّ... ئەو دەشتە کاکی بەکاکییە هەر هەمووی دەبوو بەقۆرت، لە قۆرتی یەکەمیان قوڕ و لمەکەی دەردەدات، بەچنگ... بەهەردوو دەست، بەدەم و ددان، قوڕ و لیتاوەکە فڕیّ دەداتە دەریّ، ئەوە خوایە تۆ لەویّ خەوتبی، بەماچێکی لێوە هەڵوەریوەکانی هەمین وەئاگا بی، ڕابچەنی، ئەویش وەکی کۆرپەیەکی شیرین لە باوەشێت بگریّ، گەرد و خۆڵ لەسەر چاوەکانت لابەریّ، گڕی دڵی خۆش بکات تا تۆ گەرم بیتەوە ، قژی خۆی بسووتێنیّ تا دەست و پەنجە سڕەکانت بکەونەوە جووڵە و خوێن بزاوتن، تۆش سەرت بخەیتەوە سەر سینەی بۆنخۆشی هەمین و تک تک فرمێسکەکانی بخۆیتەوە ، تا سەرلەنویّ بژییتەوە ، باسی ژوان و حەز و سووتانی نێو هەوێز و کادین و سەرکانی بۆ بکەیت، شەوانی شەهوەت و حەمامی گەرم و چەلاوی ڕەشۆڵە کولاوەکان، ڕاموسان و دەست لە ملانێی پاش ڕۆژێکی درێژ و پڕ لە ململانیّ و مەینەتی، ڕۆژانی سەخت و پڕ ترسی ڕەدووکەوتن، خۆ بزر کردن، شەوانی دەنێو یەکدیدا توانەوە دوای ڕۆژانی ئارەق ڕشتن و خۆ ڕەتاندن، ئای لەو ڕۆژە بەتام و ناخۆشانە ، دڵگیر و سەختانە ، پڕ خەم و خرۆشان... ئەوسا سەیری چاوەکانی دەکات، تۆ چاو هەڵناهێنی و بۆ یەکجاری نوستوویت، هەمین لێت ورد دەبێتەوە ، بەدوو چاوی گران و ماندووەوە دەبینیّ وا لاوکێک وەک پەپوولەی باڵ نەخشین لەسەر لێوە قرساوەکانتدا مردووە ، چاوەکانت... چاوە کز و گچکەلۆکەکانت لە جێی حەز و تاسەی هەمینیّ بەقوڕ و خۆڵێکی سووربا‌و تەڕ بووە ، پیس بووە ، کت و پڕ هاوار دەکا و دەزریکێنیّ، دەداتە پڕمەی گریان، فرمێسکی بەخوڕ بەری چاوانی دەگریّ، ئاسمان و دەشتی چۆڵ و ڕووت لێڵ و تەڕ دەبینیّ، گریان دەبێتەوە بەهەنسک، هەنسک بەنووزە ، نووزەیەکی غەریب و دڵتەزێن، کە چاوە بەڵەکەکانی دەکاتەوە ، لەبری تۆ جووتێک پێڵاوی لاستیکی لا هەڵتلیشاوی لە باوەش کردووە ، وەک کۆرپەیەک ڕابژەنیّ خۆی بادەدا ، کە چاوی بەپێڵاوەکان دەکەویّ ڕادەکا و دەچێتە ناو قۆرتێکی دیکە و پرزۆڵی جەمەدانییەک دەبینیّ، قۆرتێکی دیکە ، پشتێن، لەوی دیکەیان کڵاوەکەت، لە یەکێکی دیکە دەست و پەنجەیەکی قرتاو، دوو چاوی هەڵکۆڵراو کە ڕەشۆڵەکان دەنووک ئاژنیان کردبیّ، پڕ بەو ساکە دەشتە دەقریشکێنیّ و... کەچی تۆ لێرە لە خەو ڕادەبی و شایەتومانێکی بەهەق دێنی، سەیری دەور و بەری خۆت دەکەی دونیا زۆر کپ و خامۆشترە ، «تۆ بڵێیی بۆرژابم؟ چەند دەبیّ نوستیمە؟ ئەو خەوە ناخۆشە چی

بوو؟ خودایە بەخێری بگێڕی، ئەوە مۆتەکە بوو یان زیندەخەو؟»، لە چوارچێوەی دەرگا وازەکەوە لە دەرەوەت ڕوانی، لە دوورەوە گوێت لە زرم و کوت و چەقەچەقی ئاشەکەی چەلەبی بوو... بێ شک گوێت لەو چەقەچەقە بووە، هەر ئەوەش خەوی لێ خستووی... شەوێک زرم و کوت و ناڵەی ئەو ئاشە نەبێ کەم کەس لە گەڕەکێ خەوی لێ دەکەوێ، ئەو چەقەچەقە هاوریتمە و بۆتە لایلایە و خەویان لێ دەخات، گوێت لە پڕمەی مانگاکە بوو، لاوکێک لە گوێتدا دەزرنگایەوە، مێخ زنجیرە درێژەکە بواری دابوو کەرەکە تا پاڵ دەرگاکە بێ، هەروەک بلێی لە تەنیایی و شەو و گرمەی گەواڵە بترسێ، چڕی تاریکی پتر ڕژابووە ناو حەوشە و ژوورەکە، چراکە بەزەحمەت دڕی بەو تاریکییە دەدا، کەمەکێ تاسابووی... دەتویست بزانی سەعات چەندە، هەستایتەوە سەر قوون و پشتت بەدیوارەکە دا و سەعاتی بەرباخەڵت دەرهانی، چرکەی لێوە نەدەهات، جگەرەیەکی زەلی نیوە سووتت لەناو دەلاقەکە بینی، بەردە ئەستێییەکەت دەرهانی و ئاگرت دا، تا ناوهەناوت مژی قووڵت لێ دا... دەتووت دەتەوێ لە ناوەوە دەعبایەک قانگ بدەی تا ئەو دووکەڵە بیخنکێنی، بەحەسرەتەوە وەک بلێی هەمین ماچ بکەیت لێوت لە سیغارەکە نزیک خستەوە، دەنێو پەنجە بۆر و چڵکنەکانتەوە یاریت پێ دەکرد، وەک ئەوەی یاری بەقامکی هەمین بکەی، دەنگێ لە غەیبەوە... کە دەنگی هەمین بوو هاتە بەر گوێت: ئاگات لە خۆت بێ و ئەوەندە لەو تووتنە پیسە مەکێشە، ئاخر سیپەلاکت دەڕزێتەوە، خۆت هەناسە بڕکێتە و سەرمای ئەو دەشتەش لەوێ بوەستێ، لە چی بترسێم؟ لە مەرگ... چما مردن لەم ژیانە خۆشتر نییە؟ هەمین بەو قسانەت شێت دەبوو، بەیانیان بەو سوعبەتە قورسانەت جارێ تووڕەت دەکرد و، پاشان بەر لە ڕۆیشتن بەقسەیەک ئاشتت دەکردەوە، دەتویست ژێر هەیوانەکە پڕکا لە قریوە و هاوار، دەر و دراوسێ کە بەبەردەرگاکەتان تێپەڕ دەبوون دەیانزانی بەم بەیانییە زووە تۆی شەڕ بەهەمین دەفرۆشیت تاوەکو جنێوی مزرت پێ بدات، کە گوێت لە ترپەی پێی ڕێبواران دەبوو پتر دەتکرد بەگاڵە و هات و هاوار، تاوەکو بزانن دوو کەس وان لەم کەلاوەیەدا، ژن و مێردێکی پیر و ماندوو، وان لە پشت ئەم دەرگایە، بەشەڕ دێن، شەڕی پڕ لە خۆشەویستی، ئەو پیاوانەی بەجلی ئیشەوە و بەشانی داکەوتووەوە، جلی ژێر گڵ و گەچ و چیمەنتۆ بەکۆڵانە تەنگەبەرەکەدا غاریان دەدا نەبا ڕۆژ هەڵبێ و نەگەنە مەیدانی قوڕکاری ژێر قەڵا، نەیاندەتوانی هەست و خوست لەو شەڕ و هەڵڵایە ڕابگرن، تەنها ئەو ژنانە نەبێ کە ڕووە و نانەواخانەکان خشەخشی سۆلیان دەهات، تاوێ لە بەردەرگاکە هەڵوەستەکیان دەکرد و دەڕۆیشتن، تەنگەتاوی ئەوە بوون نان بۆ مناڵە چڵمن و چڵکن و



لاوازەکانیان بەرنەوە، ئەوە خوایە مەکتەب تەواوکەن و ببنە شت، تۆ قەت داخت ناچێ کە گەڕەکی سەرێ بەو گەڕەکەی نگۆ دەڵێن: گەڕەکی قەرەج و قەحپە و گەوادان... لە تاو ئەم قسەیە بوو یان نەهاتنەوەی هەمین هەستت کرد کەسێک بەدە پەنجەی ئاسنینەوە چنگ لە هەناوت گیر دەکا و، وای لەو دڵ خاوبوونەوە کت و پڕە، ئێستا لێرە بووایە هەندی بلێی یەک و دوو کتلییەکەی دەخستە سەر ئاگر، لەسەر چیچکان دادەنیشت و پەمپی لە پرێمزەکە دەدا، دەست و برد دوو سێ نانی دەرشاند، پێی دەوتی: سەرخەوێ بشکێنە و هەنووکە بانگت دەکەم، ئەو جلانەشت بگۆڕە، قوڕ و چڵپاوی زۆری پێوەیە، بۆنی لیس و دووکەڵ، دوێنێ شەو بیرم چوو کیسە تووتنەکەت بۆ بدوورمەوە، پارچەیەک لە کراسەکەم ماوەتەوە، دوێنێ قارسم کرد و تۆزێکم لەبەر بڕی، دامەنی لەبەر پێیانم دەخشا، با هەر کە سیغارێکت پێچایەوە ئەمنت لە بیر بی، تا هەنووکە کیسە تووتنێکی تۆ نەبووە کە لە تیلمە کراسێکی هەمین نەبووبێ، هەفتەیەکە پێت دەڵێ: چاو کونەسوژن ئەو تەنکە ڕدێنە عەرەبییەت خشت کەوە، ئەتوو لە خەمی ڕدێنی منداى، ئەمنیش لە خەمی ئەو ڕەشۆڵانەم کە لە ئاسمان قەتارە دەبەستن و نانیشنەوە... یان لە دوور تۆڕەکەی منەوە دەنیشنەوە، دانەوێلە ڕۆکراوەکان هەڵدەگرنەوە بێ ئەوەی دەنووکیان بەر زەوی بکەوێ، لەوە دەچێ ئەوساڵ بەفرڕوفیێڵی تازەوە سەریان لە هێلکە جووقابێ، کە هاتەوە پێی دەڵێم: هەمین سەیری ئەم تۆڕە پڕە بکە... تەواو... چیدیکە مەچووە بەر دەرکی ئاغا و بەگزادەکان، ئەمن حەیفم لێ دێ، دواجار گرتی... ڕاو بەختە و نێوچەوان، تۆڵەی هەر دەنکە گەنمێکم لێ کردنەوە، خۆ شەقم برد، مانگێکە خۆ لەو قۆرتەی دەشارمەوە و ناهێڵم مووی سەریشم دیاربێ، نەء، ڕاوی من هونەرە، شەیتانیش وەکی من تۆڕەکەی ناشاریتەوە، هەمین ئەگەر ڕۆژێکیان بتبەمە سەر تۆڕەکەش بەخۆت نازانی، سەیریان مەکە ئەوەندە گجکەلۆکەن، گەلەک بیژی و حەرامزادەن... قەتیش تێر نابن...

دە وەرەوە هەمین... با مزگێنی ئەمشەوت بدەمێ... دە دوانزە ڕیشۆڵە سەربڕە و مەنجەڵە ئاوێک گەرم کە، سبەینێ یا شێخ پێ بزانێ هەر زوو بەزوو داوای زەکات دەکا، لە چلان یەکە دەروێش، لە چل درهەم: درهەمێک، لە چل دینار: دینارێک... لە چل لیرە: لیرەیەک... یا شێخ ئەوە کووە کەس ملی چەلەبی ناگری لۆ زەکاتی؟... ئەو بەشکو حەزی لە جەهەندەم بێ، ئای یا شێخ... هەمووتان یەک حیسابن، وەک کەر گوێمان ڕادەکێشن و دەمانڕەتێنن، ئەویش هاوینان بەیەک دوو شکارتە قەناعەتم پێ دەکا ئەم دەشت و دەرەی بۆ بکەم بەگندۆرە و تەرۆزی، یا شێخ دەکرێ پرسیارێک بکەم، ئا... دەباشە ئەتوو دەزانی

بەشە هەقی ئەو لە من زیاترە، ئەمن زەوییەکەی خۆش دەکەم، دەیکێڵم، بژاری دەکەم، تۆوی دەکەم، ئەمنم کە لە بەر چرقەی هەتاوی هاویندا دەسووتێم، لە بەیانی تا ئێوارە لە گەڵا و گوڵ و لاچکە سەوزەکانی بڕکە گندۆرە و تەرۆزییەکان ورد دەبمەوە، ئەو ڕۆژانەی گوڵ دەردەکەن ئەمن شاگەشکە دەبم، کە ڕەشەبایەک هەڵدەکا حەز دەکەم ببمە شوورەی هەموو گوڵەکان، نەبا یەکێکیان هەڵبوەرێ، کە بە«چەلەبی»م دەگۆت: ئەو گوڵانە لە گوڵەکانی ناو باخچەکەی توو جوانترن، بەعەقڵم پێ دەکەنی، کەچی وەختێ هەموو شتێک پێ دەگا، ئەو بەشی شێر دەبا و ئەمنیش بەشی ڕێوی، خۆ ئەگەر ئەو زەکات بدا نیوەی برسییەکانی هەولێرێ تێر دەبن، دەست لە ئیشوکاری خودای مەدە دەروێش، ئەو زەکاتی خۆی دایتە تەکیە، بیریشت نەچی کە زەوییەکە و تۆوەکە و تراکتۆرەکە هی خۆیەتی، لە کوێی بوو؟ لە باب و باپیرانەوە لۆی مایتەوە، ئەوە لۆ ئەمن نیمە؟ دەروێش دەستت کردەوە بەکوفرکردن؟!، ئەی ئارەقە و سووتانی من؟ لە بەیانییەوە تا ئێوارێ دڕک و داڵ و گیاکەڵە لەو خاکە بژار دەکەم، نەبا لە ڕەگ و بڕکە گندۆرەکانم بخۆن، نەبا سیس و بێ تام و بۆ بن، چەلەبی ئاگای لەوە نییە لە ڕۆژێکدا چەند مار و دووپشک دەکوژم، هێی دەروێش هەر ڕۆژێکە و مارێک بەدەستتەوە دەدا و هەر لە جێوە بێ ئەوەی کەسێک ئاگای لێ بێ دەپەنمێی، دەمریت، گندۆرەیەک دەبێ بەسەرینت، لەو دەشتە چۆڵە ڕادەکشێی، گەڵاو پنچک دەبن بەڕایەخت، شەو دادێ و ناگەڕێیتەوە، هەمین بەهەڵەداوان پیاوانی گەڕەک کۆ دەکاتەوە، هەریەکە و دەست دەداتە چرایەک و هەمین لە پێشەوە، دڵی ختوورە دەکا و دەگری، پیاوان کپ و بێ دەنگ و سام لێ نیشتوو ڕوو لەو دەشتە دەکەن، ئەو هەرد و شیوە... هەنگاوی پڕ ترس و خێرا دەنێن تا دەگەنە نێو بێستانی تازە سەوز، بۆنی خاک و ترۆزی و کاڵەک و شەمامە لە کەللەیان دەدا، لە تاو ترس و لە پای گەڕان بەدوای تۆدا ماندوو و برسی دەبن... تینوو... حەز دەکەن بنووشتێنەوە و گندۆرە و تەرۆزی لە بڕکان بکەنەوە و بیخۆن، وەلێ شەرم دەیانگرێ، دێنە ژێر کەپرەکەت، تەنها شەربەیەک ئاوی سازگار و جامێکی قوپاو لەوێیە، کڵاو و جەمەدانی، قۆرییەکی ڕەش داگەڕاو، کۆنە لبادێکی دڕاو و تۆز لێ نیشتوو، بەچراوە بەچواردەوری کەپرەکەدا دەگەڕێن، بڵاو دەبنەوە، ئەو شەوە مانگ بەدەرەوە نابێ، ڕەنگە ڕەشەبا بێ و هەندێ لە فانووسەکان بکوژێنەوە، پیاوان دایان دەگیرسێنن و دەکوژێنەوە، لەوەدایە چراکان بەر ببنەوە و بشکێن و گڕ بەو ناوەدا پەرت بێ و پووش و پەڵاشی دەشت ئاگری تێ بەر بێ، لە ترسی ڕەشەبا چراکان خەفە دەکرێن، ڕۆناهییەکی زەرد پێشیان دەکەوێ و تاریکی ڕاو دەنێ، دەگەڕێن... ژێر گەڵا



و پنچکی پەل هاویشتوو دەپشکنن، تۆ نیت، لە سەد لاوە سێبەری پنچکەکان بەسەر یەکدیدا دەشکێن و دەتوێنەوە، لە حەژمەتانا پێ لە گندۆرە و تەرۆزییەکان دەنێن، ئاوێکی سارد و زەردباو لەژێر پێیان فیچقە دەکا، لە ئاسمانیشەوە چریکەی غەمگینی قەتارەی مەلە کۆچەرییەکان دەگاتە گوێی هەمووان، وەک ئەوەی شین بکەن، دەگەڕێن و تۆ هەر دیار نیت، هەمین بەپێ خاوسی بەنێو دڕک و داڵی بێستانەکە ڕادەکا، بەهەموو لایەکدا غار دەدا، هۆ بایز... هۆ بایز... کورە ئەتوو لە کێندەری؟ دە دەنگ هەڵبڕە... خوداوەندی میری مەزن، ئەتوو بایزۆکی لە من مەستینە، کە ئەتووم لێ بزر بی مردن خۆشترە لەوێ ژیانێ، باز لە هیچ کوێ ناحەسێتەوە تا نەچێتەوە سەر هێلانێ، ئەمن ئەوڕۆ بەتەمات بووم، سنگی خۆمت لە بۆ بەسێ بەنگی بکەم، شۆخیان بدەم ئەو قەرە زولفانەی وا لە خەنێ، نا سینەی من لۆ توو دەیکەمەوە بەدەفتەر خانێ، چاوانیشم بەساقی وەختی شەراب گێڕانێ، نا... دە با سینەی من بەپەنیری توو بی، وەختێ پاروو لێدانێ، بەڵکو بحەسێتەوە لە ئیشی گرانی ئەم دەشت و چۆڵەوانی و بەڕیانێ، لێرە لە بۆ ئەوێ تاودانە، چەندەها دڕک لە هەردوو پێیەکانی دەچەقن، چەندین گندۆرە و تەرۆزی لەژێر پێیەکانی دەپڵیشێنەوە و دەتەقن، هەستی پێ ناکات و هەر ڕادەکات، خوێن لەسەر بڕکەکان و پنچکەکان جێ دەمێنێ، دەداتە پڕمەی گریان، گریانێکی بەکوڵ، بەو دەشتە چۆڵەدا هەر ڕۆینە و مل نان، باڵندەکان لە ترسی ئەو گریانە هێلانەکانیان چۆڵ دەکەن، بەرەو تاریکایی ئاسمان هەڵدەفڕن، مار و مێروولە و زیندەوەری ئەو دەشتە دەتاسێن، بەژێر پنچکەکاندا دەخشن و لە کونێکەوە دەردێن و خۆ لە درزێکی دیکەدا دەشارنەوە، پیاوانی گەڕەکێش، گەڕەکی ماندوو دەست بەچراوە لە تۆ دەگەڕێن و ناتدۆزنەوە، دەگەڕێن و تۆ هەر نیت... لەپڕ هەمین بەدەم بای غارەوە پێ لە دڵت دەنێ، دڵێک کە لەو ناوەدا کەوتووە و هەر لە شەمامەیەکی خوێناوی دەچێ، ئەو دڵەی بۆ هەمین خوێنی تێدا دەگەڕا و بۆ چاوانی ئەو حەیران و لاوک و بەستەی دەچڕی، دەتاسێ و چراکە فڕێ دەدا و لەسەر سینەت ڕادەکشێ، ڕاتدەکێنێ، دەیەوێ چراکە هەڵبگرێتەوە و لە چاوانتی نزیک بخاتەوە، چرا کوژاوەتەوە، هاوار دەکا، دەروێش... هۆ دەروێش بایز... شیوەن دەکا و زیاتر بۆت دەگری و فرمێسکەکانی دەڕژێنە نێو دەمی کراوەت، تۆش ئاگات لەو نییە... تۆ... تۆ بڵێی ئەوە ڕاستی بێ یان خەونە؟ بڕوا بەچاوەکانی خۆت بکەی یا نا؟ لە نهێنی و لەغزی پڕ لە سیحری خەونێک دەچێ، بەرانپیل و چارۆگەکەی گرمۆڵە دەکا و دەیخاتە ژێر سەرت، سەری شکاوت، ئەم هەر دەگری و تۆ نازانیت، دەم دەخاتە نێو دەمی سارد و وشکەوەبووت، ئەو دەم و لێوەی جاران

بەماچێکی ئەو دەبوون بەپەنگر و دەسووتان، ئەو زەمانەی تۆش سمێلی خورماییت بخستایەتە سەر کولمەی پڕ لە گوڵی لە حەوت مەرگ بووایە ڕاست دەبۆوە، سەر لە بن گوێت دەنێ و هاوار دەکا، چما تۆ گوێت لەو دەنگە خۆشەویست و پڕ خەمە نییە؟ سەرت کێل دەکاتەوە و لە باوەشێت دەکا، ئەتوو لۆ وات لێ هات دەروێش... ئاخر ئەمن دوعام لۆ کردی کە ئاگادارت بێ ئەلیاسی لە زەریا و خدری زیندەی وا لە چۆڵ و سارایە، ئاخر ئەمن بەئەمانەت ئەتووم دا بەوەکاشە و حەزرەتی وەیسەل قەرەنییە، وەک کۆرپەلەی ساوا ڕاتدەژەنێ، لەژێر ڕۆناهییەکی کەمێ شین باو چاوت بەهەردوو چاوانی دەکەوێ، وای لە خۆم وایێ... سەر بەهەشێ... ماڵ وێرانێ... قەت کەسم نەما... ئەوە خۆ هەر دوو چاوەکانی دەرهاتوون... خوراون... نەماون... ئەو چاوانەی بەبەژن و باڵای هەمینێدا دەیانڕوانی، پتر دەتاسێ و خۆڵ و کەستەکی بێستانەکە بەسەری خۆیدا دەکا، پیاوان شێتانە و بەهەڵەداوان دەگەنە کنی... دەستی دەگرن... دەکەونە سەرچۆک... سەیری چاوانی دەکەن... بەخەم و ترسەوە دەڵێن:

«داڵ و قەڵەڕەش چاوەکانیان هەڵکۆڵیوە...!»

تۆ مردوویت و ئەوان وا دەڵێن، ڕەش داگەڕاوە، ڕەنگە مارێک لە نیوەڕۆوە پێوەی دابێ، نا نەمردووی... گەرمای هاوین ئەوەندە لە تەوقە سەری داوی گێژ و بێ هۆش کەوتوویت، ناکرێ بمریت، هەمین تەنیا لەو دونیایەی جێ دەمێنێ، خۆی و کەلاوە و مانگایەکی لەڕ و چەند مریشکێک و جووجەڵەیەک لە دوای تۆ هەر هەموو بەتەنیا جێ دەمێنن، شەوانە کەس نابێ حەیران و لاوک بۆ هەمین بچڕێ، لە بەر هەیوانەکە دادەنیشێ، سەر بۆ ئەو پارچە ئاسمانە ڕووت و لێڵە هەڵدەبڕێ، ئەو ئاسمانەی لە حەوشە چکۆلانەکەوە وەدیار دەکەوێ، چاوی هەمینێ دەڵێی کۆترە و لێی ونبووە هێلانە، یان بەرخە کۆرپەلەی دوای مێگەلانە، لە دار هەنارە زرەکە دەڕوانێ و هۆن هۆن دەگری، نەکەی دەروێش وا زوو بمری، دەنا بۆ یەکجاری و لە بێ چارەیی تا ماوە هەمین دەبێ بەکارەکەری چەلەبی و بەگلەران، بکەوە دوای بەهەژاری و عەودالی، با لە دوات جێ نەمێنێ باڵای بڵند و بەژنی هیلاکی، یان دەبێتە جل شۆری ماڵی یەکێ لەو ئاغایانەی وەختی خۆی حەزیان لێ دەکرد، لیکیان دەکرد، بەیادی جوانی و جحێڵی ئەوسا یەکێکیان پەلاماری بدات تۆ لە گۆڕەکەتدا ڕادەچەنی، تۆ نامێنی تا بەتیغێک... تیغێکی کول وەک ڕەشۆڵە سەری لە ملی جیا بکەیتەوە، ژنێکی بێ کەس و هیلاک و بەستەزمان چی پێ دەکرێ؟ لە حەوت مەرگدا بی دەتەوێ زیندوو بیتەوە، وەک منداڵێکی ترسنۆک کە خەونێکی ناخۆش



ببینێ ڕادەچەنیت... پڕ بەو ساکە دەشتە... پڕ بەگۆڕ و گۆڕستانەکە هاوار دەکەی:

«ئیدی پیر بووین... دە وازمان لێ بینن...!»

چەندەها جار خەون و خولیا و خەیاڵ و ترسی هەردووکتان تێکەڵ دەبێت، چەندەها شەو بەجووتە لە خەو ڕادەبن، ها چی بوو؟ خەونێکی ناخۆشم دی بایز... هی من لە هی تووش ناخۆشترە هەمین، وەک دوو گیانداری دیلی نێو قەفەزێک دەخزێنە پاڵ یەکدی، ئەم بەیانییە وەک زۆر لە بەیانیانی دیکە هەمین لە تاو هاواری تۆ ڕاچڵەکی و لە ترسانا پیاڵەیەک بەدەستییەوە شکاو سەری پەنجەی شایەتمانەی زامار بوو، هەر شەوەی یەکێکتان لە هاوار و ناڵەی ئەو دیکە دەتاسێ و دووچاری دڵەخورپێ دەبێ، هەمیشە وایە خەو و زیندە خەونەکانتان تێکەڵ دەبن، هەر دەڵێی ئەو خەونێ دەبینێ و تۆ بۆی تەواو دەکەی، ئەو هاوارەی لە قورگی تۆدا دەتاسێ، هەمین ئاسمانی پێ دەهەژێنێ...

چاوان دەکەیتەوە... هەر هەموو ماڵەکە لە تاریکیدا غەرقە، نە هەمین دیارە و نە چراکەی، نە پیاوانی گەڕەک و نە هات و هاواری مناڵ و مەزن، نە ڕەشەبایە و نە پنچک و بڕکی گندۆرە و تەرۆزی نێو بێستانەکان دیارن، بێ ناز لە ژوورەکەتدا کەوتووی، نە ماران گاز بوویت و نە هەتاو سووتێن، تەواوێ سەرماتە، درەنگی کرد و هەمین هەر بزرە، قەت وا دوا نەکەوتووە، تۆ بڵێی ماڵی چەلەبی یان سمایل بەگ میوانیان هەبووبێ؟ هەر ئێوارەیەک میوانیان زۆر بێ، ژنە تەمبەڵەکانیان هەمینت لێ گل دەدەنەوە، چەند جارت پێت گوتووە هەمین لەمەودوا بەر لەوەی تاریک دابێ وەرەوە، مەترسە بایز... ئەدی کەفیەت و مەسلەتیمان نەکرد؟ لە هەڕەشە و گوڕەشەی خدری برام مەترسێ... تازە هەردوو لامان پیر بووین، نا هەمین... هەنووکەش ترسم هەر هەیە... خدری برات لە کن ڕدێن سپییەکانی عەشیرەت پێی گۆتم: بایز ئەتوو سیی ساڵە ناموسی مەت بردییە و... خوشکی مە دەتەقێنییەوە، مەترسێ... خدر پیر بووە و هێز و شەنگی جارانی نییە دوژمنایەتیت بکات... خۆ دەزانم هەر چوار براکەت لە بەردەم ڕدێن سپییەکان و پیاوماقووڵ و بابە شێخ و سێ مەلایان تەڵاقیان فڕێدا کە چیدیکە هەقیان بەسەرمانەوە نییە، ئەوەندەی شێخ کردی و کۆشای هیچ کام لە براکان و خزمەکانت ماچیان نەکردم، مەلاش تکای کرد و ڕدێن سپییەکان پاڕانەوە، ئەگەر حەز دەکەن هەمینێ ببینن دەیهێنمە کنتان... یان ئەنگۆ وەرنە کنی... ورتەیان نەکرد... خدر دووبارەی دەکردەوە: یا شێخ وەسیەتی بابمان دەستی هەمووومانی بەستەوە دەنا هەندە بێ غیرەت نین، خۆ شەرەف

قوماش نییه لەگەر زەمانەدا ڕەنگی بچیتەوە... لە سەرەمەرگدا و بەدەم قرخەقرخی مەرگەوە پێی گۆتین: «وازیان لێ بێنن کوڕەکانم... تازە ئەوانیش پیر بوون»، تۆ بڵێی لەو کۆتایی عومرەدا زەفەری پێ ببەن و بیکوژن، جا خۆ نەمانی هەمینێ بۆ تۆ باسی سەرە، تا دەهات شەوی ساردتر دەکرد و بایەکەش دەبوو بەلووره، چراکەش کوژا بۆوە، بێ هەمینێ، ماڵ، دەتوت بۆتە چۆڵ و سارا، سەد ساڵە هەمینت لێ بۆتە قاتی، بەدەست کوتان شقارتەکەت لە دەلاقەکە دۆزییەوە، بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە دەنکێکت دەرهانی و ئاگرت دا، دەیەها تارمایی ڕژانە سەر دار و دیوارەکان، بەر لەوەی گڕی لە ڕزیوی دەنکە شقارتەکە بکوژێتەوە دەستت بۆ فانووسی قەد دیوارەکە برد و بەپەلە داتگرت، فریا نەکەوتی شووشەکە هەڵبڕی و کوژایەوە، دەنکێکی دیکەت ئاگر دا، فانووسەکە گڕێکی زەردی بەنێو ژوورەکەدا ڕژاند، هێدی هێدی بەرچاوی کزت ڕوون بۆوە، لە ترسانا چی لامپاو فانووس و قەندیل لە ماڵەکە هەبوون هەر هەموویانت داگیرساند، ڕووناک نەدەبۆوە: دڵت... تاریک بوون: چاوەکانت... زۆپاکەت گڕ دا تا بتوانی سەرما و ترس لەو ماڵە دەربکەی، دەتوت: کڵۆ کڵۆ سەهۆڵ لە نێو هەناوتا دەتوێتەوە، هەردوو ناو لەپی چڵکن و شەقار شەقارت لەسەر زۆپاکە ڕاگرت، تاوێ گەرم بوونەوە، خوێنێکی گەرمتر بەهەردوو باسکتدا گەڕا، لە کاریتە و شەقڵە و حەسیری ڕزیوی بنمیچەکە ورد بوویتەوە، هەر چوار دیواری نەخشین بەدڵۆپە و لیس و تەنی، دوو لا دیوار خراپ سکیان دابوو، بەموعجیزە وەستا بوون، دووان لە کاریتەکان درزی قەبەیان تێ کەوتبوو، درزێکیان ترسی خستبووە دڵی هەمین، بایزیش بێ باک، ئەگەر داتەپی ئەوە هەردووکمان: کەرەکە خۆش، بەیەکەوە دەمرین، جا لەژێر کاریتە و شەقڵەی ڕزیودا بمرین؟ داخوا کامەمان لە پێش ئەوی دیکەدا دەمرین؟ کە ئیشت نەبوو یان باسی مردن دەکەی یان گەمە لەگەڵ گونت دەکەی، لە بەر خۆتەوە خەنیتەوە... کەچە لبادەکەت ڕاکێشایە بەردەمی زۆپاکە و کیسەی توتنەکەت دەرهانی، ئەگەر نەهاتەوە تا ئەو سیغارە دەپێچمەوە دەڕۆم و لە دووی دەگەڕێم، گرمەی گەواڵەیەک ڕایچڵەکاندی... خودایە نەکەی... هەنووکە هەمین لە ڕێیە، سەرێکت هەڵبڕی و بەسەر دیوارەکەی بەرامبەرتەوە لە زەرگ و شمشێر و دەفەکە ڕامای، ویستت تا پێت دەکرێ درەنگ سیغارەکە بپێچیتەوە، لە شمشێر و زەرگەکە ڕامایتەوە، چەندەها جار ئەو شمشێرەت بەسک و ملی خۆتدا داهێناوە، بەتۆزێک خۆڵ جێ برینەکەی سارێژ بۆتەوە، چەندەها جار ئەو زەرگە تیژەت لە لا لغاوەی خۆت داوە... لەولا ڕوومەت بۆ ئەولا کون بەدەرت کردووە، بەدەم دەف لێدانەوە کەوتوویتە ویرد و سەڵەوات، لە زیکر و



تەهلیلەدا خەمی خۆت و هەمین و ڕاوە ڕیشۆڵە و ترسی بابە شێخ و زوڵمی چەلەبی و تارمایی ئاغا و براکانی هەمینت بزر دەکرد، حەجمانت لە بەر دەبڕا، هێی دەروێش تۆو تەکیە و زیکر و تەهلیلە و زەرک و شمشێر لە خۆ دانیان نەگوتووە، زەمانە لێی خۆش هێنای، لەسەر یەک پەنجە سەمات بەدەفەکە دەکرد، وا توند و دڵگەرمانە دەتکوتا کە هەموو گەڕەک گوێی لێ بێ، هەر دەتووت شریقەی باڵی هەزاران مەلە، سەدای حەی حەی تۆ لە هیچیانی نەدەکرد، چ دەروێشێک دەیتوانی گوێ لە دەفەکە بگرێ و عاقڵ دابنیشێ، هەر دەبوو سەر و مل با بدات، بێ ئاگا لە خۆیان هەڵدەستانە سەر پاشووان، زیکرێک تۆی تیا نەبووایە سارد و سڕ بوو، تا تۆ دەفەکەت نەگرتایەتە دەست دەروێشەکانی دیکە وەک کۆمەڵێ پیرەژنی بێهێز و شەنگ لە خۆیان دەدا، ئەو دەفە چ سیحرێکە کە تەنها بۆ دڵی گەرمی خۆتی لێ دەدەی، گەرەکتە وڕ و کاس ببیت، لەم دونیای دوونە غەیب بیت، زرم و کوت و هاڕەی دەف، زرنگانەوەی پلپلەکانی ترس و خەم لە دڵتا ڕاودەنێ، ئازاترت دەکا، ئیدی سڕ دەبیت، با بێن براکانی و هەنووکە بتکوژن، نە گوللە دەتبڕێ و نە تیغ بریندارت دەکات، سووک هەڵدەفڕیت و گران دەکەوتیتەوە سەر زەوی، سەمایەکی دەروێشانە، دەگریایت و شێتانە هەردوو پاژنەی پێت لە زەوی دەکوتا، وەک یەکێک لە ڕیشۆڵە سووکەکانت کە ڕەشەبا هەڵی دا باڵت دەگرت، لەو سەرەوە، لە ئاسمانەوە کە دادەبەزیتە سەر ئەرز وا بەتاو پاژنەت بەزەویدا دەکوتی وەک بڵێی بتەوێ زەوی شەق بکەیت و لە ترسی غەدری زەمانە خۆتی تیا حەشار بدەی، خۆت لە چەلەبی و ئاغا و براکانی هەمین و سلێوە... شەیتانەکانی شار بشاریتەوە، ئیدی تەواو... تا کەی سەرما و برسیەتی و ڕاوەدوونانی ڕیشۆڵە بەستەزمانەکان، ئاخۆ پارووە نانێک و ترسی مەرگ ئەو هەموو ئەزیەتە دێنێ؟ ڕادەکشایت و بێ باکانە، بێ بەزەییانە ملی باریک و دەماراوی خۆت دەخستە بەر تیغی شمشێر، چ تامێکی سەیر و عەجاییت لەو ئازار و تکە خوێنانە دەبینی؟، هەر تکە خوێنێک هی ڕۆژێکی پڕ مەینەتی و ترسە کە دەڕژێ، دەڕژێتە سەر خاک و خاکیش هەڵیدەمژێ، تا لەشت گەرم دابێ ترس و سامت لە لا نامێنێ، هەموو شتێک لە بەر چاوانت ون دەبێ، دەبێ بەتارمایی و نامێنێ، کە کەللەت گەرم دادێ دەفەکە دەبێ بەدڵۆپێک ئاو و لەسەر یەک پەنجەت دەوەستێ، کە بەناو لەپ و سەری پەنجەکانت لە ناوەڕاست و ڕۆخی دەفەکە دەدەی هەزاران دەنگ و سەدا و زەنا و هاوار و ناڵە و زریکە بەرپا دەبێ، دەروێشەکانی دیکە خودا لە هاڕەی دەفەکەی تۆدا دەبینن، لە سەماو پێ کوتانی شێتانەت، کە حاڵەکە دەتگرێ، هەردوو بنە پێت بەر زەوییەکە ناکەون،

ئارەقەش زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەدەموچاو و سەر و سمێڵ و سینە تووکنەکەتدا دێتە خوارێ، دەڕژێتە بەر پێی دەروێشان، تەنکە تۆزێک بەرز دەبێتەوە، وا بەتاو بەچواردەوری خۆتدا خول دەخوێت، لەو تەپ و تۆزەی بەر پێت، لەو نەرمە گڤەی «با»ی دەوری بالآت گەردەلوولێک ئەو ناوەی دادەگرت، دەنگی دەفەکان تێکەڵ بەهەیاهووی دەروێشەکان دەبوو، بەیەکەوە کێوییانە دەتاننرکاند، وەک کۆمەڵێ ماری تووڕە دەتانفیشکاند، وەک ڕەشەبایەک بەنێو جەنگەڵدا گوزەر بکا وژەتان دەهات، بەچواردەوری یەکدیدا لە سەماو پێکوتان و باڵگرتن و سەربادان نەدەکەوتن، سینەی تووکنیان لە ئارەقدا شەلاڵ... قژی ڕەش و پڕ و درێژیان تا سەر شان و مل مەوجی دەدا، باسکی ڕەش وەک ئەوەی بەتەنیمۆک سواغ درابن، هەندێکیان تا ئەژنۆیان بەلەکیان لێ ڕووت کردبوو، بەو سەمای زیکرە شادەماری بەلەکیان ڕەپ دەبوون، وەک شێت سینە والا، تاوێ بۆ پێشەوە و تاوێ بۆ دواوە جۆلانەیان بەخۆیان دەکرد، لە ناوقەد بەسەرەوە بەهەر چوار لادا دەشکانەوە، وا پێیان لە زەوی دەکوتا وەک ئەوەی بیانەوێ ئاو لەو خاکە ڕەقەنییە دەربێنن، ژنان لە سەربانەکان بەشەرمەوە لەو پیاوە نیوە ڕووتانە ڕادەمان، پیاوەکانی بابە شێخ، جاروبار، لە ژنەکان و کچەکانیان دەخوڕییەوە کە بچنەوە نێو حەوشەکان چونکێ نەزەریان حەرامە، دەروێشەکان دەیانقریشکاند، لە قەهری شتێکی دیکە هاواریان ئاسمانی پڕ دەکرد، نەک بەتەنها لە ترسی خودا، لە ترسی شتێکی زۆر نادیار و پەنهان، بۆنی نێرینە لە هەلاوی هەناسە و ئارەقەی بن باڵیان دەهات، تاو تاوێ خامۆش و پاشان قیژە و قریشکەی لەناکاو، وەک قریشکەی درەختێک کە لەناو قەدەوە تەورداسێک لەتی بکات، سێبەرەکان تێکەڵ دەبوون و پاشان پەرت دەبوونەوە، دەچوویتە ناوەڕاست و شوورەیان بەدەوردا دەکردی، وا تیژ و خێرا خولت دەخوارد کە تەماشاکەرانی سەر تاق و دیوار و سەربانەکان، بەژن و پیاوەوە، بەپیر و منالەوە، دەترسان لەوەی لەگەڵ گەردەلوولەکەدا بەرەو بەرزایی ئاسمان هەڵفڕیت و نەیەیتەوە، دەنێو هەورەکاندا، لەژێر شینایی ئاسماندا خۆت بشاریتەوە، ببیت بەئەستێرە و شەوانە بەدزییەوە بێیتەوە سەربانی کەلاوەکەی خۆتان، ببیتەوە بەئادەمی... بەپیاو... بەدەروێش بایز... بچیتەوە باخەڵی هەمینێ، تێر لەسەر سینەی ماندووی بخەویت، تاریکی ئاسمانان لە خۆت داتەکێنی، ئەوساکە کە تێرت دەخوارد لە بۆنی سینە و مەمکانی، کە پڕ بەسییەکانت خۆڵ و تۆزی سەر ئەگریجە و بسکەکانیت هەڵدەمژی، ئەوسا لە ترسی برسیەتی و چەلەبی و ئاغاکان و براکانی هەمین دەبوویتەوە بەئەستێرە، تا شەوێکی دیکە و ژوانێکی دیکە، گەر ببیت بەئەستێرەش کەس



ناتکوژێ، کەس دەستی ناتگاتێ، هەمین تاوەکو بەرەبەیان لە جریوە جریوت ڕادەمێنێ، تا بەرەبەیان پڕشنگی کز و کەمت دەڕژێتە سەر ئەو کەلاوەی هەمین بەتەنیا تیا خەوتووە، ناو حەوشە ڕووناک دەکەیتەوە، تروسکەت دزە دەکات و دەگاتە بنە بانی کۆلیتی مریشکەکان، دزە دەکا تا ناو دڵی هەمینێ، وای لە تۆ ئەو وەختەی بەدڵ دەفەکە لێ دەدەیت و خۆت هەڵدەدەی، بەدەوری خۆتدا خول دەخۆیت و... وا هەست دەکەیت تۆزێکی دیکەیە و دەفڕیتە ناو یەکێک لە شانشینی هەسارەکان... نا... ئەستێرەکان... دەفڕیتە تاقی ئاسمان... یان دەبی بەچۆلەکە، هەڵۆ، باز، قەڵەڕەش... نا... ڕەنگە ببی بەڕیشۆڵە و دەنێو ڕەوە ڕیشۆڵەیەکی گەورەدا ون ببی، ئەوسا کابرایەکی وەک خۆت کلۆڵ، کلۆڵتر لە خۆت، تۆزێک گەنم و جۆت بۆ هەڵدەڕێژێ، گەنم و جۆیەک تێکەڵ بەزیوانێکی زۆر، تۆ وەک هەنووکە برسی و ماندوویت، لە ئاسمانی پڕ هەور و زەوی ڕووتی بەر لێزمەی باران هیچ بەدی ناکەیت، بەناچاری لەگەڵ پۆلە ڕیشۆڵەیەکی زۆر پان و پۆڕدا هەڵدەنیشی، ڕاوچی چاوەڕێی ڕاوێکی زۆر بەخێر و بێرە، هەلێکە و ڕەخساوە، نایبوێرێ، سەری گوریسەکە لە نێو چنگیدا ئارەقە دەکات، تەڕ و لووس و گەرم دەبێ، زۆر توند... بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە گوریسەکە ڕادەکێشێ، هەر هەموو ڕیشۆڵە لەعنەتییەکان سرک و زوو هەڵدەفڕن، تەنیا تۆ نەبێ... دەروێش بایز... دەروێشێکی ڕیشۆڵە... ڕیشۆڵەیەکی دەروێش... هەر خۆت بەتەنیا بەتۆڕەکەوە دەبی، ڕیشۆڵەیەکی هەناسەسوار و ماندوو، دەروێشێکی پیر و برسی و بەساڵاچوو، ڕاوچییەکەش لە تۆ پیر و هیلاک و برسی تر، زستانێکی سارد و بەفران بار، دەشتێکی چۆڵ و خامۆش و تەڕ، تۆڕێکی گەورە و پان و پۆڕ... تەنیا تۆ... بەتەنیا خۆت دەکەویتە ناو تۆڕێکی گەلێ گەورە، دەبێ وابێ...؟ ئاخۆ دەکرێ...؟ بۆ ناکرێ؟ سەفەرێکیان هەر خۆت کتومت وات لێ بەسەرهات، بەهەزاران ڕیشۆڵە وەک کوێر و گێژ دابەزین، وەک ئەوەی دەستێکی غەیبی لە ئاسمانێکی دیکەوە هەڵی دابن، سێ ڕاوچی دیکەش لە دوورەوە، بەبەغالەتەوە، تێیان دەڕوانی، کەچی ڕەوەیەکی مەزن... فرەپان... ڕەوە ڕیشۆڵەیەکی زۆڵ و گاڵتەجاڕ هاتن و بەسەر تۆڕەکەی تۆدا نیشتنەوە، کە هاتن نیوەی ئاسمان ڕەش دەچۆوە، ورشە و فڕکەفڕکی باڵیان، هەزاران باڵ کە پیاو کاس بکات، مەستانە خۆیان بۆ زەوی نەوی دەکرد و باڵیان شل دەکرد، هەر هەموو بەیەکەوە لە مەلێکی زەبەللاح دەچوون، بەفریش پروشەی دەکرد، کلووە بەفری سپی و ڕەشی ئەو ڕەوە ڕیشۆڵە قەبەیە ئاگربان لە دڵی تۆدا کردەوە، ئەوەندەی نەمابوو لە خۆشیانا دڵت هەڵقەنێ و دەرپەڕێتە نێو دەمت، ئەو ڕەوە شێتە بەسەر سەری سێ ڕاوچیدا هەڵفڕین، تێپەڕین و

هاتنه سەر تۆڕەکەی تۆ و نیشتنەوە، دەیانخوارد و بەقوونەقوون هەڵدەبەزینەوە، بۆ ماوەیەک میوانداریت کردن، دەتخواست ئەوەندە بخۆن مەست و گران بن، دواجاریانە و با تێر بخۆن، بەیانی سەر دەبڕێن و دەکرێن بەمەزەی ئارەق خۆرەکانی هەولێرێ، کت و پڕ گوریسەکەت ڕاکێشا تا هەردوو قەدی تۆڕەکە بەسەر یەکدا بدەیتەوە، بەپشتدا کەوتیت و بەپەلە و زوو سەرت بەرز کردەوە، هەر هەمووی هەڵفڕین، بوون بەتەم و ڕەوینەوە، لە ئاسمان لە تاوان و لە ترسان بەر یەکدی دەکەوتن، سەریان لێ شێوا، بەفریش پتر گێژی کردن، ڕەشەبایەکی کت و پڕ، بەیەکجاری تەرین و تا درەنگی ئێوارە نەهاتنەوە ئاسمانی ئەو ناوە، هەر سێ ڕاوچییەکە لە دوورەوە قاقا پێدەکەنین، دووانیان بەڕاکردن بەرەو پیری تۆ ساتمەیان لە تەپۆلکە و قۆرت و قوچەکی خوساوە دەکرد و دەخلیسکان، هێشتا لەسەر پشت کەوتبووی، لە شەرمی نائومێدی و هەڵفڕینی ڕیشۆڵەکان یەک تەختە لەناو قوڕاوەکە ڕاکشابووی، یەکێکیان بەلاقرتێوە پێی گوتیت: هەستەوە دەروێش... دەی... ئەوە بەسەر پیاوان دێ... یەک ڕەشۆڵەی زۆر قەڵەوت ڕاو کردییە... بەشی گەڕەکی خۆتان دەکا، بەکاوەخۆ هەستایتەوە، وەک پێشەوایەکی تێکشکاو، تێک شکاوی شەڕێکی کوشندە، دەنگت هەڵبڕی و لەو دەشتە چۆڵەدا دەنگی دەدایەوە: پێ بکەنن حیزبابینە... ئەگەر پێوە بوونایە هەنووکە دەمزانی کوو دەگریان، لاکەون ماکەرینە، ئەمڕۆکە کە تۆیان بینی هەر هەموو سڕ بوون، سەرسام و ئەبڵەق، بەدرۆ و لە قورگێکی تاساوەوە هاواریان دەکرد: «خۆش بەحاڵت دەروێش... خۆش بەحاڵت».

هێی دەروێش... ئیتر بەخت و ڕێکەوت، نا ڕێکەوت نییە، زاڵبوونە بەسەر فڕ و فێڵی ئەو مەلە گچکەلۆکانە، خودایە هەنووکە هەمین بێتەوە و بەچاوی خۆی ببینێ چ ڕاوێکت کردووە، تۆڵەی بەرودوات کردەوە، سەبری «ئەیوب»ت هەبوو، خودایە هاوار ئەو ژنە چی لێ هات؟ درەنگی کرد... دەبێ چ وەختی شەو بێ...؟ بەپڕتاو وەک شێت لە ژوورەکە دەرپەڕی و کەوتیتە ناو حەوشەکە، نێرەکەر و مانگاکە ڕەوینەوە و بەترسەوە لە تۆ ڕامان، تۆش بەترسەوە لە ئاسمانی هەوران بار و پڕ پرووشەی باران ڕامایت، خودایە بێ ئافات بێ، ئەگەر هەر نیازێکت هەیە هەڵیگرە تا هەمینم دێتەوە، ئەوە چەندەمین جارە ببۆرژێی، لە خەو ڕابیت، زیندە خەو و کەروێشکە خەو، ئەو ژنە ماڵ میراتە نەکەوتبێتە ناو کەند و لەندێک؟ لە قوڕ و چڵپاوێکدا نەچەقیبێ؟ لە زەلکاوێکدا؟ لە گۆمی میری نەخنکابێ؟ ڕێی هەڵە نەکردبێ؟ شەلاتی و سەرسەرییەکانی شار شتێکیان لێ نەکردبێ؟ لە بەستی «سەیداوە»ی نەدابێ و لە گێژاوێدا خنکابێ؟ لە ناکاو هەواڵی مەرگیم لۆ نەیە...! خودا



ئەو ژنە هیلاک و ماندووەم لی نەبێتەوە بەقاتی، فریشتەکانی ئاسمانان دەستی بگرن، چاوەکانی کز بووینە و نەبا ڕێیان بزر بکا، بێ وی دونیای ڕوونم ناوێ، بایز ئەتوو پیاوی، ئەمن ژنەکی تەنیا و شەقی، هەتا دەچم و دێمەوە سەد خەیاڵی خەراپ و ختوورەم بەدڵدا دێ، خۆ براکانم بەبەردەممدا تێ بپەڕن شتاقیان ناناسمەوە، دەترسم، گەلەک دەترسم زەبرێکم لێ بدەن، هەمین قەد بەهەمان ڕێدا مەگەڕێوە، ڕێیان بگۆڕە... هەر پیاوەکی دەبینم کەمەکێ لێم ورد بیتەوە و بەدوومدا بێ، سەد ئاوڕان دەدەمەوە و بەگورگە لۆقە ڕێ دەکەم، دەشزانم کە چ عەیبەکی گەورەیە ئاوڕدانەوەی ژنان، زارەترەک دەبم، جار هەبووە هەترەشم لە سێبەری خۆم چووە، وا مەزانە لە خەمتدا نەبوویمە، سەدان جار بەدزییەوە تا ماڵی چەلەبی و فلان بەگزادە و ئاغا و ئەفەندییەکان بەدووتدا هاتیمە، بەزەییت بەمندا بێتەوە، چیدیکە خەمم مەدێ، هەر کە تاریک دادێ دەکەومە ناو سەد غایەلەی خەراپ، خودا دەبێ لە کێندەرێ بێ؟ چی بەسەر هاتبێ؟ شتێکیان لێ نەکردبی؟ چیتر خزمەتی ئەو سەگ و گورگانە مەکە، ئەوان ئەمن و توویان لە گوندی دەرپەڕاند، وەک تەیری تەریو لە هێلانە بەنیوەشەو هەڵیانفڕاندین... لەوێندەرێ سەپان و گاوان و شوان و کیشەکەر بووین، لێرەش خزمەتکار و کرێ گرتە و جل شۆر، چیدیکە وەکی دەرۆزەکەر لە بەر قاپی ئەم و ئەو مەکەوە، لە کنت وایە چاوم دونیا نابینی؟ هەموو ڕۆژێک لەو چۆڵ و قەفرەدا بیرم لە لاتە، لە دڵم گرانە سەرلەبەیانیان زوو لە یەکە یەکەی دەرگاکان دەدەی، ئەمن دەزانم جار هەیە چێشتەنگا و دەرگات لێ دەکەنەوە، ئەتووش کز و مات لە بەردەرگاکانیان دادەنیشیت و لە سەرمانا خۆت وێک دێنیتەوە، ئەوە خوایە دەرگای بەهەشتت لێ بکرێتەوە، لە پاش چەندین سەعات ئاغاژنێک لە خەو ڕادەبێ و بەڕێکەوت دەرگا دەکاتەوە، خۆی تەسک دەکاتەوە، دەم پان و قەحپە بەکۆڵێ مەکرەوە گازت دەکا... هەمە... ئەوە لێرەی؟ لە مێژە لە بەر دەرگای؟ ئەتووش درۆیان دەکەی... «سافی»خان تۆزێکە لێرەم... چ قەیدییە... خەوە تۆتکە گرتمی... مەترسێ... ئەوان شەرمێ لە کەس ناکەن، ئەو بێ شەرەفانە دەناسم، کابرا ئەتوو ئەوەندە دەمت پیس نەبی باشە، ئاخر بەلاش نییە بەبایزە شێت بانگت دەکەن... ئا... ئەمن شێتم چونکە قوماشی کورتەک و شەڕواڵەکەم ئینگلیزی نییە، جەمەدانی بەگوڵینگە و کڵاوی بەباق و بریق لەسەر نانێم، شێتم چونکە هەروەختی زەوقم هەستا حەیران و لاوکی خۆم دەرێم و سواری توو دەبم، شێتم چونکە ڕەشۆڵان ڕاو دەکەم و دەرخواردی ئارەق خۆرەکانی دەدەم، سڵێوە هەقی هەبوو دەیگوت: ئاغاکان ئەتوویان لە گوندی ڕاونا، ئەتووش ئەوەندە بێ غیرەتی ڕەشۆڵەکان ڕاو دەنێی،

لێرەش، لە شاری، جێمان نەبۆوە... ئەوەتا لە برسان دونیای هیچ ڕاوی من و توو دەنێ... مندالّە بێ عارەکانی شار و هەندێ لە عەتار و بەقار و بازرگان و زەڕەنگەر و قەسابەکانیش، کە حەزیان لە سوعبەت و قۆشمە بی، جڕت لۆ کرمانجان لێ دەدەن، تا هەنووکە بەدەم هۆیها و فیکە لێدان و جڕت لێدانەوە چەند کەسیان هەر لە هیچ و خۆڕایی شێت کرد، وام لێ هاتییە خۆ لە چاوی عالەمێ بشارمەوە، بەمن بی قەت نەچمە ناو بازاڕی، هەمین لەوە دەچی ژیانی مە هەر ڕاوڕاوێن بی... هەندەک جار کە بیر لەو دونیایەی دەکەمەوە لە ڕاوێکی گەلە گەورە دەچی، یەک ڕاوی ئەوی دیکە دەنێ، دواجاریش هەر هەژار و بەش مەینەتی وەکی مە دەبنە نێچیر، وای هەمین ئەو ژیانە چەند لە گرانەتا دەچی...

واش نییە ڕاوچی مایەپووچ... هەنووکە لێرە بووایە بەشان هەڵتەکاندن و لێو هەڵقورتانێکەوە ترس و خەم و قەهری دەرەوانديیەوە، بەرانپیلی فڕێ دەدا، خانمانە و دەست و برد سەرکە بزۆتەکانی لەژێر قالّدرمەکە دەردەهێنا و ئەوەندەی بلّێی یەک و دوو زۆپاکەی گڕ دەدایەوە، هێدی هێدی تەلێش و چیلکەی تێ دەخست، سێبەی زەردی کلّپە لەسەر ڕووخساری ماندووی سەمای دەکرد، بێ هەمین دونیا چ سارد و تاریکە خودا، خەیالّێک دەتبا و خەیالّێک دەتهێنێتەوە، لە ناکاو و بێ ئاگا لە خۆت، لە قەهری زەمانە دوو تنۆک فرمێسکی درشت و لە چاوانت تکان، هی سوێی سەرمای ژوورەکە بوو یان یادەوەری تالّ، لە هەناوتەوە قولّپی گریانێک سەری هەلّدا، دەکولێی، خەمێکی قورس و گران و جەرگبڕ بەرچاوانی گرتی، ژووری خامۆش و حەوشەکە بۆنی مەرگی لێ دەهات، جاروبار گرمەی گەوالّە ڕەشۆلّە برسی و دیل و ماندووەکانی دەخستە سەر قاژەقاژ، لە ترسی بێ دەنگی و نەهاتنەوەی هەمین حەزت دەکرد لە قاژەقاژ نەکەون، لە دوورەوەش تەنها دەنگێکی ئاشنا بەگوێت زرم و کوتی ئاشەکەی چەلەبی بوو، بەردەوامیش، لەوەتەی لەم گەڕەکە دەژیت، لەم شارە... بەردەوام زریکەیەک لە گوێتدا دەزرنگێتەوە، هەندێ جار ئەو زریکەیە ئەوەندە ناقۆلێیە کە خەریکە پەردەی گوێیەکانت بدڕێنێ، گوێ بۆ هەموو دەنگ و سەدا و چرپە و هەناسەکانی شەو سووک دەکەی، نیوەشەوان بەر لەوەی بنووی، یەکەمجار گوێت لە نووزەی گۆرانییەکی غەمگین و دوور و بریندار دەبێ کە هەر دەلّێی خوێناوە و دەڕژێتە هەردوو گوێتەوە، تاوێک و دەبێ بەئاهو هەناسەیکی دلّ پڕوکێن، پاشان زریکەیەکی بێ ئامان، زریکەی سەدەها ژن، تۆقیو و زەندەق چوو، هەروەک بلّێی لە قوولێیی تاریکی ئەشکەوتەکانەوە یان دەربەند و دۆلّەکانەوە، لەو زریکە و هاوارانە



دەچن کە هی کۆمەلّە ژنێک بن، بکوژرێن، بسووتێن، بخنکێن، بەیەکەوە بمرن، بانگی خەلّکانێکی خەوتوو بکەن تا وەئاگا بێن و فریایان بکەون، زریکەیەکی جەرگبڕ، کەم شەو هەیە گوێت لەو زریکە بێ ئامانە نەبێ، دلّتەزێن، غیرەت بەزێن... ئەبەدی، وەک عەزیایەکی لە زنجیر بەستراو، بەپێچ و لوول، لە ئاسمانێکی تاریکەوە دادەبەزێ، لەو جۆرە زریکانەی کە هەروەک بلّێی لەوەتەی دونیا دروست بووە، نەبڕاوەتەوە، لە قورگێکەوە دێ، ژەنگ لێی دابێ، لە زریکەی ئافرەتێکی کلّۆلّ و تەنیا دەچێ کە کۆمەلّێک پیاوی دڕندە و تووڕە و تۆسن بەخەنجەر لەت و پەتی بکەن، زریکەی کچێک کە بەچەندەها لاو و تۆلێزی هەوەسباز لە دە لاوە تێی بەربن و بێ بنی بکەن، لە پاشان پەل پەلی بکەن، هەر لەت و کوتێکیش ببێ بەکچێکی دیکە و ژنێکی دیکە و بزریکێنێ، هاوار و نالّە و زریکەکان تێکەلّ دەبوون و پاشان پەرت دەبوون، هەلّدەفڕین و دەکەوتنەوە، زۆر جاران شێتانە شەوان جێ و بالینگانی گەرمت جێ دەهێشت و دەچوویتە نێو حەوشەی خامۆش و سەربانی سارد، بەهەر چوار لادا، هەر لەسەر قالّدرمە خزەکانەوە ئاوڕ لە دوای ئاوڕت دەدایەوە، پاشان کۆلّانی خامۆش و تاریک و بێ سرتە، زریکەکە هەر لە گوێتدا زرینگاوەتەوە، وەلێ نەتدەزانی ڕوو لە کوێ بکەی، تۆ بلّێی ئەو هات و هاوار و زەنا و قیامەتە قەلّەبالغی مەملەکەتی جنۆکان بێ؟ ئەو شەوە ملت پێوەنا... کۆلّانە و کۆلّان... شێتانە بەڕاست و چەپدا دەتڕوانی، لە ئەستێرە کوژاوەکان کە دەتبینی چۆن دادەکشان، دەبێ دیسانەوە کێ بمرێ...؟ خودا هاوار... با ئەستێرە ڕژاوەکان ڕۆحی کلّۆلّی خەلّکی گەڕەک نەبن، لە بەردەمی یەک بەیەکی دەرگای شەق و شڕی مالّەکان دەوەستایت، گوێت هەلّدەخست... خودا... ئەم زریکەیەی کەڕی کردم زریکەی کام مالّە؟ ئەمن دەبێ فریای کەوم...! هەر تاوێک و زریکە دەبوو بەفیقەی زوڕنا و زرم و کوتی دەهۆلّ... عەجایب... هەر هەنووکە چ داد و فیغان و گەرمە شینێک بوو... چ زوو گۆڕا بەشایی و لۆغان؟ قریوە و پێکەنینی کوڕ و کالێن، قریوەیەکی زۆر گالّتەجاڕانە، گالّتە بەتۆ کە نیوە شەوان لە بن بالّی گەرمی هەمینێ دێیتە دەرێ و دەکەویتە دوای زریکەیەکی بێ ئامان، گوێت پڕ بوو لە حیلکە حیلکی شەرمنانە و شەهوەتبازانەی کچان و شاباشی بلّند و پچڕپچڕی پیاوێکی قرخن، ئەو هەرا و زەنا و زایەلّەیە جێی گومانە، ترس، سەرسامی، ئەمەیان فریوی شەیتان و لەمەچێترانە... نەچیت... دەنا وەکی تر دەتگرن و کچی «شا»ی جنۆکانت لێ مارە دەکەن و... ناهێلّن بۆ کن هەمینێ بگەڕێیتەوە، کۆشێک منالّی سەرکەو بنکەت پێ دەنێنەوە، نەکەی دەروێش، ئەمەیان فریوە، وەلێ ئەوە چ شایی

و لۆغانێکە، دەستخەڕۆ مەبە و بگەڕێوە پاڵ هەمینێ، لە ناکاو زریکەی پرسەداران و قریوەی شاییکەران لە گوێتا تێکەڵ بوون، تاوێک لە لای قیبلەوە ئەو قاو و قیژە بەسەربانەکەدا داباریـن و لە درزە زۆرەکانی کەلاوەکەوە دادەڕژانە ژوورەکەت، تاوێک لە ڕۆژهەڵات و تاوێکی دیکە لە ڕۆژئاواوە... شاباش... شاباش... دەروێش بایز سەد لیرە شاباش... سەد لیرەم لە کوێ بوو؟ وەی بابەڕۆ... دایکەڕۆ... بەخۆم ڕۆ، دەروێشی هیلاک و شەقیم ڕۆ... سەیدی مەخلووقات... موحەمەد سەڵەوات، کوڕینە خێرتان دەگاتێ و شان بخەنە ژێر تەرمەکەی دەروێش، ئەوە لە دوورەوە چ دەبینێ؟ کۆمەڵێ پیاوی گرگن کە دەست ڕادەوەشێنن و حەیزەران بادەدەن، تەوقە دەکەن و دەست لە ملی یەکدی دەکەن، دەگرین و دەلاڵێنەوە، شایی و... گەردن ئازادی... یان شینە و بەخشندەیی خواستن، لەگەڵ گریانی پرسەداران بۆ مەرگی خۆت دەگریایت، وەک هەنووکە... کە دیسانەوە گوێت لەو زریکە نەپساوەیە، ئەمشەویان، هەر دەبێ، زریکەی هەمین بێ، قوڵپی گریانێک سەری کرد، گەیشتە بەربینەت، فرمێسکەکان دەخۆیتەوە، لە تاو هێرشی ئەو خەمە هەردوو دەستت لە زەوییەکە گیر کرد و هەستایتەوە سەرپێ، گێژ بوویت، هەنووکە لێرە بووایە زوو دەهاتە بن باڵت، تۆش پتر خۆت دەخستە حاڵی جان و خۆت بێهێز دەکرد تا باسکی ڕاستەت لە ناوقەدییەوە بئاڵێنی، هێدی هێدی هەر بەبۆنی ئەو هوشیار دەبوویتەوە، ئەمڕۆ بەیانی کە وات لێ هات تا ناو دەرگاکە و کۆڵانیش لەگەڵتا هات، هەتا لە چاوان بزر بوویت ئەم لە ناوەڕاستی کۆڵانێ، بێ شەرم و پرینگانەوە، وەستا... بەقەهرەوە لێکدی ڕامان... دەتووت دوا دەست لێک بەردان و ماڵئاوایییە، دوا کۆچ و سەفەرە، بێ دەستەڵات و ماندووانە هاتیتە ناو حەوشە و گوێت هەڵخست، چی بکەی...؟ هەنووکە چ بکەی؟ ڕوو لە کوێ بکەی؟ لە کام دەرگا بدەی؟ کام کۆڵان و گەڕەک بپشکنی؟ دەتووت دونیا وێران بووە و ئاسمان بەسەر سەری تۆدا تەپیوە، گران هەناسەت دەدا، دەتووت: گەڕەک نا... بەڵکو هەموو شار جگە لە خۆتی تاق و تەنیا کەسێکی تیا نەماوە، باش دەباری، زۆر بەزەحمەت ئاگری چراکان دڕیان بەتاریکی حەوشەکە دەدا، لە نێرەکەرەکە و مانگا و تۆڕی پڕی ڕیشۆڵەکان ڕامای، تا ناو دەرگاکە هاتیت و ملت درێژ کرد، بەهەردوو دیوی کۆڵانی کپ و بێ دەنگدا ڕوانیت، ڕۆح لەبەری پێیدا نارِوات، تەنگەتاو بوویت، دەرگات لەسەر پشت بەجێ هێشت، بێ ئاگا لە خۆت لە دەرگای ماڵە دراوسێیەکانت دەدا، ژن و پیاوی هیلاک لە ژێری سەرمای پیرەزستاندا، بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە، دەرگایان دەکردەوە، منداڵی سەرکە و بنکە لەژێر قاچ و قولیانەوە



سەرتاتکێیان بوو، پێیان دەوتی: با دڵت چ غایەلە نەکا دەروێش... هەنووکە دێتەوە... چ جاران وا دوا نەکەوتییە...؟ پێم شک نایە... دەبێ سەعات چەند بێ؟ بانگی شێوانی فەرمووە؟ چما تا هەنووکە نوێژەکەت نەکردییە؟ هەمین هەموو شتێکی لەبیر بردمەوە، دەروێش هەتا ئەو دێتەوە وەرە لێرە دانیشە و پارووە نانەکی بخۆ، چما ڕۆح بەگەروومدا دەچێ، هێدی هێدی باران تاوی دەسەند، دەترسای ئەو ماڵ میراتە لە ڕێ بێ، تاریکی دونیای لە خۆ وەرپێچاوە، دەرگایەک... دوو... دە... بەتەمای چی؟ بەدوویدا دەچم... دونیایە هاتەوە... پێی بڵێن تووخوا... بڵێن دەروێش حەجمانی لەبەر بڕا، ئۆقرەی نەما، دەگەڕێم، دانیشم شێت دەبم، سەرێک لەو ماڵە ئاغا و چەلەبی و بەگزادە و ئەفەندییانە دەدەم، ئەوە خوایە سەرە داوێکم دەست بکەوێ، بەڵکو ئەوان ڕاگیریان کردبی، چیدیکە خۆم پێ ڕاناگیرێ، هەتا دێمەوە چاوێکت لە دەرگاکە بی، باران ئاسمان و زەوی بەیەکەوە دەدوورییەوە، خودای ئاسمانان فریای کەوە، بەفریام کەوە، ساقۆ عەسکەرییەکەت لە خۆتەوە وەرپێچا، کزەبایەکی ساردیش وەک گوێزان دەم و لێوتی دەبڕی، پێستی ژێر ڕدێنە پڕەکەتی دەتەزاند، هەردوو دەستت خستە نێو گیرفانەکانت، لەنگەرت تێکچوو، دەرتهێنان، یەکە یەکە لە دەرگاکانت دەدا، ئەوە چەندەمین دەرگایە؟ تۆ چوزانی! دەرگا نەبوو ڕاتنەگرێ، هەبوو نەیدەکردەوە، دز و پیاو خەراپ زۆر بووینە، کۆڵانەکانی بۆنی مەرگیان لێ دەهات، هەر هەمووی ژیژک ئاسا چووبوونەوە ناو قاوغی خۆیان، وەک شێت شەرمت شکا و لە تاو و ترسی ئەو کۆستە بەپەلە شەقاوت هەڵدەگرت و لە دەرگاکانت دەدا، دەتویست هەر هەموو بێنە دەرێ و لەگەڵتا بۆ هەمین بگەڕێن، دەرگایەک دادەخرا و دەرگایەک دەکرایەوە، باران و تاریکی و ترس ڕێیان لێ هەڵە دەکردی، لەودیو دەرگاکانەوە بەکزی و مەلوولی و ترسەوە دەیانپرسی: «ئەوە کێیە؟»

تۆش قورگت نەبوو پێی هاوار بکەی، لە بەر خۆتەوە وەک سۆفییەک زیکر بەناوی خوداوە بکات؛ لەژێر لێوەوە دەتووت: «هەمین... هەمین... هەمین»، ئەتوو لە کێندەری ماڵ میرات؟ «با» تا دەهات توندتری دەکرد، کە لە ڕستە و تەناف و عەلەتریکەکانی سەربانەکانی دەدا وژەوژی هەراسانی کردیت، ورشەورشی درەختەکانی خەمێکی قووڵی دەخستە دڵتەوە، عادەتی ئەمشەو گەلێ لە ئاریەلی ڕادیۆکان دەکەونە خوارێ...

هەمین... ژن بەو... نەکەی... شەیتان بەلەعنەت... دەروێش قەت حەزم لێ نییە بەپایز یان بەزستانێ بمرم، گرمەی گەواڵە ڕایچڵەکاندی، بروسکێک بۆ تاوێک دونیای لە بەرچاوت ڕۆشن کردەوە، هەر دەڵێی خۆشی ئەوساتە کورتانەی ناو باوەشی هەمینە لە هەموو عومری

تۆدا، لەگەڵ هەر گرمەی هەورە تریشقەیەک خۆی دەخستە بن باڵت، دەترسا، شەوانە کە دەباری دەخزانە ناو باوەشی یەکدی، باران و هەورە تریشقە باشترین بیانوو بوو، وەرە هەمین، ئەوەتا «ئیسرافیل» هەوران ڕادەدا، پتر سەرت دەخستە ناو کۆشی، نێو جۆگەڵەی هەردوو مەمکە شۆڕ و گەورۆنەکانی، منداڵ دەبوویتەوە، سینە و مەمکی بۆنگرتوو بەمێخەک و قەنەفڵ و گیابەند کە دوای حەمامیش هەر دەمایەوە، پەڵەی دەدا و خاک تێر ئاو دەبوو، خوێنی شەهوەتێک لە دەمارەکانتا دەجما...

«هەمین هەقە ئەتووش پەڵە بدەی...!»

تاو نا تاوێ لە ترسی باران خۆت لەژێر تاقی دەرگاکان گرمۆڵە دەکرد، تاوێک و پەشیمان دەبوویتەوە، هەنووکە هەمین وا بەرێوە و باران لێی دەدا، کەچی تۆش بێغیرەتانە خۆ لەباران دەپارێزی، کڵاو و جەمەدانیت ئاویان لێ دەتکا، بەپەنای هەردوو گوێچکەکانتەوە ڕێچکەیان دەبەست و بەر و پشتیان تەڕ دەکردی، ئەمشەو حەسحەسیش بەدەرەوە نییە، سەگە بەڕەڵڵاکانیش لە وەڕین کەوتوون، شار بێ ئاگا لە تۆ و لە هەمینی کەلەکەوێت... تۆ بڵێی بێ تۆ مانگا و کەر و مریشک و جووجەڵەکانت... ڕەشۆڵە دیلەکانی نێو تۆڕەکەت چ بکەن؟ هەنووکە دەترسێن، هەنووکە «با» دەرگا شەق و شڕەکە بەیەکدا دەدا و زنجیرەکەش دەیکوتێ، بێ هەمینێ وا چاکە ماڵ کاول بێ، ئەمشەو لەدوو مەلی لانە شێواو دەچن، خودایە نەیکەی بەلافاوەکەی نوح و بەگوناهی خەڵکیمان لەگەڵ نەکەی، هاوارم وەبەر توو حەزرەتی وەکاشە... غەوسی گەیلانی... خدری زیندە... خودایە دوور بێ لە هەموو بەڵایەک و تیری غەیبی، هەر ئەو جارەی بەسەلامەتی بێتەوە، چیدیکە تووڕەم مەکە بایز! خەمم مەدێ... ئەوەندە پیر بوویت بەقەد ڕۆژانی عومرت ترست لێ نیشتییە، هەر ڕۆژێکە و بەخۆت نازانی ئەو کەلاوەیەت لۆ چۆل دەکەم، ئەوسا بزانم چەندە عگیدی، ئەمنت لە کن نەبم دەست لە گووی خۆت دەگێڕی، هەمین گۆرەوییەکانم... هەمین کەوشەکانم... کوا پیشەقانەکەم... تۆڕەکە لە کێندەرێیە...؟ کیسەی تووتن؟ هەر ئەوەندەت ماوە بڵێیی خۆم لە کێندەرێم؟ خودا ئەو خەیاڵە خەراپەم لەسەر دەرکە، لە پاش هەمینێ ئەمن چ بکەم؟ هەمین جوان دەرگاکە کلیل دە، قفڵەکە سەح کەوە، مەترسێ پیرەپیاو... مەگەر لە کونی بۆڕی زۆپاکەوە بێنە ژۆرێ... خلیسکت برد و کەوتیت، وای لەو قوڕ و زێلاقەیە، لەشت تەزی، سەرما هەموو لەشت دەرزی ئاژن دەکا، لە ناکاو تارماییەک دەستی گرتی، تارماییەکی ڕەشباو، یان خێوێکی نیوەشەو، یان ژنێک کە خۆی لە عەباوە وەرپێچابێ، شەو و باران لێ نەگەڕان هیچ ببینی، هەمین ئەوە خۆتی... کێلم



کەوە... قسان بکە... هەموو پاشەڵم قوڕاوی بووە، لە دڵۆپە بارانی سەر بەکڵاوە ڕادەمای، بەبەردەمتا ڕیزیان دەبەست و دەتەقینەوە، شریخەی بروسکێک تارماییەکەی نەهێشت، خۆت هەستایتەوە یان تارماییەکە بوو دەستی گرتی؟ تۆ چوزانی... تارماییەکە زوو ڕەوییەوە، هاوارت کرد، هەمین، کچێ هەمین، غارت دەدا ڕاوەدووی تەمی تارماییەکەت دەنا، «با»یەک وەک زەلام چنگی لە بەرۆکت گیر دەکرد و نەیدەهێشت تاو بدەی، کەسیرە و پەل تەزیو تەکانت دەدا، وەک مەلێکی ناو گەردەلوول، وێڵ و کوێر، بۆ پەنایەک دەگەڕای، لە هەوادا هەرا و هەنگامەی وەیشوومە و... «با»ی سڕە، لە دڵیشتا زریان و گێژەڵووکەی خەم، خۆی بوو... ئا... خۆی بوو... درۆ نەبوو... تارمایی نەبوو... چاوم ڕەشکە و پێشکە ناکات، گەرمی دەستی ئەو دەناسمەوە و وا هێشتا گەرمی ئەو دەستە لە سەری یەکە یەکەی پەنجەکانم جێ ماوە، تۆ بڵێیی خدری زیندە بووبێ و فێڵی لێ کردبم، هۆ پیاوچاکان، فریشتەکانی ئاسمان، ڕۆحی جندۆکە پاکەکان واز لە من بێنن و فریای هەمین بکەون، لە کێندەرێیە؟ بۆ منی بدۆزنەوە، ئەو تەم و تارماییانە لە زەوییەوە هەڵدەستن یان لە ئاسمانەوە دادەبارێن؟ چ ڕێگەیەک بگرمە بەر؟ ئەگەر ئەم شەو بەڕێوە بێ بەکام ڕێدا دێتەوە؟ خەڵکی گەڕەک لە سەد لاوە ڕێچکە و شاڕێگەیان کردۆتەوە... تارماییەکان لە سەری کۆڵانەکان وەدەر دەکەون و ون دەبن، بچیتە بن پەڕەکەی عاسمانێ هەر دەتبینمەوە... کە تووڕە بووم و ڕۆیشتم... نایەمەوە...

پێڵاوە لاستیکەکانت ئاویان دەدزی، هەردوو پێیەکانت لە ناویاندا دەخلیسکان، دەبوو گۆچانەکە بێنی، هەمین... هەمین... هەموو شتێکی لە بیر بردیتەوە، لە لا کۆڵانێک پیاو بوو یان تارمایی لێی پرسیت:

«بەم شەوە شوومە چ دەکەی کابرا؟»

ژنەکەم نەهاتیتەوە. ژنێک تا هەنووکە نەیەتەوە هەقی تەڵاقدانی هەیە... یەخەگیری بوویت. زەبری «با» بوو یان تینی کابرا تۆی لە قوڕ و چلپاوەکە گەوزاند، لە چاوتروکانێکدا نە دەنگ ما و نە ڕەنگ، بەپەلە هەستایتەوە، هەر هەنووکە دەتبینمەوە، دیارە باوکە ئادەمیش هەر ئاواهی بەدوای حەوادا گەڕاوە... گەڕاوە... نەوەستا تا دۆزییەوە... ئاخۆ چی دیوە و چەندی پێ چووە؟، بگەڕێ و نائومێدی عەیبە، هەمین لەوە زیاتر دێنێ... لەژێر باران و ڕەهێڵەدا تاریکی شەوت دەبڕی، ئارەقە و باران لەسەر پێستت تێکەڵ دەبوون، غەریقی قوڕ و لیتاو گەیشتیتە بەرقاپی کۆشکە بڵندەکەی چەلەبی، هاش

و هووشی «با» کە لە درەختە چڕەکانی ناو باخچەکەی دەدا، ترس و سامێکی زۆری وەک گـەڵا دادەوەراند، چراخـانی ژوورەکـان، ژووره زۆر بڵندەکـانی دڕی بەتاریکی دەدا و پڕشنگی ڕەنگاوڕەنگی بەهەر چوار دەوردا دەپرژاند، بارانی بەخـــوڕ دارژاوی پشت پەنجـەرەکانی ڕەنگ ڕێژ دەکرد، هەمین لەوێ بێ ئەو چراخـانە چ ڕۆشنی و ڕۆناهییـەکە خودا... خودا... نائومێدم مەکە و مەمکوژە، موعجیزەیەک بنوێنە و با لەوێ بێ، پلت بەزەنگەکەوە نا، زۆر وەستای دەنگێک هاتە بەرگوێت، لە پشت دەرگا سێ دەری و بەرزی ئەو قەڵایە باو و باران دەنگەکەی دەبرد، دڵگەرمانە پرسیت:

«ئەرێ هەمین لێرەیە؟»

دەنگێک، وەک بڵێی لە بنی بیرەوە بێ، هاواری کرد: «ئەتوو کێی؟»

«دەروێشم... دەروێش بایز...»

بە قورگی پڕ لە گریانەوە پرسیت: «هەمین... هەمینی ژنم تا هەنووکە دیار نییە»

ئان و سات باران پتر دایکرد، «با» تەوژمی دیکەی سەند، شریخەی بروسک، وەک لە حەکایەتەکان ڕوودەدا نە دەرگا کرایەوە و نە لە هیچ گەیشتی، غەڵبەغەڵبی پشت دەرگاکە بەدەم کۆکەکۆکەوە لەژێر باران و تاریکیدا مرد، تۆ هەر قسەت دەکرد، پرسیارت دەکرد، وڕێنەت دەکرد، لەودیو دەنگ و سەنگ نەما، ئەمشەو لە دەرگای ماڵی هەموو پیاوماقووڵەکان دەدەی، ئاغا و بەگزادەکان، کوێخا و مەلازادەکان، بازرگانە قەبەکان، ئەوانەی هەمین هێلکە و شیریان پێ دەفرۆشێ، نانیان بۆ دەکات، جلیان بۆ دەشوات، لەوانەشە کەس نەوێرێ دەرگا بکاتەوە، لە گەڕەکەکەی خۆشتان هەندێکیان بەشێتت دەزانن و ناوێرن دەرگات لێ بکەنەوە، لەو شەوانەی درەنگانێ کە گوێت لەو زریکەیە دەبوو کە لە گوێتدا دەزرنگایەوە... دەچوویتە دەر و لە دەرگای یەک دوو ماڵت دەدا... دەتپرسی: «ئەرێ ئەو هاوارە چی بوو... لێرەوە نەهات؟» ، ئەوانیش سەریان دەلەقاند و وەک لەگێلێک ڕابمێنن دەرگایان بەڕووتدا دادەخستەوە...

کەوتیتە ناو جەرگەی شار... پڕ بەجادە و کۆڵانەکان ئاو تافەتاف دەڕۆی، باران هەموو شتێکی دەشووشتەوە، لەوە دەچێ ئەمشەو دڵی بەردیش تەڕ بکات، تۆ بڵێی هەنووکە هەمین نەچووبێتەوە؟ چش لە باران و با و سەرما و سۆڵەی ئەمشەو، چش لە هیلاکی و دەردەدڵ، تەوژمی باران تاکێکی پێڵاوەکەی لێ بردیت، پتر هەستت بەتەوژمی باراناوەکە کرد، لەنگەرت تێکچوو، هەوڵت دەدا خۆت ڕاگیر بکەی، دەستت بەدار و دیوار و



قەپەنگی دوکانەکان و شیش بەندی سەر جادەکانەوە دەگرت، دەخیلی دارتەلەکان دەبوویت، سووک لە بەردەم «با»دا دەهەژیت، ئاوی زۆری باران ڕووخسار و ئاکار و دیمەنی هەموو شتێک و شوێنێکی لە بەرچاوتا گۆڕی بوو، لە شارێکی غەریب دەچوو، شارێک یەکەم جارت بێ بیبینی، دەتویست کۆڵانە و کۆڵان بچیتەوە سەر ماڵەکەی سمایل بەگ، کت و پڕ کەوتیتەوە ناو گێژەنێک کە تا ئەژنۆیان تەڕی دەکردی، کەوتیت...، لەوبەری کۆڵانەکەوە تارماییەک وەدەرکەوت، هاوارێک هاتە بەرگوێت، هەستەوە دەنا ئاو دەتبا، قوڕاوێک بەر باخەڵی پڕ کردیت، سەر و گوێلاکت کەوتە ژێر ئاو و دەم و لووت و گوێت پڕ بوون لە ئاوێکی لیخن، لە لیتەیەکی لینج کە وا بکات چیدیکە گوێت لە دەنگەکانی دەرەوە نەبێ، تەوژمی ئاو، لیتەی ژێرت نەیاندەهێشت هەستیتەوە، غیرەت سەگ بتخوات، تەکان نەدەم دەخنکێم، هەمینم چاوەڕێمە، ئەو تارماییە کێ بوو؟ کە هەمینت هێنایەوە بەر دیدەی خەیاڵت یەکشەق تەکانت دا و هەستایتەوە، بەلەرزەلەرز خۆت گەیاندە بن دیوارێک کە تا وێندەرێ بارانا و شەپۆڵی دەدا، گیرفانەکانت پڕ بوون لە قوڕاو... هەردوو چنگیشت پڕ لە لیتە، وەک عفریتێک لەژێر لافاوی ئاوەکە هاتیتە دەرێ، نابێ بوەستیت، وەختی ئەوە نییە، خودا هەمین بگرێ، ئەوەندە جلت پێ لەبەر دەکا ئاو قورسی کردووی، ئەو چ بزانێ لە شەوێکی وادا و لەژێر باراندا بەدوایدا دەگەڕێی، وەختی وڕێنە نییە دەروێش، زووکە بگە بەردەرگای کۆشکەکان و لە گرێژنەوە دەریان بێنە، دەرگا دوو دەری و سێ دەرییەکان، ئەمشەو مەهێڵە کەس بنوێ، با هەموو شار بزانێ هەمینت لێ بزر بووە، ئاسمان داتەپیوە و ئەم بارانەش جگە لە گریانی تۆ هیچی دیکە نییە، کەم دەرگا ما، هی ئاشنا و نائاشنا، دارا و نەدارا، تۆ هەڵقەکەی ڕانەتەکێنی، پل بەزەنگەکەیەوە نەنێی، لە هیچ کام لەو ماڵانە نەبوو، زەوی قووتی دا یان ئاسمان هەڵی کێشا، نائومێد مەبە و بگەڕێ، بەنێو کۆڵان و جادەکاندا، گەڕەکە دوور و نزیکەکان، هاوار... هاوار بکە... هۆ هەمینەکەم ئەتوو لە کێندەری؟ بەدەم قوڵپی گریانەوە، بەدەنگێکی مەحزوونەوە، هاوارت دەنگی دەدایەوە، هاوار دوای هاوار... زریکە دوای زریکە... ناڵین لە پاش ناڵین... دەنێو ئەو لافاوە کت و پڕەدا دەخنکان، هۆ هەمین... هەمین... قەهر و تاسە لە هاوارەکەتدا تێکەڵ دەبوون، ئەو شەوە زۆر کەس لە خەو ڕاپەڕی و گوێی لەو ناوە بوو، پاشان وەک ئەوەی خەونێکی دیبێ... خەو بردییەوە، «با» هاوارەکەتی دەخستە سەر باڵی و دەیگەیاندە دوورترین کونج و کۆڵان، سەدا و هاوارەکان دەفڕین و دەهاتنەوە لە سەر چڵەپۆپی ئەسپیندار و چنار و گوێز و هەنار و هەنجیر و

شەنگەبییەکان دەنیشتنەوە... کەی ڕەوای هەقە لە شەوێکی وادا شارێک خەوتبێ...؟ زرم و کوتی لێدانی دەرگایەکی دیکە و، قوربان ئەمەیان چ گەڕەکێکە؟ ئەم جادەیە دەمباتەوە کێندەرێ؟ مزگەوتەکانیش دەرگاکانیان داخستووە، حەسحەسەکانیش نائومێد لە ئاگرکردنەوە، خودا دەزانێ خۆیان لە کوێ حەشار داوە؟ دوو ڕێیان و سێ ڕێیان و چوار ڕێیانەکان سەریان لێ شێواندی، هاوارکە و ڕۆحی هەمین لە ئاسمانانیش بێ دادەبەزێ، هاوارت بخە سەر باڵی «با»... سەر شەپۆڵە وردەکانی ئەم لافاوە تا دەگاتە کن هەمینێ، کێ ناڵێ هەنووکە ئەویش نەگەڕاوەتەوە؟ بچمەوە یان بگەڕێم؟ ئەدی کوا دەرویش؟ ژنانی دراوسێ دەست بەیەک دادەن... و... خوشکم زۆرمان پێ گۆت... دانیشە... چاوەڕێ بکە... پارووە نانێک بخۆ... چایەکی گەرم... هەنووکە دێتەوە... وابێ ئەویش خۆی ناگرێ و بەدوومدا دەگەڕێ، ئەوشۆ... شەوی پیرە زستانە و خودایە لە شەوێکی وا تووشدا لێکمان نەکەی، خودایە... دەستم بگرە و ڕێم پیشان بدە، ئەمشەو ئاسمان دڕاوە و لە بڵندایی ئاسمانان پرسەیە و چی فریشتە و ئەهلی بەهەشت و دۆزەخ هەن بۆ من و هەمینێ قوڕ دەپێون، زەوی قوڕ و ئاسمان قوڕ، تاریکی لە سەد لاوە دەڕژێ و دادەکشێ، گشت لامپاو چراو فانووس و قەندیلەکانی نێو کەلاوەکانیش کوژاونەتەوە، لە ماڵەکەی تۆدا ئەمشە و مەگەر «با» خۆی چراکانت بکوژێنێتەوە، ڕیشۆڵەکان لە دواشەوی گرتنیاندا بەدەستی هەمینێ سەر نەبڕان، بەڵکو هەمین خۆی چوو بێتەوە و بەچەقۆ کولەکەی سەری ڕیشۆڵەکانی بڕیبێ، هەتا دەچمەوە ئاوەڕووتیان بکا، خودایە وابێ، ئەژنۆکانت دەلەرزن، ئێوارە هیچت نەخوارد تا هێز و شەنگی گەڕان لە خوێنتا بگەڕێ، بەهار یان هاوین بووایە لەسەر تەختەی چایخانەیەک کەمەکێ ڕادەکشایت، خودا گەر بەتەمای لافاوەکەی «نوح»یت، ئەوە نە من و نە هەمین ئەوەندە گوناهبار نین تا پاکمان کەیتەوە، کت و پڕ هەستت کرد کە هەر هەنووکە لە سەری کۆڵانێکدا، لە بەردەمی دوکانێکدا، لەژێر چەتری پاسێکدا، لەژێر تاقی دەرگای ماڵە خوا پێداوێکدا، هی مزگەوتێک، یان کەلاوەیەکدا کت و پڕ دەیدۆزیتەوە، بەتاسەوە لە ئامێزی دەگریت و باران و بروسک سەرلەنوێ لە یەکدیتان مارە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هێز بدەیتەوە ئەژنۆکانت «هەمین»ت هێنایەوە بەر دیدەی خەیاڵت، شێوەی لە یەکەم ڕۆژی ناسیندا، کە بینیت... کە حەزت لێ کرد... کە شاییت لەگەڵ کرد و کە دەستیت گوشی... کە بۆنت کرد... کە ماچت کرد... کە بۆ یەکەمجار لەگەڵیا خەوتی... چ سووکەڵە و جوانکیلە... چ خوێن شیرین بوو... چ پڕشنگێک لە چاوانیا دەدرەوشایەوە، چ گڕێک لە خوێنیدا، چ گران و ژنانی هەردوو شانی هەڵتەکاند، سینە و



مەمکی پڕی لەژێر کراس و سوخمەوە هەڵدەتەکی، نا هەمین هەر هی خۆتە و تۆ دوعات کردووە بەر لەو بمریت، مەحاڵە بەتەنیا جێت بهێڵێ، لەوە نەدەچوو دەستت بەربدا، تا نەبوورێتەوە شایی جێ ناهێڵێ، ئەو کافر بابە سێ خەڵوەتی درێژی پێ شکاندی، هەروەک پەرییەکی بەدنیهاد، یەکەمجار وەک بیرت بێ لەناو دەرگای حەمامەکە وەستا و داوای سابوونی لێ کردی، دووەمیان، وەک بیرت بێ لە بەردەمتا نوێژی دەکرد و بۆ سوژدەبردن تەوێڵی خستە سەر زەوی و لە بەرچاوتا هەردوو لا سمت و کەفەڵی ژوورەکەیان لێ داگیر کردی، سێیەمیان وەک بیرت بێ لە پشتتەوە سواری کەرێ بوو، وا توند هەردوو باسکی تێ وەرێنابووی کە ئیدی وەک کوڕیژگەیەکی مناڵکار کەوتبوویتە ناو باوەشی، ئەم لافاوە... ئەم شەوە تووشە چییە؟ کێ ناڵێ لە گوناهی شکاندنی ئەو سێ خەڵوەتە و تۆڵەی خواهانە نییە؟ لافاوەکە تا دەهات سەری دەکرد، ئاوێکی سوور و لیخن، پڕ قوڕ و لیتە، شەڕت لەگەڵ شەپۆڵەکان دەکرد، تەواو شەنگت نەما، هیچ خەیاڵێکی جوان و خۆش دادت نادات، هەر شەپۆڵێکی هار کە لێت دەدا ڕووخساری هەمین ژێر ئاو دەخا، بەڕاست و چەپدا دەکەوتی، لەناو ئاودا پیاو وەک پووش سووک دەبێ، گێژ و وێژ... تەوژمی بەتینی ئاو گەمانت پێ دەکا، ئاو و ئاگر بێ ئامانن، هەر ئەوەندەی خۆت بۆ شل کردن، زەفەرت پێ دەبەن، نوقم دەبیت و سەرئاو دەکەویت، دەستت ناگاتە هیچ شوێن و شتێک، هەرچییەکی پەنای بۆ دەبەیت، لەژێر چنگتا ڕادەکا، خودا بزرم نەکەی... نەمخنکێنی... جارێکی دیکە بەڕەنگ و ڕووخساری هەمینم شاد کەیتەوە، شەپۆڵ لە دوای شەپۆڵ شەپازللە لە لا ڕوومەتەکانت دەدا، ژێرئاو کەوتیت، دەخنکێی... لە گوناهی ڕاوکردن و سەربڕینی هەزاران ڕیشۆڵەدا دەخنکێی، ئەو ڕیشۆڵانەی دەبوونە مەزەی ئارەق خۆرەکان، زۆر شت لەگەڵتا نوقم دەبوون، هەموو دونیا ڕەنگی قوڕی پۆشی، هەمان زریکە هاتەوە بەرگوێت، سەرت لەژێر قوڕاوەکە دەرهانی و بەڕاست و چەپدا ڕوانیت، کۆمەڵێ تارمایی، خێو بوون یان خەڵک؟... خودا دەزانێ... بەسەدەها دەست بەچراوە، لە سەد لاوە بەسەر ئاوەکەوە دەهاتن، دەگرژینەوە یان دەگریان، نوقم دەبوون، چراکانیان هەڵدەبڕی تا لە ئاودا نەکوژێنەوە، دیسانەوە سەرئاو دەکەوتنەوە، کەوتیتە باسکەمەلە، ڕووە و خێوە چرا بەدەستەکان، پشتەمەلە... بۆقەمەلە... شووشەی چراکان گەرم لەناو ئەو قوڕاوە ساردەدا درزیان دەبرد و دەشکان، گڕەکان لەناو ئاودا دەمردن، چراکانیش یەکە یەکە سەرئاو دەکەوتن، چەندین عەبای ڕەش و بەرانپیلی بۆر و سەرپۆش و چارۆگەی زەرد و سوورت بینی بەسەر ئاوەوە، چاوتروکانێک ژێر ئاو دەکەوتن، هاوارت لێ دەکردن فریام

کەون، هاواریان دەکرد، فریامان کەوە... هاوارەکان تێکەڵ دەبوون و دەنێو ئەو لافاوەدا دەخنکان، فریام کەون... فریای هەمین کەون... کچێ هەمین... هۆ هەمین... ئەتوو لە کێندەری؟ لە سەربانەکانەوە هاوار، لە قەڵا و قوللەکانەوە هاوار... هاوار... ئەگەر خەیاڵت خەراپ نەبێ، لە سەربانی ماڵەکانەوە، دوکانەکانەوە، ئوتێلەکانەوە، قوتابخانەکانەوە، لە خەستەخانە و سەر منارەی مزگەوتەکانەوە گوریسیان بۆ هەڵدەدای، دەنگیان دەدای... نەتدەزانی ڕوو لە کێ و لە کوێ بکەی، سەری هیچ کام لە گوریسەکان نەدەگەیشتە دەستت، یان دەگەیشتن و عەمبارەسۆت بوون و دەپچڕان، هۆ هۆ هەمین... کوانێ؟ نە دەنگ و نە سەنگ... تارماییەکانی هەردوو بەری جادە و کۆڵانەکان، سەربانەکان وان لە کوێ؟ دەنێو ئەو لافاوەدا نە گوێ ما... نە چاو... نە زمان و نە دەست و نە قاچ... لە ئاوەوە بۆ ئاو... ئەوە کێیە لەو گێژەنەدا دەخولێتەوە؟ لە ناکاو دوو چاوی پڕ لە بریسکە و ترسی هەمینێ لە بەرچاوانت وەدەرکەوتن، ئەو چاوانەی بۆ یەکەمجار تۆیان شەیدا کرد... ئەو چاوانەی لەو بوونەوەرەدا قەت پیر نابن و نەبوون، ئەوە هاتی هەمین؟ گوێت لە ناڵە و هاوار و گریانم بوو... لەناو ئاوەکە ڕاست بوویتەوە ڕووە و ئەو دوو ئەستێرەی چاوە بەتاو و تاسەوە غارت دا کە دەنێو قوڕاوی لافاوەکەدا دەبریسکانەوە، دەما و دەم کەوتیت، هەردوو پێت تێک ئاڵان، دوو ئەستێرەی چاوەکانی هەمین دەقاو دەق لەسەر ڕووی پڕ لە گێژەڵووکەی ئاوەکە دەدرەوشانەوە و ون دەبوون، خۆت خستبووە سەر باڵی لافاوەکە تا بتخاتە دوای ئەو چاوانە، تیژتر لە تۆ کەلا شووشەی ئەو چاوانە بەتینی تەوژمەکە لێت دوور دەکەوتنەوە، قۆڵ و باسکت بەر دار و بەرد و ڕۆخی شۆستەکان دەکەوت، دەمێک جەمەدانی و کڵاوەکەت سەرئاو کەوتن، پاشان وەک پارچەیەک لە تۆ نوقم بوون، تاکێک لە پێڵاوەکانیشت ئاو بردی، لەژێر ئاویشدا ئەو کەلا شووشەی چاوانە دەبریسکانەوە، هەمین... هۆ هەمین ژنی چاک بەو بەتەنیا جێم مەهێڵە، مانای چی بەتەنها چاوەکانی دەبینم؟ بەهەر چوار دەورتا چاوی ڕەش و بریسکەدار زۆر بوون، دەنێو ئەو هەموو چاوانەدا چاوانی هەمین بزر بوون، چنگت لێ گیر دەکردن، لە بری دوو چاو چنگێک قژ و قاڵ بەدەستتەوە دەهات، بەسەر لافاوەکەوە درەختی زەبەللاحت بینی... بەهێلانەوە... بەپۆلێک ڕیشۆڵەوە سەرئاو کەوتبوون... درەختێک... دوو... دە... هێلانەیەک... دوو... دە... پۆلە ڕەشۆڵەیەک... دوو... دە... لافاوەکە گاشە بەردی گەورۆنەی ڕادەماڵی، بەرگۆزینگت دەکەوت و دەیتاساندی، بەبەرچاوتەوە تەویلە و گەوەڕەکانت دەبینی یان ئەوەتا چاوت ڕەشکە و پێشکەی دەکرد، تەویلە و گەوەڕی پڕ لە بزن و مەڕ بەسەر شەپۆلی لافاوەکە



سەمایان دەکرد، هاوارەکانت «با»... باران... شەپۆڵ دەیبردن، چ دەنگێک نەیدەتوانی بەسەر ناڵەی ئەو لافاوەدا زاڵ بێ، نە ڕەشەبا و نە لافاو و... نە ئاگر ئاراستەیەکیان نییە هەر هەموویان شتەکان تێکەڵ دەکەن، ئەم «با»یە توندە لە کام لاوە دێ؟ سەرت «با» دەیبا و... قاچەکانیشت ئاو، کە سەرئاو دەکەوتیتەوە گوێت لە زریکە و قریشکەی بێ ئامانی ژنێک دەبوو، لە گەڕەکە دوورەکانەوە، چەندین قریشکە و هاوار و زریکە، لە خانووە قوڕەکانەوە، لە کەلاوەی دروستکراو بەتەنەکە و چینکۆ، هاوار بۆ فریاد ڕەسێک، ئاخۆ ئەمشەویش چەند ماڵی دیکە دەڕمێ؟ وای لە قیژەی ئەو ژنانە، نەفرەتی پیاوە تووڕەکان، زریکەی مناڵە هەترەش چووەکان، دوا میاواندنی پشیلە سەرئاو کەوتووەکان و وەڕینی سەگە خنکاوەکان، نەتدەزانی ئەو لاشەیەی سەرئاو کەوتووە هی مناڵە یان پشیلەیەکی گوربە، ئەمەیان تابووتە یان بێشکە، دەست بەهەر شتێکەوە دەگری لە ڕەگەوە دەردێ، هەڵدەتەکێ، دادەڕمێ، نەمامی ساوای سەر شۆستەکان، کورسی شەق و شڕو جێماوی بەردەمی چایخانەکان، بەئەستوورایی جادە و کۆڵانەکان بەپێچ و لوول وەک دەعبایەکی دەم کراوە هەموو شتێکی هەڵدەلووشێ، مل دەنێ، چی بکەوێتە بەردەم، ڕایدەماڵێ، لە بەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەر ئاسۆیە و دادەگیرسێ، لچک و دامێنی ڕەشی هەورەکانە و دەسووتێ، دادەدڕێ، شەپۆڵەکان دەبنە قوچەکی چکۆلە و زوو دادەڕمێن، تاوێک ڕەش و تاوێک سپی و تاوێکی دیکە زەرد هەڵدەگەڕێن، لا لێوی شەپۆڵەکان کەف دەکەن، کەفێکی سپی یان زەردباو، خۆت گەیاندەوە شیش بەندی قەراغ شۆستەیەک و خۆت پێ گرتەوە، شەپۆڵێک هەردوو ئەژنۆی پێ نووشتاندیتەوە، پشتاوپشت تۆی خستەوە، هەستایتەوە، شەپۆڵێکی بەتین و تاوتر بەری دایتەوە، تا هەردوو بن هەنگڵت ئاو هاتەوە، تفت و تاڵی قوڕاوێک زایە سەر زارت، ئاو لە هەردوو کونی گوێتەوە دەڕژا، ڕەشەبا چاوەکانی پێ دەنووقاندی، بەردەوام چەخماخەی بروسک دار و دیواری ئەو ناوەی دەخستە ژێر تەباری گڕێکی زەرد، زۆر نزیک... ڕێک و ڕاست بەبەردەمتدا ڕیشۆڵەیەکی مردوو، ئەوە دووان... سێ... چوار... تۆ بڵێی لافاوی لەعنەتی گەیشتبێتە ماڵەکەت؟ تۆڕەکەی زیواڵ زیواڵ لەت و پەت کردبێ و گشت ڕەشۆڵەکانی خنکاندبێ...؟ تۆزێکی دیکە کەرەکە و مانگاکەت و مریشکەکان و جووجەڵەکانیش بەسەر ئاوەوە دەبینی... کێ دەزانێ؟ ڕەنگە ئەوانە ڕەشۆڵەکانی سەر درەختەکانی باخی شار بن کە لەگەڵ لێزمەی باران و تەوژمی تەرزە وەک گەڵا لە درەختەکانەوە هەڵوەری بن، لە سەربان و ژێر گوێسوانە و دارتەلەکانەوە، لەوە دەچێ هەر شەپۆڵێک و مەرگی

ڕیشۆڵەیەکی پێ پەیوەست بێ، نا... بڵێ هەر دڵۆپە بارانێک، لە قەهر و خەفەتی شەوێکی وا شووم و لەژێر باراندا تکەی فرمێسکەکانت و ئارەقەی لەشت نەدەبینران، ڕەشۆڵەکانم دەمرن و «هەمین»یش ونە...! چ خۆشە وەکو ئادەم و حەوا بەیەکدی شاد و شوکر بینەوە، خودایە ئەم بارانە هێور بکەوە دەنا ئەمشەو مانگ و ئەستێرەکانیشت دادەڕژێن، هۆ فریشتەکانی ئاسمان بمخەنە سەر شەپۆلێک و فڕێم دەنە بەردەمی هەمینێ، وەک ئەو کەچەجلەی وا بەسەر ئاوەوە، هەر وەک ئەوەی کە لە خەونەکان ڕوو دەدا، تۆ بڵێیی ئەو پەڕۆ ڕەشەی ئاو بردی بەرانپیلی هەمین نەبووبێ؟ تۆ بڵێیی ئەو پارچە قوماشە پف دراوەش چارۆگەی ئەو نەبێ؟ خودایە ئەگەر ئەو بەڕۆح ماوە با لە گێژەنی ئەو تۆفانەی تۆدا بکەوینەوە ناو باوەشی یەکدی، ئەگەریش قەدەرمان خنکانە دەبا بەیەکەوە بخنکێین، کت و پڕ بەخەیاڵت دادێ خۆت بخەیتە ناو باوەشی ئەم لافاوە و بتبات، لە گێژولوولی خۆیدا ڕووە و کارێزەکانی ژێر ئەم شارە بتبات، بتخاتە سەر شەپۆڵە نەرم و هێمن و گەرمەکانی، ئەو کارێزانەی هەنووکە هەڵمێکی تەنکی لێ هەڵدەستێ، زستان گەرم و هاوینان سارد... لەوێندەرێ، لە بن بناغەی خانووەکانی شار خۆتان لە چاوانی پیاوە داخدار و سمێڵ بابڕەکان دەشارنەوە، لە هەڕەشەی شێخ... لە سوعبەتە قورسەکانی سلێوە... لە برا دوژمنکارەکانی هەمینێ... لە لاف و گەزافی چەلەبی و ئاغا و ئەفەندی و بەگلەران، تۆ لەو سەری شار و هەمین لەم سەری شار، دەبێ ئەم شارە چەند کۆنە کارێزی تێدا بێ؟ تۆ بڵێیی کارێزەکانیش نەڕمابن؟ ناچار لەوێدا... دەنێو زێرابەکاندا یەکدی لە باوەش دەگرن، لەوێ دەیدۆزیتەوە، دەبوو هەر زوو وەک دوو ماسی خۆتان دەنێو کارێزەکان خستبا، بۆ نەکرا مرۆ وەک مەل بفڕێ و وەک ماسی لە ئاودا مەلە بکات؟ ئەوسا بەئاسانی نانی پەیدا دەکرد و ئاسانتر خۆی لە چاوی دوژمنان دەشاردەوە، لەوێ دەنێو زێرابەکاندا چ ماڵێکی ناشیرینتان دەبێ... قوڕگتان پڕ دەبێ لە قوڕاو... لە لیتە... لە پاشەڕۆک... چ قەدەرێکی شوومی دوو عاشقە، واز لە پێشبینی ناشیرین بێنە و خۆت دەخیلی ئەم بارانە بکە، لەگەڵ هاتنی بەهاری ئەمساڵدا کە کارێزەکان دەتەقنەوە تۆش لە باوەشی هەمیندا زیندوو دەبیتەوە، لە گێژەنێکی زۆر شین و ڕووندا قژی درێژ و ماش و برنجی سەرئاو دەکەوێ، ساڵانێک لەوێ، لە قووڵایی کارێزەکاندا چاوشارکێ دەکەن، خۆتان لە خەڵکی بێ مروەتی... زاڵمی... بێ دین و دڵی شار دەشارنەوە، ئیدی بەس دەبێ ڕیشۆڵە کوشتن، لە بەردەرگا کەوتن و پاڕانەوە لە خودانی ماڵە خواپێداوەکان، تەکان دە و بگەڕێ بەر لەوەی بەیانی بدا، کێ ناڵێ کارێزێک ناتداتە دەست کارێزێکی دیکە و تا دەگەی بەیەکێک لە بیرەکان، لەوێ ماڵێک دابنێین، بیرێکی تەنکە ئاو تیا مەییو، دوور لە ئاوەدانی... کاروانێکی ماندوو دێ و لە تەکیا پشوو دەدا، ڕێبوارێکی نەناس دەولکێک شۆڕ دەکاتەوە، هەردووکتان لەگەڵ ئاوی فێنک بەرەو ڕووناکی ئاسمان هەڵدەکێشێ، وەک دوو پەری یان جنۆکە، شاگەشکە دەبن، جلتان لەبەر دەکەن و بەرەو شارێکی غەریب دەتانبەن، ئیدی نایەنەوە ئێرە، نا... هەر لەوێ بن... دەنێو کارێزەکان، ئەو فەسڵەی ئاویش دەنیشێ... ئێوە لەوێ، لەو خوارە و لەسەر لمە نەرمەکەی چەند مانگێک دەخەون، دەمێکە نەنووستوون، گەرەکە بێ ترس و لەرز شەوانێک کە لە تەمەن ماوە تێر بسرەون، وەک دوو گوڵە ئەتلەس سەرئاو دەکەونەوە و نوقم دەبن، با لە سەرەوە گەواڵە و بروسک و هەورەتریشقە بێ، ئێوە لەوێندەرێ مت دەبن و دەنوون، هات و هاوار و زرم و کوتی شار لە خەو وەئاگاتان ناهێنێ، گرم و هوڕی پێچکە و تایەی عەرەبانە و قەمەرەکان، وەئاگا نایەن تا کارێزەکان دەتەقنەوە و جارێکی دیکە سەرئاو دەکەونەوە، لە سەد کون و کەلەبەرە ئاو دەڕژێ و دەتەقێ، تێکەڵ دەبێ، ڕوونتر لە چاوی قرژاڵ، بەپێچ و لوول پڕشنگی ڕەنگاوڕەنگی خۆرێک لە خۆ لوول دەدەن، ساڵانێک تەڕ و جوان و جحێڵ و چەلەنگ دەبنەوە، تێک دەئاڵێن و منالی زەرد و سوور دەنێنەوە، کۆرپەلەی ئاوی... نەوەیەک... نەوەیەکی تازە لەو قووڵایییە و لەژێر نسرمی کارێزەکان دەخەنەوە، نیوە منال و نیوە ماسی، جگە لە گەمەکردن بەئاو هیچی دیکە نازانن، بۆ هەر شوێنێک بچن ئاو دەستتان دەگرێ و دەتانبا، وردە شەپۆڵ خەمی چەند ساڵەتان لێ دادشۆرێ و لە وردە گوناهەکان پاک دەبنەوە، ئیدی لە ژێرەوە بۆ هەر کونجێکی شار بتانەوێ دەچن، بەباسکەمەلە دەگەن و گوێ بۆ ڕیا و درۆی هەندێ لە ماڵەکان دەگرن، قریوەی خۆشی منالانی خواپێداوەکان، گریە و ناڵینی منالە برسی و چڵمنەکان، کەسیش پێ نازانێ کە ئێوە گوێ بۆ ڕاز و نیاز و نهێنی و قریوە و گریەی شارێک دەگرن، زوو زوو بن ئاو و بن ئاو سەر لە ماڵی شێخ و سلێوە و چەلەبی و خەڵکی گەڕەک دەدەن، لە ژێرەوە ئاو قسەکانیان دەهێنێ و ئێوە وەک منال بەدزییەوە دەتریقێنەوە، پێکەنینێکی خنکاو لە قورگتانا دەتاسێ، ئیدی چی بکەن؟ ئاخر نەدەکرا چیدیکە لە شارێکی وا بێ بەزەییدا بژین... ئیدی تا کەی ترس و دڵەڕاوکێ؟ چەندەها جار بۆ هەور و باو و باران حەیرانت چڕیوە... بەڵام ئەوەی ئەمشەو باران نییە... غەزەبی خودایە...!

لەژێر چەتری دوکانەکە خۆت مەڵاس دا، لە تاوی لافاو چوویتە سەر سەکۆکان، لافاوەکە دەتوت ئەژدیهایەکە و زمانیت بۆ درێژ دەکا، کت و پڕ لاشەیەک بەسەر ئاوەوە دەرکەوت،

چاوانت هەڵگلۆفی، تاوێک بزر و تاوێک سەرئاو کەوتەوە، چەخماخەی بروسکێک دونیای بەردیدەتی ڕۆشن کردەوە، لە عەبایەکی پف دراو دەچوو، یان هەر شتێک کە خۆی لە عەبایەکەوە لوول دابێ، ئاو هێنای، نزیک کەوتەوە، خۆت هەڵدایە ناو گێژەنەکە بیگریتەوە، بەدەمدا کەوتی و ددانەکانی پێشەوەت بەر بەردێک کەوت، دەمت پڕ بوو لە شلەیەکی گەرم و سوێر، شەپۆڵێکی ناقۆڵا عەبا پف دراوەکەی دوور خستەوە، شەپۆڵێکی شێت ڕایتەکاندی و پشتا و پشت ڕەتت برد و خۆت بەقەپەنگی دوکانێک گرتەوە و هەردوو دەستت لە هەڵقەکانی ژێرەوە گیر کرد، زەخمێکی توندی ئاو وای کرد توندتر دەست بەقوڵفەکانەوە بگریت، نەڕۆی قاچەکانت سڕ دەبن و دەیانبەستێ، کوێرانە ملت نا، سەر لێ شێواو، ڕووەو کام لا خودایە، ڕووەو کام لا ؟ ئێرە کوێیە ؟ سەعات چەندە ؟ سی ساڵە لەم شارەیت و کون و قوژبن نەماوە ڕەنجی تیا نەدەیت، لە شەوێکی وا تۆف و باراندا هەر هەموو جادە و کۆڵانەکان لە یەک دەچن، هەموو دوکانەکان، خانووە خۆشەکان، کەلاوە شان شکاوەکان، هەر هەمووی بووە بەیەک، نایانەوێ بیانناسیتەوە، ئێرە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوای قەڵاتە ؟ چاکتر وایە بەسەر قەڵادا هەڵبگەڕێی، لەوێ لافاوی «نوح»یش هەڵسێ تۆ ناگرێتەوە، بەڵام نا... شەرمە... تۆ بەدوای هەمینێدا دەگەڕێی، گوێ هەڵدەخەیت جگە لە خوڕەم و تافەتافی ئاو هیچ دەنگێک نابیستی، بۆ دەبێ تۆ تاکە پیاوێک بی لە شارێکی نوستوو و کڕکەوتوودا ؟ لە شەوێکی وا ناخۆش و تۆفاندا ژنەکەت بزر بکەیت؟ لە هەر چوار لاوە تاریکی گەمارۆی دەدای، دڵی هیلاک و پڕ لە ترست بەتاو لێ دەدا، ترسی ئەوەی لە شەوێکی وا تووشدا زەفەریان بەهەمین بردبێ، لە لا کۆڵانێکی چەپەک، لە نێو کەلاوە کۆنێکدا، گۆڕستانێکدا یان ژێر پردێک، بێ نرکە و ناڵە، بێ هاوار و زریکە دەستیان لە هەوکی نابێ، بێ خشپە، بێ هەست و خوست و کەس نەیزانیبێ. پارچە کارتۆنێک لەو ناوەدا نەماوە گڕی تێ بەر بدەیت و خۆت گەرم کەیتەوە، لە خەیاڵی ئەوەدای لە هەموو دەرگاکان بدەی، ئەوەی نەیکردەوە، بیشکێنی، تۆ بڵێی یەکێکیانت بیر چووبێتەوە؟ خەریکە ئاسمان ڕوون بێتەوە، هێدی هێدی بەژێر چەتری دوکانەکاندا لەترت دەدا، ڕۆماتیزمەکە لێت دەداتەوە، قوڕاوێک لە دەم و هەردوو کونی گوێتەوە دەڕژا، سەرمای ئەمشەو گەیشتە ناو مۆخ و ئێسقانەکانت، دەبوو لە ڕەشۆڵەکانەوە فێر بیت سەرمات نەبێ، دەستێکت بەقژ و قاڵتدا هێنا کە بەملتەوە نووسابوون، کۆڵێ پێی قەڵس بووی، لە قەراغ قەپەنگ و دەرگای دوکانە داخراوەکانەوە چەندین مەلی مردارەوەبووت بینی، چەندین مشک و جرجی تۆپیو، لە نێو مەلەکاندا کە



باش نەدەناسرانەوە، چەندین ڕەشۆڵەت بینی، لە قەهری بزربوونی هەمین و خنکانی ڕەشۆڵەکان چاوانت پڕ بوون لە گریان، هەموو بەیانییەک لەم وەختەدا لە باوەشی گەرمی هەمینێ دەهاتیتە دەر، وای لەو باوەشە، دەبێ بەهەشت هەر باوەشی گەرم و پڕسۆزی ژنێکی وەک هەمین بێ، هەمین ئەگەر لەوێ بەهەشتی بووم حەفتا حۆرییەکە بەتوو ناگۆڕمەوە، دوێنێ شەو وەک بڵێی بۆنی کۆستێکی گەورەی کردبێ، پێشبینی نەهامەتی و مەرگەساتێک تا نیوەشەو کەلەکەی دەگۆڕی، چەند جارێک هەستا و گڕی لامپاکەی زیاد کرد... «بایز خەوم نایە... دەترسێم و حەز دەکەم ژوورەکە ڕووناکتر بی!» ، بەیانیان مەلابانگدان وەک مریشکی دانکەگرتوو دەکەوتە قرتەقرت، قاپ و تەشت و مەنجەڵ و مەسینە و پەقەرەجی بەیەک دادەدا، وەئاگای دەهێنای، دەتووت لەو دونیایە جگە لە هەردووکتان کەسی دیکەی تێدا نییە، هەردووکتان و بەس، تەنیا و بێ کەس، ئاوی بۆ گەرم دەکردی، زۆپاکەی جۆش دەدا، چای دێم دەکرد، هێلکەی دەکوڵاند، سپی دەکرد، شاژنانە بەڕێی دەکردی، دەتووت بۆ تاوێک ئاسمان لە گریان ژێر بۆتەوە، گەرمی لەشت هەڵاوی لە جلە تەڕەکانت هەڵدەستاند، لەو گەڕان و سووڕانەدا گەیشتیتە نزیک شوورەی گۆڕستانی (شێخی چۆلی) ، لە گۆڕەکانت ڕوانی، گۆڕی پەڕپووت و هی خاوێن، چەتردار و بێ چەتر، چ بێ باکانە نوستوون، بێ خەم و بێ ئاگا لە لافاوی ئەمشەو، بایز... کوڕە بایز... ئەمنت بمرم ئەگەر کرا قەت لە هەولێرێ مەمنێژە، ئۆباڵی منت بەئەستۆ، لێرە گەلەکی ماندی و شەقی بووم، گەلەک ترسام، پیرە هەولێر پیری کردم، وەسیەتم وەرگرە و ببەوە گوندەکەی خۆمان، با پاش مردنم لەوێ بحەسێمەوە، ئەوە ئەگەر گۆڕمان بەقیسمەت بێ، کێ دەزانێ؟ داتە پڕمەی گریان... عەیب نەبوو... ژمارەیەک لە خەڵکی شپڕزە و هیلاکی دەست لافاوەکە بەتەکتا ڕەت دەبوون و دەگریان، لەوە دەچوو هەموو کەس لەو ڕۆژەدا بگری، دەنا ئەمن حەزم لێ نییە بچمەوە ئەو گوندەی دەریان کردم، هەمین پێم خۆشە گۆڕەکەشم هەروەکو خۆم غەریب و بێ کەس بی، حەزم لێیە گۆڕەکەم لە نزیک جادەیەکی قەڵەبالغ بی، گوێم لە هات و هاوار و قیژەی خەڵکی بی، ترسی مەرگ و خەمی هەمی دانەچۆقەیان پێ خستیت، چەناگەی خۆت پێ ڕاگیر نەدەکرا، گەیشتیتە سەر پردەکە و لە هاژە و لرفەی ئاوەکەی ژێرەوە ترسای، هەموو شتێکی ڕادەماڵی، دەروێش کە مردم ببەوە دەشتێ و هەموو بەهاران وەرە سەر قەبرەکەم و چەپکەکی نێرگز لە سەرینم دانێ، هەقت نەبێ بۆنیان دەکەم، قوڵپت دەدا، لە ناخەوە دەکوڵای، سێ ریز فرمێسکت دەباراند، تەواو خەریکە بەیانی دەدا و نەتدۆزییەوە، ئەو نەیزانی ئەمشەو بارانی هەموو

ئاسمانان بەسەرتا باری، لە دەرگای سەدەها ماڵت دا، لە تەنها شەوێکی بزربوونی ئەودا تۆ بایی دە ساڵ پیر بوویت، پیرتر لە شاری هەولێرێ، پێ هەڵگرە زەردەی بەیانی دا و چەندین ماڵ ماوە لە دەرگاکانیان بدەی، بەرەبەرە بەرچاوت ڕووناک دەبۆوە، لەنێو قوڕ و لیتاوی جادەکان سەدەها سۆل و کۆنە پێڵاوی کۆنت بینی، چەند پارچە قوماشی رەش و بۆر کە دەکرێ عەبا و بەرانپیلی ژنان بووبن، لە کێ بەجێماون؟ لە کوێوە لافاو هێناونی؟ ئەمشەو لە هەموو شوێنێکدا رەشۆڵەی مردووت بینی، بێ ناز لە قوڕدا چەقیو، یان دەنووک شکاو و مل قرتاو بەسەر شەپۆلی ئاوەوە سەمایان دەکرد، بڕوا ناکەی ئەمشەو هیچ رەشۆڵەیەک بەسەر دارتەل و درەختەکانەوە مابێت بوو، دەنووشتایتەوە و بەسەری پەنجەکانت هەڵگێڕ و وەرگێڕت دەکردن، وەک ئەوەی بیانناسیتەوە، دەستت لەو پەڕۆ و قوماشانە دەدا تا بزانیت کامیان بەقوڵف و گرێ دراوە تاوەکو سەحیان بکەیتەوە، کێ نالێ یەکێک لەو بەرانپیلانە هی هەمینێ نییە؟ تەپڵی سەرت تەزی، کڵاو و جەمەدانییەکەشت ئاو بردی، ئەگەر ئەو لافاوە لەعنەتییە نەبووایە، کەوتنە خوارەوەی کڵاو و جەمەدانی کەوتنی شەرەفە، سەیرە... جەمەدانی و شەرەف چی دەیانبەستێ بەیەکەوە؟ وەک شێت پژدێنەکەت سەح کردەوە، نەتزانی لەکەیەوە شل بۆتەوە و لەبەر پێت دەخشا، سەرکۆت و پێ خاوس ملت دەنا، لەترت دەدا، وەک کەسێک تەرمی ئازیزێکی بەسەر شانەوە بی، کورتەک و شەڕواڵی تەڕ و نووساو و بەلەشتدا ئەوەندەی دیکە لەڕ و لاوازی کردبووی، گەر هەمین ئاواهی بتبینێ ناتناسێتەوە، لە درەختەکانی هەردوو بەری جادەکە رامای، ئەوانیش دەگریان، هەموو شتێک ئاوی لێ دەتکا، ئەمشەو ناو دڵی بەردیش تەڕ ببوو، کەسێک ئاواهی سەرکۆت و پێ خواس بتبینێ وا زەن دەکا تێکچووی، لێرە و لەوێ، بەم بەیانییە زووە، نانەوا و قەساب و عەتار و توونچی حەمام و لۆقتنەچی و عەمەل مەندە و پیاوی ڕووتەڵە وەک تارمایی و بێ خشپە رێ دەکەن، گرمۆڵە و شکاوە و سەرمابردەڵە، کەس سەیرت ناکا وەک ئەوەی نەبیت یان نەتبینن، لە ئاخرزەمان دەچێ کە هەرکەسە و خەمی خۆیەتی، لێرەوە ماڵی خدری پاشا نزیکە و چش لەوەی ئاواهی دەمبینن، دەبا چەلەبی و ئاغا و کوێخا و بەگلەر و ئەفەندی و پیاوماقوولەکانی شار با بەم حاڵەوە ببینن، با بزانن کە من ڕووت و ڕەجاڵی دەستی هەموویانم، پیاوە تفەنگ بەدەستەکانیان لێم دەخوڕنەوە، دەرم دەکەن، لە دووەوە، لە پاش کپ بوونەوەی باو و بۆرانەکە فیشکەفیشکی غەمهێنی شەمەندەفەرەکە و زریکەی بێ ئامانی کە دەتووت قیژە و زریکەی سەدان ژنی کۆست کەوتووە بەیەکەوە هەر هەموو ئاسمانی هەولێری پڕ کرد لە



هاوار، لە هەموو شوێنێکدا دەنگی دایەوە، دەتووت لەتاو کۆستی ئەو لافاوە و یان لە تاو سەفەرێکی دوور دەزریکێنێ، لەتاو لێک دابڕان و ماڵئاوایی، هەموو جارێک کە گوێت لەو زریکەیە دەبێت، دەترسیت، خەمێک بەرچاوانت تاریک دەکا و مردنت بیر دێتەوە، زریکەی ئەو قیتارە کە هەر دەڵێی مارێکی زەبەللاحە، بەو دەنگە ناقۆڵایەی کە هێڵی ئاسنەکان دەکوتێ، چک... چک... چک ئەو ڕۆژەت بیر دەخاتەوە کە هەمین ڕەدووت کەوت، ئەو ڕۆژەی لە چەندین قۆناغدا ویستتان لابدەن و هەناسەیەک هەڵکێشن، نەتاندەوێرا... تا ئەو وەختەی گەیشتنە یەکێک لە پردەکانی ژێر سکەکە، لە ترسی تانجی و سەگ و پیاوەکانی باپیر ئاغا لەناو بۆڕییەکی پڕ لە مار و مێروو چووبوونە ناو باوەشی یەکدی، دەترسان وەکو (حەسەن و مریەم) بتانکوژن، ئۆوە... چ زەمانێکی دوور و دێرینە، گوێت بۆ دوا زریکەی قیتارەکە هەڵخست، چەندین جار تۆ و هەمین خەونتان بەوەوە دەدی سواری شەمەندەفەر بن و تا ئەبەد دانەبەزن، بڕوات... بڕوات... دوور... دوور... دەشت و دەر و... کێو و دەربەند ببڕێ و لە مەملەکەتێکدا داتانبگرێ و کەس بەو چیرۆکەتان نەزانێ، چ قەیدییە... با بەقەرەجی بژین... وەلێ بێ ترس... نەک ئەم ژیانە کە هەر کتومت لەو گرانەتایە دەچێ کە قەت چابوونەوەی لە دوا نەبێ، دەتویست لەو رێبوار و عەمەل مەندە تیژڕەوانە بپرسیت: ئەرێ ئەنگۆ ژنێکی کەڵەگەت و قژ ماش و برنجیتان نەدیتییە؟ سەرتاپای جلی ڕەشە، بەرانپیل ڕەش و کراس ڕەش و کەوا ڕەش و بەخت ڕەش؟ دەستێکت بۆ سەعاتە عەرەبییەکەی بەرباخەڵت برد... ئۆو... ئەویش ئاوی لێ دەتکا، بەدەم رێوە پەلەت کرد تا بگەیتە بەردەرگای یەکێ لەو کۆشکانەی هێشتا گڵۆپی بەردەرگاکەی نەکوژابۆوە، قەپاغی سەعاتەکەت کردەوە، نووساندت بەگوێتەوە، دەمێک بوو نوستبوو، عومرێکە ئەم سەعاتەی تۆ نە پاش کەوتووە و نە پێش کەوتووە، قەتیش نەوەستاوە، هەمین بەعەزرەتم جارێک لە جاران ئەو سەعاتە بوەستێ، بەسەری بابت دەوەستێ، ڕۆژێک دادێ هەموو شت بوەستێ، ئەمن دەوەستم... ئەتوو دەوەستی، سەعاتەکەت، هەموو دونیا دەوەستێ، سەیرت لی دەهات هەمین ئاواهی قسەی دەکرد، دەی تووڕە مەبە، دەزانم ماندی، تەواو قسان ناکەم... بنوو... بنوو... ئەمنیش گەلەک هیلاک و شەقیم... لەژێر تاقی دەرگاکە و ئەو تۆزە گەرمی و تاوی گڵۆپەکە وای لێ کردی ببۆرژێی، پڕ بەدڵ حەزت دەکرد بگەڕێیتەوە ماڵێ و لەناو جێ و بالینگانی گەرمی خۆت، لەبەردەمی زۆپای جۆش دراو دوو شەو و دوو ڕۆژ بێ کەلەکە وەرگێڕان بنووی، هەمین بەدەستی خۆی لێفەکەت بەسەردا بدا و لە ژوور سەرتەوە دابنیشێ و سۆزێکت بۆ بچڕێ، ئەو ماڵ میراتە

دەنگی لە دەنگی تۆ خۆشترە، هەموو خەڵکی بەعەزرەتن جارێک، هەر تەنها جارێک گوێیان لە دەنگی بێ، نایلێ، تەنها و تەنها وەختێک خەم دایدەگرێ، بەدڵێکی پڕ لە سۆز و گەرمەوە بەندیکت بۆ دەچڕێ، بەندێک کە دڵشکان و غوربەت و قەهری هەموو ژنانی دەشتی قەراج و کەندێناوەی تیا بێ...

بەدەم ڕێوە سەرت هەڵبڕی و ڕووەو قیبلە روانیت کە هێدی هێدی ڕوون دەبۆوە، لرفەلرفی ئاو دوور و نزیک دەهاتە بەر گوێت و لافاوی ئەمشەوت بیر دەهاتەوە، پیاوێک... بوون بەدوو... بەسێ و چوار... نا... تا دەهات ژمارەیان زیادی دەکرد و بەتەنگەتاوی غاریان دەدا، بۆ کوێ؟ نازانی... بێ شک کارەساتێکی دوای لافاوەکەیە وا شێتی کردوون، کتوپڕ هاوار و زریکەیەکی دوور هاتەوە بەر گوێت، وەک ئەو زریکەیەی جاروبار نیوە شەوان دەهاتە بەر گوێت و خەوی لێ دەزڕاندی، ژنێک وەک ئەوەی لە نێو دڵی تاریکییەوە بێ، لە کونی ئەشکەوتێکەوە، لە درزی دیوارێکی رووخاوەوە بێتە دەرێ، قژی خۆی دەرنییەوە بەهەشتاوی غاری دەدا و تەشک و تیریژی کەواکەی، دامێنی کراسەکەی لەو قوڕاوە دەخشان، دەگریا و لە هەردوولا ڕوومەتی خۆی دەدا و باوکە رۆڕۆی بوو، بەدەم غارەوە سەمایەکی شێتانەی دەکرد، هەر دەتووت دەیەوێ ئەم زەوییە لەعنەتییە بەجێ بێلێ و ڕووەو ئاسمان بفڕێ، کۆمەڵێک ژنی لە قوڕاو هەڵکێشراو کەوتبوونە دوای، تێک دەقژقژان و ساتمەیەیان لە بەرد و دار و لە یەکدی دەکرد، ترس کەڕ و لاڵی کردبوون، بەئیشارەت یەکدیان دەدواند، ترس و سامێکی زۆرت لێ نیشت، لەتاو ئەو دیمەنە ترسناکە هەردوو ئەژنۆت دەلەرزین، ویستت دوایان بکەویت، وەک تارمایی قیژەیان نەما و بزر بوون، گەیشتیتە قەراغ گەڕەکی (گلڵکەند)، ڕووەو لێواری ئەو چاڵاوە چووی کە دەتووت خەرەندە دەمی کردۆتەوە، بەهەزارەها ماڵی هەژار لەنێو ئەو زۆنگاوەدا دەژین، هەرکێ مەترێک زەوی پێ نەکڕدری دەنیو ئەو چاڵەدا کەلاوەیەک قوت دەکاتەوە، دەبێ ئەمشەو چەند ماڵ لەوێ رمابێ؟ چەند کەس خنکابێ؟ زستانان لافاو و قوڕاو و چڵکاویی هەموو شار، بگرە پاشەرۆکی هەموو گەڕەکەکانی دیکەش دەڕژێتەوە ناو گلڵکەند، ساڵ نییە چەند کەسێک لەوێ نەخنکێ، لە برسانا نەمرێ، دەیەها دەرد و دوو... لە سیل و وەرەمەوە بیگرە تا میزی خوێناوی، خانەدانەکان ناویان لێ ناوە گەڕەکی دۆم و قەرەجەکان، گەڕەکی سەگخۆران، گەڕەکی لە برسا مردووەکان، گەڕەکی قەحپە و گەوادەکان و... دزەکان و... قۆڵ بڕەکان... دەستە دەستە پیاوماقووڵان داوایان لە (موتەسەریف) کرد کە ئەم گەڕەکە نەهێڵێ و ئەو چاڵە پڕ بکەنەوە کە بۆتە مۆڵگەی دز و حیز و مێش و



مەگەز... داوایان کرد کە ئەگەر بکرێ ئەو دەعبایانە لە شار دوور بخەنەوە، ئاخر شوورەیییە شارێکی دێرینی وەک هەولێر کە عومری شەش هەزار ساڵە پیسترین گەڕەکی دونیا لەوێ بێ و ناوجەرگەی شاریش جێی بێ، جگە لە میکرۆبات و منالّی هار و هاج چی بەرهەم دێنن؟ لەبەر خۆتەوە دڵت گەرم دەبێ و جنیو بەدار و بەرد دەدەی، هێی پیاوە بەشەرەفەکانی شار گەر ئەنگۆ پیاو بوونایە گەڕەکێکی وا نەدەبوو، گەیشتیتە سەر تەپۆڵکەیەک کە زبڵخانە بوو... روانیت... چ قیامەتێکە خودا؟ دەتووت هەزاران دەم بەیەکەوە هاوار بۆ تۆ دەکەن، دەگرین و دەقیژێنن کە لەو زەلکاوەی تێی کەوتوون قورتاریان بکەی، لەو بەرزاییەوە لە خودایەکی کلۆڵ و بەستەزمان دەچووی، ئەوانیش هەزاران مەردوومی خنکاو و نیوە خنکاو، هەندێ لە سەربانی کەلاوەکان ئاو دایپۆشیبوو، کەلاوەکانی دیکە لەوە دەچوو سەرئاو کەوتبن، بێ شک ئەو سەدەها منالّەی وان بەباوەشی دایک و باوکیانەوە دانەچۆقەیان پێ کەوتبوو، لە سەدەها چۆلەکەی تەڕ دەچوون، دیاربوو کە هەر هەموو بەدیواری ئەو چاڵە دەم کراوەیەدا هەڵدەگەڕان، بەخۆ و بەمندالّەکانیانەوە دەخزان و بەردەبوونەوە، درەنگ وەختێ ماشێنە سوورەکانی ئاگرکوژێنەوە دێن تا ئاوی لافاوەکە دەربدەن، هەر هەموو ناوەڕاستی چاڵاوەکەیان جێ هێشتبوو کە بەسەر ئاوەوە هەزاران وردە تفاقی ماڵەکانت دەدی سووک سەرئاو کەوتبوون، قاپ و قاچاغ مەسینە، هێلەک و بێژنگ، سەدان مریشک و جووجەڵە و کەلەشێری خنکاو، کەچە جل و پەڕۆ و پاتاڵی زۆر، کتێب و پەڕاوی مەکتەب، تەختەدار، گۆچان، تاژی و توولەی ئاوساو، بێشکەی دار، کتلی چا، ساجی دار، تیرۆک، پنە، تەشت و مەنجەڵی بێ شومار، باول... هەندێک لاشەی ئاوساو و وردیلە کە نەدەکرا بزانیت هی منالّە یان پشیلە، کەس تێناگات ئەو خەڵکە چۆن غیرەت دەکەن دەنێو ئەو گۆڕە گەورەیەدا دەژین؟ تۆ بڵێی هەر خۆیان حەز بەمەرگ نەکەن؟ پیاوانی بەسیل و وەرەمەوە دەمرن، ژنانی بێ شەنگ و تاقەتیش بەسەر منالّەوە، منالّەکانیش لەبری میز و گو و خوێن دادەنیشن، هاوینان لەو زەلکاوەی ناوەڕاستی گەڕەکێ هەر هەموو مەلە دەکەن، ئۆو دەروێش چ غایەلەیەک رایگرتووی، درەنگە و هەمینت نەدۆزییەوە، چ شەرمە چاوترکاندن لەو رۆژی قیامەتە، لەو حەشر و نەشرە، لەو عەزازیلە لە قوڕ چەقیوە بەلاتەوە خیانەت بوو، خەمێکی ئاواهی کە جەرگ دەکا بەخوێنا و خەمی خۆت لە لا کەمەکێ سووکتر دەکا، هەموو گەڕەک بەیەکەوە لەناو ئاوی لافاوەکەدا مەلەی دەکرد، بەهەزاران پیاو و ژن و منالّ، پیر و جحێڵ، بەخۆ و بەمانگا و مەڕ و بزن و بێشکەوە، بەخۆ و بەو کەم بزورگەی مابۆوە بەقەراغی چاڵەکەدا

سەردەکەوتن، لە هەموو لایەکەوە، سەردەکەوتن و دەخزین، دەتووت لە دەعبایەک رادەکەن، لە کۆمەڵێ خەڵقەندەی سەیر دەچوون کە مەگەر تەنها مرۆڤ لە خەونێکی زۆر ناخۆش و ناشیریندا بیانبینێ، تۆ بڵێی کارەساتی گەورەی ئەمشەو، ونبوونی هەمین و ئەو تۆفان و باو و بۆرانە، ئەو هەموو هەرا و ماڵ کاولییە، هەر هەمووی خەونێکی ناخۆش نەبێ؟ چش لەوەی منی پسـاند... بەس... لێی وەئاگـا بێم و درۆبێ، کت و پڕ وابێ هەمین لەناو پێخەفێکی گەرم و نەرمدا لە تەک خۆمدا ببینم و لە تاوان باوەشی پێدا بکەم و بەسەریدا بگریم، بڵێم ئۆخەی کە خەون بوو، چەندەها جار هەردووکتان بەدەم خەوەوە ورێنەتان کردووە و... پڕ بەکەلاوەکە لە ترسانا هاوارتان کردووە، خەونی ناخۆشتان دیوە، کتوپڕ تۆ هەمینت بێدار کردۆتەوە، یان ئەو رایتەکاندووی، شەیتانت بەنەفرەت کردووە، ئەوەیان پیشەی سەدەها شەوتان بووە، کەسیشتان لەوی دیکە زویر و دڕدۆنگ نەدەبوو، ئای کە ژیان خۆی دەبێ بەمۆتەکە و خەونێکی ناخۆش و نەبڕاوە، خەونێک کە تیایدا هەزار جاران بکوژرێیت، بمریت، بخنکێیت، بسووتێیت، لە خوێندا بگەوزیت و... کەچی هەموو جارێک بۆ هەمان مەرگ و خوێن و کوشتن زیندووبیتەوە، هەر لەو رۆژەوەی بەجووتە هەڵەتە بوون ژیان بوو بەخەونێکی پڕ لە ترس و بیم و دڵەڕاوکێ، هەر بەپێ مەلە سەدەها باوک لەناو ئاوەکەدا خۆیان راگیر دەکرد و مناڵەکانیان رووەو ئاسمان هەڵدەبڕی، هەڵقا و هەڵق بەچواردەوری چاڵاوەکە حەشاماتێکی زۆر لەو قیامەتە ورد دەبوونەوە، پشتێن و گوریس و پەتیان هەڵدەدا، کەم کەس زاتی دەکرد خۆی غل بکاتەوە و تەسلیمی ئەو قەدەرە بێ کە ئەوانی دیکەی تێ کەوتبوو، پشتێن و گوریس و پەتەکان دەگەیشتن و نەدەگەیشتنە دەستی مناڵ و مەزنی نیوە خنکاو، کتوپڕ کە یەکێک پێی دەخزی و غل دەبۆوە دەکەسی دیکەی لەگەڵ خۆی رادەماڵی و وەک گاشە بەرد بەر یەکدی دەکەوتن، هەو هەموو بەیەکەوە دەڕژانەوە ناو چڵکاوی چاڵاوەکـان، ناو کـەند و لەند و قـۆرتەکـان، دایکە هەرە بەغیرەتەکانیش وەک مێردەکانیان بەهەردوو دەستی شل و شەکەت مناڵەکانیان هەڵبڕی بوو وەک ئەوەی هانا بۆ خودا ببەن کە هەتا زووە مناڵە نەخنکاوەکانیان لێ وەربگرێ، چاوانت پڕ بوون لە گریان، ئەمەیان دوا دیمەن بوو کە ئیدی چیتر لە عۆدەی ئەوەدا نەمای پڕ بەهەردوو چاوانت سەیری بکەی، هیچت پێ نەدەکرا، کافرانە وتت: کە خودا خۆی فەرامۆشی کردبن... ئەمن چیم پێ دەکرێ؟ بەپەلە و بەترسەوە وتت: خودایە لێم خۆش بە و ئەورۆ رۆژێکە و بۆ منی بەندە هەر لە قیـامـەت دەچێ، لەچاوتروکانێکدا ئاپوورەی تێکچڕژاوی خەڵکێکی زۆر بەناو کۆڵانەکاندا بەهەشتاوی غاریان دەدا، هەر هەموویان



بەیەکەوە لە تاکە بوونەوەرێک دەچوون کە سەد سەر و سەد چاو و سەد دەست و سەد قاچ و پێیان هەبێ، هەناسەبڕکێیان پێ کەوتبوو، دەتووت لەتاو دەعبایەک رادەکەن، دەعبایەک لە دەعباکانی ناو ئەفسانەکان، ئەژدیهایەک لە ئەژدیهاکانی ناو خەونە خەراپەکان و پێشبینییە پڕ بەڵاکان، دەعبایەک لە ئاو... بەڵام دەعبا... درۆینەی ئاو لەهی ئاگر کوشندەترە، ئەو لافاوە رۆحی تۆی برد، وا تەڕ بوویت کە تا ئەبەد وشک نەبیتەوە، هەنووکە دەقاودەق دۆزەخت لەلا خۆشە، دۆزەخێکی دایساو، ڕەنگە بەتەنها ئەو ئاگرە بتوانێ سەرمای ناو هەناوت بکوژێ، سەرمای دونیا و، سەرمای بزربوونی هەمینێ، لەسەر دوو پێیان وەستاوی، سەیرە هێشتا دەتوانی لەسەر قاچەکانت خۆت هەڵبگری، بەدوو چاوی پڵنگ ئاسات، وەلێ کوژاوە، دوور روانیت و سەرت بۆ ئاسمان هەڵبڕی، خودا ئەو هەموو عەزابە بۆ؟ خۆ من ئادەم نیم تا لە گوڵەگەنمەکەم خواردبێت و بەر لەعنەتی توو کەوتبم و فڕێت دابمە سەر زەوییەکی وەها خاپوور؟ نە هەمینیش حەوایەکی فریوە دەرە... ئەمن و ئەو جگە لە دوو بنیادەمی کلۆڵ و ڕەنج بەخەسار بێ دەرەتان هیچی دیکە نین...

تەکانت دا و خۆت لە چاڵی پڕ لە قوڕاو ڕزگار کرد، وەک پیاوێک کە هەموو ئێسقان و جومگەکانی لێک ترازابن، هەلاهەلا و داڕزاو بەرێگەدا دەڕۆیشتی، پتر لە داهۆڵ دەچووی، خەڵکی وا پەشۆکاون کە ئاوڕ لە تۆ نادەنەوە، ئاوڕ لە پیاوێکی لە قوڕاو هەڵکێشراو، سەرکۆت و پێ خاوس، کەوتیتە جووڵاندنی پەنجەکانت نەبا بیانبەستێ، هەر دوو لا لێوت کەفی سپیان دەردا کە بۆنی تووتن و ژەقنەبووتی لێ دەهات، دەبێ زۆرت برسی بێ و نەیزانی، دیسانەوە گوێت لە هاوار و زریکەیە، هاوارەکە دەڵێ: ڕماوە... ماڵی وێرانم هەمووی بەسەر یەکدیدا ڕماوە، لە دوورەوە قەڵا سەرسەختانە بەپێوە وەستابوو، منارەی «چۆلی»یش ڕەپ و ڕێک بەئاسماندا هەڵکشابوو، دەڵێن لەوێدا چوار خوا هەبووە و خەڵکی ئەم شارە بەر لە هەزاران ساڵ ئەو چوار خوایەیان پەرستووە، شەنگت نەبوو وەک هەموو جار بزەیەک لێوانت لێکدی بترازێنێ، چ پیسی و پاشەرۆک و پۆخڵی و زبڵ و زاری شار هەبوو سەر جادەکانی داپۆشی بوو، دەبێ لافاوەکەی «نوح» کوو بوو بێ؟ ڕووەو رۆژهەڵات سەرت هەڵبڕی، سوور سوور خوێناوی لێ دەتکا، حەزت دەکرد خۆر زوو دەربکەوێ و دڕ بەهەورەکە بدا و دونیا کزر بکاتەوە، هەڵمێکی گەرم لە خاک بەرز بێتەوە، ڕەوە سەگێک بەناوەڕاستی جادەکەدا کەوتبوونە دوای یەکدی و دەوەڕین و پاشەڵی یەکدیان بۆن دەکرد، دوو گۆلەسەگ، یەکێکی سپی و ئەوی دیکەیان ڕەش،

تاوتاو لمووزیان لێک گیر دەکرد و شەڕیان لەسەر دێڵەسەگێک دەکرد کە لەوەدابوو بەبا هاتبێ، ببوونە قاندڕ و پاش شەڕێکی گەرم سپییەکە بەزی و گۆلەسەگی ڕەش بێ هیچ حەیا و شەرمێک لەگەڵ دێڵەکە جووتبوون، لە بەرچاوی ئاپوورەیەکی تێک قژقژاو گۆلە تەکانی دەدا و سەگانە دەیژەند، بێ ئاگا لە تۆو لە خەڵک و لە لافاو، عەیبە هیچ دیمەنێک لە هەمین غافڵگیرت بکا، بۆنی «چا»یەک کەللەی تاساندی، بەیانیان چ جوان و ڕەنگین «چا»ی دێم دەکرد، بەیانیان خەمێکی قورس دڵی دەخواردی، خەمی ئەوەی ڕۆژێک بێ و بێیتەوە ماڵی خاڵی، ئێواران بەتاسووقەوە دەهاتیتەوە، چەند جوان بوویت کە درۆت دەکرد، شەوانە بەدرۆکانت دەکەوتە سەرپشت و قاقای ژوورە خامۆشەکەی داگیر دەکرد، هەمین ئەوشۆ لەگەڵ «ئیمامی عەلی» زۆرانێمان کرد، دوای یەک مل لە بەر مل نان پشتیم لە زەوی دا، ئیدی هەر شەوە و ئیمامێکت لە زۆرانبازیدا دەبەزاند، هەر شەوە و لەگەڵ پێغەمبەرێک قسەت دەکرد، هەمینی سەلار و سەنگین دەیزانی بەم درۆیانە پاساوی مایەپووچیت دەدەیتەوە، مایەپووچیت لە ڕاوە ڕیشۆڵەدا، شەوانە تا درەنگ چیرۆکی یوسف و زولەیخا و... خورشید و خاوەر... دێو و درنجت دەگێرایەوە، ئەویش بەدەم پینە و پەڕۆکردنەوە بەدرۆ گوێی لێ دەگرتی... دەترسان... دەبوو یەکێکتان لەو ژوورەدا، لەو کاولەدا، قسە بکەن دەنا لە تەنیایی و ترسدا دەتۆقین...

ژنێک تیژ بەتەکتا تێپەڕی و تەشک و تیریژی، لە پشتەوەڕا، کتومت لە هەمینێ دەچوو، تاوێ ڕەدووی کەوتی و سێ جاران هاوارت لێ کرد: هەمین... هەمین... کچێ هەمین... ژنەش بەدەم بای غارەوە شێتانە و بەپەلە ئاوڕی لێ دایتەوە، بێ ئەوەی ورتە بکا لە پێچێکدا ونبوو، تەمەکە نەیهێشت ڕووخساری ببینی، ڕۆینی بەلۆقەی هەر لەو دەچوو، تەریق بوویتەوە، تاک و تەراش لێرە و لەوێ دەرگا دەکرایەوە و دەرگا دادەخرا... ئەوەتا ماڵی «خدری پاشا»، پلت بەزەنگەکەوە نا... زۆری پێ چوو تا پیاوەکانی بەچەکەوە دەرکەوتن، زۆرتری پێ چوو تا «پاشا» خۆی دەرکەوت، ئا کوڕینە جەمەدانی و قۆندرەی لۆ بینن، هەر هەنووکە پیاوەکانی خۆم دەنێرم، خۆ دەرزی نییە بزر بێ، هەر هەنووکە لە هەموو مزگەفتەکانی هەولێرێ جاڕ دەدەین، ناکرێ پاشا... ناکرێ... هەمین حەیای گەورەیە، جاڕدانیش بۆ منداڵە، نەک ژنێکی گەورە و گران... ڕاستە... ڕاستە ئەتوو ئاگات لە خۆت نییە... ئەوشۆ سێ جاران بەس لە دەرگای مەت دایە، تۆ بڵێی وابێ؟ سەرکز و شەرمەزار خدری پاشا و پیاوەکانیت بەجێ هێشت، کەڕتر بووی لەوەی گوێت لە هاوارەکانیان بێ، دەروێش... مەڕۆ... وەرەوە... قسەمان پێتە... هیچ... تۆ بڵێی تەواو شێت بووبیت، کەواتە



گەر بچیتەوە بەر قاپی کۆشکەکەی چەلەبی، سمایل بەگ، عەولا قەدۆ، برایم بەگی سەرکەپکان، عەونی موفتی زادە، کوڕەکانی مەلا عەبدی، قەسری زەرد، قەرەنی جامباز، کوڕەکانی چەلەبی... ڕەنگە ئەوانیش وەک خدری پاشا پێت بڵێن: ئەوشۆ سێ جاران هاتییە بەر ئەم قاپییە... بۆ نا؟ نەهاتنەوەی هەمین گێژ و وێژی کردی، وڕێنە و خەیاڵی خەراپ، بەدەم ڕێوە کابرایەکی پێمەڕە لەسەر شان ڕایگرتی: کووە دەروێش سەرکۆت و پێ خواسی؟ نەتناسی... «هەمین»م بزر کردییە، سەرێکی بادا و غەیب بوو، لە ژنێکت پرسی، ژنێکی سەرکۆت، ئەتوو «مەیاس» نیت؟ مەیاسی کەنگرفرۆش... دۆستی هەمینێ؟ سەری ڕاوەشاند و فەرامۆشی کردی، بەگومانەوە تا بزر بوو ئاوڕی دایەوە، ئەوەش ماڵی «قازی»یە، لە دەرگات دا، لە هەمینت پرسی... کارەکەرەکەیان کردییەوە... لێرە نەبووە... لێرەش نەبووە؟ دەرگایەکی داخراو و پرسیارێکی مردوو لەسەر زارت، دەرگا نەما لێی نەدەی، هەتا چوویتە لای ئەو ژنە قەرەجەی کە فاڵی دەگرتەوە، لە فنجانی قاوەدا بۆ بەختی خەڵکی دەگەڕا، وتی: پەلە مەکە و هەر هەنووکە لەناو فنجانەکەی مندا دەردەکەوێ... هەتا چوویتە ماڵی «فاتە کوڕانی» کە دەیانووت تاکە ژنێکە لەم شارە گەوادی دەکا، تۆ بڕوات نەدەکرد، هەمین پێ بزانێ خۆی دەکوژێ، کەوتیتەوە غایەلە، خەیاڵ وەک کۆترێکی تەرە و ماندوو کە دوور ڕۆیشتبێ، دەهاتەوە، نەتزانی چۆن گەیشتیتەوە کن ئاشەکەی چەلەبی، ئاشەکەش دەتووت سەرمای بووە و وەک پیرە پیاوێکی سیلدار دەکۆکی، دەیەها ساڵە لەو کۆکینە ناکەوێ، وەک مێشکی تۆ هەسانەوەی بۆ نییە، تا نزیکتر دەبوویتەوە لەناو کاسەی سەرتدا هاڕەی دەکرد، کەوتیتە نێوان ئەو دوو هێڵە ئاسنینەی شەمەندەفەرەکە بەبنی دونیاوە دەگەیەنێ، چەند کەسێک تا هەنووکە قیتارەکە کوشتوونی، جگە لە چەند کەر و مانگا و سەگە بەڕەڵڵا، دەڵێن هەندێک لە تاو خەفەت و قەهری زەمانە خۆیان فڕێ داوەتە بن پێچکەکانی، لە پانی و بەرزی دیواری کۆشکەکە ڕامای، ئەو کۆشکە و قەسری زەردی کوڕەکانی دونیایەک عەردیان داگیر کردووە، بەنەشئەوە لق و پۆپی درەختەکان دەشنانەوە، قاژەقاژی ڕیشۆڵەکان ئەو ناوەیان پڕ کردبوو لە قەڵەبالغی، ئەم ناوە چۆڵە... وەلێ لە دوورەوە خەڵکی وەک شارە مێرووولە بەسەر جادە و کۆڵانەکاندا ڕژاون، شپرزەیی پاش لافاو خێل و ئەبڵەق و سەرسامی کردوون، چەند ژنێک بەهەڵەداوان بەقەراغی سکەکەدا عەبایان لە دوو دەخشا، خۆزگەت دەخواست یەکێکیان هەمین بێ و بۆ تۆ بگەڕێ، لەو هەرا و غەڵبەغەڵبە هیچ حاڵی نەبووی، وەک ڕەوە قەڵەڕەشێک چینە بکەن لێت تێپەڕین، ئەوەتا

دیسانەوە هاتیتەوە بەردەم کۆشکەکەی چەلەبی، لەوە دەچێ جارێکی دیکە، یان دەیەها جاری تر و لە زەمانێکی زۆر زوودا بەردەوام ئاواهی واق وڕما و لێرە وەستابیت، هەر هەمان دیمەن، جەنجەڕێک لەو ناوە کە هەتاوی چەندین هاوین و بارانی چەندین زستان گەڕ و ژەنگاویان کردووە، ئەسپێکی بۆر و بێ ئاگا لە دونیا سەری لە ئاخوڕەکە ناوە و کاو و جۆ دەکرمێنێ، پیاوەکانی لە بەردەرگا و سەگەکانیش لەو ناوە لە جریت بازی نەدەکەوتن، دەقا و دەق وەک هەنووکە ترساوی و هەمینت لێ ون بووە، لە خەیاڵێکدا، یان لە چەندین خەیاڵ و ختوورەی هەڵبزڕکاوی ناو شەو و ڕۆژەکانتدا بەدوایدا گەڕاویت، هەمیشە وات هەست کردووە گەر هەمین لەم دەرگا پان و بەرینەوە بچێتە ناو ئەم کۆشکەی کە سەد ژووری تێدایە جارێکی دیکە نایەتە دەرەوە، ئەو کۆشکەی لە کۆشکی ناو حەکایەت و ئەفسانەکان دەچێ، تا هەنووکە جگە لە «مەلیک فەیسەل» کەس ناو ئەم کۆشکەی نەدیوە، شەوی وا هەیە هەمین بەسەعات باس لە تاق و پەنجەرە و ڕایەخ و شتە عەنتیکەکانی ناو ئەم کۆشکە دەکا و، دەیگوت «ئاودەستەکەیان لەم ژوورەی مە خۆشترە.!»، دەرگاوان و پیاوان تووڕە و تۆسن، بەگومانەوە، لە تۆ ڕامان، مەگەر دەرگاوانەکانی دۆزەخ وا ناشیرین و دڕدۆنگ لێت بخوڕنەوە، ئاواهی بەسەرتدا هاوار بکەن، بۆ ئەوەی ڕووی خۆتیان لێ بشاریتەوە شلکە دارێک کە وەک حەیزەران داتاشرابوو بۆی نووشتایتەوە و هەڵتگرت و پشتت تێ کردن، لە شەرمانا بڕبڕەی پشتت ئارەقەی کردەوە، ئەمشەو هەر هەمووان حاشایان لەوە کرد «هەمین»یان دیبێ، هەر دەتووت عومرێکی درێژە بەدوایدا دەگەڕێی، تا لە گەڕەکی خۆتان نزیکتر دەبوویتەوە سووکتر هەنگاوت هەڵدێنا، بەئومێدی ئەوەی هەتا دەچیتەوە نان و قاوەڵتی ئامادە کردبێ، دوای لێک دابڕانی شەوێکی بێ کۆتا بەیەکدی شاد ببنەوە، هەر دەڵێی ئەمشەو شەوێکی دەعبایە و سەد شەوی دیکەی لەناو هەناودا بووە، بەدەم ڕێوە سەدەها ڕستە و قسەی پچڕپچڕ لە مێشکتدا دەزرنگایەوە، تێکەڵ دەبوون: ژن و مێردێکی کۆک کەس قڕەی نەبیستبوون، ژنەکەی بەدعەمەلە ئەوەندەی دیکە شێتیان کرد لەسەر شەرەف هەردوو عەشیرەتەکە یەکدیان بڕاندەوە ژنێک شەو ڕۆژ شێت بوونی براکەی کە هێنایانەوە لە دەشتێ مەسلەتی دەکەن لە پشتەوە خەنجەر دوێنێ نا پێرێ بەستر پیرێ نەماندیتییە سەفەریکردبێتەوە... خزماندە شتێ ئەگەر بڕۆمنامدۆزیتەوە... لە دوورەوە ئاپوورەی ژن و پیاو و منداڵێنی گەڕەک بەرەو پیرت هاتن، ها دەروێش ئەمشەویش نەتدیتەوە؟ دەنێو بازنەی مەزن و مناڵی گەڕەک، ژن و پیاوی شپرزە و شێواو بزر بوویت، تا ئەو وەختە



بەپەقرەج و جام و تەشت و مەنجەڵ و کتڵی ئاویان لە حەوشە و ناو ژوورەکان دەردەدا، بازنەی ئاپوورەیەکی دەم بەهاوار و ناڵە و زەنا تۆیان گەیاندەوە بەرقاپی کەلاوەکەتان، غەریبانە تێی ڕامای، ناکرێ تەنها یەک شەو بێ ئەو ماڵەتان جێ هێشتبێ، لافاو دیوارێکی لا تەنیشتی چەپی ڕماندبوو، دەرگاکە کراوە و زنجیرێکی ژەنگداریش تا ناو قوڕاوەکە درێژ ببۆوە، دەتووت عومرێکە ئەم ماڵە کاولە ئاشە و دەنگ و ڕەنگ و بۆنی ئادەمی نەبینیوە، زۆر ترسایت وەژوور بکەویت، لە دواوە پاڵەپەستۆی خەڵکەکە لە دەرگاکەوە تۆیان پەڕاندەوە حەوشەکە، پێت شەرم بوو بپرسیت: ئەرێ چەندە هەمینم بزر کردییە؟ تۆڕەکەت دەنێو قوڕ و لیتاوی حەوشەکەدا زیواڵ زیواڵ ڕزابۆوە، لق و پۆپی دار هەنجیر و هەنارەکەت لە دە لاوە شکابوو، سەدەها ڕیشۆڵەی مردوو، سەرئاو کەوتوو، ژێر ئاو کەوتوو لە نێو حەوشەکەوە تا ناو کۆڵانیش بێ ناز پەرش و بڵاو ببونەوە، لەوە دەچوو خنکا بن و لە بن دەست و پێی مناڵە هار و هاجەکاندا پان و پلیش بووبێتنەوە، لامپاو فانووس و قەندیلە داگیرساوەکانی شەویش کوژابوونەوە، شووشەی لامپاکەش شکابوو، بۆنی نەوتی ڕژاو دەهات، واق وڕمـــان و بێ دەنگیت هەرا و زەنای ئاپوورەی دەر و دراوسێیەکانتی خامۆشتر کردبۆوە، شمشێر و زەرک و دەفەکەت کەوتبوونە خوارەوە، دەروێش نەمان هێشتووە کەس دەست لە شتەکان بدات، دەم و چاوەکان بەتۆ نەناس بوون، تۆ بڵێی ئەوانە خەڵکی گەڕەک بن؟ نێرەکەر و مانگاکەشت بزرن، ئەوەتان لە ماڵی سمەی قەساب، کەسێک هاواری کرد، مەترسە بێ ئالیک نەبوون، هیچ شتێک لە شوێنی خۆیدا نەماوە، زۆپاکەش، دەتووت سەد ساڵە کوژاوەتەوە، خۆڵەمێشێکی زۆر بەو ناوەدا ڕژابوو، باڵەکانت کردەوە وەک کەسێک بیەوێ بفڕێ یان خەڵکی لە خۆی دوور بخاتەوە تا هەناسەیەکی پاک هەڵمژێ، هەستت کرد هێشتا دەنێو لافاوەکەدای، ئەمجارەیان لە بری ئاو خەریکە خەڵک دەتخنکێنێ، ڕادەچڵەکیت و خۆت ڕادەپسکاند، وەک ئەوەی بتەوێ لە شەپۆڵێکی ترسناک خۆت قورتار بکەی، شەپۆڵێکی ناقۆڵا کە بیەوێ بتبات، ویستت هەموو شتەکانی ئەو کەلاوە کۆنە بەسەر بکەیتەوە، بێ کەر و مانگاکە حەوشەکە ئەوەندەی دیکە بۆنی خاپووربوون و مەرگی لێ دەهات، دەنگێک هاتە بەرگوێت: مریشکەکان و جووجەڵەکانت وان لە ماڵی بابە شێخ، سەیرە دەتوت ئەو ماڵە میرات بووە و لە یەک شەودا دابەش کراوە، برسی و ماندوو، دوای بڕینی ئەو ڕێ نەبڕاوەیە لە بەردەم زۆپاکەدا، بێ شەنگ و هێز، وەک ئازیز مردە بەسەر ئەژنۆکانتا کەوتیت، لەسەر لبادێکی شڕ و تەڕدا مردووانە لە خۆڵەمێشەکە ڕامایت کە هیچ پشکۆیەکی تیا نەمابوو، هێدی هێدی بەشەرم

و ترسەوە خەڵکی لێت تەکینەوە، تاو ناتاوێک تارمایی ژنێک دەهات و بێ دەنگ قاپێک چێشتی لە تەک قاپێکی دیکە دادەنا و، ون دەبوو، ڕیزێک لە قاپ و لەگەن کە پتر لەوە دەچوو بۆ ماڵی پرسەدارێک ڕیز کرابن و دەیەها پیاویش لە گوندە دوورەکانەوە بۆ سەرەخۆشی هاتبن و لەو قاپانە بخۆن، بۆنی گەرمی چێشتەکان ڕۆژگارێکی پڕ لە ئولفەتی خۆت و هەمینی بیر هێنایەتەوە، داتە پڕمەی گریان، نەتتوانی شپرزە بوون و خەمی خۆت لە ژنەکان بشاریتەوە، کەس نەیوێرا هیچ بڵێ، ژنان هیچیان نەوت، تەقەللایان نەدا، زانیان بشمری بەبێ هەمینێ نان ناخۆیت، نەیاندەزانی چی بکەن و چۆن چۆنی دڵنەواییت بکەن، هەستی ژنانە پێی دەووتن کە دەروێش لەو نێرەکەوانە دەچێ کە لە دوای بزربوونی ماکەوەکەی دەمرێ، تا دەهات دەورت خامۆش و چۆڵتر دەبوو، لافاوەکەش هەموویانی شپرزە کردبوو، دەبوو دەورت چۆل بکەن، هیچ نەبێ دوای ئەو خۆڕەتاندنە و گەڕان لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ، لە هەزار دەرگا دان و کردنەوە و داخستن، وەڵامی زۆری پڕ لە نائومێدی و تێڕامانی پڕ گومان و سەرسامی و زار داپچڕین و عەقڵ تێکچوون و وڕێنەی دڵ پڕوکێن، دەبوو سەرخەوێک بشکێنێ، ژنان پیاوەکانیان بانگ کرد، چوار دەستە هەڵیانگرتیت، وەک تەرمێک بەرز بکەنەوە کێلیان کردیتەوە، لە پاڵ دیوارەکە و لە بنە بانێ جێ و بالینگانێکی وشکیان بۆ ڕاخستی، تەمێکی کشاو بەسەر چاوتدا نەیدەهێشت بزانی کێن، بێ شک دەرودراوسێی چاک و جگەرسۆز و دڵ بەتۆ سووتاون، غەڵبەغەڵبێکی غەمهێن و جەرگ چزێن لە ئاسمانی بەرتەنگی حەوشەکە دەهاتە بەرگوێت، هەراکە لە گوێتدا دەبوو بەنووزە وەک ئەوەی ئاوزینگ بدەیت و لە گیانەڵادا بیت، ئەم ماڵەش لەوەتەی هەیە هەروا پەڕپووت بووە وەک ئەوەی لەم دونیایەدا هەردووکتان سەفەری بووبن، تیشکێک لە ئاوێنە شکاوەکەوە چاوانتی بەشەوارە دەخست، تیشکێکی باریک بەقەد دەزوویەک، ئەو ڕۆژەی ئەو ئاوێنەیە شکا هەمین حەجمانی لێ بڕا، دەروێش ئاوێنە شکان واتا کۆست و کارەسات، با خێرێک بکەین تا تووشی نسکۆیەک نەبووین، هەر دەتووت لە تەکتایە دەتدوێنێ، دەروێش بۆ ئەوەندە کەلەکە دەگۆڕی... بنوو... بنوو... ئەتوو گەلەک هیلاک و شەقی، خەونی ڕاستەقینە بوو یان زیندە خەو، تارمایی ئەو بوو هاتە ژوورێ، هاتیتەوە هەمین؟ تارمایی ئەو پڕ بەناو دەرگاکە وەستا بوو، بەیەک باز خۆت گەیاندێ و پڕت پێدا کرد، ڕەوەییەوە، وتت: هەنووکە دێتەوە... ناتوانێ تا ئەبەد تەوەللا بێ، وابوو، چاوتروکانێک و تاوتاو سێبەری سپی ئەو بەبەرچاوتا گوزەری دەکرد، بێ شەنگ و توانا لێی ڕادەمای، لە پێ وردیلەکانی ورد دەبوویتەوە، ئەو دوو پێیانە



قەڵەشتی بوون و سەرما و گەرما هەلاهەلای کردبوون، ئەو دەستانەی سەرما و ئیشی زۆر گرژی کردبوون، دەستی دەخستە سەر نێوچەوانت و دەیپرسی: دەروێش خۆ گرانەتات نییە؟ کت و پڕ هەمینت لێ بوو بەکار ئاسکێک... نا... مامزێک کە هەردوو سمی سم نەبوون، پەنجەی نەرم و نیانیان لێ ڕسکابوون، چاوانی زۆر ڕەش و جوان و بێ خاڵ و گەردی دەدرەوشانەوە، دوو چاوی بێ بیلبیلە، دوو گەوهەر لە بری گلێنەکان قووڵ، لەوێدا، دوور وەک ئەوەی لە بنی بیرێک بن دەدرەوشانەوە، وەک ئاسکێک خۆی لە نێرییەکەی هەڵبسوێ نەرم نەرم خۆی تێ هەڵدەسوویت، موچڕکەی لەزەتێک بەدەمارەکانتا مێروولەی کرد و لەناو هەردوو چاوتا ڕۆشنایی پڕشنگ لە دوای پڕشنگ فڕێ دەدا و ژوورەکەی ڕووناک دەکردەوە، ڕووخسار ڕووخساری هەمینە و پشت و بەرسکیش هی ئاسک، سەرپشتی بەڕەنگێکی سوورباو دەبریسکایەوە، بن سکی سپی سپی وەک چوڕی شیر، بەهەردوو لاتەنیشتیدا پشتێنەیەکی قاوەیی کە لە ژێریدا پەراسووە زۆر ناسکەکانی یەکە یەکە دیار بوون، ئەوەندە ناسک کە تۆ نەتدەوێرا لە باوەشێی بگری نەبا دەندە و پەراسووەکانی بشکێن، لە سپیاتی سەر لووتی ورد بوویتەوە کە لە نێوان سوورایی ڕوومەتی لە تێکەڵبوونی بەفر و خوێن دەچوون، سوورایییەک کە تا دەگەیشتەوە ژێر چەناگەی باریکی ڕەش دەبۆوە، وەلێ ڕەشێکی تا بڵێی دڵگیر، تۆ مرد بوویت یان خەتبوویت، هەر کامیان بێ نەدەجووڵای نەبا ئەو مامزە جوانەت بڕەوێتەوە، بەلەنگاز بێ، تۆ هەمیشە ئاواهی ڕاوچییەکی شارەزای دەشت و دەر بووی، هەر ئاواهی هێمن و لەسەرخۆ بوویت، بەحەوسەلە و پشوو، نێچیر ئاواهی خۆی نەهاتبێتە ناو پارێزی تۆ خۆت لە دوای شەقی نەکردووە، ئەوەی کە بەزۆر ڕاوبکرێ یان دەمرێ یان ئەوەتا زوو تەوەللا و هەڵەتە دەبێ،نەتدەوێرا پێی بڵێێ: ئەرێ لە کێندەرێ بووی؟ ئەوەندە هیلاک بوو گەزارەی دەردەکێشا، کە زاری دەکردەوە زمانی یەک پارچە خوێناو بوو، لە نیگای مات و پڕ ترسی لافاوەکەی ئەمشەوت بیرکەوتەوە، لە لەرینەوەی زۆر ناسکی بەرسکی ڕامابوویت، شەلاڵی ئاو و ئارەقە، ویستت دەست بەلەش و لاری دابێنی و بزانیت ئاخۆ هیچ برینێک، گۆشتی هەڵتەقیوی ساچمە و گوللەیەک نادۆزیتەوە، لە تەوێڵییەوە بۆ سەرملی و... پشتی و... تا گەیشتیتە گوانەکانی، بەدەستی ڕاستە گوانەکانیت هەڵدەگلۆفی و نێرانە بەسەری پەنجەکانت دەتخوراندن، بێ ئاگا لە خۆت گەمەت لەگەڵ دەکردن، سەرت خستە بەرسکی، ئەوەندە تینوو بوویت هەر دەتووت سێ شەو و سێ ڕۆژە ئاوت نەخواردۆتەوە، تفی ناو قورگت وشک ببوو، دەمت لە گوانی پڕ شیری نزیک خستەوە، بەهەردوو لێوی وشک و

شەقارت گوانی تەڕ و سوورباویت گرت، حەزت نەکرد گوانەکانی لە نێوان ددانەکانتا گیر بکەیت نەبا ئەزیەتی بدەی، دوو سێ تکە شیری خەست و شیرین ڕژایە ناو زارت، لە تاو تینوێتییەک کە خەریک بوو بتخنکێنێ بەئاستەم لێوەکانت لەسەر گوانەکانی توند کرد و مژیت، مامزەکەت راجفری و باڕاندی و هەڵبەزییەوە، چاوتروکانێک و گوانی لە دەمتا راپسکاند، بەسەر سینگتا بازرەقەی کرد و بەچوار لۆقە تێی تەقاند و رەوییەوە، کە ئاوڕێکی پڕ ترس و ئاسکانەی دایەوە جگە لە هەمین کەسی دیکە نەبوو، بۆ نەیهێشت زاری تاڵت، دەمارە وشکەکانت تەڕ ببنەوە، هەزار حەیف و موخابن کە ئاواهی ڕەوییەوە، بەشەرمەوە کەوتیتە دوای، لەناو حەوشەکەدا گێرەت پێ دەکرد و راوت دەنا، کەچی ئەوەندە سرک بوو نەدەگیرا، بەئاستەم لە دواوە پەنجەکانت، ئەو وەختەی لەپەو ڕوو دەکەوتیت، بەر نەرمایی پاو و پووزی دەکەوت، وەک حەیوانێک حەز بەگەمە بکا و بیەوێ خۆشەویستانە هیلاکت بکا و ئەوسا لە پاش تامی تامییەکی زۆر خۆی هەڵداتە ناو باوەشت، لەوە وشکتر بووی ئارەقە بکەیتەوە، ئەویش بێ مروەتانە خونچەیی دەمی دەکرایەوە و قریوەی حەوشە تەنگ و تاریکەکەی دەکردەوە بەدەشتێکی پڕ لە نێرگزەجاڕ، دواجار بازێکی دا و لە دەرگای حەوشەکەوە خۆی هەڵدایە ناو کۆڵان، کەوتیتەوە دوای، خەونە یان راستی؟ بەردەمی کەلاوە کۆنەکەتان ساکە دەشتێک بوو، دەشتێکی کاکی بەکاکی، هەر دەتووت هەر هەموو خانووەکانی گەڕەک بەفوویەک، بەسیحرێک چوونەتەوە ئاسمان، تا تۆپتر غارت دەدا مامزەکەت دوورتر دەکەوتەوە، تا دوورتر دەکەوتەوە دەبۆوە بەو کارمامزە تۆقیوەی ناو حەیرانەکانت، دوورتر لەوەی کە بیگریت، لەوە نەدەچوو هەرگیز پێی بگەیتەوە، تاوتاویش بەترس و دڵەڕاوکێوە، ترسی پیاوێکی راوەدوونراو ئاوڕت لە کەلاوەکە دەدایەوە، خاپوور و وێران، لە دوورەوە وا دیار دەکەوت کە دار و پەردووی بەسەر یەکدیدا رمابێ، تاکە کەلاوەیەکی داڕووخاوی ئەو ساکەدەشتە کە جوانی سەد بەهار بشێوێنێ، دەشتێکی پڕ لە سەوزەگیا و گوڵاڵەسوورە و هەڵاڵە و حاجیلە و بەیبوون و نێرگزەجاڕ، چ زوو زستان نەما و بەهار هات، ماندووت کرد، کەوتە نەرمە لۆقە و دڵت بەوە خۆش کرد کە تاوێکی دیکە گەر تەکان بدەیت و هیلاکی نەتبەزێنێ دەیگەیتێ، لەو دوورەوە هەر ئاوڕی لێ دەدایتەوە، چاوانی ڕەشی دەدرەوشانەوە، هەر دەتووت دەیەوێ لەو شارە لەعنەتییە دەرتکا، دوا ئاوڕت دایەوە، کەلاوەکەت لێ بزر بوو، ساتمەیەکت کرد و لەپەو ڕوو کەوتیت و یەک تەختە ڕاکشایت و خۆت بەسەر پشتدا وەرگێڕا، کە بەپەلە هەستایتەوە نەبا کارمامزەکەت لێ وێڵ بێ، شێتانە بەهەر چواردەوری خۆتدا ڕوانیت،



خۆت و کارمامزەکەت کەوتبوونە ناوەڕاستی بازنەی سەدەها ڕاوچی تفەنگ بەدەست و لوولەی سەدان ساچمەزەن لە بەر هەتاودا دەبریسکانەوە، هەڵقاو هەڵق گەمارۆ درابوون، بەقەد باڵای زەلامێک خۆیان لە قۆرت و چاڵان نابوو، جارجارە بەیەکەوە سەد... نا تۆ بڵێ... هەزار جەمەدانی وەدەردەکەوتن و بزر دەبوون، هەزاران چاوی سوور و تووڕە لەسەر سیرەی تفەنگەکان گڕی غەزەبیان بەر لە گوللەکان بۆ تۆ و بۆ کارمامزەکە دەنارد، پەنجە داگرتن و تەقینەوەی هەزاران گوللە... جاروبار دە دوانزەیەکیان بەیەکەوە لە چاڵەکان دەهاتنە دەرێ و وەک بزن مشک و سەگسار و گۆڕهەڵکەنە خۆیان لە چاڵەکاندا دەشاردەوە، بێ پەنجە و دەست لەرزین نیشانەتان لێ دەگرنەوە، لەوە دەچوو هەریەکە و جێ و سەنگەری خۆی خۆش بکات، لەو ساکە دەشتەدا جگە لە تۆو ئاسکە هەمین و ڕاوچییە دڵڕەقەکان هیچ خەڵقەندە و فرندەیەک نە لە زەوی و نە بەئاسمانەوە نەمابوو، تا دەهات لە ترسانا هەردووکتان بەرەو لای یەک دەخشین، لەسەر لەپ ڕووەو یەکدی، مامزی گوێ سووک بەهەر چوار لادا دەیڕوانی، گوێ بیستی چرپەچرپی ڕاوچییەکان بێ ئۆقرەی کردبوو، تۆش لەگەڵیا گوێت قوڵاغ کرد، زانیت هەر تاوێکی دیکەیە و یەکەمجار بەیەک فیشەک مابەینی هەردوو چاوانی دەتەقێنن... بەسەر و ملێکی شل و خوێناوییەوە، کە هێشتا لەشی گەرمە، غار دەدا... دوو باز و لەتر دەدا و هەر چوارپەلی دەشکێن... مامزەکەت لە خوێندا دەگەوزێ و سەر و ملی دەکەوێتە بن دەست و پێی خۆی... کەچی ڕاوچییەکان بسکەی سمێڵیان دێ و شاگەشکە بەشکاندنی ئەو نیشانەیە قاقا و قریوەیان لەو ساکە دەشتە دەنگ دەداتەوە... گوێت لێ بوو بەدەنگێکی پڕ لە ڕق و کینە و ترسەوە کە تێکەڵ بەخۆشی و لەزەتی کوشتنی مامزیک بێ... بەقورگێکی نووساوەوە بەیەکدیان دەگوت: نەکەن گوللە بەخەسار بدەن... هەریەکە و نیشانە لە شوێنێکی کاریگەری بگرێتەوە... ئەمن دەفەی سنگی... ناوچەوانی بۆ من... کەللەسەری لۆ توو... ئێوەش هەریەکە و پەلێکی ببێژن... گەر پیاوی چاوی چەپی لۆ من و چاوی ڕاستەشی ئەتوو نیشانەی لێ بگرەوە... وای لەو کافرانە دەروێش... پیاوانی تووڕە و داخدار... لەوە ناچێ کوشتنەکەیان مەبەست بێ... لەزەت لە ڕاوەکەیە نەک لە نێچیر... ئەمن لێرەوە دەمەوێ گوللەکەم گوێی چەپی ئاگر بدا و لە گوێی ڕاستەیەوە بێتە دەرێ... هێی کوڕینە دەستتان نەلەرزی... حەیامان نەبەن و وا نەبێ بەبرینەوە لە دەستمان قورتاری بی... وڵاغ جغەرەکەت بکوژێنەوە... لە لای «با»وە نەچیتە پارێزی... پارێز گرتن لە مامز وا نابی مالۆسینە... ئەوە دەنگی «هۆمەری سەرکار»ە، خۆیەتی، بابی هەمینێ... گۆتم جغەرەکانتان بکوژێننەوە نەفامینە، ڕاو وا

نابیتن، ئاخر سەگبابینە وام لێ مەکەن لە جێی مامزەکە یەک دووانێکتان سارد کەمەوە، لە دووری دوورەوەش لەگەڵ تۆز و بایەکدا هەر ئەسپ سوارە و کەندو لەندی دەبڕی، زورگێک دەیدایە دەست زورگێکی دی، تەلانێک ڕووەو تەلانێکی دیی دەیفڕاند، سوارەکان هەر هەموو گەیشتنە پارێزەکە و بوون بەهەڵقەیەک بەدەوری ئەو پیاوانەی دەست لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ خۆیان دابووە پشت تەپۆلکەکان، یان جێی ئەژنۆیان دەنێو چاڵەکاندا خۆش دەکرد، هاواری خدری برای هەمینێ دەگەیشتە گوێی هەمووان: جغەرەکانتان بخەنە ژێر خۆڵ و گڵەکان، «با» بۆنی تووتنەکەی لۆ ببات لە دەستمان قورتار دەبی... هێشتا زووە و تەرەی مەکەن، هەڵقا و هەڵق سوار و پیادە ڕووە و لاتان دەهاتن، هێی هەمین ئەوە سەری چەند ساڵانە ئەو ڕاوچییانە لە نیچیرێکی وا دەگەڕێن، هێی کوڕینە کە ئەمن دەنگم دا ئەنگۆ هەنگینێ بیکەن بەهەڵڵا و هات و هاوارێک تاوەکو سەری لێ بشێوێ: ئەو هاوارە پڕ لە داخە پڕاوپڕ دەڕژایە گوێی هەمینێ، هاواری هۆمەری بابی، ڕاوێکی گەلە خۆشە و تێکی مەدەن، ڕاوی هەموو عومرە و ئەوەی پارێزەکە بپەڕێنێ و ئەو ڕاوەمان لێ بدۆڕێنێ پیاو نییە لە گوندیش تڕۆ دەکرێتن، یان خوینی نگۆ... یان هی ئەو مامزە، ئەو هاوارەش هی «کانەبی» برای بوو، هاوار و قاو و غەزەبی باوک و برایان ئەسپەکانی خستبووە سەرحیلە و سمکۆڵان، لە دوورەوەش هەوهەوی سواران بەدەم بای غارەوە هەردەهات، لە دە لاوە کوڕگەلی گوندی بەسەر ئەسپەکانەوە دەلەنگینەوە... ئەمن حەز دەکەم یەکەم کەس بم کە مامزەکە هەستێنم، هەر هەموو بەتەمای ڕکێف لێدان بوون... ناڵەی «هۆمەری سەرکار» هەر هەموو پیاوەکانی سڕکرد: لە بن دەستی و پێی هەر ڕاوچییەک قورتاری بی... لە جێی ئەو مامزە ئەمن ئەو کەسە دەکوژم و دەیخەمە بەر لمووزی توولە و تاژییەکان، لەگەڵ ئەو هاوارە ڕاوچییەکانی نێو چاڵەکان و پشت تەپۆلکەکان خۆیان کێل کردەوە، هەر دەتووت مارمێلکە و ڕەشەمار و بزن مشکن سەر دەردێنن و دەیخەنە و ناو دەفەی سینەیان، هەر هەموویانت دەناسییەوە، خۆیان بوون، پیاوە تووڕە و تۆسن و دەمارگیرەکانی کۆنە گوندەکەی خۆتان، ئەو تۆڵاز و جحێڵانەی گوندی کە بەدزییەوە حەزیان لە کچانی ئاوایی دەکرد و لەگەڵ حەیرانێکی تۆ دەمردن و زیندوو دەبوونەوە، هەر هەموویانن، لە قاوەچییەوە بیگرە تا مەلا و فەقێیەکان، کەریم مەیتەر و وەسمانە خێل و کوڕانی ئاغا... لە گوندەکانی دیکەشەوە هاتبوون، هەموویانت دەناسییەوە... هەتا لاوک بێژ و حەیران بێژەکانیش هاتبوون ئەو حەیرانە بکوژن کە لە قورگتایە و بۆ هەمینە، ئەوەتان: مارخۆی هاودیانێ، مەلا وسوی چاوەش، ئەحمەدی



کامەلا، عالی مێرەمە، ڕسو خۆشناو، ڕەشاغە، بوداغ بەگ، مامێسی گاوان، مەلۆکی میر حاج، میری ڕوستێ، عەلی عەجەم... هەر هەموو فەرماندە و سەرهەنگەکان، قوماندار و سەرقۆڵان... هەر هەموو دەستیان داوەتە تفەنگەکانیان، خۆیان دابووە دەست شارێگە و توولە ڕێگەکان، کەند و لەندەکان، بەهەردوو چاوان لە «باپیر ئاغا» دەگەڕای، خۆی پیشان نەدەدان، دەتزانی هەر تۆزێکی دیکەیە و بەخۆو بەساچمەزەنەکەیەوە دێ و وەک ئەوەی نیشانە لە کەڵەکێوییەک و مامزێک بگرێتەوە، نیشانە لە تۆو لە هەمینێ دەگرێ، لە خوێناوێدا دەتانگەوزێنێ، بەبریندار دەست لە ملی یەکدی دەکەن، دەمریت و دەمت ناگاتە مێخەک بەندی بەرملی، خەزێمی لا کەپووی، گوارەی هەردوو گوێیانی، ئارەقەی نێو سینە و مەمکانی، دەمریت و حەسرەتی ڕامووسانێک دەبێ بەخوێن و لە دڵتەوە دەڕژێتە سەر پنچکە گیایەکی ئەو دەشتە... لە خۆت وایێ... لە هەمین وایێ... لەوان سواران، زرێ داران، مشکی و هەوری بەسەران، سەرشکێنان، چاو سوور و داخ لە دڵان، زگ دڕێنان، ها ئێستا نا... ها تۆزێکی دیکە دەگەنە سەرتان، بەتاوە غار و نەرمە غاران، لەوە دەچێ باپیر ئاغا بۆ ئەو ڕاوە زۆر دانسقەیە لە هەر هەموو ئاغا و بەگلەر و شێخ و مەلاو پیاوانی گوندەکانی دیکەی گێڕابێتەوە، لە میر و عگید و قاوەچییان... خەڵات... خەڵات... هەرکەسەکی بایز بکوژێ و بەزیندێتی چاوان هەمینم لۆ دەستگیر بکات لە کۆشک و باڵەخانەی من سەرپشک بی، وەی لەو هەموو کوڕ و کاڵانەی گوندی کە بۆ ماچێکی هەمین ملی خۆیان لە تیغ هەڵدەسوون، هاوار دەکا: کوڕینە زۆر عەیبە کچمان بەدووی شایەر و لۆتیان بکەوی، لە هەر چوار لاوە ڕێتان لێ دەگیرێ، ئابلووقەی پیاوە تووڕە و تووشەکان، وەی لە زەلیلی دوو عاشقە ڕووتەی بن دەست و پێیان، سمی ئەسپان، وەی لە بریسکەی جەرگبڕی لوولەی تفەنگ و ساچمەزەنان، لوولەیەک و... دوو... دە... و... سەد... دەست ڕێژێک و دوو... دە و... سەد دەست ڕێژ... تۆ دەکوژن و ئەوسا دەبێ هەمین لە خۆی حەرام کا خواردن و خەوی نیوەشەوان، لە دوای بایزی حەرامە سەدا و چریکەی لاوک بێژ و حەیران بێژان، حەرامە کل و کلچوک، خەزیم و گوارە، فند و فانۆس، چارۆگەی زەرد و ڕەفتەی شین، کەوشی سووری عەجەمی، حەرامە مانەوە لە تەویلەی باوک و برایان، مردەنییە کەوتن و دەخالەتی بەگلەر و ئاغایان، هەر دەڵێی هەمووانی ناردووە و خۆی دوا ڕاوچییە دەگا و بەزم و هەنگامەی ڕاو خۆش دەکات، دەبێ کێ بێ کە یەکەمین کەس شێت و شەیدای ئەوەیە یەکەمین گوللە بتەقێنێ و هەوا ئاگردا و دڵی ئەو مامزە کون بکا، دڵی تۆ؟ باپیر ئاغا؟ هۆمەری سەرکار؟ خدر؟ کانەبی؟ کەریمی مەیتەر؟

بوداغ بەگ؟ یان یەکێک لە پیاوە هەرە هیچەکانی گوندی؟ کەسیان لە «کەریم مەیتەر» چروکتر نییە... هەرکێ بێ؟ دواجار هەر هەمووان خەونیان بەو ڕاوەوە دەبینی، لەوە دەترسی بەزیندوێتی چاوان هەردووکتان بخەنە بەردەمی سەگەل و توولە و تانجییەکانیان، ئەو توولە و تانجییانەی پەلەوەریان لە ئاسمانەوە دادەگرت، تانجییە مل بەقەرێتەکانی ئاغا ڕاوتان دەکەن، هەروەکو کەڵە کێوییەک و مامزێکی برسی و هیلاک و پەلوپۆ شکاو، بەشەوارە کەوتوو لە تاو بریسکە بریسکی لوولەی تفەنگەکان، ملتان دەشکێنن، تانجییە ڕەشەکەی باپیر ئاغا، مل بەزەنگوڵی زیو، مێخەکبەند و حەمایلی هەمین بەکەڵبەکانی دادەپچڕێنێ، کەپووە قنجەکەی بەخەزێمەوە دەخوات، هەردوو پەڕەی ناسکی گوێی بەگوارەکانەوە قووت دەدات... تانجییەکانی دیارن و خۆی بزرە، پیادە و سوار بەدزە دزە لێتان نزیک دەکەوتنەوە، هەر هەموو براکانی هەمین دەیانویست هەتا زووە پارێزەکە بشکێ و بەگوللەیەک نێوچەوانت ئاگر بدەن، تێپەڕێنی ئەو هەزارەها ڕۆژ و مانگە و داخی تۆڵە پیری کردبوون، پیرتر لەوەی بتوانن تفەنگ بتەقێنن، لەژێر تیشکی هەتاودا بەغەزەبێکی گەرم و دێرینەوە ڕەش ڕەش دەدرەوشانەوە، دەنێو خوێنی هەرکامیان تۆڵەی ئابڕوو تکان گەرمتر بوو لە ڕۆژی یەکەمی شەرەف دۆڕان، گینگڵ و خۆ خواردنەوەی هەزاران شەو و ڕۆژ وای کردبوو بیانەوێ بەقەد ئەو عومرە پڕ لە قەهر و چاوەڕوانییە پارێز و کوشتنی نێچیرەکانیان درێژتر بکەنەوە، هەردووکتان، لەوساکە دەشتە، کەوتبوونە بەر ڕەحمەتی ئەو ڕاوچییە دڵڕەقانە، دڵڕەقترین، کە لەوەتەی زەوی و پیاو و ڕاو هەیە، دڵڕەقی وا هیچ نێچیرێک نەیدیوە، پڕ بەو ساکە دەشتە و بەقەد ژمارەی دار و بەرد و پنچکەکان، گەردیلەی خۆڵەکان... ترسیان دەچاند... لە ناکاو پڕ بەو دەشتە هاوارت کرد: ڕاکە هەمین... ڕاکە... خۆیانن، هەتا زووە و نەیان کوشتووی، وەرە باوەشم، یەکە یەکە گڕی غەزەبێک لە چاوانیان چەخماخەی دەدا و پووش و پەڵاشی ئەو ناوەی دەسووتاند، سەیرە... هەتا لێتان نزیکتر دەبوونەوە گەنجتر دەردەکەوتن، گەنج و قۆز و سمێڵ بابڕ وەک ئەو ڕۆژەی کە لە شاییەکەی «کەریم مەیتەر»دا هەڵدەپەڕین، مامزە کەشت سەرسام و ئەبڵەق بەدیار مەرگی خۆیەوە بەهەر چواردەوری خۆیدا وەک ئەوەی بریندار بێ دەخولایەوە، گیاو و گوڵ و نێرگز و حاجیلە و بەیبوونی دەشێلا، چەندە پتر دەترسا ئەوەندە زیاتر چاوە ڕەشەکانی دەدرەوشانەوە تا دەبوون بەدوو دڵۆپە قەترانی ڕەشتر لە ڕەش، بەچرپەی بکوژێکەوە کە لە هەموو تەمەنیدا چاوەڕێی ئەو نیشانەیە بووبێ پیاوە سمێڵ بابڕەکەی ئەو پەڕی دەستە ڕاست بڵماندی: لە منەوە دەست پێ بکا... گەر ئەمن نەمپێکا با دوای



من باوکە خۆی سازدا... جوان پارێزی لێ بگرن... هەقی هەموومانە... هەر... یەکە و... گوللەی... خۆی... لە... لەشی گەرمیدا... لە... لەشی... گەرمیاندا... سارد... بکاتەوە... کوڕینە... ئەوەتا... شەرەفی... هەموومان... بوو... هەمووتان... کت و پڕ چرپە و سرتە نەما، ئەو ناوە کپ و خامۆش... خامۆش... ئەوەندە خامۆش کە ئیدی بەندی دڵی نێرترین پیاو بپچڕێنێ... لە دوورەوە تارمایی ئەسپ سوارێک دەرکەوت، تیژ دەهات، تیژتر لە «با»، بەتاوتر لە مەرگ، پڕمە پڕمی ئەسپەکە لەو دوورەوە پیاوەکانی سڕ کرد، پەنجە قرساوەکانیان بەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ و ساچمە زەنەکانەوە ڕەق و وشک بوون، قۆڵ و باسکیش وەک تەختەو داری سارد و سڕ، خۆی بوو، باپیر ئاغا، تۆزی دەکرد، ئەو پیاوەی حەسارێک لە تانجی و توولەی دەڕستاند، دیار بوو دەمێک بوو خۆی بۆ ئەو مامزەی دەشتی قەراج مەڵاس دابوو، ساڵانێکی زۆرە پارێزی لێ گرتووە، لە دوورەوە «با» دەنگی کەرخی هانی، هێی پیاوینە... کوڕگەلی گوندی... نەکەن نیشانەیان لێ بگرنەوە، پەنجەتان لا ببەن لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانتان، دەمەوێ بەزیندوێتی بیگرم... ئادەی ڕادە... هەڵقەی ڕاوچییان لێکدی دەپچڕا، بەر لە خۆی هاواری دەگەیشتە کنیان، تیژ دەهات هەروەکو باو و بۆران، وەک غەزەبێک لە ئاسمانەوە بێ، وەک گڕکانێک لە بن پێی تۆ و هەمیندا بتەقێتەوە... تەقییەوە، ئەسپە ڕەشەکەی بەدەم بای غارەوە پڕیشکی ئاگری لە بەردەکانی ژێر هەر چوار سمییەوە دەپژاند، دەتووت باڵی لێ ڕسکاوە و دەفڕێ، بێ شومار توولە و تانجی بەدەم قروسکە قروسکەوە پێش سوارەکە کەوتبوون... هەر هەموو ناساز دەیانقروسکاند، ڕاکە هەمین... هەتا تانجییەکانی ئاغا لێمانەوە دوورن... ڕاکە و... وەرە باوەشم... ئاغا دڕی بەپیاوەکانی دا و بەشریخەی قامچی زراوی مامزەکەی برد و دڵی پیاوەکانی خستە لەرزە، ئادەی کوڕینە بکەونە دووم، مامزەکەت بەچوار لۆقە ئەو هەردوو وەردەی دەبڕی و سەگ و توولە تاژییەکانی ئاغاش سەریان لە دوو نابوو، بێ ئەوەی بۆن بەتۆوە بکەن لە تۆ ڕەت بوون و ڕاوەدووی ئەویان نا، لەبەر هیلاکی و هەردوو کەفەڵی پڕی هەمینی مامز نەیدەتوانی لەوە تیژتر ڕابکات، کەوتبوویتە ناو گەردەلوولی سەگ و تاژییەکان، ساتمەتان لە یەکدی دەکرد، کە هەمین بەدۆڵێکدا غل بۆوە، لە چاڵاییەکەدا بەسەدەها مامز و کارمامزی دیکە بێ ئاگا لە سەگ و تاژییەکانی ئاغا و پیاوە تفەنگ بەدەستەکان دەلەوەڕان، لەسەر گردەکەوە هاوارت لە هەمین و لە کار مامزەکانی دیکە کرد، هاواری جەرگبڕی تۆ و قروسکەی تانجییەکان و قاو و قیژی ڕاوچییەکان شێتی کرد، دەنێو ئەو تاو و ترسەدا بەهێزی یەک ڕەوە مامز تەکانیان دا، بەنێو یەکدیدا تێک قژقژان

و ساتمەیان لە یەکدی دەکرد، کە بەدەم غارەوە لە هەمین و لەو ڕەوە کارمامزە نزیک بوویتەوە بەدەم هەناسەبڕکێوە هەر هاوارت لێ دەکردن کە بفڕن، بۆ ناکرێ وەک لە ئەفسانەکان و حەکایەتەکان ڕوو دەدا باڵیان لێ بڕسکێ، لەگەڵ دەنگ و هاوارەکەت بەترسەوە هەر هەموو ئاوڕی ئاسکانەیان دایەوە، ئەی خودا ئەوە چییە کە دەیبینی، ئەوەتان هەر هەموو کارمامزەکانی دەشتی قەراجی، ئەوانەی کە بەبرینداری لە دەست ڕاوچییەکانیان هەڵەتە بوون، کچە نازدارەکانی ناو حەیرانەکانت، کچانی غەمگین و دڵساردی گوندەکەی خۆتان، ژنان و کچانی نامرادی هەر هەموو گوندەکان، دوور لە چاوانی باوک و برا و مێرد و کوڕ، دوور لە چاوانی ئامۆزا و خاڵۆزا و پلکەزا لەو دەشتە و دەنێو مێرگەکاندا بێ ئاگا لە نیازی پیسی ڕاوچییان دەلەوەڕان، چ سەیرە... سەریان، سەری کچەکان و ژنەکانە و لەشیش هی ڕەوە مامزێکی سۆرغەرە، یەکە یەکە لە تۆ و لە هەمینێ ڕادەمان، دەیانناسیتەوە، ئەوەتا ئەسمەرێ زراری، خەجیجێ ڕەحمانی، ڕەوشەن سۆری گەردیان، جەواهیری بارینان، ئامینەی کوڵەبن، زولەیخای زولف سۆر، زەینەبی کابایزی، بەسێ و فەهیم و ستی و ڕابی لە گۆلاوێکدا ئاویان دەخواردەوە، چ گوناهێکی گەورەیە کوشتنی کارمامزێک لە عانی ئاو خواردنەوەدا، مریەم و عەنبەر و موعتێ خۆیان دابووە بەر تاو و تینی هەتاوێ و لەسەر لا کەوتبوون و بۆرژابوون، ئەستێرە و هوما و بەلقیس و مینا لەگەڵ هەناسەبڕکێی هەمینێ هەستانە سەر پاشووان، هەر هەموویانن، ئەوانەی هەر لە ئەزەلەوە تا هەنووکە ڕەدوو کەوتوون، چ زەحمەتە خۆشاردنەوە لەو ساکە دەشتە، چ بەترسەوە، هەترەش چوو... زارەترەک و زەندەق چوو ئاوڕ لەو پیاوە تووڕە و داخدارانە دەدەنەوە، ئەو پیاوانەی لەوەتەی هەن لە ڕاوە مامز پتر هیچی دیکە نازانن، گۆشتی مامز نەبێ ناخۆن، کەوڵی مامز نەبێ لەسەری دانانیشن، سەد مامز بەیەکەوە دەکوژن تا تۆزێک مسکیان دەست کەوێ، مێشکی پژاوی هەر بەخاوی دەخۆن تا شەهوەتیان پتر بێ، گوێ لەو حەیرانانە دەگرن کە تیایدا هەر مامزە و دەکوژرێ:

ئەمن سەردەمەکێ ڕاوکەر بووم،
دەگەڕام لە ڕاوێ،
کارمامزەکم هەلدەستاند بەوێ سبیانێ...
جۆتە تاژیەکانی قورە بۆشینکەم بەردانێ...
وەکی دەڕوا لەبەر عەوەت عەوەتێ سواران...
چەپڵە کوتانێ...



لەبەر نوسکە نوسکێ تاژیان...
لەبەر قاژەیێ بڕنۆیان...
ئەوا ئاوێ خۆی دەخواردەوە...
دەپەڕییەوە لە جۆگەی هەولێرێ...
میرێ کیژان دەیگۆ:
کوڕەتیم لاوە...
حەیرانەکەی توو گەلەک عاشقە...
بە چ پیسە ڕاوکەران نایەتە گرتنێ...
بەدەستی خۆت نەبی...
بەکەسەکی دیکە ناگیرێ...

هەریەکە و دەیویست ڕاوچییەکی ناو یەکێک لەو حەیرانانە بێ... لەگەڵ نەعرەتەی باپیر ئاغادا هەرچی ڕاوچی ناو چاڵەکان و پشت تەپۆلکە و تەلان و سەرپشتی ئەسپەکان هەبوون کردیان بەهەو هەوێک و... هات و هاوار و... ناڵە و نرکەیەک کە هەر چوار پەلی مامز و کارئاسکەکان بشکێنێ، بەدەم بای غارەوە هەر ڕەوە مامز بوو تێکەڵ بەڕەوەکانی دیکە دەبوو، هەر هەموو ئەو مامز و کارمامزانەی کە ڕۆژگارێک لە نێو تەویلە و گەوەڕ و زنجیرەکان وەڕس بوون و... ڕووەو ئەو دەشتە هەڵەتە و تەوەللا بوون، ژمارەیەکی زۆر لەو مامزانەی کە هێشتا زنجیر و قەریتەیان بەملەوە بوو، پەڵەی وشکەوەبووی خوێن بەسەر سەر و مل و پشت و چوار پەلیانەوە، تا دەهات ژمارەی سوارەکان زیادی دەکرد، دەتووت لەژێر هەر پنچکێکدا، هەر دار و دەوەن و تەڕاش و گاشە بەردێکدا سوارێک دێتە دەرێ، لە کوێوە ئەو هەموو ڕاوچییە هاتوون؟ بەخۆ و بەتاژییەکانەوە سەریان لە دووی هەمین و باقی ئاسکە کچ و مامزە ژنەکانی دیکە ناوە، ها لێرە و ها لەوێ، باپیر ئاغا بەسەر ئەسپەوە دەلەنگییەوە، لە شانی کردبوو ڕمبەکی دەمڕەشی هەژدە قەفییە، وەک هەمیشە خەنجەری دەبان لە بەرپشتێنی، بوو بەهەڵڵا و گرمەگرمی سواران، ڕەوە مامزەکان تێکەڵ دەبوون و پاشان پەرت دەبوونەوە، لە قەراخ هەر گۆمە ئاوێکدا هەر مامز بوو ڕادەپەڕی، بوو بەتەڕاد لێدانی سواران... هەرجارەکی باپیر ئاغا بچێتە ڕاو و شکاران لە چل ڕۆژ کەمتر ناخایەنێ، هەمینی مامز دەگەڵ ڕەوەیەکدا بەباسکەیەکی سەرکەش و ڕکدا هەڵگەڕان، بەهانکە هانکەوە قاچ و قولیان لەو خۆڵە نەرمە دەردەهانی و دەیانقوچاند، کت و پڕ بیست سوار بەیەکەوە بەخۆیان و تانجییەکانەوە لە بەرامبەر ئەو ڕەوە مامزە

وێڵەدا ڕاست بوونەوە، تانجییەکی دەمڕەش و هار گەیشتە سەر مامزە هەمینێ و ڕاپێچا و لە بەردەمی سوارەکاندا لە خۆڵێی وەردا، تانجییەکانی دیکەش هەر بەتاوی غارەوە... هەریەکە و مامزە ژنێک و ئاسکە کچێکی خستە ژێر چەپۆک و ددان، بەگۆڕێ وەربوون سەدەها دانەی مرواری لە ملوانکەی پچڕاو... دوگمە و... گوارە و... تۆقە و تەلەسمان... کرمەک و... زەنجەقان... لیکی لینجی تاژییەکان دەڕژایەوە سەر گژنێژەی گواران... بەگۆڕێ وەربوون خەزێم و حەمایل و مێخەک بەندان... برسییانە قەپیان لە لووت و کولم و چەناگەی کارمامزەکان دەگرت، زیواڵ زیواڵ بوون سوخمە و کراس و کەوا و چارۆگە و دەسرۆکەکان، کەوتنە بەر پێی سواران هەوری و هیزاری شەکرە ژنان، وەک لە خەونەکاندا ڕوو دەدا خۆت دەنێو گێژەنی سوارەکان و تانجییەکاندا بینییەوە، هەرسوارە و لە زین دادەبەزی و دەیویست کارمامزی جوان لە نێو کەڵبەی تانجییەکەی دەربێنێ، هاوارت کرد: هەمین ئەوەتام... دەستم بگرە... وەرە باوەشم... سوارەکان سەرگێژ و غافڵگیر بوون، بۆ تاوێ هەریەکە و سەرسامی ئەو کارمامزەی بن دەست و پێی ئەسپەکەی بوو، وەک ئەو ڕاوچییانەی بەمورادی خۆیان دەگەن و دادەسەکنێن، هەر پێنج پەنجەی دەستی ڕاستی کەوتبوونە نێوان کەڵبە و ددانی تانجییەک و خوێنیان لێ دەتکا، کە تۆی بینی شەنگ و هێزی هاتەوە و هەستایەوە سەرپێ، کەوتە نەرمە غار و تا دەهات تیژتر تاوی دەدا و... تۆش لە سەگ و سوار و تانجییەکان دەتپاراست، تانجییەکانی ئاغاش یەکڕاست شوێن پێی ئێوە و... بۆنی ئێوەیان لە حەوادا ڕاو دەکرد، لە دە لاوەش دەتدی هەر ڕەوە مامزە و کەوتوونەتە ناو گەردەلوولی ڕاوچییەکان و تانجییەکان، زریکە و هاوار و ناڵەی ئاسکە کچەکان ئەوەندەی دیکە پیاوەکانی سەرمەست و شاگەشکە دەکرد، لەوە دەچوو هەندێکیان بخورێن، بۆنی خوێن و گوڵاڵە سوورە تێکەڵ دەبوون، چ بەهارێکی خوێناوییە و چ ڕاو و شکارێکی دڵڕەقانە، ئەوەتا تانجییەکان لە سەد لاوە گەمارۆی کارمامزەکان دەدەن، ڕاوچییەکانیش بۆ زەندەق بردن تەقە لە دار و بەرد و ئاسمانیش دەکەن، ئەو کارمامزەی خۆی لە نێو کەڵبە و ددانی تانجییەک ڕادەپسکاند لە دووری دە هەنگاوەوە دە ڕاوچی بەیەکەوە بەگوللە دایان دەبێژاو... لە خوێنی خۆیدا دەیانگەوزاند و... پاشانیش تانجی و توولە و سەگە برسییەکانیان تێ بەردەدا، چی لەو هەموو مامزە کوژراوە بکەن؟ لەو هەموو کارئاسکە مردارەوەبووە؟ کە لە مەودای گوللەباران و تانجییەکان دوور دەکەوتنەوە... تەواو دەبوونەوە بەو کچ و ژنانەی گوندەکەی خۆتان... دەتووت ژن و کچانێکن هەر هەموو سیپاڵی بەریان... دەرپێ و کراس و کەوا و سوخمە و دەسماڵیان، هەر هەمووی پینەیە و



لەگەڵ هەر تەکانێک و هەنگاوێکدا یەکە یەکە ئەو پینانە دەکەون، ئەو دەشت و دەرە پڕ ببوو لە گوارە و خەزێم و کرمەک و گەردانە و بازن و کلچوک، پڕ ببوو لە تیلمەکراس و کەوا... لە دۆخین و دەرپێی هەلا هەلا... خودا ئەوە چ ڕاوێکە...! تا دەهات تانجییەکانی ئاغا لە تۆ و لە هەمینێ نزیک دەبوونەوە... لە بای غارت دا و پێی گەیشتی... دەستت بێنە هەمین... ڕاستەم برینداره... دەرویش... هەموو ئازا...م برینداره... شێتانە باسکت لە ناوقەدییەوە ئاڵاند و لە زەوی بەرزت کردەوە، لەگەڵ هات و هاواری ئاغا و نەعرەتەی بێ ئامانی و قیژەی ڕاوچییەکان و لوورەی جەرگبڕی تانجییەکان و حەپینی لە هەوادا بڵاوی ئەو هەموو سەگە هەمین ڕەتی برد و تۆش بەدوایدا ساتمەت کرد... لە بەردەمتەوە ماندووانە... کوژراوانە سەر و ملی تێک شکا و دڕک و داڵی ئەو ناوە ڕوومەتی ناسکی ئەمیان زامار کرد، گورج هەستایتەوە و لە باوەشێت کرد و خستتەوە سەرپێیان... بەدەم نووزەوە... بەقورگی پڕ لە گریین و برینەوە تکات لێ کرد: غاردە دەنا دەمانخۆن... لە دواتانەوە هەر ڕاوچی بوو کارمامزێکی کوژراوی بەتەنگەی ئەسپەکەیەوە بەستبوو... وەک سێبەر کەوتبوونە دوای ئاغا... و... ئەویش پێشەنگ... هاوارت کرد... هۆ خودای ئاسمانان ئەگەر... ئەگەر ئەمن و هەمین دوو عاشقە ڕووتەی پاک و بێ چارە بووین دەهەڵمانکێشە بەرەو بن پەڕی هەورەکان، پڕ بەدوو چاوی ڕەش و خوێناوی مامزەکەت تێت ڕادەما، بۆچی نیتە کڵاوی سەخرە جن لەسەر بکەیت و خۆت و مامزەکەت لە چاوان ونبن؟ بۆچی دەنێو هەورەکاندا... لە بنی پەڕەکەی ئاسمانێ بزر نەبن و یان ببنە دوو بەرد و بکەونە ژێر زەریایەکی پڕ لە گێژەنە؟ بۆچی وەک دوو مەلی باڵ خوێناوی ڕووەو ئەستێرەیەکی دیکە نافڕن؟ ئەوەندەی نەمابوو لموزی تاژییەکان بگاتە بسک و شابسکی هەمینێ... پێ و پلی... پاژنەی خوێن لێ تکاوی... ئاغا بەسەر ئەسپەکەیەوە لە خۆشیانا دەیقروسکاند و لەو ناوە بەخۆ و بەتاژییەکانەوە گێرەی پێ دەکردن، باوک و براکانیشی یەکە نیشانەشکێنی گوندی بوون و تۆزیان دەکرد، ئاغا عومرێک بوو تەنگەی زینی ئەسپەکەی شل نەکردبۆوە، چ زەمانێکە باوک و براکانی ئەسپەکانیان لغاوە و جڵەویان وا بەدەستەوە، عومرێکە لەو ڕاوە دەگەڕان، ئاغا تانجییەکانی دەنگ دا و هاواری کرد: قەستەم بەخودا بەزیندوێتی نەیگرن هەر هەمووتان تۆڕی دەکەم، ئەو سەگە و توولە و تانجییانە لە ترسی ئەو هەڕەشەیە باڵیان لێ ڕسکا، لە هیلاکی و مردەنی ئەو هەڵات هەڵاتە سەرت هەڵبڕی، ڕەوە ڕەوە ڕیشۆڵەت بینی کە لەوە دەچوو بەو سەرەتای بەهارە بچنەوە کوێستانێ، سێبەرێکی گەلەک پانیان بەسەر ئەو دەشت و دەرەدا پەرت دەکرد، تا

دەهات نزمتر دەنیشتنەوە، ئەوەندە نزیک کە وەک قەلەڕەشێکی زۆر زەبەللاح دەنووک و چڕنووکیان لە پرچی هەمین و لەسەری کۆتی دەخشاند، قروسکەقروسکی تانجییەکان زەندەقی بردن، هاوارت کرد: هەمین وەرەوە باوەشم! باسکت لە ناوقەدییەوە وەرێنا و تکات لە ڕیشۆڵەکان کرد... دواجارە و فریامان کەون... دواجارە و ئەنگۆ دڵ ڕەش مەبن و ببەخشن، سوێندی شەرەف کە تا ماوم ڕاوتان نەکەم، بەهەزاران دەنووک و چڕنووق ئێوەیان هەڵگرت و بەنێو قووڵایی ئاسماندا دەیانبردن، تانجییەکان لمووزیان بۆ حەوا هەڵدەبڕی، بەدەم کلکە لەقێوە لە ترسانا هەڵدەپەڕین، ترس لە ئاغا و لە پیاوەکانی، قروسکە قروسکیان عومری زەلیلی سەگانەی دەڕژاند، لە دوورەوە... لەو پێ دەشتەدا کە بۆنی خوێن و خۆڵی لێ دەهات هەر بابا بوو تفەنگ و ساچمەی دەتەقاند... ئاغا بەسەر ئەسپەکەیەوە دەخولایەوە، پیاوەکانیشی وەک گەردەلوول بەدەوری ئەودا دەخولانەوە، تووڕە و داخدار و دۆڕاو قامچی لە دار و بەرد دەوەشاند، لە پیاوەکانی، لە تانجی و توولەکانی، لە داخانا ڕاوەدووی تانجییەکانی دەنا و لەژێر ناڵی ئەسپەکەیدا سێ چوارێکی شێلا، ڕووەو ئاسمان سەری هەڵدەبڕی و تفی هەڵدەدا، جنێوی بەجنسی ڕیشۆڵان دەدا، پیاوانی ئاغاش تەڕ دەستانە کەوتنە خۆیان و ئاسمانیان گڕ دا، چەندین ڕەشۆڵە وەک بارانی ڕەش هەڵوەرین، گوللەیەک سەرچیغ قۆڵی ڕاستەتی سمی و بریندارى کردی، بۆ ساتەوەختێ تانجییەکانیان حەپەساند و بۆنیان بەو فڕندە خوێناویانەوە دەکرد، تا دەهات تۆ و مامزە بریندار و هیلاکەکەت لە مەودا و مەدار و بۆسەی تفەنگ بەدەستەکان دوور دەکەوتنەوە، ڕیشۆڵەکان تاوێ قۆزاخەیان بەدەورتا کرد و بەگوێی یەکدیدا خوێندیان، لە دڵتەوە شوکرانە بژێر بووی، ببەخشن کە من بێ مروەت و غەدار بووم، قەت نەمدەزانی ئێوەی ڕەش و برش ئەوەندە دڵپاکن، ئیدی تەواو ڕاوکردنی ئێوە و سەربڕینتان، ئاخ گەر جارێکی دیکە دەکەوتمەوە سەر ئەرز، بۆ خوارەوە ڕوانیت و لە دوورەوە شارێک دەرکەوت، شارێک لەژێر تەمێکی خەستدا کە لە دووکەڵ دەچوو خۆی شاردبۆوە، هەستت دەکرد تاوتاوە ڕەوە ڕیشۆڵەکان بەدەم فڕینەوە باڵێک یان دوو باڵ دادەخزانە خوارێ، تۆ بڵێی ماندوو بن؟ لە پاش چەندین نزم بوونەوە و بەرچاو ڕوون بوونەوە دەیەها مینارەت بینی کە بەئاسماندا ڕۆچوو بوون، لە دوورەوەش قەڵایەک وەک کیسەڵێکی پان و گەورۆنە و مردوو لەپە و ڕوو کەوتبوو، هاوارت کرد: ڕەشۆڵە خۆشەویستەکانم چاوم درۆم لەگەڵ نەکات ئا ئەوەتا شارەکەمان... هێدی هێدی ڕەشۆڵەکان یەک لە دوای یەک دەنووک و چڕنووقیان لێ بەردەدان... ڕیشۆڵەیەک... دوو... دە... سەد... بڵێ هەزاران... هاوارت کرد: نەکەن... تا



هەنووکە فڕندەی چاک بوون... بەیەکەوە، بەنەغمەیەکی پڕ لە ترس و خرۆشەوە، قیژاندیان... قیژەیەکی تیژ و دڵ پڕوکێن... زانیت کە ئیدی دەستبەردارت دەبن، لەوە دەچێ لە کەڵبە و ددانی توولە و تاژییەکان و بۆسەی تفەنگ بەدەستەکان ڕزگاریان کردی تا بۆ خۆیان لە کەوتنەخوارەوە و ترس و مەرگت ڕابمێنن، ئەگەر ئەمنیش ڕاوم کردوون... هەمین چ گوناهی نییە...! دوا ڕیشۆڵە کەوتە قاژە و دەنووک و چڕنووقی لێ بەردای، دەتزانی هەنووکە بەسەر ئاسمانی کام شار و گوندەوەن، لەوە دەچوو ئەو شارەتان جێ هێشتبێ، شاری ژێر تەم و دووکەڵ کەوتوو، نەتزانی لە کوێ دەکەونە خوارێ، دەکەونە ناو کام ڕووبار و دەریاچە، سەرتان لەسەر کام بەرد دەپژێ، کام سەربان و کام کۆڵان، لقی کام درەخت لەناو هەناوت دەچەقێ، تۆ لە کوێ دەکەوی و هەمین لە کوێ؟ کە ڕوانیت سەر بەرەوخوار... دوو فریشتەی پەل بەست و باڵ کراو و لە بەهەشت دەرکراو بکەونە سەر ڕەقەنی خاکێک، هێشتا مامزەکەت وا لە باوەشدا، بەترسەوە خۆی بەتۆوە نوساندبوو، تا لە زەوی نزیکتر دەبوونەوە و لە ئاسمان دوورتر لەسەر و ڕووخسار بەخوارەوە، لە مل و گەردنەوە، لە قۆڵ و باسکەوە، لە قاچ و قولەوە دەگۆڕا و دەبۆوە بەهەمینەکەی جاران، ترس لە کەوتن و مەرگ دەیکردەوە بەژنە پیر و ماندووەکەی جاری جاران، هەردوو باسکت هیلاک بوون و ئیدی چیتر شەنگ و توانات نەما، بەهەموو حەز و حەژمەتی پاش لێک دابڕان توند نووساندت بەدڵتەوە، خەریک بوو پەراسووە ناسکەکانی تێک بشکێنی، زانیت هەر تاوێکی دیکەیە و لە باوەشت دەکەوێتە خوارێ و هەر خودا خۆی دەزانێ سەری بەر چ تاشەبەردێک دەکەوێ و خوێنی ئاڵی دەپژێ، دواجار نیگای پڕ لە سۆز و خەم و عیشق و هەوەس و حەسرەتی تێ بڕیت، لێوانی دەلەرزین و هۆن هۆن دەگریا، ئەوەیان دوا نیگای ماڵئاوایی بوو، ئەگەر خەون نەبێ مامزەکەی تۆزێ لەمەوبەر ببۆوە بەهەمین، خودایە هێز و توانا و بڕستم لێ مەبڕە، تا دەهات باسکت بەسەر کەمەرییەوە شل دەبوو، ڕژانی خوێنێکی زۆر لە قۆڵی ڕاستەت هەمینی لە خوێندا سوور کرد، سووکێ وەک گوڵێکی پەژموردە لە دەستت هەڵبوەرێ... هەڵوەری... دڵت بەدوایدا خورپەی کرد و کەوتە خوارێ، تیژتر لە تۆ ڕووەو زەمین بۆشایی حەوای دەبڕی، لەو ئاسمانە قوڕقوشمییەدا ڕەدووی کەوتبووی، دەتویست بەیەکەوە بکەونە ناو دڵی دەریایەک، سەر درەختێکی پڕ چڵ و پۆپ، سەربانی ماڵێک، ناو حەوشەیەک، دۆزەخێک، یان قەدپاڵی شاخێک و تا دواجار خوێنتان تێکەڵ بێ، کتوپڕ کەوتنە نێو تاریکی، تاریکی شەوی ئاسمانێکی دیکە یان تریاکی بیرێک، بیرێکی بێ بن، بیرێک

له بیرەکانی دۆزەخ، تا جارێکی تر کەوتنەوە نێو ئاسمانێکی رووناکتر یەکدیتان نەدیتەوە، تا پتر دەفڕین، سەر بەرەو خوار، پتر و پتر لە یەکدی دوور دەکەوتنەوە، ئەمجارەیان شارێک لە خوارەوە دەمی بۆ کردبوونەوە، لە دەعبایەکی زەبەلاح دەچوو کەپکەی کردبێ، شاریک کە لەوە دەچوو پێی ئاشنا نەبیت، شارێک کە کتومت وەک شاری نێو حەکایەتە کۆنەکان و ئەفسانەکان وەدەرکەوت، بەر لە تۆ کەوتە خوارێ و لێت بزر بوو، دوو چاوت هەبوو... (دە)ت قەرز کرد، بۆی دەگەڕای، ترسایت لەوەی سەراوسەر بەسەر خاکێکی رەقەنیدا بکەویت و کەللەت بپژێ، هەر چوار پەلت بپەڕن، بێ ئەوەی کەس بتبینێ کەوتیتە نێو گۆلاوێک کە نیو بەژن قوڕ و لیتە بوو، خۆت کیل کردەوە، تەکانت دا تا لەو قوڕە دەربێی کە تێی چەقی بووی، چ قەدەرێکی ناشیرینە... دیسانەوە لە هەمینێ ون بووی، شێتانە رووەو گەڕەکەکانی دەرەوەی شار غارت دەدا و هاوارت دەکرد، لە کێندەری هەمین؟ ئەتوو لە نێو کام کۆڵان... بازاڕ و قەیسەری... کام حەوشە و سەربان... کام گۆلاو و کام گۆڕستان کەوتیت؟ ئیدی دیسانەوە کەوتیتەوە گەڕان و سۆراغ و هەواڵ پرسین... هەر لە یەکەم دەرگای خانوویەکی پەڕپووتی سەرپەڕی شار تا ناوجەرگەی... هەر لە قەرەجە دەوارنشینەکانەوە تا دەگاتەوە بەماڵی ئاغا و بەگلەر و پیاوماقوولەکان... بەردەمی مزگەوتەکان... سینەماکان... چایخانە و مەدیخانە و دەلاڵخانەکان... کوچە و کۆڵانی خانووە قوڕەکان، هەر پەنجەرە و دەرگا بوو دەکرانەوە و... پاشان دادەخران، گەڕەکی کۆشکە بڵندەکان، ناو بازێڕی قاچاغچییەکان، بەردەم حەمام و مەغازە و کۆگا خۆشەکان، لە بەردەمی کەبابچی و لۆقنتەکاندا دەرۆزەکەر ئاسا دەکەوتیت و پاشماوەی خەڵکیت دەخوارد، جاروباریش لەبەردەمی قاپی ماڵە دەوڵەمەندەکاندا خەو دەیبردیتەوە، مناڵە هاروهاجەکانی شار بەردیان تێ دەگرتی، کە ماندوو دەبووی رووەو دەرەوەی شار غارت دەدا و لەسەر داروبەردی ئەوساکە دەشتە لەسەر چاو دەنوستی، وێڵ گەرد و عەوداڵ بەدوای هەمینێدا، هەلا هەلا و ماڵ وێران، پیاوێک لە پینە، رۆژەکانت بەدەم یەکەوە گرێ دەدان، شەوەکانیشت پڕ لە خەونی ناخۆش، زۆر جارانیش وەک نەخۆشێک کە دەردێکی گرانی گرتبێ بێدار و وەئاگا دەتناڵاند، لەژێر هەیوانی مزگەوتەکان و لەسەر تەختەی چایخانەکان سەرخەوێکت دەشکاند، سینەی رووتت دەدا بەر بەفر و باران و هەتاو و رەشەبا، گڕی هاوین هەڵیپڕوکاندی و سەرمای زستان سڕی دەکردی، تەنها بەداماڵینی پێستی هەردوو پێت و کرێژی پشتی هەردوو دەستت دەتزانی چەند جادە و کۆڵانت بەدوای ئەو ژنەدا بڕیوە، سوێندت خواردووە تا نەیدۆزیتەوە پاک خۆت نەشۆی، تا هێزت هەبێ



بەدوایدا بگەڕێی، دەبوو چاوانت بۆ پارووە نانێک نز بکەیتەوە، ئیدی شوێنەکان و کاتەکانت لە لا تیکەڵ دەبوون، لەڕ و لاواز قاچەکانت غەدریان لێ دەکردی و لە دووت نەدەهاتن، هەزار جار چوویتەوە بەردەمی ئەو دوکانەی مەزەندەت دەکرد هی سلێوە بێ، کەچی دراوسێییەکانی بێ مروەتانە دەیانووت: چوویتە بەغدایێ و نایەتەوە، هەر شەوەو لە مزگەوتێک و کەلاوەیەک و کولخانی حەمامێک و ژێر چەتری دوکانێک، جاروباریش بن دیواری قەسری زەرد، بۆنی هەمینێ لەو ئاقارە دەهات، سەرت بەتەواوی رووتایەوە، لە بەردەمی ئاوێنەی ناو چێشتخانەکان دەوەستیت، وا هەست دەکەی ئەو کەسەی تێت دەڕوانی بەتۆ غەریبە، نایناسیتەوە، گەر شاخیش بوویتایە لەژێر بەفر و باران و هەتاودا دادەڕمای، دوو پێی خوێناوی دوات دەکەوتن، لە ترسی مناڵانی هاروهاج دەنێو قەیسەری و بازاڕی قەڵەباڵغ و مزگەوتەکاندا خۆت دەشاردەوە، چەندین عاقڵیان لەو شارە کردە دەللی، بەبەرچاوی دایک و باوکە بێ باکەکانەوە جادە و کۆڵانەکانی شاریان پێ تەی دەکردی، بەردبارانیان دەکردی، بەدەم بای غارەوە بەر سەدەها پیاوی تووڕە و ژنی عەبا بەسەر دەکەوتی و پشتاوپشت دەتخستن و خۆیشت رەتت دەبرد و لەپەو ڕوو دەکەوتی، سەرت دەدا لە رۆخی بەردینی شۆستەکان، وێڵ دەبووی دەنێو کەند و لەندەکان، دەکەوتیتە ناو جۆگەکان، قوڕاو و چلپاو و سیان و گۆلاوی ناو گەڕەکەکان، لە دە لاوە زامار دەبووی، پەڵەی خوێنی وشکەوەبووی سەر دەموچاو و پشتی هەردوو دەستت قەتماغەیان دەکرد و مەگەر باران بیشۆریبایە، لە بەندییەکی هەڵاتووی نێو زیندانەکان دەچووی، لە دزێکی بچووکی ناو بازاڕ و قەیسەرییەکان کە لەسەر بردنی سەرکە توورێک یان هەنارێک راوەدوو بنرێ، لەتاو هەرا و زەنا و فیکە و جڕت لێدانی مەزن و مناڵانی شار رووت دەکردە ئەو دەشت و دەرەوەی شار، ئەو شوێنانەی کە راوە ریشۆڵەت تیا کردبوو، بێزار لە خۆت و لە دونیا بەبەردە فڕکانێ راوەدووی رەشۆڵەکانت دەنا و دەماودەم بەسەر کەستەکی کەڵەکراو و قوچەکی بەردەکاندا دەکەوتی، غارت دەدا و رەتت دەبرد، پەنجەت لە خوێنی رەش و رژاوی سەر بەردەکان وەردەدا و لەزەتێکت لەو ئازارە دەکرد، پەنجە خوێناوییەکانت وەک دە قامکی لەتوپەت بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و دەگریای... کچێ هەمین ئەتوو لە کێندەری؟ پڕ بەو ساکە دەشتە دەتبۆڕاند و پەلەوەرەکانت دەترساند، مار و مێرووی نێو درزی خاک و کونەکان، وەک پیاوێکی شێت، تەواو شێت گازت لە مەچەکی خۆت دەگرت و خوێنت لێ دەهێنا، وەک گیانلەبەرێکی برسی و خەستە گەڕ ببووی، لەتاو خورشتی پێستی لەشت خۆت رووت دەکردەوە و خۆت لەو قوڕ و خۆڵە تەڕەی ناو کێڵگە تازە

تۆوکراوەکان وەردەدا، فێنکی و تەڕی خۆڵەکە کەمەکێ ئۆخژنی پێ دەبەخشیت، هەڵدەستایتەوە و رات دەکرد و تا بایەکی سارد لە لەشی بەخوڕشت و گەڕ و گڕ تێبەربووت بدا، لێرە و لەوێ پنچکی ئەو دەشت و دەرە لە هەردوو پێتەوە دەئالآن و سندمیان دەکردی، پەلوپۆ شکاو دەکەوتی، بەدەم هەناسەبڕکێ و هانکەهانکەوە سەرت لەو خاکە دەچەقاند و بۆ عومری بەباچوو... بۆ دووری هەمینێ هەنسکت هەڵدەدا، راوچییەکانی دیکە بەهەڵەداوان رووەو لای تۆ غاریان دەدا و بەزۆر سەری لە خاک چەقیوی تۆیان بەرز دەکردەوە، یەک دوانێکیان بەقەهرەوە فرمێسکی خۆیان دەخواردەوە و بەیەکەوە دەیانپرسی: دەروێش هەتا کەنگی وا دەکەی؟ لۆ نایەیتەوە ڕاوێ... وەکی جاران؟ بەهەمووان وەک ئەوەی لاشەی مردوویەک لە کەرێک بار بکەن دەیانخستیتەوە سەر پشتی یەکێ لە گوێدرێژەکان و رووەو شار دەیانبردیتەوە، بەزۆریش نەدەچوویتە هیچ ماڵێک، لەسەر سەکۆکان و ژێر چەتری پاسەکان هەناسەیەکی حەوانەوەت دەدا، تا سەرت نەتەقێ بەهەردوو دەست دەتگوشی، ناو مۆخی ئێسقانەکانت ئارەقەیان دەکردەوە، ئەوە هەمینە پێت دەڵێ: لەبەر خاتری من بژی... مەمرە دەروێش تا دەمدۆزیتەوە، ئەمن هەر لێرەم و نەمردمە، هەمیشە لەنێو پەنا و پەسێوی شاردا خۆت حەشار دەدا، لە کەلاوە کۆنەکانیش منداڵ و تاڵ دەورویان دەدای، چیتان لێم دەوێ؟ خۆ ئەمن نە کەسم کوشتییە و نە دزیشم، نەتدەزانی کێیە ئەو پیاوەی هەموو جارێک دەنگی دێتە بەر گوێت: بەس ژن هەڵدەگرێ؟ مەلای نیوەڕۆ بانگی دەدا و لە مزگەوتی خانەقا و لەبەر سێبەری هەیوانەکە بەدەم وەنەوزەوە سەرخەوێکت دەشکاند، بەسەرە سم لەقەیەک و دوو و سێ و دە بەر کەلەکەت دەکەوتن، ئەوەندە لەقەت بەرکەوتبوو وات دەزانی کە کەلەکەت کون بووە، لە چاوی کەس رانەدەمای، هەمووان جگە لە تارمایی هیچی دیکە نەبوون، لە پاش بزربوونی هەمینێ هەموو شارەکان و گوندەکان، شار و گوندی مردووانن، لە چاوانیان رقێکی بێ مانا و قێزوبێز و بەزەییەکی نائادەمیانە ببووە تانە و تۆیان ڕەش دەکرد، بەزەییەک کەمتر لە بەزەیی بۆ پشیلەیەکی کوێر و سەگە بەڕەڵڵایەکی گەڕ و وێڵ گەرد، کچانی کراس کورت و ژنانی عەلمۆدە و عەبا بەسەر لێت دەڕەوینەوە، هەندێ جار وەک کەسێکی نابینا بیت یەکێک دەهات و دەستی دەگرتی و لە جادەکان دەیانپەڕاندیتەوە، تۆش بەگومانەوە لە یەکە یەکەیان ورد دەبوویتەوە، لەناکاو خۆت رادەپسکاند و لێیان دەتەکیتەوە، تۆیان بەسەرگەورەی شێتەکانی شار دەزانی، شێتێک کە بەردەوام وەک ئەوەی زیکری خوا بکا و لە چرکەیەکدا لەبەرخۆیەوە و لەبەردەمی دەرگای ماڵەکاندا، لۆقنتەکان و گەرماوەکان و



دوکانەکان و مەیخانەکاندا دەیەها جار بڵێ: هەمین... هەمین... هەمین... دەنێو چاپخانەکان و لەژێر چەتری پاسەکان و هەیوانی مزگەوتەکان دەردەکەوتی سەد مناڵ بەیەکەوە، سەدەها گەنجی مل هوڕ و تۆلآزی بێ شەرەف بەیەکەوە هاواریان دەکرد ئەوەتا هەمین... هەبوو دەستی بەناو گیرفانیدا دەکرد و دەیووت هانێ ئەوەتا هەمین... هەبوو سەرسەریانە دەستی بۆ ناوگەڵی دەبرد و دەیووت: هانێ هەمین... هەندێ لە دوکاندارانی سمێڵ بابڕ دەستیان بۆ قوونی خۆیان دەبرد و دەیانووت: ئەوەتا هەمین... بەتۆوە گشت شێتەکانی شاریان بەنەفرەت دەکرد، ڕاوەدوویان دەنای، ئەو کاتەی کتوپڕ بەردی وێڵی مناڵێک جامی قەمەرەیەک، شووشەبەندی چایخانەیەک یان جامخانەی کۆگا و مەغازەیەکی دەشکاند، گوناهی شکانی هەر پەنجەرەیەک و جامخانەی کۆگایەک لەهەر کوێ بووایە لە ئەستۆی تۆ بوو، ڕۆژێکیان خاوەنی جوانترین کۆگای شار کە لاوێکی قۆڵ ئەستوور بوو بەرزەفتی کردیت و بەبەرچاوی سەدەها کەس و ڕێبواری تیژ تێپەڕ و پۆلیسەوە دەمتی پڕ کرد لە وردە شووشەی شکاوی جامخانەکەی و هەردوو لا ڕوومەتی تۆی بەزللە ئاگر دەدا و هەڕەشەی لێ دەکردی کە ئەگەر وردە شووشەکان نەجوویی بەرت نادات، دەیووت: مەگەر دەروێش نیت، هەر هەمووان، بەپۆلیسەکانەوە، قاقا پێدەکەنین... زللەیەک و دوو... دە... تۆش لە ترسانا کەوتیتە شووشە جاوین، پاشان لێی دەدایت و دەیووت: ئەوجا هەنووکە بڵێ: هەمین... هەمین... تۆلآزێکی لەو کەرتر تۆی گرت و هەڕەشەی لێ کردیت کە بەزنجیر دەتبەستێتەوە گەر بەپێی پەتی بەسەر وردە شووشەکاندا هەڵنەپەڕیت، هەڵپەڕین بەمەرجی خوێن لێ هاتن، یەکێکی دیکەیان درهەمەکانی لە گیرفانەکانتا دەردەهانی و دەیژماردن و دەیووت: ئەوەیان هەقی جامخانە شکاوەکەمە، ئەو پارەیەش هی ئەو خێرەوەمەندانە بوو کە بەدزییەوە دەیانخستە ناو گیرفانەکانت، یان بەردەمت ئەو وەختەی لەژێر پەنا دیوارێکدا یان هەیوانی مزگەوتێکدا دەبۆرژای، زۆربەی دەمەو ئێواران مناڵانی بیژمۆت سووکێ دەستە باریکەکانیان دەئاخنییە نێو گیرفانە قووڵەکانی شەڕواڵەکەت و درهەم و دینارەکانیان لێ دەدزیت، کەیفت پێ دەهات کە ئەوەندە لێت نزیک دەکەوتنەوە، ئەو ساتەوەختە تاکە وەختێکی ئولفەتی نێوان تۆ و منداڵەکانی شار بوو، لە ترسی تەم و تاریکی دەمەو ئێوارە و تەنیایی حەزت دەکرد مناڵێک، ژنێک، پیاوێک، سەگێک یان هەر ڕۆح لەبەرێک خۆیت تێ هەڵسوێ، بۆنێکی ئادەمیانە بەسەرتا بێ، گوێت لە هەناسەی کەسێک بێ لە نزیکەوە، ڕاکەڕاکەی بەیانی تا ئێوارە لە پەلوپۆی دەخستی، خامۆشی دەکردی، بەدرۆ وەک ئەوەی کە شێت بیت خۆت بۆ دەست و دزینی ئەو هەتیوانە

شل دەکرد کە سەرەتا بەدزییەوە... بەترسەوە لێت نزیک دەبوونەوە، دەستیان لە گیرفانەکانتا ون دەکرد، یەکەمجار بەپەلە و پاشان کە دەیانزانی لەوە ئارام و شلتری دەستت بوەشێنێ بەشێنەیی دوا فلوسیان لە گیرفانت دەردەهانی، دەتزانی رۆژی دواتر بەو پارەیەی تۆ دەچنە سینەما و قاچ رادەکێشن و جرت و فیکە لێدەدەن و جگەرەی زەلیش دەکێشن، لەسەر کورسی چایخانەکان جامانە بەسەر و ئەفەندی تیت رادەمان و بەگوێی یەکدیدا دەیانچرپاند، قەستت دەکرد بزانی ئەو کەرپیاوانە چ دەڵێن، ئەوانەی بەشەو وەک نێرەکەر سواری ژنەکانیان دەبن و بەرۆژیش تا ئێوارەیەکی درەنگ تاوڵە و دۆمینە دەکەن، دەگەڕای... دەگەڕای... دەتویست بزانی هەمین لە نێو کام کۆڵان و لەسەر کام بان کەوتۆتە خوارێ، بێ شک لە شوێنێکدا لە خوێنی خۆیدا گەوزیوە و کەس نەیناسیوە، وەک فریشتەیەکی پیر و پەڕوباڵ کراو کە خودا لێی تۆرابێ و لە ئاسمانەوە هەڵیدابێ، خوویەکی سەیرت گرتبوو، دەچوویتە سەر دیوارە هەرە بڵندەکان و دەتڕوانی، سەر تەپۆلکە و گردۆلکەکان، منداڵانە بەسەر درەختەکاندا هەڵدەگەڕایت و دوورتر لە مەودای بینین دەتڕوانی، جارێک و دوو، دە و... هەزار... دەچوویتە سەر قەڵا و سێبەرت لە چاوانت دەکرد، نیگاکانت لەودیو تەنکە تەم و تاریکی و دووکەڵەوە بەسەر کۆڵان و شەقامەکاندا هەڵدەفڕی، بێ هوودەیە... بێ هوودە... هەر دەرگایەکی داخراو گومانی لە لا دەخولڤاندی، کۆشکە داخراوەکان، تەقەت و داخراو چون قوتوو، ژێرزەمینە تاریکەکان، بنی بیرە سەر داپۆشراوەکان، ڕووخساری هەر ژنێکی کەنگر فرۆش و کاردوو فرۆش تۆلەکە فرۆش و هێلکە فرۆش و شیر فرۆش تێکەڵ بەسەر و سیما و هەیکەلی هەمینێ دەبوون، لێیان نزیک دەکەوتیتەوە، ئەرێ کێهاتان «هەمین»ن؟ هەمین کێیە براله... تێکچووی؟ کارمامزێکی دەشتی قەراجە و لە منی ماڵ وێران بزر بووە، بەشەرمەوە، شەرمی ژنانی دەشتەکی، لەژێر لێوەوە دەم و لێویان بەچارۆگە دەشاردەوە، بەدزییەوە و خنکاوانە دەتریقانەوە... کوو... نایناسن؟ نەتاندیتییە؟ هەمینی من... بێ ئومێد ڕادەوەستای، وەک کۆمەڵێ قەلەڕەشکە لە قیغەقیغ بکەون خامۆش و مردووانە بەدوو چاوی پڕ لە سەرسامی و ترسەوە لێت ڕادەمان، کە دەخزانەوە پاڵ دیوارەکە و دەچوونەوە ناو یەکدی، دەبوونەوە بەدیوارێک لە ژنی سەرسام و زەندەق چوو... تۆ دەڕۆیشتی... حەزت دەکرد بگەڕێیتەوە کەلاوەکەتان و بۆ دواجار بۆن بەدار و بەرد و خۆڵ و هەنار و هەنجیرە زڕەکەوە بکەی، دەرگا داخراوەکانی حەوشە و ژوورەکان و گەنجینەکە بکەیتەوە، جارێکی دیکە لە بەردەم کۆلیتی مریشکەکاندا کرۆشکە بکەیت و بەیادی جاران دەست بەنێو «کا»ی تەڕ و ڕیقناویدا



بگێڕی و لە هێلکە بگەڕێی، ئەگەر کەر و مانگا و مریشک و جووجەڵەکان زیندوو بن بیانگێڕیتەوە، هەرچییەکی کە دزراوە و براوە، لەوانەیە هەر بەموعجیزە «هەمین»یش کت و پڕ لە ئێوارەیەکی ناوەختا بگەڕێتەوە، ڕەنگە هەناسەی هەمینێ لە درزی دیوارەکان بەجێ مابێ، خەونێکی جوانی لە سەر یەکێ لە بالیفەکان، قریوەیەکی شەرمنانەی لەناو حەمام ئەو وەختەی کە بەبیانووی پشت شۆرین نقورچت لێ دەگرت، بێ شک لیفەکەیەکی کۆن، بەردە پێیەک، کەرتە سابوونێکی وشکەوەبوو کە ئەو دواجار دەم و چاوی خۆی پێ شۆریبێ، سندوقی بوراقەکە دەکەیتەوە و دەم و چاوت لە جلە جێماوەکانیدا غەرق دەکەیت و تا دەمری بۆنیان دەکەی، ئەی خودا لەو بۆنە خۆش و دەگمەنە کە بۆنی هیچ ژنێک لە دونیادا نایگاتێ، بۆنیان بکەیت و بگری، بگری... لەوانەیە چەند تاڵێک لە پرچی بەسەر سەرپۆشە سپییەکەوە جێمابێ، ئەو سەرپۆشەی بەتەنها لە پرسەکاندا سەر و پرچی پێ دادەپۆشی، خۆ لەوانەشە لوولەیەک لە قژی لە نێو ئەو قوتووە ژەنگاوییەدا بێ کە هەمیشە لە سووچێکی حەمامەکە دانرابوو، بێ شک جێ دەست و پەنجەی ئەو بەسەر دارو بەردی ئەو کەلاوە کۆنە جێماوە، ئاخێک... هەنسکێک... قوڵپی گریانێکی خنکاو لەنێو لوولەی دووکەڵکێشی زۆپاکە، جێ پێیەک لەناو حەوشەکەدا، وێنەیەکی زەرد و ڕزیو دەنێو قوتووی مت و مورووەکانی، ئەنگوستیلەیەک، گوارەیەک یان خەزیمێکی سەردەمی کچێنی، بەو ئومێد و خەونەوە زۆر گەڕای، شەو و ڕۆژ بەدەم زیندە خەوەوە، چەندین جار خۆر هەڵات و خۆر ئاوا بوو، لەوە هیلاکتر و گەڕیدە و کاستر بووی شەو و ڕۆژەکان بژمێری، لە بەردەم کەلاوەیەک و دەرگایەکی شەق و شڕدا خۆت دۆزییەوە، بەپێی ئەو زنجیرە قەف ئەستوور و لەیەک بەستراوە خۆبەتی، وەک دواجار کە مامزەکە لە باوەشتا هەڵەتە بوو ئاوڕت دایەوە، هەروەک بڵێی لەو ساکە دەشتەدا بەتەنها کەلاوەکەی تۆ و هەمین دار و پەردووی بەسەر یەکدیدا ڕمابێ، وەک دوا ماڵی ڕماوی ئەم دونیایە، ڕما و بەدوو چرکە بەر لە لێدانی شەیپور و هاتنی قیامەت، بەچواردەوری خۆتدا خولت دەخواردەوە، بەچواردەوری کەلاوەکەدا، کوانێ فڕندەیەک بەئاسمانەوە.؟ خەڵقەندەیەک بەسەر خاکەوە؟ مار و مێروولەیەک؟ کوانێ... بۆ کرمێک لە بەر پێتا ناجووڵێ؟ چڵە گیایەک نالەرێتەوە.؟ هاوارێک... نالەیەک... قریوەیەک... گریانی منالێک... قیژەی ژنێک... کۆکێنی پیرەمێردێکی وەرەم دار؟ کوا هەراو زەنای ئاژاوەیەک... جنێوی زۆری پیاوە توورە و داخدارەکان.؟ زیکری دەروێشە لە خواترساوەکان؟ هەلهەلەی فڕیوی ژنێک لە زەماوەندێکدا؟ زریکەی لە ناکاوی یەکێکی دیکەیان لە پاش هەواڵی کت و پڕی

مەرگی ئازیزێک؟ ئەتۆ چۆن بزانی ئێرە گەڕەکێکی قەڵەباڵغی ناو شارێکی زۆر گەورەیە؟ کوو بزانی ئێرە خاکەسارێکی چۆڵ و خامۆش و قەفرانییە تا بنی دونیا؟ پەنجەکانت لەو خۆڵ و تۆزەی ناو حەوشەکە وەرداو چنگێکت هەڵگرت و وەک شەکرۆکە خستتە ناو دەمت، گەرد بەگەردیت جوویی و قووتت دا، بێ شک پێیەکانی هەمینێ ڕۆژانێک یان ساڵانێک لەمەوبەر بەر ئەو خۆڵو تۆزە کەوتوون، ئاە... خودا هاوار... خۆ هیچ ئاسەوارێکی تێدا نەماوە بەڵگەی ئەوە بێ کە دوو کەسی کڵۆڵ، ژن و مێردێکی ساویلکەو ڕەنج بەخەسارو دەشتەکی لێرە ژیابن؟ دوو عاشقی وێڵ گەردو ڕەشۆکی ئا لێرەدا گریاون و پێکەنیون، ئەی خودا مانەوە دوای هەمینێ چ مەینەتییەکی گەورەو دەردێکی گران و... چ خەو زڕانێکی ئەبەدییە؟... ئەوەندەت هاواری «هەمین»ێ کرد تا دواجار وەک ئەو کەسەی کلی دەرخوارد درا بێ دەنگت نووسا، ترسایت و لەو کەلاوە کۆنە دەرپەڕیت، کتومت وەک ئەو ڕۆژەی هەمین هاتە خەونت و هەر لەو ساکە دەشتەش لێت بزر بوو، بێ باک لە دەورانی فەلەک، لە لێکدی ئاوس بوونی شەوو ڕۆژەکان، تەنها خۆشیت ئەو گەڕانە بێهوودەیە بوو، گەڕان بەدوای هەر تارماییەک لە هەمینێ بچێ، ماڵی ئاغاکان و کوێخاکان و بەگلەرو بازرگانەکانت هەراسان کرد، ئەوەندەی لە بەرقاپییەکانیان کزۆڵەو سەرکز خۆت گرمۆڵە بکەی، بووی بەسەر قافڵەچی شێتەکانی شار، هەر بەتەنها خۆت خەمی هەموویانت دەخوارد: هەیاس... محێگن... کەسک و سۆر... چورچە... بەخۆکە... جوعە... کسۆ... حەمە شێت... سابیر مارات... خدە لیکن... خاتە کوڕانی...بەسێ بێ دەرپێ... دەللی حوسنی... دەیەها کە ناویانت نەدەزانی... کارەساتی ڕاوکردنی تۆو شێتەکان هەر لەو شەوەدا تەقییەوە کە حەسحەسەکان دەنێو قەیسەریدا دەنگی پیاوێک دەدەن و... ئەم ناوەستێ... میلی تفەنگی لێ ڕادەکێشن و... ئەم ڕادەکا... دەست ڕێژێک و لە خوێنی خۆیدا دەیگەوزێنن... کە دەچنە سەری «پیرداوەدە شێت»ە و کەس نەناس بۆ بەیانی شارەوانی ناشتی و تۆ تەنها کەسێک بووی لەسەر گۆڕەکەی دەگریای...

تەواو... هەر هەموو بەگزادەکان و پیاوماقوڵانی شار مەزبەتەیێکیان نووسی و... خرا بەردەمی «موتە سەریف»، وا بڕوا شێتەکان و سەگەبەڕەڵڵاکان دەمانخۆن، ئەم شارە کە عومری هەزاران ساڵە خەریکە شێتەکانی لە عاقڵەکانی پتر دەبێ، ئەوە شارە یان شێتخانە... دوکاندارو لۆقنتەچی و خاوەن کۆگاو موغازەکان لە ترسی بەردە فڕکانێ بۆ کوێ بچن؟ هەر هەموو پۆلیس و سەرباز و خەفیەکان و یاساوڵەکانی شەوو پیاوانی حوکمەت کەوتنە خۆ، هەر هەمان ڕۆژ سەگ کوژەکانیش ئاگادار کرانەوە، یەک هەڵمەتی دلێرانە و



شار پاک دەکەینەوە، نابێ شێتێک قورتار بێ، هیچ سەگێکیش لە دەوروبەری قەسابخانەکەش بمێنێ، جێگەو ڕێگەی شەوو ڕۆژیان تۆمارکرا، قوربان لۆ دەرۆزەکەرەکانیش نە پێچینەوە؟ ناشوکری نەبێ خەڵکی ئەوانیشیان شێت کردییە... بیاننووسن... کێ زەرەری هەیە بینووسن...

لە ڕۆژێکداو لە ئان و ساتێکی دیاریکراودا بوو بەقاو... شار خرۆشا... سەدان پۆلیس و سەرباز و باشبۆزغ کەوتنە سەر جادەو نێو کۆڵانەکان و گوزەری دارتاش و ئاسنگەران و قەیسەری و بازاڕ و بەرهەیوانی مزگەوتەکان ناو گۆڕستانەکان، بەهەزارەها مناڵ کە لە بەزمێکی وا دەگەڕان... دەستگێڕە مایەپووچەکان، گەنجی دەست بەتاڵ و ترۆ، پیاوانی بێ دەماغ کە لە تاوڵە و دۆمینەی نێو چایخانەکان بێزار بوون، هەر هەموو بوون بەدەلیل و چاوساغی پیاوانی دەوڵەتی، ناویان نا ڕۆژی ڕاوکردنی شێتەکان، دەیەها دەرۆزەکەر و بێ ماڵ و دەرەتان وەبەر کەوتن، پیکەب و جیب و کامیۆن و لۆرییە قەفەزدارەکان گران وەک دەعبایەکی لە ئاسن دروستکراو ناڵە و گڕەگڕی مەکینەیان تێکەڵ بەهاوارو زەنا و فیکە و جڕت لێدانی گەورە و بچووک دەبوو، مناڵانی سەرکەو بنکە دەکەوتنە بن دەست و پێی ئەسپی سەگوژەکان و نەدەڕەوینەوە، تا دەرەوەی شار دەکەوتنە دوای سەگە بەڕەڵڵاکان و بەدەم بای غارەوە هەر سەگوژ بوو نیشانەی دەگرتەوە، تا دەهات کەلاکی سەگە کوژراوەکان زیادی دەکرد، لە دوورەوە لە کەرنەڤالێکی عەجایب دەچوو، ئەو ڕۆژە پیاوانی بێ ئیشی بەردەمی دوکانەکان ئەوەندەیان جڕت لێدا، لەوەدا بوو گوپیان بدڕێ، دەبوو پۆلیسەکان بەدارحەیزەران مناڵەکان لە خۆیان پاس کەن، تا دەهات تەکانی شێتانەی ئەو مەحشەرگەلە لە هەموو کون و قوژبنێکی شاردا دەتەنییەوە، لافاوی ئەو خەڵکە کتومت لە لافاوی ئەو شەوە دەچوو کە هەموو شتێکی ڕادەماڵی، لە بڵند گۆکانەوە جاڕ دەدرا کە ئەوڕۆکە تا ئێواری هەرچی شێت و وێت هەیە دەبێ بگیرێ و هەر هەموو سەگە بەڕەڵڵاکانیش بکوژرێن، هەر مناڵی چڵکن و چڵـــمن بوو، هەر لاوی مل هوڕ و دەست بەتاڵ بوو، بەخۆڕایی دەبوو بەدەلیل و بەنەرمە غارێکەوە کەوتبوونە پێش لۆری و جێب و پیکەب و ئەسپ سوارەکان و شێتەکان و سەگە بەڕەڵڵاکانیان قاودەدا، تۆش بێ ئاگا لەخۆت و لە بڕیاری شێتانەی شارەوانی، بێ ئاگا لەو هەراو زەناو زایەڵە و قاوو قیژەی کە ئاسمانی شاری پڕ کردبوو لە دەنگەدەنگ و قەڵەباڵغی، ئەو هات و هاوارە دەڕژایە ناو کۆڵانەکان و حەوشەکان و سەربانەکان و سەر جادەکان، دەڕژایە سەر گومەزو منارەکان، لەوە دەچوو یەک شار ڕاوکردنی شێتەکانی کردبێ بەبیانوو تا وەکو شێتی و هاربوونی خۆی فڕێ بداتە

ناو هەواو سەرجادەکان، کوشتنی سەگەکان بکا بەبیانوو تاوەکو ئارەزوویەکی کوشندەو خوێناوی خۆی لە خوێن ڕشتن تێر بکات، ئەوەندەی نەدەما سوار ئەسپەکان و ماشێنەکان ئەو منالآنە بشێلن کە ساتمەیان لە یەکدی دەکرد، یان بەدەم پاشقوڵ لێ گرتنەوە دەکەوتن، منالّەکان لەپە و ڕوو دەکەوتن و هەڵدەستانەوە، تا دەهات لافاوی مەردووم پڕ بەجادەکان شەپۆلی دەدا، ڕۆژی ئەوە بوو گەورەکان بوز و تیلک بەگچکەکانەوە بکەن، گچکەکانیش بەگەورەکانەوە، کوڕو کاڵ خۆ بەژن و کچانەوە بنووسێنن، نقورچ لە لاڕان و سمتیان بگرن، ئەو شێتانەی فامیان بەو ڕاوە دەکرد بەچوار لۆقە بەنێو کۆڵان و جادەکاندا غاریان دەدا، هەندێکیان وەک بێچووە قەتێ هەر بەکلاو گیران، لە سەد لاوە بەریان پێ دەگرتن و پەلبەست دەکران، ڕاوێکی خۆش و بەلەزەت، بەپاڵ و شەق و پێلەقە سەردەخرانە ناو ماشێنەکان و وەک کۆنە جل فڕێ دەدران، دەنێو قەفەزەکانەوە وەک کۆمەڵێ گیانداری کێوی بەهەر چوار دەورەی خۆیاندا خێل و خوار دەیانڕوانی، بێ ئەوەی لە هیچ تێ بگەن و... بەهیچ بزانن... «کسۆ»یان لە قەسابخانەکە هێنایەوە، ئەو شێتەی ئولفەتی بەسەگە بەڕەڵلاکانەوە گرتبوو، «هەیاس» دەنێو کولانەی سەگەکانی پشت دیواری قەسری زەرد دۆزرایەوە، بەدە زەلام تێیان هەڵدەداو بەرزەفت نەدەبوو، تێی هەڵدەن تا هەنووکە دە کچی فەساد کردییە، «خدە لیکن»یان لەژێر هەیوانی مزگەوتی خانەقا دەرهانی کە بێ ئاگا لەخۆی دەنکە شقارتەی بەدەنکە شقارتە دادەگیرساند، حەمەیان لەژێر گردێک لە ئاسن و پاسن و تەنەکە و سکراب دۆزییەوە کە پاشەڵی ڕووتی لە منالّەکان کردبوو بەو نیازەی لێی بگەڕێن تا گوو... دەکا... «بەخۆکە» خۆی بەدارتەلێکەوە شۆڕ کردبۆوە و وردەی بۆ منالآن هەڵدەدا، «جوعە» چووبووە سەر دیواری یەکێ لە کەلاوە ڕماوەکانی ناو قەلآ و مەملەکەتێکی لە خۆی کۆ کردبووە، خوتبەی دەدا و... هاواری دەکرد: نەدەبوو کۆمارە گجکەلۆکەکەمان بڕوخێنن... لە عەرز و نامووسی "ستالین" ببەم... خوشکی کەر بگێ... وتیان... حوسنی دەلی کە ساڵ دوانزەی مانگ لە شۆفیرەکان ئاوس بوو بەدەم بای غارەوە کەوتووە و منالّی لەبار چووە و مردووە، تۆ لە هەموویان بێ ئاگاتر لە بەردەمی هەیوانی مزگەوتی زەرد، دوای شەوێکی درێژی خەوزڕان و وێڵ گەردی خەوە تۆتکە دەیبردیتەوە، سەرت بەکلآوەی ئەژنۆت دەکەوت و ڕادەچەنیت، قیژە و زریکەی بێ ئامان لە دوورەوە دەهاتە بەرگوێت، تا دەهات نزیکتر دەبۆوە، حەزت کرد بزانی چی بووە، بەپڕتاو بازێکت دا و گەیشتیتە بەردەرگای دەرەوە، وەستایت و ڕوانیت... تۆ بلّێی تەرمی پیاوێکی گەورە ببەنە سەر قەبران؟ هەزار کەس بەیەکەوە هاواریان کرد «ئەرێ وەڵڵا خۆیەتی... دەروێشە»



ئیدی تۆ ئەوەندەت پێ کرا بەر لەوەی ئەو ئاپوورەیە دەستی بتگاتێ ڕابکەی، ها لێرە و ها لەوێ، لە هەر دوو ڕیان و سێ ڕیان و چوار ڕیانێک سەرت لێ دەشێوا و لە بەرخۆتەوە دەتپرسی: کامەیە ڕێی نەجات؟ دوعات دەکرد ڕێت نەکەوێتە کۆڵانێکی داخراو، خەڵکێکی تێکەڵ و پێکەڵ کە ساتمەیان لە یەکدی دەکرد، جلی جیا و ڕەنگا و ڕەنگ، منالآن وەک چۆلەکەی باڵ شکاو باڵیان لێک دەدا، شاد بوون بەو هەرایە، ئوتمبێلەکان دەنێو ئاپوورەی خەڵکدا گێژیان خوارد و بزر بوون، خۆیان لە عەرەبانە و ئەو سندوقانەی سەر شۆستەکان دەدا و قلّپیان دەکردنەوە، هەر هەموو گۆزە و کوپەی ڕیزکراوی گوزەری گۆزەکەرەکان شکان، منالآنی سەر دار سنۆبەرەکانی لا ڕێگاکان بەرد و مازوویان دەگرتە ئەو حەشاماتە، هەر بابا بوو دەیویست قەپەنگی دوکانەکەی دابداتەوە نەبا دزی لێ بکرێ، کە کەوتیتەوە ناو گوزەری کەوبازەکان چی قەفەز هەبوون لەژێر دەست و پێی ئەو هێرشی مەردوومەدا ورد و خاش بوون، چەندین بولبول و کەو و کۆتر فڕین، ژمارەیەکیش مردن، کە دەتدی لە بەرامبەرتەوە ئاپوورەیەکی دیکە دەرکەوت، بەلای چەپ یان ڕاستدا ڕێت دەگۆڕی، هەبوون هەر بۆ مەزاق کلآویان بۆ ئاسمان هەڵدەدا، بێ سەر و بەر بەناو یەکدیدا دەخولانەوە، هەندێ لە پیاوەکان منالّە وردیلەکانیان خستبووە سەر قەلآندۆشکان و پڕ بەقوڕگ هاواریان دەکرد، لە هەڵچوون و داچوون نەدەکەوتن، بەهەر چوار لادا ئەو خەڵکە دەستی ڕادەوەشاند، یەکێک دەکەوت و یەکێک هەڵدەستایەوە، پێ دەکەنین و دەتریقانەوە، هۆی هەلەلە... هۆیها... لە ڕقی مەزاقی ئەو عەزازیلە پۆلیسەکان جنێویان بەدار و بەرد و ئاسمانیش دەدا، گوو بەشەرەفی ئەو کەسەی ئەم بەزمەی خولّقاند... ئەو گەوادانە با خۆیان بێن ئەو ڕاوە شێتە بکەن، لە عەرزی موتەسەریف بەم...

لە دواتەوە هەر هەموو هاواریان دەکرد: «هەمین ئەوەتا دەروێش بگەڕێوە» ، نەتدەزانی سەیری کام لا بکەیت، بەچوار چاو دەتڕوانی، کە یەکێک بەری پێ دەگرتی وەک کەرتە شاخ خۆت پێدا دەدا، نەتدەزانی ئەو هێز و شەنگەت لە کوێ بوو، ساتمەت لە دار و بەرد دەکرد، جەمەدانی و کلآوت فڕین، کەوتە بن دەست و پێی مەوجێک لە بەشەر کە تا دەهات زۆرتر دەبوون، کەس گوێی بەو منالآنە نەدەدا کە دەکەوتنە بن دەست و پێیان، بەو سەگانەی کە لەسەر جادە و لاکۆڵانەکان دەکوژران، ئەوانەش کە ژەهر خواردوو کرابوون، ئەوەندە وێنەکان بەناو یەکدیدا دەچوون تا هەر هەموویان بوون بەیەک بوونەوەری زەبەللاح، دەعبایەک کە هەزار چاوی هەبێ، هەزار دەم بۆ جنێو و جڕت لێدان و هوویها کێشان، هەزار دەست بۆ شەپازللە و... هەزار پێ بۆ غار و ڕاوەدوونان، ئەو هەموو وێنە

زۆر و کت و پڕ گۆڕاوە کوێریان کردی، ئەو هەمموو هاوارە کەڕیان کردی، هەزار وێنەی ترسناک و دوو گلێنەی تەقیو، تەقیو لە تۆقین و ترسدا، دەتخواست دوو باڵت لێ بڕسکێ، هەندێ جار سووک ڕیشۆڵە ئاسا دەفڕیت و هەندێ جاریش وەک خەرتەل باڵە خوێناوییەکانت لە زەوی دەخشان، لە کوێوە دێ ئەو هەمموو قاو و قیژە و قریوەیە؟ دەتووت بۆ دواجار دەیانەوێ بەهەمموو شاردا بتگێڕن و ئەوسا بتگرن، بتکوژن، کەس پەنات نادا، هیچ مزگەوتێک، هیچ کەلاوەیەک، هیچ دوکانێک، هیچ ماڵێک، هیچ چایخانەیەک، مەیخانەیەک، هیچ... هیچ... هیچ کەس... لە ناکاو کاروانی حەشاماتێکی ڕاکردوو بەدوای شێتێکی دیکەدا کەوتە ناو شارێک لە گەنجی مل هوڕ و منداڵانی چەتوون کە کەوتبوونە دوای گۆلەسەگێکی قاچ شکاو... وەک دوو دیواری ئەستوور و پان لە مەردووم یەکدیان دەبڕی و لە یەکدیان دەدزی، بەسەدەها وازیان لە ڕاوەدوونانی گۆلەکە هانی و کەوتنە دوای شێتەکە، بەسەدانی دیکەش بۆ ڕاوی گۆلەکە وازیان لە شێتە هانی، ئەو ڕۆژە منداڵە هار و تۆڵازە بەلانگەزەکان حەزیان دەکرد ببنە دوو لەت، لەتێکیان سەرگەرمی ڕاوەسەگ بێ و لەتێکی دیکەی بکەوێتە دوای شێتەکان، ئەوانەی لە غارغارێنی دوای سەگەکان شەکەت دەبوون دەکەوتنە دوای شێتەکان، سەگە بەرەڵڵاکان خۆشبەزتر بوون، خۆ بەیەکەوە بەردە باران دەکران، بەیەکەوە بەر لەقە دەدران، بەیەکەوە لە پەناو پەسێرەکاندا قاو دەدران، بەیەکەوەش دەنێو دوکان و ناو حەوشەی دەرگا وازی ماڵەکاندا دەردەهێنران و بۆ بەزم و زرمەزلێ و قۆشمە و عەزاب فڕێ دەدرانەوە سەر جادەکان، جادەی سیخناخ بەمرۆڤ و ماشێن و ماتۆڕ و عەرەبانە و پاسکیل، هەر دەتووت شار دەعبایەکی بێ دڵە و کوێرایی داهاتووە و هیچ نابینێ، کەڕە و هیچ نابیستێ، لە پاڵەپەستۆی ئەو هەمموو گۆشت و ئێسقانەی چوار دەورت هەناسەت لە بەر بڕا و لەوەدا بوو بخنکێی، لەو هەمموو بەریەکدی کەوتنە، لەو هەمموو فڕکان فڕکان و دەستا و دەست کردنە، لەو هەمموو ڕاکێش ڕاکێشەدا جلەکانی بەرت کە هەر خۆیان هەلاهەلا و پرزۆڵ پرزۆڵ بوون پینەیان لێ دەکەوتە خوارێ...

«خودا هاوار... فریام کەوە و بەتەنیا جێم مەهێڵە...»

چ لەزەت و خرۆشانێکە ئەو هەمموو ترس و تۆقین و زەندەق چوونە دەنێو چاوانی سەگەکان و شێتەکان، هەندێ لەو کچە بەندەوارانەی نێو ماڵە تەنگ و تاریکەکان بەبیانووی دەردانی باراناوی ناو حەوشەکان چلکاویان بەسەر سەر و قامەتی ئەو ڕەشە خەڵکەدا دەڕژان، هەر ئەو ڕۆژە منداڵان دەیەها تەنەکەیان بەکلکی کەر و پشیلە و سەگە بەرەڵڵاکانەوە بەست، لە سەد لاوەش بەدار و تێلا تێیان بەر دەبوون، ئەوەیان کە خۆش



نەدەبەزی لە هەمموان پتری بەردەکەوت، تۆش لەوان گێژتر بۆ هەر لایەک ملت دەنا... دیوارێک لە مەردووم ڕای دەگرتی... دەکەوتی... دەخەوتی... دەمردی... وەلێ نا... یەک هەزار دەست بەیەکەوە لە خەوی دەکردی... لە مەرگی دەکردی... چیتر پێیەکانت، دەستەکانت، چاوەکانت، ڕۆحت هی خۆت نەبوون، کەس ئەو هەمموو قەهر و فرمێسکەی نەدی، بەلەقە لە بن گونیان هەڵدەدای تا زووتر ڕاست بیتەوە، سەری دارێکی تیژیان لە پشتی ملت گیر دەکرد تا بناڵی، تفیان دەکردە ناو چاوت تا بگریت، شێتێکی دیکەیان دەهێنا و لە بەردەمتا بەدەیەها کەس دەیان گرت و تەنەکەی زبڵیان بەسەردا قلپ دەکردەوە تا وەک سەگێکی تەڕ خۆی ڕاوەشێنێ، لەو هەترەش چوون و ترس و تۆقینی باریوی ناوچاوانی ئەو؛ تۆش هەترەشت دەچوو، هەرکەس لەو ڕۆژەدا دەیویست دەستی بەشێتێک بگا و تێی بسرەوێنێ، هەر دەتوت خودا ئەو کەسە نابەخشێ گەر تفێک نەکات، جنێوێک نەدا، دەستێک نەوەشێنێ، دەمە و نیوەڕۆ کە قوتابییەکان بەرەڵڵا بوون و فەرمانبەرانیش ڕژانەوە سەر جادەکان، ئاپوورەی خەڵک لێرە و لەوێ جۆشی دەسەند و... هەر تاوێک و سەر جادەکان پڕ بوون لە قەڵەم و پەرگاڵ و ڕاستە و لاپەڕەی دڕاوی دەفتەر و کتێبەکان کە بەدەم فڕینی سەدان «پێ»وە دەفڕین، ئەو هەرا و هۆریا و هەڵڵا و هەنگامەیە بیانوویەکی ڕێک ڕەخساو بوو کە کوڕیژگە برسی و لاوە لۆتییەکان خۆ لە سەبەتەی میوەجاتەکان بدەن و بەگۆڕێی وەبکەن، خۆپێدادان بەجامخانەی کۆگاکان، خۆ نووساندن بەو ژن و کچانەی بەرێکەوت دەکەوتنە ناو بازنەی ئاپوورەکان، لە ئاسماندا «با» بەر «با» و بەرد بەر بەرد دەکەوت، دواجار لێ گەڕای وەک گەڵایەک بکەوێتە بەردەمی لافاوێک لەگەڵ خۆیاندا ڕاتماڵن، بەر دیوار و مەردوومەکان دەکەوتیت و بەر دەبوویتەوە، هەر بەو کەمە قژە درێژەی پشتی سەرت ڕاستیان دەکردیتەوە و... دەیانووت:

«ئەوەتا هەمینمان دۆزییەوە»

وەک لە خەودا بیت لە خۆشیانا ڕادەچەنیت و ئەوان دەتریقانەوە، وەک سەگە ڕاوەدوونراوەکان لیکت دەکرد و لەسەر چوار پەلان دەخشیت، لەسەر ئەژنۆ، لەسەر ئەنیشکەکانت، دارستانێک لە قاچ گەمارۆی دابووی، زوو زوو بەنووکە شەق لە کەلەکەیان هەڵدەدای، نەتدەتوانی بپارێیتەوە، زمان لە دەمتا ئاوسابوو، لە دوورەوەش شەقژنی گوللە و قروسکەی غەمهێنی بەر لە کوشتنی سەگەکان دەڕژایە خەرەندی ڕۆحتەوە، گریان و ناڵە و هاواری شێتەکانی دیکە کە تاو نا تاوێک بەلاتدا تیژ تێدەپەڕین کە هەر دەتووت سواری شەپۆلێکی زۆر گەورەی مەردووم بوون و ڕووەو

کەنداوێک دەڕۆن، لە هەر چوار لاوە «با» هەڵیکردبوو، دەنگەکانی... ناڵە و هاوارەکانی... جرِت و جنێوەکانی... قروسکەکانی تێکەڵ دەکرد و دەیهانی، کت و پڕ هەناوت تێک هەڵهات و بەسەر پێڵاوی دەیەها کەس ڕشایتەوە کە هەر زوو لێت تەکینەوە، پاشان بەغەزەبەوە و بەپرتاو لە بن چەناگەیان هەڵدای، پتر ڕشایتەوە، لە ناکاو گوللەیەکی وێڵ بەرتەختی تەوێڵی یەکێک لەو ئاپوورەیە کەوت، هەر هەموو خەڵکەکە لە ترسانا تەکینەوە و هەر دە هەنگاو لە دووری تۆوە پیاوێکی شرۆڵ خوێنی لەبەر دەڕۆی، ڕاستەپێ هەستایتەوە و کەوتیتەوە غار، بەردیوار و دارتەل و دیوارەکان دەکەوتی، دەتووت بەدە کەس چرنوق لە دەم و چاوت گیر دەکەن، ناو دەمت تاڵ، هەناسەت لەبەر بڕابوو، وات هەست دەکرد تاوێکی دیکە مێشکت لە کونە کەپووتەوە دەڕژێ، کەوتیتەوە سەر ئەو جادەیەی پڕ بوو لە سەبەتەی نێرگز، سەدەها مناڵ بەیەکەوە هاواریان دەکرد: «نێرگزی ئەوەل بەهارێ» ، کە تۆیان بینی هەر هەموو هەستانە سەرپێ، تۆ بڵێی وا زوو بەهار هاتبێ و نەتزانیبێ، دیسانەوە لافاوی دیکە لەو عەزازیل و مەحشەرگەلە کەوتنەوە دوات، لێت نزیک دەکەوتنەوە، جارێکی تر لۆرییە قەفەزدارەکان دەرکەوتنەوە، لە دواتەوە هەر سەبەتەی پڕ نێرگز بوو بەر لەقەی خەڵکی دەکەوت و چەپکەکان دەکەوتنە ژێر پێیان و دەیانشێلان، دەتویست بگەیتە دوکانەکەی «سلێوە» و فریات بکەوێ، ئەو سوێند بخوات کە تۆ شێت نیت، پڕاوپڕی کۆڵان و جادەکان خەڵکی خۆیان بەدیوارەکانەوە نووساندبوو نەبا ژێر پێی ئەو زریانی مەردوومە بکەون، نەبا بەر ڕەشەبای شێتی ئەو عالانە بکەون، سیی ساڵە ڕاوە ڕیشۆڵە دەکەیت و هەنووکە خۆت ڕاو دەکرێی، ڕاوە بەراز... ڕاوە ئاسک... ڕاوە کەروێشک... ڕاوە سمۆرە... هەموو جۆرە ڕاوێکت بیستبوو... بەڵام ڕاوە مرۆڤ...؟ نەخێر... تۆ بڵێی تۆ دوا شێتی ئەم شارە بیت کە ماوە و ڕاو نەکراوە؟ خۆت لە ماڵەکان دەکوتا و سەر قاڵدرمەکان دەکەوتی، سەربان و سەربان وەک پشیلەی تۆقیو بازت دەدا، دەتقوچاند، لەودیو تاق و پەنجەرەکانەوە، لەناو بالکۆنەکانەوە لەو حەشاماتە سەر شێتە ڕادەمان، ماسولکەکانت شلتر دەبوون، چاوانت لێڵ و وێڵ، گرێک لە سەرتا، دوا ئاوڕت دایەوە و زانیت مەحاڵە دەرچوون، لەو دوورەوە لەوە دەچوو سەما بکەی، لەترت دەدا، سەرسمێک و دەکەوتی، تا دەهات بەهەر چوار دەورتەوە هالاوی گەرم و گەنیوی هەناسە و هاڕەی هەمووان دەتپروکێنێ، چەقۆت پێ نەبوو دەنا خوێن بەرەیەکت دەبڕی تا چی زووە لەوێوە هەناسە بدەی، سەرت هەڵبڕی و ئاسمان هەر بەقەد سینییەکی مسین لە نێو هەردوو چاوانی پڕ ترس و سامتدا تیژ دەخولایەوە، تەکانێکی دیکەت دا و وا گەیشتیتە نزیک



دوکانەکەی «سلێوە» ، دوا هاوارت بۆ ئەو بوو بتبینێ، وەلێ ئەو هاوارە تاساوە لە قورگتا خنکاو هەر دەرنەهات، لەپە و ڕوو کەوتیت، وایت لەژێر دەست و پێیان، تەواو... شەکەت و ماندوو نەتدەتوانی کێل بیتەوە، دەیەها پۆلیس و سەرباز و سەگوژ و باش بۆزغ گەیشتنە سەر سەرت، بەدار دڕیان بەو خەڵکە دەدا، لە دە لاوە سەدەها دەست بەرزی کردیتەوە، دەتووت یەک شار دوژمنتە و دەیەوێ دەستی بتگاتێ، بەشەقێک... بەتفێک... بەجنێوێک تۆڵەیەکی نادیار لە تۆ بکاتەوە، ئەفسەرێک بەدارەوە لە خەڵکەکەی دەخورییەوە، لۆرییەکی قەفەزدار گران جادەکەی دەبڕی نەبا یەکێک بشێلێ، دەرگای قەفەزەکەیان کردەوە، هەر بەشەق و پاڵ سەریان خستی، گرە و چەقەچەقی ماشێنەکە تێکەڵ بەهەرا و هۆریا و زریکە و زەنا و فیکە و جرِت و چەقەنەی ئەو حەشاماتە بوو، زۆر گران ڕێی خۆی دەکردەوە، لەودیو شیشەکانەوە لە بازاڕ و دوکان و موغازە و خەڵکە دەم بەهاوارەکە ورد دەبوویتەوە، بایەکی کزر ئارەقەی لەشتی سارد دەکردەوە، چاوانی لێڵت ڕەشکە و پێشکەیان دەکرد کە ویستت بزانی ئەوانە کێن دەنێو قەفەزەکەدا، هیچ کامیانت نەدەناسییەوە، هەر هەمووان بەسەر یەکدیدا تلیسابوونەوە، هێشتا هی ئەوە نەبوو بەرچاوانت ڕوون بێتەوە، تەواو... شار بەدەر کران... هەر ئەو ڕۆژە لە خەستەخانەیەک کۆیان کردنەوە کە پتر لە سەربازگە دەچوو، لەو قەفەزەوە بۆ ئەو قەفەز، لەو پیکەبەوە بۆ ئەو جێب، لەو ژوورەوە بۆ ئەو ژوور، لەو قاوشە بۆ ئەو قاوش، بەپەلە قژیان بۆ داپاچین، هەر شێتێک و کەوتە نێو دەستە جلێکی تازە، بەڕاڕەوەکاندا یەکدیتان دەدی، باڵبەست کراو، شێتە هارەکانیش بەسەر عارەبانەکانەوە شەتک درابوون، لە قاتی یەکەمەوە بۆ دووەم، لە دووەمەوە بۆ سێیەم، شرینقە دوای شرینقە، هاوارەکان دەنگی دەدایەوە، ئەو دوو کەسەی لە هەردوو لاوە چنگیان لە هەردوو قۆڵت کردبوو بەهەڵقە خەریک بوو پەنجەکانیان بگەنە سەر ئێسقانەکانت، لە هەر ژوورێکدا تاوێک ڕامان و لێ ورد بوونەوە، ورتە ورتێک و پەنجەمۆر و کەوتنەوە نێو ڕاڕەوکان، لە دوورەوە کەسێک وا دەیقریشکاند کە پتر لە قریشکەی پێش سەربڕین بچێ، ئەو هەموو ژن و پیاوە بێ دەنگ و سپی پۆش و غەمگینە بۆنی مەرگیان لێ دەهات، یەک شەو مانەوە یان لە دوای لە هۆش خۆچوونێکی درێژخایەنی چەندین شەو و ڕۆژ بەسەر تۆ و شێتەکانی دیکە تێپەڕیون و نەتانزانیوە، بەو سکە برسییەت بێ لەوە دەچێ یەک سەدەی تاریک بێ لێرە بەندکرابیت، بەو هەموو چڵکەی کە هەر هەموو گیانتی خستۆتە سەر خوروو، بەو هەموو ئەسپێیەی لێت دەکەونە خوارێ، بەو هەموو تینوێتییەی وا لە قورگتا، بەو هەموو برینە

زۆر و وشکەوەبووەی سەر دەستەکانت و پێیەکانت و هەر هەموو ئازای جەستەت... لەوە دەچێ لە زەمانێکی زووەوە لێرە خزاویت، جگە لە زرەی زنجیر و چەقەچەقی قوفڵ و کلیل و ترپەی پێی یاساوڵەکان هیچ نەدەگەیشتە گوێت، لە شریقەی ڕاکێشانی میلی ئەو هەموو تفەنگە لەوە دەچوو سوپایەک لەودیو دەرگاکانەوە بەتەمای جەنگ بن، لە بارستایی و چڕی ئەو هەموو تاریکییەی دەڕژێتە ناو چاوان مرۆ گومانی ئەوە دەکات کە بیانەوێ هەمووتان کوێر بکەن، بەپێی ئەو هەموو ناڵە و نرکە و گریانە بێ، ئەو هەموو لاوانەوە و هەنسکە دەبێ ژمارەیەکی زۆر لەودیو شیشەکانەوە، لێرە و لە دەرەوە، مردبن.

ئەو ڕۆژە هەموو شتێک زۆر خێرا و بەپەلە جێبەجێ کرا، وەک ئەوەی زوو بیانەوێ ئاسەواری تاوانێک بسڕنەوە، تا درەنگانێ، دەنێو شاردا، لێرە و لەوێ گوێت لە شەقژنی گوللەکان دەبوو، لێرە و لەوێ خاوەن کۆگاکان گەسکیان لە وردە شووشەی شکاو و ڕژاوی جامخانەکان دەدا، کۆمەڵ بەکۆمەڵ لەسەر شۆستە و ناو چایخانە و مەیخانە و دوکان و بازاڕ و ماڵەکاندا دەیەها ڕووداوی سەیری عەنتیکەی ئەو ڕۆژەیان دەگێڕایەوە و دەتریقانەوە... هەر کەسە و بەجۆرێک چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە، بەدەر نەبوو لە درۆ و فیشاڵی زۆر، هەموو شتێک ورد و باریک پێچرایەوە و حەکایەتی شێتەکانی شار سەرقاپی نرایەوە، لەو شەوەدا خەڵکی گوێی هەڵدەخست تا بزانن وەڕینی سەگە بەڕەڵڵاکان کەمتر بۆتەوە، تا شەوخەوتنان باس هەر باسی ڕاوی سەگە بەڕەڵڵاکان و مەزاقی خۆشی سەگوژەکان بوو... چیرۆکی شار بەدەرکردنی شێتەکان...

دەمەوئێوارە بوو... ئەو وەختەی مەلەکان دەگەڕانەوە نێو دارستانەکان، خۆرەتاوێکی خوێناوی دەڕژایە ناو ئەو حەوشەیەی لۆرییە قەفەزدارەکانی لێ وەستابوو، مەلەکان بەخەمەوە دەیانچریکاند، وەک ئەوەی لە هاتنی شەو بترسن، یەک دووانێ لەو شێتانەی لە بەردەم لۆرییەکان باڵ بەست کرابوون و دەخرانە ناو قەفەزەکان سەرییان هەڵبڕی، بگرە لە کەلێنی شیشەکانیشەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا مەلەکانیان لێ بزر نەبێ، تۆش بۆ تەنها ڕیشۆڵەیەک دەگەڕای، دوا پۆل تا دڵنیابێ لەوەی زستان بارگە و بنەی تێک ناوە و بەهار هاتووە، تاک و جووت سەریان دەخستن، یەکەیەکە قەفەزەکان پڕ دەبوون، ئەو دەرمان و دەرزییانە هەر هەمووانی سست و تەمبەڵ و خەواڵوو کردبوو، پاش سەرکەوتنی هەر هەموو شۆفێرەکان و خۆقایمکردنیان لە پشت سوکانەکانەوە بەیەکەوە گڕیان لە مەکینەکان بەردا و کەوتنە دوای یەکدی، گران وەک ئەوەی تەرمێک بەرەو گۆڕستان بەرن بەنێو جادەکانی شاردا ڕووەو بەغدا ڕێیان دەبڕی، بۆ دواجار غەمگینانە و گێلانە لە درەختەکانی لاڕێگا و



دارتەل و ماشێن و ماتۆڕ و پاسکیل سوار و دوکان و بازاڕ و خانووە کپەکان ورد دەبوونەوە، لە ڕێبواری هیلاک و ماندووی سەر ڕێگاکان، لەو منالانەی لە دەرەوەی قەفەزەکان لە هەلەکە سەمادا بوون، بەپەنجە ئاماژەیان بۆ نێو قەفەزەکان دەکرد، دەڕوێش... تۆ دەتزانی ئەمەیان دوا نیگا و دوا ماڵئاواییە لە شار، لە دوورەوە گوێت لە زریکەی بێ ئامانی شەمەندەفەرەکە بوو، وەک ئەوەی ئەو هاوار و زریکەیە بۆ خەم و پرسە و دەردی تۆ بێ، هەر هەموو دەرد و خەفەت و قەهر و حەسرەت و حەژمەت و خۆشی ساڵانێکی زووت لە دڵدا پێچایەوە، بەجادە و کۆڵان و بازاڕ و قەیسەری و ماڵەکانەوە، کە یەکەمجار هاتیتە ئەم شارە، لە دوورەوە قەڵا دەرکەوت، دەتووت کیسەڵێکی زەبەللاحە و لەپەر ڕوو کەوتووە و ناجووڵێ، هەنووکەش دەنێو تەم و مژێکدا دوا شت قەڵایە ون دەبێ، وات زەن دەکرد کە هێشتا وایت دەنێو حەشاماتەکە و شان و پیل دەکوتی، لە قۆرتێکەوە دەکەویتە ناو قۆرتێک، سەرت بەر دارتەلەکان دەکەوێ و ڕادەچەنیت، لە چاڵێکەوە بۆ چاڵێک، لە دەستێکەوە بۆ دەستێک، ژوورەکان، ڕاڕەوەکان، قاوشەکان، دەم و چاوەکان... سەر و کەللەت... دەم و چاوت... نەرمایی گوێت... لچ و لێو و زمانت... سەر دەستەکانت... قۆڵ و باسکت... پێ و پل و... هەردوو بەلەک و لاڕانت جێ برین بوون، هاوارەکان لە گوێتدا... لە نێو کاسەی سەرتا دەزرنگانەوە، هۆی هاکان، قاژەقاژی سەدەها پۆلە ڕیشۆڵە لە ئاقارێکدا، گوێت لە هاواری خۆتە... هەمین... هەمین... لە ئاسمانەوە بەر دەبیتەوە و ناکەویتە سەر زەوی، دەکەویتە ناو بیرێک بنی نییە، لە زیندە خەوێکی دیکەدا دەکەویتە ناو دەمی کراوەی ئەژدیهایەک، لە خەوێکی دیکەدا دەکەویتە سەر مارێکی پەپکە خواردوو لە بنی بیرەکەدا، تۆ وەئاگای یان خەواڵوو؟ بەسەر ترۆپکی چیایەکەوە ڕووەو دۆڵێک غل دەبیتەوە، بەر گاشە بەردەکان دەکەویت و ڕایان دەماڵی، لە هەموو شوێنەکانەوە، شوێنە دوور و نزیکەکانەوە، لە هەموو زەمانە زۆر دێرینەکانەوە خۆت دەدزیتەوە، دێیتەوە ناوخۆت و ڕاوەدووی ئەو ئازارە دەنێی کە ڕۆحت هەڵاهەڵا دەکا، لەو دوورەوە لەوە نەدەچوو شارێک کە وا غەرقی تەم و مژە... وا کپ و خامۆشە ئەو هەموو قیامەتەی دیبێ، تۆ هەر چاوت بەدواوە بوو، تۆ بڵێی هەمین، چ مردوو... چ زیندوو، هۆ لەوێ بێ؟ لەوە دەچوو هەر هەمووی خەونێکی ناخۆش و ئەبەدی بووبێ... خەونێک کە تا هەنووکەش لێی وەئاگا نەهاتبیت، خەونێک لە خەونەکانی پیاوێکی پیر و شەقی، تۆ کە هەنووکە بەندەواری قەفەزێکی، لە تەک کۆمەڵێ شێتی دیکە کە بێ ورتە و خامۆش لە تاو هیلاکی ڕاوەڕاوی ئەو ڕۆژە و سیحری دەرزی و دەرمانەکان مات و مەلوول سەریان

بەسەر سینە و شانی یەکدیدا کەوتبوو، هەموو شتێک و یادێکت لەگەڵ خۆتدا پێچایەوە، وەک ڕێبوارێک کە بۆ دوا سەفەری ئەبەدی، سەفەری بێ گەڕانەوە... توێشەبەرەیەک هەڵبگرێ، بوخچەیەک... هەگبەیەک بخاتە سەرشانی: ئاواهی لە دڵتا هەر هەموو کۆڵان و بازاڕ و قەیسەری و مینارە و قەڵا و بگرە جۆگەلە پڕ سیانەکانت هەڵگرت، هەر هەموو ڕیشۆڵە مردووەکان، حەزی هەمین و حەیرانە کوژراوەکان، لاوکە بەئێش و بریندارەکان، هەر هەموویانت خستە نێو دڵتەوە، نێو ڕۆحتەوە، سەرت هەڵبڕی، جادەکە بەرەو دواوە دەکشا و دەگەیشتەوە شارێک کە کۆنە جووتیارێکی نەحەواندەوە، پڕشنگی خۆری دەمەوئێوارە تیشکێکی ڕەشی عەکس دەکردەوە، جادەکەش وەک مارێکی ڕەش و زەبەللاح دەکشا و هەردەکشا تا لێت دوور دەکەوتەوە لە پنتێکدا... لە خاڵێکدا وەک ونبوونی خۆت و هەمین، وەک هەموو شتەکانی ئەو دونیایەت ئاودیو دەبوو، لە دووری دوورەوەش تا چاو بڕ دەکا بەراست و چەپدا هەر ساکە دەشتە و لێرە و لەوێ وەک ئەوەی زەوی قونێری دەردابێ زورگ و گردۆلکە دەردەکەوتن، بەبەری ڕۆژئاوادا و ڕووەو ئاسۆیەکی دوور کە لە خوێناوی خۆردا نقوم ببوو تەمێکی ئەرخەوانی دەهات، دەهات... تا دواجار لە نزیکەوە ئەو هەرد و دەشت و گرد و زورگ و سەوزاییەی دەنێو ڕۆناهییەکی سوورباودا دەلەرانەوە: وەک ئەوەی سەرئاو کەوتبن، لە دووری دوورەوەش خانووە هەرە بەرزەکان یەکە یەکە غەرقی تەنکە تاریکی و تەمی ئەو ئێوارەیە دەبوون، ئەو تاریکییەی دەتووت خودا و فریشتەکانی بەپەلە و خێرا چنگ لە دوای چنگ لە ئاسمانەوە هەڵیدەدەن و پەرتی دەکەن، هیچ پنچکە گیایەک و گاشە بەردێک نامێنێ کە پشکی خۆی لەو تاریکییە نەبات، دەیرژێننە سەر شارێک کە مەگەر تاریکی شەو بەمیهری خۆی گوناهەکانی داپۆشێ، شارێک لەو شارانەی کە لە خەونێکی هەڵبزرکاودا بیبینی، شارێک کە بەدرۆ دروست کرابێ، شارێک لە شارەکانی نێو حەکایەتە کۆنەکان کە پیرەژنێکی ددان کەوتوو وەسفی بکات، قەڵاکەی لەسەر ئێسک و پروسکی هەژاران بێ و... منارەکەشی کەللەسەری عاشقەکانی، چاوت تێ بڕی، لەو دوورەوە گڵۆپەکانی دەبوون بەگڕی کزی... زەرد و لەرزیوی چراکان و... تا دەهات شەپۆلە تەنکەکانی ڕۆناهی دەمردن کە وەک نواڵە دەردەکەوتن، دەتووت کۆمەڵێ چران و بەدەست هەزارەها خنکاوەوەن دەنێو دەریایەکی پڕ گێژەنە، دەنێو گەرداوێکدا یەکە یەکە دەکوژێنەوە، دواجار قەڵا و منارەی چۆلی کەوتنە ئەودیو زەریاوە، ئەودیو دونیاوە، ئیدی شار بێ شێتەکانی چ دەکا؟ لێیان ڕامایت... خامۆش... مات و مەلوول، کت و پڕ لەوە ترسای هەر هەموویان خەوتبن...



مردبن... دەبوو چەندین شەو بنوون تا هیلاکی ڕاو ڕاوێنی ئەو ڕۆژە لە گیانیان دەرچێ، لە ناکاو یەکێکیان دایە پرمەی گریان، گریانێکی پڕ حەسرەت و قووڵ، بەدەم هەنسکەوە قرخەقرخ لە قورگییەوە دەهات وەک کەسێک کە تەقەللا بدا نەخنکێ، دەتووت لە هاتنی تاریکی و سەفەری نادیار و ئەو ڕێییە دوورە دەترسێ، بەترسەوە دەگریا، هەروەک منداڵێکی تازە فام کردوو کە لە باوەشی دایکی بەزۆر دەریان هێنابێ دەگریا، یەک دووانێکی دیکەش هەستانەوە سەرپێ و توند دەستیان بەشیشەکانی قەفەزەکەوە گرتبوو، ناوناویش سەریان دەکێشا بەو ئاسنە ڕەقەدا، وەک کەسانێکی ئازیز مردە بەکوڵ دەگریان و لەو ئاسۆیە ڕادەمان کە لە تاریکیدا غەرق دەبوو، وەک ئەوەی بەندی حەیرانێک یان لاوکێک بسەننەوە، هەنسک و گریانیان لە یەکدی دەسەندەوە، وەک ئەوەی بەندێک بەبەندێک تەواو بکەن، وەک کۆمەڵێ کەس کە سزای مەرگیان بەسەردا درابێ و کڕینەوەی ژیانیش ئەوە بێ کامەیان لەو گریانە دەیباتەوە، تەنها یەک کەس دەژی و ئەوەی گرەوەکە دەباتەوە ئەوەیە کە تا ئەبەد ژێر نابێتەوە، ئەوانی دیکە کە دۆڕاون، هەر هەموو دەمرن... هەر یەکە لە گریانی ئەوی دیکە دەترسا، هەریەکە و گەرووی دەبوو بەدەربەندێکی بەرتەنگ و گریانیش لوورەی ڕەشەبایەکی هەڵکردوو، ئەوەی کە ماندوو دەبوو لە گریانەوە دەیکرد بەقروسکە، قروسکەی سەگێکی کوژراو لەو ڕۆژە ڕەشەدا، ڕۆناهی مردووی ئاسمان و تریفەی تەزیو و تازە هەڵهاتووی مانگ و ئەستێرە هەرە دوورەکان تنۆکی ئەو فرمێسکانەی دەدرەوشاندەوە کە بەسەر ڕوومەتی هەندێکیاندا دەڕژان، کەمجار دیبووت یەکێک لەو شێتانە بگری، شەوەهای شەو کە لەسەر تەختەی چایخانەکان و بەرهەیوانی مزگەوتەکان لەگەڵیانا دەخەوتی، غەمگین و خامۆش دەبوون، بەشەر دەهاتن، تووڕە دەبوون، سەریان بەدار و دیواردا دەدا، وەلێ نەدەگریان... خەونیان دەدی، وڕێنەیان دەکرد، هەڵیان دەبزرکاند، دەترسان، لە خەمان لەسەر چاو دەکەوتن، دەبوورانەوە، دارکاری، جنێو، تف، زاماربوون، خوێنیان دەدی، دەیاننرکاند، دەیانقیژاند، وەلێ نەدەگریان، بەدیار مەرگی یەکدییەوە دۆش دادەمان، کەچی وەک ئەوەی بڵێین: «خۆش بەحاڵت...!»، بێ باکانە زەردەیان دەهاتێ، تۆ بڵێی دەنێو ئەو قەفەزەدا خۆ بەچەند فرندەیەکی باڵ بەستکراو بزانن؟ یەکێکیان توند بەناو لەپ لە تەوێڵی خۆی دەدا، بەپەلە هەردوو دەستت ئاخنییە گیرفانەکانت، لە شقارتەیەک، چەرخێک دەگەڕای، تاوەکو دایگیرسێنی... دەتویست شەبەنگێک لە ڕۆشنایی چ لە ئاسمانەوە بێ چ گڕی بێ تینی چەرخێک وا بکات تارمایی یەکدی ببینن و، هەریەکەتان دڵنیا بێ کە بەتەنیا نییە، هەر هەمووتانن، ئەوەتان لێرە...

قەفەزێک کۆی کردوونەتەوە... لەوانەیە گڕی دەنکە شقارتەیەک غافڵگیریان بکات، لەوەدایە لە تاریکی و تەنیایی و ئەو خامۆشییە زۆر قووڵە بترسن، کێ دەزانێ؟ لەوەدایە سەرمایان بێ، یاخود برسی بن، دەتووت هەر هەموو حەسرەت و ئاخ و هەنسک و قوڵپی گریانەکان دەنێو قەفەزەکەدا گیریان خواردووە و ڕێ دەرنابەن، هێدی هێدی گریان و هەنسکەکان دەخنکان و دەچوونەوە ناو قورگ و... هەناوەوە... ڕووخسارەکانیش، لە نێو ئەو تاریکییەدا، لەژێر فرمێسک و ئارەقە و ئازاردا نوقمن، تاوتاوەش دەنێو تاریکی و خامۆشییەکی دڵ پڕوکێندا گوێت لە نزگەرەیەک، هەناسەیەکی خنکاو، هەنسکێک یان خەنینەوەیەکی گێلانە دەبوو، جاروباریش لایتی ماشێنێکی تیژتێپەڕ ناو قەفەزەکەی ڕۆشن دەکردەوە، قەفی زنجیری بەستراو لە دەستی ڕاستی هەر یەکەیان دەبریسکایەوە، زنجیرەکەی دەستی خۆتت سەح دەکردەوە و دڵت دەبوو بەئاو، تا دەهات خامۆشتر دەبوون، هەموویانت دەناسییەوە، بێ ئاگا لە تۆ و، لە دونیا... لە بۆشایی و تاریکی ڕادەمان، لە هیچ ڕادەمان، بێجگە لە تۆ هیچ کامیان نەیدەزانی دوا مەنزڵگا شێتخانەیەکی پایتەختە، کابرای شۆفێریش لە پەنجەرە بچکۆلەکەی پشتی سەرییەوە لێتەوە دیار بوو کە تا درەنگانێ لەگەڵ پۆلیسێکی سیدارە خوار دەدوا و ئەویش سەری بۆ دەلەقاند، تاوتاویش دەنێو دووکەڵی جگەرەدا خۆیان ون دەکرد، یەک دوو جاریش ئاوڕیان دایەوە، دوای تاوێک بێ دەنگی شۆفێرەکە میلی ڕادیۆکەی بادا و... لە ئاوازێک دەگەڕا، ئاوازێک دڕ بەتاریکی بدا و... ڕێی سەفەر کورتتر بکاتەوە، سەیرە... لە ناکاو وەک داڕژانی خەمێک لە دڵدا، یان درەوشانەوەی خۆشییەک لە ڕۆحدا، سەرەتای بەندێک بوو کە بەئاهێک کۆتایی دەهات، وەک لە غەیبەوە بێ، لەو زوڵماتەوە کە دەوری قەفەزەکەیان تەنی بوو... ئاوازێک زۆر غەمگین دەهاتە بەرگوێ، سەدایەک... نرکە و ناڵینێک... نووزەیەک... ئاهێک... کسپە و... حەژمەتێک... حەیرانێکی بریندار لەسەر شەپۆلی نەرمەبایەکی فێنک تێکەڵ بەبۆنی نێرگزەجاڕی ئەمبەر و ئەوبەری جادەکە دەڕژایە دڵتەوە، ئاه... خودایە... چ عومرێکی درێژە و تۆ حەیرانێکت نەوتووە، لاوکێکت نەچڕیوە، لەوەدایە دەنگت ڕزی بێ، تۆ بڵێی هیچت لەبیر مابێ؟ ها؟ ڕۆحی کلۆڵت بەیتەکانی ئەو حەیرانەی دەوتەوە، سەری کەیلت، کەللەی گێژت نەدەهات بەپیرییەوە، نەدەهات... نەدەهات... ئەو لەرەلەرەی نێو هەناسەی حەیران بێژەکە هەر هەموو کۆنە برینەکانتی کولاندەوە، دوور دەیبردیت و تاوێک و دواجار دەنێو قەفەزەکەدا بەندی دەکردیتەوە، دەتویست وەک ئەو سەدا و خوێندنە کە شەپۆلە نووستووکانی تاریکی دەشێوێنێ و تریفە دەخاتە سەما و... ئازاد و دوور تا



جریوەی ئەستێرەکان سەفەر دەکا، سەفەر بکەیت و نەیەیتەوە... نا... ئەوە حەیران نییە، برینە و خوێنی لێ دەڕژێ، بەدەم ئەو ئاوازەوە دڵت خوێن دەدەڵێنێ، خوێنێکی ڕەش، سەرت خستە ناو کۆشت و قوڵپی گریانێک دەیبردیتەوە ئەو ئێوارە زۆر غەمگینەی کە هەمین تا ئەبەد ئاوابوو... نەهاتەوە... تاوەکو نەخنکێی وەک کەڵەکێوییەکی لە خوێندا شەلاڵ سەرت هەڵبڕی و هەناسەت دا، حەیران بێژ چیرۆکی عیشق و ئەوینێکی نامراد و کوژراوی دەگێڕایەوە، کافرانە دەیچڕی... دەتووت بەو سەدا زۆر غەمهێن و یەکجار شیرینە شێتەکان خامۆش بوون، عاشقانە هەڵدەستا و شێتانە دەنیشتەوە، بۆن کروزێک لەو چریکەیە دەهات، بۆن کروزێک کە بیەوێ بۆنی نێرگزەکان وەدەر بنێ، وەک مەلێکی پێکراو دەیچریکاند، وەک شاخێکی بن کوڵ و ڕماو دەینالاند، وەک ڕەوەزێک بۆ ناو خەرەندێک هاڕە بکا دەیقریشکاند، وەک «با»یەک بەسەر باخێکی سووتاودا شنە بکات... هەڵیدەکرد، ئەو ئاوازە بەو نەغمەوە لە قەرارێکەوە دەهات کە هەزار جار بەئاگری دۆزەخ سووتا بێ، چ ڕێکەوتێکی کوشندە و زاڵمانەیە... حیلەی ئەسپێک کە بگلێ هاتە بەرگوێت، مەلێکی کێوی بەچریکەیەک... چریکەیەکی تاساو لە ئاسماندا وەڵامی حیلەکەی دایەوە، دوور ڕوانیت... لەژێر تریفەدا تا ئەو شوێنەی چاو هەتەر دەکا دەغلێک نەرمە نەرمە بەبەرچاوتەوە کەروێشکەی دەکرد و دەشنایەوە، گوێت لە ورشە ورشی نەرمی گیا بوو، دەتووت بۆ قەهری تۆ بەسووکی شین و واوەیلا دەکەن، پڕ بەهەردوو سییەکانت و بۆ دواجار بۆنی نێرگزەکانت هەڵمژی، دەتووت لەگەڵ تریفەدا دەڕژێتە نێو قەفەز و لەوێدا بەند دەبێ، تا سەر تەنکایی ڕۆح و پەڕەی دڵ بۆنیان کاس و وڕ و گێژی کردی، بەچرپەوە... چرپەیەک بەئاستەم و دووبەرا لەگەڵ خوێنی ڕژاوی ئەو حەیرانە زامدارە دەیبردیتەوە ئەوێندەرێ، دەیبردیتەوە بۆ زۆر شوێن و سەردەمانێکی زۆر زووتر لە هەنووکە، چرپەیەکی ناسک... ناسکتر لە هەموو شتێکی ئەم دونیایە پەردەی گوێیەکانتی بەسەما و لەرینەوەی قەهرێک دەخست... گوێت لێیە؟

«دەروێش...

ئۆبالی منت بەئەستۆ...

ڕۆژ بازاڕی قیامەتێ...

ئەگەر مردم تووخوا نەکەی لێرە بمنێژی...

بمبەوە... بمبەوە دەشتێ... گوندەکەی خۆمان...

گەردنت ئازا ناکەم...

ئەگەر لەسەر "گردی عاشقان " نەمنێژی؟

ئاخر کوڕەتیم زۆری تێدا نەژیام...

دەبا بەمردن بچینەوە ئەوێندەرێ...

ئەوجا هەموو فەسڵێ بوهاران وەرە سەر گۆڕەکەم و دووسێ چەپکە نێرگز لە بەر پێیانم...

نا... نەکەی...

لە کن سەرم دابنێ تا تێرتێر بۆنیان بکەم...

ئەمن دەزانم بایز...

جارەکی دیکە ئەوێندەرێ نابینمەوە...

ئەمن دەزانم هەردووکمان گۆڕ غەریب دەبین...

ئەمن دەزانم...!»

گوێ بۆ دوا بەندی حەیران بێژەکە شل دەکەی، دەتویست بزانی کامەیانە: حەمەد بەگ، حەمەی حوسێنی پیرکی، ڕەسوول گەردی، سمایل فەللاح، عوسمان حەیران، کەریمە ڕەش، خدری ڕۆژبەیانی، مستەفا کوێر، مەجید جبرائیل...؟ نازانیت... نا تۆ هیچت بیر نەماوە... تەواو... حەیران و حەیران بێژەکانیش تێکەڵ دەکەیت... گوێت بۆ شل کرد، شێتەکانی دیکەش سرتەیان لێوە نەدەهات، هەر دەتووت ئەو چریکە و سەدای حەیرانە خامۆشی کردوون:

حەیران... چەندم گاز دەکرد

گوندێ مە لە من بەزورگ و تەلانە

دەرمانی دەردان شەو ڕامووسانە

باز و سەقەر لێیان کردینە هێلانە

لە عەوامی گوندێ مە کەیف و سەیرانە

چبکەم لە بەژنەکی باریک و زەندەبێ بەبازن

ئەوسارەکە بەوێ دەرە بوهارێ

کۆچ و بارکردنە

دەست لێک بەردانە



دەتویست دوا بەندی لێ وەربگریتەوە، سەر بەند و دوا بەندت لێ تێکچوو... لێت تێکەڵ بوون، هەرچەندی کردت و کۆشات ئەو حەیرانەت بیر نەکەوتەوە، تاوە خەمێک دڵتی دەگوشی و تۆش بەچەپۆک لەسەری خۆت دەداو... نەک هەر سەدای ئەو حەیرانەی هەوای ناقەفەزەکەی پڕ کردبوو لە خرۆشی خەم، بگرە تاکە بەندێکت بیر نەدەکەوتەوە، هەتا ئەوەشیان کە هەزاران شەو بۆ هەمینت چڕی بوو... نا... لەوە دەچێ چڕینی تەنها بەندێک بووبێ بەمەحاڵ، وشەکان لە نێو کاسەی سەرتا وەها تێکەڵ دەبوون کە هیچ مانایەکیان نەدەدا... بێ هوودە بوو... دەگەڕای... دەگەڕای... بۆ سەر بەندێک و... کەچی هیچ...




نا... تاکە بەندێک چییە نایەتەوە سەر زارت، هەر هەموو بەندەکان لەگەڵ ئاوابوونی «هەمین»ی لە ڕۆحتا نەمان و ئاوابوون، بەچرپەوە، هەروەک ئەوەی هەمین لە بن پەڕەی گوێی چەپتەوە بتدوێنێ:

«بایز...

هەموو جارێ کە هاتییە سەر قەبرەکەم...

تووخوا مەڕۆ هەتا بەندەک... دووانم لۆ دەربێ...

ئەو بەندەی کە خۆم حەزم لێیە...

ئەتوو گۆتنی خۆت بکە...

ئەمن سەد جاران مردبم و دەپێیان لە بن عەردی بم...

خەمت نەبێ... دەنگت هەر دەگاتە من»

ئیدی تەواو... دوا وەسیەتیت پێ بەجێ نایە، ناشزانی گۆڕەکەی وا لە کوێ، ناشزانی خۆت لە کوێ گۆڕ غەریب دەبیت، بەهاران دێن و ڕادەبرن، کەچی تا ئەبەد ناتوانی چەپکێک نێرگز بخەیتە سەر گۆڕەکەی، حەیرانێک بچڕی، هێدی هێدی بۆنی نێرگزەکانی هەردوو بەری جادەکە دەڕەوییەوە و بەتەنیا لەناو قەفەزەکەدا جێیان دەهێشتی:

«دەروێش... ئۆباڵی منت بەئەستۆ...

... لێروکانە مەمنێژە... گەردنت ئازا... بمبەوە...

ئەوجا... هەموو فەسڵی بوهاران...

چەپکە نێرگزەکەم... لە کن سەرم دابنێ... تا تێر... تێر

بۆنیان بکەم... ئەوێندەرێ...

نابینمەوە... ئەمن دەزانم کە هەردووکمان گۆڕ غەر...

ئەمن دەزانم...»

تەواو... تاریکی تۆ و هەموو شێتەکانی ناو قەفەزەکەی لە خۆیەوە لوول دەدا... خەریکە دەخنکێی... خودا هاوار... قوڵپی گریانێکی بەکوڵ لە شوێنێکەوە، لەناو جەرگ و هەناوتەوە دەهات، قووڵ وەک ئەوەی لە بنی بیرێکی تاریک و پڕ ئەسرینەوە بێ... کە بەهەزار قولاپ و چەنگاڵەوە لە دڵتەوە... لە ڕۆحتەوە دەری کێشن و هەڵیتەکێنن، وەک مەنجەنیق دەکولای، تا دەهات ئەو قوڵپە گەرمە سەری دەکرد تا لە چاوانتا وەک دوو کانی خوێناوی تەقینەوە، بێ شەرمانە سەرت خستە ناو کۆشت و داتە پرمەی گریان، خامۆشی شەوی ناو قەفەزەکەت پڕ کرد لە هەناسە و هەنسک، بێ ئەوەی شەرم لە شێتەکانی دیکە بکەی، ئەوەندە کپ و خامۆش بوون وەک ئەوەی بەشەرمەوە حورمەتی ئەو گریانە جەرگبڕەت بگرن، ئاسمانیش تا دەهات پتر چڕی تاریکی دەڕژاند، دیسانەوە وەک عەبایەکی ڕەش تۆ و قەفەزەکە و شێتەکان و هەر هەموو دونیای لە خۆیەوە وەردەپێچا...



بەدەم هەنسک هەڵدانەوە هەر دەگریای... دەگریای... گریانێکی وا بەکوڵ و دڵ... وا درێژ و نەبڕاوە کە تا ئەبەد لێی کڕ و... ژێر نەبیتەوە!

**١٩٨٣ / ١٩٩٦**

سلێمانی

# تەمی سەر خەرەند

هەر دوای گەڕانەوەم لە غەریبیی، لە پاش کۆچ و سەرهەڵگرتنی چەندەها ساڵ، وێڵ بوونم دەنێو شاخ و کێوان، دەربەدەریم دەنێو گوند و شاران، چەشتنی سەرما و گەرما، تاڵی و سوێری، هیوا و دڵساردی، سەرکەوتن و نوشوستی... تاکە خەونێکم ئەوەبوو ڕۆژێک بێ و بۆم بڕەخسێ بگەڕێمەوە مەڵبەندی منداڵی، چ بەتاسە و ترس و تاسووقەوە گەڕامەوە، تاسەی ئەوەی کەسەکان مابن و نەمردبن، چش لەوەی گەورەتر و پیرتر بووبن، بەڵام خۆزگەم دەخواست جارێکی دیکە لە باوەشیان بگرمەوە، لە هەر هەموو خەونەکانمدا هەر دەگەڕامەوە ئەوێندەرێ، من تەنها لەسەر نامە و پۆست کارتەکان دەژیام و دەلەوەڕام، بۆن و دەنگ و ڕەنگی خەڵک و خاکم لەناو ئەو چەند دێڕانەدا دەبینی کە لەسەر پشتی کارتەکان و ڕێنووسی پڕ لە هەڵەی نامەکاندا دەمخوێندەوە و کەچی تا دەهات لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا کاڵ دەبوونەوە، من دەمزانی زۆربەی دەنگوباس و خواس و هەواڵەکان دڵخۆشکەرە و درۆن، چونکە لە خەیاڵ و خەونەکانمدا هەمیشە شتی پێچەوانەم دەبینی؛ کۆست و کارەسات، من بەتەمای شتی گەورە نەبووم، بەلای منەوە زۆر سەیر بوو بۆ جارێکی تر گوێم لە بانگی کەڵەشێرێک بێ لە گەرد و گوڵی بەیانییەکدا، بۆڕەی مانگایەک، وەڕینی سەگێک، زەڕینی کتوپڕی نێرەکەرێک، پڕ بەهەردوو چاوان خۆر ببینم بەتاقی ئاسمانەوە دەدرەوشێتەوە، شەوانەش تا خەو دەمباتەوە خۆم لەژێر تریفەی زیوینی مانگدا بشۆم، من دڵنیا بووم کە ئاسمان تەنها لە وڵاتی مندا ئەوەندە شینە، شینێک کە لە هیچ ئاسمانێکی دیکەدا نەمبینیوە، لە هەر شوێنێکدا دڵم تەنگ بووایە ئەو شەوە خۆشانەی هاوینم بەیادی خۆم دەهێنایەوە کە هەزارەها ئەستێرە بەدەم جریوەوە دەڕژانە سەر سینە و سەرینەکەم، چەندە سەیر بوو بۆ جارێکی دیکە پڕ بەهەردوو گوێ لەناو کووچە و کۆڵانەکان گوێم لە هاتوهاواری منداڵە چەتوونەکان بێ، قاووقیژی ژنان، دەمەتەقێی زۆر سادە و پڕ لە هەڵچوونی تۆڵاز و پیاوەکان، شەرمی کچێکی جحێڵ ببینم کە لە شەرمی هیچ کچێکی ئەم دونیایە ناچێ... هەمیشە لە دوورەوە، لەبەر دیدە و خەیاڵمدا، تەمێک شتەکانی لێ تێکەڵ دەکردم... دەترسام لەوەی بگەڕێمەوە و شتەکان هەر هەموویان گۆڕابن، تا فرۆکەخانەکەش هاوڕێکانم دەیان ترساندم و دەیان وت: ئەوەندە خۆش خەیاڵ مەبە... گەر شتەکانیش نەگۆڕابن، تۆ ئەو کوڕەی جاران نیت و بینینی ئەمڕۆکەت بۆ شتەکان هی دوێنێ نییە، بەڵام کەسیان نەیاندەزانی کە لە ناو مندا، لە شوێنێکی پەنهانی ڕۆحمدا من هەر هەموو کەس و شوێن و زەمان و کۆی ڕووداوەکانم هەڵگرتووە، ئەوان نەیاندەزانی لەناو مندا منداڵێک هەیە و هەرگیز گەورە نەبووە و نابێ، بەدرێژایی سێ سەعات فڕین بەئاسمانەوە من هەر خولیا و سەرگەرمی خوێندنەوەی ڕۆمانە ناوازەکەی (کۆنستانتین جۆرجیۆ) بووم و خواخوام بوو بگەمە کۆتایی و بزانم پاڵەوانەکەی چی بەسەردێ، لە یەکێک لە کوشکەکانی فڕۆکەخانەی (بۆدابێست) کڕیبووم، ناوونیشانەکەی سەرنجی ڕاکێشام و بێ دوودڵی خستمە جانتاکەمەوە -ئەو پیاوەی بەتەنیا سەفەری کرد- بەڵام کە لە سنوور پەڕیمەوە ڕۆمانەکەم خستەوە ناو جانتاکە و لە داروبەرد و مەل و مەردوومەکان ڕادەمام، لەو هەموو شاخ و داخەی کە بۆ من بۆنی یەکەمین ساتەوەختی خەلیقەتی لێ دەهات، دڵم پڕ دەبوو لە گریان، ناشزانم بۆچی ئەوەندە سکم بەدرەختە تەنیاکانی لا ڕێگاکان دەسووتا، دەتوت چەند هەتیوێکی ڕووتی بەر هەتاو و بارانن، ئەو شاخانەش هەرگیز تۆکمە و بڵند و دامەزراو نەبوون، بۆچی وەها بێکەس دەهاتە بەرچاوم... نازانم... جاران کە هێشتا هەرزە و خوێنگەرم بووم وام هەست دەکرد زوورگ و گردۆڵکەکان سینە و مەمکی ڕووتی چەند ژنێکی ڕاکشاون، دۆڵ و زەندۆڵەکانیش قووڵایی تاریک و نەرم و نیانی ئەو لەشە جوانە، هەر قلیشێکی قووڵ لە خاکدا ڕۆچوو دەبوو بەدۆڵانێکی پڕ لە گیای تەڕ و کەسکاییەکی تاریک، درەختەکانیش قژی پەخشی ئەو ژنە ڕاکشاوانە، ڕێ ڕێی تەلانە لووسەکانیش کە درێژ دەبوونەوە هەر کتومت دەتوت قۆڵ و باسک و قاچی ئەو ژنە شۆخانەن، دەکرێ خەیاڵم ئەوەندە و خەراپتر

و شەیتانی تر بووبێ... وەلێ چی بکەم کە ئەو سروشتەم لێ دەبوو بەسەدەها ئافرەتی ڕووت و خەوتوو... کەچی ئێستا ئەو سروشتە غەمگین و تەنیا و پەژموردە دەبینم، لەوە دەچوو سەدەها پیاوی دڵڕەق و خەنجەر بەدەست ئەو ژنە زۆر شۆخانەی ناو خەیاڵی منیان لە شیرین خەودا لەتوکوت کردبێ، لەبەرچاوانم ئەو ژنانە تەپاوتل لە خوێنی کەسکی خۆیان دەگەوزین و... هێدی هێدی شتەکان هەر هەموو لەبەرچاوانم هەلاهەلا دەبوون... شی دەبوونەوە... پەرت دەبوون... «با» دەیبردن... دەترسام... زۆر دەترسام شاخەکان وەک ئەوەی لە پەمۆ دروست بووبن ڕەشابەیەک لە ناکاو هەڵبکا و ڕووەو بیابانەکانی دونیا بیانگوێزێتەوە و جگە لە دەشتێکی ڕووت و قاقڕ هیچی تر بۆ ئێمە جێ نەمێنێ، نەمدەویست هیچ شتێک و دیمەنێک ببوێرم، بۆ چاوەکانم هەر هەموو شتەکان تازە و سەیر و خەمهێن بوون، هەندێک جاریش دڵخۆشکەرە، دەمویست دەیەها چاوی دیکە قەرز بکەم، تاکە شتێک کە ئەڵهام دەکرد و ببووە کەڵکەڵەی ڕۆحی هیلاک و غەریبم... تاکە خولیایەک کە بەدرێژایی ئەو چەند سەعاتە و چەندینساڵی مانەوەم لە دەرەوە کە هەر هەموو خەیاڵی منی داگیر کردبوو: ئەوەبوو کە ئەگەر ببێ جارێکی دیکە بگەڕێمەوە مەڵبەندی منداڵی، یەکەمین هەوار کە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە لەبیرم نەدەچۆوە: سەر ئەو خەرەندە بوو کە لە ماڵەکەی خۆمانەوە بەسەد هەنگاوی وردی ئەوسام دەگەیشتمە سەر لێوارە ڕکەکەی، هەر واشم کرد... چونکە نەمویست هیچ کەسێک لەو گەڕانەوەیە ئاگادار بکەمەوە، حەزم دەکرد چوونەوەی کتوپڕم خورپەیەکی خۆش بێ لە دڵی کەسوکار، هەروەک لەناو حەکایەت و داستانەکاندا ڕوودەدا: کوڕی هەڵەتە و بزر لە ناکاو دێتەوە ماڵێ و هەر هەمووان سەرسام دەکا، هێدمە دەیانگرێ و دەم دادەپچڕن، هەرچەندە من دەمزانی کە هیچ شتێکی ئەوتۆم نییە کەس لە خزم و خوێیان سەرسام بکا، جگە لە جانتایەکی چکۆڵەی شان کە پڕ بوو لە خەم و تاسە و ئارەزوو... لە قەهر و غوربەت هیچی دیکەم پێ نەبوو، دەتوت ڕۆحی من وا لەناو ئەو خەرەندەدا عاسێ بووە و بەر لە چوونەوە بۆ ناو کەسوکار مەرجە ئەو ڕۆحە هەڵدێراوەم بدۆزمەوە و ئەوسا خۆم بەخزم و خوێش پیشان بدەم، ڕۆحێکی ساوا کە لەو چەمە بەخوڕ و سەرشێتەی ناو خەرەندەکەدا خنکا، ڕۆحێک پڕ فیز و هەوای منداڵانە کە وەک بزنە شێتەکەم هەڵدێرا و هەپروون بەهەپروون بوو، هەر کوتێکی لەژێر دار و دەوەنێکدا بەجێما... سەدەها شەو خۆم دەدی؛ لە هەموو خەونەکانمدا کە چۆن چۆنی لەسەر لێواری خەرەندەکە ڕەتم دەبرد و پێم هەڵدەخلیسکا و سەرانگرێ دەبووم، ڕووە و قووڵایی خەرەندەکە کەللەی سەرم بەر تاشەبەردەکان دەکەوت و پارچە پارچە دەمردم، ئەو



خەرەندە لە هەموو خەونەکانمدا بانگی دەکردم کە تا پیر نەبووم و نەمردووم بێمەوە و بۆ دواجار لەو ئەفسوون و سیحرە پڕ سام و ترسەی ڕابمێنم... هەر واشم کرد، چەندین گەراج و قەمەرەم گۆڕی، هەر دەتوت نامەوێ خیانەت لەگەڵ یەکەمین مەنزڵگای خۆم بکەم، دەمویست وەفادارانە ئەو قەرزە گەورەیە بدەمەوە... چ قەرزێک؟ نازانم... تا لە خەرەندەکە نزیکتر دەبووینەوە من غەمگینتر دەبووم، سەیر بوو... لە پەنجەرەی قەمەرەکەوە بەهەردوو بەری جادەکەدا دەمڕوانی و دەیەها ئەسپی مردووم بینی کە لێرە و لەوێ سەگەل تێیان وروکابوون، لەگەڵ گرەگرِی تیژتێپەڕی قەمەرەکە لمۆزی خوێناویان لە کەلاکەکان هەڵدەگرت و بەترسەوە لە ئێمەیان دەڕوانی، لەوە مڕتر بوون بەدەم وەڕینەوە دوامان بکەون، دەتوت ناو دەندە و پەراسووەکانیان کە لە گۆشت داماڵرابوون کولانە و قەفەزی سەگەکانن، لە هەموو ژیانمدا بەو ژمارە زۆرە ئەسپی مردووم نەبینیبوو، لە هیچ فلیمێکدا، لە هیچ ڕۆمانێکدا... لە هیچ شوێن و وڵاتێکدا... دڵتەنگ و نیگەران لە شوفێرەکەم پرسی:

«کاکی شوفێر ئەو هەموو ئەسپانە بەچی مردوون؟»

کابرا وەک ئەوەی پرسیارەکەی منی بەلاوە سەیربێ تۆزێک ڕاما و لەناو خامۆشی سەرنشینەکاندا دەنگی لە گوێمدا دەزرنگایەوە، من تا ئەو حەلە، لێرە و لەوێ، لە قۆناغی دوور و نزیکدا کەلاکی ئەسپەکانم دەبینی و ژان دەچووە دڵمەوە... دواجار بەتەوسەوە وتی:

«ئەسپ نامرێ مامۆستا... ئەسپ دەتۆپێ... بۆ جەوابی سوعالەکەشت کەس نازانێ ئەم دەردە ئەسپە چییە لەو وڵاتەی مە بڵاوبوویتەوە!».

هەر ئەوەندە و ئیدی سەرنشینەکانی ناو ماشێنەکە لەناو خۆیاندا کەوتنە دەمەتەقێ و غەڵبەغەڵب... کاکی خۆم لە چ زەمان و سەردەمێکدا شتی وا بووە... هەر هەمووی غەزەبی خودایە، ئەوە نیشانەیە و نۆرە دێتە سەر ئێمەش... ئەوەندە شتی سەیر و سەمەرە ڕوودەدەن کە دەلیلە ئاخر زەمان نزیک بوویتەوە... ئەمن بیستیتم بەدەم بای غارەوە هەر چوار پەلی ئەسپەکان دەشکێن و... سەر سمدان و دەم بەیەک دادانیان یەکێکە، گوایە یەکەم جار کوێراییان دادێ و هیچ نابینن، نا... برا دەردەکە لەوە قورسترە کەس بزانێ لە چاوان دەبن یان لە گوێیان... قوربان لە ئاواییەکەی ئێمەدا چەمێکمان هەیە و لەوەتەی ئێمە هەین و لە باووباپیرانەوە کەس نەیبیستووە کرم لە ماسی بدات، کرم... بەڵێ کرم ئەمساڵ هەر هەموو ماسییەکانی ناو ئەو چەمەی کوشت... نەعوزوبیللا... ئیدی تا دەهات غەڵبەغەڵبەکە هەر لە هیچەوە دەبوو بەشەڕە قسە و نەدەبڕایەوە، من لە خەیاڵی خۆمدا

نقوم بووم و دابڕام، تاکە شتێک کە دەمدی و دەیتاساندم مەرگی ئەو هەموو ئەسپە بوو، بەبەرچاومەوە، دەیەها ڕەوە ئەسپم دەبینی کە چۆن بەیەکەوە چوار پەلیان دەشکێ و سەرسم دەدەن و لمۆزیان لە خۆڵ و بەردەڵان دەچەقێ، پەلەم بوو بگەمە لای ئەو پێچەی کە لە خەرەندەکەی نزیک دەخستمەوە، دەمویست هەتا زووە دابەزم، بەکابرای شوفێرم وت کە لە هەورازەکە و لەدوا پێچی جادەکە دامبەزێنێ، بەمیهری برایەکەوە پێی وتم کە دەکرێ میوان بم... سوپاسم کرد، جانتا سووکەڵەکەم دا بەشانمدا و خوداحافیزیم لێ کردن، دیاربوو بەسەرسامییەوە ئاوڕیان لێ دەدامەوە، پێیان سەیر بوو کە لە جادەکە لام داوە و ڕووەو خەرەندەکە مل دەنێم، بەهەنگاوی سست بەناو بەردەڵان و کەرتە شاخەکاندا بەپێچ و لوول ڕێم دەکرد، دەمێک بوو بەناو خاکێکی وا بەردەڵاندا ڕێم نەکردبوو، زوو زوو لاسەنگ دەبووم و خۆم دەخیلی کەڤرەکان دەکرد، نەرمە نەرمە دەمارە گرژەکانی هەردوو بەلەکم خاو دەبوونەوە و پاشان خوێنیان تێ دەڕژا، تا لە خەرەندەکە نزیک دەبوومەوە سام دایدەگرتم و وام مەزەندە دەکرد کە لە سیحر و ئەفسوونێک نزیک دەکەومەوە، لە خەونەکانی منداڵی کە لێرە و لەسەر ئەم خەرەندەدا بینیمن، بەرد بەبەردیم دەناسییەوە، دەوەن بەدەوەن، درەخت بەدرەخت، ڕەوەز بەڕەوەز... دار هەنارە زڕەکان، بەر لەوەی بگەمە سەر لێواری ڕکی خەرەندەکە دەبوو باخی دار هەنارە زڕەکان تێپەڕێنم، خەرەندێک کە هەزار خولیا و ترس و ئەفسوون و خەون و ختوورەی لە خەیاڵی منداڵانەی مندا دەتەقاندەوە، ئەو شوێنەی کە لەگەڵ (شیرین) و منداڵەکانی دیکەدا گەمەمان لێ دەکرد، لە دوای موتاڵا و وەڕس بوون لە هەڵدانەوەی لاپەڕە هەڵوەشاوەکانی کوردی و حیساب و زانیاری دەکەوتینە دڕاندنی لاپەڕەی دەفتەرەکانمان و دروستکردنی (قوش کاغەز) و هەڵدانیان بۆ ئاسمانی سەر خەرەندەکە، هەر هەموومان بەیەکەوە قوش کاغەزەکانمان بۆ حەوا هەڵدەدا، دەکەوتنە سەر لەپی (با) و هێدی و نەرمە نەرمە ڕووەو قووڵایی خەرەندەکە تاوێک بەرز و تاوێک نزم، بەپێچ و لوول لە ئێمە دوور دەکەوتنەوە، هەندێکیان تا ناو چەمەکە دەگەیشتن، بەر لەوەی بگەنە ناو چەمەکە لە مەودای چاوانمان بزر دەبوون، هەندێکیان بەسەر درەختەکانی قەد پاڵەکانەوە دەگیرسانەوە، هەمیشە ناوی خۆمان لەسەر قوش کاغەزەکان دەنووسی، دڵی هەر یەک لە منالەکان لەگەڵ ناوەکانی خۆمان دەفڕی، منالانی هەراشتر دەیەها کۆلارەی ڕەنگاوڕەنگیان دروست دەکرد و تا دەزووەکان دەپچڕان کۆلارەکانیان بەرز و بەرزتر دەدایە دەست هەوا... چەندە دڵمان بەوە خۆش دەبوو کە سەرمان لە مەلەکانی سەر خەرەند دەشێواند، لەناکاو لە قوش کاغەز و کۆلارەکان نزیک دەبوونەوە و تیژڕەو خۆیان لادەدا،



من هەر لەسەر ئەو خەرەندە مەڕ و بزنەکانم دەلەوەڕاند، ساڵ دوانزەی مانگ چاکترین بژوێن و لەوەڕگا بوو.

هاتمەوە، بەو نیازەی هەر لێرە، لەسەر ئەم خەرەندە کەلاوەیەک بکڕم، ئەمەیان خەونی دەمێک ساڵم بوو، وام هەست دەکرد من بۆ دواجار بەر لەوەی زۆر پیر بم و بمرم لەدوا ساڵەکانی تەمەنمدا لەسەر ئەو خەرەندە بژیم... بەدڵی پیاوێکی نەخۆش و ماندووەوە ڕێم دەکرد، تا لە گەڕەکە کۆنەکەی خۆمان نزیکتر دەبوومەوە پتر دەتاسام و دڵم پەلەپەل لێی دەدا، لێرە و لەوێ ژمارەیەک خانووی داڕماوم بینی، چەندین کەلاوەی شان شکاو کە بەحاڵ بەپێوە وەستابوون، دەیەها خانووی دیکە کە هێشتا تۆکمە و بەپێوە وەستاو بوون، لەو ساتە وەختەدا کەسێکم لێ دیار نەبوو لێی بپرسم: ئەرێ شوێنەواری حەسارەکەی (مام پڵنگ) وا لە کوێ؟ ماوە یان ڕماوە؟ دواجار بەپرس و سۆراغی پیرەمێردێکی کەنەفت کە لەسەر سەکۆی بەرماڵەکەی خۆیان دانیشتبوو، توانیم بچمەوە سەر شوێنەواری بەسەر یەکدی داڕماوی حەسارەکەمان، دەنێو دار و پەردووی بەسەر یەکدیدا ڕووخاو ساتمەم دەکرد، هەر دەتوت ئەوەیان حەسارێکی داڕووخاو نییە، بەڵکو ڕۆحە کاول بووەکەی خۆمە و گەرد بەگەرد لێی ورد دەبمەوە، بیرم لەو ڕۆژگارە زۆر دوور و دێرینە دەکردەوە کە پتر لە خەونێکی پڕ تەمومژ و جەنجاڵ دەچوو، خەونێک کە زۆر بەزەحمەت و هێدی هێدی ڕووداوەکانیت بکەوێتەوە یاد... حەسارێک کە دوای سەرهەڵگرتنی من و مەرگی باوک و دایکم؛ براکانم، بێ پرسی من، وەک میراتێک بەپەلە فرۆشتبوویان، بێ ئەوەی بەشی خوشکە کلۆڵەکانمی لێ بدەن.

چەندین پایتەختی قەڵەباڵغی دونیا، چەندین شار و گوندی ڕازاوە و جوان، چەندین باڵخانەی زۆر خۆش و هەڵواسراو بەئاسمانەوە ئەو حەسارەی لەبیر من نەبردەوە. سەدەها شاخ و کێو و دەربەند، گرد و تەلان و لێرەوار، چیاکانی ئەلب، هیمالایا، ڕووباری دانوب، تایمز، راین... ئەو خەرەندە و ئاسمان و ئاوەی لە خەیاڵی من دەرنەکرد، دەیەها کچی قەشەنگ و شەکرە ژنی خولقاو لە شلیک و شیر نەیانتوانی شێوەی شیرینی (شیرین)م لە زەیندا کوێر بکەنەوە، من مەبەستم نییە چیرۆکی کۆچ و سەرهەڵگرتنی خۆم بۆ ئێوە بگێڕمەوە، من هاتوومەتەوە سەیری ئەو قوتابخانە کۆن و نیمچە داڕماوە بکەم کە ساڵانێک تیایدا قوتابی بووم و (خشتەی لێکدان)م هەر پێ لەبەر نەکرا، من هاتمەوە تاوەکو حەسارە تۆکمە و دامەزراوەکەی جاران ببینمەوە، حەسارێک گومانم هەبوو بەفر و باران و هەتاو دایبڕزێنن، حەسارێکی بنیات نراو لە بەردی شاخان، گومانم هەبوو

بوومەلەرزەش لێی بدا برمێ، کەچی ئەوەی بینیم بەتەنها بناغەی هەڵتەکیوی حەسارەکەبوو کە لە هەندێ شوێن بستێک و لە هەندێ شوێنی دیکە دوو بست لە زەوییەکە بەرز ببۆوە، لە گەڕانمدا بەناو ژووره دارماوەکاندا دەمویست بزانم من لە کوێ بووم، دیوەخانەکەی باوکم، ژووری تاریک و بێ پەنجەرەی خوشکەکانم، هۆدەکەی نەنکم، هی براکانم، دەمویست شوێنی کادین و گەنجینە و تەویلەکە و ئاودەستخانەکە بدۆزمەوە، ئەو ژێرزەمینەی خاک و خۆڵ و دار و پەردووی بەسەریەکدیدا ڕماو پڕی کردبۆوە، ئەو شوێنە زۆر تاریکەی کە کارەبا دەکوژایەوە دوو فانۆس ڕووناکی نەدەکردەوە، کەچی زولەیخا-ی پلکم لەوێ دەنووست و دەیخوارد، من تا ئێستا نەمزانی بۆ تا مرد شووی نەکرد، بەدوای دار هەنجیرەکەدا دەگەڕام کە بەتەنها دوو بست لە قەدی بڕاوی لە زەوییەکەوە هەڵتۆقیبوو، بەشەرم و ترسەوە لە نزیک ڕەگەکەیەوە چرۆیەکی تازەی دەرکردبوو، گەرەکی بوو وەک یادگارەکانی من سەرلەنوێ دەنێو حەسارێکی وا خاپووردا سەوز بێتەوە و پێم بڵێ: ڕۆژانێک تۆ و خوشک و براکانت گوریستان لە من دەبەست و لەژێر سێبەری گەڵا پان و میهرەبانەکانی مندا جۆلانەتان دەکرد، تۆ بۆ دۆزینەوەی هێلکەیەکی ناو هێلانەکەی باوەشم ملی خۆت دەشکاند، هەر لەژێر سێبەری مندا باوکت پاش نیوەڕوانی هاوین و بەهار سەرخەوێکی دەشکاند و مەلەکانیش نەیاندەوێرا بجریوێنن، هەر لێرە بوو نەنکت تەشی دەڕست و دایکەش بەدەم خەمێکی هەمیشە و پەنهانەوە دەگریا... دەمزانی لە هەنجیرەکەوە بە دە هەنگاو دەگەمە گەنجینەکە، دە هەنگاوی وردی ئەوسا، بە بیست هەنگاویش دەگەمە کادینەکە، بە سی هەنگاویش ڕووەو ڕۆژهەڵات دەگەمە سەر تەنوورەکە، بە چل هەنگاو ڕووەو ڕۆژئاوا تەویلەکەیە، ئەو تەویلەیەی خۆشترین ڕۆژانی من و بزنەشێتی وەیاد دەهێنامەوە و دەیگریاندم، بەڵام من هەنووکە هەنگاوم گەورەتر بووە و هیچ ئاسەوارێکی گەنجینە و تەویلە و تەنوورەکەش نابینم، هەر دەڵێی ئەو ژیانەی من دەنێو ئەم حەسارەدا جگە لە خەون و تراویلکە، جگە لە درۆیەک هیچی دیکە نەبووە... تلیش و پارچەداری قەڵاشکەر، جلی دڕاو، عەرەبانەی شکاو، دار و پەردووی بەسەر یەکدیدا ڕماو، بنمێچی تەپیو، دار و پەردووی پەرشوبڵاو تا ناو ڕەزەکان هاتبوون، دونیایەکی وێران و خاپوور، نەمدەزانی وەئاگام یاخود لە خەودام، تەنها شتێک کە نەگۆڕابوو خۆر و ئاسمان و ئەو (با)یە بوو کە لەگەڵ هەڵکردنی لق و پۆپی درەختەکانی دەشنانەوە، نا... هەرگیز ئەو مەل و مرۆڤ و ئاژەڵ و درەخت و خانووانە هەمان ئەو شتانە نەبوون کە من لە خەونەکانما سەدەها جار وەکو خۆیان دەمبینینەوە، داتەپینی



خانوو و باڵەخانەیەکی زۆر، شکانی دەیەها درەخت لەناو قەدەوە، شکانی لق و پۆپی ئەوانی تر و نیشتنی تۆزێکی ئەستوور لەسەر گەڵاکان، پەرتبوونی ئەو هەموو سۆڵ و پێڵاوە کۆن و داڕزیوە، جێمانی ئەو هەموو گاسنە ژەنگدار و ئافەرۆزە و پەنچەربوونی ئەو هەموو تراکتۆرانە و پەککەوتن و مانەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەژێر باران و هەتاو... ڕەنگ بواردوو... داڕزابوون، ئەو هەموو سەگە بەڕەڵلایانەی گەڕ ببوون و بەزەحمەتێکی زۆرەوە بەم و بەو دەوەڕین، ئەو هەموو مەلە مردووانەی کە مێش و مەگەز و مێروولە تێیان وروکابوون، سووڕانەوەی بەردەوامی هەڵۆکانی سەر خەرەند و نزم فڕینی قەلەڕەشەکان دەیترساندم... قاغ قاغ... بەدەم ڕێوە، لێرە و لەوێ، ساتمەم لە کەللەسەری مەڕ و بزن و ئەسپ و هێستر دەکرد، هەوایەکی بۆگەن لەناو ئەو گیاوگۆڵە هەڵدەستا و کاس و حۆلی دەکردم، هەر دوای چەند چرکەیەک و ئیدی هەستم دەکرد ئەو بۆنە ناخۆشە لە گیانی من هەڵدەستێ، وام دەزانی منم و بۆگەنم کردووە، چەندە لەو وێرانە و کاولکارییە دەچوو کە لە هەندێ لە حەکایەتەکانی نەنکمدا پاڵەوانەکان کتوپڕ خۆیان لەناودا دەبینییەوە... بۆنی خوێن... پێستەی غاراو... میوەی گەنیو، بەچواردەوری حەسارەکەدا پیاسەم دەکرد و لێرە و لەوێ ئەو مەردوومانەم دەبینی کە هیچ سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی و شکۆ بەچاویانەوە دیار نەبوو، زۆر ترسنۆک و خۆپەرست و غەمبار لەژێر کەچە جلەکانیاندا دەهاتن و دەچوون، یەکەم جارم بوو بزانم کە ئەگەر مرۆڤ وێران و ماندووبێ و لەناو کەلاوەدا بژی مەحاڵە بتوانێ میهرەبان و جوان و ناسک بێ، من بۆ ئەو خەڵکە پاک و جگەرسۆزەی زەمانێکی زووتر لە ئێستادا دەگەڕام، بەردەمی هەر خانوویەکی داڕووخاو و نیمچە بەپێوە وەستاو زبڵاخە بوو، سەگ و پشیلەکان لە برسانا تەنەکەی زبڵەکانیان بەگۆڕێ وەرکردبوو، چەندین دار عەلەتریک لار ببوونەوە و ساتمەم لە وایەرە پچڕاوەکانیان دەکرد و لە قاچەکانم دەئاڵان، ئەوانەشی کە بەپێوە مابوون گلۆپەکانیان شکابوون، لە جێی خانووە داڕووخاوەکان چەندین ڕەشماڵی کۆن و هەلاهەلام بینی کە لە دە لاوە پینە کرابوون، یەکەم جارم بوو ئەو هەموو مناڵە زۆرە ببینم کە تا کونی چاویان لە قوڕ چەقیبوون و وەک گەورەکان مڕومۆچ و داخدار بوون، شەکەت و ماندوو، تەنیا و بێ دەستەڵات دەگەڕام و دەمویست بپرسم ئاخۆ ئەم کاولکارییە خەراباتی پاش بوومەلەرزەیە یان چی... کەس نەبوو لێی بپرسم... کەس ئەو ڕووەی نەدامێ، ناچار گەڕامەوە ناو کۆنە حەسارە دارماوەکەی خۆمان، نەمدەزانی ئەو هەموو پەڕۆوپاتاڵ و کەلوپەلە داڕزیوە چییە کە لەو ناوە کەوتبوون، کەستەک و بەردی گەورۆنە، کۆنە

بێژنگێکی شکاو، پێمەڕە و خاکەناسێک کە دەسکەکانیان گردەبڕ شکابوون، دەمویست تارمایی ئەو منداڵە ونبووە بدۆزمەوە کە لە خۆم بزر ببوو، هەر ئەو ڕۆژە لێم بزر بوو کە بەنەخۆشی منیان خستە باوەشی نەنکم و سواری هێسترێکیان کردین و لەگەڵ کاروانێکدا ڕووەو کوێستان، لەناو تەمێکدا بزرم کرد: لە گەڕانم بەناو شارە زۆر جەنجاڵەکانی دونیادا هەر بەدوای ئەو منداڵە ونبووەدا دەگەڕام، بایەک هەڵی کرد و منی گەڕاندەوە ئەو بەیانی و ئێوارانەی لە شاخەکانەوە شنەیەکی پاک و بۆنخۆش حەوشە و ژوورەکانی پڕ دەکرد لە بۆنی گیاوگوڵی کوێستانان، هەمیشە بۆنی هەوای بەیانیان جیابوو لە ئێواران... شەوانیش بەبۆنی ڕەشەڕەیحانە مەست دەبووم، ئەو بۆنەی لە سینە و بەرۆکی زولەیخای پوورم دەهاتە دەرێ کە تاکە شتێکی زیندوو بوو لەگەڵ خۆی دەیبردە ژێرزەمینەکە، لە بۆنی باوکە دەگەڕام؛ بۆنێک کە بۆ هەمیشە پێی نامۆ بووم، لە بۆنی دایکە دەگەڕام کە هەمیشە بۆنی قەرەنفول لە گوند و شارەکانی دونیادا ئەوی بیر دەهێنامەوە، لە هەناسەبڕکێ و قسە پچڕ پچڕەکانی نەنکم دەگەڕام کە بەدەم حەکایەتەکانی عیشقەوە لە دەورم بڵاودەبۆوە و دەیخستمە ناو تانوپۆی چیرۆکەکانی، بۆنی برا سپڵە و دڵڕەقەکانم، خوشکە زۆر شەرمنەکانم، بۆنی پوورەکانم کە ساڵ دوانزەی مانگ بۆنی گیابەند و پونگ و نەعناعیان لێ دەهات... بۆنی کانی سارد، ڕەنگی گڕ لە دەمی تەنوورەکەوە و قرچە قرچی سووتانی خێرای چڵ و چێو، چوومەوە سەر بیرەکە کە ئەوەندە زبڵی تێ ڕژابوو پڕ ببۆوە، هەموو جارێک سەرم بەسەر زارکی بیرەکەدا شۆڕ دەکردەوە و گوێم لە چرپە چرپ و قریوەی تێکەڵ دەبوو کە لە گوێمدا دەزرنگایەوە، دایکە دەی وت: ماڵی جنۆکان وا لەوێ، هەمیشە دەولکەکەم شۆڕ دەکردەوە و ئاوم هەڵدێنجا بەو ئومێدەی ڕۆژێکیان بێچووە جنۆکەیەک لەناو دەولکەکە بدۆزمەوە، بیکەم بەخوشکی خۆم گەر مێیینە بوو، بەبرا گەر نێرینە بوو، باوکە هەمیشە هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکردم گەر کەللەیی و تووڕەبێ لێم سەرەونخون هەڵمدەداتە ناو بیرەکە، ئەو هەمیشە لە هیچە کەللەیی دەبوو، من هەمیشە بەغیلیم بەوردە جنۆکەکانی ناو بیرەکە دەبرد، وام هەست دەکرد کە ئەوان زادەی ئاون و لە من بەختەوەرترن، هەر بەمەزەندە چوومەوە سەر خاکی تەویلەی ڕماو، لە پاشماوەی قشپل دەگەڕام، لە خۆشترین وڵاتانی دونیا دەچوومە گوندە دوورەکان و دەکەوتمە دوای مەڕ و بزنەکان تاوەکو بۆنی پشقل بکەم کە من پڕ بەدڵ ئارەزووم دەکرد، بۆنی قەرسەقول، بۆنی خوری مەڕ و تیسکی بزن و ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار باران لێی دەدا، لەو گەڕانەمدا ئەو بۆنە کتوپڕ کەللەمی پڕ کرد و لە ڕۆحمدا غوربەتێکی قووڵ دەیگریاندم و دەیبردمەوە ئەو



ڕۆژانەی کە شوانێکی زۆر چکۆلە بووم، وەک کەسێک بەدەم خەوەوە ڕێ بکات و ساتمە لە داروبەرد بکات بێ ئەوەی لەپەو ڕوو بکەوێ هەر هەموو کووچە و کۆڵانەکانم پشکنی، هەر لە خۆمەوە بەکەمێک ترس و شەرم و گومانەوە دەستم هەڵدەبڕی و سڵاوم لەو خەڵکە دەکرد کە لەوە دەچوو تازە بەتازە وەک من هاتبنەوە و کەلاوە و خانووە ڕماوەکانیان بخەنەوە سەرپێ، بەدەم نووشتانەوە و هەستانەوە، پاچ وەشاندن، قوڕگرتنەوە، ئارەقە سڕینەوە، بەدەم کوفر و جوێنەوە، سکاڵاو گلەیی، نەفرەت کردن لە شەیتان... بەدەم هیلاکی ڕاکێش ڕاکێشی حەسیر و کاریتە و شەقڵەوە زۆر گران دەجووڵان و گرانتر وەڵامی سڵاوی شەرمنانەی منیان دەدایەوە، لە سەروسیمام، لە جلوبەرگم، لە پێڵاوەکانم ڕادەمان، دەیانزانی من جگە لە غەریبەیەک هیچی دیکە نیم، دڵنیابووم کەس ڕۆحی بریندار و کلۆڵم نابینێ، ڕۆحی منداڵێک کە بەر لەوەی ئێرە ببێ بەدار و پەردووی بەسەریەکدیدا ڕماو لەم ئاسمانە تەرە بوو، ڕۆحی شوانێک کە لەگەڵ هەڵدێرانی بزنە خۆشەویستەکەی بۆ ناو ئەو خەرەندە؛ ڕۆحی منیش هەپروون بەهەپروون بوو، ڕۆحی قوتابییەکی ترسنۆک و شەرمن کە بەر لەوەی گەورە بێ و لە داستانە مەزنەکانی عیشق و لێک دابڕان تێ بگات ئەم لە (شیرین) دابڕا... خودا هاوار هەر دەت وت بوومەلەرزەیەک لەو شارۆچکەیەی داوە و خاپووری کردووە، هەر کەسە و بەپەلەپەل دەیەوێ کەلاوە ڕماوەکەی خۆی بخاتەوە سەرپێ، من هاتبوومەوە ناو ئەو وێرانەیە تا بگەڕێمەوە بۆ ئەو بەیانییەی من بۆ یەکجاری ئەو حەسارەم بەجێ هێشت، لە باوەشی نەنکمدا بەجووتە سواری هێسترێکیان کردین و ڕووەو کوێستان بەڕێیان کردین، ئیدی من خەونم بوو بۆ جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر ئەو خەرەندە کە بەقەد ڕۆحی من قووڵ و ترسناک و پەنهان دەنوێنێ، بگەڕێمەوە ناو حەسارێک تۆکمە و بەپێوە وەستاو، کەچی لە ڕۆحی پەژمووردە و غەریبی من کاولتر... گەلێ گەلێ خاپوورتر، دوای ئەو هەموو ساڵانە کۆڵانەکان دڵڕەقانە خیانەتیان لێ کردم، هیچ کۆڵانێک ئەوەندە فراوان و میهرەبان نەبوو دەستم بگرێ و بمباتەوە بەر شاتووەکە... بەر دەرگای ماڵی (شیرین)، ئەو دەرگا دارینەی هەمیشە سەرسامی دەکردم بەوێنەی دوو تاوسی هەڵکۆڵراو لە دامێنەکەی، ڕامانم بەدیار ئەو دوو تاوسەوە جوانترین و مناڵانەترین بیانوو بوو بۆ ئەوەی لەبەر ئەو دەرگایە بوەستم و شیرین دەربکەوێ، دەمویست بگەڕێمەوە ئەو بەیانییەی بەدەم ڕێوە، بەسەر هێستری چەمووشەوە، بۆ شیرین دەگەڕام و نەمدەبینی... یەکەمین ئەوینی من... نا من لەوە گێلتر بووم ئەوین بفامم و تێی بگەم، یەکەمین سۆزی من... یان گیرۆدەبوون... هۆگری و ئولفەتێک... یان چی...؟ نازانم... نا من گومان لە خۆم

دەکەم... بەڵام بۆ بەتەنها لەو گەڕەکەدا: لەو قوتابخانەیەدا... لەو شارۆچکەیەدا من بەتەنها دڵم بەو خۆش بوو... بۆچ بەتەنها شەرمم لەو دەکرد و کە دەردەکەوت هەموو گیانم دەلەرزی، لەو بەیانییە زۆر زووەدا هەروەک دوو عاشقی چکۆڵە و گوناهبار لێکیان کردین، لە باوەشی ئەو دەریان هێنام و... وەک هەر عاشقێکی نائومێد و دڵسارد لەناو پێخەفدا کەوتم، گەرمیان و کوێستانیان پێ کردم، چەندین داوودەرمان و حەکیم، چەندین جار لەگەڵ گریان و داد و فیغانی نەنکم و دایکم و خوشکەکانم و پوورەکانم لە مەرگ وەئاگا دەهاتم... هەموو جارێکیش کە چاوم دەکردەوە (شیرین)م نەدەدی دەبوورامەوە... لە داخانا هەناسەم لە خۆم دەبڕی و خۆم دەکرد بەمردوو... ئاخ من چەندە تاسەی ئەوم دەکرد... چەندە نەخۆشی بینینی ئەو بووم... کەسیش نەیدەزانی... هیچ کەس...

چەندە سەیرە دوای ساڵانێکی زۆر بگەڕێیتەوە تا بزانیت ئاخۆ خەیاڵێکی کۆنی خۆت، خەونێکی بابردوو، حەزێکی زۆر دێرینت... سۆزێکت لە کوێ دۆڕاندووە و چی بەسەر هاتووە؟ بەنێو کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا دەگەڕام و ساتمەم لە داروبەرد دەکرد، لە دەرگایەکی نەخشەدار بەدوو تاوسی پەڕوباڵ کراوە دەگەڕام... بۆ شاتوویەکی پیر لە بەردەمی دەرگاکە... زۆر گەڕام... نە دەرگاکەم دۆزییەوە و نە شاتووە زەبەللاحەکە کە من وام مەزەندە دەکرد گەورەترین شاتووی دونیا بێ، زۆربەی نیوەڕوانی هاوین شیرین جامێک شاتووی دەدامێ تا من دەست و دەم و لێوی خۆم لە خوێناوی شاتوودا سوور بکەم و ئەویش قاقا پێبکەنێ و خۆشی لەوە بێ کە من نەوسنترین منالی گەڕەکم... نا... وا نەبوو... من خۆم ئەوەندە چلێس نەبووم؛ بەس من نەک خوێنی شاتوو... من ئامادەبووم خۆم لە قوڕ هەڵبکێشم تا ئەو خەنی بێ...

مەحاڵ بوو بچمەوە سەر ماڵەکەیان، نەشمدەزانی لەوە تێ بگەم کە شاتوویەک بەو قەدە ئەستوورەوە، بەو هەموو ڕەگ و ڕیشاڵەوە کە دەیان وت چۆتەوە سەر خەرەندەکەش... چۆن چۆنی هەڵتەکیوە؟ تۆ بڵێی هەر هەموو ئەو چیرۆکەی من خەونێکی پڕ لە خۆشی و ناخۆشی خۆم بێ، خەیاڵێکی درۆ کە دووری چەندین ساڵ لە خەڵک و خاک پێی خولقاندبم، من ئەوساش، لەو تەمەنەدا، بەو ساڵە کەمانەوە دەمزانی لە هەر کۆڵانێکدا ستوونێکی کورتەباڵا و درەوشاوە و نوورانی ببینم، ستوونێک لە هەتاو و سێبەری شینباو کە هێدی هێدی دەبوو بەڕەنگامە... ئیدی دەمزانی شیرین وا لەوێیە و گەمان دەکات، هەر ئەوسا کە لەگەڵ نەنکم بەسەر هێسترەکەوە دەلەنگینەوە تەمێک داکشا و بەسەر هەموو شاخەکان و خەرەند و ماڵەکانی ئێمەدا، لەو بەیانییەدا لێ نەدەگەڕا ئەو ستوونی نوورە،



شەبەنگی ڕەنگاوڕەنگی ئەو کچی هەتاوە ببینم، بریسکەی چاوانی کە وەک دوو گەوهەری ڕەش دەدرەوشانەوە، دوو چاوی ڕەش دەلیلم بوون تا لەو کچی هەتاوە نزیک ببمەوە و دڵنیابم لەوەی ئەو بوونەوەرە چکۆڵەیە شیرین–ی هاوپۆلمە... بەشەرمی منالێکی سوالکەرەوە پێم دەوت:

«چۆنیت؟»

لەو ڕۆحە ڕووناکەوە زرنگانەوەیەک لە ترس و شەرم هەوای چواردەورمی دەخستە سەر گێژەلووکە، ترس و شەرمێک لەو ڕۆح لەبەرە زۆر تەنکەوە شپرزەی دەکردم و دەی وت:

«وی... فەرهاد... بڕۆ بەولاوە... دایکە دەڵێ لە کوڕان نزیک نەبیتەوە!».

بەڵام هەر زوو ئامۆژگاری پووچ و بێ مانای دایکەی لە یاد دەکرد و... دەستەکانی دەگرتم و ڕووەو باخی دارهەنارە زڕەکان ڕای دەکێشام، ساتمەمان لە داروبەرد دەکرد، دەکەوتین و بەدەم قاقا و قریوەوە هەڵدەستاینەوە، قریوەی دوو منالّ کە لەگەڵ جریوەی مەلەکانی سەر خەرەند تێکەڵ دەبوو... دەنگی دەدایەوە... بەخۆشی و سەرسامی و ترسەوە ڕووەو خەرەندەکە ڕووم وەردەگێڕا و هەردوو دەستم دەکرد بەشوورەی دەمم و هاوارم دەکرد:

«شیرین... هۆ هۆ شیرین»

بەهەمان سەدا و سیحرەوە دەنگێک ناسکتر لە خوڕەی چەمەکەی ناو خەرەندەکە بەئاسماندا پەرت و بڵاو دەبۆوە و دڵمی دەخستە سەر لەرزەلەرزی ترس و تاسە...

«هۆ... فەرهاد... هۆ... هۆوو... واو... واو واو...!»

من هیچم نەدەویست جگە لە گەمەکردن لەگەڵ ئەو پەرییە بچکۆلەیەی کە لەوە دەچوو لەناو یەکێک لە حەکایەتەکانی نەنکمدا باڵەکانی لەیاد چووبێ و جێی هێشتبێ، گەمەکردن بەخۆڵ یان بەمورووو، جۆلانێی ژێر شاتووەکەی بەردەمی ماڵیان بێ یان غارغارێنی ناو دار هەنارە زڕەکان، یان پێ ئەزبەرکردنی سروودەکان بێ یان خشتەی لێکدان، هەمیشە ستوونێک لە ڕۆحی ڕۆشنی بەشەوارەی دەخستم و لە خۆیەوەی وەردەپێچام، برژانگەکانی ئەوەندە ئەستوور بوون کە دەکرا بیانژمێرم، لووتی قنجی کە کەمێک بەرز هەڵشاخابوو، لە کچێکی چکۆڵەوە دەیکرد بەشازادەیەکی پڕ فیزوناز، دوو کوڵمی هەمیشە داگیرساو، ڕوومەتی مەیلەو سپی تێکەڵ بەکازیوەی بەیانیان، هەردوو گوێی وردی، بۆنی خۆشی کە بەلامدا تێدەپەڕی و سەرمەستی دەکردم، لاڵ و وڕوکاس چاوەکانم بەدوایەوە بوون، لە کراسە گوڵ گوڵییەکەی ڕادەمام، ڕەنگڕێژ بەشەبەنگی

خۆرەتاو، وای لەو لەشە نەرم و نۆڵەی، بۆنی کچانەی کە جیابوو لە بۆنی نەنکم و دایکم و پوورەکانم، دەنگی پڕ لە زرنگانەوەی، وای لە زمان گیران و تەریق بوونەوەی، هەردوو ئەبرۆی پەیوەستی، پێڵووەکانی کە هەر دەت وت باڵی چۆلەکەیە و لێکیان دەنێ، دوو دەستی چکۆڵەی کە لەوە نەدەچوو پەنجەکانی ئێسقانیان تیا بووبێ، تەوێڵی شەمزاوی بەهەتاوی خودا، پەرچەمی پەرێشانی، هەردوو شانی چکۆڵە و داکەوتوو لەژێر قورسایی جانتای لە پەڕۆ دووراوی پڕ لە کتێب و دەفتەر، خەندە و شاگەشکەبوونی هەمیشە ئامادەی، ترپەی دڵی هەمیشە ترساوی ئەو کاتەی لەگەڵما دەیوێرا بێتە ناو ئەشکەوتی – دێوان– و گوڵەکان بۆن بکا و بەئاونگی کەوتووی سەر گیاوگۆڵ دەموچاوی تەڕ بکات، لە ترسی فڕکەی باڵی مەلێک کە هەوای ئەشکەوت و دڵی ئێمەی دەلەرزاند شیرین خۆی فڕێ دەدایە باوەشم و خۆی بەمنەوە دەقرساند، وەها توند و کەمەرگیر، کە وام هەست دەکرد دڵی لەرزیوی لەناو سینەی مندا کوتەکوت لێ دەدا و دڵی منیش وا دەنێو سینە و پەراسووە ناسکەکانی ئەودا، ئەوەیان تەنها وەختێک بوو کە بێ باکانە بوێرم دەموچاوم لەنێو قژی پڕ و پەرشوبڵاوی شیریندا حەشار بدەم، لەگەڵ تاریکی ئەشکەوتدا چ ئارامگایەک بوون، نەمدەویست لەو تاریکییە بێمە دەرێ، دەنێو کوێربوونی خۆمدا هەمیشە ئەو تارماییە ڕۆشنەم دەبینی کە ڕۆحی جوان و شیرینی ئەوبوو، ڕوویەکی ڕووناک کە دوو مرواری ڕەش لە باقوبریقی خۆیاندا نواڵەیەکیان لە دەوری سەریدا ڕەسم دەکرد، لە پڕ دەی وت:

«تینوومە!»

فووم لە گۆلاوەکەی ناو ئەشکەوتەکە دەکرد و لە چڵ و چێو و گەرد پاکم دەکردەوە، بەهەردوو دەست گۆلمێک ئاوم بۆ ڕادەگرت، ئەویش وەک پشیلەیەکی گوربە زمانی دەردەکێشا و بەر ئاو و پەنجەکانی من دەکەوتن، زمانی تەڕی دەلستەوە، من لەو دیمەنە ڕادەمام خەنی دەبووم، ختووکەم دەهاتێ، چ خۆشبەختییەک بوو کە دەمدی تینوێتی دەشکا و شوکرانەبژێر لە منی کلۆڵ ڕادەما و خەندەیەکی خوار لە گۆشەی لا لێوییەوە دادەکەوت و وەک خوناو دەڕژایە ناو گۆلاوەکە و ڕۆحی ئاوەکەی شپرزە دەکرد، لە تەکما لەسەر بەردێک دادەنیشت و لە دڵۆپە تکاوەکانی زارکی ئەشکەوتەکە ڕادەما و تا ماندوو دەبوو دەیژماردن، پاشان زمانی دەردەهێنا تا دڵۆپەکان بتکێنە سەر زمانی، خەنی دەبوو... دەی وت:

«تامی بەردی لێ دێ»



کە سەرما پێستی گرژ دەکردین دەهاتینە دەرێ و خۆمان دەدایە بەر تینی نەشئە بەخشی خۆرەتاو، ئیدی گەرم دادەهاتین و دەچووینەوە ژێر سێبەری نارێکی داربەڕووەکان... خودایە هاوار... شیرین چەندە لە پەری ناو حەکایەتەکانی نەنکم دەچوو، ئەو پەرییانەی شەوان بەماچێک خەویان لێ دەکەوت و بەیانیانیش بەماچێک وەئاگا دەهاتن، کە ئاواهی دەمدی، کە دەبوو بەپرتەوێک لە نوور... لێی دوور دەکەوتمەوە، لەژێر سێبەر و تاودا کتومت لەو پەرییە دەچوو کە نەنکم وەسفی دەکرد و بەدرۆ بێ یان ڕاست من هەموو ئەو وەسفە دەگمەن و شیرینانەم دەخستە پاڵ شیرین، هەموو شەوێک لە دوای حەکایەتی «پەرییەکی تۆراو» ئامۆژگاری دەکردم کە ئەگەر پەرییەکی وا هاتە خەونم هەرگیز خۆم نەفام نەکەم و بکەومە دوای، دەیترساندم کە ئەگەر پەرییەکی وا فریوی دام ئیدی جارێکی دیکە من ئەم ماڵە نادۆزمەوە و تا ئەبەدیش دەبمە کۆیلەی پەرییەکی پەڕوباڵ کراو... خوا لێی داخدار و لە بەهەشت دەرکراو، من دەمویست پێی بڵێم:

«نەنێ گیان... ئەو پەرییەی تۆ وەسفی دەکەیت چەندە لە شیرین–ی دراوسێمان دەچێ!»

ئەو پتر زەندەقی دەبردم:

«مناڵ مەبە و مەکەوە دوای... وا مەزانە خەونە و لێی وەئاگادێی... گەر یەکجار بکەویتە دوای تارمایی ئەو پەرییە و فریو بخۆی... ئیدی لە توخمی ئادەمیان دەتۆرێی!»

وازی لە ترس و تۆقاندنم دەهێنا و بەزەیی و سۆزی دەجوولاندم:

«تۆ نەنێی خۆت بۆ کێ جێ دێڵێ؟ من ئیدی حەکایەت بۆ کێ بگێڕمەوە، تۆ پیرە باوکت بۆ پەرییەکی نەزان جێ دێڵی، کە دوو ڕۆژ و نیوی ماوە و دەمرێ و ئەو هەموو ماڵ و میراتە بۆ کێ بێ؟ کێ مەڕ و بزن و مانگاکانی بەخێو بکا؟ ئەی خوشکە دڵشکاوەکانت؟ برا خاسەکانت؟ پوورە دڵسۆزەکانت؟ ئەی دایکت... دایکی هەمیشە کلۆڵ و گرینۆکت... خۆ بەو خوای وا لە بانی سەری هەر هەمووومان لە دوای تۆ بەسک دەدەین و دەمرین!».

ئەو دەیترساندم و کەچی هەموو شەوێک پەرییەک دەهاتە خەونم، منیش دەبووم بەکوڕە کەچەڵی ناو حەکایەتەکانی نەنکم، لە ناکاو پەرییەکە شێوەی شیرینی وەردەگرت و ئیدی من گیرۆدە دەبووم، لەو خەونانەشدا ترسەکانی نەنکم لێ نەدەگەڕا منی بابردەڵە و جیقن لەو پەریزادەیە نزیک ببمەوە و ماچێکی بکەم، خودا نەنکم بگرێ... هەزار جار... لە حەکایەتەکانی ئەودا کە کوڕە کەچەڵ پەریزادەکەی ماچ دەکرد و سەری چاک دەبۆوە و قژی

دەهاتەوە، هەر لە دوای ئەو ماچەوە بوو کە ئیدی کوڕە کەچەڵ دەبوو بەپادشای شاری پەرییەکان و جوانترینیانی لە خۆی مارە دەکرد، بەشکۆ و شانازییەوە دەستی لە تاجە چکۆڵەکەی سەر سەری دەدا کە هەر هەمووی گەوهەر ڕێژ... چەندە سەیرە... چەندە لەوە دەچێ من ئێستاکەم درێژکراوەی خەونێک بێ لەو خەونانەی تیایدا تا ئەبەد بزر بووبم، لەوە دەچێ هەر هەمان سزابێ... سزای ئەوەی بەگوێی نەنکم نەکردووە و لە خەونێکمدا کەوتبێتمە دوای پەریزادەیەکی فریودەر، هەر بۆیە هاتوومەتەوە سەر شارۆچکەیەکی وێران... بەناو قوڕدا ڕێ دەکەم و ناگەمە هیچ شوێنێک، نە کەس دەناسم و نە کەس دەمناسی، کوان خوشک و براکانم؟ کوا گۆڕی دایک و باوکم؟ لە کوێ بوو نەنکمان ناشت؟ کوانێ حەساری بەپێوە وەستاوی باوکم؟ کوا شاتووەکەی بەردەمی ماڵی شیرین، دەرگای نەخشەدار بەدوو تاوسی ڕەنگین؟ خۆ من نەکەوتمە دوای پەرییەکی هیچ کام لە خەونەکان، خۆ من نەبووم بەو فەرهادەی ناو حەکایەتەکەی نەنکم؛ فەرهادی سەنگ تاش، فەرهادی کۆکەن... شێت و شەیدای شیرین–ی ئەرمەن... خۆ من لە خەودا نەمدی شێوەی شیرین–ی *دولبەرێک... کچێکی جوان پەری پەیکەرێک...*

*هات لەگەڵ فەرهاد... بەربوونە یاری*
*بەدڵێکی خۆش... بەکامکاری*
*ئەنگوستیلەی خۆی بەخشی بەفەرهاد*
*فەرهادیش هی خۆی پێ دا... ئەمیش بوو دڵشاد*
*فەرهاد لێی پرسی ئەی پەری ڕەفتار*
*تۆ ناوت چییە... زوو بیڵێ هاوار*
*گوتی: هۆ فەرهاد مەبە دڵ غەمگین*
*ناسراوە ناوم: گیانە بەشیرین*
*ئەگەر نازانی شوێن و مەکانم*
*لە نزیک ئەڵوەن... لە تاقە و سانم*
*لە خەوی شیرین کاتێ کە هەڵسا*
*عەقڵ و شعووری لەسەردا نەما*
*ئەنگوستیلەی شیرین–ی ئەرمەن*
*لە پەنجەی دابوو: فەرهادی کۆکەن...*



بەدەم ڕێوە ئەو شیعرەم هاتەوە یاد، ئەو شەوانەش کە نەنکم تا دەخەوتم وازی نەدەهێنا تا دوو بەیتی تازەی پێ ئەزبەر دەکردم، گەر ئەو شیعرە نارێکە نەبووایە، گەر ئەنگوستیلەکەی نەنکم نەبووایە کە کردبوومە پەنجە تووتەی دەستی چەپم و هەرگیز دڵم نەدەهات بزری بکەم: بڕوام نەدەکرد کە من ژیانێک ژیاوم وەک گرانەتا، ژیانێک کە خۆم تیایدا ون بووم چ جای ئەنگوستیلە، دەیەها کچی شۆخ و شەنگ لەو ڕێی سەفەر و مانەوەیەمدا حەزیان لێ دەکرد و بێ شەرمانە داوایان لێ دەکردم... جوانترین یادگاری نەنکم بوو، هەر کێ دەیدی حەزی لەو نقێمەشینەی دەکرد... هەرگیز دڵم نەدەهات بیبەخشم، بیرمە دەی وت: لە چاو و زار دەتپارێزێ، بیرمە دەی وت: هەر کە دڵتەنگ بوویت... سێ جاران لە پەنجەتا بای دە... خەم و کەدەر لە دڵت دەردەچێ... بەدەم ڕێوە، بەدەم خۆلادان لە قوڕوچڵپاوی ناو کۆڵانەکانەوە، زۆر لەسەرخۆ و هێواش سێ جاران ئەنگوستیلەکەم بادا، وەلێ مەحاڵ بوو فرمێسکم پێ ڕابگیرایە... بێ باک لە خەڵکی پیادە و سوار هۆن هۆن دەگریام... حەزم دەکرد ڕێبوارێک بموەستێنێ و بپرسێت:

«کابرا چی بووە... بۆ دەگریت؟»

کەس نەبوو...

حەزم دەکرد پیاوێک خاکەناسەکەی فڕێ بدا و لەناو قوڕ بێتە دەرێ و پێم بڵێ:

«لە کوێوە بۆ کوێ؟»

کەس نەبوو...

ژنێک بێ بەخوشکم و بەچرپەوە مێرد یان براکەی لە گریانم ئاگادار بکاتەوە...

کەس نەبوو...

کچێک بوێرێ بەجامە ئاوێک میهر بنوێنێ...

*کەسێک... هەر کەسێک خولقی نان و دۆیەکم بکات... کەس نەبوو... دەمدی... هەندێکیان بەدزییەوە توێشەبەرەکەیان دەکردەوە و پاروویان دەگلاند... تەمەنی خۆم دەفرۆشت و خولقم بکەن... کەس نەبوو...*

خودا هاوار... ئەنگوستیلە بادانەکەش هەر دادم نادات، چەندە بەدگومانم لەو گەڕانەوەیەم، چەندە تەنیا و ڕسوام، ئەوەندە تەنیا کە ئیدی شەرم لە خۆم بکەم، کەمەکێ بترسێم... زوو زوو ئاوڕی چەپ و ڕاستی خۆم دەدایەوە، بەو قاتەجلە گرانبەهایەی بەرمەوە کە لە شامەوای ئەسڵ بوو، بەچاویلکەی چوارچێوە زیوینەوە، بەجووتێک پێڵاوی ئیتاڵییەوە هەر لەو بەگزادەیە دەچووم کە پێشتر سواڵکەر بووبێ، کەچی وەک لە

حەکایەتەکانی نەنکمدا ڕوودەدا، کچی پادشا هەر لەبەر بەزەیی و دڵنەرمی خۆی میهر دەنوێنێ و سواڵکەرەکە ماچ دەکا و دەبێ بەبەگزادەیەکی خاوێن، بەڵام نا... دەنێو ئەو وێرانەیەدا من تەریق دەبوومەوە، بەو جلە خاوێنەوە چەندە بێ باک و پڕ هەواوفیز دەردەکەوتم... چەند گەلۆر و کەمتەرخەم، وەها شەرمم لە خۆم دەکرد کە لە ڕێ ڕۆیشتندا خۆم لە دیوارە نیمچە ڕووخاوەکان دەخشاند، لەناو ئەو دار و پەردووەدا، دەنێو کاولکاری شارۆچکەیەکدا چەندە لە پاشایەکی بێ خەم و دڵڕەق دەچووم کە جگە لە تێڕامان لەو تێکڕمانە هیچی دیکەی پێ ناکرێ، پاشاییێک کە بێزی نایەت دەستەکانی خۆی پیس بکات، ئامادە نییە بۆ هەڵگرتنەوەی خشتێک، وەشاندنی پاچێک کەمەکێ بنووشتێتەوە، کەرێکی چوارپەل شکاو لەژێر قورسایی بارەدارێکدا ڕاست بکاتەوە سەر پێیان، لە شکۆی خۆی بێتە خوارێ و جامە ئاوێک بکا بەدەم پیرەمێردێکەوە کە هەردوو دەستی لەرزۆکی لە قوڕ چەقیون، بەدەستەسڕە پاکەکەی خۆی ئارەقەی گەرمی تەوێڵی هەریەکێکیان بسڕێتەوە، دەترسام ئەو هەموو پیاوە نیوە ڕووتە پەلامارم بدەن و جلەکانی بەرم دابکەنن، ئەو هەموو گەنجە پێ خواسە کە تا کونی چاوەکانیان لە قوڕ مەیی بوون وەک قوربانی هەر چوار پەلم ببەستنەوە و سەعات و ئەنگوستیلە و پێڵاوەکانم لەبەر دابکەنن، مێردمنداڵەکانیش گیرفانەکانم هەڵبتەکێنن، ژنە شەرواڵ لەبەرەکانیش وەک دەعەجانی سەیریان دەکردم، لە جوانی زۆر فەرامۆشکراو و کوژراوی ئەو کچانە ورد دەبوومەوە کە ڕەنگە لەدوای یەک حەمامی گەرم ببنەوە بەو کچە قەشەنگانەی لە سینەمادا منیان سەرسام دەکرد، بەڵام هەزار حەیف و مەخابن کە هەنووکە سەرتاپای بەرگیان هەمدیس قوڕولیتە بوو، کەسیانم نەدەناسی... نەشمدەوێرا پێیان بڵێم: *ئا خەڵکینە ماندوو نەبن... کوڕگەل... کچینە لەناو ئەو قوڕە وەرنە دەرێ و کەمەکێ پشوو بدەن... هۆ خاڵۆ... حەز دەکەم لەم پاکەتەی من جگەرەیەک بکێشی... دەمویست بیانکەم بەخاڵ و مام و چایەک بەیەکەوە بخوێنەوە... نەمدەوێرا بەکەسیان بڵێم دەست لە پاچ و پێمەڕە و خاکەناس هەڵبگرن و ئەو ئارەقەیە بسڕنەوە، ماڵنج و تەشووەکانی دەستتان فڕێ بدەن و گوێ لە حەکایەتی سەرگەردانی و وێڵبوونی من بگرن... گوێ لە چیرۆکی تاسە و تلانەوەم بۆ دیدەنی ئێرە و ئێوە...*

بەدرێژایی ئەو کۆڵانە هیچ دەرگایەک بەپێوە نەمابوو کە من بەهەردوو دەست، وەک لێقەوماوێک، بیکوتم تا لێمی بکەنەوە و داوای قومێک ئاو بکەم، نەدەکرا ئەو هەموو خەڵکە تووڕە و ماڵوێرانە لەکار بکەم و پێیان بڵێم:



«من فەرهادم... شوانە چکۆڵەی ڕەنج بابردوو... عومر بەخەسار، قوتابییە تەمبەڵەکەی جاران کە هەمیشە لەسەر ئەزبەرنەکردنی خشتەی لێکدان و سروودەکان هەموو ڕۆژ دارکاری دەکرا!»

نا... نەدەکرا مام و خاڵ و پوورەکانم بناسمەوە، هاوسێ و هاوپۆلەکانی خۆم... ئاخۆ چەندیان ماون و چەندیان مردوون؟ دەت وت وام دەنێو خەونێکی ترسناک کە تیایدا کەوتوومەتە ناو تەلیسمێک و لێی دەرناچم، وام دەنێو پێچ و لوولی حەکایەتە سیحراوییەکانی نەنکم، توونی بابا، وێڵ دەنێو گۆبەندەکانی پێشهاتوو لە حەکایەتی (چل تووتی)دا، نەمدەزانی ئێستام خەون و خەیاڵ و درۆیە یان دوێنێ... نوقمی ئەو پرسیار و گومان و خەیاڵاتانە بووم کە خۆم بینی تا هەردوو ئەژنۆیان لە قوڕ چەقیوم و تا دێ هەنگاوم لە دوو نایە و گرانتر ڕێ دەکەم، بەهەردوو دەست لەنێو ئەو قوڕە زێلاقەیە سەوڵم لێ دەدا، تەکانم دەدا، هەروەک لە خەونەکان ڕوودەدا بەزەحمەتێکی زۆرەوە هەنگاوم دەنا، پرزەم لێ بڕا و دڵم خێراتر لێی دەدا و خوێنی دەنارد بۆ هەردوو بەلەکم تا بتوانم لەو قوڕە خەستە کە هەر دەت وت بۆ من گیراوەتەوە... بێمە دەرێ، تاکێک پێڵاوم لێ بەجێ ما، زەحمەت بوو بنووشتێمەوە و پێڵاوەکە بدۆزمەوە، هەر دەت وت لە قوڕچەقینی من بۆ ئەو مەردوومانەی خۆیان لە قوڕ چەقیبوون و بەهەردوو پێ دەیانشێلا دیمەنێکی زۆر ئاسایی بێ، کەسێکم نەدی خۆی سەغڵەت بکا و لەو قوڕە دەرم بێنێ، ناچار هەنگاوی گرانم دەنا و بێ باک و گێل لەو پەنجەرە دوورانەم دەڕوانی کە هەر دەت وت بەسیحری موعجیزەیەک، بەدوعای جادووگەرێک وان بەئاسمانەوە و ناکەون، ئەو دەرگایانەی کە هەمدیس سێ چوار خشت لە پاییندا ڕاگیری کردبوون، ئەو شەقڵە و کاریتانەی بەحەواوە هەڵواسرابوون، سینەم پڕ بوو لە بۆنی قوڕ، خەونم بەوەوە دەدی کە ئەوەی دەیبینم جگە لە خەون هیچی دیکە نەبێ... مۆتەکەیەک کە کتوپڕ لێی وەئاگا بێم، خۆزگەم دەخواست لەناو قوڕەکە بێمە دەرێ و لە کۆتایی ئەو کۆڵانە تەنگەبەرەدا کە هەر هەمووی بەقوڕ گیرابوو پەنجەرەیەکی لێ بکرێتەوە، دەرگایەک بکرێتەوە و کۆڵان پڕ بێتەوە لە ژن و پیاوی ئاسوودە و ئارام، دراوسێی میهرەبان، چاک و چۆنی گەرم، هاوڕێیانی چەتوون کە هەمیشە بەدەم قریوە و خەنینەوە کلکی هێستر و کەرەکانیان ڕادەکێشا، پڕ بێتەوە لە هەراوهۆریا، قاووقیژ، هاواری دایک ئەو کاتەی دەیەوێ کوڕە بیژمۆتەکەی بێتەوە ژوورێ، دەنگەدەنگ و ئاوەدانی، هەیاهووی دەف ژەنان، هەر هەموو ئەو کەسانەی لێرە، بەمنداڵی، بزرم کردن، زاق و زریقی زارۆڵەکان، ورشە ورشی گەڵاکانی شاتووەکەی

بەرماڵی شیرین، قاقای لاو و تۆڵازەکان لەسەر ڕێگا و سەری کۆڵان، قریوەی شەرمن و خنکاوی کچە عازەبەکانی بەردەرگا، وەڕینی سەگێک، زەڕینی نێرەکەرێک و تریقانەوەی کۆڵانێک لە مناڵ، زریکەی کوڕێژگەیەک بەدەم گوێ ڕاکێشانەوە ئەو وەختەی باوکی لە هیچە کەللەیی دەبێ و بەشەپازللەیەک دەم و لووتی لە خۆڵی سەر ڕێگاکە دەچەقێنێ، ڕەوتی خێرای ڕەوە ژنێک کە بەدەم دادوفیغانەوە ڕووەو گەرمکردنی پرسەیەک دەڕۆن، هاتنەوەی ژنە ڕەوەندەکان لە ماست فرۆشتنێ... دواجار لە قوڕ دەرچوونی من و کردنەوەی دەرگای ماڵی شیرین و... سەرسام بوونی دایکی و... وەیرۆ... وەیرۆ... بەڵام نا... تازە مەحاڵە لەناو ئەو ویرانەیەدا چکۆڵەترین خەونی من بێتە دی، باریکتر لە دەزوو ڕێگەیەک بۆ خەیاڵی من هەبێ، لەناو قوڕەکەوە دەرچووم کەوتمە سەر ڕێبیەکی بەردەڵان، بێ باکتر لە جاران ڕێم دەکرد و تۆز و خۆڵم لێ دەنیشت و ورتکە قوڕم لێ دەکەوتە خوارێ، کەچی نە پەنجەرەیەک بەحەواوە، نە دەرگایەک بەسەر خاکەوە: لە من نەکرایەوە، نە ژنێک... نە پیاوێک هەبوو میهر بنوێنێ و جامێک ئاوی ساردم بداتێ... چ خەونێکی ناخۆشە خودا...

ماندوو بووم... چی لەو ناخۆشترە بگەڕێیتەوە مەڵبەندی منداڵی و هەواری کۆنی خۆت... کەچی جگە لە بۆنی مەرگ و خاپووربوون هیچی دیکە بەدی نەکەیت... چ وەحشەتناکە بەدرێژایی کۆڵانێک درەختێک نەبێ لەژێر سێبەریدا خۆت لە قوڕ پاک بکەیتەوە و هەناسەیەکی حەوانەوە بدەیت، یان لەژێر سێبەری دیوارێکی بەرزدا سەرخەوێک بشکێنی، کانییەک نەمابێ شڵپێک ئاو بەدەم و چاوت دابکەیت و قاچ و قولت فێنک بکەیتەوە... چ ونبوونێکە کەسێک نەبێ پێت بڵێ:

«ئا کابرا... فەرموو لادە... کۆتکە دۆیەک... جامە ماستاوێک».

یەکێکی دیکە لێت بپرسێ:

«ئەرێ ناکرێ گەورەمان کەی؟ خۆ جگە لە نان و پیاز و تەماتەش هیچی دیکەمان نییە...»

یەکێکی دیکە هەڵیداتێ:

«جا قوربان میوانی ناوەخت گلەیی لەسەر خۆیەتی!»

ئاە... چەندە لە میوانێکی ناوەخت دەچم، چەندە بەد و ناشیرین و ئێسک گرانم، ئەوان چەندە چڵکن و قوڕاوی و من چەندە پۆشتە و پەرداخ و پاک دیارم، دەمویست لە شەرمانا هەتا زووە ئەو خەڵکە لە قوڕ چەقیوە جێ بهێڵم و بگەمە (ئەشکەوتی دێوان) کە ساڵ



دوانزەی مانگ دڵۆپەی دەکرد، نسرم و تاریک خۆمی تیا ون بکەم، بەیادی جاران خۆم بەگیاوگۆڵە تەڕەکەی پاک بکەمەوە، ئەوساش کە دڵم لە باوکە و دایکە و مامۆستا و هاوپۆلەکانم و شوانەکانی هاوڕێم دەتۆرا خۆم لە ئەشکەوتەکە دەشاردەوە، نەنکم هەمیشە دەی وت کە گوایە پێغەمبەران لەناو ئەشکەوتەکان ژیاون و هەر لەوێشدا وەحیان بۆ هاتووە، بەدەم ڕێوە دەگریام و لەزەتم لەو فرمێسکانەی خۆم دەکرد کە کەس نەیدەبینی، وەک ئەوەی بەو فرمێسکانە گوناهێکی گەورە بشۆمەوە... گوناهێک کە زۆر دڵنیام نەمکردووە، بەخۆمم دەوت:

«کابرا تۆ چیت داوە لە ئاوەدانی و ڕووناکی... تا زووە بگەڕێوە ناو تاریکی ئەشکەوتەکان، چیت داوە لە ڕووناکی ڕۆژێک کە جگە لە کاولکاری و دڵڕەقی هیچی دیکەی تیا نابینی!»

دەڕۆیشتم و جگە لە تەقەی پاچ و پێمەڕە کە بەر بەردەکان دەکەوت گوێم لە هیچی دیکە نەبوو، لە خرچە خرچی خاکەناس کە لە قوڕ دەچەقی... هەناسەبڕکێ و هانکە هانکی بێ برانەوە، بەدەم ڕێوە ساتمەم لە بەردی نەقاڕکراو و تۆپەڵە گڵ و خشت و تلیسی ڕژاوی کا و کاریتە و شەقڵە و قیسپ و تانۆک و حەسیر و تەنەکە و چروو دەکرد، بەترسەوە ئاوڕم دەدایەوە، هەر دەت وت ساڵ و مانگ و ڕۆژەکان ئەو لەتکە قوڕانەن وشک بوونەتەوە و بەدەم ڕێوە لێم دەکەون، شکابوومەوە بەسەر سۆزێکی ساوا و سادە و دێرین کە هەنووکە لە دڵما زۆر پیر بووە و نایناسمەوە، دیسانەوە ناتوانم بپرسم ماڵی شیرین وا لە کوێ، لە سەعاتەکەی مەچەکم دەڕوانم و دەمەوێ بزانم ڕۆژ چ وەختە... سەیرە... تۆپەڵێک قوڕ گرتوویەتی و کە پاکی دەکەمەوە دەبینم چرکە ژمێرەکەی لەسەر دوانزە وەستاوە، لە دوورترین دورگە، لەسەر بڵندترین ترۆپکی چیاکان، دەنێو فرۆکە و پاپۆڕ و شەمەندەفەری پڕ لە خەڵکی بیانیی و نەناس، دەنێو ئەو شارە جەنجاڵانەی کە کەس ئاوڕت لێ ناداتەوە... ئاواهی و وەک هەنووکە تەنیایی نەیکرۆشتووم، بێکەسی غەمگینی نەکردووم، ئاواتەخواز بووم لەو سەری کۆڵان کەسێک دەربکەوێ و باوەشم بۆ بکاتەوە و لەشی ماندووم بەپێوە ڕابگرێ و فەرمووی بن هەیوانێک، ژێر سێبەری درەختێک، بن دیوارێکی ڕماوم لێ بکا...

نەبوو... نەبوو... نەبوو چەندە ئەم شارۆچکەیە لە شارۆچکە خاپوورەکانی ناو حەکایەتەکانی نەنکم دەچێ، ئەو ڕێگایەش کە وێڵی کردووم، هەر دەڵێی ئەو ڕێگایەیە پاڵەوانە چکۆڵە دەباتەوە سەر ڕێی کوشتنی ئەو دێوەی بەری ڕووباری لە ئاوایی گرتووە و

خەریکە مەڕ و ماسی و مەل و مرۆڤ بەیەکەوە بخنکێن... چ درۆیەکی گەورەبوو کە لە حەکایەتەکەدا پاڵەوانە چکۆڵە دێوەکەی دەکوشت و بەری ڕووباری دەکردەوە و ئاوایی تێر ئاو دەکرد و... بەرد و داریش تینوێتی دەشکا، ڕێی پاڵەوانی دێوکوژ گوڵڕێژ دەکرا... کەچی ڕێی من جگە لە دڕک و داڵ و لە قوڕ چەقین هیچی دیکە نەبوو، چ درۆیەکی گەورە بوو کە یەکەمین کەس خانمە چکۆڵەی دولبەری بەشکۆ و شانازییەوە ماچی دەکا، تۆ بڵێی ئەو ڕابردووە هەر هەمووی بووبێ بەو تۆز و بایەی لێرە و لەوێ، لەناو ئەو شارۆچکە کاولەدا، دەبێ بەگەردەلوول و خەڵکی لە یەکدی بزر دەکا، تۆزوبایەک ڕووەو ئاسمان هەڵبکشێ و چڵ و چێو و گەڵا و هەناسەی هەر هەمووان تا نێوان ئەستێرەکان ببا و پاشان پەرتوبڵاو و بزریان بکا، چ تۆزوبایەک... چ گەردەلوولێک... لە خۆم دەپرسی ئەم ڕێگا قوڕاوییانە دەمبەنەوە کوێ؟ ئەمەیان چ کات و شوێنێکە کە نایەمەوە سەریان و وێڵبوونم مسۆگەرە، چ وەختێکە و چ وەرزێکە کە کەوتۆتە دەرەوەی زەمەن و وەستانی سەعاتەکەی دەستم و... چۆن چۆنی ڕێز لە خولانەوەی زەوی ناگرێ بەدەوری خۆردا؟ درێژبوونەوەی مەوداکان و یادگارەکان... چ خەیاڵێکە کە وەک بەردێک لەناو کەللەمدا جێگیرە و بۆم لەق ناکرێ و... نامگوێزێتەوە سەردەمێک کە من تیایدا منداڵێکی دەم پڕ لە گرین و خەنین بووم... بۆچی هەموو شتەکان بەوێڵبوونی من تا ئەبەد وێڵ بوون؟ ئەوەندە وڕوکاس و سەرلێشێواو بووم نەدەچوومەوە سەر ئەو ڕێگایەی دەمباتەوە ناو ئەشکەوتەکە، دەمزانی گەر مەزاری (چاکی پەڕۆ) بدۆزمەوە، لەوێوە بەهەورازێکی پڕ لە کەند و کۆسپ سەردەکەوم تا دەگەمە ڕەوەزە شاخێک کە دەیان وت دێوێک بەفووی خۆی کوناودەری کردووە، ئیدی لەوێوە بەشەست قالدرمەی بەردیندا غل دەبوومەوە و دەگەیشتمە ئەشکەوتەکە، کتوپڕ و بۆ یەکەم جار خودا خەیاڵی منی خوێندەوە، وەک ئەوەی هەموو جار لە حەکایەتەکانی نەنکم ڕووی دەدا، هەمیشە کە من و پاڵەوانەکەی ون دەکرد، دەیزانی وەڕس و بێزارم و خەریکە لە قەهری وێڵبوونی پاڵەوانە چکۆڵە چاوانم پڕ دەبن لە فرمێسک، خەریکە هەناسەم سوار دەبێ، دەیزانی کە سەری لووتم ئارەقەی کرد و لێوم کەوتە تەتەڵە و کە هەردوو پەڕەی گوێیەکانم سوور هەڵدەگەڕان... دەیزانی گەر فریای من و پاڵەوانەکە نەکەوێ بەخەمەوە دەخەوین و لە شوێنێکدا حەکایەتەکە دەمرێ... دەی وت ڕۆڵە ئەها خودا چەند بەبەزەیییە و چۆن خەیاڵی پاڵەوانەکەی دەبینێ... ئەوسا نەمدەزانی... بەڵام کە لێرە وێڵ بووم... هەنووکە تێ دەگەم ئەوە نەنکم بوو خەیاڵی منی دەخوێندەوە و وەک داشی دامە پاڵەوانەکەی دەجووڵاند، هەستم کرد ئەوە نەنکم بوو لە قوڕەکە دەری هێنام و لە ناکاو لە پێچێکی ڕکدا ڕووەو



دەستە ڕاست کۆڵانێکی تەنگەبەر منی گەیاندە سەر مەزارەکەی «چاکی پەڕۆ»... سەیرە... لە دوای ئەو هەموو خەراباتە دواجار گەیشتمە شوێنێک وەکو خۆی مابۆوە، ئەو مردووەی ناو گۆڕەکە هەر کەسێک بێ: چ دز و چەتە، پیر و پیاوچاک... بەچرپەوە پێی دەوتم کە لە هەموو ئەو پیاوانە زیندووترە کە پاچ و پێمەڕە دەوەشێنن، بەڵگەش نەڕمانی ئەو گومەزەیە وا بەسەر سەرییەوە... بۆنی بخورد و گوڵاو هەمان ئەو ترس و سامەی پێ نەبەخشیم کە بەمنداڵی هەستم پێ کرد... تەنها ئەوەبوو لە بۆنی قوڕەکەی کەم کردەوە، بەدەم باوە پەڕۆ سپی و سەوزەکان دەشنانەوە و گوێم لە وژەوژێکی غەمگین بوو، وەها غەمگین کە خامۆشم بکا، لەناو چێورمەکەدا توانیم کەمێک لەو قوڕە لە خۆم داتەکێنم کە بەپانتۆڵ و چاکەتەکەوە وشک ببۆوە، بەتاکێک پێڵاو لە شێتێکی بەلەسە و هار و هەڵەتە دەچووم کە لە ترسی منداڵانی چەتوون ئەو مەزارەی کردبێ بەپەناگە، سێ مۆم کز دەسووتان و تەنها بنکیان مابوون، بەڵام هیلاکی ئەوەبوون بەدەم باوە نەکوژێنەوە، لە هەوای ناو مەزارەکە و سووتانی سێ مۆم بۆنی جێماوی چەند ئادەمییەکەم دەکرد کە لەوە دەچوو، یان خەیاڵی خۆم بێ، چەند ژنێکی دەم پڕ لە هاوار و ناڵە و نزا بووبن، جگە لە من و ڕۆحی (چاکی پەڕۆ) کەسێکی دیکەی لێ نەبوو، شوورەکەی بەدیوی ڕۆژهەڵاتدا ڕمابوو، کەسێک لە ترسی خودا بەرد و خشتێکی زۆری بەسەریەکدیدا کەڵەکە کردبوو، دەمویست پانتۆڵەکە دابکەنم و بەئاوی کووپەکە قاچ و قولم بشۆم... نەموێرا... ترسام لەوەی چەند ژن و کچێک بۆ نزا و پاڕانەوە و پەڕۆهەڵواسین بێن و منی نیوە ڕووت ببینن و سڵ بکەنەوە، خشەخشی سۆلێک لەودیو شوورەکەوە دەهاتە بەرگوێم، دڵم داخوڕپا و خۆم نەوی کرد، چرپەچرپێکی خنکاو و بەدواییدا خامۆشی، چەندەها جار کە دڵم لە باوکە دەتۆرا ئەو کاتەی فەلاقەی دەکردم، یان لە مامۆستای ماتماتیک کە لەسەر خشتەی لێکدان هەردوو ناولەپمی سوور دەکردەوە... دەهاتمە ئێرە یان ئەشکەوتەکەی دێوان، لەژێر سێبەری پڕ لە سام و سەنگینی شوورەی ئەم مەزارە دەگریام و دوعام دەکرد کە خودا یا من یان ئەوان بکوژێ، لە عەبا و تەشک و تیرێژی کراس و کەوای ئەو کچ و ژنانە ورد دەبوومەوە کە خۆیان لە کێلەکان هەڵدەسوو، باسکیان تێ وەردێنان... بەیەکەوە و بەقەهرەوە وەک گورگی بریندار دەیانلووراند:

«خودایە... ئاهونزولەم بگاتە بەر قاپی توو... خودایە... مرازم حاسڵ کەی... سەگی بەر قاپی چاک و پیرەکانی تۆم و نائومێدم مەکە».

هەمان درەختەکەی جارانە، پتر باڵای کردووە، ئەو درەختەی پیاوە پیرەکانیش

نەیاندەزانی ناوی چییە، خۆزگەم دەخواست شاتووەکەی بەردەمی ماڵی شیرین، دار هەنجیرەکەی ئێمەش ئاواهی شنەشن بەڕووی ئاسماندا وەستابان، وەک زەمانی زوو بەقەد گەڵاکانی پەڕۆی سپی و کەسکی تێ ئاڵاوە، تیلمە و پارچەی زراو و باریکی جۆرەها پەڕۆی کۆن و نوێ: قەدیفە، قەستۆر، کودەری، مادەم، حەوت ڕەنگ، جەرسە، مارۆکە، لینۆ، کەتان، خەزنە، ئەتلەس، چیت، کەڕنەک، تافتە، ئاگرباران، جورجێت... هەر هەمووشی بێ جیاوازی لەگەڵ گەڵاکان کەوتبوونە ژێر بارانی ڕیقنە چۆلەکە... ئەو پارچە قوماشە زراو و باریکانە دەیەها ژنی خانومانی بیر دەهێنامەوە: (لەعلی خان): چ ژنێکی مەند و لەسەرخۆ، شاعیر و بەیتبێژ، لاوانەوەی لەسەر مردووەکان بەردی دەتواندەوە، (خاپیرۆز) کە وەک پیاوان تەزبێحی بادەدا، (خانا شێخە بەگی) کە هەرگیز نەیدەزانی عەبای ڕەش چییە و هەمیشەش عەبای ژنەکانی دیکەی لە پرسەکان دەدزی و دەیدڕاندن، ژنێکی زۆر بلند و چوارشانە و سوور و سپی، (پلکە هەیاس) کە هەمیشە پێڵاوی پیاوانەی لە پێ دەکرد، ژنێکی بەسام و هەیبەت و نوورونەزەر، هەر ئەوبوو نەیهێشت چیدیکە (پلکە کامیلا) کچانی گەڕەک خەتەنە بکا، (عەیشێ خان) کە لەبەر چاوی پیاوان خۆی داوێشتە کانی فەقێیان و غوسڵی لەخۆ دەردەکرد. (دوڕێ): خانمە چکۆڵە کە هەرگیز لە بنێشت جوین نەدەکەوت، (حەلیمە) خانی دەف ژەن... بەڵام ئەو پارچە قوماشانە دەیەها ژنی دەم پڕ لە هاوار و ناڵەی بیر دەهێنامەوە کە بەردەوام دەهاتنە ئێرە و تەقەللایان بوو وردە بەردی خڕ و پان بەهەردوو کێلە چەورەکەوە بنووسێنن، بەدەم نزا و پاڕانەوە... بەدەم گریانەوە داوای مێردی خاس و منداڵی سەر بەرزقیان دەکرد، گەڕانەوەی کوڕ و برا لە سەفەر و جەنگ، گەر وردە بەردەکان بەکێلەکانەوە نەنووسابان دەبوو بەشین و شەپۆڕ و گریە و زاری، کە ڕاگیر دەبوون خەنینی خنکاو و ئۆخژن بەدڵیاندا دەهات و بەبریسکە بریسکی چاوان لێکدی ڕادەمان، هەمان جۆلانە کە بەدرەختەکەوە هەڵبەسترابوو، هەر ژنێک منداڵێکی لە خودا بویستایە بەردێکی تێ دەهاوێشت، لەگەڵ هەژانی جۆلانەکە کسپەیەک لە دڵی ژنەوە برووسکەی دەکرد و تا ناو ڕەحمی نەدەوەستا... ژنانی دیکە پێیان دەوت:

«مزگێنی بێ... بەداک و باب گەورەبێ!».

هەر لێرەبوو وەک منداڵێکی چڵمن و چکۆڵە و جیقن دەکەوتمە ژێر دەست و پێی ئەو ژنانەی تێک دەقژقژان، بەدەوری مەزارەکەدا دەیەها جار خولیان دەخواردەوە، گوێم لە دوعا و ورتەورتیان دەگرت کە بەسەر سەری مندا دەڕژان، بەدەم لێوە لەرزەوە حاڵیان لێ



دەهات، قژ بژ و چاو لە مۆڵەق، نیگای پڕ لە ترس و شەرم و نزای ئەو ڕوخسارانەی تاوێک گرژ و تاوێک دەکشان، قولپی گریان لە ترسی گوناهێک کە نەیانکردووە، ئاهوحەسرەت، درکاندنی ڕستەیەک کە بۆنی شەهوەتی تۆڵەی لێ بێ، دوعای مەرگ خواستن و ژیان خواستن، کوشتنی دوعایەکی پەنهان لە دڵدا کە دەبوو هەر بەتەنها خودا و چاکی پەڕۆ بیزانن، لەگەڵ خولانەوەیان بەدەوری مەزاردا من بەبۆنی ژنەکان گێژ دەبووم کە لە هەوادا جێ دەما و تێکەڵ بەبۆنی بخورد و گوڵاو و مێخەک و قەرەنفول دەبوو، دەمدی کچەکان سینە و بەرۆک لەو کێلە ڕەقە هەڵدەسوون و بەناڵەیەکەوە دوعایان دەکرد کە من تا ماوم لە یادم ناچێ، من ئەو ناڵەیەم تەنها لەو کچانە بیست کە ئێستا تێ دەگەم شەرم و حەیا کوشتبوونی، هەناسەبڕکێ و ڕەنگ هەڵبزڕکان و ئاخ و ناڵینی ئەوان، بوورانەوەی کتوپڕ و پەل کوتانیان منی سەرسام دەکرد، هەندێک لەو کچ و ژنانە بەر لەوەی لە دەرگای کراوەی مەزارەکە بێنە ژوورێ یەک تەختە دەکەوتن و لە هۆش خۆیان دەچوون، هەر چوار پەلیان وەک تەختەدار نەدەجووڵان، ڕەنگ زەرد و نیوە مردوو کەفێکی سپی لە هەردوو گۆشەی بەسەر یەکدی قرساوی دەم و لێویاندا بلقی دەکرد، چاویان وەردەگەڕا و سپێنەیان وەدەر دەکەوت، ژنانی دیکە بەپەلە جامیان لە کووپەکە هەڵدێنا و وەک ئەوەی نانی تیری بڕشێنن دەموچاوی ئەو کچ و ژنە نیوە مردووانەیان تەڕ دەکرد... تاکە کەسێک نەنکم بوو کە زۆر دلێرانە دەچووە سەر مەزارەکە، هیچ پارچە پەڕۆیەکی بەدرەختەکەوە هەڵنەدەواسی، هیچ بەردێکی بەکێلەکەوە نەدەنووساند، نێرانە و بەدەنگێکی گڕ و پیر سلاوی لە (چاکی پەڕۆ) دەکرد، هەر بەپێوە فاتیحەیەکی دەخوێند و ورتەورتێک لە دەمی بێ ددانییەوە دەکەوتە بەرپێیان، من لەگەڵی دەهاتم تا بەیەکەوە دوعا بکەین هەتا زووە خوا گەورەم بکا، هەتا زووە باڵا بکەم و بازووم ئەستوورتر بێ، تا ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانم بۆ کورت بنەوە، ببمە ئەو شوانەی کە دواجار یان دەبێ بەشاعیر یاخود بەعاشق، وەک لە حەکایەتەکانی نەنکم ڕوودەدا، ببمە ئەو فەرهاد-ەی کێوی بێستوون کون دەکا و ڕووبارێک بەدیاری بۆ ئاوایی خنکاو دێنێ و... دواجار بەدیداری شیرین شاد دەبێ، هەموو جار کە دەیویست مەزارەکە جێ بێڵین چمکی فەقیانەکەیم دەگرت و لێی دەپاڕامەوە کە سێ چوار دوعای بەپەلەی دیکەم بۆ بکا، چونکە دایکم دەی وت:

«جیقن ساڵ بەساڵ لەبری ئەوەی گەورەتر بێت... دەچی بەناخی ئەرزدا... هەر دەڵێی لێت دەگرنەوە!»

وەلێ لەو دەیەها خەونە خۆشەی نەنکم لە ڕۆحما دەیچاند، یەکێکیان نەهاتەدی...

هەنووکە تێ دەگەم چ درۆیەکی گەورەیە... چ ئەفسانەیەکی هیچە گەورەبوون... ڕۆژانی تەمەن گوزەشتن و من جگە لە شوانێکی دۆڕاو، شاعیرێکی بێ بەهرە، هیچم لێ دەرنەچوو، چ ڕێبوارێکی دەستخەڕۆ بووم، چ گەڕیدەیەکی مایەپووچ، چ فەرهادێکی دۆڕاو کە نە شیرین بوو بەدڵخوازی، نە ئاوی بۆ ئاوایی هانی، دواجار لەم سەفەرە درێژەدا هاتوومەتەوە سەر کەلاوەیەکی ڕووخاو... شارۆچکەیەکی داڕماو، چەند لەو ئەسپە دەچم کە لە تاوی غاردا سەرسم بدا و هەر چوار پەلی بشکێن... دەگریام و... حەزم دەکرد زوو گەورەبم، دەمخواست لە چیا و ڕووبارەکان بپەڕمەوە، کە باڵق بووم هەموو خەونم ئەوەبوو لە خێڵ تەوەللابم، ئەو وەختە... سەردەمی شەرم کردنم بوو لە گەورە نەبوون، بەغیلیم بەگوڵەگەنم دەبرد کە چۆن بەتاوە بارانێک باڵا دەگرێ، بەکارژۆڵە کە چۆن لە دامێنی دایکی دەکەوێتە خوارێ و یەکڕاست هەڵدەستێتەوە سەر پاشووان، حەزم دەکرد گەورە ببم و تا زووە پێم بگاتە ئاوزەنگی و سواری یەکێک لە ئەسپەکانی باوک ببم و بفڕم بۆ ناو حەکایەتەکانی نەنکم، بۆ ئەو ئاسمان و شارانەی ئەم بۆمی وەسف دەکردن، بەدزی نەنکمەوە دەهاتمەوە سەر ئەم مەزارە و هۆن هۆن دەگریام... خودایە تۆ بۆ ڕقت لە منە و ناهێڵی گەورەتر بم؟ بۆ دەبێ تا ماوم چکۆڵە و جیقن بم؟ دەمویست خۆم پێشەنگ و سەرقافڵەچی کاروان بم، بەدزی باوکمەوە جگەرەم دەکێشا و تەزبیحم هەڵدەگلۆفی... گەندە مووەکانی سەر لچم دەتاشی تا چی زووە تووکن بم... وام مەزەندە دەکرد جگەرە و تەزبیح و دەست بردن بۆ مووس گەورەترم دەکا، ئاخ چ درۆیەکی شاخدارە گەورە بوون... ڕۆژ و مانگ و ساڵانی هەپروون بەهەپروون، لەسەر ئەم مەزارە بەرهەنسکم هەڵدەدا و دەپاڕامەوە: خودا کەی بێ و زوو گەورەبم... ڕووەو شارە زۆر دوورەکانی ناو حەکایەتەکانی نەنکم سەفەر بکەم، ئەو شارانەی پڕن لە باخ و بێستان و ڕووبار و ژنی میهرەبان و باوکی مێرخاس و دایک و خوشکی جگەرسۆز، هاوڕێی بەوەفا... لە باخان میوە بخۆم و لە ڕووبارەکان مەلە بکەم و هەر شەوە و لەسەر ڕانی خوشکێکی دڵنەرم بخەوم، گەورە ببم و حەزم لێ بکەن کچە نەباڵق و ساویلکەکان... نەنکم دەی وت پەلەی چیتە ڕۆڵە هەر گەورە دەبیت... کەڵەگەت بەقەد ئەسپیندارێک، سمێڵت گووگرە دەبێ و شارەوشار وڵاتان دەگەڕێی... هەزاران دڵ و دەرگا و پەنجەرەت بەڕوودا دەکرێنەوە... ڕۆڵەی شیرینم مەگری بۆ گەورەبوون... ڕۆژێک دێ پەشیمان بیتەوە لەو خۆزگەیەت... چ مەرگەساتە چ عومرێکی بەهەدەر چوو بوو من ژیام... خودا بتگرێ نەنێ... کوا ئەو دەرگا و دڵ و پەنجەرانەی دەبووایە بەڕووی مندا بکرێنەوە... کوانێ؟ کەسێک دەست هەڵنابڕێ سڵاوێک لە منی ماڵ



بەکۆڵ بکا... خێرهاتن یان ماڵئاواییم لێ بکا... «نە کەس دێ و... نە کەس دەڕوا... هیچ شتێک لەم ناوە ڕوو نادا»... چ بێزاری و مردەنییە گەورەبوون ئەو کاتەی ڕۆحت بەر لە خۆت دەفڕێ و دەگاتەوە کۆنە هەواری خاڵی و... ماڵی چۆڵ و... شاری خەرابات... خودا بتگرێ نەنێ... کوا ڕوخساری شیرین-ی ئەرمەن؟ من لەبری ئاو بۆ ئاوایی... هەر دەڵێی مەملەکەتێکی کاول و مەرگم لەگەڵ خۆم هێنا، هەر دەڵێی منم ئێرەم خاپوور کردووە و... ئامادە نیم بەردێک بخەمەوە سەر بەردێک، چەندە ترسنۆکم... هەر دەڵێی منداڵە بەزیو و شەرمنەکەی جارانم و ئەو مەزارەم کردووە بەپەناگە... چ شەرمە بەدوای تاریکی ئەشکەوتێکدا دەگەڕێم تا خۆمی تیا حەشار بدەم... چ تراویلکەیەک بوو ژینی من... سەفەری من... عیشقی من... چ گریان و دۆڕان و دەردەسەرییەک... چەندە ڕاستە... چەندە ڕاست بوو کە دەت وت:

«ڕۆژێک دێ پەشیمان بیتەوە لە گەورەبوون!»

خودا بتگرێ نەنێ گیان... حەکایەتەکانی تۆ بوون کە ملی منیان شکاند، تا ئەمڕۆکە و تا ئەبەد منیان فریو دا، یەکەمین حەکایەتی عیشق و سەفەری تۆ کەللەی منی پڕ لە خەیاڵ کرد و... هەتا هەتایە دەستخەڕۆی کردم، چیرۆکی پڕ لە هیوا و نائومێدی و خۆشی و حەسرەتەکانی عیشق و ئەڤین... بەو تەمەنە ساوایەوە دووچاری شتێکت کردم کە خۆیشم نەمدەزانی ناوی چی لێ بنێم... گوناهی تۆ بوو مێشکە چکۆڵەکەی منت پڕ کرد لە حەکایەت و ئەفسانە و داستانەکان، شەوانیش هەر بەخەون دەچوومەوە ناو ئەو مەملەکەتانەی تۆ دروستت دەکردن... چەندە منت ژیاند لەگەڵ چیرۆکی شیرین و فەرهاد، لاس و خەزاڵ، خەج و سیامەند، خورشید و خاوەر، لەیلا و مەجنوون، مەم و زین، کوڕە کەچەڵ و کچی پادشا، وەها حەکایەتەکانت دەگێڕایەوە خۆم لێ دەبوو بەفەرهاد، لاس، سیامەند، مەجنوون، مەم... دەبووم بەپاڵەوانی نەبەزیوی هەر هەموو داستانەکانت... ئیدی خەونم دەدی زوو گەورەبم و باڵا بکەم... هەر تۆش بووی نەنێ فێرت کردم گەر بمەوێ هەر مانگە و قولانجێک درێژتربم وا چاکە ڕۆژانە خۆم بەلقێکی ئەستووری دار هەنجیرەکە شۆڕ بکەمەوە... کەچی هەر خۆت دەت وت:

«واز لەم خەیاڵە خەراپانە بێنە ڕۆڵەگیان!»

دەتترساندم لە عیشق و سەفەر و گەورەبوون و گیرۆدەبوون...!

هەموو جارێک کە چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە هۆن هۆن دەگریا.

من دەمپرسی:

«نەنێ بۆچ لە کۆتایی هەر حەکایەتێک ئەوەندە دەگریت...!»

هەر ئەوەندەی دەوت کە عیشق جگە لە گیرۆدەبوون و دەردەدڵ هیچی دیکە نییە... دەمپرسی:

«نەنێ گیرۆدەبوون چییە!»

نەیدەزانی چۆن کەللەپووتێکی وەک من حاڵی بکا... دوای دەیەها جار لە پرسیارکردن وتی:

«وەکو ئەوە وایە بزنە شێتەکەی تۆ لە ڕاستەڕێ لابدا و بگاتە سەر هەڵەمووتێک، شوێنێکی زۆر عاسێ، وەها گیرۆدەبێ کە نەتوانێ بگەڕێتەوە ناو مێگەلەکەت، خۆ ئەگەر بشیەوێ بجووڵێ و بڕواتە پێشێ بکەوێتە ناو خەرەندەکە و هەڵدێرێ».

من بیرمە جارێکیان بزنێکمان کەوتە شوێنێکی وا عاسێ کە بەهەر هەموو ئاوایی پێمان قورتار نەکرا... ئیدی بەنێو داروبەردی ئەو خەرەندەدا هەڵدێرا و لاشەکەیمان نەدۆزییەوە.

دیسانە دەمپرسی:

«نەنێ گیان... عیشق و گیرۆدەبوون و عاسێ بوونی بزنە شێت کەی وەکو یەکن؟».

دەی وت:

«با... کەسی عاشق، چ پیاوبێ و چ ژن، وەک بزنە شێتەکەی تۆ وایە... جاری وا هەیە چڵەگیایەک لەسەر دوندێک، کۆتایی کوێرەڕێییەک فریوی دەدا، دەکرێ تۆ بزنەکە بیت و هەموو دەوروبەرت سەوزەگیابێ، مێرگی تەڕوبڕ، کەچی تەماعی چڵە گیایەکی لەعنەتی لە جێگەیەکی زۆر عاسێ بتبات، تۆ ڕەنگە بزانیت ئەو ڕێگایەی دەتباتە سەر ئەو دوند و هەڵەمووتە کوێرەڕێ بێ، لەو سەرەوە ڕێی هاتنەوەت نەبێ، دەگەیتە چڵە گیایەکە و دەمی بۆ دەبەیت، لە خوارتەوە خەرەند و هەڵدێرێکی هەزار بەهەزارە و چاوەڕێت دەکات... بەڵام تۆ تا دەگەیت بەمەرامی خۆت چاوت هیچ نابینێ... چونکە حەز و تەماعەکە کوێرت دەکەن... ئیدی خۆ لەوانەیە هەڵدێرێی...!»

بەفیزی مناڵێکەوە کە بزن نییە و شوانی مێگەلێکە دەمووت:

«بەڵام نەنێ... من دەزانم ئەوە هەڵدێر و هەڵەمووتە... بەس بزنەکە نازانێ».

سەرمی دەخستە کۆشی و دوو چەپۆکی دایکانەی پێدا دەکێشام و دەی وت:

«ئێ... خۆ دەزانم تۆ لە بزنەکەت عاقڵتری... بەڵام ئەی لە خۆت ناپرسی ئەو بزنە هارەی



تۆ بۆچی لە ڕاستەڕێ لادەدا و ئەو هەموو سەوزەگیایە بەجێ دێڵێ و ملی خۆی بۆ چڵە گیایەک دەشکێنێ کە لەسەر بەردێک ڕواوە؟!»

کە من دەموت:

«نە ء... نایزانم!».

نەنکم بەلاقرتێوە دەی وت:

«چونکە کوێرایی داهاتووە!».

خامۆش دەبووم و بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ چیم لێ دێ گەر بزنە شێتەکەی من بۆ چڵە گیایەک خۆی بکوژێ، بێ ئۆقرە کە بزن و مەڕەکانم ڕادەدا هەمیشە لەوە دەترسام لەسەر هەڵەمووتێک خۆی عاسێ بکا و هەڵدێرێ، ئاخر لە هەموو مەڕ و بزنەکانی دیکە پتر من ئەو بزنەم خۆش دەویست، ئەو بزنەی زۆر جاران دەکەوتمە دوای... لەگەڵ خۆی دەیبردم، فێری دەکردم چۆن لە ڕاستەڕێ لابدەم و خۆم بدەمە دەست کوێرە ڕێگاکان، باوکم و دایکم و نەنکم، خوشک و برا و پوورەکانم، شوانەکانی دیکە، هاوپۆلەکانم دەیان وت:

«ئەو حەیوانە لە بزن ناچێ... هەبێ و نەبێ ڕۆحی شەیتانێکی وا تێدا!».

چەندین جار ویستیان بیکەن بەقوربانی و قورتاریان بێ، باوکە دڵڕەقانە لەبەر چاوی من هەردوو پێی گەورۆنەی لەسەر پاشووەکانی دادەنا و چەقۆکەی لە گەردنی هەڵدەسوو، من وەها بەدڵ و کوڵ دەگریام کە نەنکم سکی پێم بسووتێ... ئیدی هەر جارە و بەبیانوویەک چەقۆکەی بەباوکم فڕێ دەدا... ئاخر هەر کە لەدایک بوو خۆم لە خوێناو پاکم کردەوە، هەر کە بوو هەستایەوە سەر چوارپەلان، دوو سێ جاران ڕەتی برد، گێژ و چکۆڵە بەلادا دەکەوت، دەستم دەدایە بەرسکی و ڕاست دەبۆوە، بەسێ چوار خۆ ڕاوەشاندن خۆی لە خوێناوی سکی دایک پاک کردەوە و تێی تەقاند، بەدەم بای غارەوە سێ چوار جار کەوت و لە خۆڵ و تۆز گەوزی و هەستایەوە، من ڕۆژ بەڕۆژ دەستم لە تیسکەکانی دەدا و دەمدی چۆن لە موویەکی زۆر نەرمەوە زبر و لوول دەبوو، چۆن چاوەکانی ڕەنگ و ڕووناکیان تێ دەڕژا، سمەکانی ڕەق دەبوون، مانگ بەمانگ قاڕینەکەی لە گوێمدا دەگۆڕا. چۆن لە کاریلەیەکەوە بوو بەجوشتیر من بیرم نایە لە کەیەوە باوکم منی خستە دوای مەڕ و بزنەکانی، لەوە دەچێ هەر کە پێم گرتووە و کەمەکێ فەراقە بووبم منیان کردووە بەشوانە بچکۆڵەی ئەو خێڵەی خۆمان، زوو زوو نەنکم دڵی خۆش دەکردم... هەمیشە لەوم دەبیست کە شوانەکان یان عاشقی گەورەیان لێ دەردەچێ یاخود دەبنە شاعیر... دەمپرسی:

«بۆچی وایە نەنێ؟»

دەی وت: «شوانەکان هەمیشە بەتەنیان، چ لە بیابان بن و چ لەناو شاخ و داخان، ئەوان وەکو مە پیس نابن، دوورن لە درۆ و دەلەسە و فرِوفێڵ، شوان کورِی ئاو و گڵە... یەکەم کەسە خۆری لێ هەڵدێ و... لێی ئاوا دەبێ، لە زمانی حەیوانەکانی خۆی حاڵی دەبێ...».

هەموو جاران، شەوانە دوای گێرِانەوەی حەکایەتەکانی عیشق و گیرۆدە بوون بەقەهرێکەوە دەی وت:

«... کە حجێڵ بووم چەندە حەزم دەکرد شوو بەشوانێک بکەم... خوا نەیکرد».

پاشان دۆش دادەما و تاس دەیبردەوە، چاوانی پرِ دەبوون لە تەمی خەم و گریان و دوو تنۆک فرمێسک دەرِژانە سەر کوڵمە چاڵەکانی... هیچی دیکەی نەدەوت... دەمویست بزانم ئەو کە باشترین حەکایەتخوانی چیرِۆکەکانی عیشقە بەحەزلێکردن شووی بەباپیرەم کردووە... دەی وت:

«ببرِێتەوە رِۆڵە... لە دوای مردووان قسەی خێر باشترە... باپیرت پیاوێکی خەراپ نەبوو.»

کەللەی چکۆڵە و پووتی من بەو وەڵامە نابەدڵە بەحاڵ جێگەی گومانێکی منداڵانەی لێ دەبۆوە، گومان لە نەنکم کە عیشقێکی دۆرِاو وای لێ کردبێ وەها بەچێژ و تاسووقەوە ئەو هەموو حەکایەتانەی عیشق و ئەوینی رِەوان بێ و وەک دەفتەر لە دڵیا هەڵیانیگرتبێ، هەر شەوێکیش بەجۆرێک بیگێرِێتەوە کە من سەرسام و کەمەندکێشی ناو تانوپۆی چیرِۆکەکانی بکا... لەو تەون و تەمانە بئاڵێم و دەرچوونم لێی مەحاڵ بێ، بما بەناو توونی بابا و وێڵم بکا، هەناسە سوار و پرِ مەراق بکەومە دوای پاڵەوانەکانی کە لەو سەفەر و عیشقانەدا یان دەمرن یان دەگەن بەمەرام. نەنکم بوو بەدبەختی کردم... خەیاڵی خۆش دەکردم بەوەی کە رِۆژێک دێ من وەک (فەرهاد)ی سەنگتاش بەهێز و عاشق بم، شیرین-ێک دێ و دڵم دەبا و ئیدی گیرۆدەی دەبم... دەی وت:

«... وەک بزنە شێتەکەی خۆت بۆ چڵە گیایەک لەسەر هەڵەموتێک عاسێ دەبیت...!»

هەر زوو پەشیمان دەبۆوە و دەترسا و توند باوەشی پیا دەکردم، دەیدایە پرمەی گریان، سەرمی دەخستە نێوان هەردوو لەپی گەورۆنەی، دەینووساندم بەسینە و بەرۆکی خنکاو لەژێر بۆنی مێخەک و قەرەنفول، هەردوو مەمکی گەورۆنە و شۆرِ و داکەوتووی هەردوو



پەرِەی گوێی منیان دادەخست و زۆر نزیک هەستم بەهەنسکەکانی دەکرد کە لە باوەشیدا توند رِایتەکاندم، گوێم لە گریانێک دەبوو کە لە قووڵایی دڵییەوە... ناو هەناوییەوە... لە قۆرتی نێوان هەردوو مەمکە شۆرِ بووەکانیەوە تێکەڵ بەرِۆحی مێخەک دەبوو... ئەو ناڵین و بۆنە کاسیان دەکردم، لەوە دەچوو نەنکم بۆ عیشقێکی دۆرِاو لەگەڵ شوانێکی رِەنج بابردوودا بگری... بەدەم قوڵپی گریانەوە دەی وت:

«رِۆحە شیرینەکەم... قەت نەکەی خۆت گیرۆدە بکەی... قەت... سەیری کە چۆن حەکایەتەکانی عەشق بەمەرگ و نەهامەتی و دڵساردی کۆتاییيان دێ!».

بەڵام گریان و ترس و تکای ئەو پەشیمانی نەدەکردمەوە، سیحری حەکایەتەکانی تا ئەوپەرِی دونیای خەیاڵ بردبوومی، گەرِانەوە مەحاڵ بوو، منی شوان خەونم دەدەی زوو گەورەبم... عاشقێکی گەورەی ناو حەکایەتەکانی نەنکم بم... من شوانەچکۆڵەی مێگەلێکی گوێرِایەڵ بووم، بەتەنها بزنە شێتەکەی من بەرِۆحی شەیتانێکەوە قەت نەدەسرەوت، بێجگە لەو هەر هەموو مەرِ و بزنەکانی دیکە جگە لە سەرکزکردن و گیا خواردن هیچی دیکەیان نەدەزانی، هار و سەرکێش منی دەخستە دوای خۆی و مێگەلەکەی بیر دەبردمەوە، هەمیشە هەڵەتە دەبوو، لە رِاستە رِێگاکان لای دەدا و هەر بەئەنقەست چوارپەلی لەو قورِ و خۆڵ و بەردەڵانە وەردەدا کە کەوتبوونە هەردووبەری رِاستەرِێیەکان، شێتی کوێرە رِێیەکان بوو، توولە رِێگاکان، هەر پێچێک خوای دەکرد دەچۆوە سەر جەهەننەم، خۆی دەدایە دەست توولە رِێیەکان، ئیدی دەبوو من واز لە مەرِ و بزنەکانی دیکە بێنم کە دەمزانی تا تەپڵی قیامەت ملکەچانە ئەو رِاستە رِێیە بەرنادەن کە رِێی کەر و بار و پیادە و سوار و هەر هەموو مار و مێرووی ئاوایی بوو، بەیانیان زوو دەبوو ئاگام لە خۆم بێ تا هەردوو پێم لەو تەپکە رِیخانە نەچەقێن کە هێشتا هاڵاویان لێ هەڵدەستا، کام کەرتە شاخ و دوند و رِەوەز بڵند و عاسێ بووایە بۆی هەڵدەشاخا، هەر چوارپەلی بەیەکەوە دەنووساند و دەوەستا، لە چیا بڵندەکان رِادەما و چاوە زەردەکانی پرِ دەبوون لە هەتاو و لە ئاسمانی دەرِوانی، کە لە دوورەوە سەیرم دەکرد دڵم نەدەهات ئەو وەستانە جوان و شاهانە و پرِ شکۆیەی لێ بشێوێنم، بزنەکەی من چ شێت و پرِ فیز و هەوا و سەرمەست بوو، کە لەسەر گاشەبەردێک دەوەستا هەر دەت وت لەسەر یەک قاچ وەستاوە و... لەشی شێوەیەکی سەیری لە سێگۆشەیەکی رِەش پێک دێنا کە لەبەر خۆرەتاودا دەبریسکایەوە و تیسکەکانی دەیەها رِەنگی دیکەیان دەدزی، من دەمزانی زۆربەی شوانەکانی دیکە هەر بەزەبری گۆچان بزنە شێتەکانی خۆیان چاوترسێن کردووە،

هەندێ جاریش لەژێر گۆچاندا کوشتوویانن، (سەپان)ی هاوڕێم بەئاهەنگی پاڵەوانێکەوە بۆ شوانەکانی دیکەی دەگێڕایەوە کە چۆن بەزەبری دار کەللەی یەکێک لەو بزنە هارانەی پژاندووە، دەی وت وام کرد کە هەر هەموو تەگە و بزنەکانی دیکە زەندەقیان بچێ، (خدر مالاّت) قاقای لێ دەدا و دەی وت: من بزنی وا هارم هەبێ سواری دەبم، چەندە خۆی شێت بکا زیاتر سواری دەبم، چەندە ئەو قسانە دڵتەنگی دەکردم، هەر هەمان ئێوارە کە ڕانەکەم ڕادا و لە دوای ئالیک و ئاو و لە تەویلەکردن، هەر زوو چوومەوە ناو باوەشی پڕ لە مێخەک و گریانی نەنکم و تێر گریام، بەر لەوەی لەناو تانوپۆی حەکایەتەکانی ونم کا... پێم وت:

«نەنێ... ئەمشەو حەکایەتم بۆ مەکە... تۆ دەڵێی شوانەکان هی ئەوەن ببنە عاشق یان پێغەمبەر!».

بەقەهرێکەوە سەری ڕادەژەندم و دەی وت:

«ئەی ئەگەر وانییە؟»

بەدەم قوڵپی گریانەوە وتم:

«نا... وا نییە نەنێ... وا نییە... شوانەکانی ئاوایی بزنەکانیان دەکوژن و...».

نەموێرا و شەرمم کرد تەواوی بکەم و قسە بێزەوەرەکەی «خدر مالاّت»ی بۆ بگێڕمەوە... و دامە پڕمەی گریان.

بەحیکمەتی پیرەژنێکەوە وتی:

«ڕۆڵە شیرینەکەم... لەناو شوان و گاوان و سەپانەکانیش باش و خەراپ هەن».

چەند جارێک و ئیدی خۆم لە شوانەکانی دیکە دەدزییەوە، بەلاقرتێوە پێیان دەوتم:

«مەکتەبلییە... بێزی نایە!».

من بێزم لە قسەکانیان دەبۆوە، بەدڵڕەقییان دڵتەنگ دەبووم، بمزانیایە لە کام مێرگ و پاوان و لێرەوارن... توخنی ئەو شوێنانە نەدەکەوتم، تەنیایی کردمی بەکارامەترین شمشاڵژەن، نەوایەک لە ڕۆحم هەڵدەستا کە بزنە شێت خامۆش بکا، ئیدی نائومێد بووم لەو هاوەڵانەم کە ببنە عاشقی گەورە یان پیاوی میهرەبان، من دەمدی چۆن بەگۆپاڵ ڕاوەدووی مەڕ و بزن و چوشتیر و تەگەکانیان دەنا، چۆن تیغیان لە گەردنی مەڕ و بزنەکان هەڵدەسوو... نا... لەوە چلکنتر بوون عاشق بن.

بەپێچەوانەوە... من چەندە ئەو بزنە سەرسەخت و لە ڕێ لادەرەی خۆم خۆش دەویست،



کردم بەپێشەنگی مێگەل و زەنگوڵەم لە ملی کرد، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کە بردمیانە قوتابخانە من بەخەیاڵ هەر لای بزنە شێتەکەی خۆم بووم، چەندە بێ ئاگابووم لە (دارا دوو داری دی)، لە کۆکردنەوە و دابەشکردن و لێک دەرهێنان، دەمخواست نیوەڕۆبێ و زوو بگەڕێمەوە ناو ڕان، هەمیشە ئەلف و بێ و ماتماتیکەکەم لەگەڵ خۆم دەبرد، جارێکیان بێ ئاگا لە خۆم بزنە شێت سێ لاپەڕەی ئەلف و بێیەکەی دڕی، هەروەک پێم بڵێ:

«دە فرێیی دە و... دوام کەوە!»

هەموو لاپەڕەکانیشی خواردبا دڵم نەدەهات هیچی لێ بکەم، بەدەم لەوەڕاندنی مێگەلەوە سەرگەرمی موتالاّ و دەرس و دەورەکەم دەبووم، کەچی لە ناکاو ماڵ و مەکتەب و مێگەل و هەموو دونیای لەبیر دەبردمەوە... بزنە شێت دەیخستمە دوای خۆی... ها لێرە و ها لەوێ... هەر ڕۆژە و شتێکی تازەی پیشان دەدام: بن گاشەبەرد و سەرکانی و ئاوی وا لە ژیانما نەمدیبوو، دوای دەکەوتم و لەپڕ خۆم لەناو ئەشکەوتێکی تاریک و شێدار و سامناک دەدۆزییەوە کە بۆنی سارد و تکەی ئاوی ڕژاو بەسەر سەر و ملما خەنی دەکردم، یان لە ناکاو خۆم لەنێو نێرگزەجاڕێکدا دەبینییەوە کە پێم سەیر بوو لەو هاوینەدا ئەو هەموو نێرگزە لەبەر پێیانم بڵاون، کە لە ماڵەوە دەمگێڕایەوە، یان کە دەمویست هاوپۆلەکانم سەرسام بکەم هەمیشە بەدرۆزن لە قەڵەمیان دەدام، لە پێچێکی دیکە و لە نزارێکی دیکەدا بەگوڵە ماست و پەلەزێ و شلێر و مێلاق و کنێر و گوڵە فەقێ و سومبول شاگەشکەی دەکردم، چەپکێکم لێ دەبەست و دڵی (شیرین)م پێ خۆش دەکرد و بۆنی بەهارم دەبردەوە ناو ئەو پۆلە ساردەی خۆمان، هەر بزنە شێت دەیبردمەوە ناو مێرگێکی پڕ لە کاردی و قوڕادە و سێ بسکۆڵە و ئەسلێرک و قەلەندۆر و گۆرمزە و گێزبەل و ترشۆکە... دایکە و نەنکم پێ خەنی دەکرد، کە هاوپۆلەکانم بە«فەرەفیشاڵ» ناوزەدیان دەکردم... بەغەزەبی کەسێکی ڕاستگۆوە دەموت:

«ئەگەر غیرەتتان هەیە ئەم نیوەڕۆیە وەرن و دوای من و بزنە بۆر کەون!».

تەنها کەسێک لە ماڵ و لە مەکتەب کە بڕوای پێ دەکردم (شیرین) بوو، لەگەڵ خەیاڵەکانی مندا بەرز دەفڕی، ئەم تاکە کەسێک بوو گەر درۆشم کردبا بەڕاست لێمی وەردەگرت، بەدزییەوە پێی دەوتم:

«ڕۆژێک دێم و دەکەوینە دوای بزنە شێت... خەم بەو منالاّنە مەخۆ...»

هەمیشە خۆی بەسەرەژن دادەنا، بەچاو و دەم و دەست دەدوا، جگە لەو کەسێکی دیکە

نەبوو گوێ لە چیرۆکی پڕ لە سەیر و سەمەرەی من و بزنەکەم بگرێ، ڕۆژ بەڕۆژ لە شیرین ورد دەبوومەوە، پەرچەمی جوان بڕاوی سەر ناوچەوانی، چاوەکانی، ڕەشتاڵەیی ڕوخساری و هەردوو باسک و بەلەکی، چوارپەلی کورت و تووکنی: کتومت لە بزنەکەم دەچوو، فیز و هەواکەی، جورئەتی لە ڕادەبەدەری، هەر کە زەنگ لێی دەدا لەو گۆڕەپانە پڕ لە زیخ و چەوەدا ڕاوەدووی کوڕ و کچەکانی دەنا و کەس لە غارغارێن پێی نەدەگەیشت، زۆرانێی لەگەڵ کوڕەکان دەگرت، بزێوترین و ژیکەلانەترین کچی پۆلەکەمان... کە پێم دەوت تۆ لە بزنە شێت دەچی، بەمەکرەوە دەخەنییەوە و دەی وت:

«دە بمبە».

نەمدەوێرا... دایکم دەی وت نابێ ئەوەندە کچانی بیت و کیژی دەرودراوسێ مەخەرە دوای خۆت بۆ ناو ئەو شاخوداخانە، چەند جارێک لە تەویلەدا... لەبەردەمی ماڵێدا بزنەکەمی دیبوو، بەس مەراقی بوو بزانێ کەوتنە دوای بزنێکی شێت لەناو ئەو چیا و چۆڵەدا چۆن چۆنییە، ئەو هەموو ڕێکەوتە جوانە چییە کە ئەو ئاواهی پڕ تەماع دەکا، من لەوە بێ غیرەتتر بووم هانی بدەم، تا پاش نیوەڕۆیەکی خۆشی بەهار بوو وەک فریشتە لەسەر گاشەبەردێک دابەزی و... من لە خۆشی و ترسانا دڵم داخورپا... بەخۆی و چەقۆی دەستییەوە لەژێر هەتاودا دەبریسکانەوە، عەکسی تیشکی سەر دەمی تیغەکە چاوانی پێ دادەخستم... وتی:

«بەبیانووی کەنگرکردنەوە هاتم».

بەجووتە، شێتانەتر لە بزنەکە ڕامان دەکرد، دەیویست بیبەم بۆ لای ئەو شانە هەنگەی کە لە ناو کلۆری پیرە دارگوێزەکەی سەر خەرەند دۆزیومەتەوە... بردم، ناو هەناوی داکەوتووی دارەکە پڕ بوو لە هەنگوینی مەییو، پەنجەی دۆشاومژەی تیا بزر دەکرد و بەتامێکەوە دەیخستە سەر زمانی شەقار شەقاربووی، بۆ لای ئەو تووتڕکە دەستیم ڕاکێشا کە لەژێریدا ئەو هەموو شلیکە خوێناوییە خۆیان لە چاوان شاردبۆوە، کە بردمە سەر لاتێک لە قوڕادە و پیفۆک و گێزبەلە کە ئەم حەزی لێ دەکردن؛ خۆی تیا دەگەوزاند، کە حەکایەتی ئەو خۆشێتکردنەم بۆ نەنکم گێڕایەوە... پێی وتم:

«باوکی شیرین پێ بزانێت، بەیەک گوللە سەرت هەڵدەگرێ... خۆت دەزانی چ پیاوێکی دڵڕەقە!».

دەمزانی نەنکم ڕاست دەکا، هەموومان حەکایەتی جەرگبڕی خوشکەکەی شیرین-مان



دەزانی کە چۆن باوکی هەڵیداوەتە ناو خەرەندەکە و کەس لاشەکەی نەدۆزیوەتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی لەسەربان وەختی هەڵخستنی جل بەتەنافەوە چاکوچۆنی لەگەڵ کوڕە دراوسێیەکەیان کردووە. چەندە حەزم دەکرد لە پۆل لە تەنیشت شیرین-ەوە دانیشم، نە لە پۆلی یەک و نە لە دوو و نە لە سێ نەیان هێشت، نەمدەویست کچانی بم، خەونم دەدی ڕۆژێک بێ و هەردووکمان گەورەبین... دوور لە ڕاستە و چاوسوورکردنەوەکانی مامۆستاکان، شەپازللەکانی باوکم، لەو تەختە ڕەقەی ژێرمان، لەو تەختەڕەشە ڕەنگ بواردووەی هیچی لەسەر نەدەنووسرا، لە وێنەکانی مرۆڤی (نیاندرتاڵ) بەسەر سەرمانەوە کە چۆن بۆق دەخوات... من کە خۆم بەفەرهاد-ی ناو حەکایەتەکانی نەنکم نەدەگۆڕییەوە چیم دابوو لە هەڵمژینی تۆزی تەباشیر؟ چەندە خەونم دەدی زوو گەورەبم و... من و شیرین و بزنە شێت لە ئەشکەوتێکدا بژین... بەتەماعی ئەوەی منی شوان و عاشق ببمە پێغەمبەر، مەکتەب لێ نەدەگەڕا نە ببمە فەرهادی عاشق، نە شوان و... نە پێغەمبەر، چ خۆش بوو کە مامۆستای وەرزش بازنە بازنە لە گۆڕەپانەکە پەرتی دەکردین، بەخەنینێکەوە کە دەیخنکاندم چاوم لە چاوی شیرین دەبڕی، چ زوو زەنگ لێی دەدا و لە خۆشی گەمە و بەزمی حەقلەشەلێ و سابوونا ڕەقێ و هەلیکسێ و چاوشارکێ و پێنجوکانێ و شینەومینە و مامەسووڕانێ و بازدانێ و حێلانێیان دەکردین... وەی خودا هاوار چەندە حەزم لە گەمەی گورگ و مەڕ بوو، کچەکان دەبوونە دایکمان و هەندێک لە کوڕە هارەکان دەبوون بەگورگ و چکۆڵە و جیقنەکانی وەکو منیش دەبووین بەمنداڵ، هەمیشە شیرین-م دەکرد بەدایکی خۆم و دەبوو هەر کوڕە لە پشت دایکییەوە خۆی حەشاردا، هەردوو دەستم دەخستنە سەر ئێسکبەندی زۆر ناسکی خوار کەمەری:

دایک: کوڕەکەم... ماڵێ چۆل نەکەی.

منداڵ: هۆ... دا... ئەتوو چ دەکەی؟

دایک: دەچمە دارا.

منداڵ: ئەمنیش دێم

دایک: گورگ دەتخوا

منداڵ: وی... نایەم... نایەم

گورگ: ئاغا هاتییە بۆ مەڕەکی

دایک: بەخوا نایبا قشپلەکی

پەلاماری گورگم دەکرد بەبیانوو، دەنێو قاووقیژ و ترس لە گورگی لەعنەتی باسکم لەناو

قەدیییەوە وەردێنا و بەیەکەوە ئەو ناوەمان گێڕە دەکرد و من بابەخولەم بەشیرین دەکرد، بەیەکەوە بەردەبووینەوە و هەڵدەستاینەوە، خودایە... شیرین چەندە لە دایکێکی ئازا و هار دەچوو... نەیدەهێشت کەڵبە تیژەکانی گورگەکە بمگاتێ...

دایک: لاکەوە و نەیەیتە پێشێ...

گورگ: ناگەڕێمەوە و پەلامار دەدەم...

دایک: ئەمنیش پەرژینان دەکەم...

گورگ: من برسیمە و... خەراپی دەکەم...!

لە دە جاران... جارێکیان گورگە پەرژینەکەی تێک دەدا و منی دەخوارد... شیرین بەدیارمەوە دۆش دادەما و چاوەکانی پڕ دەبوون لە گریان، هەروەک بڵێی بەڕاستی خورابم، خۆم مات دەدا و دەمردم، یەخەی کورتەکەکەمی دەگرت و شپرزە و پەرێشان دایدەتەکاندم، کتوپڕ چاوەکانم دەکردەوە و لەگەڵ فیکەی مامۆستا ڕاست دەبوومەوە... چ خۆشییەکی کورت و کەم خایەن بوو... دوای ئەو سوعبەت و کەیف و گەمەیە مامۆستا (یونس) دەهاتە ژوورێ و پۆلەکەی لێ دەکردین بەجەهەننەم، لە ترسی مار و دووپشک و ئاگری دۆزەخ و گوناهی دایکە حەوا و باوکە ئادەم دەبوو تا تەقینەوەی قوڵپی گریان لە دڵدا هەر هەمووەمان غەمگین بین، بەخۆی و سێوە ڕزیوەکەی ناو دەستی دەهاتە ژوورێ و باسی لەو بەهەشتە خۆشە دەکرد کە بەفریوی دایکە حەوا دۆڕاندمان، ئاگری دۆزەخمان کرد بەماڵمان، لەو هەموو ناز و نیعمەتە بێ بەرییان کردین، لەو بەهەشتە خۆشەی پڕ لە میوەجات، لەوێ کە نە سەرمامان دەبوو... نە گەرما... پڕ بەپۆلەکە دەینەڕاند و هەموومانی دەتۆقاند... ئاخر بۆ بەگوێی شەیتانتان کرد؟ وەی... وەی... لەو گوناهەی تا ئەبەد ڕووی ڕەش کردین... ڕسوای کردین... بەهەر چواردەوری خۆیدا خولی دەخوارد و تفی لێ دەکردین... وەک ئەوەی ئێمە هەم شەیتان و هەم ئادەم و حەوای گوناهبار بین... هەر هەموو شتێکی لێ حەڵاڵ کردن... خودای تەبارەک وەتەعالا فەرمووی: لەو درەختە مەخۆن... ڕۆڵەکانم... شەیتان لە بەرگی مارێک یان تاوسێکدا بوو... نازانم... هات و چرپاندی بەگوێی حەوادا... حەوا-ش چرپاندی بەگوێی ئادەم-دا... ئیدی لەو ڕۆژەوە... لەو سەعاتەوە ئێمە بەر لەعنەتی خودا کەوتین... هەر جارە و کوڕ و کچێکی بانگ دەکردە بەردەم تەختە ڕەشەکە و ترسنۆک و ڕسوا و گوناهبار ڕووبەڕوو لەبەردەمی ئێمەدا دەوەستان: دەبوون بەئادەم و حەوا، کچێکی دیکەی بانگ دەکرد و پێی دەوت:

«تۆ ببە بەدرەختە حەرامەکە».



چەندەها جار وا ڕێک دەکەوت من ببم بەباوکە ئادەم و شیرین-یش دایکە حەوا، بە چ ترسێکەوە بەگوێی مندا دەیچرپاند کە قەپاڵ لە سێوە ڕزیوەکەی مامۆستا یونس بگرم و بیخۆم، کتوپڕ مامۆستا هاواری دەکرد و ڕووی لە کوڕ و کچەکانی دیکە دەکرد و دەی وت:

«هەر هەمووتان هەستنەوە و دەستەکانتان هەڵبڕن و بینە درەخت و شنەشن خۆ بلەرێننەوە».

پاشان لە شیرین-ی دەخوڕییەوە کە وەک حەوا لە خشتەم بەرێ... ئەویش بە چ خەمێکەوە لێم دەپاڕایەوە:

«ئادەم گیان... لەبەر دڵی من ئەو سێوە بخۆ!»

هەندێک جار، لە ترسی هاوار و نەعرەتەی مامۆستا یونس، کە فەرمانی خواهانەی دەردەکرد کە دەبێ شیرین لەوە ناسکتر فریوم دا، سەری لێ دەشێوا و بەچرپەیەکەوە کە بیخنکێنێ دەی وت:

«فەرهاد گیان... لەبەر خاتری من لەم سێوە بخۆ!»

ئەمجارەیان بەسەر هەردووکماندا دەینەڕاند"

«ملۆزمینە... هیچ و پووچینە... ئێوە ئێستا ئادەم و حەوای گوناهبارن... شیرین و فەرهاد نین...!»

هەمیشە (زرار)ی دەکرد بەشەیتان و ئەویش بەدەنگە گڕەکەی بەگوێی حەواکانی پۆلەکەماندا دەیچرپاند، تەنها یەک ڕۆژ زرار وێرای بپرسێ:

«مامۆستا بۆ جارێک منیش ناکەی بەئادەم؟»

توند گوێی بادا و بستێک لە زەوی پێی ڕاستەی پێ بەرز کردەوە و پێی وت:

«چونکە خۆت ئیبلیس-ی»

دەبوو (زرار) شەیتانانە فریومان بدا و سێوە ڕزیوەکەی مامۆستا یونس-مان لە لا خۆشەویست بکا و دەستی بۆ ئەو کچە درێژ دەکرد کە لارەمل دەوەستا و هەردوو دەستیشی ڕووەو ئاسمان بەرز دەکردەوە و خۆی دەکرد بەدار سێوی حەرام...

«ئەها لەو سێوە لا سوورانە... ئەها لەو بۆن و ڕەنگەی... وەی وەی... ئێوە تامی کەن... گەر بیخۆن تا ئەبەد نەمر دەبن و لەم بەهەشتەدا دەمێننەوە».

پاشان کە بەترسەوە قەپم لە سێوەکە دەگرت، ئەو سێوەی لە دە لاوە جێی قەپی هاوپۆلەکانی بەسەرەوە بوو، لە ناکاو مامۆستا یونس خواهانە فەرمانی پێ دەکردم کە

نەیخۆم دەنا بەر لەعنەتی خودا دەکەوم، بەدەم هاوار و قیژەوە دەچووە سەر یەکێک لە کورسییەکانی پێشەوە و دەینەڕاند:

«مەلعونینە مەیخۆن... لێ حەرام کردوون... مەیخۆن...!»

دەبوو (زرار) بڵێ:

«ئەوە چییە... دەترسن...؟ دەک داوەشێن، خوا حەزی لە سوعبەتە... ئەها ڕەنگی... ئەها بۆنی... دە ئێوە تامی بکەن».

دەبوو زوو زوو شیرین دووبارەی بکاتەوە:

«دە دەی ئادەم گیان... دڵم مەشکێنە... دەنا دەتۆرێم...».

کە کەڵبەم لە سێوەکە گیر دەکرد و کرمەیەکی نەرم دەمی من و هاوەڵەکانمی پڕ دەکرد لە ئاوێکی تفت... مامۆستا یونس دەی وت:

*«ئەها سەیری کەن... ڕۆڵەکانم... چەند بەئاسانی بەهەشتمان دۆڕاند، ئەگەر گوناهی دایکە حەوا و باوکە ئادەم نەبووایە تا ئێستاش هەر هەموومان لەوێ دەبووین، چونکە، لەوێ لەو مەلەکوتە مەرگمان نەدەبینی، سەیری کەن ئێمە لە چ گوناهێکی گەورەوە پەیدا بووین!»*.

مامۆستا بەوەوە نەدەوەستا، بەدەم غەزەبی خودایەکەوە هەموو گیانی دەلەرزی و دەیقیژاند بەسەرماندا:

«بۆ دەرەوە هەی مەلعونینە... ئەم بەهەشتەم لێ پیس مەکەن!».

بەدەم ترسێکی گەورەوە و قریوە و قاقایەکی خنکاو لە قورگدا وەک ئادەم و حەوایەکی گوناهبار و سەرکز دەچووینە دەرێ و هەوای پاکی دەرەوەی پۆلمان هەڵدەمژی تا زەنگ لێی دەدا و تێکەڵ بەهەراوهۆریای هاوپۆلەکانمان دەبووینەوە.

هەمیشە من و شیرین لە پەنای شوورەی بڵندی قوتابخانە دوو بەدوو قسەمان دەکرد، ئەو دەترسا و باسی گوناهی دایکە حەوا و سێوە حەرامەکەی بۆ دەکردم، منیش باسی بزنە شێت و گیا حەرامەکانی لا ڕێگاکانم بۆ دەکرد، مامۆستا یونس بەوەش نەدەوەستا و ماوەیەک فێری کردین کە گوناهبارانە لەبەر دەرگای پۆلەکە بوەستین و وەک ئادەم و حەوایەکی شەرمەزار کە چۆن چۆنی لەبەر قاپی داخراوی بەهەشتدا وەستان و گریان و پاڕانەوە، خودای تووڕە و داخداریش دەری کردن، ئاواهی من و شیرین و هەر هەموو ئادەم و حەواکانی پۆلەکەمان دەبوو زمان بەدەرگاکە دابهێنین و بپاڕێینەوە و بگرین، مامۆستا



درزێکی دەخستە دەرگاکە و تفێکی لێ دەکردین و دەی وت:

«بڕۆنە دەرەوە هەی کافرینە».

مامۆستا یونس بەوە نەدەوەستا و لە هەموو دەرسێکدا بەترسەوە هەموو کچەکانی لە دوو ڕیزی پێشەوە کۆ دەکردەوە، پاشان بەپەلە و شپرزە دەی وت:

«نە ء... با کچەکان لە ڕیزی پشتەوە دابنیشن و ئێوە وەرنە پێشەوە».

لە هەندێک بەیانیاندا لە بری چەپکێک گوڵ و ڕەیحانە، سێوێکم دەهانی لاسایی مامۆستام دەکردەوە و شیرین-یش قاقا پێدەکەنی.

«ها... حەوا گیان... سێوەکەت تفتە و ناخورێ!».

منداڵانی دیکە بەدەم قریوەوە پێیان لە زەوی دەکوتا و خەنی دەبوون.

هەمیشە لە دوای ئەو گەمە ناخۆشەی (ئادەم و حەوا) شیرین بۆ دوو سێ شەو خەونی بەدۆزەخەوە دەبینی، بەدەم لەرز و تاوە لە جێگادا دەکەوت و دایکی بەدایکمی وتبوو کە بەدەم خەوەوە وڕێنان دەکا، هەمیشە دوای هاتنەوەی بۆ مەکتەب من دڵم دەدایەوە، یەک باوەش گوڵ و ڕەیحانەم دەهانی و دەموت:

«ئەها پۆلەکەمان دەڵێی گوڵزاری بەهەشتە!».

زرار-ی ئیبلیس دەی وت:

«نا... نا... گوڵزاری گووە!».

هەر بۆ دڵخۆشکردنی (شیرین) ناو کتێب و دەفتەرەکانیم پڕ دەکرد لە پەڕەی گوڵ، دەمزانی کە دەچێتەوە و لاپەڕەی کتێب و دەفتەرەکانی هەڵدەداتەوە، لەگەڵ بینینی هەر پەڕەی گوڵێک دڵە ساواکەی دادەخورپێ و کەمەکێ خەنی دەبێ... هیچی دیکەم پێ نەدەکرا، ناو لاپەڕەکانی کتێب و دەفتەرەکانی، ناو جانتاکەی، گیرفانەکانی پڕ ببوون لە پەڕەی گوڵە مردووەکانی من، ئەوەندەم گوڵ بۆ دەهێنا پۆلەکەشمان بۆنی تێکەڵی گوڵە کێوییەکانی گرتبوو... سەروپرچی، دەست و پەنجەکانی بەمەکرەوە گوڵەکانی بەکچەکانی دیکە پیشان دەدا، کچی بەڕێوەبەر و کوێخا سمایل بەچەپک، لە داخی شیرین، لە باخچەکانی خۆیانەوە گوڵیان دەهێنا بەگوڵە کێوییەکانی من بەراوردیان دەکرد، شیرین بەفیزێکەوە، بێ باکانە دەی وت:

«نەتان کردبێ... گوڵەکانی من جوانترن!».

ئەی خودا چەندە حەزم دەکرد هەتا زووە گەورە ببم و کێوی بێستوون کون بکەم و

کانیاوێک لە شاخان بتەقێنمەوە، بەسەر فێڵی پیرەژنی عفریت و شەڕانگێز و فەرهاد کوژەدا زاڵ بم، بەبەرچاوی هەر هەموو ئاواییەوە دەست لە ملی شیرین بکەم؛ بەدیار تەقینەوەی کانی لە شاخدا و خۆشی ئاوایی خۆمان کە سەری چەند ساڵە هاوار و ناڵەیانە و دەڵێن: وشکە ساڵە، مەڕ و بزنەکان، ژن و پیاوەکان، کەر و مانگاکان، هەر هەموو فڕندە و پەلەوەرەکان، هەرچی مار و مێرووی ژێر خاک هەن ئاو بخۆنەوە، درەختەکانیش سەوز ببنەوە، بەبەر چاوی هەموویانەوە بڵێم: ئەوە منم کە سەوزایی و خێر و فەڕ و بەرەکەتم بۆ هێناون... هەر بۆیە هاتووم شیرین لە ئێوە بخوازم... ئەوانیش هەر هەموو... بەباوکی شیرین-یشەوە پێم بڵێن:

«پیرۆزە و... حەڵاڵە!»

هەمیشە لەژێر سێبەری درەختەکان و بەدەم لەوەڕاندنی مەڕ و بزنەکانەوە ئەو خەونانەم دەدی... دەشترسام باوکم، باوکی شیرین، دایکم، مامۆستاکانم، هاوپۆلەکانم، شوانەکان بەنهێنی ئەو خەونانە بزانن و ڕسوا بم... ئەو ڕازە شەرمنانەم لە دڵما دەشاردەوە نەبا پێم پێ بکەنن، شەوانە بەدزییەوە دەمبردنە ژێر لێفەشڕەکەم، بەتەنها بۆ بزنەشێتم دەگێڕایەوە، هەرچی ڕاز و نیازی دونیا سەیرەکەی خۆم و بزنە شێتیش هەبوو بۆ شیرین-م دەگێڕایەوە، هەندێک بەیانی زووتر لە هەموو قوتابییەکان دەهاتین، وەک ئادەم و حەوایەکی چکۆڵە و گوناهبار خۆمان لە چاوی بەڕێوەبەر و مامۆستا و قوتابییەکان دەشاردەوە، لە ترسی ئەوەی نەبا مامۆستا عوسمان بەحەیزەرانەکەی ناولەپم ئاگردا، شیرین ئارەقەی شین و مۆری دەردەکرد تا خشتەی لێکدانەکەم پێ ئەزبەر بکا... بەترس و قەهرێکەوە... فسەزمانانە دەی وت:

«واذ لە بذنە شێت بێنە... خشتەی لێکدانەکە ئەذبەر کە!».

هەر جارێک هەردوو ناولەپی سوورهەڵگەڕاوم بەشیرین پیشان دەدا، فرمێسک دەزایە هەردوو چاوە ڕەشەکانی، خودا گیان... چەندە خۆش بوو کە بۆم دەگریا و بەزەیی و سۆزم لە چاوەکانیدا دەخوێندەوە... من دەمزانی چەندە تەمبەڵم: نە سردووەکانم پێ ئەزبەر دەکران، نە خشتەی لێکدانەکە و نە فاتیحاکە... جگە لە شیرین کە دڵی نەدەهات، هەر هەموو دونیا پێی دەوتم:

«تەمبەڵ... تەوەزەل!».

من دوژمنی مامۆستا عوسمان و ماتماتیک بووم، چەندە خۆش بوو کە ڕقیم هەڵدەستاند... من دەمزانی گەر من ئەوەندەی تر خۆم گێل و تەمبەڵ نەکەم، ئەوە بێجگە لە



من شوان و سەپان و شێرۆ-ش دارکاری دەکا، نازانم بۆ هەمیشە لە دەرسەکەی ئەودا من خەیاڵم هەر لای بزنە شێت بوو، دەیزانی کەی خەیاڵم دەڕوا... ئەو کاتە هەڵی دەستاندم... هەمیشە خشتەی لێکدان و یان دابەشکردنە لەعنەتییەکە بوو... بەیانییەکی زۆر ساردی زستان بوو، دوا وانە و خۆشی ئەوەم بوو زەنگ لێ دەدا و هەر تاوێکی دیکەیە و دەگەمەوە لای بزنەشێت و مێگەل ڕادەدەم...

ژمارەیەکی زۆر درێژی نووسی... دابەشی کەم بەسەر نۆدا، دەشیزانی کە نایزانم...

«هەستە... کوڕی کەر...!».

هەستام و بێ خەیاڵ و ملهوڕ و بێ باک لە ژمارە درێژەکە ورد دەبوومەوە، پاشان دوو کوکوختی سەر درەختەکەی پشت پەنجەرەکە پتر خەیاڵیان بردم، نێرەکە شێتانە باڵی لێک دەدا و قەستی بوو هەتا زووە بەسەر مێیەکەدا بتسێ، لە گوڕی بای دەوری باڵەکانی پەڕی باڵەکانی و گەڵاکان دادەکەوتن، کە زانی من سەرنجی هەموو قوتابییەکانیشم بۆ لای کوکوختییەکان ڕاکێشا و بێ ئاگام کردن لە دابەشکردنەکە، لە ڕقانا هەردوو لا لێوی کەفیان دەردا و یەک شەقی لە قوونم هەڵدا و بەتەختەڕەشەکەی وەنووساندم، لەگەڵ زرمەی شەقەکە هەردوو کوکوختییەکەش گێژ و زەندەقچوو لێک بوونەوە و فڕین بەئاسماندا... عادەتی میز تا ڕان و بەلەک و ناو پێڵاوەکانی تەڕ کردم... هەردوو دەماری لاملی ڕەپ بوون و وەکو ئەسپێکی ماندوو لە غاردا هەردوو پەڕەی ئەستووری لووتی بەلەرزە لەرزە کەوتن، پرسی:

«سەگباب... تۆ شوانی چەند مەڕ و بزنانی؟»

بەدەم هەنسکەوە وتم:

«شەست... پەنجا... چل... سی... نە ء... بوەستە مامۆستا... بەبزنە شێتەکەوە چل و چوار... یان چل و پێنج»

شێتانەتر پرسی:

«چل و چوار... یان چل و پێنج؟»

شپرزەتر و داماوتر وتم:

«چل و هێن... چل هێن...!»

تفێکی لێ کردم، ویستم بیسڕمەوە...

«چل و گۆڕی باوکت... نەکەی... ئەو تفە نەسڕیتەوە... حەیوان... ئەو بزنە شێتە بۆ جیا دەکەیتەوە؟».

شەپازللەیەکی لە ناکاوی سراوەندە ناو دەمم و بۆکسێکی خێواندە پشتی سەرم کە وەها توندبوو پۆلەکەی لەبەرچاو تاریک کردم... لە ترسانا... بەپەلە و بەدرۆ وتم:
«چل و پێنج!»
پتر لێم هاتە پێشێ و بەسەرمدا نووشتایەوە... بەرقێکی زۆر ئەستوورەوە کە لە جەهەننەمەوە هاتبێ پەڕەی ناسکی گوێ ڕاستەمی خستە نێوان پەنجەی گەورۆنە و پەنجەی شایەتمانەی، وەها توند بای دەدا کە ئیدی تەواو کوێری کردم، تاڵییەک وەک ژەقنەبووت قورگی گرتم... نەمدەویست لەبەرچاوی شیرین و هاوپۆلەکانمدا بدەمە پرمەی گریان، لەوەدا بوو برشێمەوە، هەستم دەکرد لەگەڵ هەر گوێ بادانێک ڕیخۆڵەکانم سواری یەکدی دەبن... سەروبن گەدەم تێک هەڵدەهات... بێ باکانە پرسی:
«لە ماڵەوە چەند کەسن؟»
بەدەنگێکی نووساوەوە، دیسانەوە، ژمارەکانم تێکەڵ کردەوە:
«حەوت... نە ء... هەشت... بەمنەوە نۆ... نەنکم...».
قوتابییەکان بەدەم ترسەوە، لە ژێرەوە و بەدزییەوە دەخنکان، قەستیان بوو بەدەم تەقینەوەی قاقایەکەوە یان قولپی گریانێکەوە بنمیچەکە هەڵبگرن... نەیان دەوێرا... من دەمزانی کە تاکە کەسێک (شیرین)ە بەدەم گڕی ژانێکەوە، قەهرێکی قوولەوە، قەهری دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی بۆ یەکدی لە من دەڕوانێ و لەژێرەوە دەگری... نەمدەزانی کەی پەڕەی گوێم بەردەدا... زۆری خایاند تا پرسی:
«ئەگەر ئەو چل و پێنج سەرمەڕ و بزنە بەسەر هەر نۆ کەسەکەی ماڵی خۆتاندا دابەش بکەی... هەر یەکەتان چەند حەیوانی بەردەکەوێ... حەیوان...؟».
وەها شپرزە و سەرلێشێواو بووم... پێم وت:
«مامۆستا... هێن... دابەشی ناکەین... هی خۆمانە!».
خودا هاوار مامۆستا عوسمان کتوپڕ پێکەنی، قوتابییەکانیش پێکەنین، جگە لە شیرین، چونکە من پێکەنینەکەی ئەوم دەناسییەوە، لەناو دەیەها کچ قریوەکەی ئەوم جیا دەکردەوە... مۆڕەیەکی لێ کردن... هەر هەموو خامۆش بوونەوە... بێ باکانەتر لە جاران وتی:
«لە بزنەکەت شێتتر وا بزانە هەریەکە و چەند مەڕ و بزنێک دەباتە لەوەڕێ!».
وام زانی ڕزگارم دەبێ گەر بڵێم:
«مامۆستا... ئاخر نایەوێ... چونکە دوای مەکتەب خۆم دەیانلەوەڕێنم!».



لە گەرمەی ئەو پرسیار و وەڵامانەدا بووم کە دیسانەوە هەردوو کوکوختێیەکە بەفڕەفڕی باڵە ماندووەکانیانەوە هاتنەوە ناو باوەشی درەختەکە... لەوە نەدەچوو هێشتا بەسەریدا تسیبێ، نەیهێشت ڕوو وەرگێرم و لەو بێ ئاگا لە کوکوختێیەکان ڕابمێنم، بەدزییەوە یەک دوو جار ئاوڕم دایەوە، چلاو چڵ نێرەکە دوای مێیەکەی دەکەوت و نەیدەهێشت بسرەوێ، ئیدی دوا قسەی من شێت و هاری کرد... بەپەلە قوتابییەکی نارد تا حەیزەرانەکەی بۆ بێنێ، شێتانە هاواری کرد:
«کەر کوڕی کەر ئاسانترین دابەشکردن نازانیت... بەشەرەفم دەتکەم بەبەشەر!».
بێ پێوتن هەردوو ناولەپم بۆ کردەوە، حەیزەرانەکەی تا بنمیچەکە هەڵدەبڕی، حەیزەرانەکە هەوای شەق دەکرد و وژەوژی کاسی دەکردم، هەر هەتا شەشەمین حەیزەران زەحمەت بوو... ئیدی دوای ئەوە دەستەکانم هی من نەبوون، کتوپڕ زەنگ لێی دا... دەنا سوێندی شەرەفی خواردبوو کە چل و پێنج حەیزەرانم لێ بدا کە دەکا ژمارەی مەڕ و بزنەکانم... شەو هەردوو لەپم بەسوێ دەکەوتنەوە و وام هەست دەکرد کە دوو پشکۆ لەناو لەپما قرچە قرچ گۆشت و ئێسقان بەیەکەوە دەسووتێنن، شەو لە تاو ژانی هەردوو دەستم دەگریام، نەنکم گوێی لە هەنسکی شاراوە و خنکاوم بوو لەژێر لێفەکەوە... نەمدەویست کەس پێی بزانێ، خۆی پێ نەگیرا و زوو زوو دەیپرسی:
«ئەوە تۆی دەگری... ڕۆڵە!».
من هەر هەنسکم هەڵدەدا، کت و کوێرانە لەناو پێخەفەکەوە بەدارەدار هاتە دەرێ و فتیلی فانۆسەکەی بەرز کردەوە، کە فانۆسەکەی لە ڕوخساری تەڕم نزیک خستەوە، تەڕ و غەریقی فرمێسک، هاوارێکی خنکاو لە قورگیا تاسا، بەسەرمدا گریا و هەزار دوعای مەرگی لە مامۆستا عوسمان کرد، بەشێنەیی ناو هەردوو لەپمی بەڕۆنە گەرچەک چەور دەکرد، زوو زووش بەگڕی دانەمرکاوی زۆپاکە پەڕۆی گەرم دەکرد و دەیخستە سەر هەردوو دەستم و پەنجە هەڵتوقیوەکانم... سفتوسوێی ناولەپم و پەنجەکانم کەمتر دەبۆوە، ویستم لە گریان ژێری بکەمەوە... بۆیە پرسیم:
«نەنێ...؟»
«نەنێ بەقوربانت بێ!».
«ڕاستە باوکە ئادەم و دایکە حەوا لەسەر سێو خواردنێک کە خودا لێی حەرام کردوون لە بەهەشت دەرکراون؟».
«سێوی حەرامی چی ڕۆڵە... کێ ئەم درۆیەی بەناوی خوداوە پێ وتی؟».

«مامۆستای ئایینەکەمان... نەنێ».

«نەء... ڕۆڵە... ئەوەندەی من بزانم و لە مەلاکانم بیستووە... ئادەم و حەوا لە گوڵە گەنمەکەیان خواردووە!».

«بۆ چ لێی حەرام کردوون؟».

«حیکمەتی خۆیەتی».

«حیکمەت چییە... نەنێ؟».

دڵی نەدەهات لێم بخوڕێتەوە، وەک هەندێ لە شەوانی پێشووتر داوام لێ بکا بنووم، چونکە بەیانی گەرەکە زوو لە خەو هەڵسێم... بەدەم چەورکردنی ناولەپمەوە زۆر بەنەرمونیانی میهرەبانترین نەنک لە دونیادا وەڵامی دامەوە:

«خودا هەردووکیانی ئینتیحان کردووە... مامۆستا چۆن بزانێ تۆ باشی یان خەراپ گەر ئینتیحانت نەکا!».

«ڕاستە نەنێ... گەر ئەو گوناهە نەبووایە ئێستا ئێمە لە بەهەشت دەبووین و... هەرگیز نەدەمردین...».

«ڕۆڵە شیرینەکەم وایە... ژان و ژووری ژنانیش بەدەم منداڵبوونەوە هەر لە پای هەمان گوناحە... پیاوان کە ڕیش و سمێڵیان هەیە هەر هەمان سزایە...».

«نەدەبوو خودا دەری نەکردبان؟».

«نەء... ڕۆڵەکەم... نەء... چونکە دوای گوڵە گەنمەکە ئادەم و حەوا لەو بەهەشتە پاکەی خوا پیسایییان کرد...».

دەگریا و دەپاڕایەوە کە خودا لە گوناهەکانی ئەو و هەموو خانەوادە و موسڵمانان خۆش بێ... ئەو شەوە تا من خەوتم نەنکم بەسەر بەرماڵەکەوە دەگریا و دەبوورایەوە و وەک پیرە گورگێک دەیلووراند کە خودا بەگوناهەکانی ئادەم و حەوای لەگەڵ نەکات.

خودا هاوار... من بەتەمای چی بووم... دەمویست وەک فەرهاد عاشق بم و وەک موسا پێغەمبەری شوان مەزن و پیرۆزبم، کەچی وەک هەر قوتابییەکی تەمبەڵ ناولەپم ئاگر دەدەن... کە بەباوکەیان وت مامۆستا حەسیرمەیدانی پێ کردووم...

بێ باکانە وتی: «موستەهەقە!».

من بیرمە... چ زستانێکی ساردبوو کە بۆ دواجار مامۆستا عوسمان دوو پەنجەی دەستی ڕاستەمی شکاند، ڕۆژێک لەو ڕۆژە زۆر خۆشانەی من و شیرین بوو، ئەو چەند بەیانییەی کە من و ئەو یەکەم کەس بووین دەهاتینە پۆلەکە و بەدیار قرچەقرچی سووتانی داری



قەڵاشکەری ناو زۆپاکە دادەنیشتین و من هەر باسی بزنە شێت و ئەو شوێنانەم بۆ دەکرد کە تازە دۆزیومنەتەوە، جاروباریش بەمەکرەوە پەنجە شکاوەکانی خۆم پیشان دەدا تا پتر دڵی بکوڵێ و بۆم بگری، هەموو قسە جوانەکانی ناو حەکایەتەکانی نەنکم ئەزبەر بوو... زوو زوو سەرسامم دەکرد، پێی سەیر بوو کە ئەو هەموو حەکایەت و پەند و داستانەم ئەزبەرە... کەچی فاتیحا و سروودەکانی نیشتمان و خشتەی لێکدانم خولق لێ نییە... دەموت:

«شیرین خەم مەخۆ... و مەگری... ڕۆژێک دێ من و تۆ گەورە بین... بەیەکەوە لەگەڵ بزنە شێت لەو شاخە بەرزە دەپەڕینەوە... دەڵێن ئەودیو شاری زۆر خۆش و ڕازاوەی لێیە... من ڕقی دونیام لە مەکتەبە...!».

لەشی گەرم داهاتووی بەگڕی زۆپاکە لە لەشم نزیک دەخستەوە و لە پەرچەمی بڕاوی ورد دەبوومەوە، وێنەی بزنە شێت و شیرین-م لێ تێکەڵ دەبوو، دەمویست لە ئامێزی بگرم و ماچی بکەم... وەک چۆن لە خۆشیانا تەوێڵی بزنەکە ماچ دەکەم، نێوان هەردوو برۆ پەیوەستەکانی... نەمدەوێرا... دەترسام لە ناکاو یەکێک لە هاوپۆلەکانم، مامۆستایەک، دەرگاوانەکەی بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەر خۆی بێت و بمبینێ و قسەکەی دایکم بێتە دی و ئیدی ڕسوابم و ئابڕووم بچێ، ترسی مامۆستا عوسمان-م نەبوو، چونکە لە هەموو قوتابییەکانی پۆلی شەشم بیستبوو کە شەوان قەڕابەیەک دەخواتەوە و تا نیوەڕۆش بەری نادا... هەمیشە درەنگ دەهات، واش نەبووایە بوونی شیرین لە تەکما بەس بوو گوێ بەدارکارییەکی دیکەی مامۆستا عوسمان نەدەم... بەڵام ماچ... وەی هاوار... لەوەیاندا دەیکوشتم... کولمەکانی دەبوون بەدوو پەنگر و دەسووتان، هاڵاوێک لە ئازای جەستەی بەرز دەبۆوە، هاڵاوێک کە هەستم دەکرد دەبێ بەتەمێکی تەنک و کەمەکێ ڕوخساری شیرین-ی لەبەرچاوانم لێڵ دەکرد، تاوتاوێک هەر پێنج پەنجەی ڕاستەمی دەخستە ناو دەمی چکۆڵەی خۆی و... هەناسەی گەرمی دەدا و دەیویست بەهاڵاوی ناو دەمی پەنجەکانم گەرم بنەوە و سفتوسوێیان دامرکێتەوە و خوێنیان تێ بزێ، زمانی گەرمی بەر سەری پەنجەکانم دەکەوت و خەنی دەکردم، چەندین بەیانی زوو، بەر لە هاتنی هاوپۆلەکانم، هەر جارە و بەبیانوویەک من تکام لێ دەکرد کە زووتر بێ... دوای یەک هەفتە ئاوساوی دەست و پەنجەکانم کەمتر بۆوە، دوای ئەوەی نەنکم سێ جاران بردمی بۆ لای بەیتاڵ، هەندێک جار شیرین لەگەڵما دەی وت: «ئاخ». ئەو کاتەی برووسکەی ژانێک لە پەنجەکانمەوە دەگەیشتە کەللەم و دەیتاساندم، ئەو ئولفەت و خەم و نزیکبوونەوەی شیرین وەها

سەرمەستی کردبووم کە حەز بەوە بکەم جارێک و دووی دیکە ناولەپم ئاگر بدەن و پەنجەکانم بئاوسێن... تەنها و... تەنها بۆ ئەوەی شیرین دڵی پێم بسووتێ و بەهاڵاوی ناودەمی پەنجە مردووەکانم زیندوو بکاتەوە، ئەو بەیانییانەی کە هەردووکمان لە بەفر دەچەقین و پێڵاوەکانمان پڕ دەبوون لە ئاو... من خۆم لە بیر دەچۆوە و بەپەلە گۆرەوییە تەڕەکانم پێ دادەکەند و لەبەر زۆپاکە و بەقەراغ مێزێکەوە هەڵمدەخست تا زوو وشک بێتەوە، کە دەمزانی وەختی هاتنی قوتابییەکانە بەهەردوو دەست گۆرەوییەکانم لە گڕی هەڵایساوی کونی زۆپاکە نزیک دەخستەوە، هەمیشە بەر لە هاتنی ئێمە و زۆر زووتر (باجی لەعلی) زۆپاکەی گڕ دەدا، جاروبار هەردوو پێیە تەزیوەکانیم دەخستە ناو کۆشی خۆم تا سەرما لەسەری پەنجە تەزیوەکانی دەربکەم، هەندێک جاریش هەردوو دەستە سڕبووەکانیم دەخستە هەردوو بن هەنگڵی خۆم تا کەمەکێ گەرمتر ببنەوە، خامۆشی پۆل و گڕی زۆپاکە و پێڵـووە کەوتووەکانی شیرین و حەکایەتەکانی بزنە شێت بۆ من لەیادچوونەوەی دونیایەک بوو پڕ لە دڵڕەقی باوکە و نقورچ و هەڕەشەکانی دایکە و ترسی مامۆستاکان و مەزاقی هاوپۆلەکانم، من چەندە دڵم بەو بەیانیانە خۆش بوو کە بەدزییەوە بەر لە هاتنی قاووقیژی قوتابییەکان من و شیرین گەورە و سەرداری پۆل بووین، لە یەکێک لەو بەیانیانەدا بوو کە مێزە خەراپەکەی شیرین-م گۆڕی، باشترین و تۆکمەترین مێزی پۆلەکەم بۆ دزی، لە یەکێک لەو بەیانیانەدا بوو کە لاسایی مامۆستا عوسمان-م کردەوە: سەگباب... بەخۆتەوە مێگەلەکەت چەند سەر مەڕ و بزنی تێدایە...؟ لاسایی مامۆستا یونس: تۆ وابزانە ئادەم-یت و شیرین حەوایە- و فریوت دەدا و دەڵێ سێوەکە بخۆ... خوداش فەرموویەتی مەیخۆ... بەڵام تۆ ئەوەندە نەگریس و هیچ و پووچی... ئەوەندە کەری کە دەیخۆی... شیرین قاقا پێدەکەنی و بەپشتدا دەکەوت و بەرملی سپی و سافی وەک بەرملی کۆترە باریکەیەک دەدرەوشایەوە، وام هەست دەکرد پێکەنینەکە لە قورگییەوە سەر دەکا و لەسەر هەردوو لێوە سووتاوەکانییەوە دەتەقین و سەرمەستیان دەکردم، هەر لەو بەیانیانەدا بوو کە جاروبار بەدەوری زۆپاکەدا سووکە سەمایەکی شیرینانەی دەکرد و خۆی دەلەنگاند... لەگەڵ (با)دا دەخولایەوە و گێژی دەکردم... پێچێک و دوو... و دە... کراسی کلۆشی پڕ دەبوو لە (با) تا سەر ئەژنۆ مەیلە و ڕەش و تاریکەکانی وەدەردەکەوتن، هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە کتومت لە بزنە شێت دەچێ، من سەیرم لە مامۆستای زانیاری دەهات کە دەی وت ئێمەی مرۆڤ دەگەڕێینەوە سەر ڕەگەزی مرۆڤی (نیاندرتال) کە سەر و کەللەی هەر لە مەیموون چووە، دەی وت مرۆڤی نیاندرتال هەر لەنێو ئەم شاخ و



کێوانەدا ژیاوە، لەنێو ئەم ئەشکەوتانەدا، ڕاوی کەڵە کێوی کردووە و بۆقی خواردووە، من کە سەیری شیرین-م دەکرد... بەتەنها مەزەندەی ئەوەم دەکرد کە توخمی ئەم بگەڕێتەوە سەر بزنە کێوی، سەیرم لێ دەهات بەرملی ئەوەندە سپییە و سەر ئەژنۆکانی ئەوەندە ڕەشن.

من بەدیار گڕی زۆپاکەوە هەڵدەترووشکام و کز و زەبوونانە لە شیرین ڕادەمام کە وەک پەپوولە بەدەورمدا جوانترین سەمای دەکرد، بەهەردوو باڵی هەوای مردووی پۆلەکەی شپرزە دەکرد، لەسەر نووکی پێڵاوەکانی دەخولایەوە و وەک کۆترە باریکە جارێک باڵی ڕاستە و جارێک باڵی چەپی لە زەوییەکە دەخشاند، گەردەلوولێکی زۆر شیرین لە تەم و جوانی و سۆزی بەدەوری مندا دەخولقاند، هەر خولانەوەیەک و بازنەیەکی بەچواردەوری مندا ڕەسم دەکرد و ئیدی من گیرۆدە و بەندەوار خێل دەبووم و لەو ڕادەمام، حەکایەتەکانی نەنکم پڕ بوون لە خۆشی و سەرسامی... بەڵام هیچیان وا سەرسام و سەرخۆشی نەدەکردم، خۆشی هەموو دونیام لەو بەیانیانەدا بوو، لەو ناوەش پەلکی زۆری ئەو گوڵە کێوییانە ڕژابوون کە من بۆ شیرین-م هێنابوو، هەرگیز نەمدەوێرا باس لەو خۆشی سەما و سوڕدانەی شیرین بکەم، شەوێکیان زۆرم لە خۆم کرد بەنەنکم وت و ئەو ڕازەم درکاند... بە چ ترس و خەمێکەوە وتی:

«ڕۆڵە شیرینەکەم ئەم مەیلە شەیتانییە... ئەو هەوەسە گوناهە و... چیتر وا مەکە... با خودا هەر لە هەنووکەوە غەزەبت لێ نەگرێ».

هەر ئەو شەوە و... چەندین شەوی دیکە تێ دەکۆشا فێری نوێژم بکا تا چی زووە خۆم پاک بکەمەوە... بەڵام هەیهات من فاتیحاکەم هەر پێ ئەزبەر نەکرا... خۆشی دووەمم ئەوە بوو لە دوای بەرەڵابوون لە مەکتەب دەچوومەوە کن بزنە شێت... خودا هاوار چ خۆشییەک بوو هەر ڕۆژە و گۆلاوێک، کانییەکی تازە تەقیو و هێشتا شێلوو، گولێک، بەردێکی ڕەنگاوڕەنگ، هێلانەیەک، هێلکەیەکی تازە قرنجاو بەدەنووکی بێچووە مەلێک، ئەشکەوتێک، شانە هەنگێک، شانە مێروولەیەکم دەبینی، درەختێک ئاوساو و بارگران بەمیوەی وا کە لە هەموو ژیانما نەمدیبوو، هەڵفڕینی پۆلە مەلێک لەژێر دەوەنێکدا، شکانی لقێکی باریک لەژێر قورسایی جووتبوونی دوو کۆترە کێویدا، کەوتن بەسەر مێرگێک کە بەگوڵاڵە سوورە خوێناوی بووبێ، بێ ئاگا لە مێگەلەکەم جۆگەلەیەک دەستی دەگرتم و لەگەڵ خۆیدا دەیبردم، جار هەبوو وازم لە بزنە شێت دەهێنا و دەکەوتمە دوای (شوان هەڵخەڵەتێنە)... دەمزانی چ مەلێکی شەیتان و فریودەرە... تا پەنجەکانم بەر کلکی

نەکەوتبا نەدەفڕی... خودا هاوار چەند جوان بوو ئەو فریوە... هەندێک جاریش کە دەمویست گوڵە کێوییەکی دەگمەن و جوان و بێ ناو بدۆزمەوە و دڵی شیرین-ی پێ خۆش بکەم، هەر دەگەڕام هیچ، لە ناکاو بزنە شێت بەدەم بای غارەوە دەیخستمە دوای خۆی... هەروەک بڵێیی خەیاڵی منی خوێندبێتەوە تاوێک و دەیبردمە لای تووتڕکێک و دەمدی... دەمدی گوڵێک... گوڵێکی دەگمەن و گەشاوە لە ژێریدا خامۆشە، هەمیشە بزنە شێت دەبوو بەپێشەنگی من و کتوپڕ وەک عفریت و بزنەکانی ناو حەکایەتەکانی نەنکم دەیبردمە سەر گوڵە باخێک کە من نەمدەزانی چۆن چۆنی لەژێر ڕەوەزێکدا وا خامۆش و پەنهان ڕواوە و نوستووە... وەها بزر کە جگە لە شەیتان و بزنەکەی من کەس نەیدیوە، تەنها کەسێک کە ئەو هەموو ڕاز و درۆیانەم لە لا دەدرکاند شیرین بوو... ئەویش بەدەم سەماوە بێ سەرسەختی و گومان دەی وت: وایە... وایە... ئەو چەندە جوانتر سەمای دەکرد من پتر درۆ و ڕاستیم تێکەڵ دەکرد، خەون و خولیا، خەیاڵ و زیندەخەو... شیرین بەدەورمدا سەمای دەکرد و کراسەکەی بازنەیەکی لە هەوایەکی خۆش ڕەسم دەکرد... تا شوێنێکم دەدی - خودایە... ئەستەغفیروڵڵا- گەر دایکم لەوێ بووایە بێ شک لەسەر ئەو چاوە زیت و بزانەم هەردوو پشتی دەستەکانمی داغ دەکرد... وام دەزانی دایکم، نەنێ... مامۆستا عوسمان لە پشت سەرمەوە وەستاون و لێم دەڕوانن... زەندەقم دەچوو... بەترس و شەرمەوە چاوەکانم نز دەکرد و کزۆڵە و شەرمن و ترسنۆک لە پێڵاوە قوڕاوییەکانی خۆم دەڕوانی... شیرین زوو زوو پێیی دەوتم:

«ئەوە چییە... داوەشێی... نایکەم... چاو هەڵبڕە!».

سەرمابردەڵە و غەمگین دەموت:

«شیرین... سەما... بەسە... وەرە... دانیشە!».

دانەدەنیشت... بێ ئاگا لە من، بێ ئاگا لە ترس و تۆقینی ناو ڕۆح و دڵە چکۆڵەکەم... خۆشی لێ دەهات کەوتۆتە سەر لەپی (با) و دەفڕێ... وەک پەروانە بەهەوادا بفڕێ لە گڕی زۆپاکە نزیک دەبۆوە... لەگەڵ جۆشی گەرمتری شیرین زۆپاکە نێڵەنێڵ دەسووتا و تەلاشی دارەکانی دەتەقاند... بەدەم سەماوە لە منی کەللە کاس و وڕ نزیک دەبۆوە و دامێنی کراسەکەی لە ڕوومەتم دەدا... من لە خۆشیانا... لە ترسانا خەریک دەبوو بگریم... بگریم... گریانێک حەیای خۆم بەرم... لە حەژمەتانا بەرزەپێ هەڵدەستامەوە و پەنجەرەکانم بەڕووی هەوای زۆر سارد و تەزیوی شاخەکان دەکردەوە تا ئارەقەی سەر هەردوو ئەبرۆکانم سارد بکاتەوە.



شەوێکیان، خۆش خەیاڵ، زۆرم بۆ هات و بەنەنکم وت کە بەقەد فەرهادەکەی ناو حەکایەتەکەی منیش شیرین-م خۆش دەوێ... پێم وت کە منیش دەتوانم وەک فەرهادەکەی نەنکم کێوی بێستوون کون بکەم و کانیاوێک بتەقێنمەوە، بەگاڵتە و مەزاقێکەوە دەستی لە مەچەکی زۆر باریکم دەدا و پێدەکەنی:

«ڕۆڵە شیرینەکەم با گەورەتر بیت... بەم قۆڵ و بازووانەوە قولنگ بەتۆ بەرز ناکرێتەوە».

هەموو جارێک غەمگینی دەکردم کە دەی وت:

«واز لەم شیرین-ە بێنە... ئەم شیرین-ە شوو دەکا و تۆ هەر شوانی بەرخەلی... پەلە مەکە... شیرین-ی خۆت هەر پەیدا دەبێ!».

هەمیشە هەڕەشەی لێ دەکردم کە ئەگەر مەڕێکی دیکەم هەڵدێرێ... یان گورگ زەفەری پێ ببات باوکە هەڵمدەواسێ... ترساندمی و سوێندی بەخودا و پێغەمبەران و چی ئەسحابە و ئەولیا هەیە خوارد کە ئیدی شەوانە حەکایەتم بۆ نەکات گەر من ئەوەندە خۆش خەیاڵ و کەم ماریفەت بم و خۆم بەلاس و مەم و سیامەند و فەرهاد بزانم... سوێندی دام کە شوانێکی عاقڵ بم و خۆم شێت نەکەم و نەکەومە دوای قشپلی بزنە شێت...

پێشبینی و ترسەکانی نەنکم هاتە دی، باوکە بۆ یەک هەفتە لە ژێرزەمینەکە بەندی کردم، پوورە زولەیخام بەدزییەوە نانی بۆ دەهێنام، دوای ئەو ڕۆژە بوو کە بزنە شێت بردمییە ناو تەبارێک لە شلیک، ئەوەندەم خوارد دەت وت گورگێکی برسیم و دەمم بەخوێناوی ناو هەناوی مەڕێک سوور بووە... کە گەڕامەوە زانیم یەکێک لە مەڕەکانم ڕووەو خەرەندەکە هەڵدێراوە، خواردنی ئەو هەموو شلیکە و شەپازللە و لەقەقەکانی باوکم تووشی سک ئێشە و ڕشانەوەیان کردم... تا بەیانی دایکە و نەنکم بەدیارمەوە گریان... وایان زانی دەمرم... دواجار بەتکای بەڕێوەبەر و مامۆستای وەرزش منیان لەو ژێرزەمینە دەرهانی... لە دوای پاڕانەوەی هەر هەموو دەرودراوسێیەکان... عارم نەدەنا... بێ باک و ملهوڕ... هەمیشە دوای هەر لێدان و کوتانێک ڕاست دەبوومەوە و... بزنە شێت خۆت بگرە وا هاتم... باوکم پڕ بەدڵ دەی وت:

«خودا بکەم خوێنی تۆ و بزنەکەت تێکەڵ بێ!».

لەگەڵ بزنە شێت بەجووتە هەڵەتە و دەللی دەبووین، خۆمان دەدایە دەست توولە ڕێ و بزنە ڕێ و کوێرە ڕێگاکان، لەوەوە فێربووم کە تا بەڕاستە ڕێدا بڕۆین هیچ نابینین... هیچ نابیستین... لە بزنە شێتەوە فێربووم کە ئەو ڕاستە ڕێیەی هەموو ئاوایی: بەژن و پیاوەوە،

بەپیر و گەنجەوە، بەمەزن و منالّەوە پیایدا دەڕۆن پڕە لە قەرسەقول و قشپل و تەپالّە و تەپکەڕیخ... پڕە لە تف و بەلّغەم و بۆنی میزی مانگا و مەڕ و بزن و کەرەکان کە مرۆڤ کوێر دەکا... تەنها کە لە ڕاستە ڕێ لامان دەدا دەکەوتم بەسەر شارە مێروولەی وادا کە بەقەد شارۆچکەکەی خۆمان قەلّەبالّغ بوو، بازرقە و نەرمە غاری هەردووکمان و قریوەی من سەدەها مەلی کێوی هەلّدەفڕاند کە ئاسمانیان پڕ دەکرد لە ڕەنگ و جریوەی خۆش، هێلانەی وام دەدۆزییەوە کە پڕ بوون لە هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ، ئەشکەوتی وا نسرم و سارد کە بەچلەی هاوین پێویستم بەکەپەنگ بێ، قرژالّی وام دەبینی کە بەدوو سەر دەڕۆیی، ماسییە پانکەی وا کە هەر هەموو زەبر و ئازاری ڕاستەکانی مامۆستا و شەپازللەکانی باوکمی بیر دەبردمەوە، دەیەها جار شەوم بەسەر دادەهات و جریوە جریوی ئەستێران هەم شاگەشکەیان دەکردم و هەم ئاگاداریان دەکردمەوە کە لەوە درەنگتر بێ گورگ خوێنی من و بزنە شێتم تێکەلّ دەکا، شەوانە تا وەختی خەوتن بەدەم گوێگرتنەوە لە حەکایەتەکانی نەنکم دڕکم لەبن پێیەکانم دەردەهێنا...

سالّ نەسووڕایەوە و مەڕێکی دیکەم بزر کرد: دزییان... گورگ خواردی... هەلّدێرا؟ نازانم.

لەسەر ئەو گوناهە گەورەیە هەفتەیەکی دیکەش زیندانی کرام، سەرباری شەق و تف و جوێن، دیسانەوە خزم و خوێش کەوتنە تکا و پاڕانەوە... لەگەلّ دەرودراوسێیەکان بەباوکمیان وت:

«فەرهاد لەوە منالّتر و نەفامترە بیکەی بەشوانی ئەو هەموو مەڕ و بزنە... لێی گەڕێ و با مەکتەبەکەی تەواو بکات...!».

ڕێنماییان کرد کە ئیدی لە کەلی شەیتان بێتە خوارێ و یەک دوو سەگی هەوشاریش پەیدا بکا تا باشتر ڕۆحی مەڕ و بزنەکانی سەلامەت بێ، ئاخر باوکم ڕقی دونیای لە سەگ بوو... بەگلاو و پیسی دەزانین، ئیدی لەو ڕۆژەوە من و بزنە شێت لێکدی دابڕاین، چ شوانێکی ترۆ بووم، چەندە غەمگین و ڕیسوا و ڕەنج بەخەسار، هەر لەو ساتە وەختەوە بوو کە باوکە سەری ڕەزامەندی لەقاند و لە بری من (سیامەند)ی ئامۆزامی کرد بەشوان، لە ژێرزەمینە تاریکەکە نەخۆش و ڕەنگ زەرد منیان دەرهانی، هەتاوی حەوشە بەشەوارەی خستم... خودا هاوار... من چۆن تیاچووم کە زانیم باوکم سوێندی شەرەفی خوارد کە ئیدی تا ئەبەد نەهێلّێ من توخنی مەڕ و بزنەکانی بکەوم، لەوە خەمناکتر: سیامەندی ئامۆزام کە لە من هەراشتر بوو، ڕقی دونیای لە من و لە بزنەکەم بوو، ئیدی من بەوپەڕی



دلّشکاوی و قەهرەوە بووم بەقوتابییەکی گوێڕایەلّ، ئیدی لە بزنە شێت و هەوای پاکی شاخان و گەمە و خۆشی هەموو دونیا بووم، دایکیشم بەبیانووی لانک ڕاژەندنەوە لە مالّەوە بەندی دەکردم و دەی وت:

«کوڕە شیرینەکەم... واز لەو خەیالّە زۆر خراپانە بێنە و بەدەم لانک ڕاژەندنەوە دەرس و دەورەکەت بکە».

بەرق و کینەی شەیتانێکی بێ دەستەلّاتەوە لانکم ڕادەژەند... ئاخر دایکە نەیدەزانی لە هەموو خەمەکانم گەورەتر ئەوەیە کە من چیدیکە ناتوانم گولّی کێوی بۆ شیرین بێنمەوە و ئەویش قژی خۆی پێی بڕازێنێتەوە، بەیانیان سەمام بۆ بکا و جوانی پەڕەی گولّەکانی لێ هەلّبوەرێ و من خەنی بکا، نەیدەزانی کە من ئیدی هیچ حەکایەتێکم پێ نامێنێ شیرین-ی پێ سەرسام بکەم، دوور لە بزنەکەم ئیدی دەم قرساو و کەڕولالّ شیرین لێم ڕادەما و من یەک وشەم پێ نەدەوترا... کە ئەو بەدەوری ئاگری زۆپاکەدا سەمای دەکرد من سەرم دادەخست و دەگریام... ئاخر نەدەکرا چیتر درۆی زلی بۆ بکەم و بلّێم:

«من ئەمڕۆکە هێلکەیەکی حەوت ڕەنگم لە هێلانەیەکدا دۆزیوەتەوە!».

ئەویش دلّپاکتر لە هەموو دونیا و سادەتر لە تەمەنی خۆی دەی وت:

«دەستی لێ مەدە با پیس نەبێ... با مەلێکی حەوت ڕەنگ هەلّبێنێ».

دەموت و... دەموت...

بێ باک لە درۆ و ڕاستییەکانم هەر گوێی شل دەکرد و... بەمەکرەوە سەری با دەدا و... زەردە دەیگرت... بێ پرینگانەوە دەموت گوێم لە مەلێک بوو لە بری چریکە دەگریا...

بێ ترس دەموت شانە هەنگێکم دۆزیوەتەوە کە هەنگوینەکەی وەک قەترانی ڕەشە...

ئەم دەمی دادەپچڕی و من دەموت دارهەنارێکم دەستنیشان کردووە کە تامی هەنارەکانی شیرین و مزر و مێخۆشە...

دەی وت: واو...

تەواوێک دلّم لە مەکتەب تۆرا، دەمویست بیانوویەک بدۆزمەوە و ڕابکەم... وەک پالّەوانێکی ئازای نەنکم خۆم لە شارێکی زۆر قەلّەبالّغدا ون بکەم... شیرین، نەرم و نیان، دلّی دەدامەوە و دەی وت:

«چ نازانیت... فێرت دەکەم... با مامۆستا عوسمان و باوکت ئەوەندەی دیکە ڕقت لێ هەلّنەگرن!».

شیرین نەیدەزانی دوای لێکدابڕانم لە بزنە خۆشەویست و هەرە تەنیاکەم من حەز بەمردن دەکەم... زەبوون و بێ دەستەڵات دەپاڕایەوە:

«تۆ مەگری... من گوڵم ناوێ!».

ئیدی تەواو... دڵم لەو بەیانیانەش تۆرا، هەر جارە و بەبیانوویەک خۆم دوا دەخست و درەنگتر لە جاران دەگەیشتم، شیرینم دەدی بەر لە من لەسەر مێزەکەی، مات و مەلوول، دانیشتووە و قژی پەخشی سەر مێزەکەی داگیر کردووە و قەف قەف بەهەموو لایەکدا پەرش و بڵاوە، بەترسی کچۆڵەیەکەوە و لە بەیانییەکی وا خامۆشدا لەگەڵ تەپەی پێڵاوەکانم سەری بەرز دەکردەوە، چەندە تەریق دەبوومەوە کە وەک شیرین-ێکی دۆڕاو و تۆراو لە منی دەڕوانی... چاوانی پڕ لە نزا و سۆز و گلەیی... جارێکیان بەقورگێکی پڕ لە گریانەوە وتی:

«من دەمزانی ئەمساڵ لە هەموو وانەکانت دەکەویت و...».

کە زانی ڕەنگم هەڵبزرکا تەواوی نەکرد، زانیم دەیویست بڵێ من دەمێنمەوە و ئەو بەتەنیا پۆلێکی دیکە دەبڕێ...

قسەکەی گۆڕی و بەدوو چاوی پڕ لە گلەیی و حەسرەتەوە وتی:

«تۆ... تۆ... بزنەکەی خۆتت لە من خۆشتر دەوێ».

ویستم وەک عاشقە ڕووتەی ناو حەکایەتەکانی نەنکم بکەومە سەر ئەژنۆ و شەیدایانە پێی بڵێم تۆ هەر ئەو تاقە شیرین-ەی کە مامۆستا عوسمان لێم دەدا... تۆ... بەتەنها تۆ بۆ من دەگری... بەس چی بکەم...؟ لەوە گێلتر بووم ڕستەیەکی جوان و عاشقانە لە دەمم بێتە دەرێ، من تەنها ئەوسا دەمتوانی بەقسە و ڕاز و حەکایەت و سیحری نهێنییەکانی ناو شاخ و داخان شیرین سەرسام بکەم کە هێشتا من و بزنە شێتەکەم لێک دانەبڕابووین، ئەم نەیدەزانی من زمانم لە گۆ کەوتووە و قسەشم بیرچۆتەوە، هەر هەمووی گوناهی نەنکم بوو... چەندە دڵتەنگی دەکردم کە دەی وت:

«ڕۆڵە شیرینەکەم... تۆ زۆر لەوە چکۆڵەتری خۆت بەفەرهاد بزانیت!».

بەپەنجە گرژ و وشکەکانی، چڵ و چێو ئاساکانی، بۆی دەژمارد کە من دەیەها ساڵ و سەدەها ڕۆژم لەبەردەم ماوە تا بزانم عاشق چۆن لەسەر ئەژنۆ دەکەوێ و خۆڵ دەخوا و بەرپێی مەعشوقەکەی بەفرمێسکان تەڕ دەکا و لێی دەپاڕێتەوە تا چیتر گومانی لێ نەکات...

ئاخ... خودا هاوارە... من چ شوانێکی دۆڕاو و چ عاشقێکی سەرە میکوتە و گرگن



بووم... لە دڵەوە دەگریام کە من هەموو شتێکم دۆڕاند... نە بوومە شوانێکی چاک، نە عاشقێکی سەرکەوتوو، نە پێغەمبەر...

باوکم پڕ بەحەوشەکە هاواری دەکرد... کەو و کۆترەکانی خۆی دەترساند و دەی وت:

«سمێڵم بتاشن ئەگەر مەکتەبەکەشی تەواو کرد».

دڵڕەقانە بەدایکمی دەوت:

«*خۆزیا لە بارت دەچوو... ئەوە کوڕە تۆ هەتە یان تڕی کەرەکەمە...!*».

شیرین لەوە ساواتر بوو بزانێ من چ قوتابییەکی مایەپووچم کە ڕقی دونیام لەو سروودە هیچانەیە کە بەشەق پێمی ئەزبەر دەکەن... چ شوانێکی ڕسوا... چ عاشقێکی لاڵ کە هەرگیز وەک عاشقی ناو حەکایەتەکان قسەزان و زمان شیرین و دڵ لەسەر دەست و بوێرنیم... شیرین لە من جوانتر و ئازاتر بوو؛ هەرگیز پێی نەدەوتم:

«بۆچی درەنگ دێی؟ بۆ خۆت دەدزیتەوە؟».

عاشقانە بەر لە من دەهات و دڵی دەدامەوە و دەی وت:

«ڕۆژێک دێ تۆش گەورە دەبیت و دەبی بەخاوەنی هەزار بزن».

ئەم نەیدەزانی من بزنە شێت بەهەموو بزنەکانی دونیا ناگۆڕمەوە، دڵڕەقانە پێم دەوت:

«تۆ هیچ نازانی... کێ دەڵێ کە من گەورە بووم بزنێکی وا جوان و بزێوم دەبێ؟».

من لە هەموو خۆشی دونیا و گەنجینەی نهێنییەکان بێ بەری بووم، من لەوە زۆر دەترسام تا من گەورە دەبم شیرین-یش وەک کچە غەمگینەکانی ناو حەکایەتەکان کۆچ بکا، نەخۆش بکەوێ و بمرێ، بەزۆر لە کوڕە شایەک یان گەدایەک مارە بکرێ و منیش وەک هەر عاشقێکی چکۆڵە و نامراد کۆستم بکەوێ... من لاڵتر بووم لەوەی ئەو هەموو ڕاز و نیازانە بدرکێنم... شەوێکیان بەدەم هەنسکەوە بەنەنکم وت:

«نەنێ هەتا کەی من لەو ژێرزەمینە حەپس دەکەن؟ مردم ئەوەندەی لانکیش ڕاژەنم... دایکە هەر ساڵە و بۆ گیانی من منداڵێکی دەبێ...؟».

هەڕەشەی ئەوەی لێ کردم کە ئەو قسەیە گوناهە و خودا منداڵ دەبەخشێ و هەر خۆیشی دەیباتەوە... بەداخێکەوە پێم وت:

«من خەریکە ڕقم لە هەمووتان دەبێتەوە... نەنێ!».

بەسەرسامییەوە پرسی:

«لە منیش؟ لە دایکە و باوکەش...؟ ئەی خوشک و براکانی خۆت... لەوانیش؟».

وەک ئەوەی لە شەیتانێکی چکۆڵە و نەگریس ڕابمێنێ چاوەڕێی وەڵام بوو... من شەرمەندە و زەبوون سەرم داخست و چاوەپڕ لە قەهر و کینەکانی خۆم لێ دەشاردەوە... تۆزێک ڕاما و وتی:

«لەسەر ئەو ڕقەت لە دایکە و باوکە خودا دەتخاتە ناوەڕاستی دۆزەخەوە، لەو شوێنەی شەیتان بەستوونێکی ئاگرەوە بەستراوەتەوە...».

کە چارم نەما ئیدی خۆم دەدایە دەست خەیاڵ، هەر بەخەیاڵ خۆم دەدی لە تەک بزنە شێت ڕادەکەم و لە ڕاستەڕێ لادەدەم و دەکەومە ناو باخی گێلاس و ڕەزی قەدپاڵ، هەر بەخەیاڵ خۆم لەسەر دوند و ڕەوەز و ترۆپکی گاشەبەردە زەلامەکان دەدۆزییەوە، خۆم لەنێو بۆنی گرانی ژوورە تاریکەکان دەردێنا و دەستم لە لانک بەردەدا و لە ناکاو خۆم دەدایە بەرتاڤگەی بەخوڕی قەدپاڵەکان و ئارەقەی لەشم بەمەلەیەک لەناو کانیاوەکاندا بەجێ دەهێشت، تەنها زریکەی کتوپڕ و بێ ئامانی کۆرپە ساواکەی ناو لانکەکە خەیاڵی منی پەرت دەکرد و دەیهێنامەوە ناو ژوورە بان تەپیوەکان، ئەوەندە نزم و تەپیو کە وام هەست دەکرد بەسەر مندا دەڕمێ و... ڕۆژێک دێ لەژێر داروپەردووی بەسەر یەکداڕماوی بمرم و دەمم پڕ بێ لە خۆڵ و تۆز... ئیدی بەچ قەهر و خەم و خۆ خواردنێکەوە... بە چ ڕقێکەوە لانکەکەم ڕادەژەند... ژوور پڕ دەبوو لە زریکە... زریکەیەک بمترسێنێ لەوەی کە بنمیچەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێ... ناچار ڕقەکەم لە دڵما دەکوشت و نەرمتر لانکەکەم ڕادەژەند تا جارێکی تر کۆرپەکە خەو بیباتەوە و منیش بکەومەوە دوای بزنەکەم و هەڵفڕاندنی مەلە کێوییەکان، خۆم دەدایەوە دەست کوێرە ڕێگاکان و جۆگەلە ڕاکردووەکان کە ڕێزی هیچ کۆسپ و داروبەردێکیان نەدەگرت، بێ مەبەست وەک هەر جۆگەلەیەکی سەرمەست لەژێر هەتاو و تریفەدا بەدەم قەڵبەزە و کەمچڕینەوە لە گێژەن و شەپۆڵدان نەدەکەوت و دەڕژایەوە ناو شەتاوێک، هەر بەخەیاڵ بزنەکەمم دەدی دەلەوەڕا و منیش چەپکێک گوڵم دەچنییەوە بەلاسکە گیایەک چەپکێکم لێ دەبەست و دەمهێنایەوە ژوورە تەنیاکەم، تەنها شتێک کە خەوی لێ دەخستم و خەیاڵی خۆش دەکردم حەکایەتەکانی نەنکم بوو، لاوانەوە و دڵدانەوەی ئەو... بۆ قایلکردنی دڵی من دەی وت:

«جەرگەکەم... مەکتەبەکەت تەواو بکە... خەیاڵی بزنە شێت و ئەو دەشت و کێوە دابنێ... زوو گەورەبە و نەنکە پیرەکەی خۆت بەخێو بکە...».

سەرم دەخستە سەر ڕانی و خۆم شل دەکرد سەروپرچی بەخورشتم بخورێنێ و پێم دەوت و دەمپرسی:



«نەنێ... من گەورەش بم هەر دەبمەوە بەشوان... ئەرێ نەنێ گیان من زۆرتر دەژیم یان بزنە شێت؟».

بەترسی پیرەژنێکەوە زمانی تەتەڵەی دەکرد و پێی دەوتم:

«بەڵاگێڕت بم خودا گەورەیە و عومری بیست بزنی داوە بەتۆ...».

چەندە غەمگین بووم کە زانیم بزنەکەم مەرگی پێش مەرگی من دەکەوێ، دەمزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان باوکم گەر لە ڕقی منیش نەبێ... بەبیانووی قوربانی سەری دەبڕێ، دەمەو ئێواران بێ ئۆقرە لە حەوشە و لەناو کۆڵان چاوەڕێی گەڕانەوەی مێگەلەکەم دەکرد و لە دوورەوە باوەشم بۆ بزنە شێت دەکردەوە، تێر تێر یەکدیمان بۆن دەکرد... چەندە سەرکز و مەلوول دەهاتە بەر چاوم، هەرگیز وەک جاران کەللەبەرز و پڕ هەوا و فیز و شکۆ نەمدەدی، کە شەو دادەهات بەدزی باوکم و دایکم و نەنکم و هەر هەموو خوشک و برا و پوورەکانمەوە دەستم دەدایە فانووسێک و دەچوومە تەویلەکە، مەڕ و بزنەکان بەدەم پڕمە پڕمەوە ڕادەپەڕین و ڕۆشنایی چراکە هەر هەموویانی شپرزە دەکرد، ورد ورد دەمپشکنی، چڵکن و ڕیخن بوو، هەر ڕۆژە و جێ برینێکم لە لەشی دەدۆزییەوە، چاوەکانی کوژاوە و بێ ڕۆشنایی بوون، بەرملی تا دەهات گەڕتر دەبوو... هێدی هێدی مووەکانی دەمردن و هەڵدەوەرین، تیسکەکانی وەک جاران نەدەبریسکایەوە، هەمیشە پاشەڵی پیس و میزاوی بوو، بەسەرچوو ئەو ڕۆژگارەی من پاک و خاوێن لەناو جۆگەکاندا گەندوگووم لێ دادەماڵی، لە تۆز و خۆڵی ڕێگاکان پاکم دەکردەوە کە تا هەردوو کونی چاوانی داپۆشیبوو، بۆنم دەکرد... نە بۆنی گوڵە کێوییەکانی لێ دەهات و نە شێی جێماوی ئاوی کانیاوەکان لەسەر پشتی چڵکنی، کزۆڵە و مردەڵە لە منی دەڕوانی، بەخەمێکەوە و زۆر بێ هێزانە دەیقاڕاند، هەردوو گوێی تەواو بریندار بوون، کە زۆر لێی ورد بوومەوە هەموو گیانی گەنە بوو، دووسێ کرمم لەناو کونی گوێی چەپی دۆزییەوە شەوێکی تر کە بەدزییەوە هێنامە دەرێ و بەیادی جاران دامە بەر تریفەی مانگ دیم زۆر گران دەڕوا و دەشەلی... هۆن هۆن گریام، زانیم ئەو سەگی سەگبابە بەزەبری گۆچان قاچی ڕاستەی شکاندووە و کەسیش باکی نییە بۆی بگرێتەوە، چیتر بۆنی ئەشکەوتە نسرمەکانی لێ نەدەهات، دەستم لە هەردوو ڕانی دەدا و هەستم پێ دەکرد وەک جاران گۆشت و ماسوولکەکانی توند و گرژ و تورت نین، نا هەرگیز ئەم بزنە؛ بزنە شێتەکەی من نییە، ئەو شەوە وەک من غەمگین بوو... بەڕۆحێکی ئادەمییانەوە لە تریفەی زیوینی مانگی دەڕوانی و دەگریا، هەردووکمان، برا بەش، بۆ شکۆی دۆڕاومان فرمێسکمان بۆ ڕاگیر نەدەکرا...

نا... تازە مەحاڵ بوو بەو چوارپەلە زۆر باریکەوە، بەقاچێکی شکاوەوە بەسەر شاخ و داخەکاندا هەڵبگەڕێ و وەک جارانیش کەللەی پڕ بکا لە هەوای شاخان، بەفیزێکەوە لەسەر کەرتە شاخێک بوەستێ و لە تین و تاوی خۆر بڕوانێ، دەستم لە مل کرد بەبەرچاوی ئەو هەموو مەڕ و بزنە ملکەچ و خەواڵووەوە دامە پڕمەی گریان، زانیم کە هەردووکمان زیندانین، لێکدی دابڕاوین، بەبێ یەکدی هەڵناکەین، زانیم... هەر زوو زانیم و لە ڕۆژی یەکەمەوە دیاربوو سیامەندی ئامۆزام ویستی فیز و شکۆی پێ دابنێ، چاوی بشکێنێ و زەندەقی ببات، زانیم بەزەبری گۆچانە گرنج گرنجەکەی کەللەی کاس دەکا و وەک هەر هەموو مەڕ و بزنەکانی سەر کز و زەلیلی دەکا، من جێ برین و قنجانی گۆچانەکەم لەسەر لاشەی لەڕی بزنە شێت دەناسییەوە، من دەمزانی سیامەند چ کافرێکە و لەسەر خواردنی هەر چڵەگیایەکی حەرام چۆن تەوێڵی ئاگر دەدا شاخی دەشکێنێ، لەسەر هەر لە ڕێ لادانێک چۆن لمووزی پڕ دەکا لە خوێن، دڵڕەقترین شوانی ئاوایی... نەنکیشم بڕوای وابوو کە سیامەند مەحاڵە بەعاشق بێ، مەحاڵە ببێ بەمەسینە هەڵگری پێغەمبەرێک، لە نەنکم پاڕامەوە کە هەتا زووە قاچی بۆ بگرینەوە، هەر زوو کەوتە دروستکردنی ڕۆن و مەڵهەمێک لە ڕۆحی گیاوگۆڵە کوتراوەکان، شەوانە درەنگ بەدزییەوە من و نەنێ بەیەکەوە دەکەوتینە دوای ڕۆشنایی فانووسێک و لە تەویلەکەدا برینەکانی بزنە شێتمان تیمار دەکرد و نەنێ بەشێنەیی و وەستایانە، بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە، کەس نەزانم قاچی بۆ دەبەستەوە، من دەمزانی یەکێکمان یان هەردووکمان بەو داخەوە دەمرین، نیوەی ساڵ وەرزش و مۆسیقا و ڕەسمی لێ دەربچێ لە هەر هەموو وانەکانی دیکە کەوتم، تەواو... چیدیکە خوڵقی موتالام نەما، لەسەر ئەوەش شەق و زللە و پێلەقەیەکی زۆرم خوارد، حەسیرمەیدانێکی وابوو کە گەڵاوگەڵ دەرۆیشتم بەڕێوە، دایکەش لە ترسی باوکە و لە قەهری ئەوەی ئەوەندە بێ گوێم هەموو ئازای جەستەمی بەنقورچ شین و مۆر کردبۆوە، ئەو دایکە ترسنۆکەی من هەم نقورچی لێ دەگرتم و هەم بۆم دەگریا، پەڕۆی گەرم دەکرد و دەیخستە سەر ئەو شوێنانەی خوێنی تێ زابوو، من لە ژێرەوە دڵم بەوە خۆش بوو کە من و بزنەکەم سەرکێش و برینداریین و هەرگیز ملکەچ و گوێڕایەڵ نابین، بەهەزار تکا و پاڕانەوەی نەنکم و هەڕەشە و گوڕەشەی دایکم دوو پاروو نانم دەخوارد، وەک بزنەکەم لەڕولاواز و بێ کەیف بووم، نەنکم بەسەرمدا دەنووشتایەوە و دەگریا:

«ڕۆڵە فەرهاد... هەردوو سپێنەی چاوەکانت زەرد بوون... تۆزێک گۆشت و چەوری بخۆ».



که شەو دادەهات، بەدەم هەناسەی گران و کۆکەکۆکەوە، حەکایەتی شیرین و فەرهاد-ی بۆ من دووبارە و دە بارە دەکردەوە... منیش بەدەم نووزەی نەخۆشێکەوە دەموت:

«نەنەگیان... با مەکتەبیش تەواو بکەم... من کە شوان نەبم چۆن دەبمە ئەو عاشقەی تۆ لە حەکایەتەکان باسی دەکەی؟ چۆن دەبمە پێغەمبەر؟».

بەدەم قول ئەعوزو... ئەستەغفیروڵڵاوە ترسێکی گەورەی لێ دەنیشت و ئاگاداری دەکردمەوە کە ئەوەیان کوفرە و گوناهم دەگاتێ و دەی وت:

«ڕۆڵە شیرینەکەم... موحەمەدەل موستەفا دوا شوان و دوا پێغەمبەر بوو... ئیدی دوای ئەو فەخری عالەمە تەواو... پەلەت نەبێ گەورە دەبیت و شیرین-ی خۆت هەر دەدۆزیتەوە!».

کە نائومێد دەبووم لەوەی بەعاشق بم... بە چ خەم و عەزرەتێکەوە دەمخواست هەتا زووە گەورەبم و باڵا بکەم، دەست و بازووم وەک فەرهاد-ی سەنگتاش ئەستووربێ، ڕیش و سمێڵم بێ، بەڕووی باوکمدا هەڵشاخێم و بەبەرچاوی ئەوەوە هەموو کتێب و دەفتەرەکان بدڕێنم و پێی بڵێم:

«من خوڵقی ئەو مەکتەبە سارد و سڕەم نییە. دەگەڕێمەوە ناو ئەو شاخ و کێوانە».

چ ناخۆش بوو کە مامۆستاکان دەیان وت ئەوەی تا لێدانی زەنگەکە پەنجەی شایەتمانەی لە سەردەمی لانەبات نمرەیەکی بۆ زیاد دەکەم... ئەوان وایان دەوت و من خەیاڵم لەگەڵ کوکوختییەک دەفڕی کە لەسەر لقی درەختەکەی بەر پەنجەرەکە هەڵدەفڕی و دەیبردمەوە ناو شینایی ئاسمان، چەندین جار ئەو وەختەی شوان بووم برسیەتی و تاریکی شەو نەبووایە کە هێدی هێدی شینایی ئاسمانی لە چاوانما دەکوشت وەئاگا نەدەهاتم... نەدەچوومەوە... تا دەهات کەڕولاڵتر دەبووم، وەک بزنەکەم بەستەزمان و بێ ورتە بووم، دڵم بەوە خۆش بوو کە ڕقم لە مەکتەبە و لە هەموو وانەکان کەوتووم، دەمویست پێیان بڵێم گەر من بەکەڵکی شوانی نەیەم، ئەوە سەد جاران بەکەڵکی مەکتەب نایەم، لەهەر شوێنێک بوومایە، چ لە ماڵ و چ لە مەکتەب: من هەر دارکاری دەکرام، لە هەموو شتێک بێزار بووم، ئیدی بڕیارم دا کە بمرم؛ بەتایبەت کە زانیم مەرگی بزنەکەم پێش مەرگی من دەکەوێ و من بیست ئەوەندەی ئەو دەژیم، لەو زیندانەی خۆمدا بەدەم لانک ڕاژەندنەوە خۆم بەدیوارەکەوە دەنووساند و وەک بزنە گەڕەکەم کە خۆی لە داروبەرد دەخشاند تا خورشتی پێستی بمرێنێ؛ منیش لاشان و شەپیلک و قۆڵم لە دیوار دەخشاند تا لە چەند جێوە برینم تێ کەوت...

دەگریام... هەستم دەکرد هەموو دونیا دوژمنی من و بزنەکەمە و ئێمەش دوو بەستەزمانترین حەیوانین لەسەر ئەم ئەرزە، زۆربەی کات لەژێرزەمینە تاریکەکەدا خۆم حەشار دەدا، بێ بەری لە گەمە و خۆشی و زرمەزلێی هاورێیانم، بەرقی شەیتانێکی کوێرەوە دڵم لە هەموو دونیا تۆرابوو، بەتەنها یەک کلاورۆژنە لە شێوەی پەنجەرەیەکی شووشەبەند و تەلبەندکراو ترووسکاییەکی شەرمن و مردووی لەگەڵ هات و هاواری منالانی کۆلانێ بۆ دەهێنام، شەرەشەقی بێ برانەوەیان لە کاسەی سەرما دەزرنگایەوە، لە شووشە تەڵخ و ئەستوورەکەیان دەدا و دەنگیان دەدام کە تا کەی لەو ژێرزەمینە خۆم بەند کردووە و ناچمە دەرێ، ئەوان نەیان دەزانی کە من لەو ژێرزەمینەدا زیندانی کراوم لە گوناهی ئەوەی کە لە زۆربەی وانەکانم کەوتووم، نە بەکەڵکی شوانکارەیی هاتم و نە بەکەڵکی مەکتەب، چ بێ خەون و خەیاڵ و تەنیا مامەوە، بەمن چی گەمەی بردنەوە و دۆڕانی منداڵانی کۆڵان کە من خۆم شوانێکی مایەپووچ و قوتابییەکی دۆڕاو بم، ئەوان منیان نەدەدی کە بەدەم ڕاژەندنی لانکی ئەو هەموو خوشک و برایانەم شان و شەپیلکم بەربۆتەوە، چ سزایەکی ئەبەدی بوو کە ساڵ نەدەسووڕایەوە و واقەی کۆرپەیەکی تازە کە لە دامێنی دایکمەوە دەکەوتە ناو چنگی مامان منی لە خەو ڕادەچڵەکاند... ئەوان منیان نەدەدی کە هۆن هۆن دەگریام، هەمیشە لە قاووقریشکەی ئەو بیژمۆتانە بوو کە هەر دەت وت سینەی من گۆڕەپانی گەمەکانی ئەوانە، هەموو دونیا بێ ئاگابوو لە دەردی من، دڵم لای ئەو تۆپە بوو کە ئەوان بەرشەقیان دەدا، وام هەست دەکرد ئەو تۆپە دڵی منە و هەرچی کوڕی گەڕەک هەیە شەق شەقێنی پێ دەکا، من غەمگینترین منداڵی کۆڵانە خۆڵاوییەکانی ئەم دونیایە بووم، لە مەکتەب ساقیت و ڕسوا، دوور لە سەرچڵییەکانی بزنە شێت و سەر خەرەندی پڕ لە ئەفسوون، دوور لە خەنینی شیرین، هەر شەوێک و برینێکی تازەم لە لەشی بزنەکەم دەدۆزییەوە، گەڕی لە هەردوو گوێیەکانییەوە پەڕیبۆوە هەردوو لا ملی، برینی بێ قەتماغە تا سەر دەمار و گۆشتە سوورباوەکەی ڕۆیشتبوو، تیسکی هەڵوەریبوو، دەت وت بەنووکە چەقۆیەک هەڵیانکۆڵیوە، خۆم پێ نەگیرا و بەیانییەکی تاریک و ڕوون کە سیامەند هات، بەدەم پڕمەپڕمەوە، مێگەل لە تەویلەکە دەربێنێ و ڕای دا؛ دەت وت گورنەتەڵەم لە بەردەم قەلافەتی ئەودا... بەقەهری شوانێکی دۆڕاوەوە کە ڕانەمەڕەکەی گورگ لێی دابێ... پێم وت:

«سیامەند... گوناهت دەگاتێ... بۆ وا لە بزنە شێت دەکەی؟».

گورگانە پێکەنی و هەردوو کەڵبەی زەردی لە ژێر لچییەوە دەرکەوتن... لەو



بەرەبەیانییەدا هەر لە فریشتە و شەیتان دەچووین... بەفیزی شوانێکەوە کە هەر هەموو خێڵەکەمان شانازی پێوە بکەن پێی وتم:

«جوان قسە بکە... سیامەند کێیە؟ بڵێ: کاکە سیامەند... خۆ من لە تۆ نەبوومە... پاشان ئەوەتا خۆت دەڵێی -بزنە شێت- گەر تۆ شوانێکی شێتوویت بوویت و شێتی بزنی شێت و تەگەی هاریت... ئەوە من وەک شوانێکی عاقڵ کە دەبێ نانی خۆم حەڵاڵ بکەم... ناچارم چی بزنی شێت هەیە عاقڵی بکەم هەتا گەر بەکوشتنیشی بێ».

زەحمەت بوو بۆ منێکی کەللەپووت لەو حەڵاڵ و حەرامە تێ بگەم، ئیدی هەر ئەوەندەی وت و ڕووی لە من وەرگێڕا و بەبەرچاومەوە کە بزنە شێت تەمای بوو لە من نزیک ببێتەوە، ئەم دڵڕەقانە گۆچانێکی خێواندێ و ڕەواندییەوە، ڕای دایەوە ناو مێگەل و پشتی لە من کرد، وەک کوڕی خاوەن مەڕ و بزنەکانیش هیچ ڕێزێکی بۆ دانەنام... تەواو... من زانیم تازە مەحاڵە کەس گوێم لێ بگرێ...

وەها سووک و دڵشکاو و سەرکز ببووم کە وام لێ بێ مایەی پێ ڕابواردنی مامۆستا عوسمان و هاوپۆلەکانم و لاقرتێی سیامەند و سەرزەنشتەکانی دایکم و گۆچانەکانی باوکم بم، هەمیشە وەختی پشووی نێوان وانەکان لەوە غەمگینتر و دڵشکاوتر بووم بەدەم بای غارەوە ڕاوەدووی شیرین بنێم، بەزۆر پەلی دەگرتم و نەدەجووڵام، دەت وت بەتەختەکەوە نووساوم، بەدەم خەیاڵەوە دەفتەرەکانم پڕ کردبوون لە وێنەی بزنە شێت: ئەو کاتەی لە ڕاستەڕێ لادەدا، چڵەگیایەکی زۆر سەوز و حەرام دەخوا، دەچێتە سەر دوندێک، لە کانیاوێکدا ئاو دەخواتەوە، زەنگوڵەیەکی لە ملە و بۆتە پێشەنگی هەر هەموو مەڕ و بزنەکانی دیکە و بگرە سیامەند-یش لە دوایەوە دەڕوات، وێنەیەکی زۆر ناشیرینی خۆم کە کەیفخۆش دیارم و لە ئاوێکدا بزنەکەم دەشۆم، لە وێنەیەکی دیکەدا بێ ئاگا لە خۆم بزنەکەم هەڵدێراوە و بەسەر درەختێکی لاپاڵی خەرەندەکەدا گیرساوەتەوە، هەر ئەو ترس و خۆشەویستییە زۆرە بوو وای لێ کردم بەهەر بیانوویەک بێ زەلیل و ملکەچانە، لە سەفەرێکی باوکم بۆ ئەودیو سنوور، تکا لە سیامەند بکەم بۆ یەک دوو جار لەگەڵ خۆی بمبا... وام دەرخست کە بەهارە و هەندێ گژوگیا بۆ دایکم و نەنێ کۆدەکەمەوە، وەها پاڕامەوە کە بێ ئاگا لە خۆم دڵم پڕ بوو... دامە پڕمەی گریان، کە منی بینی دەگریم سینەی پڕ لە هەوا و فیز، وەک شوانێکی بێ باک و سەرکەوتوو کە هەرگیز وەک من خۆی سووک و ڕسوا ناکا... پێی وتم:

«خەراپ ناکەی... دەتبەم... بزنە شێتەکەشت ببینە چۆن کردوومە بەبزن مشک... بمبینە و

فێربە... بزانە شوانی چۆنە ڕۆڵە نەبا مەکتەبەکەت پێ تەواو نەکرێ...!».

لەوە بێ دەستەڵاتتر بووم لێی هەڵگەڕێمەوە، لەوە ڕسوا و تەنیاتر بووم... دەنا هەقی وابوو شەقێک لە بن گونی هەڵبدەم و قۆڕی بکەم... نەدەکرا... قسە ڕەقەکانی لە دڵی دەدام... بەس من خۆم بەوە سەرمەست کرد کە ئیدی بۆ چەند جارێکی دیکە بەیەکەوە لەگەڵ بزنەکەم، لەنێو ئەو شاخ و داخانە ڕاوەدووی یەکدی دەنێین.

خودا هاوار چ ڕێکەوتێکی ناشیرین و... چ مردنێک بوو... پاش نیوەڕۆیەک کە لە مەکتەب هاتمەوە، بەپەلە و بەپێوە دوو پارووم گلاند، بەدزییەوە قوچاندم... دەمزانی سیامەند لە کام مێرگ مێگەلەکەی مۆڵ داوە، وەک بزنە شێت بەسەر دڕک و داڵدا... بەسەر بەرد و تەلان و کەرتە شاخدا غارم دەدا؛ شادومان بەوەی تۆزێکی دیکە و دوای ئەو هەموو ڕۆژانەی لێک دابڕان من و ئەو حەیوانە زۆر جوانە بەیەکدی شاد دەبینەوە، گژوگیا دەچنمەوە و بەکوێرایی چاوی سیامەند دەسک دەسک دەیئاخنمە دەمییەوە، بەئاوی – کانییە دەرمان– برینەکانی بۆ پاک دەکەمەوە، دیسانەوە دەکەومەوە دوای بەو ئومێدەی لەناو ئەو شاخ و داخ و دارودەوەنەدا وێڵم بکات و هەرگیزاو هەرگیز نەکەومەوە سەر ڕێی ماڵەوە و چیدیکە باوکم نەبینمەوە، وێڵ بم و نەگەڕێمەوە مەکتەب... و مامۆستا عوسمان نەبینمەوە...

هێشتا زۆرم مابوو بگەمە لای مێگەلەکە، کەچی لە دوورەوە وەک شوانێکی لێزان هەر بەبۆن زانیم لە کام مێرگدا سیامەند مێگەلەکە دەلەوەڕێنێ، سەرەتای بەهاربوو، قاچ و قولم لە گژوگیای تەڕ و گەشاوەی ژێر بارانی شەوی پێشووتر وەردا، ناو هەردوو لەپی گەرمم پێ تەڕ دەکرد، دەموچاوم لە لق و پۆپی ژێرکەوتووی گەڵا و چرۆکان هەڵدەسوویی و شاگەشکە دەبووم، سەرم هەڵدەبڕی و شینایی ئاسمان دەڕژایە هەردوو چاومەوە و هەتاو دەیشۆریم، دەت وت مەلی تازە ئازادکراوی نێو قەفەزێکم و... هێدی هێدی و گران باڵەفڕەم پێ کەوتووە و دەمخواست پڕ بەسییەکانم هەوای پاک هەڵمژم، دەستم لە بەردەکان دەدا و خەنی دەبووم، وەک بزنەکە خۆم لەو خاک و خۆڵ و گیاوگۆڵە وەردەدا، بەدەم سەرمەقولاتەوە قاقام دەنێو خەرەندی دەم کراوەدا دەنگی دەدایەوە، بەتەلانێکدا تیژ سەرکەوتم و ڕوانیم وا لە خوارەوە مەڕ و بزنەکان سەریان دەنێو سەوزاییەکەی بەردەمیاندا نوقم و بزر کردووە، هەر دەت وت کۆمەڵێک حەیوانی بێ سەرن و لەوێدا ڕواون، بزنە شێت نەبێ، تەنیا و تۆراو لە بەهار و گیاوگۆڵ، سەرکز و ڕەنجاو لە هەتاو خۆی دابووە ژێر دەوەنێک، پشتی لە مێگەل و ڕوو لە تەلان کە منی غل دەکردەوە، بەڵام ترسنۆک و



زەندەقچوو لە گۆچانی سیامەند، نەدەجوولا، سەیر بوو بەلامەوە... لەو بەهارە تەڕ و سەوزەدا بزنە شێت ئەوەندە غەمگین و ئەوەندەش لەڕولاواز بێ، دەت وت گوێی لە هەناسەم بووە، لە مشەمشی پاش غارغارێنم، هەردوو گوێیەکانی قولاغ کردن، من دەمزانی کە چەندە حەز لە بازبازێن و بازرقەی شێتانە دەکا و هەستم دەکرد دوند و بەردەڵان و ڕەوەزەکان بانگی دەکەن و ئەم غیرەت ناکا یەک بست لە ڕانەکە دوور بکەوێتەوە، ڕێک سەیری ئەو شوێنەی دەکرد کە من لێی دەرکەوتم، بێ ئاگا لە خۆی یان لە تاو بێزارییەکی پاش دیلکردنێکی درێژخایەن، یاخود لەتاو برینەکانی لەش و جێ گۆچانەکانی سیامەند تێی تەقاند و سەرەتا کەوتە نەرمە غار، ئیدی من لە خۆشیانا باخرەم دەهاتێ و گەشکەم دەگرت: پاشان بێ باک لە غەزەب و دڵڕەقی سیامەند وەک ئەوەی بانگم بکات، بەیادی جاران بکەومە دوای، لەوە دەچوو غاردان و ڕێ ڕۆینی لەبیر چووبێتەوە، یان وەک کارژۆڵەیەکی تازە لە دایکبوو دەکەوت و ڕەتی دەبرد و هەڵدەستایەوە، گێژوگێڕ لەتری دەدا... هەر دەت وت بەشەرمی هەزار بزنی سەرشکاو و ملکەچەوە شەرم لە بازرقە و غارغارێنی خۆی دەکا، من بێ سڵاوکردن لە سیامەند کەوتمە دوای، ئەویش سەرسام و ئەبڵەق لە هەردووکمان ڕادەما و بەگۆچان لە داروبەردی دەدا و دەت وت سەرگەرمی قاشوانێیە، بەرد بەر بەرد دەکەوت و گەر تەڕی سەوزەگیاکان نەبووایە، لەوەدابوو پڕیشکی ئاگر دارودەوەنەکان بسووتێنێ، لە داخانا بەگۆچان لە لمووزی چوار پێنج بزنی دا کە بێ گوناهانە دەلەوەڕان، دیسانەوە کوێرە ڕێیەک هەردووکمانی کرد بەڕێبوار... من بەئەنقەست گران غارم دەدا... دڵم نەدەهات پێشی بکەوم، دواجار ویستم بیگرم و لە باوەشیی بگرم و بۆنی بکەم، لە غار نەدەکەوت... دەنێو کۆمەڵێ گاشەبەرد و دارودەوەن و ڕەوەزدا لێم بزر بوو، منیش وەکو بزنەکە گێڕوگێژ لەپەڕوو دەکەوتم و هەڵدەستامەوە، لە هەستانەوەیەکدا دۆزیمەوە، گەیشتبووە سەر هەڵەمووتێک کە بەسەر هەڵدێرێکدا دەیڕوانی... بە دە دوانزە هەنگاو دەچۆوە سەر خەرەندی هەزار بەهەزار، بەدوو پێی دزێک و زۆر بەئاسپایی لێی نزیک دەبوومەوە، زانیم زۆر زەحمەتە بگەمە ئەو شوێنە زۆر عاسێیە و بیهێنمەوە، لەسەر ئەو دوندە زۆر ڕکەدا نە ڕێی هاتنەوەی هەبوو... نە ڕێی دەرچوون، بەترسەوە لێکدی ڕاماین، من لە ترسانا هاواری سیامەندم کرد کە فریامان بکەوێ، ئەم لە پشت دارودەوەنەکانەوە وتی:

«لێی گەڕێ ئەجەلی هاتووە!».

خودا هاوار... بەبەرچاومەوە وەک کەسێک بیەوێ خۆی بکوژێ و خۆشەویستترین کەس

بکات بەشایەت؛ بزنە شێت بەدەوری خۆیدا خولی دەخوارد و دەیقاڕاند، من بەچنگەکرێ هەوڵم دەدا لێی نزیک ببمەوە، دەترسام تا من دەگەمە لای خۆی هەڵبدا، یان هەڵدێرێ و هەپروون بەهەپروون بێ، وەک ئەوەی تۆڵە لە من و سیامەند و باوکم و هەموو دونیا بکاتەوە، من دەشمزانی جگە لە من کەس بەمردنی بزنە شێت مات و مەلوول نابێ، هەقی بوو خۆی بکوژێ لە داخی سیامەند کە دواجار توانی ملی پێ کەچ بکا، تۆڵە لە باوکم کە ساڵی دوو جاران کێردی دەخستە سەر ملی بەبیانووی ئەوەی بیکا بەقوربانی، تۆڵە لە من کە بۆچ ئەوەندە فەرامۆشم کردووە، وەک دوو عاشقی نائومێد چاومان لە یەکدی بڕیبوو، من هەر هەموو ئازای جەستەم وەک بینی ئاو دەلەرزی، بزنە شێت غەمگین... بەڵام ئەمجارەیان پڕ فیز و هەوا لە من و داروبەرد و ئاسمانی دەڕوانی... دەیویست پێم بڵێ کە ئەم هەر بزنە شێتەکەی جارانە و لە هەڵبەز و دابەزین و بێعاری ناکەوێ، هەر عاشقە تەلان و دوند و هەڵەمووت و شوێنی زۆر عاسێیە، هەروەک بڵێی بەیادی هاتبێتەوە کە ڕۆژانێک لەگەڵ مندا ئازاد و ئازا بووە و هەرگیز بەو ملکەچکردنە ڕازی نییە، بەبەرچاوی منەوە چەند جارێک بەدەوری خۆیدا خولایەوە، وەک ئەوەی گۆچانی بەزەبری سیامەندی بەرکەوتبێ و گێژ و کەللە کاس هەر دەخولایەوە، دوا نیگای چاوە زەردەکانی شپرزەی کردم، لەسەر ئەژنۆ بووم کە هەستامەوە سەر پێ و ڕێک ڕووەو هەڵەمووتەکە بازێکم دا... فریا نەکەوتم... خۆی هەڵدا... وەک هەر عاشقێکی نائومێد و تۆراو لە یار و لە دونیا خۆی هەڵدا... خودا هاوار من چیم دی... بەبەرچاومەوە بەر کەرتە شاخەکان دەکەوت و پارچە پارچە دەبوو... ڕووەو قووڵایی خەرەندەکە سەرانگرێ دەبوو... کە بەگوژمەوە بەر کەرتە شاخەکان دەکەوت گاشەبەردی زەلام زەلامی لەگەڵ خۆی ڕادەماڵی و هەر دەت وت کێوێک دەڕمێ و سەدەها ڕەوەز لە بن و بۆتکەوە هەڵتەکیون، لاشەی بەر درەختەکانی قەدپاڵ دەکەوت و لەگەڵ خۆیدا خەرەندەکەی پڕ دەکرد لە شکانی لقەکان و... هاوار و قاڕینی بێ ئامان؛ هەر دەت وت هەزار بزن بەیەکەوە هەڵدێراون، هاواری بەر لە مردنی دەگەیشتە عەرشی فەلەک و پڕ بەخەرەندەکە دەنگی دەدایەوە، مەڕ و بزنەکانی دیکە لە لەوەڕ دەکەوتن و بەترسی قووڵی بەر لە سەربڕینەوە، بۆ پاش و پێش، ڕەتیان دەبردو و تێک دەقژقژان، بەردەکان لە ڕەوەزەکان دەبوونەوە و بەر یەکدی دەکەوتن، لە ترسی ئەو داڕمانە پۆلە مەل لە کونە شاخەکانەوە ڕووەو ئاسمانی سەر خەرەند هەڵدەفڕین و بەریەکدی دەکەوتن، هەموو شتێک لە بەر دیدەی مندا ئاراستەی خۆی ون کردبوو، من دەمزانی بەدەم هەڵدێرانەوە مێشکی جوانی دەپژێ، ناو هەناوی بەسەر درەختەکانەوە جێ دەمێنێ و



ڕیخۆڵەکانی درێژ و لوول لە لقەکانەوە دەئاڵێن، چاوەکانی کوێر دەبن و ددانەکانی هەڵدەوەرێن، تیسکی بەسەر پنجکەکانەوە جێ دەمێنێ، تا لە چاوانم ون بوو دە جاران بینیم بەر کەرتە شاخەکان دەکەوت و بەدەم ڕێوە لقە درەختەکان لەژێر گرانایی لەشی خۆیناویدا دەشکان و لێرە و لەوێ بۆشایی خەرەندی دەبڕی... تا هەنووکەش قاڕەقاڕی خوێناوی بزنە شێت هەر لە گوێمدایە... خۆ هەڵدانەکەی... کپ بوونەوە و خامۆشی دوای مەرگی بزنەکە و هاڕەی داڕمانی گاشەبەردەکان و جێگیربوونی دوا بەردی گەرم و ساردبوونەوەی لەناو چەمی قووڵایی خەرەندەکە، سەدەها شەو بەدەم زریکەوە... بەدەم هەنسک و گریانەوە لە خەو هەڵدەستام و لە خەونمدا بزنەکەمم دەدی کە چۆن دەستم دەگرێ و دەمباتە سەر لاشەی ئەنجن ئەنجن بووی خۆی... پێم دەڵێ:

«گەر منت خۆش دەوێ با بەیەکەوە بمرین!».

لەو خەونانەدا هەر هەموو ئازار و دەردی خۆی بۆ گێڕامەوە، هەرچییەکی کە بەدەست سیامەندەوە چەشتوویەتی، من ترسنۆک بووم... ترسنۆک... چونکە بەوە ڕازی بووم بچمەوە سەر تەختە ساردەکانی مەکتەب، قایل بووم دایکم لانکی خوشک و براکانی خۆم پێ ڕابژەنێ و نقە نەکەم، باوکم تف لە نێوچەوانم بکات و نەهێڵێ بیسڕمەوە، چۆن لە هەموو وانەکان کەوتووم و هەرگیز نابم بەپیاو، هەموو دەیان وت: ئۆخەی لە بزنە شێت قورتارمان بوو... من دەگریام و بێ غیرەتانە فزەم نەدەکرد، بزنە شێت سەلماندی لە من ئازاترە؛ ئەو کاتەی لە گۆچانەکانی سیامەند هەڵگەڕایەوە، من... منی چکۆڵە و بنەپیاو هەردوو ناولەپم بۆ حەیزەرانەکانی مامۆستا عوسمان دەکردەوە، لەبەر چاوی قوتابییەکان گوێی ڕادەکێشام و پێی دەوتم:

«تا زەنگ لێ دەدا ڕوو لە دیوار بکە و لای تەنەکەی زبڵەکە لەسەر یەک قاچ بوەستە، قاچەکەی دیکەت بەر زەوی بکەوێ حەیزەرانێک دەخۆی!».

بەدزییەوە، کلۆڵ و بێ دەستەڵات، لەلای شیرین بۆ بزنەکەم دەگریام و ئەویش لەگەڵما دەگریا... پێم دەوت:

«شیرین... بزنەکەم لە من ئازاتر بوو!».

شیرین، دایکانە هەردوو دەستی دەگرتم و دڵی دەدامەوە:

«نابێ فەرهاد... نابێ خۆت بکوژی... نابێ... خۆ تۆ بزن نیت... تۆ دایک و باوک و نەنکت هەیە... خوشک و برای زۆر... گەر شتێکت لێ بێ من قسە لەگەڵ کێ بکەم... ها... من هاوڕێی کچیشم نییە؟».

دەمویست وەک عاشقە دۆڕاوەکانی ناو حەکایەتەکان خۆم بکوژم، بەڵام من شوانێکی دۆڕاو و قوتابییەکی تەمبەڵ و عاشقە چکۆڵەیەکی کەڕولاڵ و هیچ و پووچ بووم، خودا هاوار چەندین شەو لە باوەشی نەنکمدا هۆن هۆن دەگریام سیامەندیش بۆ دەغەزارکردنی من بەباوکمی دەوت:

«مامەگیان خەمی پێ مەخۆ... ئەجەلی هاتبوو... ئیدی دەروازەی خێر و بەرەکەتمان لێ دەکرێتەوە».

باوکم بێ باکانە دەی وت:

«قوربانی خۆمان بێ... هەر خۆم بەتەما بووم سەری ببڕم... چاوی سوور ببوو».

حەکایەتەکانی نەنکم و دڵدانەوەکانی شیرین دادی نەدام، تەواو... بەتەواوی دڵم لە مەکتەب تۆرا، بۆ جارێکی تر لە «کۆی کۆششی ساڵانە» لە هەر هەموو وانەکان کەوتبوومەوە، کە سیامەند پێی زانی زۆری لێ پاڕامەوە، بێ هوودە بوو... پێی وتم:

«بۆ هاتنەکەت بۆ لای بزنە شێتەکەت لێمان شاردەوە... بۆ مەکتەبەکەت عەیبە درۆی لەگەڵ بکەین...».

سیامەند ڕقی دونیای لە من بوو، حەزی دەکرد لەبەرچاوی ئەو ورد وردم بکەن، بزنەکەمی کوشت، دەیویست منیش بکوژێ، دواجار پێی وت و باوکەش فەلاقەی کردم و پاشان بەدار هەنجیرەکەوە هەڵیواسیم، هەردوو دەستی پێ بەرز کردمەوە، گوریسێکی هێنا و بەچوار پێنج قەد ئاڵاندییە قەدمەوە، ڕێک لە بن باڵەکانمەوە و شەتەکی دا و گرێیەکی توندی لەسەر سینەم کرد بەنیشانە، دایکم بەدیارمەوە دەگریا و باوکە لێی دەخوڕییەوە، خوشک و براکانیشم لشمە لشم چڵمیان دەسڕی و لە دوورەوە و لەبن هەیوانەکەوە، زارەترەک و هەترەش چوو، دەگریان و لە هەڵواسینەکەی من ڕادەمان، نەنکم لە خوا دەپاڕایەوە کە هیچم لێ نەیەت، پوورە زولەیخاشم لە پشت پەنجەرەکەوە بڕوای بەچاوانی خۆی نەدەکرد، بەلقێکی ئەستوورەوە هەڵیواسیم و تەنەکەیەکی خستە ژێر پێم، بەئاستەم قاچەکانم بەری دەکەوتن و دەمویست خۆم ڕاگیر بکەم، گوریسەکە هەردوو بن باڵەکانی دەبڕیم، مەلەکان شەرمیان لە من نەدەکرد و وایان دەزانی من داهۆڵم... لەسەر هەنجیرەکە دەنیشتنەوە، گەڵاکان بێ باک لە ئازاری من دەشنانەوە، کتوپڕ باوکە لەقەیەکی لە تەنەکەکەی ژێر هەردوو پێم دا، هەردوو لاقم بەحەواوە ڕادەوەشاند، گوریسی بەستراو بەبن هەردوو باڵمەوە پتر هەڵدەکشا و دەیتۆقاندم، بەجۆلانە کەوتبووم، باوکە بەدیارمەوە وەستا، دەترسام بوەستێ تا گوریسەکە هەردووبن باڵەکانم دەبڕێ، بەزۆر هەناسەم دەدا،



گوریسەکە لەسەر هەردوو مەمکم شەتەک درابوو، لەوە دەچوو هەردوو گۆی مەمکم زامار بووبن، نەمدەوێرا هەردوو دەستەکانم لە لاشەم جودا بکەمەوە؛ نەبا لەشی گرانم هەردوو شەپیلکەکانی شانم دەربێنێ، تا بێزار بوو وەستا و پاشان هەڕەشەی لە هەمووان کرد... یەکە یەکە سەیری کردن و وتی:

«کێ لە دارەکەی بکاتەوە... هەڵیدەواسم!».

هەتا دەهات چاوەکانم دەردەپۆقین و شتەکان لێڵ و وێڵ دەبوون، هەر کە لە دەرگای حەوشەی چووە دەرێ دایکم و نەنکم و خوشک و برا و پوورەکانم، بەدەم هاوار و وەیڕۆ... وەیڕۆوە گەمارۆیان دام، هەر زوو تەنەکەکەیان خستەوە ژێر پێم، کردیان بەغەڵبەغەڵب و کەس نەیدەوێرا چاو لە هەڕەشەکەی باوکم دابخا و گرێبەندی گوریسەکەی سەر سینەم بکاتەوە، تێک دەئاڵان و دەستیان بەیەکدا دەدا، قاووقیژی پڕ ترسی ئەوان دەرودراوسێ نزیکەکانی ڕژاندە ناو حەوشەکە، دواجار نەنکم پێی شەرم بوو لەبەرچاوی ئەو حەشاماتە دۆش دابمێنێ، بەکوڕە گەنجەکانی وت کە گرێی سەر سینەم بکەنەوە... بەتووڕەییەوە وتی:

«با لە جیاتی تۆ باوکت من هەڵبواسێ!»

بەدیار کردنەوەی گرێ کوێرەکانی گوریسەکە هەر هەمووان لە خەمم دابوون و گوێم لە گریانی بەکوڵی کچ و ژنەکان بوو، من لە دڵەوە قیێزم لە خۆم دەبۆوە چونکە وەک بزنەکەم ئازا نەبووم، ئەو هەموو ملکەچییە و خۆم نەدەکوشت، کێ بوو نەیدەهێشت بچمە سەر خەرەندەکە و بکەومە دوای ڕۆحی شێتانەی بزنەکەم؟ شیرین بوو؟ نەنکم؟ دایکە؟ ترسی خۆم یان حەکایەتەکانی نەنێ؟ کێ بوو؟ شەوەهای شەو خەونم دەدی کە کتومت وەکو بزنەکەم ڕووەو قووڵایی خەرەندەکە هەڵدێراوم، بەدەم ئازاری سەرمەوە کە بەر تاشەبەردەکان دەکەوت و پڕ بەخەرەندەکە دەمقریشکاند، دەمدی چۆن ڕیخۆڵەکانم لە لقی درەختە ڕواوەکانی قەدپاڵە زۆر ڕک و لێژی خەرەندەکە گیر دەبوون و جێ دەمان، خۆم دەبینی بەڕیخۆڵەی خۆمەوە بەدرەختێکدا شۆڕ بوومەتەوە و لە هاژەهاژی چەمی ناو خەرەندەکەم دەڕوانی کە دوای پچڕانی ڕیخۆڵەم سوڕ دەمزانی ڕووەو ئەو خەرەندە هەزار بەهەزارە سەرانگرێ دەبم و لەو چەمە شێتەدا دەخنکێم... لە ترسانا، دیسانەوە، لە هاوار و قیژەی خۆم وەئاگام دەهاتم، دایکم بەدەم بیسمیللا و قول ئەعوزو... و ئایەتەل کورسییەوە شایەتمانی دەهانی و دەیگرتمە باوەش، نەنکم کە هەرگیز نەدەنووست بەهەڵەداوان کوت و کوێرانە ساتمەی لە شتەکانی ناو ژوورەکە دەکرد و دەهات بەهانامەوە، بەنۆرە لە ئامێزیان دەگرتم، من لە باوەشی هەردووکیاندا هەڵدەلەرزیم و جارێکی دیکە لە باوەشی نەنێ و

دایکەدا لە ترسی خۆم دەبوورامەوە و خەونێکی ترسناکتر و هاوارێک و ڕاچڵەکان و لێوە لەرزە و... ئیدی ژیانی من دوای بزنە شێت ببوو بەمۆتەکەیەک کە هەرگیز لێی وەئاگا نەدەهاتم، ئیدی بەردەوام دایکم و نەنکم لە نێوان خۆیاندا دەیانخەواندم، خودایە من چەندە بەدبەخت بووم... چەند ڕۆژێک دواتر بێ ئاگا لە خۆم... بێ ئاگا لەوەی کە ڕووی دا و نەخۆشی خستم و ئیدی هەرگیزاو هەرگیز لێی ڕاست نەبوومەوە... وەک هەر بەیانییەکی شووم لە ژینی مندا... شیرین دەیزانی چەندە پەرێشان و غەمگینم، زووتر و... بەر لە هەموو قوتابییەکان هاتبوو دڵی من بداتەوە، ئەو بەیانییە بێ ئاگا لە خۆم ئەوەندە بۆ بزنە شێت گریام لە باوەشی شیریندا ئاگام لە خۆم بڕا، ئەویش هێدی هێدی بەدەستەسڕە گوڵدارەکەی فرمێسکی منی دەسڕی، لە من بەستەزمانتر و بێ دەستەڵاتتر تەپڵی سەرمی ماچ دەکرد و... دووبارە و دە بارەی دەکردەوە:

«دە مەگری... دە بەس بگری... دە مەگری... ئەگەر کوڕەکان بێن گاڵتەت پێ دەکەن... دە عەیبە...!».

هەردوو دەستی منی خستبووە ناو دەستە خرپنەکانی، جگە لە شیرین کەسم دەست نەدەکەوت پڕ بەدڵی خۆم بۆ بزنەکەم کوڵی دڵی پڕم هەڵبڕێژم، شیرین زۆر لەوە وردیلە و چکۆڵەتر بوو وەک دایکم یان نەنکم لە باوەشێم بگرێ... وەلێ دەستە نەرمەکانی، سەری پەنجەکانی، ژێر نینۆکە کەمێک درێژ و چڵکنەکانی، ڕەنگی پەڕیوی لە داخی خەمی من، هەناسەی نارێکی، قسە پچڕ پچڕەکانی، بۆن و بەرامەی سینەی زۆر ساوای، قژی پەخشی بەسەر ڕوومدا، هەردوو کوڵمی دەرپەڕیوی کە هەتاو گەستبوونی و تەواوێک شەمزابوون، چاوە تەڕ و ڕۆشنەکانی، لێوە لەرزەی... هەر هەمووی بۆ من دونیایەک بوون لە سۆز و میهر و جوانی... گەلێک لە هی دایکم و نەنکم و هەموو دونیا زیاتر، لەو بەیانییەدا و لە پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێکیش لە مەرگی بزنە شێت من هەر هەموو ترسێکم بیر چووبۆوە و سەرم لەسەر ڕانی بوو... نەخۆشانە مت ببووم، لە دوو مەلی غەمگین و تەڕە و باڵ شکاو دەچووین، لە دوو منداڵی دەرکراو لە دونیا، لە دوو کەروێشکی ترسنۆک... بێ ئاگا لە خۆمان، کتوپڕ، مامۆستا عوسمان و دەرگاوانی بەڕێوەبەر پۆلەکەیان بەهات و هاوار داگیر کرد، بەیەکەوە هێدمەگرتی بووین و ڕاچڵەکین، مامۆستا عوسمان بەم دیمەنەی من و شیرین شێت و هار بوو... مەچەکی ڕاستەمی گرت و وەها بەرزی کردمەوە کە هەردوو پێم بەحەواوە جۆلانەیان دەکرد، هەر بەشەق تا ژووری بەڕێوەبەر بردمی و... بێ ئاگا لە خۆم شەقێکی بەر گونم کەوت... وەها بەزەبر بوو کووڕی کردمەوە، قیامەتم بەچاوی خۆم بینی،



ئەو ڕایدەکێشام و من گەلاوگەڵ بەدوایدا دەخشیم... دەت وت کەچە جلێکم بەدەستییەوە، هەر لەوێدا دەرگاکەی لەسەر داخستم و بەشەپازللە و پێلەقە وڕوکاسی کردم... نەخۆشی خستم، خودایە... لەوە ناخۆشتر چییە لە باوەشی شیرین دەرت بهێنن و بکەویتە ژێر چنگی دڕندانەی مامۆستا عوسمان... بەدەم لێدانەوە دەی وت:

«سەگی سەگباب... هەر دەتکوژم...!»

من نەمدەزانی چۆن و بۆچی بەو بەیانییە زووە پەیدا بوو... دەرگاوانی بەڕێوەبەریش لەوە بەستەزمانتر بوو گومانی لێ بکەم، زەحمەت بوو بزانم دوای من شیرین چی بەسەر دێ... چی لێ دەکەن؟ نەمدەزانی... دەترسام پەنجەکانی لەژێر حەیزەراندا داڕزێنن، لەو ژوورە داخراوەدا سەد تفی لێ کردم، دەمویست تفەکان بسڕمەوە... کەچی نەیدەهێشت، پڕ بەژوورەکە هاواری دەکرد:

«بێ ئەدەب... تفی من بەپیس دەزانی... بەشەرەفم لەم مەکتەبە دەرت دەکەم... بەئیمانم لە ئاودەستخانەکە حەپست دەکەم... کەر کوڕی کەر... بەم بەیانییە زووە کەس هاتووە بۆ مەکتەب؟ بەشەرەفم هەر دە نمرەی ئەدەبەکەت لێ دەستێنمەوە... هەی بێ شەرەف!».

بەبۆکس لەناو دەممی دەدا و بەو تامی سوێرییەی سەر زمانم زانیم دەمم پڕ بووە لە خوێن، لەو بەیانییە زووەدا جگە لە خودا کەس نەبوو فریام بکەوێ، دەرگاوان هەردوو دەستی خستبووە ناو گەڵی و لە دوورەوە و لە ترسی ئەم لێدان و کوتانە هەڵدەلەرزی، نەبا زەبرێکی دیکە بەر گونم بکەوێ و لە ترسانا هەردوو ڕانم بەیەکەوە نووساندبوو، بەلەقە دەیکێشا بەسەر ئەژنۆکانمدا، بەدوو پەنجەی گەورۆنە و شایەتمانە تووکی پشت گوێی ڕاستەمی دەردێنا، کتوپڕ دڵم داخورپا، لەوە دەچوو شیرین لەودیو دەرگاکەوە بێ و جورئەتی ئەوەی کردبێ بەدوامدا هاتبێ، گوێم لە قرخە قرخی سینەی بوو کە بەدەم گریانەوە دەخنکا، هاواری لە دەرگاوانەکە کرد:

«ئا بڕۆ... ئەو دەڵەقۆڕی عەییارە لێرە نەمێنێ و بیبەوە ماڵی باوکە گەوادەکەی!».

ئەو جنێوە ڕۆحی ساوامی دەرهێنا، هەلاهەلای کردم... نازانم بۆ دوعاکانی نەنکم بیر کەوتەوە: خودای عاسمانان فریام کەوە... ڕووڕەشی دونیا و قیامەتم... سەگی بەر قاپی چاک و پیرەکانتم... خودایە وەک تاژی دەلوورێنم... شەرمەزارم و ڕووم نایە سەر هەڵبڕم و سەیری ئاسمانت بکەم... لە گوناهەکانم خۆش بە... منم تاوانبار تا ڕۆژی مەحشەر... لە دڵەوە و بەدزییەوە وەک گورگی بریندار دەملووراند و لە خودا دەپاڕامەوە من و شیرین

بەتەنیا بەجێ نەهێڵێ و ڕزگارمان کا، کتوپڕ بەڕێوەبەر لەناو دەرگاکە وەک دێوی ناو حەکایەتەکان، دێوێکی زەبەللاح، پەیدا بوو، ڕووناکی بەرەبەیانی لێ گرتم و ژوورەکەی تاریکتر کرد، هیچم نەدەدی... مامۆستا عوسمان بەدەم کەفکردنی هەردوو لالێوی و چاو دەرپۆقینەوە حەکایەتی ئەو بەیانییەی وەها ناشیرین و بێزەوەرانە بۆ بەڕێوەبەر گێڕایەوە کە ئیدی خۆم حەزم دەکرد ببمە دڵۆپێک ئاو و خاک هەڵممژێ، حەزم دەکرد هەر لەو ژوورەدا بکەوم و بمرم... بەڕێوەبەریش بەدەم داکەندنی چاکەتەکەی و شلکردنەوەی قەرەوێتەکەی دەی وت:

«تۆ وازی لێ بێنە... من چاری دەکەم...!».

هەر بەتف سواغی دام، هەر شوێنێک لە لەشمدا شەپازللە و کوڵەمست و لەقەی مامۆستا عوسمان-ی بەر نەکەوتبوو... بەڕێوەبەر میهری نواند و... تەواو نەخۆش و ماندووی کردم، چەندە ترسنۆک بووم، چەندە بێ ڕۆح و هەوا... چەندە غیرەت سز... من فەرهاد-ێکی دۆڕاو و بەزیو بووم، شیرین-م بەتەنیا جێ هێشت و نەموێرا لێیان بپرسم ئاخۆ بەم بەیانییە زووە چی لێ دەکەن... خودا هاوار... وەک من جێیی مەهێڵە و فریای کەوە، من زەندەقم چووبوو باوکی وەک خوشکە گەورەکەی بیکوژێ، ڕووەو ناو خەرەندەکە هەڵی دێرێ و وەک بزنە شێت هەپڕوون بەهەپڕوون بێ، من فەردهاد-ێکی ڕسوا بووم، گرگن و لەرزەلێو، بەقەد بزنەکەم ئازا و مەرد نەبووم... یەک جار بمرم و تەواو، من هەموو ڕۆژێک دەمردم و لە هەموو شتێک بووم، لە قوتابخانە، لە بزنە شێت، لە شیرین، لە حەکایەتەکانی نەنکم، لە هەوای بۆنخۆشی شاخان... کەچی سەیر بوو... هێشتا بەزۆر دایکم و باوکم و نەنکم... شیرین... دەیانویست من هەر بژیم... هەناسە بدەم... پاروو بگلێنم... بنووم... موتالا بکەم و... لە وانەکانیش نەکەوم...

کە چاوانم کردەوە... لەژێر لێفەیەکی قورسدا خۆم دیتەوە، نەنکم بەدەم سەر لەرزینەوە بەسەرمدا دەگریا و پەڕۆی تەڕی دەخستە سەر نێوچەوانم، لەوە دەچوو قسەم بیر چووبێتەوە، ویستم بپرسم: چی بووە نەنێ؟ بێ پرسیار ڕۆڵەکەم، زێدە جەرگم... تۆزێک شۆربام بۆ کردووی... دوو کەوچکی لێ هەڵقوڕێنە... هەر لەبەر خاتری پیرە نەنێ... گریام... گریام، لەو ساتەدا کە چاوانم کردەوە حەزم دەکرد شیرین و بزنەکەم لە ژوورەکە بوونایە... نەنکم ڕایچڵەکاندم کە وتی: ڕۆڵە شیرینەکەم... بیخۆ... دەنا دەمری... چەند ڕۆژە زەوادێک نەچۆتە سەر زمانت، کتوپڕ دایکە هات و بەخۆی و کۆتکە شیرێکەوە کە هەڵمی لێ هەڵدەستا، دوایی زانیم کە من هەر لەو بەرەبەیانییە شوومەدا و لە ژووری بەڕێوەبەرەکەدا



بووراومەتەوە... ڕەنگ زەرد و پرزە لێ بڕاو، چاوانی غەرقم لە فرمێسک، وشک هەڵاتنی لێوم، داکەوتنی پێڵووەکانم و تەوێڵی گەرمم، تۆرانم لە ئاو و نان وای کردبوو زۆر بەترس و شەرمەوە ڕێز لە ڕاکشانم بگرن و... هەر هەموو دەست بەدوعاوە دەپاڕانەوە نەمرم، لە هەموو ژیانمدا ئەوەیان تاکە جارێک بوو کە من بێ باک بم و ئەوان زەندەقچوو، جۆرە لەزەتێکی شەیتانانەم لەو دەردە دەبینی، سوپاس بۆ نەخۆشی و ترسی مەرگ... سوپاس بۆ فرمێسکەکانم و هەر چوارپەلی مردووم کە نەدەجووڵان... سوپاس بۆ زریکە و هاوارم ئەو وەختەی دەیانویست لەسەر پشت خۆ وەرگێڕمە سەر تەنیشت، دەمویست دلێرانە پێیان بڵێم: من تەواو... تەواو... بڕیارم داوە ئیدی بمرم... بڵاوەی لێ بکەن... کەستان دایک و باوک و نەنکی من نین... ئێوە خوشک و برای باشی من نین... ئیدی تەواو من نایەمەوە ناوتان، دەبێ بەحەسرەت بن وەک کوڕێکی برسی و گوێڕایەڵ لەسەر خوانتان دابنیشمەوە، زرمەزلێ و گەمە و شەڕەشەق تەواو... سوێند بەمەرگی بزنە شێت نەچمەوە ئەو پۆلە ساردە، سوێندبێ بەتۆرانی شیرین نەچمەوە سەر ئەو تەختە ڕەقەی بزمارە هەڵوۆقیوەکانی شەرواڵەکەم دەدڕێنن، بابەس بێ بەزەبری شەق و حەیزەران ئایەتی درێژ و سروود لەبەرکردن... هەزار تف لە ماتماتیک و مامۆستا ناشیرینەکەی، دەمویست مەرج دابنێم و بڵێم: یان من یان مامۆستا عوسە... یان دەمرم یان ئەو لەو قوتابخانەیە و ئاوایی دەربکەن، گەر باوکی شیرین تفێکی لە شیرین کردبێ... یان دایکی جنێوێکی پێ دابێ... مامۆستا عوسمان یەک حەیزەرانی لێ دابێ: بەڵێن بێ و پەیمان کە لەم دەردە ڕاست نەبمەوە، دەمویست بەهەموویان بڵێم: سوێندبێ بەمەرگی بزنە شێت نەبمەوە کوڕ و براتان... نەبمەوە هاوڕێ و دراوسێتان... یان دەمکەنەوە بەشوان یان لە شیر و ماستی بەیانیان دڵم دەتۆرێنم، یان باوکە دەبێ بەئینسان و بەباوک و چیدیکە هەڵم ناواسێ یان وەکو بزنە شێت خۆم هەڵدەدێرم و خۆم سەرنگوم دەکەم، بەڵام زمانم نەبوو هیچ بڵێم... گەرچی کەڕولاڵ بووم... بەڵام لەوە دەچوو گوێیان لەو سوێندانەی ناو دڵم بووبێ... یەکەم جاربوو بەدوو چاوی تەڕەوە لە یەکەیەکەیان ورد ببمەوە و ڕۆحی زەلیل و پەژمووردەیان بەڕووتی ببینم... بەدوو چاوی زیرەک و زیندووی بزنە شێت ئاسا ئەو کاتەی لە خۆری درەوشاوەی تاقی ئاسمانی دەڕوانی، ژوورەکە پڕ ببوو لە خەڵک، لە دەرودراوسێی شپرزە، لە خوشک و برای شەرمن و ترسنۆک، لە بۆنی قورسی باوکم کە پێی شەرم بوو لەناو دەرگاکەوە بێتە ژوورێ و بەسەر کوڕە نیوە مردووەکەیدا بنوشتێتەوە و ماچی بکا؛ کوڕێک کە بۆ ئەو جگە لە ڕسوایی هیچی دیکە نییە... نە شوانە و... نە مەکتەبلی و... نە تڕی بەرانەکەی،

بەزەحمەت دەموچاوەکانم لە یەکدی جیا دەکردەوە، دەروێشانە سەریان دەلەقاند... لێم ڕادەمان کە چۆن وا بێ باک و ئازا نان ناخۆم و دەمەوێ بمرم، کە دەمدی لە مەرگم دەترسێن سینەم پڕ دەبوو لە هەوا و فیز، ئەو دەردە کردبوومی بەقەڕوحترین مێردمنداڵ، دەمویست تۆڵەی مەرگی بزنەکەم و لێکدابڕانی ئەو بەیانییەی من و شیرین لە هەموو ئاوایی بکەمەوە، دەمویست فێریان بکەم و بزانن کە من بێ یادی جوانی شیرین و بزنەکەم جگە لە مەڕێکی گێژ و ملکەچی ناو مێگەلەکەی باوکم هیچی دیکە نیم، مەڕێکی لەڕ کە بۆ قوربانی ڕادەگیرێ و قەڵەو دەکرێ، ڕۆحی بزنەکەم هاتبووە ناو ڕۆحی من و دەمویست لە هەموو ڕاستەڕێییەکان لابدەم کە لەمەودوا دەکەونە سەر ڕێم و بێ باک و کەللەشەق شەرم لە هیچ شوانێک نەکەم و چڵە گیا حەرامەکان بخۆم، من تەنها ئەو کاتە تێگەیشتم کە کەس ناتوانێ: نە باوکە، نە بەڕێوەبەر، نە مامۆستاکان، نە دایکە، نە هاوەڵە چەتوونەکانم، نە سیامەندی کەللەبەران... کەس... کەس ناتوانێ لێم بدا، تفم لێ بکا، گوێم ڕابکێشێ، نقورچم لێ بگرێ، لەسەر یەک پێ و لە پۆل یەک دەرس ڕامبگرێ، دەمتوانی وەک بزنەکەم بەسەر شاخەکاندا هەڵزنێم و بەناو بەردەڵانەکاندا بازبازێن بکەم، دەمتوانی بەڕووی هەمووانیدا هەڵشاخێم، من تا ئەو کاتە نەمدەزانی نەخۆشی و مەرگی من لە هی بزنەکەم ترسناکترە، دەی... کەواتە سوپاس بۆ مەرگ و دەردەداری کەوا دەکا کەسوکاری هیچ بۆ دواجار ڕێزت لێ بگرن، ناو دەمم ببوو بەپەلاس... وشک و تاڵ... چەند شەو و ڕۆژ ئاواهی یەک تەختە کەوتبووم؟ نازانم... بۆنی قورسی ئارەقەی لەشی خۆم هەراسانی کردبووم، ژوورەکەم تەنگ و ژێربۆن کەوتوو، بەدەستی ڕاستە کە بەرزم کردەوە بەو نیازەی کە پێیان بڵێم: دەی بلاوەی لێ بکەن... وەک فەرماندەیەک بەگوێیان کردم و بەری هەناسە و هەوایان بۆ بەرەڵا کردم، ژانێک لە بڕبڕەی پشتمەوە دەهات و دەمارەکانی ناو چاوانمی گەرم دەکرد، لەگەڵ خوێنمدا بەهەموو لەشمدا ڕێی دەکرد، چرایەک کز دەسووتا و تارمایی کەسەکانی تێکەڵ دەکرد و دەیکردن بەیەک تارمایی زەبەللاح کە بەدەیەها چاوی پڕ لە ترسەوە لە مەرگی من بڕوانێ، من مردبووم و ئاگام لە هەموو ترس و بێ ئۆقرەیی و دڵ داخوریان و ڕاچڵەکینێکی ئەوان هەبوو، لە دوای خامۆشی و متبوونی چەند سەعاتەم... هەر کە دەجوولامەوە... دە کەس بەیەکەوە هاواری دەکرد:

«ئەها جوولایەوە... نەتاندی...؟».

گوێم لە غەڵبەغەڵبێک دەبوو کە لە حەوشەکەوە دادەڕژایە سەر پێخەفەکەم، ئەو چەشنە غەڵبەغەڵبە مردووە بەتەنها لە ناشتنی کەسێکدا لە گۆڕستان گوێ بیستی دەبووم، لەوە



دەچوو کەسانێک لێرە و لەوێ: لەبەر هەیوان، دەنێو گەنجینە و کادین و تەویلە و ناو حەوشە و ژوورەکانی دیکە و دیوەخانەکەی باوکمدا بۆ من بگرین، چەندە ئەوان غەمگینتر دەبوون، چەندە پتر دەگریان... من ئەوەندە زیاتر هەستم دەکرد ڕۆحی تۆراوی شیرین ئاشت دەکەمەوە، خوێنی ڕژاوی بزنە شێتەکەم بەسەر ئەو کەرتە شاخانە کۆ دەکەمەوە، لەتوکوتی گۆشتی پەرت و بلاو و گیرساوەی بەسەر لق و پۆپی درەختەکانی قەدپاڵدا، بەموعجیزەیەک کە تەنها لە خەونەکانمدا دێتە دی دەیکەمەوە بەو بزنە هارەی خۆم، ویستم خۆم کێل کەمەوە، سەد دەست فریام کەوت، دە سەرین بەیەکەوە ئامادەبوون بخرێنە بەر پشتم، دایکە تا ئەو حەلە وەک پەیکەرێک لە قوڕ بەدیارمەوە دۆش دامابوو، فرمێسکی درشتی دەڕژایەوە ناو کۆتکە شیرەکە و لە دەمی من نزیکی دەخستەوە بەهەویای ئەوەی کە بیخۆمەوە گەرچی ساردیش بۆتەوە، هەستم دەکرد ئێسقانەکانم لێکدی ترازاون، نەمدەوێرا بجوولێم نەبا گۆشتی لەشم هەلا هەلا لێم هەڵبوەرێ، نە دەستەکانم هی خۆم بوون و نە پێیەکانم، هەر هەموو چاوەڕێ بوون کە قومێک لەو شیرە بخۆمەوە... کەللەیی بووم و نەمکرد، دوای تۆرانی شیرین و ونبوونی... دوای مەرگی بزنەکەم هەر دەبوو شەرەفمەندانە بمرم، ئیدی ڕسوایی و زەلیلی با بەس بێ، چەندە هەوڵم دا چاوەکانم بکەمەوە و ترسی ناو چاوی هەمووان بخوێنمەوە، کەچی پێڵووەکانم گران دادەکەوتن و کوێراییم دادەهات، بۆ ئەوەی کەمەکێ هێزم بێتەوە بەر و زیندوو ببمەوە، ئەو بەیانییانەم دەخستەوە یادی خۆم کە شیرین لەبەر زۆپای گڕگرتوودا سەمای بۆ دەکردم، سەمایەکی کیژانە و پاک و جوان، کە ئەوەم بیرکەوتەوە دامە پرمەی گریان و هەر هەموو حەشاماتی ژوورەکە بەگەورە و بچووکەوە ڕاچەنین و لەگەڵما کردیان بەشین و واوەیلا، وەیاد هاتنەوەی هەڵدێرانی بزنەکە و مەرگی ناوادەی وای کرد سەرم بەدەم هەنسکەوە هەڵبقەنرێت، دەستی ڕاستەم بەرز کردەوە بەو نیازەی بەدایکە بڵێم: ئەو شیرە ناخۆمەوە، من ئیدی تا دوا فرمێسک و هەنسک و هەناسە ژێر نابمەوە و دەمرم... کە چاوانم کردەوە جگە لە تاریکی ژوورەکە و هەناسەی تێکەڵی نەنکم و دایکم هیچی دیکەم نەبیست، شتێک لە دڵما، لە هەناومدا، لە ڕۆحمدا ڕادەتەکی و لەگەڵ خۆیدا ڕایتەکاندم، دانەچۆقەم پێ کەوتبوو، دەت وت خراومەتە ناو گۆلاوێک لە بەفراو، هێدی هێدی گوێم نەما، چاوم نەما، دەستێک لەناو قوولایی تاریکییەوە، نەرم و نیان و زۆر بەمیهرەوە، هات و فرمێسکی قەتیسماوی هەردوو گۆشەی چاوانمی سڕی، وێ دەچوو زیندە خەون بێ، ئەوەیان دەستی شیرین بوو، بۆنی دەستی ئەوم دەناسییەوە، گەرمی خوێنی سەری پەنجەکانی، نا... ئەو دەستە نە هی

دایکە بوو... نە هی نەنکە و نە هی خوشکەکانم، دەستێک کە بەسیحری سەری پەنجەکانی ڕۆحی وشک هەڵاتووی منی تەڕ و تازە دەکردەوە، سەری پەنجەکانی گەیاندە پێڵووەکانم و وەک دوو ئەستێرەی کز درەوشانەوە، ژوورەکەم ڕووناک بۆوە، بەچرپەوە بانگی دەکردم، ئەوەندە نزیک کە هەناسەی گەرمی نەرمایی گوێی ڕاستەمی گەرم دادێنا، هەردوو چاوانی دڕی بەو تاریکییە دەدا کە دەمێک بوو ژوورەکەمی داگیر کردبوو زۆر باریک و بنێس ببوو... بەزۆر سەری پێ ڕاگیر دەکرا، لە من ڕادەما و دەگریا، لەژێر ئەو هەموو فرمێسک و تۆز و تەمەدا زەحمەت بوو کولمە ئاڵەکانی ببینم، هەڵدەلەرزی، هەردوو دەستەکانیم لە دەمم نزیک خستەوە تا بەهاڵاوی هەناسەم گەرمیان کەمەوە... بەچرپەیەکەوە کە دواجار لە ڕۆحمدا خنکا پێی وتم:

«فەرهاد... من ئیدی ناتبینمەوە!».

کە وای وت لێم بزر بوو، لەوە دەچوو لە پشت سەرمەوە بێ، نەمدەتوانی ئاوڕ بدەمەوە یان خۆم وەربگێڕم و بیبینم، لەوە دەچوو شیرین-یش وەک من نەخۆش و ڕەنجاوبێ، لەوە دەچوو لەناو پێخەفی دەردەداری هاتبێتە دەرێ، بەدەم وڕێنەوە هاوارم دەکرد:

«شیرین... هۆ شیرین... مەڕۆ تووخواکەی بەتەنیا جێم مەهێڵە...!».

لێم دوور دەکەوتەوە و ژوورەکەم لێ بوو بەدارودەوەن و پڕ لە گاشەبەردی سەر لێواری خەرەندەکە، من ڕام دەکرد و شیرین خێراتر غاری دەدا... لە ناکاو گەیشتە سەر هەڵەمووتێک و کە ئاوڕی دایەوە لێم بوو بەبزنە شێت و پڕ بەئاسمانی سەر ئەو خەرەندە هاوارم دەکرد کە لەو هەڵدێرە نزیک نەبێتەوە، دەنا ڕەت دەبا و سەرانگرێ دەبێ و هەلاهەلا دەبێ و دەمرێ... لە چاوترووکانێکدا دیم هەڵدێرا و من لە هاواری خۆم وەئاگا هاتم و هەموو گیانم کەوتبووە سەر ئاو و ئارەقە، خودا هاوار... هێشتا بۆنی خۆشی شیرین ژوورەکەمی داگیر کردبوو... هەر دەت وت زیندەگی و هەوای پاکی شاخانی هێناوە و هێشتا نەڕۆیشتووە، لەوە دەچوو تارمایی و ڕۆحی ئەم هەر لە ژوورەکەمدا بووبێ، لەوەتەی نەخۆش کەوتبووم و دەمخواست بمرم... ئەو هەر لە ژوور سەرمەوە دەست لەسەر سینە وەستابووبێ... چەندین ڕۆژ و مانگ، هەستم دەکرد دەستی ئەو تارماییە هەر لەسەر تەوێڵم لانەچووبێت، دەترسام لابچێت و لەگەڵیا ڕۆحم دەربچێت، تارمایی سەلار و سەنگین و میهرەبان بەڕازی دڵمی دەزانی و دەستی لانەدەبرد، نەمدەویست بجووڵێم، نەبا تارماییە جوانەکەم بتۆرێنم و ژوورەکەم بۆ مەرگ و نەخۆشی چۆل بکات، کتوپڕ پژمیم و ڕاچەنیم، کە چاوانم کردەوە، دیسانەوە، جگە لە تاریکی و هەناسەی تێکەڵی نەنکم و



دایکە کە ببوو بەغەڵبەغەڵبێکی غەمگین هیچی دیکەم گوێ لێ نەبوو، لە بری دەستی پڕ لە میهر و سۆزی تارماییە خۆشەویستەکەم پەنجە لەرزۆکەکانی نەنکم وەک چڵ و چێوی وشک هەڵاتوو نیشتبوونە سەر تەوێڵم، کە لە ترسی هاوارەکەم بەپەلە چرای کوژاوەیان داگیرساندەوە دایکم بینی هەر پەیکەرەکەی جارانە و فرمێسکی بەردینی بەسەر ڕوومەتەوە و کۆتکێک شیر بەدەستییەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم دایکە زیندووە و بت ئاسا بێ گیان نییە، بۆ ئەوەی تارمایی شیرین لە نەنکم جیا بکەمەوە گەر ئەمجارەیان هاتەوە خەونم؛ دەبوو دوو سێ قوم لەو شیرە بخۆمەوە، کە دەستم بۆ کۆتکە شیرەکە برد لەگەڵ تکە فرمێسکەکان خەندەیەکی پان و نەخۆشانەی دایکە ڕژایە ناو شیرەکە و خواردمەوە، هەزار جار داوام لە بزنە شێت کرد و پاڕامەوە کە لێم ببوورێ، خواردنەوەی ئەو دوو سێ قومە شیرە لەلای من خیانەتێکی گەورەبوو، خۆ من دەمزانی، نە شیرین و نە بزنەکە نایانەوێ من خۆم بکوژم، دەمزانی گەر من بمرم کەس نابێ حەکایەتی هەردووکیان بۆ کەس بگێڕێتەوە، هێشتا تەڕایی ناولەپی شیرین بەسەر تەوێڵمەوە بوو، هێشتا قاڕینی پڕ ئازاری بزنە شێت هەر لە گوێمدا بوو، دەمویست بۆ دواجار نەمرم و زیندوو ببمەوە، هەناسەم بێتەوە بەر و زمانم گۆ بکا و بپرسم:

«کوانێ شیرین؟!».

پاش ئەو دوو سێ قومە شیرە هەموو شتێکم بیر کەوتەوە: دوا بەیانی لێکدابڕانی من و شیرین، هەڵواسینم بەدار هەنجیرەکەوە، هەڵدێرانی بزنەکە و گەڕانم بۆ لەتوکوتی گۆشت و خوێنی ڕژاوی بەسەر کەرتە شاخ و درەختەکانەوە... کە ویستم هەواڵی لە دایکە و نەنێ بپرسم: پرسیارەکان، چ لە ترسانابێ و چ لە شەرمان، لەسەر زارمدا دەمردن، دەت وت یەک ساڵە نەخەوتوون و چاوەڕێ بوون لەو کۆتکە شیرە بخۆمەوە و بنوون، جگە لە خۆم و خەونی هەڵبزڕکاوم، جگە لە گرانەتا و وڕێنەکانم، جگە لە پرخەپرخی نەنێ و دوعاکانی بەر لە خەوتن و گریانی هەمیشە ئامادەی دایکە هیچی دیکەم نەدەبیست، دەگەڕام لەناو ڕووناکی زەردی چرای تازە هەڵایساو کە دووکەڵی دەکرد و ژوورەکەمی تاریکتر دەکرد و ڕۆشنایی خۆی دەکوشت، دەگەڕام بۆ ئەو دەستەی تۆزێک لەمەوبەر زیندووی کردمەوە و پاشان بەتەنیا جێی هێشتم، هەستم دەکرد پەتێک لە ملم ئاڵاوە، هەر کە خۆم دەجووڵێنم پتر لە ملم شەتەک دەدرێ و دەمخنکێنێ، ناچار سست و مردوو، بێ جووڵە، لەو کەمە ڕۆشناییەی چراکە ڕادەمام کە لەنێو دووکەڵدا لەگەڵ من دەمرد و دەخنکا... ڕەشتر دادەگەڕا، لەگەڵ هاوار و ناڵینی من لە ترسی خنکان دایکە و نەنکم، دیسانەوە، لە خەو

ڕادەچەنین، بەهەڵەداوان دەهاتنە سەرینم، دەنێو تاریکیدا بۆنی هەردووکیانم لە یەکدی جیا دەکردەوە، دایکە دەچووە گڕ چراکە و گڕ و دووکەڵەکەی لە یەکدی جیا دەکردەوە، بەپەلە پەنجەرەکەی دەکردەوە، بەو شەوە بای بۆنخۆشی شاخان ڕژایەوە سەر پێخەفەکەم و بۆنی تەویلەکەش سەرمەست و زیندووی کردمەوە... دایکە دەیپرسی چ خەونێکی ناخۆشم بینیوە و نەنێ دەی وت: حەزت لە چ شتێکە ڕۆڵە شیرینەکەم، بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە جامێک ئاوی بۆ ڕاگرتبووم... دایکە وازی نەدەهێنا و دەیپرسی:

«خەونی ناخۆشت دی... بەقوربانت بم؟».

بۆ یەکەم جار دوای لاڵبوونی چەند شەو و ڕۆژم وێرام بپرسم:

«دایکە شیرین... دەتوانم شیرین ببینم؟».

هەردووکیان بەوپەڕی سەرسامی و ترسەوە، ترس لە وەدی نەهێنانی داوای ڕۆڵەیەکی زۆر ئازیز کە دەیەوێ بەر لە مەرگ تەنها خۆزگەیەکی هەیە و بێتەدی... پرسیان:

«ڕۆحە شیرینەکەم... بەم درەنگی شەوە؟».

بەڵگەرمی و سۆزی پیرە عاشقێکەوە، بەتاسە و خۆزگە و ئارەزووی سەد فەرهاد-ەوە وتم:

«ئا... دایکە شیرین-م دەوێ... نەنێ... بەڕاست... شیرین ماوە؟».

دایکە سەد سوێندی خوارد و دەی وت:

«سبەی... زوو... هەر کە ڕۆژ بۆوە... ڕۆڵە شیرینەکەم سبەی... سبەینێ... وەعدبێ... زێدە جەرگم».

نەنێ دڵی دەدامەوە:

«خۆ شار بێ حاکم نییە... چما کچ کوشتن هەوەنتەیە؟».

لەسەر ئەو بەڵێنانە دەخەوتم و ڕادەچەنیم، دەخەوتم و خەونم دەدەی و ڕادەچەنیم... وەلێ خودا هاوار... هەرگیز نەبوو... نەکرا... نەیانویست، هەرگیز ڕۆژ نەبۆوە و من هیچ بەیانییەکی دیکەم نەدییەوە و تا ئەبەد خۆر لە من ئاوابوو، هەر کە لە خەو ڕاچەنیم و لە شیرین-م دەپرسی هەر شەوبوو، دەت وت ژیانی من لە دوای مەرگی بزنە شێت و لێکدابڕانی ئەو بەیانییە لە شیرین یەک شەوی بێ کۆتایی بوو... هیچ سپێدەیەکی دیکەی بەدواوەدا نەهات...

ئیدی نەخۆشی و بۆنی مەرگ ترس و شەرمیان لە لای من نەهێشتبوو، هەر دەمپرسی و وازم نەدەهێنا، هەمیشە وەڵامی پچڕ پچڕ دەیترساندم:



«- باوکی ناهێڵێ...

- لە مەکتەبە...

- ئەویش زۆر نەخۆشە...

- ماڵیان باری کرد...

- واز لە خەونی خەراپ بێنە و... بنوو...

- سبەی...

- با چاک بیتەوە...»

من دەترسام... ئەو لە من ئازاتر بووبێ و مردبێ، ئیدی بڕیارم دا لە سێ ژەم زیاتر بخۆم، شیر و هەنگوین و ژاژی و پەنیری سەرخوانی بەیانیان، نەوسنانە، بماڵمەوە، هەرچی میوەی دونیا هەیە بیخۆم... تا زووترە چاک ببمەوە و بەدوای شیریندا بگەڕێم...

یەکە یەکە هاوپۆلەکانم دەهاتن، شوانە بچکۆڵەکان زەق زەق لێم ڕادەمان و هیچیان نەدەوت، دەت وت لەو ژوورەی کە من لێی کەوتووم و خەستەم پەنجەرەیەک هەیە و هەرگیز خۆر لەو دیوییەوە هەڵنایەت، دەت وت لە دوای دووکەڵکردنی چراکە، لەو شەوەدا، کە تارمایی شیرین ئاوەدانی کردەوە ژوورەکەم: من هەردوو چاوانم کوێر بوون بەدووکەڵ، کە سەیری دەفتەر و کتێبەکانم دەکرد پیتە ڕەشەکانی لەبەر چاوانم دەبوون بەمێروولە و تێکەڵ دەبوون، دەترسام ئەو کاتەی بیرم دەکردەوە نۆ جاران نۆ دەکا چەند؟ کەچی نەمدەزانی... شەش جاران شەش؟ دوو جاران دوو؟ هەر نەمدەزانی، نا... من هیچم بیر نەمابوو... هیچ... دەت وت مێشکم تەختە ڕەشەکەیە و بەتەختەسڕێک پاک کراوەتەوە و ئیدی کەس نەماوە هیچی لەسەر بنووسێ، ئەوەندە لە خۆم دەترسام... لە خەڵکی کە وای لێ هاتبوو وەک قالۆنچە لە گۆشەیەکی ژوورەکەمدا خۆم بشارمەوە، چیدیکە باوکم نەبینییەوە، نیوە شەوان لە شوێنێکەوە نا... بەڵکو لە دەیەها شوێنەوە: لە هەیوانەوە، لە ئاودەستخانەکەوە، لە هەموو ژوورەکانەوە، لە سەربانەوە، لە تەویلەکەوە... لە مزگەوتەوە دەکۆکی و قرخەقرخ بەڵغەمی ڕۆ دەکرد و شەیتانی بەنەفرەت دەکرد، من لەگەڵ هەر کۆکەیەکی ئەودا ڕادەچڵەکیم و زەندەقم دەچوو، کتوپڕ گوێم لە نەعرەتە و جنێوەکانی مامۆستا عوسمان دەبوو، ڕادەچەنیم و دەگریام و هەترەشم دەچوو، گوێم لە قاڕینی کوژراوی بزنەکەم دەبوو ئەو کاتەی سەری بەر تاشەبەردێک دەکەوێ و دەتەقێ، گوێم لە قیژە و هاواری لەناکاوی شیرین ئەو کاتەی باوکی هەر بەقژ تا سەر خەرەندەکە ڕای

دەکێشێ و لەوێوە هەڵیداتە خوارێ... ئیدی تەواو... ژیانی من شەوانی مۆتەکە و بەدەم خەو ڕاچەنینەوە تەواو نەدەبوو، خۆم دەبینییەوە کە لە ناو شارێکی گەورە و زۆر قەلەبالغدا ون دەبووم و دەرۆزەم دەکرد، یان شوانم و لە شەوێکدا دەیەها گورگ لە ڕانەمەڕەکەم دەدا و منی ڕەنج بابردوو لەو هەموو کەلاکی بزن و مەڕە ڕادەمێنم و هیچم پێ ناکرێ، ئەوەشی کە دەمێنێ و گورگ شپرزەی دەکا و دەتۆقێ و لە خەرەندەکەوە خۆ هەڵدەدێرێ، خۆم دەبینم فەرهاد-م و کێوی بێستوون کون دەکەم و لە بری تەقینەوەی کانییەکی سازگار لە شاخدا... لافاو هەڵدەستێ و ئاوایی بەژن و پیاو و پیر و منداڵەوە ڕادەماڵێ، بەمزگەوت و ماڵەکانەوە، بەتەویلەی پڕ لە مەڕ و بزنەوە لەناو ئاودا دەخنکێن، دواجار بەسەر شەپۆڵەکانەوە تەرمی شیرین-م دەدی خنکاوە و قژی پەخشی بەقەد پانتایی ئاوایی سەر ئاو کەوتووە، لە پاش مەرگی ئەو خۆم دەبینی قوڵنگ فڕێ دەدەم و خۆ دەدەمە دەست لافاوەکە و دوور دەمبا و دوا کەس منم دەخنکێم، دەمویست بخۆم و بخۆمەوە تا چی زووتره زیندوو ببمەوە و بچمەوە سەر ئەو هەڵەمووتەی بزنەکەم، لەوێوە، هەڵدێرا، لە پەنجەرەی کراوەوە دەمڕوانی و هەمیشە تاریکی شەو سەرتروپکی چیاکانی لێ دەشاردمەوە، ئەستێرەکانیش شەرمنانە دەسووتان، مانگ بۆ هەمیشە لەودیو هەورەکانەوە سەرەتاتکێی لەگەڵ دەکردم، لەوە دەچوو بەزگماک من ئیفلیج ببووم، لە حەژمەتانا دەگریام و فرمێسکەکان لە قوڕگما دەکوڵان، خەونم بەوەوە دەدی کە جارێکی تر بەکامی دڵ و بەهەوەسی خۆم بەسەر کەرتە شاخەکاندا بازبازێن بکەم، خەونم بەوەوە دەبینی بچمەوە مەکتەب و وەک جاران بەیانیانی زوو شیرین بێ و سەمایەکی کیژانەم بۆ بکا، دەمپرسی: تۆ بڵێیی بۆم بکرێ کاریلەیەکی دیکە بەخێو بکەم و بەختم یاربێ وەک بزنە شێت هاروهاج بێ و لە ڕاستەڕێیەکان لابدا و گیای حەرام بخوا، بمباتەوە سەر هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ و نێرگزەجاڕ و ئەشکەوتی نسرم و زنە و زەنوێر...

شەوەکان نەدەبڕانەوە، هێدی هێدی و بەزەحمەتێکی زۆرەوە هەردوو بن باڵیان دەگرتم و ڕاست دەبوومەوە، بەدارە دارە تا بەر پەنجەرەکە هەنگاوم دەنا و ماندوو دەبووم، بەوەی کە دایکم و نەنێ و خوشکەکانم و پوورەکانم و هەندێ لە ژنانی دەرودراوسێ دەگریان، هەستم دەکرد من دووچاری دەردێکی گران بوویمە و لەوەدایە بمرم... جا بۆ نەمرم؟ کە من نە شوان و نە فەرهادی عاشق و نە شاعیر و نە پێغەمبەر بم... بۆ نەمرم؟!

لە بەیانییەکی تاریک و ڕووندا، هێشتا تەم و دووکەڵ و تاریکی لێکدی هەڵاوێرد نەببوون وەئاگایان هێنام، حەمامیان بۆ داخستم؛ حەمامێکی زۆر گەرم کە چڵک و چەوری



و عارەقەی چەندین شەو و ڕۆژم بشواتەوە، جلی تازەیان لەبەرکردم، هێدی هێدی کازیوەی دەدا، خۆر گرانتر لە من دەجووڵا و هیلاکتر لە من چاوانی هەڵدێنا، دوای ئەم هەموو شەو و تاریکییە یەکەم جار بوو هەتاو ببینم، لەوە دەچوو چاوەکانم لە دوای ئەو حەمامە گەرمە ڕۆشن بووبێتنەوە، لەودیو چیاکانەوە هەتاوێکی شەرمن دەڕژا و کووچە و کۆڵانەکانی ڕووناکتر دەکردەوە... بەر پەنجەرەی ژوورەکەم... یەکەمین بەیانی بوو گوێم لە باعەباعی مەڕ و قاڕینی بزنەکان بێ، دڵی پڕ قەهرم گەرمتر و بەگوڕتر لێیی دەدا، یەکەم جار بوو کە بەبەردەم ئاوێنەکەدا ڕەت بووم، خۆم بینی کە چەندە لە عاشقێکی پیر و دۆڕاو و لاواز دەچووم، نەخۆش لە دووری شیرین، چەند لە شوانێکی مایە پووچ دەچووم کە هەر هەموو مێگەلەکەی هەڵدێرابێ... لە شەرتە شوانی دۆڕابێ...

دایکە زۆر زوو هەستابوو، تەنوورەکەی گڕدابوو، زوو زوو پەمپی لە پرێمزەکە دەدا، حەوشەکەی پڕ کردبوو لە سۆز و خەمخۆری و دوعای بەیانیان کە حەسارەکەمان بەپێوە بمێنێ، هاتە ناو دەرگاکە و لەسەر شانییەوە ڕۆشناییەک دەڕژایە سەر پێخەفەکەم، لە نێوان هەردوو بەلەکییەوە پەرتبوونی هەتاوێکم دەدی، لەودیو شوورەی حەسارەکەوە کۆڵان لەگەڵ تێپەڕبوونی کەر و بار و عارەبانە و مێگەل پڕ ببوو لە هەرا و ئاوەدانی...

دڵم خۆش بوو کە ئیدی دوای ئەو هەموو شەوە درێژانە ڕۆژم لێ هەڵهات و شیرین دەبینمەوە... لە نەنکم داوا دەکرد:

«نەنێ... با ئەم بەیانییە شیرین ببینم!».

دەتوت دیوار دەدوێنم، دەتوت ئیدی دوای ئەو حەمامە و هەڵسانە سەرپێیەم کەمەکێ زیندوو بوومەتەوە و نامرم، ئیدی لەوانەیە بەرگەی مەرگێکی دیکە و دڵشکان و لێکدابڕانێکی دیکە بگرم، بڕیارم دا گەر تا ئێوارە هەواڵی شیرین-م پێ نەگات بەسکەخشکێش بێ بچمە مەکتەب یان ماڵیان، گەر نەیانهێشت دیسانەوە مان لە خۆراک دەگرم، ئەمجارەیان هەر بەڕاستی خۆم دەکوژم، ئاخر دەبوو فەرهادێکی بەوەفا بم، عاشقێک لە عاشقە پاکەکانی ناو حەکایەتەکانی نەنکم...

چەندە تەنیا و غەمگین بووم، نەنێ چیدیکە حەکایەتی بۆ نەدەکردم... کە لێم پرسی:

«نەنێ بۆ وەک جاران حەکایەتم بۆ ناگێڕیتەوە؟».

بەدەم گریانەوە وتی:

«زێدە جەرگم... حەکایەتەکانی من بوون تۆیان نەخۆش خست!».

کە پێم وت:

«نەنێ هەتا نەمردووم... با جارێکی تر حەکایەتی شیرین و فەرهاد–م بۆ بگێڕیتەوە؟».

*فرمێسک لە چاوەکانی دەکولاّ و دەی وت:*

«جەرگەکەم وا مەڵێ... تۆ زۆر لەوە منالّتری باس لە مەرگ بکەی!».

*بەهەناسەبڕکێوە پرسیم:*

«ئەی تۆ نەت وت گەورە دەبیت و شیرین–ی خۆت دەدۆزیتەوە؟!».

*بەحەسرەتێکەوە دەی وت:*

«هەروا دەبێ ڕۆڵە... هەروا دەبێ».

وەک ساتەوەختی گێڕانەوەی خەمی لێکدابڕانەکانی ناو حەکایەتەکان و کۆتایی هاتنیان بەمەرگ و کارەسات، هەردووکمان بەیەکەوە، دامانە پڕمەی گریان، بەترسی عاشقێکەوە کە هەتا هەتایە مەعشووقەکەی دۆڕاندبێ پرسیم:

«نەنێ... شیرین چی لێ هات؟ بۆ لێ ناگەڕێن بیبینم؟».

هاوارێک لە حەوشە و غەڵبەغەڵی دەیەها کەروبار و ئەسپ سوار، زرنگەی زەنگوڵە و تێکەڵبوونی بەهەیاهووی دەیەها ژن و پیاو و منالّ ڕژانە بەردەرگای حەوشەکەمان و نەنکمیان لە من دزی، من و پرسیارە مردووەکەمی لە ژوورەکەدا بەتەنیا جێهێشت...

دوای تاوێک بانگیان کردمە سەر خوانێک کە پڕ بوو لە هێلکەی کولاّو کە تازە لە قەپێلک پاک کرابوونەوە و هەڵمیان لێ هەڵدەستا، کۆتکەیەک دۆ، قاپێ شیر، زەیتوون، دۆشاوی شاتوو، هەنگوین، پەنیری قاشکراو کە بۆنی پێستەی حەیوانی لێ دەهات، باوکم بەتووڕەییەوە فەرمانی پێ کردم کە بەخێرهاتنی میوانەکان بکەم، گەورە و بچووک، تێی گەیاندم کە هەر هەموویان خالّۆزا و ئامۆزا و پوورزای منن و لە گەرمیان گەڕاونەتەوە و دەچنەوە کوێستان.

هەمووومان دامەزراین و باوکم لەسەرپەڕ دانیشتبوو، لە ژیانما وەها کەیفساز و پۆشتە و پەرداخ نەمدیبوو، لە هەموو ژیانمدا ئەو میوانانەم نەدیبوو، ژنەکان زۆر سپی و نەرم و نۆڵ، پیاوەکانیش ڕەشتاڵە و سووتاو، لەوە دەچوو کچە عازەبەکانیان لەگەڵ خوشکەکانم لە گەنجینەکەدا بەترس و شەرمەوە لە قریوەقریو نەکەون، چونکە بەئاستەم قریوەی خنکاویان دەگەیشتە گوێم، منالّە چڵمن و چڵکنەکانیان، وەلێ کولّم سوور و چاو پڕ باق و بریق لە منیان دەڕوانی، لاوازی و ڕەنگ زەردییەکەم زەبوون و خامۆشی کردبوون، لەوە دەچوو لێم بترسن، یان وەک منالّی خانەخوێ شەرمم لێ بکەن، جاروبار بۆ ڕەواندنەوەی ترسی خۆیان



پەنجەی شایەتمانەیان دەئاخنییە لووتیان و بەڕووی مندا زەردە دەیانی گرت و بەدەم خەندەیەکی خوارەوە دەخەنینەوە، چاوی ژنەکان گەورۆنە و خەوالّو و، پڕ میهر و سۆز و شەرم، کە ئاویان دەخواردەوە نەیان دەهێشت پیاوەکان بیانبینن، بەدزییەوە و لەژێر چارشێوەکانیانەوە پاروویان دەگلاند، بێ ئەوەی وەک پیاو بملّچێنن، چاوی پیاوەکان بەغەزەب و ڕقێکی زۆرەوە دەبریسکانەوە، هەر بەو چاوە سوور و پڕ لە داخ و کینەی پیاوەکانەوە زانیم کە ئەوانە هەر دەبێ خزمی نزیکی باوکم بن، باسیان لە ڕاو و کوشتن و لەوەڕگای کوێستان و سالّی گورگان دەکرد، لەوە دەچوو کۆمەڵێ شوان بن، بەلاّم ئەوانیش وەک سیامەندی ئامۆزام مەحالّە بەعاشق یان شایەر بن، لە چڕی ئەبرۆی پەیوەستی پیاوەکان دەترسام، لە سمێڵی تۆپڵی و پڕیان کە دەم و لێویانی لە من دەشاردەوە، بۆنی ژنەکان: تێکەڵ لە بۆدڕنی بزنەکەی من و بۆنی ژاژی و پەنیر نەخۆشییەکەی خۆمیان بیر دەبردمەوە، پشتێن ئەستوور و بەرباخەڵ شۆڕ، ئەو ژنانە ئەوەندە سەلار و سەنگین بوون کە پڕ بەدڵ حەزم دەکرد بەدایک و خوشک و پوورەکانم بن، قاوەڵتییەکە زۆری خایاند، هێدی هێدی پیاوەکان خامۆش بوون، ژنەکانیش خامۆشتر، باوکم بێ ئاگا لە خۆی بەقەهرێکەوە تەزبێحەکەی هەڵدەگلۆفی، دایکە دەگریا و نەنکم سەرگەرمی کۆکردنەوەی جلەکانی من و خۆی بوو، هەر هەموویانی لە بوخچەیەک ئاخنی، دایکە بەدەم لشمەلشمەوە چەند پارچە جلێکی دیکەی منی لە دەلاقەکەوە دەرهانی و قەدی دەکردن و ئەمیش نەنکم ئاسا هەمووی ئاخنییە ناو بوخچەیەکی بچووکتر و پێچایەوە، ئیدی من زانیم کە ئەو میوانانە بەتەنها بۆ ئەوە نەهاتوون ڕاگوزاری تێپەڕن، بەڵکو لەوە دەچوو سەفەرێکی درێژ بەمن بکەن، هەڵگرتنی قاپ و قاچاغ و پیالّە و کتلّی و قۆری و کۆکردنەوەی وردە نان و لابردنی سەماوەرەکە زۆری خایاند، پێچانەوەی خوانەکەش زۆرتر، من لەوە نەخۆشتر و ماندووتر بووم بپرسم: چیم لێ دەکەن، نەنکم زوو زوو بە ژنەکانی دەوت: لێرە داوودەرمان نەما... حەکیم نەما... چاک و پیر نەما... هەر دەڵێی جنۆکە دەستیان لێ وەشاندووە، بەوەی کە هەر هەموو برا و خوشکەکانم کۆ ببوونەوە، هەر هەموو پوورەکانم، ژنانی دەرودراوسێ... زانیم کە ئیدی منی خەستە دەبەنە لای حەکیمێک کە نازانم لە کوێیە، باوکم هەر لە دوورەوە وەستابوو، پێی شەرم بوو سەیرم بکا، پێی شەرم بوو کە من لە پشتی ئەو هاتوومەتە خوارێ، چونکە سەدەها جار گوێم لێ ببوو... «حەیف کە لە من بووە»... ئەو بەیانییە گوێم لێ بوو بەچرپەوە بەخزمەکانی خۆی دەوت:

«بیبەن... بەکەڵکی هیچ نایە!».

خوشک و براکانم زەلیل و غەمگینانە لە من ڕادەمان، ئەوەندە شەرمان لە یەکدی دەکرد کە مەحاڵ بوو یەکدی ماچ بکەین، جارێکیان کە هێشتا زۆریش ساغ بووم خوشکە گەورەکەم بەسۆزێکەوە ماچی کردم، من لە حەیبەتانا دامە پرمەی گریان و درەنگ ژێر بوومەوە... بۆ؟ نازانم، دایکە وێرای لە باوەشێم بکا و بەسەرمدا بنووشتێتەوە و تێر بگری، باوکم لە دوورەوە کۆکی، دایکە لە ترسانا لە گریان ژێر بۆوە و لە باوەشی خۆی دەری کردم، ڕووەو دەرگای حەسارەکە بردمی، بەدەم ڕێوە عاشقانە و بەپەلە وەک دوا یادگاری ئەو حەوشە و ماڵە گوڵێکی سوورم لە گوڵەباخە تەڕ و گەشاوەکەی ئەو بەرەبەیانییە کردەوە، گوڵێک کە هێشتا عومری خونچەیەک بەری نەدابێ، هەر کە گەیشتمە ناو دەروازەکە بینیم پیاوێکی کەڵەگەت ڕەشتاڵە یارمەتی نەنکمی دەدا کە سواری پشتی هێسترە چەمووشەکە بێ کە نەیدەهێشت نەنکم خۆی ڕاگیر بکا و هەر جارێک و بەلایەکدا دەکەوت، هێسترێک کە هەر هەموو سەر و گوێلاکی، بگرە سەر کەفەڵیشی لەژێر دەیەها گوڵێنگەی زەرد و سووردا غەرق ببوو، هەمان زەلام وەک بوخچەیەکی زۆر سووک بم هەردوو دەستی خستە بن باڵەکانم، سووکێ بەرزی کردمەوە و خستمییە ناو ئامێزی نەنکم، بەترسی گرتنەوەی گۆزەیەک نەبا بشکێ منی گرتەوە و هەردوو چنگی چەنگاڵ ئاسای لە من گیر کرد و توند بەرزەفتی کردم، کابرای ڕەشتاڵە شەپێکی پانی لە کەفەڵی هێسترەکە دا تا لە کاروان دوا نەکەوێ، شەپێکی وا توند کە کڵاو و جامانەی لەگەڵ خواربێ، نەنکم هەر زوو هەردوو باسکی تێوە ئاڵاندم، منی خستە ناو هەناوی خۆی، کە زانی مات و مەلوول و لە باوەشیدا هەڵدەلەرزم و بۆ ئەوەی ترسم برەوێتەوە دوو سێ جاران بەدەنگێکی نووساوەوە کە هەستم بەزرنگەی خەم دەکرد تیایدا وتی:

«ڕۆڵە شیرینەکەم خەم مەخۆ... یەک دوو مانگ لەو کوێستانە خۆشە لای خزمان دەبین... پاشان کە زستان هات دەچینەوە شار...».

لەوە دەچوو سەرم گێژ بخوا و ببوورێمەوە، گەر لەناو هەناوی قوپاوی نەنێدا بەند نەبوومایە لەسەر هێسترەکە دەکەوتمە خوارێ و بێ شک پەراسووەکانم لەژێر سمی هێسترەکەدا دەشکان، دەنێو هەرا و هۆریای خزماندا کە دەیانویست دڵنیابن کە کەس لە کاروان جێ نەماوە... گوێم لە نەنێ بوو دەی وت:

«تا وەک گوێزی ساغت لێ نەیەیت نایەینەوە، قەولە لەوێ باشترین حەکیم بتبینێ».

بێ باک لەو بەڵێنە... من لە خەمی ئەوەدا بووم گوڵەکەم لەناو چنگما نەپروێ، ئان و



سات هاوپۆلەکانم لە هەموو لایەکەوە بانگیان دەکردم، بەدەم بای غار و بەگورگەلۆقە ڕووەو مەکتەب کۆڵانەکەیان پڕ کردبوو لە هەرا و قاووقیژ، هەتاوی زیوین بەشەرمەوە دادەڕژا و خۆی لە دیوارەکان هەڵدەسوو، ئەو کاتەبوو کە چۆلەکەکان لە سەربان و درەختەکان و دیوارەکان و دار عەلەتریکەکان نەدەسرەوتن، هەوایان بەسەر سەرمەوە شەق دەکرد و فڕکەفڕکی باڵیان و تەقەتەقی ناڵی هێسترەکە کە بەر بەردەکان دەکەوت تەواوێک غەمگینی دەکردم، نەنکیشم بۆ ئەوەی بەدرۆ دڵخۆشم بکا و لەو بێدەنگییە دەرم بێنێ... دەمی لە گوێم نزیک خستەوە و وتی:

«لە کوێستان تا هاوین دەڕوا دەتوانی ببیتەوە بەشوان... کە چووینە شاریش مەکتەبەکەت تەواوکە... باوکت لەوێ کۆشکێکی کڕیوە... دەڵێن نە بکەی... نە بخۆی هەر تەماشای بکەی!».

دەمویست لێی بپرسم ئاخۆ دێینەوە ئێرە یان نا... بەڵام دیسانەوە قوڕگم گیرا و فرمێسک لە چاوانما دەکولا... زوو زووش نەنێ دەیپرسی:

«گوێت لێیە... کوڕەکەم... ها... گوێت لێیە؟».

من لەوە مردووتر بووم گوێم لێ بێ، بەدەم ڕێوە لەناو تەپوتۆزی کارواندا نقوم دەبووین و نەنێ هەر قسەی دەکرد و نەیدەبڕییەوە، گوایە لەوێ هەموو شەوێک حەکایەتم بۆ دەگێڕێتەوە، حەکایەتی تازە کە من لە ژیانما گوێم لی نەبووە، هەر زوو چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک، لە لووتمەوە دادەڕژایە ناو قوڕگم و هەستم بەسوێری فرمێسکەکان دەکرد، لە دواجاردا و لە دوورەوە تارمایی باوکم و دایکم و خوشک و براکانم لێ تێکەڵ بوون کە بەشەرمەوە دەستیان هەڵدەبڕی، تا لە یەکدی وێڵ بووین بەحەسرەتەوە هەر ئاوڕم لێ دەدانەوە، وام هەست کرد من ڕووەو گۆڕستان دەبەن تا بمنێژن نەک ڕووەو کوێستان و حەکیمی لێزان. نەنکم توندتر هەردوو باسکی زۆر لاوازی تێ وەرێنام، منی بەسینگییەوە قرساندبوو تا بەر نەبمەوە، من وەک لاشەیەکی بێ گیان دەلەنگیمەوە، نەنێ بەزەحمەتێکەوە دەیویست لەناو باوەشی سارد و سڕی خۆیدا بەندم بکا، نەک هەر ئەوە... وازم زەن دەکرد دەیەوێ بمخاتەوە ناو هەناوی خۆی، بەهەر چوارلادا ئاوڕم دەدایەوە... ئەوە خوایە لەناو کوڕ و کچەکانی گەڕەکدا، هەر بەرێکەوت، لەو بەرە بەیانی سەفەر و مردنەدا (شیرین) ببینم، من بۆ بۆن و ڕەنگ و دەنگی ئەو دەگەڕام، دەمویست هەتا زووە لە گریان ژێر ببمەوە و بەرچاوانم ڕوون ببێتەوە، تا ئەو حەلەی دەگەمە بەردەمی خانووەکەیان، بەڵکو ئەو خوایە لەژێر سێبەری چڕی شاتووەکەدا لە ناکاو دەربکەوێ و من ببینێ کە

نەخۆش و غەمگین بۆ دواجار بەهەردوو چاوانم، بەهەردوو دەست، بەرۆحی کلۆڵ و بریندار و دڵی سیسم سڵاوی ماڵئاوایی لێ بکەم و گوڵەکەی بۆ هەڵبدەم، من لەو ستوونی نوورە دەگەڕام کە لەبەردەم دەرگای دارینی نەخشەدار بەوێنەی دوو تاوس بەدەوری خۆیدا گەردەلوولێکی ڕەنگین دروست دەکات، هێزم نەبوو دەنا خۆم لە باوەشی نەنکم ڕادەپسکاند و لە دەست ئەو کاروانە دڵڕەقە خۆم قورتار دەکرد، خۆم لەناو ڕەز و باخەکاندا دەشاردەوە، لەناو ئەشکەوت و ژێر کەپکەشاخی بن کۆڵدا، لەنێو لق و پۆپی پیرە درەختێکدا؛ تا شیرین-م نەبینیایە نەدەڕۆیشتم، باریک و بنێس پرزەم لێ بڕابوو دەنا لە هێسترەکە خۆم دەخستە خوارێ و تا سەر خەرەندەکە غارم دەدا و لەو شوێنەی کە بزنەکەم هەڵدێرا... منیش خۆم هەڵدەدا، بەڵام نا... هەتا گەر دوا دیتن و دوا دڵنیایی من بێ لەوەی شیرین ماوە و دەیبینم؛ دەبوو هەر چاوەڕێ بکەم و ئەو گوڵەی ماڵئاوایی بۆ هەڵبدەم، ئەو گوڵەی لە بەیانییەوە هەناسەی پیسی نەخۆشێکی وەک من هەڵدەمژێ و کەچی نایەوێ ژاکاو و سیس بێ، گوڵەکەم لەوە نەبەزتر بوو بمرێ، هێشتا بۆن و بەرامەی بەیانی لێ خۆش دەهات و ڕەنگ و بۆی بەمن دەبەخشی، هەر دەگەڕام و چاوانم دەگێڕا کە ئەو تارماییە پاک و ڕۆشنە لەناو مناڵەکان وەدیار بکەوێ و ببینێ، هاوپۆلەکانم هەر بەدوامەوە بوون، ئەوەندە نزیک ببوونەوە دەترسام هێستری چەمووش بەلووشکەیەک دەم و ددانی یەکێکیان بهاڕێ، ئەگەر ئەو زاقوزریقە نەبووایە وام مەزەندە دەکرد کە تەرمی من بەرێ دەکەن، تاوێک هار و تاوێک خامۆش دەبوون، لەوە دەچوو هەندێکیان بەدەم زرمەزلێ و قەهرەوە بڵێن: خۆزگەمان بەخۆت... چش لە نەخۆشی و دەرد... خۆ قورتارت بوو لە مەکتەب! وام هەست دەکرد بڵێن:

«لەیادمان مەکە»

«هەموو لە خەمتداین»

«کە چاک بوویتەوە... وەرەوە!»

«بۆ کوێ دەڕۆی؟»

«چەندە نەخۆش و هیلاکیت»

خۆ جارجاریش هەڵبەز و دابەزی دوور بەدووریان لە مەزاق و گاڵتەپێکردن دەچوو... گاڵتە بەمن... بەشوانێکی دۆڕاو کە نەبوو بەعاشق... نەبوو بەشاعیر، بەمنێک کە بەتەنها لە ڕەسم و وەرزش دەرچووبووم، ئەو قوتابییە تەمبەڵەی هەرگیز سردووەکانی پێ لەبەر



نەدەکرا و دوو ڕۆژ و فاتیحاکەی بیر دەچۆوە، تا دەهات کۆڵان پڕ دەبوو لە پیاوی بەپەلە و خەواڵوو... ڕاکردوو بەدوای کەروباردا، چەندین ژنی دامەن شۆڕ تەشک و تیرێژی کراس و کەواکانیان لە زەوییەکە دەخشی و تەنکە تۆزێکیان لێ جێ دەما، من خەیاڵم هەر لەوەدا بوو بگەمە بەر دەرگاکەی ماڵی شیرین و بەیادی هێنانی گوڵە کێوییەکان لەو بەیانییانەی کە چاوەڕێیی دەکردم لە مەکتەب ئەم گوڵە هەتیوو ماندووەی بۆ فڕێ بدەم، تا دەهات لە شاتووەکەیان نزیک دەبوومەوە، دەرگای کلۆم دراویان تاساندمی، لەسەر پشتی هێسترەکەوە تا بۆم کرا سەرم هەڵبڕی و سەیری ناو حەوشە و سەربانەکەیانم کرد، کە گەیشتینە ئاستی خانووەکەیان دوو سێ جار و لەسەر یەکدی و زۆر بەتوندی بەپێی ڕاستەم، لە تەنیشتەوە، لە ورگی هێسترەکەم دەدا، لاقەکانم کورتتر بوون لەوەی بگەنەوە بن سکی، بێ ئاگا لە خۆم لە قەبرغەی هێسترەکەم دەدا و چەواشە دەبوو، ئەوەندە غەمگین و تووڕە بووم دەمویست پەراسووەکانی بشکێنم... دەمویست هەتا زووە و لە تخووبی ماڵی شیرین تێنەپەڕیوین لە دەرگا و دیواری حەوشەکەیان نزیکتر ببمەوە، نەنکم پەرێشان و شپرزە جڵەوی هێسترەکەی توند دەکردەوە تا بێتەوە سەر ڕاستەڕێ و خۆی لە دیوارەکە نەخشێنێ، من بەپاژنەپێ وەک شێت و هار، دڵڕەقانە، لە قەبرغەی هێسترەکەم دەدا و هەستم بەوە دەکرد کە گۆشتی تورتی لەژێر هەردوو گۆزینگمدا دەلەرزی و دەم دەمیش ماسوولکەکانی ڕادەتەکین، ئەوەندە لە دیواری پێشەوەی خانووەکە نزیک بۆوە کە من دەمتوانی زۆر بەئاسانی ناو حەوشەکە ببینم، بەپەلە گوڵەکەم گواستەوە دەستی چەپم تا چی زووە دەستی ڕاستەم لە دیوارەکە بخشێنم وەک نەنکم ئەو وەختەی کە بەهەردوو دەستی خۆڵی سەر گۆڕی پیاوچاکێک دەماشێتەوە، خۆڵێک لە ناولەپی ئارەقاویمدا دەخوسا و وشک دەبۆوە، خۆڵێک تێکەڵ بەبۆنی جێماوی گوڵەکەی ناولەپم، چاوەکانم دەگێڕا... چاوەکانم لەناو حەوشەکەدا، لە سەربانەکەدا بەجێ مان، بەسەر دەرگاکەوە، لەسەر شاپەڕە گرنج گرنجەکانی باڵی کشاوی هەردوو تاوسەکەی سەر دەرگا، نەخێر... هیچ هەست و خوستێکی ئادەمییانە لەو ناوە نەبوو... نەمدی... نەمبیست... هیچ جووڵە و هەناسە و دەنگێک، هیچ پارچە جلێک بەسەر تەنافەکەوە بەدەم باوە نەدەشنایەوە، کوپەی ئاوەکەش لە جێیی جارانی نەمابوو، لە کپی و خامۆشی ناو حەوشەکە دڵم خاو بۆوە، چەند گەڵایەکم لە شاتووەکە پچڕی و خستمە بەرباخەڵم، لە تاریکی بن هەیوانەکە ڕامام کە هەتاوی بەیانی نەیتوانیبوو و ڕاوی بنێ، لەگەڵ خشەخشی سۆڵێک و بەدوایدا تاقوتریقی قاپقاپێک وە ئاگا هاتمەوە، لە کوێوە دەهات؟ نەمدەزانی، خشەخشی کراسێک هاتە

بەرگوێم، لەو خشەخشە و ورشەیە دەچوو کە لەو چەند بەیانیانەدا بەدەم سەمای شیرین–ەوە لە دەوری زۆپاکەدا گوێ بیستی دەبووم، پتر لە ورشەی ناسکی فڕینی مەلێک دەچوو کە هێشتا لەسەر خاکە و باڵ لێک دەدا و لەبن پێتەوە دەفڕێ، یان لە شنەشنی گەڵاکانی شاتووەکە بچێ ئەو وەختەی بگری بۆ ئەوەی کە ئیدی من و شیرینەکەم تا ئەبەد لە یەکدی دادەبڕێین و لە ژێر ئەو درەختەدا چیدیکە جۆلانێ ناکەین، لە داخانا و بێ ئاگا لە خۆم گوڵەکەی ناو چنگی چەپم هەڵدەگلۆفی و دەمپرواند، هەر زوو دەستی گرژم کردەوە و لێ گەڕام گوڵەکەم هەناسەیەک بدا و ترسام پەڕەکانی هەڵبوەرین... دەبوو نەهێڵم بژاکێ... ئەوە خوایە شیرین دەربکەوێ، دەستێک بەرز بکەمەوە و ماڵئاوایی لێ بکەم و گوڵەکەی بۆ هەڵبدەم، زەردەخەنەیەکی درۆ بخەمە سەرلێوانم و بیژییانە چاوێک دابگرم و یانێ ها مەترسە... دێمەوە... نەنکم دەیزانی من (فەرهاد)ی ناو حەکایەتەکانی ئەو نیم، بەڵام خۆ دەشیزانی چەندە وەڕس و بێزارم... چەندە شپرزە و ماندووی ناو ئەم سەفەرەم، هەستی کرد لەژێر سێبەری چڕی شاتووەکە چۆن بەپەلەپەل دڵم لێ دەدا و حەجمانم لەبەر بڕاوە، بەمیهرێکەوە هەردوو باڵی کردبۆوە تا ئازادانەتر لەناو باوەشیدا شنەشن بکەم و بجووڵێم، گوێم لە هەناسەی پیر و خاوی نەنکم بوو، لە قرخەقرخی سینەی بەتاڵی، لە لەرزەلەرزینی سەری کە جار ناجار دەکەوت و چەناگەی ڕەقی وەک نووکە بەردێکی تیژ لە تەپڵی سەرم دەچەقی، لە خیزەخیزێک کە لە قورتی داقوپاوی هەردوو مەمکە چرچەکانییەوە دەهات و دەیترساندم، ترسی ئەوەی لەو کوێستانە دوورە بمرێ و تەنیا جێم بێڵێ: من و خەیاڵی دۆڕاوی شیرین بەجێ بێڵێ، بمرێ و یەکێک لە حەکایەتە کۆنەکانی تەواو نەکا و من لە ناو ترسی خۆم و کورتەباڵا و شەموولەکانی ناو چیرۆکەکەی بەجێ بێڵێ، لەو دووڕیانەی کە کوڕە کەچەڵ تیا ماوە و ڕاماوە: نازانێ ئاخۆ کام ڕێگەیان هەڵبژێرێ، لەو شوێنە جێم بێڵێ کە فەرهاد چەندین شەو و ڕۆژی پڕ لە ئارەقە و خوێنی ماوە کێوی بێستوون کون بکات و کانیاوێک لەو بەردە ڕەقە بتەقێنێتەوە... وەک ئەوەی هەست بەو ترسەم بکا چرپەی خنکاو و نووزەی لاوازی ڕژایە ڕۆحمەوە:

«مەترسێ ڕۆڵە شیرینەکەم... نەنکت خوا نایکوژێ تا لە شاییەکەتا هەڵنەپەڕێ!».

نووزەی پڕ میهر و مردووی نەنێ ئەو ترسەی ناو دڵمی لەناو نەدەبرد، نیگەران بەدەم لێوە لەرزەوە، دەگریام، بیرم لەوە دەکردەوە چەندە دڵڕەق بوون دایکە و باوکە و برا و خوشکەکانم، خاڵ و مام و پوورەکانم، هەرهەموو ئامۆزا و خاڵۆزاکانم... چۆن دڵیان هات من و پیرەژنێکی زۆر کەنەفت، سەر لەرزیو لە گوێی گۆڕدا، بێ بەزەییانە بدەنە دەست



کاروانێک کە جگە لە تۆز و خۆڵ لە دوای خۆیەوە هیچی دیکە جێ ناهێڵێ، تۆز و خۆڵێک کە من و نەنکم هەڵماندەمژی، لە بەیانییەکی وا زوودا کە بەتەنها لەناو حەکایەتەکان یان لە خەونەکاندا وا دەستوبرد و لەناکاودا هەر هەموو شتەکان دەست پێ دەکەن و هەرواش کۆتاییان دێ، نازانم بۆچی لەو ئانوساتەدا پەلاماری شێتانەی گورگێکی بۆرم بیر کەوتەوە کە بەمنداڵی دیبووم لە ڕانەمەڕەکەمانی دا و زەندەقی بەرخێکی ڕژاند کە بێ ئاگا لە خۆی لەبەر گوانی دایکیدا هەر چوارپەلی شکا و... کەوت و... مرد، یەکەم جارم بوو بەزیندوێتی چاوان گورگێک ببینم کە تەنها بینینی بەرخ بکوژێ... هەرگیز... لە یادم ناچێ... باوکم بەو شەوە بێ ئەوەی بزانێ گورگەکە لە کوێوە هەڵمەتی هێنا و لە کوێوە دەرباز بوو بەپەلە ساچمەزەنەکەی سوار کرد و تەقەی لە داروبەرد دەکرد، تەقینەوەی ساچمەکان کە بەر بەردەکان دەکەوت پزیسک و ڕژانی برووسکە و گڕێکی عومرکورتی لەو دەوروبەرەدا بڵاو دەکردەوە، سەدای تەقینەوەی ساچمەکان دەنێو خەرەندەکەدا و لەناو شاخان و ئاسماندا دەنگی دەدایەوە، ئەو هەرا و سەدایە وای کرد مەڕەکان بتۆقن و گێژ و وێژ بەناو یەکدیدا بێن و بچن و ئۆقرە نەگرن، ئەو سەدا و شەقژنی ساچمە لە هەوادا مەلەکانی لە هێلانەکان تەراند، مار و مێرووی لە کونان وەجووڵە خست، شپرزەبوونی هەواش گەڵای درەختەکانی خستە سەر لەرزین، کە بەپڕتاو چووینە سەر بەرخەکە... دایکەکەی بەقەهرێکی زۆرەوە دەیلستەوە و دەیباعاند... من دەمزانی ئەوەیان «باعەباعی ناو ڕانی ساز و سەنتوور و زیل» نییە... لەوە دەچوو بگری، دایکی من بەقەد ئەو مەڕە منی نەلستەوە، باوکم بۆ مەرگی بەرخەکەی گریا، کەچی بۆ نەخۆشی و سەفەری من نەگریا، دوای ئەو شەوە شوومە بوو کە لە ناوەڕاستی حەکایەتەکان نەنکم هەراسان دەکرد و دەمپرسی:

«نەنێ گیان... بۆچی دەبێ گورگ مەڕ بخوات؟».

هەر هەمان وەڵامی ئامادەی پێ بوو کە هەرگیز من دڵم بەو وەڵامە خۆش نەدەبوو... ئەوەندەی تر تووڕە و بێ ئۆقرەتری دەکردم:

«زێدە جەرگم شێر و پڵنگ ئاسک دەخۆن، گورگ مەڕ دەخوا و مەڕیش گیا دەخوا».

وازم نەدەهێنا و دەمپرسی:

«بۆچی وایە نەنێ؟».

دەستەپاچە و بێ چارە و ماندوو و بەوەڵامێکی دروست، دروست لە نەزەر خۆی، دەیویست لە پرسیارەکانم ڕابکا و قورتاری بێ:

«کوڕەکەم خودا کەڵبە و جڕنوکی بەشێر و پڵنگ و گورگ بەخشیوە...!».

مەحاڵ بوو دڵم ئاو بخواتەوە و نینۆکەکانی خۆم دەکرۆشت و تەنگەتاوتر لە هەموو کاتێک زۆرتر دەمپرسی:

«ئەی بۆچی کەڵبە و جڕنوکی نەدا بەمەڕ؟».

شپرزە و بەپەلە دەیویست بگەڕێتەوە لای پاڵەوانەکەی و حەکایەتەکەم بۆ تەواو بکات... من نەمدەهێشت:

«نەنێ گیان... بەرخ و مەڕ و بزن کە ئەوەندە گوناە بن و بخورێن... دەچنە بەهەشت یان جەهەننەم؟».

ئیدی تەواو بەندی تەحەمولی دەپچڕا و دەستی بەیەکدا دەدا و سوێندی دەخوارد کە ئەگەر واز نەهێنم دەچێ دەنوێ و ئەوەشیان دوا حەکایەتی دەبێ کە بۆ منی بگێڕێتەوە... ئیدی مانی دەگرت و نقەی نەدەکرد... لەبەردەم ترسی نەنێ لە خودا و لە پرسیارە سەرەخۆرەکانی خۆمدا منیش مات و مەلوول دادەنیشتم، کە دەیزانی لەبەردەم دۆشدامانی ئەودا منیش خامۆش و وەڕسم دەهاتە دەنگ و سوێندی دەدام کە ئیتر واز لەو جۆرە پرسیارانە بێنم و پێی دەوتم:

«مەهێڵە شەیتان بچێتە دڵتەوە... خوا خۆی حەکیمە و دەزانێ بۆ گورگ مەڕ دەخوا و مەڕیش گیا...».

شەوەهای شەو هەراسانیم دەکرد و ئیدی شەوانی من و نەنێ پڕ ببوو لە شەڕ و ئاشتی و پرسیار و گومان و حەکایەتە غەمگینەکان، بێ ئاگا لە خۆم لە باوەشی نەنێدا هەڵدەلەرزیم و بەدرێژایی ئەو کۆڵانە و ڕێگاکە دوو چاوی سوور و پڕ خوێنی ئەو گورگە لە پێشمەوە بوون، دەیویست پەلاماری هێسترەکە بدا، هەمیشە گورگ پەلاماری ئەو مەڕە دەدا کە کەوتۆتە دواوەی هەموو مەڕ و بزنەکان، من و نەنکیشم لەو کاروانەدا دوا کەس بووین کە لەسەر هێسترەکە دەلەنگینەوە... دەترسام شەو دابێ و هەر بەڕێگەوە بین... لە ناکاو لێم پرسی:

«نەنێ... کەی دەگەینە کوێستان؟».

پێی سەیر بوو گوێی لە دەنگم بوو... لە خۆشیانا وتی:

«دوو شەوی تر!».

ئیدی تەواو... من هەترەشم چوو... هەموو شتێک... هەر بەڵا و کارەساتێک لەناو تاریکی شەو و ئەو شاخ و داخانەدا سەیر نابێ گەر بقەومێ، ئەوەندەی تر زەندەقم ڕژا کە



هێدی هێدی ورشەورشی کراس و گەڵا و فڕکەفڕکی شیرینی باڵی مەلان لە گوێمدا نەدەما، تا پتر لەماڵی شیرین دوور دەکەوتمەوە گوێم لە لوورەلووری گورگان دەبوو کە لە هەزار لاوە هەراسانی دەکردم، دوو چاوی خوێنینی گورگ وان لە پێشمەوە و تارمایی ڕۆشنی شیرین-یش لە دوامەوە هەر دەرنەکەوت، دەمویست سەرم لە نێوان هەردوو مەمکی چرچەوەبووی نەنکمدا نقوم بکەم و هەردوو پەڕەی گوێم دابخەن و گوێم لە هیچ نەبێ، دەت وت کەللەی سەرم ئەشکەوتێکە و لوورەی گورگێک تیایدا دەنگ دەداتەوە، لە ترسانا پتر خۆم ئاخنییەوە ناو باوەشی، سست و مت بووم و هەناسەم لە سینەمدا خنکاندبوو، ئەوەندە بێ جووڵە و سست کە نەنکم بترسێ و ڕامتەکێنێ و دڵنیابێ کە ماوم و هەناسە دەدەم... چرپاندی:

«هەنسک هەڵمەدە هەموو کەسەکەم... چاک دەبیتەوە و بەیەکەوە دەگەڕێینەوە ئێرە!».

سەیری گوڵە ژاکاوەکەی ناو دەستی خۆم دەکرد و دەگریام، هەموو جار پێم دەوت:

«گوڵەکە بەماچێک».

بێ شەرمانە ڕوومەتی لای ڕاستەی لە دەمم نزیک دەخستەوە، مەکربازانە دەی وت:

«دە زوو... دە زوو...!».

نەمدەوێرا... گەر کەسیش دیار نەبووایە هەر نەمدەوێرا... گوڵەکەم بێ ماچ دەبەخشی، من هەرگیز شیرین-م ماچ نەکرد... چونکە دایکم هەمیشە سەد بارەی دەکردەوە کە هەموو کچانی گەڕەک خوشکمن و... ماچیان لە من حەرامە...

هەنسکم هەڵدەدا... ئیدی کێ هەیە لەو کوێستانە باسی مەرگی بزنە خۆشەویستەکەمی بۆ بکەم؟ بەدەم ڕێوە ملم شکا ئەوەندەی ئاوڕ بدەمەوە و خۆم و نەنکم لەسەر هێسترەکە لاسەنگ بین، هێدی هێدی هەرا و زەنای کۆڵان لە گوێمدا دەمرد و نەدەما، تا دەهات چۆڵ و خامۆشتر دەبوو، لەناو ئەو ترسەی خۆمدا ئیدی من هیچ سرتە و ورتەیەکم نەدەبیست، کە نەنکم زانی وازناهێنم و بەهەردوو لادا مل دەسووڕێنم و ئاوڕی دواوە دەدەمەوە، باوەشی ئەویش دونیای لێ تاریک کردبووم، بەهەر زەحمەتێکەوە بێ تێی گەیاندم کە دەیەوێ بەرزم کاتەوە و وا بکات کە ڕوومان لە یەکدی بێ و منیش بتوانم سەربەستانە بەکامی دڵ دوور بڕوانم، لە بن باڵی نەنکمەوە تا چاو بڕ دەکا دەمڕوانی و کەسێکم نەبینی... ڕۆحی شیرین... تارماییەکەی... ستوونێک لە ڕۆشنایی باڵای... خۆی... دەربکەوێ و من فریا بکەوم گوڵەکەی بۆ هەڵبدەم، چاوانم ڕەشکەوپێشکەی دەکرد و هیچم نەدەدی... بەلای ڕاستدا ڕوانیم، بەسەر ڕەزی دار هەنارە زڕەکانەوە ڕووەو

خەرەندەکە چاوەکانم ئازاد کردن... بەتەمای ئەوەی کە مەودای دوور چاوانی لێڵم ڕۆشنتر بکەنەوە، کەچی لە قووڵایی خەرەندەکەوە تەمومژێکی تەنک ڕووەو ئاسمان بەرز و بەرزتر دەبۆوە و، بەسەر هەردوو لێواری خەرەندەکە دەکشا و پەلەی بوو بگاتە ناو ڕەزی دار هەنارە زرەکان و... هەر واش بوو... لە چاوترووکانێکدا لە تەمێکی سووکەوە چڕ و چڕتر دەبۆوە بەناو دار هەنارەکاندا پێچی دەخواردەوە، هەروەک ئەوەی هێشتا لەناو حەکایەتەکانی نەنکمدا بم و تەمێکی چڕ غەرقم کا... تەمومژەکە دەهات و دەکشا و ڕەزەکەی لە چاوانم شاردەوە، یەکە یەکەی ماڵەکانی گەڕەکی خوارێ، تەمومژ میهری نواند و کەمەکێ خۆی گران کرد و وەک ئەوەی گەمەیەکم لەگەڵدا بکا و پێم بڵێ هەتا نەهاتووم لەو گەردەلوولە بستە باڵایە بڕوانە... هەر واش بوو... کشانی تەم بەو چڕی سەر ئاسمانی ڕەزەکە نەگەیشتبووە ناو کۆڵانەکەی ئێمە، بەڵام دەهات... ئاسمان و خۆری لێ شاردمەوە، بەپەلە ڕوانیم، دوور، تا ئەو شوێنەی مەزەندەم دەکرد بەر قاپییەکەی ماڵی شیرین بێ... لەو دوورەوە... دەنێو باڵای بەناو یەکدیدا سووڕاوی کۆمەڵێک ژنی عەبا بەسەر کە بەهەشتاوی دەهاتن و داد و فیغانیان دەگەیشتە گوێم گەردەلوولێک لە ڕۆشناییم دەبینی، لەناو تەپ و تۆزی هەڵساو لە بەرپێی ژنەکان و تەمومژی لەسەرخۆ کشاو لێم ون دەبوو... پاشان دەهاتەوە، لە پشت فرمێسکەکانی خۆمەوە ئەو ستوونی نوورەم دەبینی کە دەیخواست لە تەمومژدا نەخنکێ و فریام بکەوێ، تاوتاوێک تارمایی ئەو ڕووناکییە باڵای دەکرد و تاوێکی دیکە ئەوەندەی بستێکی دەمایەوە و لە تەمدا دەکوژایەوە و لە تەپوتۆزی بەجێماو لە تەشک و تیرێژی کراس و کەوا و عەبای ژنەکاندا دەخنکا، تاوێک خەنی دەکردم و تاوێک غەمگین، هەر دەهات و هەوڵی دەدا لەناو ئەو تەمومژەدا لە درەوشانەوەی خۆی نەکەوێ، دەت وت چرایەکە و کز دەسووتێ... دوا پرتەوی گڕی مۆمێکە و نایەوێ بفەوتێ، لەو دوورەوە لە دوو چاوی تەڕ و پڕ لە باقوبریق دەچوو کە دەنێو تەپوتۆزی جێماو لە کاروان، جێماو لە کۆمەڵی ژنی عەبا بەسەر و دەم بەهاوار، جێماو و ڕاکردوو لە ترسی کشانی تەمێکی چڕ... بۆ من دەبریسکانەوە... دەکوژانەوە و دەبریسکانەوە، هەر دەت وت لە گۆمێکی بەفراودا هەڵکێشراوم وەها هەڵدەلەرزیم و دانەچۆقەم پێ کەوتبوو، ملم بەهەردوو لادا دەکەوت، بەزۆر سەرم ڕاگیر دەکرد و لەبن باڵی ڕاست و چەپی نەنکمەوە دەمویست ئەو تۆزە نوورە... ئەو گەردەلوولە ڕەنگین و جێماوە بدۆزمەوە، ئەو تۆزە نوورەی گەمەی بەڕەشی عەباکان دەکرد، من بەهەویای هەڵهاتنی هەتاوی ئەو بووم لەناو تەم و تاریکی ئەو ژنە عەبا بەسەرانەدا، هەندێ جار ئەو تارماییە



وەها دەدرەوشایەوە کە بەشەوارەی دەخستم، هەر دەت وت ڕاستەوخۆ دەڕوانمە دوڕ خۆر، دەت وت خۆی لادەدا ئەو نوورە پاکە، خۆی گرمۆڵە دەکرد، خۆی لادەدا تا نەکەوێتە بن دەست و پێیان، لە ترسانا بزر دەبوو... پاشان وەدەر دەکەوتەوە... دڵی خۆم خۆش دەکرد کە ئەو تارماییەی گەمە لەگەڵ چاوەکانم دەکا... گەمە بەخەیاڵ و خولیام دەکا... هەر دەبێ تارمایی شیرینی شیرین بێ، ڕۆشنایی دەوری تارماییەکە کە لە ڕاکردنماندوو نەدەبوو، هەر هەمان نواڵەی پاکی دەوری باڵاکەی لەو بەیانییە زووانەدا کە لە دەوری زۆپاکە سەمای دەکرد و گڕ و گەرمی و ڕووناکی بەڕۆحی سارد و تاریکم دەبەخشی، نەمدەزانی ئاخۆ ماوە یان مردووە، نەمدەزانی چەندەها شەو و ڕۆژە نەخۆشی و لە جێکەوتنم لێکدی کردووین، لەناو سیحری ئەو بەیانییەدا و وەڕێ کەوتنی مردووانەی ئەو کاروانەی کتوپڕ هات و منی لە پێخەفە ساردەکەم دزی هەر لە خەون و خەیاڵ دەچوو، وردبوونەوە و گەڕان و تێڕامانم لە سێبەری ئەو هەموو ڕەنگە پەرش و بڵاوەی دەوری تارماییە خۆشەویستەکەم گێژ و کاس و وڕیان کردم، دەت وت هاوار و ناڵە و گریانی ژنە عەبا بەسەرەکان تەمەکە دەتترسێنێ و لەگەڵ هەر زریکەیەک تەمەکە چەند هەنگاوێک دەڕەوییەوە لە پاشیدا، ئەو ژنانە وەک ئازیزمردەیەک بەچەپۆکان لە لاڕوومەتی خۆیان دەدا، ببوون بەدیوارێکی ئەستوور و بڵند... نەیان دەهێشت نێوان من و ئەو نوورە بستە باڵایە تەواو کوێر بێتەوە، بەڵام خۆ نەشیان دەهێشت پێشیان بکەوێ، من هەر چاوەڕێ بووم خێراتر غار بدا و بەو هەنگاوە سستانەی فریام بکەوێ و بەر لە هەڵوەرینی پەلکی گوڵەکان لەناو چنگمدا بمگاتێ، دەمخواست تا زووە بەفرمێسک و ماچ گوڵەکەم بشۆمەوە و گەشاوە و تەڕ بۆی هەڵبدەم، تا ئەو مەودایەی تەمومژ لێ دەگەڕا لە سەربانی ماڵەکانم دەڕوانی، بەر قاپییەکان و ناو حەوشەکان، جگە لە ماڵی شیرین زۆربەی خەڵکی لەبەر دەرگا بەپێوە یان هەڵتڕووشکابوون، چ لە سەربانەکان و چ لەناو حەوشەکاندا مەزن و منداڵم دەبینی کە تێک قژقژابوون، ژنەکانی بەر دەرگا زۆر زەبوونانە و لارەمل لە منیان دەڕوانی، جاروبار پیاوانی سەرودوای کاروانەکە و نەنکم، لەژێر لێوەوە، بەدەست بەرزکردنێکی قورسەوە سڵاویان لەو حەشامات و عەزازیلە دەساندەوە، سەپان و شوان و شێرۆ و مامەندم بینی، جانتا بەشانەوە، تەندروست و بزێو خۆیان دەگەیاندە کلکی هێسترەکە و من و نەنکم لاسەنگ دەبووین، بەشەرمەوە، شەرم لەوەی کە من نەخۆشم و ئەوان تەندروست، بەدرۆ بەڕوویاندا دەخەنیمەوە، دەت وت دڵم خوێن دەدەڵێنێ، چ شەرمێکی گەورە و چ مردەنییەک بوو بەسەر هێسترەکەوە وەک منداڵێکی چکۆڵە و جیقن

دەلەنگیمەوە... هاوارم کرد خودایە بۆ نامکوژی... تۆ بۆ ڕقت لە منە؟ هاوارەکەم لە دڵما خنکا و سەد جار وتم: خودایە... گووم خوارد... لە گووی سەگ... ئاخر نەنکم هەڕەشەی لێ کردبووم و دەی وت گەر خەیاڵ و ختوورەی خەراپ بەدڵتدا هات... هەتا زووە پەشیمان بەرەوە... دەنا لای خوا ئاسانە هەردوو چاوانت کوێرکا... من حەزم دەکرد بەربیمەوە و بکەومە ژێر سمی هێسترەکە و ڕاست نەبمەوە، ئاخر دوای دۆڕانی شیرین و بزنە شێت من چی لە خۆم بکەم؟ سەرم هەڵدەبڕی هەر تەمومژ بوو، سەرم نەوی کرد و لەو دوو سێ دوکانەم ڕوانی کە تازە دەکرانەوە، لەو ژنە ڕەوەندە ماست فرۆشانەی بەر دەمی چایخانەکە، لە چەندین کەری بارکراو بەچرووی بڕاوی ناو شاخان کە لەوە دەچوو خاوەنەکانیان لە ژوورەوە نان و ماستی بەیانی بخۆن، بەدەنگی نەنێ هاتمەوە سەر خۆم کە بەدەنگی بەرز «ئایەتەل کورسی» دەخوێند و فووی ساردی بەسەر سەری مندا بڵاو دەکردەوە، من دەمزانی ئیدی تا دەگەین بەکوێستان لێ نابێتەوە، بەسەر سەرمەوە، دیسانەوە، ئەو پۆلە چۆلەکەم بینییەوە کە لەسەر شاتووەکەی بەر دەمی ماڵی شیرین-ەوە بەسەر سەری من و کاروانەکەدا هەڵفڕین، نەمدەزانی چۆن دەتوانن ئەو تەمە چڕە شەق بکەن... چۆن لێکدی بزر نابن؟ هەر سەرەتاتکێم بوو... دوا ئومێدم، لەو بەیانی خەم و نەخۆشی و کۆچەدا، لای نانەواکە بوو، هەموو کوڕ و کچەکانم ناسییەوە، هەموو ئەو ژن و پیاوانەی پەلەیانە زوو نانیان دەست بکەوێ، شەڕ و گێچەڵێکی زۆرم بیر کەوتەوە لەسەر نۆرەبڕی، شەڕی دەستەویەخە... تف و جنێو، من هەموو بەیانییەک نۆرەی خۆم بەشیرین دەبەخشی، دەمزانی چەندە شەرمن و دڵناسکە... لە ترسی باوکی هەمیشە بێ ئۆقرە دەستەکانی هەڵدەگلۆفی و شپرزە و پەرێشان لە نانەواکەی دەڕوانی، ئەویش بێ باک قوونی لە هەمووان دەکرد و چاو و برۆی لە گڕەکە دوور دەخستەوە و بەدەم گۆرانی وتنەوە نانی پێوە دەدا... هەر هەمان گۆرانی...

«ئەرێ کردووتە عادەت

گیانەکەم هەیوان دانیشتن

ئەرێ چاوان مەگێڕە

جوانێ... بۆ عاشق کوشتن».

پاشان بێ باکانە ئاوڕی دەدایەوە... چەند نانت دەوێ؟ بەڵام من مەرگی خۆم دەخواست بزانم لەگەڵ کێیەتی... نەک من... کەس نەیدەزانی، شیرین وەک گەردەلوولێکی شین و ڕۆشن بەهەڵەداوان ئەم دەست و ئەو دەستی بەنانەکە دەکرد تاوەکو پەنجەکانی نەسووتێن...



غاری دەدا تا فریای قاوەڵتی باوکی بکەوێ، من هەمیشە درەنگ نانم بەردەکەوت... نانەواکە، هەمیشە، سزای دەدام چونکە نۆرەی خۆم دەدا بەشیرین، نانەوایەکی چاو باشقاڵ... بەدەم گۆرانییەوە لە کچە پارچەڵەکانی دەڕوانی و بزەی دەهاتێ، بەیانییەکیان دوا کەس بووم و هەر چاوەڕێ بووم... کەچی زۆڵانە لەژێر سمێڵەوە خەنییەوە و وتی: خڕ و خەپانە ها... پاشان بەپلارێکەوە وتی:

«لێت نەگۆڕێ... وا بزانی تۆ فەرهاد-یت و ئەویش شیرین!».

من لەوە تووڕەتر بووم گوێ لەو تیر و توانجانە بگرم... کە شیرین دوور دەکەوتەوە و دەگەیشتەوە ژێر شاتووەکە من دڵم پڕ دەبوو لە گریان و هەناوم پڕ لە فرمێسک، بۆ دواجار و بەپەلە سەیری بەردەمی نانەواخانەکەم کرد... خودا هاوار... شیرین-م نەدی... لە حەیبەتا... بەپەلە و شێتانە دوو چاوی دیکەم قەرز کرد و لە دار و دیوار ڕادەمام، لە دەرگا و پەنجەرە و قەنتەرەکان، لە قاڵدرمەکان کە دەچوونەوە سەربانەکان، لەو منداڵانەی لە ڕاکەڕاکەی دوای کاروان وەڕس نەدەبوون... هەر دەگەڕام گەردەلوولی ئەو ڕووناکییە ڕەنگاوڕەنگە بدۆزمەوە کە لەناکاو لێم بزربوو، سەرزەنشتی خۆم کرد کە نەدەبوو غافڵگیر بم، کۆڵانەکە تا دەهات لە دواوە بەرتەسک دەبۆوە ژنە عەبا بەسەرەکان ساتمەیان لەیەک دەکرد و تارماییبە ڕۆشن و خۆشەویستەکەی منیان خستبووە ناو تەمومژ و گێژەلووکەیەکی تاریکەوە، دەمزانی ئەوەندە نابا و ئیدی لە پێچێکدا کۆڵانەکەی خۆمان جێ دێڵین و دەکەوینەوە ناو کۆڵانێکی تەنگەبەرتر... پاشان دەچینەوە سەر ئەو ڕێ بەردەڵانەی بەناو شاخ و کێوەکاندا دەمانباتەوە زارکی گەلییەکی دەم کراوە کە تا مەودایەکی دوور ڕووبارێک بەدەم هاژە و خوڕەی کەفچڕینەوە لەگەڵمان ڕێبوارە تا ئەو وەختەی بەتەواوی لەناو تەمومژ و هاژەی چەمی بەخوڕی خەرەندەکە بزر دەبین... کتوپڕ نەنکم وەئاگای هێنام:

«چیتە ڕۆڵەکەم... بۆ دەنگت نییە؟».

لە دەنگی مردووی نەنێدا زرنگانەوەی زەنگێکی ترسناکم بیست، هاڵاوێکی گەرم و هەناسەیەکی بۆگەن دایگرتم، ناچار و بەپەلە دەموچاوم لە مێخەکبەندەکەی نزیک خستەوە، دەترسام بەبۆن بکەوم یان ئەو هاڵاوە قورس و گەنیوە بمخنکێنێ... دوور دوور... چاوانم بەسەر پنتێکی زۆر چکۆڵەوە ڕوا بوو... کە هێدی هێدی دەبوو بەخاڵێکی ڕۆشن و گەورە... دوعام دەکرد و دەپاڕامەوە کە بەرلەوەی بگەینە ئەو پێچە، کتوپڕ، وەک ئەوەی کە لە حەکایەتەکانی نەنکم ڕوودەدا شیرین دەربکەوێ، گوڵەکەی بۆ هەڵبدەم و بەهەردوو چاوانی پڕ لە گریانم ماڵئاوایی لێ بکەم، هەموو دەنگەکان لە ڕۆحمدا دەمردن، هەموو

ڕەنگەکان لە چاوانما دەکوژانەوە، کەللەم کاس زرنگەی دەهات، ورتەورتی نەنیّ بەدەم خوێندنی ئایەتەل کورسییەوە هەراسانی کردبووم، ئەو ورتەورتە دەت وت بەردی ئەو شاخانەیە و بەسەر مندا دەڕمێن، تەمەکەش هەر دەهات و دەکشا و چڕتر دەبوو، خۆی لە دیوارەکان، دەرگاکان، درەختەکان، مەردوومەکان هەڵدەسوو... تا دەهات پان و بەرینتر دەبوو، هەر هەموو شتێکی لە خۆیەوە وەردەپێچا... زۆر چڕوپڕ لەناو قووڵایی خەرەندەکەوە هەڵکشا... تەنک تەنک بەسەر سەری هەمووماندا لە ئاسمانەوە دادەکشا، هەر زوو زانیم ئەوەندە نابا و ئەو تەمە هەر هەموو دونیا دادەپۆشێ و هەناسەش سوار دەکا، ئیدی هەموو کەسێک و شتێکم لیّ بزر دەکا، وەک هەمیشە لەناو ڕۆحی خەرەندەکەوە هەناسەی دەدا و دەتەنییەوە و یەکەمین شوێن کە داگیری دەکرد ئەو باخەی دار هەنارە زرەکان بوو، هەڵدەکشا و ترۆپکی چیاکانی دەشاردەوە... دواجار ڕووەو ناو ماڵەکان گران دەکشا و هەر هەموومانی لە یەکدی بزر دەکرد، وای لیّ دەهات کە من پیاڵە و قاپی ماستەکەی بەردەمم، نەبینم، کە دەهات چ لەبەردەمی ماڵان بووایە، چ لەژێر شاتووەکە و یان لە حەوشەی مەکتەب: شیرین-ی لە من ون دەکرد، هەتا گەر لەبەردەمی نانەواخانەکەش بووایە گڕی تەنوورەکە نەیدەتوانی ئەو تەمە زۆرە چڕە بڕەوێنێتەوە، گەر لەبەر مێگەل بوومایە مەڕ و بزنەکانی لیّ ون دەکردم، من دەمزانی کەی ئەو تەمە دەکشیّ... چونکە بەر لەوە بزنە شێت عاقڵانە دەیقاڕاند و خۆی پێوە دەنووساندم، لاملی لە بەلەکم هەڵدەسوویی، هەر لە دوای دارڕژانی ئەو تەمەدا بوو کە شیرین دەهاتە ژێر باڵم، کەچی لەو بەیانی کۆچ و لێک دابڕانەدا چەندە ئەو ڕێکەوتە ناشیرینە پەست و غەمگینی کردم... بەڵام نا... لە دوای نائومێدییەکی درێژخایەن دیسانەوە کەوتمەوە شنەشن و باڵەفڕە و شاگەشکەبوون، دوو چاو لە دوورەوە دەبریسکانەوە، دڕیان بەتەمەکە دەدا، دوو چاوی گەورۆنە و پڕ گریان کە لەوە دەچوو ڕیّ لەبەردەم تارماییەکی چکۆڵە و بستەبالادا ڕۆشن بکەنەوە... لەبەردەم ڕۆحی گەردەلوولێکی ڕەنگاوڕەنگدا دڕ بەتەم و تاریکی بدا و... بێت و... بگاتە کاروان، دڵم خۆش بوو کە گوێم لە بەریەککەوتنی ناڵی ژێر سمی هێسترەکە و بەردەکانی سەر ڕێگا بوو... لە گوێمدا (ئایەتەل کورسی)یەکەی نەنکم خۆش دەهات، هەتا دەهات توندتر بەباوەشی خۆیەوەی وەدەنووساندم، هەناسەم خێراتر... بەڵام هەر تەنگ و سوار، بەزۆر سەرم لەژێر باڵی نەنکم دەرباز دەکرد تاوەکو ئەو ڕۆحە درەوشاوەم لیّ ون نەبیّ، دەمزانی ئەوەیان دوا هەلە و دوا بەخت... هەر دەبوو مەزەندەی ئەوە بکەم کە ئەوەیان جگە لە ڕۆحی ڕۆشنی شیرین هیچ شتێکی دیکە نییە، لەوە دەچوو لە دوورەوە ئەو دوو



چاوانەی ناو تەمەکە بگرین، چاوەکانی تا دەهات ڕوونتر و تەڕتر دەدرەوشانەوە، تا نزیکتر دەکەوتەوە من پتر لیّ دەگەڕام گوڵەکەی ناو دەستم هەناسە بدا و ببووژێتەوە، بەپەلە و ڕۆح پەروەرانە بۆنم دەکرد، وام دەزانی گەر بۆنی نەکەم هاڵاوێکی بۆخن و بۆگەن دەمخنکێنیّ، خۆزگەم بوو خێراتر بیّ و تەم شەق بکا و بگاتە لام، گەرما و گەرم بۆنی هەناسە و فرمێسکەکانم لە گوڵەکە بکات، جاروبار چاوە ڕۆشنەکانی تارماییەکەم لیّ بزر دەبوو... لەناو گێژەلوولەکەی جێماوی ژنەکاندا دەخنکا و بابەخولەیان پیّ دەکرد، ئەو کۆمەڵە ژنەی لەو بەیانییەدا وەک قەلەڕەش بەدەم گریانەوە دەیان قیغاند و لە ناکاو لە ناو ئەو تەمەدا ڕسکان، دەبوو هەر ئەوە بیّ: کەسێک لە ئاواییدا مردووە و ئەوان دەچن گەرمەشین بەجۆشتر بکەن، تاوتاوێک تارمایی ئاشنا و ڕۆشنا بەڕۆحم ئاوڕی پڕ لە ترسی دەدایەوە بەو دەلیلەی بریسکەی چاوانی لە من دەکوژاندەوە... دەهات... دەهات سووکەڵە و پیّ هەڵگرتوو... لەوم دەڕوانی و لە هەموو دونیا دابڕابووم، تەمومژ وەها لوولی کردین کە من تەواو لە کاروان دابڕابووم، بەلامەوە سەیر بوو کە نەنیّ نەدەترسا لەناو ئەو شاخ و داخانە ڕیّ وێڵ بکەین، ئیدی من دڵم داخورپا... چونکە ویستم لە نەنکم بپرسم کە ئێمە واین لە کویّ... کەچی دەنگم نووسا و دەرنەهات، ژنە دەم بەهاوارەکانیش ئەوەندە بەتاو دەهاتن کە لەگەڵ خۆیاندا ئەو تارماییە ڕۆشنەی منیان ڕادەماڵی و دەیانهێنا، نوورێکی تەواو پاک و ڕۆحی گڕگرتوو لەناو ئەو تەمە چڕەدا... سەرەتا خانووەکانی دەوروبەری لیّ بزر کردم، یەکە یەکەی هێسترەکان و پیاوان و ژنانی ناو کاروان، دەرگا و پەنجەرەکان، چەندە بیّ کەس و تەنیا بووم بەسەرپشتی تەمێکەوە کە تاوێک ڕووەو سەر ترۆپکی شاخەکان هەڵی دەگرتم و تاوێکی تر ڕووەو قووڵایی خەرەندەکە، ترسام و تاس بردمییەوە، پتر خۆم گرمۆڵە کرد و پشتم وەها کووڕ کردەوە کە بڕبڕەی پشتم لەگەڵیا ژانی کرد، ڕۆحی تارماییە ڕۆشنەکەم وەک گێژبوویّ بەم لا و بەولادا دەکەوت و هەڵدەستایەوە، بیّ ئاگا لە خۆم هاوارم کرد:

«شیرین... شیرین...».

نەنکم توند قرساندمی بەبەرسکی قوپاوی خۆیەوە تا هاوارەکەم دەرنەچیّ و کاروان بڕەوێتەوە، تارماییەکە ڕۆشنتر لە جاران هەستایەوە و کەوتە دوام، سەرسام و ئەبڵەق بووم کە زانیم ئەو ڕۆحە شیرینە دەیەویّ بگات بەکاروان، دەمویست پێم بگا تاوەکو پێی بڵێم کە من چەندین شەو و ڕۆژ، بەر لەم سەفەرە، نەخۆش بووم، خەونم بەتۆوە بینیوە و ڕاچەنیوم، خەونی ترسناک بەهەڵدێرانی بزنەکەم... لە تۆم پرسیوە و کەس پێی نەوتووم تۆ

له کوێی، دەمویست گوڵەکە هەڵبدەم تا ئەو تارماییییە بەدوو چاوی ڕۆشن و داگیرساوی ناو ئەو تەمە چڕە ببیبینێ و هەڵی بگرێتەوە، بۆنی بکا و بزانێ هی منە، خۆزگەم دەخواست ئەم سەفەرە بەناو تەمدا خەونێک بێ لە خەونە زۆرەکانی شەوانی سووتانم لەناو گرانەتادا، ئاخر من بۆ هەمیشە زیندەخەونم دەدی: لە پۆل، بەدیار لەوەڕی مەڕ و بزنەوە، لە ماڵ، لەژێر دار هەنجیرەکەی خۆمان و شاتووەکەی بەرماڵی شیریندا، لە سەربان، هاوینان، تا خەو دەیبردمەوە دەچوومە ناو شانشینی ئەستێرەکان، لەگەڵ مانگدا سەفەری شارانم دەکرد، هەر بەخەیاڵ منی ترسنۆک دەچوومە ناو باوەشی خۆشی شیرین و خۆم بەقژی پەخش و پڕی دادەپۆشی، بۆ ساتێک هەستم کرد کە زۆر لێم نزیک کەوتۆتەوە و دەمبینێ و دەیبینم، تەم و تاریکی بۆتە شوورەی تەنکی چواردەورمان، لە قەد و باڵای ورد دەبوومەوە، گوێم زرنگایەوە بەپروشەی هەناسەی شیرینی، سۆزی ڕژاوی چاوانی دەیگریاندم، پەنجە بێ ئێسقانەکانی، پەنا گوێی وەک ئەو وەختەی لەبەردەمی زۆپاکەدا ئارەقەیان دەردەدا، هەردوو کوڵمی سووتاوی، پێڵووی داکەوتووی سەرچاوەکانی کە من حەزم دەکرد هەڵیان بێنێ تاوەکو خەم و قەهر و نەخۆشیم، بۆ دواجار، ببینێ... تا سکی پێم بسووتێ و لە ئامێزی خۆیم بگرێ و دیسانەوە لە ترسانا خۆم لەناو خەرمانی قژی ئەودا بشارمەوە، ئەوەندە نزیک بوومەوە کە بۆنی بن گەردنی کاسم بکات، بۆنی سینە و بەرۆکی ساوای، کەچی کتوپڕ لەگەڵ پرسیارێکی نەنکم ڕاچەنیم:

«ئەوە خەوتووی ڕۆڵەکەم؟».

تەم لێ نەدەگەڕا بزانم وام لە کوێ، توند لە ترسانا باوەشم کردەوە بەسینە و مەمکی چرچ و داقوپاوی نەنکمدا... خودا... چەندە تەنیا و هەتیو و غەمگین بووم، لە بری باوەشی نەرمی شیرین کەوتمە ناو هەناوی بەتاڵی نەنکم کە خیزە خیزی سینەی تاکە دەنگێک بوو دەنێو ئەو تەمە تاریک و چڕەدا بیسەلمێنێ کە من هێشتا ماوم و نەمردووم... دوای خنکانێکی درێژخایەن پرسیم:

«لە کوێین نەنێ؟».

مردووانە وتی:

«نازانم ڕۆڵە... گوێم لە زەنگۆڵەی ملی هێسترەکانیش نییە... لەوە دەچێ لە کاروان دابڕابین...».

لەناو ئەو زیندە خەوە خۆش و ناخۆشەدا چاوم لەو تارماییییە ڕۆشنە نەدەترووکاند، دوور



و نزیک دەکەوتەوە... هەر لەتری دەدا و هەڵدەستایەوە، لەنێو گەردەلوولی قەبە و بڵندی ژنە پرسەدارەکان ون دەبوو، تاوێک و پێشیان دەکەوتەوە، بەڵام تا دەهات تەمەکە چڕتر دادەڕژا و ئەو دوو چاوە ڕۆشنەی لێ ون دەکردم، ترسام ڕۆحی شیرین بێ و هەنگاوی ورد و چکۆڵانە و ماندووانەی دەرەقەتی هەڵات هەڵاتی کاروانەکە نەیەت، چاوەڕێ بووم کە ئەگەر ئەمجارەیان دەرکەوتەوە، نزیک بێ یان دوور، گوڵەکەی بۆ هەڵبدەم، بەڵکو ئەوە خوایە ببیبینێ و هەڵی بگرێ و بۆنی بکات، بۆنی هەناسەی منی نەخۆش، فرمێسکی گەرمم دەکرا لەو بەیانییەدا، بەسەر پەڕەکانییەوە، لە شەونم بچن، دڵم خۆش بوو... چونکە دوا هەوڵ و تەقەللای دەدا بزری نەکەم و بزرم نەکات، هەر دەت وت لە تەکمایە و ڕێ دەکات، من بریسکەی چاوەکانی شیرین-م دەناسییەوە... ڕووی ڕۆشنی، خەندەی شەرمنی سەرلێوانی ئەو کاتەی دەیەوێ شتێک بڵێ و بۆی نایە، نیگای دەکردم... جوامێر و سوارچاکانە دەنووشتامەوە... دەنووشتامەوە تا ئەو ڕۆحە ماندووە بگرم و سواری هێسترەکەمی بکەم و ڕووەو کوێستانان لەگەڵ خۆمدا بیبەم... دەدرەوشایەوە، دەت وت ڕۆحی جۆگەلەیەکە و لەژێر خۆرەتاوێکی پەنهاندا بریسکە بریسک خۆی ڕووت دەکاتەوە، بەئاشکرا قژی درێژیم دەدی، پەخش و پەرێشان، لەژێر تەپ و نمی تەمەکەدا ئاونگی لێ دەتکا، کە غاری دەدا پەخش و بڵاو لەسەر کەفەڵ و نێکی ڕاست و چەپیدا شەپۆڵی دەدا، هەر کتومت لەناو ئەو تەمەدا لە ڕۆحی سێبەر و تاو دەچوو، جوان جوان لێی ورد دەبوومەوە، هەمان کراسی کلۆشی جاران کە (با) پڕی دەکرد و تا سەر هەردوو ئەژنۆی لە من بەدەردەکەوت و ڕۆژانی سەمای بەر زۆپاکەی وەبیر دەهێنامەوە، دەستی هەڵدەشەقاند، باڵەفڕەی بوو سەری پەنجەکانی بەر سەری پەنجەکانم بکەون، بەسەرپشتی تەمەوە دوورتر بووم لەوەی دەستی بمگاتێ، هێدی هێدی هەستم دەکرد من سواری تەمێک بووم و بەحەواوەم، چونکە ئیدی تەواو... چیتر هێسترەکەم نەدەدی، گەر بۆنی هاڵاوی هەناسەی بۆخنی نەنکم نەبووایە کە تێکەڵ بەڕۆحی مێخەکبەندەکەی دەبوو بڕوام نەدەما کە من هێشتا وام لە باوەشی ئەودا، ئاخر نەنکیشم تاوێک لەژێر تەمدا ونم دەکرد و تاوێک دەهاتەوە، بەدەم بۆنکردنی گوڵەکەوە دەمزانی پەلک بەپەلک وا خەریکە بمرێ، چ فەرهاد-ێکی ناشیرین بووم، من سوار و شیرین پیادە، دەمویست لەسەر پشتی تەمەکە دابەزمە خوارێ، تارماییییەکی ئەرژەنگ توند منی دەگوشی و بەرزەفتی دەکردم تا نەجووڵێم، لەناو ئەو تەمە چڕەدا پارچەیەک لە ڕۆحی شەبەنگ و نوور دەگریا و هەنسکی هەڵدەدا، بەوەی کە تەمەکە لەسەر هەردوو چاوەکانم دەنیشت و تانەیەکی دروست دەکرد و دەمزانی کە

ڕێگاکە چەندە بەرتەسک و تەنگە، دەترسام ئەو تارماییيە زۆر خۆشەویستەم بکەوێتە ژێر هەر چوارپەلی هێسترەکە و بیهاڕێ، ئەگەر پڕمەپڕم و هەناسە سوارییەکەی نەبووایە من هەر وام دەزانی بەسەرپشتی تەمەوەم، ترووسکەی چاوانی، خەندەی شیرینی، قژی ڕەشی تەم دایپۆشین، بێ دەستەڵات و زەبوونانە دوعاکانی نەنکم دەخوێند تا ئەو تۆزە نوورە دەربکەوێتەوە، لە دوورەوە گوێم لە ناڵەی جەرگبڕی ژنەکان بوو کە دەت وت تا کوێستان بەدوای کاروانەکەوە دەبن و... هەردێن، دەگریان و دەلاڵانەوە، ئەو تارماییيە غەمگینانەی لەو بەیانییەدا ببوون بەبەشێک لە ڕۆحی ئەو تەمەی هەمووومانی لە یەکدی بزر کردبوو، تێکەڵ بەو گریان و داد و فیغانە، گوێم لە قاقای ناشیرین و ناقۆڵای کۆمەڵێک پیاوی بێ باک بوو کە تاوتاوێک تەمەکەی دەترساند و دەڕەوییەوە، لە گەرمەی یەکێک لەو قاقایانە بوو کە من پڕ و تەواو ڕۆحی تارماییيە ڕۆشنەکەی خۆم بینییەوە کە هەر دەت وت بازنەیەکە لە نواڵە و نوور، لەژێر دەست و پێی ژنەکان دەکەوت و ڕاست دەبۆوە، دەیویست خۆی لابدات و ڕابکات و دەنگی بەمن بگات، هاوار بکات تا فریای بکەوم، هەر لەو ساتەوەختەدا بوو لەگەڵ قاقا و پێکەنینی ترسناکی ئەو پیاوانەی کە من مەزەندەم دەکرد لە قووڵایی خەرەندەکەوە بێ ئاسمانی پڕ لە تەمومژی سەر سەرم بەبرووسکەیەک تەقییەوە، نازانم چڕبوونەوەی تەمەکە لەسەر ڕووم خەستتر دەبۆوە و دڵۆپ دڵۆپ لەسەر لووتم و تەوێڵمدا زەنگوڵەیان دەبەست یان پروشەی باران بوو...؟ نەمدەزانی... ئان و سات، لە چاوترووکانێکدا دونیا ڕۆشن بۆوە و من پەلەم بوو گوڵەکە هەڵبدەم... چونکە هێدی هێدی گوێم نەدەما، چاوم تاریکتر و... دەنگیشم دەرنەدەهات، بەسەر تەمەوە ون دەبووم و دیسانەوە من و تارمایی شیرین-ی لێکدی بزر کرد، بڕیارم دەدا و پەشیمان دەبوومەوە... دواجار وتم چش لە بەختی ناپوختم... دەتوت گوڵە پەژمووردەکەم دڵی سیسی خۆمە ڕووەو لای ئەو گەردەلوولی نوورە هەڵی دەدەم، بەدەم هاوار و زریکەوە دەمبینی چۆن دەیەوێ وەک ڕۆحی (با)... دەیەوێ هەڵبکات و گوڵە هەتیوەکەم ڕووەو ئاسمان و باوەشی خۆی هەڵبگرێ، بەڵام... نا... لەژێر دەست و پێی تارمایی ژنە ڕەشپۆشەکاندا هەڵپڕووکا، فریای نەکەوت... نەیدەتوانی و دەستی نەگەیشت بەگوڵی هەڵوەریو و بێ ناز کەوتووم لەناو تەمومژ و... تۆز و خۆڵدا، بێگومان بووم لەوەی کە ئەویش وەک ڕۆحی پڕ لە سێبەر و تاوی شیرین دەکەوێتە بەر پێیان و هەڵدەپڕووکێ، یەکەم جارم بوو کە بەدەم هەڵمژینی هەوای پاکی ناو شاخان سینەم پڕ بێ لە قەهرێکی کوشندە، بەپێی ئەو هەموو پێچە ڕکانەی ڕێگەکە و گێژبوون و سەرسووڕانم دەمزانی تا دێ لە زارکی خەرەندەکە نزیک



بووینەتەوە... ڕووەو هەناوی ئەو زەندۆڵە دەم کراوەیە دەچووین کە هاژەهاژی ڕووبارەکەی دەیترساندم من و نەنێ و هێسترەکە بکەوینە ناوی و بخنکێین و تا ئەبەد کەس نەماندۆزێتەوە، دەمزانی لەوێ لە قووڵاییدا تەمەکە خەوتووە و کەچی هەناسەی تاریکیشی دونیای داگیر کردووە، تەواو گومانی ئەوەم دەکرد کە لە کاروان دابڕاوین و... نەنکیشم تەواو خامۆش و بێ ورتە نە ئایەتەل کورسییەکەی دەخوێند و نە دوعاکانی دەنارده بەر قاپی خودا، تەواو... من گومانم هەبوو لە باوەشی ئەودابم، گومانم لەوەش هەبوو کە بەسەرپشتی هێسترەکەوە بین... ناچار بەدەم قوڵپی گریانەوە لە نەنکم پاڕامەوە و تکام کرد کە تا دەگەینە کوێستان حەکایەتێکی درێژم بۆ بگێڕێتەوە و... ترسی خنکانم لەناو تەم و ئەو ڕێگا دوورەم بڕەوێتەوە، کەچی بەگریانێکی کپ و خنکاو وەڵامی دەدامەوە، گریانێکی قووڵ، پەنهان و نەبڕاوە، کە لە سینەی تەنگی نێوان هەردوو مەمکە وشکەوەبووەکانی دەڕژایە ناو سینە و ڕۆحی من؛ دوا حەکایەتی لێکدابڕان و مەرگ ڕۆحی ساوامی داغان دەکرد و هەرگیز نەیدەهێشت منیش ژێر ببمەوە... دەمزانی لەناو ئەو تەمەدا نە نەنکم، نە دایکە، نە شیرین، نە بزنە شێت، نە خوشک و نە براکانم... هیچ کەس فرمێسکەکانم نابینێ... چیتر لەوەش نەدەترسام لەو دەردە ڕاست نەبمەوە و لەو کوێستانە دوورەدا بمرم، دواجار هەنسکی من و نەنێ تێکەڵ دەبوون، لە ناکاودا بەترسێکەوە ناڵاندی و قرخەیەک لە قوڕگی عاسێ ما... وەک ئەوەی بمرێ یان خەو بیباتەوە هەموو گرانایی سەر و سینەی بەسەر سەری منی جیقندا کەوت، سەر و ملم لەژێر قورسایی نەنێدا دەشکا، من هەر لە خۆیم بیستبوو کە لەشی کەسێکی مردوو دوو قات گرانتر دەبێ، دەت وت کەوتوومەتە ژێر کەرتە شاخێک و هەناسەم بۆ دەرنایە، هێدی هێدی... نە گوێم دەما... نە چاو... تازە مەحاڵ بوو تارمایی ڕۆشنی شیرین فریام کەوێ... تا دەهات نەنکم بەسەرما دادەکەوت و بەسەر خۆمدا دەینووشتاندمەوە، هەروەک ئەوەی بیەوێ بمشارێتەوە یان بمباتەوە ناو هەناوی ساردی خۆی، تا دەهات هەردوو باسکی باریکی لە منەوە دەئاڵاند و توندی دەکرد، ئەوە قورسایی لەشە لاوازەکەی نەبوو کە منی دەخنکاند، هەستم دەکرد من وام لەژێر گرانایی ئەو هەموو حەکایەتە زۆرانەی وان لەناو کەللە سەری نەنێدا، لەژێر قورسایی ئەو هەموو پاڵەوانانەی جارێک دەبەزن و جارێک سەردەکەون، ئەو هەموو تەلیسمانەی ناشکێن، ئەو هەموو دێوانەی کە دەکوژرێن خوێنیان جۆگەلە هەڵدەبەستێ، ئەو هەموو شارانەی پڕن لە دز و چەتە و پیاوکوژ و جوامێر، ئەو هەموو عاشقانەی دەمرن و ناگەن بەوەسڵی یار... ئەو ئەژدیهایانەی بەری ڕووباریان دەگرت و... ئەو هەموو

سیمرخەی بەسەر شاراندا دەیان گەڕاندم... ئەو هەموو ساڵ و ڕۆژ و مانگانە... ئەو هەموو کەلاوە و کۆشکانە... من دەمزانی سینەی نەنکم گەلێ لەوە تەنگترە جێی ئەو هەموو مەملەکەتانەی تیا ببێتەوە... هەر بۆیە ئەوەندە گران بەسەر سەرمەوەیە... وەها گەمارۆی باڵا ساوا و کولەکەمی دا کە ئیدی تەواو... من هیچم نەدەدی... هیچم نەدەبیست... هاژەهاژی چەمەکەی ناو خەرەندیش لە هەردوو گوێمدا دەمرد و... دەخنکا... خۆیشم بەدەم قوڵپی هەنسکەوە هەناسە بەهەناسە... دەخنکام و... لەناو تەمدا بزر دەبووم...!

پایز و زستانی ٢٠٠٢



XÝñ}Ä

حەسار و سەگەکانی باوکم 5
پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان 77
تەمی سەر خەرەند 223